برای خۆشەویست کاک سالەنەڵۆسی هەمووکاتیکت خۆش،کاکەگیان دەستخۆش بۆ دانانی دیوانی هۆنراوەکانم لەسەرسایتی پێشمەرگەکان، ئەوە کتیبی(لۆچێک لەخەروار)م لە 216 لاپەرەدا بەشمارە 12 بۆناردی هەربژی،،براتان حامیدڕەشیدی زەرزا،،کتیبەکانی دیکەشت بۆ دەنێرم. ڕێکەوت 2008/1/24ی زایینی،شاری سیدنی ئەستەرالیا.


(بەرکۆلێکی مێژوویی)........................ 5
(تافی لاوی)........................ 11
(فەرمایشی شێخی بورهان)........................ 12
(شێخ سمایلی بەرزنجی)****........................ 13
(دوان لە ژیان)........................ 14
(قەرەنی زەرزا)****........................ 20
(هاوتەمەنانی منالێم)........................ 21
(ڕوشتی کاکم)........................ 21
(دووکانی دێ)........................ 22
(پیاوەناسراوەکانی شنۆ)........................ 23
(شاری شنۆ)........................ 24
(مەلاکەریمی گورگاوێ)........................ 26
ژیانی جۆتیار؛........................ 32
(چۆن بووم بەشاعێر)........................ 39
(ڕاوەتاژی)........................ 41
(وەزعی سەمەدخان)........................ 41
(بیرەوەریەک لەگردکاشان)........................ س43
( عەزیزخانەبەگی و سیفەتەکانی)........................ 46
(مامەندئاغا)........................ 46
(فەقێ برایم)........................ 47
(بۆزاخاوی مێشک)........................ 47
(بۆزاخاوی میشک دەگێڕمەوە)........................ 48
(ژیانی مامەندئاغا)........................ 48
(گوندی نەڵیوان)........................ 49
(مەلاهەمزەی شاوانێ)........................ 49
ڕەحمەتی قازی محەممەد خدری........................ 50
(دوو فتوای حەڵاڵو حەڕام بۆ "قەند.)........................ 52
(نموونەیەکی تر)........................ 52
(مەلاڕەسوی ڕۆیتەنی)........................ 53
(پیاوەپیرەکان)........................ 54

(ئاغاکانی نەرزیوە) ..... 55
(گوندی ئەمیرئاوەی شنۆ) ..... 56
(ئاغای سینگان) ..... 57
(عەشیرەتی مامەش) ..... 58
(ئیسلاحات ئەرزی یان دابەشکردنی زەویوزار) ..... 59
(ئیسلاحاتی ئەرزی بۆ ئاغایان ڕۆژێکی نەگبەتی بوو) ..... 60
پسوولەی خومەینی ..... 62
(پاشای بناسین) ..... 64
(سەرینچاوەی خەیانەتی شا) ..... 66
(داوی ژاندارم بە دەستی خۆماڵی) ..... 68
(هەڵاتنی عەبدولوهاب لەزیندانەکان) ..... 72
(پەڕینەون لە سنووری دەستکرد) ..... 74
(تیتاڵی حکوومەت وگەڕانەوە) ..... 75
شۆڕشی 1357ی گەلانی ئێران ..... 76
(تۆڵە) ..... 77
(هۆکاری شەڕلەدادگوستەری لەگەڵ محەقەق) ..... 78
(دوستی زیندانی) ..... 81
(ئیعدامی بەکۆمەڵی قاچاغچی تریاکو هرۆین) ..... 82
(ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەندامولایەنگرانی حیزبی دێموکرات) ..... 83
(لەماوەی زیندانیم دا) ..... 83
(چوونە بارزان) ..... 85
(گەڕانەوەی مستەفاخان) ..... 87
(گەڕانەوەمان بۆکوردستانی ڕۆژهەڵات 1341) ..... 88
(ژاندارمو شەڕی تاگۆڕ) ..... 88
(چوونە ماڵی فەرعان لەسێ کانیانوقەزای لابەلا) ..... 90
(پیلانی سەیدحوسینوشەڕ لەگەڵ قادرفەتحی) ..... 90
(نیەت گلاوی "شا") ..... 92
(خۆ بەدەستەودان) ..... 95
(گرتنەوەی ئەوکەسانەی بە،بەڵین خۆیان تەسلیم کردبۆوە) ..... 99
(بەرەو زیندانی تۆپخانەی ورمێ) ..... 100
(خۆ بەدەستەوەدانی خانەکەریمی) ..... 102
(زیندانی لێک هەڵبڕان) ..... 102
(هەڵسەنگان) ..... 103
(گواستنەوەن بۆ زیندانی گۆلی ورمێ) ..... 103
(سەرگورد نەجاڕان) ..... 106
(جەژی 2500ساڵەی شاهانشاهی) ..... 107

(نەخۆشخانەی زیندان)....107
(کارگای زیندان )....107
(دادگەی زەمانی جەنگ) ....108
(هەڵچەرخینەوە)....108
(دادگەکەمان لە،لەشکری 64ی ورمێ(ڕەزائیە) ....109
(شەمزانی تەرمی شەهیدان)....114
(دادگەی دووهەمی لەشکری 64ی ورمێ)....115
(ئامۆ شۆ) ....116
(ئازادبوونم لە کەڕەتی دووهەم لەزیندان 1354)....118
(هاتنەوەم بۆ ماڵی ئاغا مستەفاخان)....119
(فکری زیندان وکاسبی ) ....120
(ژیانی ئەوکاتی عەزیزئەمەرزادە)....121
(کاروباری من)....121
(ڕاپەڕینی گەلانی ئێران) ....122
(چێرۆکی بایزەکویری خەراپەی)....123
(کوژرانی سەمەدخانی برام)....123
(خەبەری مەرگی مەجیدخانی برام) ....124
(چێرۆکی عوسمانی حەسەن بەگی)....125
(هەوەڵین گروپی پیشمەرگەلەشنۆ) ....127
(ئەوئاغایانەی کەچەکیان لەحکوومەت وەرگرت) ....128
(ماڵی سەرهەنگ کەریمی بنکەی لێقەوماوان) ....129
(ئاغاکان بۆچوونەناوحکوومەت؟)....131
(شەڕو گیرانەوەم لەناوچەی سێرۆ)....132
(قادرئاغای بابخاڵاوە)....136
(خەبەری گەڕانەوەی ئایەتوڵلا خومەینی) ....137
(مردنی محەمەدڕەزاشا پەهلەوی)دوایی 8مانگ درکردنیُ ....138
(ئاگاداری تێکچوونی ڕێژیم لە زیندان)....138
(وەزعی گشتی ئێران) ....141
(دوایی تیکچوونی ڕژیمی شا-وەزعی خەڵک)....142
(ئاغاکان وڕەشایی وکۆمەڵەو ئەندامانی ناحاڵی حیزب) ....143
(دوو جوامێری)....143
(پشکنیەنەوەی ماڵو حووکمی ئیعدام) ....145
(ڕێکەوتی گەڕانەوەم لە تەورێز 14ی گەلاویژی1360)....146
(هێرش بۆسەر شنۆ)....148
(بۆسەی هێزی سمکۆ) ....150
ئاشنایی لەگەڵ کاک فیرۆزمێهدی زادە ناسراوەبە پەیمان ....151

(سەفەربۆگوندی کاسەکەران)........................................ 152
(بووچوونی جیاواز)........................................ 153
(گیرسانەوەی منو خێزانم لە مێراوە)........................................ 154
(گرتنەوەی شارەدێیەکەی میراوەی مەنگوڕان)........................................ 155
(سەفەر بۆ بەستەسێن)........................................ 157
(زیندانی کۆماری ئیسلامی)........................................ 159
(دیسان پیلانی ڕێژیم )........................................ 160
(ئەمنو ئینتشارات)........................................ 160
(ئاموو شۆ)........................................ 167
(یادک لەکاک کەریم قەیومی)........................................ 168
(ئینتشارات)........................................ 168
(گیرانەوەم لە ئینتشاراتی سەلەحەدین ئەییوبی)........................................ 168
(دوایی لەئینتشارات هاتنەدەرڕێکەوتی ساڵی 1367 هەتاوی)........................................ 170
(وەرگەڕانی ماشین ووردوخەڕاشی لەشم)........................................ 172
(گەڕانەوەم بۆ ناوحکوومەت)........................................ 173
(دارهۆرەی لەخۆنەبێت ناقەڵشێت)(1)........................................ 175
دارهۆڕەی لەخۆی نەبێت ناقەڵشیت(2)........................................ 182
(بەرەوتورکیە بەنیازی دەرەوەی وڵات)........................................ 186
(ماڵ بەکرێ گرتن)........................................ 190
(چێڕۆکی تەلەفوونی بەشیشە)........................................ 193
(بەزمی ڕۆژوو)........................................ 193
(زامی ڕۆژانە)........................................ 194
(گەرانەوەم لەکۆنیا بۆ گەوەڕ)........................................ 194
(بەرەو شاری قونیە)........................................ 195
(هاتنی کاک موتەلیب بۆ تورکیەو دیپۆتی)........................................ 199
بەرەووڵاتی سوئید . ........................................ 200
(بەرەو پارێزگا(ئۆستان) ی کویزلەند.)........................................ 201
سەفەربەرەو کوردستانی فیدڕاڵی باشوور........................................ 207

کتێبی لۆچێک لەخەروار

نوسینی؛ حامیدڕەشیدی زەرزا
کتێب: لۆچێک لە خەروار.
بابەت: بیرەوەری
تیراژ1000،

چاپ: چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.
ژ.پ. (512)ی ساڵی 2006ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر.
سلیمانی 2006

ئەم کتێبەی (لۆچێک لەخەرار) پڕبەدڵ پێشکێش بە هاوسەری بە وەفام مەنیجە مەکتوومی دەکەم کە شەریکی هەموو خەم ودەردو کول و ڕەنج و کوێرەوەریەکانم بوو. هەر وەک ئەمن قۆڵم بۆ خزمەتی ئەدەبی گەلە بەشخوراوەکەم هەڵماڵی، ئەویش لە گەڵ هەموو بەرسینگە لێبڕێنەوەو تەنگەژەی تەژی لە ڕکەو هەورازونشێوی ژیانی پڕلە کلۆڵی و نکبەتی و نەهاتی و هەتڵەو هەڵوەدایی، چ لە ژورو چ لە لوتکەی کیوەکان هاو فکرو هاو هەنگاوم بوو. و لە دەرەوەی وڵاتیش ئەرکی حاملان و ڕاهێنان و پێگەیاندنی منداڵەکانی بە وزەو تواناو نەشڵەژان لە بەرامبەری لێمشت و لافاوی قیرانەکان بە دڵپاکی و کۆڵنەدەری و ماندونەناسی وەسوکر گرت، بە کوردی کەسێک کە قەت کۆڵی نەداو نەسرەوتو لە هەموو چەقو تەفی گەمەی دونیا، هەودای ماشەری ئاڵۆزی ژیانی لە هۆرپەی سەرنوکی تەشی ڕاکێشاو لە ناودەیان ماشەری تێکهاڵاو بە سەرنجەوە لە هێچکی بەرهەلیخی ورەپێدەری هیزوتوانام خستو سەر ئەنجام ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندم کە بتوانم قەڵەم هەڵگرم و هەتا هەنۆکە 10جلد کتێب بنوسمو یان وەرگێڕمەوە سەر زوانی شیرینی کوردی. بێگومان ئەگەر لە خۆبردوییو شێلگێری ماندوو نەناسی ئەو لەم ئولکە بەرتەسکو چەخت و ڕژدوهەڵەموت و هەزار بەهەزارە نەبوایە، ئەمن بەم تەمەنە پشووسوارییە،کە بەرەو لوتکەی (70)ی ئاویلکەی وردەئاوزینگاندایە، ئەم کاتەم بۆ نەدەرخسا کە لە هەندەران ویڕای ئەو هەموو کۆڵو ژانو خەمی دورە وڵاتو لە ناو لەپی نامرادی و چنچڕۆکی بێبەزەیی ملەی پیری و دەیان گرێپووچکەی چاوەڕوان نەکراووی دیکە، لە گێژاوی باگەڕو گەردەلوولی سەرسوڕهێنەر، وەک کوردێکی بێ پەناو پەسیو لە دەرەکی، خۆم لە قەرەی ئەوکارە بدەم، بۆیە خۆم بە دەێنداری هاوهزری و زەحمەتەکانی وی دەزانم. ڕێکەوت 2006/6/17ی زایینی. شاری سیدنی، ئوستەڕالیا. حامیدڕەشیدی زەرزا.

(کتێبی لۆچێک لەخەرواربەشی یەکەم)

**(بەرکۆلێکی مێژوویی)**

بەرلەوە بیرەوەریەکانم وەردەمەوە بەپێویست دەزانم لە مەڕ پاشا و حوکمڕانانی ئێران، سەری قسە بکەمەوە، ئاخۆ ئەم سوڵتان و پاشایانە چ جۆرە جانەوەرو ژەقنەموتی چ داریک بوونە. کە هەموویان بێ تەوفیر و جیاوازی ڕاونان و گرتن و لە قەنارەدان و گوشتن و نەمان و فەوتان و بەتڵانی کوردو ڕەشکردنەوەی ڕەچەڵە و پێناسی گەلی کوردیان بە شتێکی ڕەواو پیرۆز زانیوە! مەلاکانیان خوێنی کوردیان بۆ حەڵاڵ و زەڵاڵ کردوون! بەتایبەت حکوومەتی سەرەڕۆی شا ئیسماعیل سەفەوی ڕەچەی ئەم خوینمژیەی بۆ شکاندوون. دەجا بۆ واقعیەتی مەسەلەکە باپێکەو چاو بەهێندیک ناوەڕۆکی (مێژووی کوردوعەجەم) نووسینی سالح محەمەدەمین، وەرگێڕاوەی بەڕێز کاک عەبدوڵڵا ئیبراهیمی،

دابخشێنین: کە ئەمن ئەوبەشە لێهەڵینجاوم هێناوەتە سەر ڕێنوسی زبانی کوردی: دامەزراندنی حکوومەتی سەفەوی بناخەی بەدفەڕی و زوڵم و زۆری و دابەشکردنی کوردستانی گەورەی لە شەڕی چاڵدڕان لە1514ی زایینی لێکەوتەوە،لە ڕاستیدا شێخ سەیفەدین ئەسحاق لە1335ی زایینی لە ئەردەبیل تەریقەتی سۆفی گەری برەوپێدا، مریدەکانی بە سەفەویە ناوبانگیان دەرکرد بوو. ئەوتەریقەتە لە ناو خێلاتی تورکەمن و ئازەربایجان و ئاناتۆلی برەوی پەیداکرد. لە دوایی شێخ سەیفەدین کوڕو نەوەکانی وردە وردە دەسەلاتی دینی و دونیایان بە هێزکرد. هەتا لایانگران و مریدانی سوڵتان حەیدەر بۆ فەرق و جیاوازی لە گەڵ خەڵک هەر یەک کڵاوەکی سوریان لە سەردەنا کە ناوی تاجی حەیدەریان لێنابوو. بەڵام خەڵک پێیان دەگوتن قزڵباش. یانی سەرسوور. ئۆزن حەسەن پاشای ئاق قۆینلو لە1477ی زایینی لەگەڵ ئەم بنەماڵەی خزمایەتی کردو خوشکی خۆی دا بە شێخ حەیدەری نەوەی شیخ سەیفەدین. لە دواییدا کچکەی خۆی بەناوی مارتارا، دا بەسولتان حەیدەری کوڕی شێخ جونەید. لە پاش مردنی حەسەن ئۆزن، نێوانی ئەم دوو بنەماڵە زۆر ناخۆشبوو، شیخ جونەید کوژرا، کوڕەکەی شیخ حەیدەر کە جێ نشینی وی بوو لەکێ بەرکێی دەسەڵات لەگەل فەرمانڕوەایانی شیروان و ئاق قۆینلو لە1488 زایینی بەکوژ چوو. شیخ حەیدەر چەند کوڕی هەبوو لەوان عەلی و سمایل وبرایم و...سوڵتان یاقوبی ئاق قۆینلو لە دەسەڵاتی وان دەترسا هەمووی دەست بەسەرو لە شیراز زیندانی کردن. ئەم کێ بەرکێیە لە دوایی مردنی سولتان یەعقوب لە1491 ئیکجار پڕتاوی گرت. بەڵام مریدەکان عەلیان لە جێی باوکی کردە سوڵتان و مرشدی خۆیان. گۆیا عەلی مەرگی خۆی پێشبینی کردبوولە1495ی زایینی بە دەستی خۆی کڵاوی(تاجی حیدەری) لە سەربراکەی ئیسماعیل دانا کە ئەوکات هەشت ساڵانەبوو. مریدانی سەفەوی ئۆگری دین ببوون ئەو هێندەش بەهێز ببوون کوژرانی ڕێبەرانیان جگە لە وەی کاری تێنەدەکردن بەڵکوو بەهێزتری دەکردن. و دوایی کوژرانی عەلی مریدەکانی بە فەرمی و ڕاسپاردەی ئەو سمایل کە ئەوکات 13ساڵانە بوو لە ڕیکەوتی 1500زایینی کردە مرشدوڕ ێبەری خۆیان، و سەردەمێک لە ئەردەبیل شاردیانەوە،دوایی بۆ گیلانیان برد و ماوەیەک لە رشت و لاهیجان بە دزی حاشاردرا. وەک ئامازەمان پێکردلە1500زایینی کە سمایل تازە بەتەمەنی 13ساڵەگی گەیبوو بە پێشنیاری خولەفای تەریقەت لە لاهیجان سەری هەڵدا بۆلای ئەردەبیل کەوتە ڕێ. مریدوتایفەکەی لە ڕێگا پیی لکان وردە وردە لە زێدەیاندا. ئەو لە دوای شەڕێکی خوێناوی حوکمڕانان و پیاوە مەزنەکانی شیروان و قەرەقۆینلوی تیک شکاند و شاری تەورێزی گرت. لە وێ لە جێگای پادشاکانی قەرەقۆینلو لە سەرتەخت پالی داوە کە ساڵی 1501ی زایین بوو. و پێچکی کورسی دەسەلاتی خۆی لە سەرئەم چوار ئەسلە دانا: 1-بەپیی شەجەرە نامەیەک کە یەکێک لە بنەماڵەی بە ساختە دورستی کردبوو خۆی بە نەوەی ئیمامی عەلی هێناحیساب2-سمایل خۆی بەمورشیدو تەواو تەریقەتی سەفەوی دەژمارد، لە ڕاستیدا نەوەی شیخ سەیفەدین بناخەدانەری ئەم تەریقەتە بوو3-لە ڕۆژی هەوەل پادشایەتی شێعەی بە مەزهەبی فەرمی ڕاگەیاند، و لە خوتبەی نوێژی ڕۆژی هەینی ناوی دوازدە ئیمامی هێنا و سێ خەلیفەی مەزنی بەلەعنەت کردن.4- سمایل تێدەکۆشا ئێرانی کۆن لە حکوومەتێکی یەکپارچە یەکگرتوو بکات فەرهەنگی ئێران لە سەررادورست بکات. هەرچەند ئێران بە ناوی دەوڵەتی فارس ناسراوە بەلام شائیسماعیل سەفەوی بۆخۆی نەک فارس بەڵکوو ئازەری بوو. هەتا بەتورکی ئازەری بە ناوی خەتائی شێعری دەگوت. زوانی قسە پێکردنی بنەماڵەشی تورکی ئازەری بووە. شا ئیسماعیل سەفەوی یەکجار دەڵڕەق و دڕەندەبوو. کاتێک دەستی بە سەرشاری تەوریز داگرت و شیروانەکان و قەرە قوینلەکان و فەروخ یەساری کوشت، خەلیل اللەی باوکی وی لە قەبر دەرهێنا و ئاگری لە جەنازەکەی بەرد. ا هەروا لە بەغدا ئەبوو خەلیفەی لە گۆڕ هێنادەرو ئاگری لە جەندەکەی بەرداو و سەگی لە جێگای وی لە قەبەرنا. لە دوای فەتحی بتلیس جانازەی شیخی بڵباسی وئەوانی دیکەی ئاگر تێبەردان. مریدەکانی شائیسماعیل سەفەوی بە دەستووری خودی وی گوشتی مراد بەگی شاهلویان کردە کەباب و گۆشتی شیبک خانی ئۆزبەگیان بەخاوی خوارد! پێستەکەشیان کاتێکرد و کەلە سەرەکەیان لە زێڕی گرت کە شا ئێسماعیل لەکاتی بادەنۆشی شەرابی تیدا دەخواردەوە! هێزەکانی خوێن مژی شا ئیسماعیلی سەفەوی بریتی لەم حەوت تایفەیی ئازەری

بوون: شاملو، ئەستاجلو، ڕۆملو، تەکەلو، قاجار، ئەفشار، ذولقەدر. شاەسمایل هەر فەتعەکی دەکرد هەر تالانێکی دەکرد لە نیو ئەمانەی داروبەش دەکرد. هەمووسەر زەمینەکانیش لە ئیختیارئەوان دەنرا،و لە سەرانسەری ئێران تایفەی تورک زمان و تورک نیژاد لە سەر فارسەکانیان فەرمانڕوایی دەکرد، شا ئیسماعیل سەفەوی تەنیا تورکی بە میللەتێکی ئەسل ناولێدەبرد. شائیسماعیل عەشایەری قارامانلوی بۆ بەهێزکردنی سنوورەکانی خوراسان لە بەرامبەرهیرشی ئەزبەک لە کوردستان بۆخوراسان نارد. شائیسماعیل سەفەوی لە شەڕی چالدڕان لە ناوچەی ورمێ لە بەرامبەر سولتان سەلیم تێکشکا، لە1514ی زایینی کوردستان بۆ یەکەم جار لە نێوان ئەمپڕاتووری ئیران و تورکیە دابەشکرا. لە دوای وی کوڕەکەی شا تەهماسب بەشێکی گەورەی لە عەشایەری کوردی زەنگەنە، چگنی،زیک و کەلهوڕ لە کوردستان بۆ خوراسان گوێزتەوە. هەروا شاعەباس کە مێژوو نووسان بەهەڵە بە کەبیرو مەزنیان ناو لێبردوو مرۆڤێکی خوێن خورو سەرەڕۆ بووە، بەتایبەت لەگەڵ کوردەکان. ئەو لە سەدەی 11ی هیجری گەلاڵەی ئاوەژو کردنەوەی ڕوخساری کوردستانی بەتایبەت ناوچەکانی نێوان و مابەینی چەمی ئاراس و گۆلی ورمێی کە دائیم یەکێک لە شاڕەکانی هێرش ڕۆمیان بۆسەر ئێران و بەتایبەت ئازەربایجان پایتەختی تەورێز ئەوکات گەورەترین شاری ئیران بوو، دەست پێکرد. و پایتەختی خۆی لە بۆ قەزوین پاشان بۆ ئیسفهان گویزتەوە. نەسرۆڵلە فەلسەفی لێکۆڵینەری ئیرانی سەبارەت بەسیاسەتی شاعەباس دەنووسێ: شاعەباس لە1602ی زایینی پەنجاهەزار بنەماڵەی لە عەشیرەتی مەزنی چمشگزک وهێندەکی دیکەی لە عەشایەری کوردستان بۆ دەشتی باکوری تاران گویزتەوە و لە وێرا بۆ خوراسانی بردن. ئاگالێبونی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیرانی لە بەرامبەرهێرشی ئەزبەک بەوان ئەسپارد. بۆ پڕکردنەوەی جێگای وان عەشیرەتی تورکی ئازەری نشتەجێکرد. شاعەباش دوژمنی سەرسەختی کوردبوو. هەزاران کوردی کوشت وجینوسایدی کوردی لە 1610ی زایینی بۆ کوردی موکری دەربڕی کە گەورەگچەو پیرو ژن و مندالی هەمووکوشت! کە دەیان بێت وباوی بۆ هەڵبەستراوە. شاعەباس تایفەی مەزنی ئازەری بەناوی ئەفشار بۆ ورمێ هێنا لە بەرامبەردا دەهەزاربنەماڵەی عەشایەری کوردی بۆ خوراسان گویزتەوە. کلبعلیخان لە مدەتێکی کورتدا هەشت هەزار بنەماڵەی ئاوارەی ئەفشاری لە ئێراق و فارس وکرمان وخوراسان کۆکردەوە لە سلماس نشتەجێ کردن. قەلای قۆتڕ یەکێک لە قەلایەکانی سنووری ڕۆم و ئیران بوو هەتا ئەو کات لە دەست کوردی عەشیرەی محموودی بوو. لە 1639ی زایینی سۆپای ئیران لەشکرکێشی بۆ شاری (وان)کرد، ئەوی بۆ هەمێشە لە دەست ئەوان دەرهێنا و لەوێی دەرکردن. عەشایەری بڵباس ئەوکاتی لە چوارتیرە یانی: مەنگوڕ، مامەش، پیران، باڵک، پێکهاتبوو. مێژوو نووس دەڵێت: عەشایەری بڵباس وزەرزا،دڕووی چاوی ئازەریەکان بوون. لەم بارەوە دایم ودەرهەم یەکێک لە نیگەرانیەکانی کاربەدەست و فەرمانڕوایانی ئۆرمیەو مەڕاغە نابوودی ئەم دوو عەشیرە بوو. عەشیرەتەکان بەهۆی ناکۆکی ناوەخۆیان کزی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و فەرهەنگی خۆیان نەیانتوانی بۆ وەدەیهێنانی چوارچێوەیەکی سەربەخۆ لە هەرج و مرج و پشیوی بەرفرەوان لە هێرشی ئەفغانیەکان بۆ سەرئیران و لە ناو چوونی بنەماڵەی سەفەوی گۆڕانکار یەک بەدوای یەکدای بنەماڵەکان، کەلک وەرگرن. محەمەدخان بیگلەربەگی ئەفشار لە نادرشای لە ناو حکوومەتەکەی لە 1747 بۆ سەرکوتی بڵباسەکان یارمەتی ویست. ئەویش هێزەکەی گەورەی بە فەرماندەری کوڕەکەی نەسرۆڵلامیرزا و برای خۆی برایم خانی زەهیرو دەولە، بۆ یارمەتی نارد. ئەم هێزە لە گەڵ هێزەکانی محەمەدعیساخان لە نزیکەی مەهاباد یەکتریان گرتەوە لە 1737لە قەندیل بۆ ترکەشیان هێرش برد،عەشایەربڵباس کە دوو هەزار کەس بوون هێندێک کوژران و هێندیک گیران و ئەوانی دیکە هەلاتن، نادرشا بۆ خۆی لە دوایی دەست کێشانەوە لە گەمارۆی موسڵ لە1745ی زایینی بۆ سزادانی خەڵکی ناوچە سەردانی سائین قەلای کردو بۆ سۆماو برادۆست و قەلاکانی بانیەو بردەڕەش چوو. عەشایەری بڵباس وزەرزا کە لە دەزگای خوینمژی کارگێڕانی ئازەری ئەم هەموو زوڵم وزۆریەیان بینی بوو ڕاپەڕین و داوین قەندیل و شنۆیان هەتا ناوچەی دۆڵ ئازادکرد. هێزەکانی خۆیان بۆ بەربەرەکانی لە وێ دامەزراند. هێزەکانی ئازەری بۆ سەرکوتی وان خۆیان تەیارکرد. ڕۆستەمخان فەرمانڕەوای ورمێ لە ڕێگای ڕایجان و قاشقگدوک بۆ لاجان و محەمەد بەگ

گەورەی حەسەنلوو ومونئمینخان حاکمی سائین قەلا، لە ڕێگای گەڵی قاسملو بۆ( شنۆ) لەشکریان کێشا. کاک بایزی بڵباس لە شنۆ شەڕەکەی ڕیبەری دەکرد، عەشایەری زەرزا لە دەشتەبێل تێشکان، بەڵام لە باوەشەی شنۆ خۆیان گرتەوە و دەستیان بەخۆڕاگری کرت. لەم شەڕەدا کاک بایز گەورەی بڵباسیان و لە ئازەریەکان محەمەدبەگی قەرەحەسەنلوو کوژران کە ساڵی 1765ی زایینی بوو. کارگێڕانی حکوومەت جگە لە زوڵم و زۆری دەرحەق بەکوردان لە ڕێگای دیکەش یەک لەوان خزمایەتی و تەفرەقە ناکۆمی هاویشتن لە ناوکوردان و بەشەڕدانیان پێکتر بوو. هێندیک کە دەیانەویست تەوریز لە دەست نەجەف قولی دونبلی حاکمی ئەوشاری دەربێن،بەلام ئەو خۆی لە دەستیان دەربازکرد و لە ئیمام قولیخان حاکمی ورمێ ئالیکاری داواکرد. ئەویش جگە لە هێزەکانی ئەفشار شیخ عەلیخانی موکری مەهاباد و جەعفەر سوڵتانی زەرزا حاکمی شنۆ و قەرەنی ئاغای گەورەی بڵباسان و میرزائاغا سەرۆکی شکاکانی لەگەڵ شەڕکەرانی عەشیرەتەکەیان بۆ یارمەتی دومبلیەکان و بن بڕکردنی ناکۆکی بەقازانجی ئەوان نارد،کە ساڵی 1781ی زایینی بوو. ئەحمەد ئاغای موقەدەمی مەراغە لە پەیوەندی لە گەڵ بڵباسەکان توشی جینایەتێکی گەورەبوو. نەجەفقولی خەڵکی تەوریز لە 1776ی زایینی حاجی عەلیمحەمەد ئاغای مەراغەیی بەتاوانی ڕێگری کوشتبوو کە کوڕی ئەحمەدئاغا لەجێگای وی دانیشتبوو. ئەحمەد ئاغا بەڕاسپاردەی دەرباری ئێران،بومەبەستی فێڵ وگزە بە دامەزراندنی گەلاڵەی دۆستی لەگەڵ باپیرئاغا داوای لێکرد بۆ وەرگرتنی تۆڵەی خوێنی باوکی لە حاکمی تەورێز یارمەتی بدات،لەگەڵ هەزارکەس لە پیاوانی بە غێرەتی بڵباس بۆ یارمەتی دانی بچێت. باپیرئاغا لە گەڵ هەزارسواری هەڵبژاردە بۆ مەراغەچوو. ئەحمەدئاغا بەناوی مێوانداری هەرچەند کەسێکی لەماڵێک دانا، کاتی شەو خانەخوێ یەکان میوانەکانی خۆیان لە بەرخەوداکوشتن. ئەمە ساڵی 1784ی زایینی بوو. کە کوردان ئەم خەیانەتەیان کردۆتە بەیت. کارگیرانی ئێران لە بەرامبەرئەم خەیانەت و ناپیاوەتیە لەقەبی خانیان بەوی ( بەئەحمەدخان موقەدەم) دا. و محەمەد قولیخانی بیگلەربەک ئەفشار بۆ دامەزراندنی گەلاڵەی دۆستایەتی لەگەڵ عەشیرەتی زەرزا خۆشکی خۆی دابە ئەفراسیاب زەرزا. لەوکاتیدا کێ بەرکێ لە نێوان محەمەدخانی قاجارو(1797ی زایینی و لەتیفخانی زەند1795ی زایینی لە سەرتاج و تەختی ئیران هێشتا بەئاکام نەگەیبوو. محەمەد قولیخان عەشیرەتەکانی شکاک وزەرزا-ی بۆ تالانکردنی بڵباسەکان بۆلای خۆی ڕاکێشا، لە حالێکدا هێشتا سێ ساڵ لەکوشتاری مەنگوڕان لە مەڕاغە تێپەر نەببوو لەشکری بۆ شەڕی ئەوان نارد. لەو زەمانیدا قەرەنی ئاغا گەورەی بڵباسان بوو،کە لە ڕەخ چەمی لاوین، لە1787 دەرگیربوون بڵباسەکان تێشکان بەرەوچیا، هەرچی هەیانبوو بەتالان چوو. بداقخانی موکری لە چ هاوکاریکە بە ئازەریەکان موزایەقەی نەکردبوو هەتا بەهەمدەستی لەگەڵ ئەوان لە کوشتاری بڵباسەکان تاوانباربوو. بەلام لە سەرئەم خۆشخزمەتیەش لە بەلای ئەوان ڕەزگاری نەبوو لە 1789 هەر دوو چاویان دەرهێنان! ئاغامحەمەدخانی قاجار بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی سەلتەنەتی خۆی بۆ ئازەربایجان هات، دەیەویست ئاغا محەمەدقولیخان حوکمڕانی ورمێ لە سەر کاروەلابات،ئەویش لە ترسی گیانی خۆی پەنای بۆ عەشیری زەرزا بۆ شنۆ برد. ئاغامحەمەدخان بەحاکمی تازەی دەستوردا کە برای محەمەد قولیخان بوو کەلەگەڵ عەسکەرخان بچێتە شنۆ، زەرزا-یان تەمی بکات. محەمەدقولی بۆ لای ئازەریەکان گەڕاوەو عافووکرا. بەڵام پەنادانی وی بهانەیەک بۆ هێرش کردن بۆ سەر زەرزا-کان بوو. عەشیرەی زەرزا لە بەرامبەرهیرشی ئازەریەکان لە عەشیرەتەکانی بڵباس و هەرکی یارمەتی داواکرد، قاسمخان لە 1792 ی زایینی جگەلەهێزەکانی ئەفشاری و هێزەکانی دونبلی موکریەکانیش بۆشەڕی زەرزاکان بردن. بەڵام موکریەکان لە بنەوە بەنهێنی پێککەوە ڕەیککەوتن کە پێکەوە بەشەرنەیین، هێرشی ئازەریەکان تیکشکاندرا و هەزارکەس لە هێزەکانی دونبلی و ئەفشاری ئازەری کوژران. محەمەد قولیخان لە 1793ی زایینی سەرلەنوێ بووبەحاکمی ورمێ. ئەفراسیاب زەرزا کە زاوای بوو وهەم لە ڕۆژی تەنگانەدا ئەوی حاشاردابوو، و داکۆکی لێکردبوو بۆ پیرۆزبایی چوو ورمێ بەلام ئەو دەرمانداوی کرد لەوێ مرد. فەتعەلیشای قاجار بۆ بەهێزکردنی دەسەلاتی خۆی لە ئازەربایجان وسەرکوتی محەمەد قولیخان،لە ڕێگای تەوریز، مراغە، مەهاباد بەرەو ورمێ هات،محەمەقولیخان بەبرینداری گیرا. فەتحەلیشا حوسین

قولیخانی لە جێگای وی بۆ فەرمانڕەوای ورمێ دانا و کوڕەکەی عەباس میرزا کە نایب و سەلتەنەبوو کرد بە پاریزگاری (ئۆستاندار) ئازەربایجان. عەباس میرزالە 1834ی زایینی سەردەمێکی دوورودریژ لە ئازەربایجان حەکمڕانی کرد. لە سەردەمی وی ڕووداوی گرینگ قەومان. شەڕی روس وئێران چەندین ساڵی کیشا و خولی سەرەتایی وی بە پەیمانامەی گوڵستان لە1813 و خولی دووەمی وی بەپەیننامەی تورکمانچایی لە1828ی زایینی دوایی هات. و شەڕی عوسمانی و ئێران چەند ساڵی خایاند و بە پەیماننامەی ئەرزەرۆم لە 1823 دوایی هات، سەرئەنجام دوایی دەیان شەڕو کوشت کوشتاری کوردان و تالان کردنیان عەباس میرزا بۆ بێ هێزو دەستەوەستان کردنی عەشایەری بلباس یان بە قسەی میرزاڕەشید لە ناو بردنی ئەم تایفەی بێدینە، شەشدانگی ناوچەی سلدوزی(نەغەدە)ی بە عەشایەری قەرەپاپاق پێشکێش کرد،کە لە ئاکامدا دەست هەڵگرتنی ئیران لەو لای چەمی ئاراس بەقازانجی ڕووسیە ناچاربوون بۆ ئیران کۆچ بکەن.)

محەمەدڕەحیم میرزا کوڕی عەباس میرزاو نەوەی فەتحەلی شا،کاتیک بوو بە حاکمی ورمێ بۆ تۆڵە لە کوردەکان، دەستی لە چ خەراپەیەک نەدەگیڕاوە. ئەو دەسمەدخان و عەبدول لەتیف خان لەسەرۆکانی زەرزای کە بۆ بەخیرهاتنەوەی چووبوونە ورمێ گرت وڕەوانەی تەوریزی کردن،هەروا عەلی ئاغای شگفتی بەزبانی خۆش فریوو داو بۆ ورمێ بانگهێشن کرد لەوێ زیندانی کردو بۆ تارانی نارد. نووسەرێکی ئەرمەنی کەلەکاتی ڕوداوەکانی /1880،زایینی لە مەهاباد بووە دەڵێت: کاتیک بەڵگەی بەشداری عەشایەری زەرزا سەرۆکانی لەدژایەتی حکوومەت دەپرسن برایم خانی زەرزا،وەڵام دەداتەوە:ئەوهەی دەست لەگیانی خۆی هەڵبگرێ هەر چ بخوازێت دەکات! تورکانی ئاذەری کە لە نێوکوردان بە(عەجەم)مەشهوورن،دەوڵەتی سەفەویەیان پیکهێنا، بەدرێژایی سەردەنی دەسەڵاتی سەفەویەکان کاروباری حوکمڕانی لە دەست واندابوو،لە دوایی ویش مەگین بۆ سەردەمێکی کورت حکوومەتی بنەماڵەی زەند، کە(کوردبوون) دەنافەرمانڕوایی ئێران لە دەست تایفەکانی ئەفشار، قاجار،بوو کە ئەوانیش لەوتایفانەی کە حکوومەتی سەفەویان پێکهێنا بوون وهەردووک شێعەی توند ڕەو بوون. پاشاکانی ئازەری ونووسەران و مێژوو نووسانی تورک بەچاوی سووک لە کوردانیان ڕوانیوە،کوردیان بە دزو ڕێگرو جەردەو پیاوکوژو خوینخۆر لەقەڵەم داوە. نوسەرەکانی ئازەری سەردەمی سەفەوی لە حوسین بەگ ڕۆملو،ئەسکەندەر تورکمان، مەلاجەلال مونەجم و نوسەری عالەم ئارای سەفەوی هەتا دەگاتە هەنۆکە وەکوو ئەحمەدکسرەوی تەورێزی،ڕەحیم زادەی سەفەوی، عەبدولحوسین نوائی،حوسین مکی و عەلی دهقان...ڕوداوەکانی سەدەکانی ڕابروویان لەگەڵ زاڵم وزۆرگۆیانی ئێران لە سیلەی چاوی دەوڵەت لێکداوەتەوە هێناوەتە سەرقاقەز! هەموو ڕاپەڕینەکانی کوردانیان لە ڕێگای ئازادی چارەنوسی مافی رەوای خۆیانوو،وەلانانی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان بە سەرکێشی ویاغیگەری وناوی فیتنەو فەساد ئاژاوەیان لە سەر داناوە،هەموویان بەگشتی کوردەیان بە شەڕوور وئاژاوەچی بێدین وکافر ناولێبردووە.. و شەڕەوانانی زاڵم و خوینڕیژو بێ بەزەو بێ ڕوحم و مرۆڤ کوژو فسوسی تورکیان بە موسڵمان و شیرو بەبرو پڵێنگ و دلاوەرو قارەمان و مەجاهید ناولێناوە. قەول وبەڵین و پەیمان شکێنی و دروو دەڵەسەو بیناموسی وبیشەڕەفی وپیلان و گزو فیڵ وتەڵکەو بەدقەوڵی ناپیاوەتی سەرۆکانی تورکیان بە تەبیرو ئاقڵ وزانایی ولیزانی زرەنگی و کارزانی ناولێبردووە. عەجەمیش لە بەرچاوکورد بەشتیکی پیس دێتە بەر نەزەر،عەجەم یانی کەسیک گلاوی بێ مرەوت کە لە کاتی سەرکەوتن دڕندەیە. بۆ ئامانج پێکان لە چ نامردیەکی دەستی ناپارێزێ، قەول شکێنە، درۆزنە، بەگزەوفێلە، لەگەل دۆست ودوژمن درۆ دەکات پیلانگیڕێ،لەکێ بەرکی دا لەگەڵ حەریفی خۆی هەموو جۆرە فێلەکی دەکات و پەنا بە هەموو جۆرە ناپیاوەتیەک دەبا،ئەمانە بە گشتی لە فۆلکلۆری کوردی دا وەبەر چاودەکەون. دەڵین: کاتیک لەگەڵ عەجەم ڕووبەروو بووی بیکوژە،ئەگەرنەتوانی بیگوژی لە بەری هەڵێ چونکە ئەگەر زبانی بگاتە تۆ فریوت دەدا، لە بەیتەکاندا بە تایبەت بەیتی دمدم خانی لەپ زێڕین وهاقالانی قارەمان گوتراوە: کە بکوژێ خەزای کردوە کە بکوژرێ شەهید بووە،تایفەی عەجەم بە مرتد،کافر،بێ ئیمان وبێ بڕوا،مەڵعوون و مرتد و لاشەخۆر ناولێدەبات. شاعەباس لە سیاسەتی خۆیدابۆ تێکشکانی ڕێزو ئیحتڕامی ئیلات

وعەشایەری کورد دەیەویست دەهەزار بنەماڵەی کورد لەورمێ بۆ خوراسان دووربخاتەوە قەلاتی دمدم داگیربکات. بەدڵڕەقی بۆ سەر سەرتایفەی موکری لەشکر کیشا و قەتڵی عام و قەلاچۆی کردن دوو کەس لە نووسەرانی ئەوکاتی ئەمەیان بە دوورو دریژی نوسیوە، یەکیان مەلاجەلال مونەجم ئەوی دیکە ئەسکەندەربەگی تورکمان لە کتێبی عالَم ئارای عەباسی) کە شاعێری ناوبەدەری کورد نەمرمۆستا هێمن، وەریگێڕاوەتەوە سەر زوانی کوردی.
لە دوایی کۆتایی دەسەڵاتی پاشایانی قاجار وهاتنەسەرکاری ڕەزاخان پەهلەوی،هەر لە ڕیبو ڕەسمی حاکمانی ئیران لە بەرامبەرکورد کەلکی وەرگرت، سپهبود حوسین فردوست لە نزیک ترین دۆستانی حەمەڕەزا پەهلەوی، لە یاداشتەکانی خۆیدا دەنوسێ: لە جەرەیانی سەرکوت کردنی کوردستان، ئەمیرئەحمەدی بەناوی ئەمیر لەشکری هیزەکانی ڕۆژئاوا نابانگی دەرکرد،ئەو لە دوایی ساڵهاشەڕ سەرکەوتوو بوو هینديک لە سەرۆکانی کورد بە قەول و بەڵێن فریوبدا. سەرۆکانی ڕاپەڕیوی کورد لە ئەمیرئەحمەدیان ویست کە ڕەزاخان کاری بەکاری ئەوان دانەبێت وئەم مەتڵەبە لە پشت قورئان بنوسێت وئیمزابکات! (لیرەمەبەست لە ڕاپەڕێنی سمکۆ شکاکە،کە بەدرو دەلەسە فریوی دا لە1930ی زایینی لە شنۆ بە دەهۆ شەهیدیان کرد. سمایل ئاغا ناسراو بە سمکو چوارساڵ حکومەتەکی لەشاری ورمێ کرد،وەرگێڕ)خولاسە ڕاپەرینی کوردەکان لەدوایی چوارسال شەر کۆتایی پێهات و ئەمیر ئەحمەدی لە ڕەزاشا، دەرجەی سپهبوودی وەرگرت،بەلام دەست و جی خانەنشینی کرد. ژەنەڕاڵ ئەحمەدی لە کاتی سەرکورتی کوردەکان بەو زێرو جەواهیراتەی لە کوردستان کۆی کردبۆوە لە تاران /500خانووی پێکرین، کە هەموو لەگەڕەکەکانی دەوروپشتی چوار ڕێیانی حوسین ئاباد هەلکەوتبوون.
لە سەریەک هەموو پادشاکان و حوکرانانی ئیران لەگەڵ کورد دوژمنایەتی ڕەگەزیان هەبووە هەمووکوردیان بە ڕێگرو ئنیسان کوژ داناوە لە ناوبردنی کوردانیان بە ئەرکی سەرشان و ئاییني خۆیان زانیوە، خەیانەتەکانی ڕەزاشای قولدڕو فاشیست و محەمەدڕەزاشای خوینخۆر لە بیرناچەن! هەتا خومەینی کە دونیای بەگەزو نیوگەزی ئیسلامی شێعە دەپیوا وەک (صارم الدین صادق وەزیری) دەگیرێتەوە: ئاغای خومەینی لەجەرەیانی شەڕی پاوە و سەنەندەج لە خاکەلێوە ی 1358لە تەلەیزیون لە بەرچاوی دوربینەکان تورە دەبێ و بەدەنگی بەرز هاوار دەکات:چلۆن ئەو سوننەزادانە بە خۆیان ئیجازەداوە کە کوڕانی شیعەی بێ تاوان بکوژن،برۆن دەی برون ئەم سوننەکافرانە لە ناوبەرن) بەلێ لە سەرقسەی ئیمامی جەماران حیزب اللە وەک گورگی دەم بەخوین هیرشیان کرد و خەڵکی بێ تاوانی سنەو پاوە شارەکانی دیکەیان دەخوین گەوزاندن،و بە دەستووری ڕاستەوخۆی خومەینی ئاغای خەڵخالی کە لەزمانی (شا) بە زنجیر دەبستراوە، کرا بە قازی بۆچاوترسان، دەیان کەسی لە خەڵکی سنەو پاوو نسوج و مەهاباد تیرەباران کرد،بەقولی ئەوان ڕەنگە لە ڕیگای خودایداکوشتبن!! دیارەبۆ ئەو کوشت وکوشتارە مەسەلەی گەمارۆی پادگانی سنەیان کردە پەلپ و بیانوو هەرچەند لە سەرفتوای خومەینی هەنگاویان هەلێنابوو کە22ی ڕێبەندان پادەگانی تاران تالان کرا و پادگانی مەهاباد 29و 30 ڕیبەندان خۆ بەدەستەوەدابوو. وەک کاک محەمەد مهرآسا دەگیرێتەوە: لە27ی بانەمەڕی 1357ی هەتاوی کە کۆمەڵە لەناوپادگانی سنە سەرهەنگ سەفری دەگری و مەجبوری دەکات بە جێگرەکەی کە سەرهەنگ دوومیک بوو دەستور بدا کە پادگان خۆی بە دەستەوەبدا، بەلام سەرهەنگ بەقسەی ناکات بەر بەرەکانی دەکات، بەڕەشاویژ 130 کەس لەخەڵکی ئاسایی لە ناو کوچەو کۆلانەکانی شاری سنە دەکوژێت. دیارەکوردیش لەناوخۆیدا پیاوی خۆفرشی هەیە، وەک کاک عارفان قانعی فرد لە کتێبی (ئاهەنگی وەفا)دەگێرێتەوە: دەڵێ: ئەمن (ڕۆمانی –لە حەساری پلەهام- وەردەگیراوە)بە یارمەتی دۆستم، لە ناو بەڵگەکانی پۆلیسی پاریس چەند بابەتی ثبت کراوم کەوتە بەرچاو: کە جەلاڵ تالەبانی بەر لە ڕوداوی ترۆڕ لەلای قاسملو بوو،و ئەو ئەوی بۆ وت ویژ حازر دەکات، دورست دوو ساعات بەرلە جەرەیانی ترۆری قاسملوو خداحافیزی لیدەکات! دەجا بە بۆچوون نزیک بەیەقین دەیزانی کە ئەوانە(یانی ئەم لێژنە بەدرۆیە هەموویان ترۆڕیستن) کاریک لەگەڵ قاسملوو دەکەن!) یانی دەیزانی دەیکوژن!!
حامیدڕەشیدی زەرزا ئوستەڕالیا،ڕیکەوت 2007/6/16ی زایینی.

**(تافی لاوی)**

ئەمن لە گوندی "گورگاوە لە 1319ی هەتاوی بەرامبەری 1941ی زایینی لە دایک بوومە لە1326 هەتاوی لە گەڵ براکانم چومە قوتابخانەی دێ، بابم مامۆستای بە پارەی خۆی بۆ هێنابووین. ئەو سەردەم لەگوند قوتابخانە نەبوو. جگە لە مەلاو ئاغای گوند، تاقو لۆق نەبوایە سیوادار وەبەرچاو نەدەکەوت. کوردستانی ڕۆژهەڵات بە درێژایی نیو سەدە مێژوو لە ژێر چەکمەی چەوساوەیی ڕێژیمی گەندەڵی پەهلەوی دابوو، هەموو داگیرکەرانی کوردستان سەرەڕۆ بوون تایبەت بنەماڵەی پەهلەوی کە لەمەڕ خوێن مژینی کوردلەگەڵ "ئاتاتورکی فاشیست "یەک بۆچۆنیان هەبوو! لەکوردستانی ڕۆژهەڵات دوایی جوانە مەرگ بوونی کۆماری 11مانگەی (مەهاباد) هەر چوار پاریزگا"ی" کوردستان بریتی لە سنە، ئیلام، کەرمانشا، ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوای ورمێ، لە ژێرچاوەدێری محەممەد ڕەزا و چڵکاو خۆرانی دا بوو. ئەوان کە دەروازەی ئازادیو دێموکراسیان لە سەر خەڵک گاڵەدابوو بەئیشتیای خۆیان کوردیان سەرکوت دەکردو دەچەوساندەوە. هەتا ئەو دەنگە بە ئەنقەست لە گەرووی کورد دابخنکێنن. دەجا جگە لە ڕووتاندنەوەی کوردو کاول کردنی کوردستان پلانەکی دیکەیان نەبوو. بە هەموولایک خەریکی ڕەشکردنەوەی شوێنەواری مێژووی کوردستان بوونو ئەوەی لەم بارەوە سریوەی لە بەر هاتبوا دەر ڕەکێشی بەندیخانەیان دەکرد. سیاسەتی ڕۆژی زلهێزەکانیش بە قازانجی کورد نەبوو. پێشەوا قازی محەمەد"لە سێدارەدرابوو. ژەنەڕاڵ بارزانی هەتڵەو پەڕیوەی یەکیەتی سوڤێت ببوو. جامینخوازانی کۆماری مەهاباد لە ژێر چاوەدێری ڕێژیم دابوون. بابمو خاڵم موساخان زەرزا"لەو دەستەیە بوون هەرچەند ئەمن ئەوکات هەستم بەو مەسەلە نەدەکرد بەلام کە بلوغ بووم ئاگاداری بارودۆخیئەو سەردەم کرام. دایکم دەیگێڕاوە دەیگوت: بابت لەترسی سەرهەنگ غەفاری، بۆڕ بۆڕیو سەرلشکرهومایونی قەت ئەمین نەبوو. ماڵی ئێمە لە گورگاوێ کەوتبوو لێواری ڕوبار. دوو دەست خانووبەرە هەر دووکیان دوو نهم بوون. هەرنەهەمەی چەند هۆدەی دوورووو درێژی تێدا ساز درا بوو. هی ئەندەرون بۆ ماڵو خێزانو کارداروو دەستو پیو ئەوی دیکە بۆ میوانو بێنەو بەرەو غولامەکان. دیوارەکانیان مۆرەی خشتی کاڵبوون. پانایی دیوارەکانگەزیک دەبوو. گشت دیوارەکانی حەوشە مۆرەی قوڕ بوو. هۆدەکان هەریەکە چەند تاقچەیان تێدا دورستکرابوو. ناو هۆدەکان دوایی سواخ گەجکاریکرا بوون. پەنجەرکانیان داربوون کە دەبوو بە وەرزی زستان دەوراندەوری شوشەی پەنجەرەکانیان بە چریش و قاقەز دەگرت هەتا زوقمی ساردوسەرما بۆ ناوهودەکان شوێن تێکەرنەبیت. بەدرەنگەوە زامیسکە پەیدابوو بەوەی قەراخ شوشەکانیان دەگرت،هەڵبەتە ئەوە هی ماڵی ئاغا وابوو دەنا خەڵکی دێ ئەوەی هۆدەی هەبوایە لە جیاتی زامیسکەو چریش ئارداویان تێهەڵدەسوت. پلەکانەکانی هۆدەکانمان بەرد بوون. کە لە حەوشە ڕا بۆ سەربان هەڵبەسترابوون. هەریەک لە هۆدەکان فەڕشێکی گەورەیان لێڕا خرابوو کە چەند کەس هەڵگێڕ وەرگێڕیان دەکرد. فەرشە کۆنە کانیان لە گەڵ عەجەمان بە فەڕشی تازە دەگۆڕیەوە، ئەمە لە بەربایەخی نەخشو نیگاریان بوو. هەرئەو عەجەمانە کە بۆ ئەوجۆرە مامەلە گونداو گوندیان دەکرد فەڕشەکۆنەکانیشیان کە کونیان تێدە بوو بۆ دەچنینەوە. فەڕشەکانیان جەژن وەجەژن بۆخاوێن کردنەوە دەبردە دەرەوەی ماڵ، لە سەرچیمەن لە دوایی خۆیان ڕادەکێشان. کە دەتگوت: گاڕان بەگوندی وەربووە، تەپو تۆز بەری عاسمانی دەگرت. بۆیەش هێندەیان تۆز لێدەنیشت چونکە لە سەرعەرد ڕادەخران، پێخوستان زۆرلە سەر بوو. فەڕشی ئەو کات هەموو دەستچن بوون. هێشتا فەڕشی نایلۆن پەیدا نەببوو. ئێستاش کە ئەو بیرەوریانەم دیتەوەبیر، پێم سەیرە بۆچ ئەو فەڕشانەیان لە چەم نەدەشوشتن. خۆ بەلە دووخۆ ڕاکێشان لە سەر چیمەن، هەر ئەوەندە بووکە ڕنگیانگەش دەبۆوە، دەنا بێگومان خاوێن نەدەبوونەوە. مدبەقەکەمان یەکجارگەورە بوو. کەندوەکی گەورەی بۆ ئارد تێدا هەڵبەسترابوو. کە سێ خەرواری ئارد دەبرد. نانکەرەکەمان ناوی پوور ئایشەبوو. لە

هۆدی ئەندەرۆن سندوقێکی گەورەی لێبوو. کە بە شەش حەوت کەس بە چەتونی جێ گۆڕ دەکرا، ئەمە سندوقی دراوبوو. ئەوکات پارە"قەرەپوڵ"بوو. بلام دوایی دراوی کاغەز هاتە بازاڕ، هەتا 5قڕان قاقەز بوو.
ئەو کات هۆدەکان لە ڕووی ئەندازە دورست نەدەکران. ئەگەر فەرش هۆدەی پڕ نەکردباوە،لاکێشەکیان لە ڕەخ ڕادەخست. ئەگەرگەورەش بوایە دەیان نوشتاندە وە و بە بزمارلە دیواریان قایم دەکرد. هەموو هۆدەکانی ماڵی ئێمە پڕفرش بوون، بەلام هی دانیشتوانی ئاوایی بەدەگمەن دەنا لبادوو بەڕەو حەسیر بوون. نوێنی خەفتن بریتی بوو لەلێفەو دۆشەکو سەرینو نازبالنج، دەخرانە ناو جاجم، کە ئەوکات لە هری دورست دەکرانو جۆلا دەیچنین، بەقیلەو قاج گریدەدرانو بە دیواری هەڵدەپەساردران، وەک پاڵنگدان پاڵیان وێدەدان پێیان دەگوت: دەستەنوێن. جل وبەرگیان دەسوێنەی دادەشوت زورخەڵکی دێ لە جیاتی سابوون لە ئەسپۆنیان کەلک وەردەگرت، هێندیک مالێش سابوونیان دورست دەکرد. سەربانی ماڵی ئێمە دێوارێکی بە دەورێدا کێشرابوو، پێیان دەگوت: مێژڕەو"ئێمە وەرزی هاوینان لە وێ دەخەوتین. دەوراندەوری دیوارەکە بۆ شەڕە تفەنگ کونی تێکرابوو. کێشکچی‌یەکان بریتی بوون لە: مام عەوڵاڕەشیدبەگ، ئەزیزیخانمێ، مام باپیر، مام یونسو کویخا عەزیز، هەریەک شەوانە بە نووره لەگوێ سوانەی باڵە خانەکە دا دەنوستن. ئەو سەردەم تفەنگی برنۆو،و تاپڕی دوولول بە تایبەت بۆ مەڕدارەکان بەپاس وەردەگیرا. هەرکیو خێڵاتی خاوەن پەز بەگشتی چەکدار بوون، بەڵام دوایی لە سەر یەک لەلایەن حکوومەت کۆ کرانەوە. جارو بارلە دێهاتو شارەکان دزی دەکرا، زۆرتر ڕەوەی خێڵاتی ئەو دیو دزی لێدەکرا. وەبیرم دێ لە شاری شنۆ ماڵی حەمەدەمین خەلیلی، خانە بگیرکرا. گوتیان ماڵی هەمزاغای بوون، گۆیا نێوان ناخۆشین هەببوو،ئەوکات "چیچۆ"ئێشقیا بوو چەند چەکداریکی لەگەل بوو. دزی گاوگۆلیش لە دێهات هەردانبیر دەکرا.
ئەوکات دادگە لە تەورێز بوو حوکماتی ناوچەش ئاغاکان دەیانکرد، ژاندارم دەسەڵاتێکی ئەوهای نەبوو،ئەو سەردەم شنۆ شارۆچکەیەک بوو سەروبنی ماڵەکان مەعلووم بوو هەموو خەڵکەکەی یەکدریان دەناسی یانی تەرەکەمەی تێنەکەوتبوو. شنۆیی ئینسانی مەشرەف خۆش و بە مەزەیان تیدابوو شنۆ شاریکی کەوناراو دلگر بوو،خەڵکیش ئەوها مرشتەی نەبەستبوو زەوی نەببوو هەردی موقەدەس، کڕینی خانووبەرە چی وای تینەدە چوو. چواردەورەی شاری باغ بوو بگرەلە ڕەزی ترێ هەتاداری بەری گویزی قاقەزی وگیلاس وئالۆبالۆی شنۆ بەناوبانگ بوو. لە سەریەک خەڵکێکی قەدیمی و سادەی تیدابوو لە ڕاستیش دا ڕژیمی گەندەڵی (شا) خزمەتی بەشارەکانی کوردنشین نەدەکرد، بۆیە پارێزگایەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بریتی لە ورمێ،سنە،کرمانشا، ئیلام، چاوەدێری ئاوەدانکردنەوەیان لە سەر نەبوو،پارەکە،هەموو لە شارەکانی عەجەم نشین خەرج دەکرا،دەنا ئەوکات پارەی ئیران لە برەو بوو و شتومەکی خواردەمەنی لە بەرامبەر پارە، ئیکجارهەرزان بوو بەڵام ئەوکاتیش دەسحەقی کرێکارکەم بوو. زۆرەکەی ڕوژانە5تومەن بوو. دەنا چەلەگی گەورەی ڕۆنی ئامریکایی کە بە درەنەگەو وایلێهات تاق ولۆق خەڵک بێکڕن بە15تومەن بوو.
کەل وپەلی بەرقیش وەکوو یەخچاڵ و جلک شۆری بەدرنگەو پەیدا بوو پێم وابوو لە سالەکانی ساڵەکانی 1342 بوو کە لە ناوچە بەدەگمەن دەدیترا بەڵام دیسان هەرزان بوو،یانی سەلاجە(یەخچاڵ)ی باش بەهەزار تومەن بەقەرزی مانگانە بوو.

**(فەرمایشی شێخی بورهان)**

دەڵێن جارێک چەند پیاوی ماقول میوانی شیخی بورهانی دەبن، دزێک لە حالێکداکە دیواربڕێکی لە دەست داو تەویلەی مالی شیخی بڕیوە بە دەست خەڵک دەگێرێو بەهەراو هوریا بۆ لای ماڵی شێخی دێنن! شێخ مەسەلەکە

دەپرسێ؟ دەڵێن: قوربان ئەو کابرایە دزە! دیواریماڵی ئێوەی بڕیوە گرتوومانە! شیخ دەفەرموێ: وازی لێ بێنن ئەوە کەنگێ دز بوو؟!دەڵێن: قوربان دیواری بڕیبوو مانگای دەرکرد بوو ئەوەش دیوار بڕەکەی!
شیخ دەڵێ: کوا ئەوە دزە ! ئەو ئاسنۆکەیە چییە؟ بۆ لێتان کردۆتە شاتو شووت! ئەوە کاسبی بۆ منداڵەکانی خۆی دەکات! لێیگەڕێن با بڕوات. پاشان ڕوو لە کابرای دز دەکات پێی دەڵێت: ڕۆڵە ئەوکارەت خیری تێدایە بڕۆ مانگاکە بەرە با منداڵەکانت بێ دۆ نەبن! ئەو جار ڕوو لە خەڵکەکە دەکادەلێ: دزی ڕاستی ئەو شیخو سەیدو مەلایانەن کە ماڵی خەڵک دەخۆن ئەوە زۆر لە ماچ کردنی دەستی شیخو کڕنۆش بردن بۆ بەردوو دارچاکترە.

**(شێخ سمایلی بەرزنجی)****

وەک دەگێڕنەوە شیخ سمایل کەسایەتیەکی ئیکجارموحتەرەم و خۆشەویستی خەڵک بوو. ئەمن ئەوکات منداڵ بووم بەڵام تاریفاتی وی لەسەر زارو زوانی هەموخەڵکی شنۆ بوو، دوایی کە ئەو وەفاتی کرد شیخ مارفی کوڕی بەرپرسی برزنجیەکانی لە شنۆ، وە ئەستۆگرت. شیخ مارف پیاوەکی دنیایی بوو بۆخۆشی مامۆستای قوتابخانە بوو. کەیفی بە مەسەلەی شیخایەتی نەدەهات، و پیاوەکی قسەڕەق بوو بەدونیاش ماندوو نەبوو. بەڵام گەلیک کەس خۆیان بە دەرویشی بنەماڵەی بەرزنجی دەزانی،ئەو کات تەکیەو خانەقاو بەزم وڕەزمی دەروێشایەتی لە برەو بوو، خەڵک باوەڕو ئاقیدەیان بە ممبارەکی شیخ و سەید هەبوو، هەرچەند لە ڕاستیدا وشەی سەید بە مانای ئاغا هاتووە،بەڵام ئاوەکە ئەوها ڕژاوە، هەنۆکەش لەکوردستان ڕێزوئیحتڕامی سەید وشیخ هەیە بێ گومان شیخ و سەید ئەگەرحەزیان لێبێت دەتوانن لەم حورمەتە کەلکی بەجێ وەرگرن و خەڵکی بۆ مافی ڕەوای کورد پتر هان بدەن،دەنا لە بارەگای خوا هەرکەس وەڵامدەری ئاکاری خۆیەتی، کەس بۆ کەس شیفاعەتی پێناکرێ. هەنۆکە کوڕانی شیخ مارف بریتی لە شیخ عەبدولڕحمان، و سەید نیزام و شیخ عەلی، شێخ عەبدولڕحمان کە بەشی قەزایی خویندوە، ئاگاداری مەسەلەی سیاسی کوردستان و مەسەلەی کۆمەڵایەتیە، و دەورەیەکیش نوێنەری پاڕلەمان بوو ناڵیم خۆشەویستی خەڵکە بەڵام بۆ کاروباری خۆی هەڵسوڕینەرەو گورج وگۆڵە، کوڕەکانی جەنابی شیخ مارف هەموویان قسەزان و دەماوەرن، شیخ عەبدولڕحمان لە دوایی سەرکەوتنی گەلانی ئێران 1357ی هەتاوی بەخشدار(قایمقایم)ی شاری شنۆ بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵات دازاڵ نەببوو جگەلەوە شەڕی نێوان حیزبی دێموکڕات و دەوڵەت، ناوچەی شڵقاندبوو. لەم کاتە ناسکە شێخ دەیەویست وەزعەکە هەمواربکات، بەلام لەم نێوەدا دوو شوتووی بە دەستێک بۆ هەڵنەگیرا سەرئەنجام لەلای حیزبی دێموکرات سەردەمێک گیرا. شیخ نیزامیش کە سەردەمێک هەڵوەدای هەندەران بوو لە ئۆرۆپا گیرسابۆوە، هەرچەند وەک دەڵێن گەڕاوەتە بەڵام پێم وانییە مگێزی لە شیخ ودەروێشایەتی بێت، لە ساڵانی 1360 لە ورمێ لەگەڵ کاک سەید نیزام ئاشنایمان هەبوو فکرێکی تیژی هەیە، کات دەقۆزیتەوە، قسە حەق و ڕەقەکانی وەباوکی ڕەحمەتی دەچێت. هیندێک نامەی کە بۆ ئینتشاراتی سەلاحەدین دەنووسی لە گۆڤاری سروەچاپ کراوەن،هەڵویستی وی تیدا نەخش دەبست، هەرواڵە گەڵ شیخی گچکە(کاک سەیدعەلی) لە شنۆ سەلام عەلێکم هەبوو جارەکیش بانگهێشتنی بۆ ماڵ کردم لە سەر نوسراوەیەکی سروە گازەندەی هەبوو. لە ناو قساندا تەگبیرە کیشی پێکردم، لە ڕاستیدا هێشتا هەرسەڵت بوو خەریک بوو کیژی کابرایەکی هەژاربێنیت بەڵام لە بەرسەرکۆنەی خەڵک کارەکەی لەبەرگران بوو، دەیەویست پوچەڵی کاتەوە! زۆرم تانۆت وەبەرناو، پێم گوت: باوەڕت بە شەجەرەنامەی شیخ و سەید نەبێت، کورد قەت عارەب نەبووە و نابێت! ئەمانە جاهیل هەڵخەڵەتێنن!! ئەوجار هەمووکەس لە بارەگای خوا وەک یەکە، تەنیا چاکەو خەراپە فەرق و جیاوازی دێنێتەکایە، هەژارو بە سامان عەبدی خودان،بڕۆ داوەتەکەت بکە،خوادا یارمەتیت دەدا، هەر واشی کرد. هەرچەند دەمزانی هێندیک لە قسەکانی منی لە مەڕ مەسەلەی (سەیدو شیخ) لە دڵ گران هات بەڵام وەسەرەخۆی نەهێنا، لە ڕاستیدا شیخ علی ئینسانیکی بەڕێزو حورمەت و دڵپاک وبێ غەڵ وخەش و بێ دەعیەو خاکی و

خۆش ئیخلاقە وگەلیکیش پیتووڵ بوو، ئەوکات کەیفیشی بەشێخایەتی دەهات. نزیکەی 17ساڵە کەلە شنۆ وەدەرکەوتووم چ ئاگاداریەکم لێی نییە، هیوادارم بەسەرتەنگ وچەڵەمەی ژیاندا زاڵ بێت، و خۆشبەختی لە باوەش بگرێت.**

(دوان لە ژیان)

ساڵی 1337ی هەتاوی لاوێک دەمڕوت  بووم، دەمەویست ماڵ لە کاکم جیاکەمەوە. سەمەد خانی برام، دوو ساڵ پێشتر ماڵی جیا کردبووەو لە گوندی گردکاشان نشتەجێ ببوو دوو سێ غولامیشی ڕاگرتبوو،یەک لەوانە ڕەسووی هەمزەجێژنی بوو نابراو ئیکجار قسەخۆش بوو زبانی هەمووکەسیشی دەزانی، بەلام کاکم دژی ئەو بۆ چوونەی من ڕاوەستا، دوو ساڵ لە ماڵی کوڕە خاڵەکانم لە دێی نەڵیوانو شاوانەمامەوە، ڕەحمەتی مستەفاخان  نەیدەویست خۆی تێکەڵی کێشەی ناوخۆ بکات،  بۆیە ڕاستەوخۆ داکۆکی لێ نەدەکردم. کاکم سەروەت و سامانەکەی لە شەندەو ڕندەدەدا، کاتی زۆری لە تارانو تەوریز تێپەڕ دەکرد. چ ئاوڕێشی وەماڵ نەدەداوە. چ چاوەدێری بە سەر مڵکەکاندا نەبوو.
گوندەکان بەرە ڵلا کرابوون بێ خودان مابوونەوە. مەڕوو ماڵات، وڵاخ و دارو باغچەو مێشەو بێ خاوەن بوون. ناچار وەکیل (پارێزەر)م بۆگرت بەڵام قانوونی کاتی وەک موم لە بەریەک دەکێشراوە، لایەنی دەسەلاتدارو خودان سامان رێکدەکەوتن، بە بەرتیل بەکار بەدەستانی دادگوستەری محکەمە چەند ساڵ وەدوا دەخرا! لە نەغدە لەدوایەکان مەختاریەکی بەرپرسی دادگا بوو شیت وترپیوی ئەوها نەبوو جاریک لە دادگاە لەگەڵ عەلی ئاغای ئەمیرعەشایەری بەشەڕدێ عەلی ئاغا باشی تێهەڵدا دوایەش ساواک تەمێی کردبوو، ترۆی لە هەمووکەس دەکرد کاتیک لە1357 ڕژیمی شا ڕوخاندرا ماڵی بردە ورمێ بوو بەکەوش فرۆش، هەروا ئاغای سالحی مدیرەکەشی کە خەڵکی مەهاباد بوو لەکاری گەندەڵی بەرتیل خواردن ڕاوەستانی نەبوو پاشان ئاغای ڕۆستەمی جەمی هات، ئەویش لەوانی دیکە گلاوتر بوو سەردەمەکیش ئاغای هیندی بوو ئەو لە هەموان باشتر بوو.  ناچار بووم  لە ساڵی 1338 وازلە هەموو شت بێنمو بەچوار دانگو نیوی"ئاڵیاوە"ڕازی بم. گوندی ئالیاوە یەکجار بە پیتو بەرەکەت بوو هەموو وەرزێرەکانی باش خاوەن جوت خۆیان بۆ وێ دەکوتا، کە پاشان سەمەدخان داوای گۆڕینەوی لێکردم دلم نەشکاند لەگەڵ گردکاشانم گۆڕیەوە. شوکر سەردەمی ئاغایەتی من دەوامی نەبوو. لە1342قانوونی دابەزینی، زەویوزار کۆتایی بە ئاغایەتیەکی من هێنا دەنا بێگومان ئەمنیش دەبوم بە چەوسێنەر!

(زیندان)

زیندانی تۆپخانەی ورمێ یکجارپیسو پەڵۆس بوو،بریتی بوولە دوو بەندی"حەوشەی لەشکر"کە تایبەتی تریاک فرۆشان بوو بۆن بۆن چەکی کەبابو شیشلخ گرتووخانەی پڕ کردبوو،کەچی"حەوشەی بەرد"ئاورت تێبەردابۆایە بۆنسۆی لێ هەڵنەدەستا، سالی1345 گوێزراینەوە قەراخ گۆلی(ورمێ)کە بە فۆڕمی ئامریکایی دروست کرابوو پاسەوانەکی کوردی خەڵکی شنۆ، بە ناوی محەمەدئەمین ئیریسی لێ بوو چەند بڵێی ڕوح سووک بە خەڵک ماندوو بوو بە تایبەت لەگەڵ کوردەکان. ڕۆژێک کە ئەمن یکجارسوپاسی ئەوهەموو موحیبەتەی ویم کرد لە ولامداگوتی: قەت ..بەپیاوی دەوڵەت بە تایبەت پۆلیس باوەڕ مەکە دەستی لە سەرشانی داناگوتی: کەسێک ئەو"پاڵگونانەی"لەسەرشانە جێگای متمانە نییە! کەچی ئیریس بەڕاستی قەت نەگۆڕا وەک هێندێک بە مووچەخۆری باخو لەخۆبایی نەبوو، فیزوو ئیفادەی لە سەر زیندانیان لێ نەدەدا، هەتا لەگرتووخانەبوو برایەکی بەڕاستیو دۆستێکی قەت نەوەستاو بوو بەڵام قسەکەی وێم پاش چەندسالێ لێ وەدی هات، بە ڕاستی زۆرکەس هەن بە بارەکەللایەک دۆستو ئاشناوخەڵکی وڵاتەکەیان دەفرۆشن خوادا بە وێ ڕۆژێ نەکات منفەعەتی قڕانێک لە گۆڕێدابێ،لە حەقیقەت هێندیک کەس وەک سکەی دووڕوون بەدرەنگەوە ڕووی دێکەیان لێ نیشان دەرێ

ئەمن ساڵی42ش چەند کەوتمەزیندان، لەگەڵ چەندکەس لەزیندانی تۆپخانەدا ئاشناییم پەیداکرد،یەک لە وان،کاک عەولا عیزەت پووڕ بوو،ناوبراو زیندانیەکانی هاندا هەتامانبگرنو ڕادیۆی دوومەوجو ڕۆژنامەی بۆناو زیندان ئازادکرد، هەرواچاوەدێری چێشتی گرتوەخانەی

کردە تایبەتی زیندانیان کەلەهەشتێ مشتێی نەدەدرا ،وەکیل داخڵەو چاوەدێری خەرج دەیاندزی،هەروالەگەڵ کاک مەلاعومەری عەسری ئاشنابووم کە یکجار قسەخۆش بوو، ئەودەم حەمەدەمین ئاغای شیناوێ" مام ڕەسووی خەراپەی، سەیدشێخ محەمدی زێدان لەسەرقەرز گیرا

بوون، بە پێی قانوونی ئەوکات هەمووخاوەن قەرزێک دەشا قەرزدارەکەی لەبەرامبەر23قڕاندا ڕۆژیک زیندانی کات،لە2500ساڵەی شاهەنشایی، ئاغای سادق ئەحمەدوەزیری،بەرپرسی دادگوستری کاتی،لایحەی فەسخی ئەو بەشە قانوونەی ناردە پەڕلەمان،کە پاش موافیقەتی"شای"کە پێیان دەگوت؛(تەوشیحی هومایوونی) هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرا، ئەوکات کاک مارف مێهرنیا، کە تەنیاکەسێک بووئینگلیسی دەزانی، دەست بەسەربوو، لە دادگەی نیزامی5سال حەپسی بەسەرداسەپا، نابراو لە پادگانی جەڵدیانو پیرانشار، دەگەڵ ئامریکایەکان زمانی ئینگلیسی فیرببوو لاوەکی یەکجارتێکۆشەرو ئینسان دۆست بوو،هەموو کاتی خۆی لە خزمەی زیندانیەکاندا تەرخان کردبوو، بەدەردوو مەرگی هەموو زیندانی یەک دەچارا، ڕێزوحوڕمەتێکی تایبەتی لەلای زیندانیەکان هەبوو. کاک مارف کلاسی ئینگلیزی لە زیندان کردەوە، ئەوشم لە بیر نەچێت دەست پوختی لەئی هومووزیندانی یەک خۆشترو بەتامتربوو.

هەروالەساڵی 1344کاک عەلی بڵباسیم ناسی کە بەعەلی کاکەسوری ناوهەڵدەدەن، ناوبراومرۆڤێکی پیاوانەو دەستو دڵ ئاوەڵا، دۆستێکی جوامێرو کوردێکی دڵسۆزبوو هەرواخوالێخۆشبوو کاکەسوارسەکر، هەر جەوهەری کوردایەتی لێدەباریو لێدەڕژا، مامۆستا ملارەحمان کارەش کە کوردێکی پاکو ڕاستگۆو بێ پێچو پەنا بوو.

لە سالەکانی 45و46و47دەگەڵ گەلێک کادیرو ئەندامی حیزبی دیموکرات ناسیاویم پەیداکرد، وەک مامۆستای زانائەبووبوکری فەلسەفی، مەلاحەسن شەیدایی، مەلانەجەمەدین کەوکەبی، مەلامحەمەد عەجەم،کاک سەلاح موهتەدی کاک محەمەد ئیلخانی زادە،مەلاڕەحیم عەباسی،مەلارەسوو گەردی کاک حەمەدەمین شەشە،کاک محەمەدی میرزامەحمودی مەلا محەمەدمەزنیو دەیان کەسیتر چونکەدرێژە بەوباسم لەکتبێ بەشێک لە ژیاندا نووسیوە بە ئەوەندە کۆتایی پێدێنم.

منو هاڤالان لە1347 هەتاوی پاش 3ساڵ بلاتکلیف بوون موحاکەمەکراین شەهیدسمایل موهاجری ئەوکوڕەکوردەکە 20سال دژی ملهوڕیو زۆرداری چەکی هەڵگرت حەپسو ئەشکەنجەی دی،پاش پێنج ساڵ یانی لە1349ئازادبوو بەڵام جارێکی دیکەگیرایەوە، دووسالی ترلەگرتووخانە مایەوەو لە1357ی هەتاوی کە تەختو بەختی "شای ئیران"وەرگەڕاناوبراو بووبەپێشمەرگەی حیزبی دیموکەاتی کوردستانی ئیران سەرئەنجام لە1361ی هەتاوی لە ئاوایی(حەڵبی کۆئیک) ناوچەی نەغەدە شەهیدبوو. کاک ناسرسەفەری ناسراوبەناسر ڕۆستەم کە ڕۆلەیەکی بەجەرگو ئازایە پاش 3ساڵ ئازادکرا، بەڵام بێ دەرەتانی ژیان ئەوهەلەی بۆ نەڕەخساند بتوانێ بچیتە ڕێزی پێشمەرگە،کەچی وەک کوردێکی بەشەرەف سەنگەری تێکۆشانی چۆل نەکرد، هەر وا مەلاعەزیزی موهاجری کاک یوسف ساعدی،کاک کەماڵی بەردەکەشکی هەریەک پاش 3ساڵ ئازادکران،نووسەری ئەودێرانە دوایی 10ساڵ لە1354ئازادکرا،جارێکی دیکەلە1356کەوتەوەگرتوخانە ساڵی 1360 بەروحیزبی دیموکرات ڕۆیی پەڕیوی چیابوو کچەکەی نەشمیل 1361/1/20لە گوندی میراوێ مەلاخەلیلی ناوچەی سەردەشت لە ژێرتۆپبارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران هاتە دونیاوکاوی کوڕم لە1362/8/1لەگوندی کێلێ سەرشاخان،لەدایک بوو کورەبچکۆڵەکەم زەرزا،لە10ی ڕیبەندانی 1367چاوی بەدونیاکردەوە.

بائەوەشم لەبیرنەچێت کەشاری شنۆلەڕێکەوتی 20یخەزەلوەری 1360ی هەتاوی بەهێرشی بەکرێگیراوان(بریتی لەقیادەو تاقمەی ڕەحمان کەریمی)گیراوەمن وخیزانم چووینەگوندی دێشەمس،ماڵی کاک ڕەحیمی ڕەحمانەکوێری بەڕاستی ئەو پیاوە ڕەنجبەرە لەکاتێکدا بەکرێگیراوان لەگەڵ یانیگروو تەرەکەمە هەموولایەکیان تەنیبۆوەو حیزبی دیموکرات بۆپێشگیری لە دووپات بوونەوەی ڕەشەکوژی وێڕای کۆمەڵەشاری شنۆی بەجێ هێشت، خەڵکیش هوڕوژاو بەرەو گوندەکان تێکشان ئەو بنەماڵە بە هەمووو تواناوە هاتنە مەیدانی خەبات لە حەڵێکدا گالۆنی بنزین 5هەزارتومەن بوو(ئەوکات پارەدانەبەزیبوو) خەڵکیان بەخۆڕایی ڕادەگوێست،منو خیزانم دووشەو مێوانی ئەوماڵەبووین خوالێخوشبوو مام ڕەحمان باوکی کاک ڕەحیم هێندە بە ورەوپیاوبوو کە قەت نیوچاوانی وەکوریشک هەڵنەهێنا،کوڕەکانی بۆ خزمەت لە ڕێگای میللەتی کوردهاندا،کاک ڕەحیم لەگەڵ براچکۆڵەکەی کاک خالیدئیمەیان بە ماشینی خۆیان گەیاندەمێراوێ سەردەشت نوایان بۆ دابین کردین،دووسێ ڕۆژیش لامان مانەوە بەداخەوە قەت هەلێکی وام بۆ هەڵنەڕەخسا کە بتوانم چاکەی ئەوپیاوەتیە بدەمەوە،هەنۆکەش خۆم بەقەرزداری ئەوپیاوەتیە دەزانم . پێویستە ئەوەبڵێم : ئەمن بەشی زۆرلە شێعرکانم هەتا1357بەفارسی گوتبوە،هێندێک لە گرتووخانەی ورمێ،زەوت کران بەشێک لە کوردستانی خواروو لە ساڵی1363شاردرانەوە ئیدی چاوم پێیان نەکەوتەوە،وەک لە پێشەکی (فریزوو)ئاماژەم پێکردووە لە ساڵی1989 کەلەکوردستانی ڕۆژ هەڵات دەرچووم ،وشارەجوانەکەی شنۆم بەجێهێشت،بەکۆلە بارێک خەمو خەفەت زێدەکەم بەجێهیلا بەداخەوە هەردەوسەرو بەندەدالە13ی ژوئیەی 1989(پووشپەڕی 1368) دکتۆرقاسملو بەدەست تیروریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەشاری ڤیەن،پێتەختی ئوتریش،شەهیدبوو. کاتی دەرچوون لەکوردستان بەشێک لە شێعرە فارسییەکانم تەسلیمی کاک موتەلیب ڕەحیم زادەکرد ئەویش لە1995بەروسوئیدڕۆیی،من لە1996/1/1بۆچاپی

(فریزوو)کەئەو دەم چاپەمەنی کوردی لە ئوستڕالیا نەبوو،چوومەسوید لەشاری یاولە مێوانی ناوبراوبووم لە مەڕ شێعرەکانم پرسیارم لێکرد لەچ شوێنێک تاقەت کراون گوتی بە برادەرێک ئەسپاروەوە کە جێگای متمانەیە ناوەکەشی پێ گوتم بەلام ئەمن بەپێویست نازانم لە بەرئەمنییەت ناوی بێنم ئەوە چارەنوسی بەرهەمی شاعێرەکی کوردە،کە پەیوەندی هەیە بە چارەنووسی میللەتەکەی‌و ولاتەکەی!!

وەک لەپێشەکی (فریزوو)ئاماژەم پێکردووە ڕێکەوتی 1991/8/1ی

گەیشتینە ئوستەڕالیا، ولاتێکی خوش بوو بەلام هەموو شوێنێک بۆ پەنابەر بۆنی نامۆیی لێدەهات،ئیمە پەنجاکەس بووین کاک جەمال شافعی بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەئانکاڕا یەکێک لەو پەنجا کەسە بوو،بەداخەوە کاک کەمال پووریان بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە چرۆم

رسقی نەکەوتە ئوستڕالیا بەرەوکانەدا، ڕۆیی کاک فاروق قادریش 40ڕۆژ بەرلە ئیمەگەیشتبوو شاری سیدنی،رووی لە شاری کافساربۆ کردبوو لەنامە یەک دا لە ڕیکەوتی 1991/16/26کە بۆتورکیە بۆی نوسیبووم گوتبووی: ئەوەی لەبارەی ئوسترالیا لەکتێبەکەدا نوسراوە پرۆگرافیکی لێ کەمە ئەویش یانی هەمووی درۆیە! بەڵام ئەمن دەقی نامەکەی ویم،بەجۆرەکی تربۆ پەنا بەران لە تورکی‌یە خوێندەوە نامەکەم لەلای خۆم ڕاگرت،پاش چەندساڵ ڕۆژێک پرسیارەکەم لێ دووپات کردەوە جارەکی دیکە دەقی نامەکەم بۆخوێندەوە، هاتەسەر ئەوقسە کەئەوکات لەمەڕ ئوستڕاڵیا بەپەلە قەزاوەتی کردووە، ئێسەش نەمزانی کاک فاڕوق بۆچوو بوو وێ هێندەش کەم دوێیە قەت ئەو حەوسەلەیەی نەبووبۆم وەگێڕێ کەچی پاش ماوەیەک گەڕاوەسیدنی دەگەل ناوبراو سالێک بەیەکەوە بووین گەنجێکی هەتاخواحەزکات مەتین‌و مەندو قووڵە،زۆرتر لە تەمەنی خۆی دەزانێ لەشتی ناحەزخۆی گەڕاندبووە نۆکە دەڵێن لە سەڵتورەبەنی دەرچووە ژنی هێناوە ئێستادەڵێم خۆزیا هەرئەودەم نەگەڕابایەوە ئێمەش چووباینە"کافساربۆ"چونکەلەساڵی

1999بەقەولی بەرێز کاک قادرعەبدی ڕسقم بەرەوئەیالەتی کوینزلەند

هەڵقەندرا،3ڕۆژ لەکارڤان پارکی ئەو شارە ماینەوە کەلەقەراخ

دەریاهەڵکەوتووە بەڕاستی لە هەموو شوێنێکی نیوسایویزم خۆش ترو

دڵگرترهاتەبەرچاو،باقسەیەکی خۆش لەکاک فاڕوق قادری بگێڕمەوە

دەیگوت:لەڕێکەوتی 1991/6/18کاتێک فرۆکە لە تورکیەی بەرەو

ئوستەڕالیا، وەئاسمان کەوت،چاوم بەناوپەنابەران داگێڕا: هێندێک

شیک پووش و چەمەدانی ژمارەداربەدەست ،خۆیان واهەڵخستبوو

کە دکتۆروو موهەندیسن،یان بەدوولینگی لیی سەرچۆک پینەکراو،

کاکۆڵ ئالۆزاوی ئەتواری هی پی یان دەرهێنابوو!یان سمێڵی

چەخماخیان لە خۆ سازدابوو بەلام لەهەموان سەیرو سەمەرەتر یەکێک

بەڕێز چەندزەنگوڵەی لە دەورەی سەری هالاندبوو!کەسەری دەهەژاند

زرمەی زەنگوڵەکان موسافیرەکانی لەخەو ڕادەپەڕاند ئەوکابرایە پێی

وابوو ئەوەیە مانای پێشکەوتووخوازی بەلام کاتێک فرۆکە لە سەرباندی فرۆکە خانەی سیدنی نیشت وەکەسی وەکووخۆی نەدیت،بە ئەسپایی زەنگوڵەکانی لێوەکردو تاقەتی کردن ئیدی قەت لەسەری نەهالاندوە،

کەچی لەگەڵ ئەوکابرایە ماوەیەک بوومە هاومەنزڵ لەکاف ساربووبەلام قەت بەڕووم دانەداوە.

ئەوش بگێڕمەوەکاتێک لە سیدنی نشتەجێ بووین هەمووپەنابەرەکان

هەتا ساڵێک لەگەڵ یەک گەرم بووین، پاشان بوونە هەرکەس هەر

کەس،من لەسەفەری ئۆڕوپالە1996ئەوناکۆکیەم هاتەبەرچاو تایبەت

بۆچوونی دوورلەکوردایەتی هێندێک تاقمی لەکوردستان بوو بەهۆی

تویٚ تویٚ کردنی جەماوەری کورد ئەو هێلانە گۆڕیچنە لە دەرەوەی وڵاتیش بەدەهۆی ڕژیمەداگیرکەرەکان لە ناو هەناوی کورد بە دەستی کوردبنیات نرا،جیا لە بەرەبابی سۆرانیو بادینانی!!من یەکەباری خۆم قەت بەوە ڕازی نەبووم کە دیواری ئاموو شۆ یەکدا بەدووهەرس بێنیٚ تێک بتەپێت و تێک بقرمێت بەڵام بەداخەوە قەت شاهین لەسەرتەپکەی بەختو ئیقباڵ نەنیشت لەحاجەتی ماڵیش لەوەزیاتر چاوەڕوان نەدەکرا!!

ساڵی 1997 بەڕێز کاک قادرعەبدی ئەندامی پەێشووی کۆمیتەی

ناوەندی حیزنی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران ،ڕسقی بەرەو دەرەوەی

وڵات هەڵقەندراو ساڵی 1998گەیشتە ئوستەڕالیا، من ئەگەرچی کاک

قادرم لە مێراویٚ مەڵاخەلیلی گۆڕئومەری ناوچەی سەردەشت سالی

1360ی هەتاوی دیبوو بەڵام هەلوو مەرجێکی ئەوها نەڕەخسابوو

ئامووشۆمان پێکەوەهەبێت قەت ئەوهاهەستانو دانیشتنمان نەبووبوو

ساڵی 1998سەفەرێکمان پێکەوە بۆشاری ئەدلایدی ئوستەڕالیاکرد ،

کەبەئەدلاٚیدی (ساوث)ناودەبن،و1600کیلۆمێترلەسیدنی دوورە بەشەکی

زۆرلە پەنابەرەان لەو شارە لە هاوسەنگەرانی بەڕێزکاک قادربوون ،

لەوسەفەرە دامیوانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەواربوین کە بریتی

بوون لە کاک عەوڵائیبراهیمی ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسی کاک خالید عەزیزی کاک شێرکۆ کرمانجو کاک نەجات ئەحمەد هەرواکاک هەیاسو کاک فەتاح جەلدیانیو چەند برادەری دیشمان چاو پێکەوت هەموو لایەک ڕێزووحوڕمەتێکی کوردایان گرتینو جارێکی دیکە لە ڕیکەوتی 99/11/22 هەگبەم بۆ ئەیالەتی"کوێنزلەند"هەڵگرت لەو ڕێکەوتە بە ماڵەوە گەینە شاری گاتن هەتا دووحەوتوو کەسمان نەدەناسی، بەلام برایەکی کوردستانی خوارو بەناوی حاجی ئاکرەیی بەپیرمانەوە هات،تۆزی نامۆیی لێداتەکاندین ،خواجەزای بداتەوە،هەرواکاک ئاید بەخیرهاتنی کردین،دوایش لەگەڵ کاک سابیرئاشنابوین کە مرۆڤێکی یکجارمەندوقول ولێهاتوو بوو.

بەپێویست دەزانم هێدێک بگەڕیمەوەدوایی،لەڕێکەوتی1990/8/10

لە"جانکایەی "ئانکاڕاچووینە(یوئین)ئەوکات کاک پیرۆتو کاک ئەحمەد 'ڕۆژ"باش،بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیموکڕاتی ئێران لە"ئانکاڕابوون. وەکیلی ئیمەلەئوئێن خانمەکی "کانادا"یی بوو بەناوی"تەنیس"کەپەنا بەر بەگشتی لێی ناڕازی بوون نابراو لە سەتان پەنابەر یەکی قەبوڵ نەدەکرد، دێتەوە بیرم کاتێک لە یوئێن پێیان ڕاگەیاندین کە"تەنیس" وەکیلی ئێوەیە،ڕەحمەتی کاک عەلی حەسەنیان زۆرچڕژا، ناوبراو بە دەست ئەو ڕاندۆی درابۆیە، پەروەندەکەی درابوو وەکێلەکی دیکە بەداخەوە ناوەکەم وەبیر نەماوە خەڵکی "هۆڵەند" بوو خۆی بەمەخلیسی شەهید دکتۆرقاسملوو دەزانی کاک سالح زەرزا،شی دەناسی ناوبراوگەلێک یارمەتی پەنابەرەکوردەکانی لە یوئێن دا.

من ومنداڵەکانم لە1990/9/20ی زایینی بەدەستووری پۆلیس تەقسیم کراینو دراینە شاری کۆنیا،کە شارەکی مەزەبیـیە مەرقەدی "مەولەوی "مەولاناجەلالەدینی بەلخیو شەمسی تەورێزی"لە وێیە وەزعەکی نالەبارمان بۆ هاتەپێش،چونکە ئێمەلە کاتی خۆناساندن بە "یوئێن"لە هۆدەی پەنابەرێک جێگربببووینو کەلو پەلی ماڵەکەی وین بە700دۆلاری ئامریکایی لیٚ کڕیبۆوە،ئیترناچاربووی هۆدەکە گاڵەدێنو کرێەکەش بدێن، چونکە لەودەمو دەستەدا کەسمان بۆ پەیدا نەدەبوو ئەوشتوومەکەی پیٚ بفرۆشین لە بەر بێجیٚو ڕێیی لە کۆنیا گوێزتنەوە بووزی نەدەخوارد چەند ڕۆژێک بەومەبەستە خۆمان گێزراند، قەمی خۆایە بتوانین چارەیەک وەدۆزین بەڵام پۆلیس لە سەرئەوە سووربوو بە زۆردەرمان کاتو سیپاڵەکانمان لیٚ فرێدا سیٚ سەرەی لەسەرهەڵ نەدەگرتین، ناچارڕەگەڵی کەوتین وەک بەبیرم بێت کاک فاڕوق قادری لە1990/10/13گەیبووشاری ئانکارا لە ماڵی کاک مەنسووربرای کاک مەخسوودفاروقی، لەگەل چەند پەنابەرێکی سەڵت ببوونە هاومەنزل لە کۆنیابە هەزاردەردی سەرهۆدەیەکمان دۆزیەوە، پاش قەدەرحەیامیک

پەنابەرێکمان بۆ لە ئانکاڕادیتراوە دەیگوت: مەجاهیدخەلقە،کەلوو پەلەکەی‌ناوبراوی بە500دۆلاری لێکڕین،ئەو گیروگرفتەشمان لەکۆڵ بۆوە،ڕێکەوتی 1990/10/13کاک فارۆق تەقسیم کرایەکۆنیا، شەو درەنگ وەختان لەگەڵ ئەمیرعەزیزی،کاک ئەفشین،هاتنەماڵی ئێمە، بە پێچەوانەی ئانکاڕاماڵی کۆنیامان لە کونەگورگ دەجوو،کە بریتی بوو لە هۆدەیەکی3/4،ئێمە5کەس بووین بەو3کەسە ببووینە8کەس،پاش چەندڕۆژ برایم ئاغاوکاک سەلاح بایەزیدیش درانە"کۆنیا"لەگەڵ کاک فارۆقو ئەمیرعەزیزیو کاک ئەفشین لە ژێرخانی ئەوماڵەی ئێمەلێی بووین هۆدەیەکیان بەکرێ گرت کە داروو دیواری هەمووکەڕوو برشی هەڵێنا بوو. خاوەن ماڵەکەمان ناوی بایرم تاج بوو، دەیگوت: مامۆستای قوتابخانەیە،کەچی لە گەڵ لیرەک ڕوحی دەردەچوو. هێندێک لە پەنابەرەکان دەستیان دەکارەباوەردەدا، پێی حەسابوونەوە. بەڵام ئێمە لە بەر کابرایەکی حەپەنگ کە لە گەڵمان دەخانوەک دابوو، سڵەمان دەکرد نەماندەوێرا، دەترساین ڕاپۆرتمان لێدا، پۆلیس سووسەی کرەبوو برقی ماڵەکانی چێک دەکرد، وردە وردە سەرمای زستان داهات، تورکیە بەسەرتورکە ڕەگەزپەرستەکاندابە قوڕگیرێ، خۆ لە بەر دووکەڵی ڕەژی کە پێی دەڵێن "کۆمر"کەس هەتاکات ژمێری 9ی نەیانی لە شەقامە کان،یەکتر نادینن،وەک ڕێوی قانگ دراومان لێهاتبوو.
شتومەکی خواردەمەنی هەموو ڕۆژێ چەند قات گران دەبوو، کە بە تورکی پێیاندەگوت "زام"هەتاداشقەکمان ڕەژی دەکڕی چەقی مەرگمان دەدا،بەڕاستی تورکەکان تیتاڵیان دەپەنابەران دەهالاند کە پێیان دەگوتین"یەبانجی"شتیان چەندقات گرانترپێ دەفرۆشتین ، هەتابارەکمان ڕەژی دێناوەدەبوایەسەرلەبەرجل وبەرگمان شوشتباوە لە ناو هۆدەکەش هەموو لاق و لەتەرمان ڕەش دەبوو،بیلامانێ کونە تفنکی هەمووکەس لە لوولە کورە پتربەری گرتبوو،دەست وپلمان وەها ڕەش ببوو،بە ئەسپۆن خاوێن نەدەبوو،بیانووپەڵپی قەرەقۆڵ لەولا ڕاوەستی دەبوایە هەموورۆژ دەفتەری حازرغاییمان ئیمزابکردبوایە پۆلیسی تورکیەش کە بۆ لیرەک وەزگیان دەدا،وا فیری بەرتیل وەرگرتن لە پەنابەران ببوون مەپرسە، هوموویان دەسەرەشەقۆنان گرتبووین،ڕۆژێ شەڵتاخەکیان پێدەکردین، ئەوهەی پارەی هەبوایە بۆی دەبوونەکەر، پەنابەر دوولینگانەیان بەسەردادەهێنان، ئەوهەی پارەی نەبوایەلێی دەبوونە بەرازی لموز دەێژ دەردی سەگیان پێدەکرد،بەزمو ڕەزمی تەلەفوونی بە شیشەش هەڵلایەکی دیکەی سازکردبوو، پەنابەرئەوپوڵەیان نەبوو فێرببوون بە تێلو سیم تەلەفوونیان دەگرت،پۆلیس بە مەسەلەکەی زانیبوو،وەک چاوئێشەدار لێیان دەگەڕا،زۆرجارتۆمەتیان بەئی بێ تاوانیش دەکرد،تەڕو ویشک پێکەوە دەسووتان، زۆرکەس وێی دەکەوت، ئەوەش هەجەتێک بوو بۆ تیتاڵ تێهالاندن، ڕێگەخۆشکردن بۆبەرتیل ئەستاندن، لە سەرئەوحاڵەش ڕاهەموو ڕۆژێ پەنابەرلەکوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئێران ڕابەڕێوە وەبوو ئەوهەی نەیدەزانی حیزب بەری چ دارێکە،کە دەگەییە ئەنکارا، هەوای دەرەوەی وڵات لە کەللەی دەداخۆی دەگەیاندە"جانکایە"لەبەردەرکەی "یوئین"پەنابەردەورەیان دەدا، حیزبی دیموکڕات، کۆمەڵە، دەیان لاواندەوە دەستوجێ کەیسەکیان بۆ سەر لە بەر دەنووسی ،دەیانکردە پیشمەرگە فەرماندەری لک، فەرماندەری هێز، بەشی شەهیدان، هێزی بەرگری،بەرپرسی تەشکیلات، جاری وابوو ئەندامی دەفتەری سیاسیشی دەگرتەوە!!
تلێکسیان بۆلەسەرقایم دەکرد، بەداخەوەزۆرکەسی خەراپ توانیان بەو جۆرەکەیسانە خۆ بگەیینە دەرەوەی وڵات،زۆرکەسی موستەحەقیش حەق کوژیان لەگەڵ کرا، دیپۆت کرانەوە یابەپاش داگەرانەوە ،کورد گوتەنی زۆرچەتو چاڵو خاپەرۆکو بن بێژینگ توانیان لەو پردە کە بە خوێنی هەزاران شەهید هەڵبەسترابوو بەسووکو ئاسانی بپەڕنەوە، لایەکی دیکە ساپۆرتی پەنابەران یا بڵێن ئەوەی بە ناوی پەنابەرچووبوونە هەندەران دەنا فڕیان بەسەرپەنابەرەوە نەبوو، لەو ناوەکەلکیان وەرگرت، هیتریان ساپۆرت کرد، ئی زۆربێ کەلک....چوونەدەرەوەی وڵات ،پاشان دیتمان کە دۆلارچاوی نوساندن ،کوردگوتەنی: لەسەردڕکی خۆیان شین بوونەوە!!
ئەوشمان لە بیرنەچێت پاش ماوەیەک ئیستخباڕاتی تورکیە(مێت)
دەگەڵ ئیتلاعاتی پاسدارانی ئێران پەیوەندی گرێدا، پەنابەری کورد

به پاره به ئێران فرۆشرانو دیپۆرتو ڕفاندنو کوشتنی پەنابەرەکوردەکان ترسو لەرزێکی تری خستەدڵی هەمووپەنابەرێک،ڕفاندنو شەهید کردنی کاک عەلی کاشف پوور بەرلە وەی ئێمە بگەینە شاری کۆنیا، بە دەست پۆلیسی تورک هاتەدی،وەک دەیانگیڕاوە:نوێژی شێوان چەند پۆلیس لە دەرکەی ماڵی عەلی کاشف پووردەدەن، دەچنەژوور، لەبەر چاوی ژنو منداڵەکانی دەستی ناوبراو دەبەستن،هاواروگریانی منالە کانی،وپڕکێشی خۆی دادێ نادا! دەیڕفێنن، منداڵەکانی دەستو جێ بۆ هەموو شوێنێکی پۆلیس تەلەفۆن دەکەن بەڵام وەڵام وەرناگرن، کەس بەهاواریانەوە ناچێ پاش دووڕۆژ تەرمی شەهیدکاک عەلی لە دەرەوەی شاری "کۆنیا"دەدۆزنەوە، چەند پەنابەری دیکەش هەربەم جۆرە لە شارەکانی دیکەی لە تورکیە بە دەست ئیستخباڕات شەهید کران'یوئێن"بە تەواوی لە مەوزوعەکە ئاگاداربوو!

ئەگەرهەموو شاعێرێکی سەرگۆی ئەم زەویە پانو بەرینە ئەوینەکی هەبێت، شاعێری کورد حەوداڵی دوو ئەوینە، یەک ئەوینی دەرونی ئەوی ترئەوینی میللەتەکەی، دەجا بیهەوێو نەیهەوێ چارەنووسی خۆشی لکاوە بەو دوو چارەنووسەو ناتوانێ خۆی لێ لادا، هەرچەندلە باری سیاسی چی لەباراندانەبێت هەرئەوەندە کوردەو بەس!
ئەگەرجەنابی شێخی سەعدی ئی ئەوعەسروزەمانە بوایە بێگومان دەچوومە خزمەتیو عەرزم دەکرد: قوربان دیوانی "گوڵستانو "بووستانەکەت لەخۆتو میللەتی فارس پیرۆزبیت، بەڵام ڕەجات لێدەکەم شێعری "بنی آدم اعضای یکدیگرند"م ئەوها بۆ بگۆڕە:

**بگوکرد همەجان یکدیگرند**
**زیک دودمانند و یک کشورند**
**نەرومند نەتازی نەترکو عجم**
**بدند صاحب پایتختو علم**
**تو کز ملت خویشتن بیغمی**
**"نشاید کە نامت نهند آدمی"**

ڕێکەوت 2006/6/24ی زایینی.
شاری سیدنی،ئوستەڕالیا.

**(قەرەنی زەرزا)******

ئاغامستەفاخان تەنیا کوڕێکی بە ناوی قەرەنی ئاغا هەبوو کە لەوکاتیداکە کەم کەس ئۆگر بە خویندن بوو ئەو قوتابیەکی لێوەشاوە و زرەنگ بوو بەڵام بە چەرمەسەری خوێند. ناوبراو هەموو ڕۆژێ لە نەلیوان را دەچوو شاری شنۆ، هەر بە پیادەش دەگەڕاوە، قەرەنی ئاغا هەرلە منداڵی فکرو لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەبوو کەلەگەڵ ئاغاوەتی ئەو زەمان جورنەدەهاتەوە، ئەو بۆچوونی ئەمە بوو کە مرۆڤ دەبێ لە سەرلاقی خۆی ڕاوەستێت، دەجا دژی بەرهەلێخ بوو. کە دیپلومی وەرگرت تازە پادشای ئیران سوپای دانیشی دانابوو ئەوکات سۆپا دانیش ڕێزەکی تایبەتی لە ناو جەماوەر هەبوو. وەک ئاماژەم پێکردوە ئەو سەردەم کەم کەس لەکوردستان دێپلۆمیان هەبوو. و سوپادانیش یەکێک لە ئەسلەکانی ئیسلاحات ئەرزی ساڵی 1342ی هەتاوی بوو. (شا) بو ڕێشەکیش کردنی بێسیوادی دەستووری دابەزینی گەلالەی سوپا دانیش دابوو. دەجا قەرەنی ئاغا دوایی وەرگرتنی دیپلۆم لەساڵی 1352هەتاوی ببوو بە سوپادانیش، ئەمن کەلە ساڵی 1354ی هەتاوی لە زیندان ئازادبووم ئەو سوپادانیش بوو. دوو ساڵەکەی لە یەکێک لەشارەکانی فارس

زوان تەواوکرد. نابراو لاوەکی کەم دوێ و بێ ئازار بوو بەگەنجیش شەوق و زەوقی بەزم وگەمەی نەبوو. بەڵام ئێکجار دڵپاک و ڕاستگۆبوو، فیل و تەڵکەی نەدەزانی بۆیە لە حکوومەتی (شا) هەلێنەدا لەناو خزمەکانیشی ژیانێکی تیروپڕی بۆ تەیارنەبوو. تەنیا دەرئامەدی مووچەکە بوو. یەکێک لە سیفەتەکانی ئەمەبوو وەدوای کاری چەوت وناحەز نەدەکەوت. و دوایی تەواوکردنی دەورەی سوپادانیش بۆ بە مامۆستای قوتابخانە. بەلام وەک لێیان دەگێڕاوە ئیکجار سەختگیربوو، و قوتابی بە سەرجەم گلەیی وگازەندەیان لێدەکرد. ژیانی مامۆستایان لە ڕێژیمی (شا) ئێکجار باشبوو دەکرێ بڵێین: ژیانی هەر مامۆستایەک نیمچەشایەک بوو. هۆیەکەشی ئەمە بوو پارەی ئیران ئەوکات برەوی هەبوو یانی: تومەنێکی ئێران پێنج دۆلاڕی ئامریکایی بوو! بەلام کە ڕیژیم گوڕاو ئیدی ژیانی مامۆستایان وکارگیڕانی حکوومەت سەرجەم بوو بەسفر. قەرەنی ئاغا ساڵی 1353 لەگەڵ خوشکم بەهار زەماوەندی کردبوو،خوشکم ژنێکی بێدەنگ وفەقیر بوو لەتەواوی کوێرەوەریەکانی قەرەنی ئاغا هاوبەش بوو. و چەندکوڕوکیژی هەبوو بەڵام ئەوکات کە ئەمن لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەساڵی 1369 دەرچووم منداڵەکانی سەروپێچکەبوون. و بە داخەوە خوشکم بەگەنجی عەمری خوای کرد بەرهەمی لەمنداڵەکانی نەدی گویا ئیستا هیندیک کارگیری حکوومەتن. قەرەنی ئاغا ئاگاداریەکی پتەوی لە مەڕ کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام کەیفی بە مەسەلەی سیاسی نایە. ناوبراو حەزی لە مامەلەی سەرپێی دەکرد بەڵام سەری لێدەرنەچوو بۆنموونە زێڕی لە دوکانیک دەکڕی بە یەکی دیکەی دەفرۆشتەوە ئەمە بێگومان کایە بەژیانکردنە دەجا وەک دەیانگێراوە زۆری زەرەرلێکردبوو. بەڵام ئەو بە قەناعەت عادەتی گرتبوو دەربەندی ئەمجۆرە شتانە نەبوو. ئەمن لە ئۆستڕالیا دوایی قەدەر حەیامێک ئاگاداری مردنی خوشکم بووم. چونکە پەیوەندیم لەگەڵ هیچکام لە خزمەکان نییە لە ڕاستیدا یەکێک لە سیفەتی عەشایەری هەلپەرستییە، کەسیان لە تەنگانە ناوێ، هەر دۆستی فەرعانن،بۆیە لە مێژووش دا سەربڵیند نین. مستەفاخان لە ژنێکی دیکە چەندکوڕی هەبوو بە داخەوە ناوکانیانم وەبیرنەماون بەڵام وەک بیستوومە باشیان خویندوە، گۆیا هەمووشیان تێگەیشتوو ئاقڵ و نیشتیمان پەروەرو سادق و ڕاستگۆن،ژیانیان گەلێک تەیارە.

**(هاوتەمەنانی منالێم)**

ئێمە لە گورگاوە نزیکەی 21منداڵ بووین بەو ناوانە:

1-محەممەد، خاڵند، مستەفا، کوڕانی پوورخاتوون

2-عەبدولخالەق، باقی،کوڕانی مەلامحەمەد ئەعەزەمی

3-ڕەشید، برایم، کوڕانی مام باپیر

4-کاکەخان، عەزیز، کوڕانی مام سولتان خانەبەگی

5-سمایلی ڕەحمانی حاجی بابەکری، کوڕی میرزاڕەحمان

6-ئەحمەد، ڕەحمان، کوڕانی مام کاکل

7-سمایل، مچال، کوڕانی مام ڕەحیم

8-ئەحمەد، شاهید، جاوید ،زاهید، کوڕانی میرزاشەریف حەمیدی

9-عومەر، کوڕی دەرویش خدر(پردئابادی)

10-ناسر، ئەحمەد، کوڕانی مام ڕۆستەم

**(ڕوشتی کاکم)**

کاکم دوایی مەرحووم بوونی بابم لە 1328دەستی لە خویندن هەڵگرت بەدابو نەریتی ئەو کات فێری تۆمار نوسین بوو. بە داخەوە پاش مردن باوکم قوتابخانەش دوایی هات. کاکم ئەو جار بەڕەسم و عادەتی عەشیرەیی چەند غولامی ڕاگرت. کە بریتی بوون لە:

1-هەمزە فەرەج

2-کەریم شەوێ

3-بابەکر بابۆڵی

4-عەوڵاڕەش

5-ڕسوی هەمزەجەژنی

6-کویخا عەزیز

7-محەمەدە زەلامە

جگەلە غولامەکانی بەرێ

دووکەسیش کەلە سالی 1232ی هەتاوی لەکودیتای "شا"دژی موسەدیق لە محاڵی شارویران پەڕیوەی دەشتی شنۆ ببوون، وەکوو ڕدین سپی لەلای بوون. هر دوو مروڤی دەماقولو ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان بوون، بە ناوی میرزاکەریم کەریمپور،میرزامەولوود هەردوو بەڕەچەلە لێتان بوون. لە گوندی گورگاوێ، سەمەدخان بە سەرکاسبی ڕادەگەیشت، لە گەڵدەستە سوارێک، هەموو ڕۆژێ سەرلە بەیانی سەری بەرەمەزرای گوندەکانی دەدا بەڵام گوندی گردکاشان کوێخایەکی بەناوی سمایل سێزدە لێبوو کە لە1357هەتاوی ڕۆخانی ڕیژمی "شا:" سێ کوڕی ئەو پیاوە بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات ،هەرسێ ناو بانگیان دەرکردو هەرسێ لە ڕێگای ئامانج کورد بە دەستی چڵکاو خۆرانی ئاخوندی شەهید کران. ولەگوندی شیخ وسماک کویخاکەریم بەسەرسێ دانگی بەشەملکی ئیمەڕادەگەیی کە پیاوەکی ئاقل و لەسەرەخۆ تێگەیشتوو بە ئەمەگ و جوامیرو پیاوانە بوو. بەهۆی داب و نەریت ماڵی ئێمە دایمو دەرهەم پڕ لە حەشیمەتو هاتووچوو بوو چونکە خەڵکی ئەو پێنج گوندە بۆ کارو بارو پێوستی ڕوویان تێدەکرد. جگەلە میوانداریو هاتوو چوی ئاغاکان کە هەموو خزمی یەکتر بوون خەڵکی ئاسایش دەهاتن. کە کاکم بۆ سەفەر دەچوو، ئێمە دەمانکردە بەزم و هەڵلا! لەگەڵ غولامەکان و کاردارەکان دەمانکردە فشە، پیاوە پیرەکان حیکایەتیان دەگێراوە پاڵەوانیان تێک بەردەدا زۆرباسی بابای عەیاریان دەکرد،وەرزی زستان کەچی وچان بوو،بە گۆرەوێن ڕاوە کەروێشک ڕادەبواردرا. زوربەی ئاغاکان لە وەرزی پاییزو زستان خەریکی ڕاوە تاژی بوون.

**(دووکانی دێ)**

لە هەموو گوندەکان دووکان هەبوو. گورگاوێ سێ دووکانداری بەو ناوانە هەبوون: خاڵەمامە، ڕسوو سێ جگە، محەممەد خوازێ، لە چاخی زستانان هەڕمێنیان زۆر لە سەربوو، بێجگە لە مێوژو گوێزو خورما، کە بەگوێرەی کاتی وەک شەو چەلە کەلکی لێ وەردەگیرا، شووشە چرا، شەمچە، پلیتە،کەلافو دەرزیو دەزیوو، نەوت، زۆر خرتو پرتی دیکە، هەروا ساردی بۆ لاوەکان، کە لە گەڵ نانی پۆستە دەیانخوارد کە گەنجەکان کردبویانە عادەت. ئەوکات شوشەی کانادا 5قران بوو پاشان نرخی هەتا 7قران بەرزبۆوە، لە بازاریش چوارکەبابو ساردیەک بەگیاو گۆڵەوە بایی سێتومەن بوو. کە بەفر دایدەدایە لە چۆکی دەدا، جحیلی گوند ئەو هەی دراوی هەبوایە خۆیان لە دووکانەکان داویشت. کەچی لەگوند شتی سروشتی وەک ماست، ڕۆن، پەنیر، شیر، سەرتوێ، هێلکە، بەمشەبوو، بەڵام پارەی نەدەکرد. کوتاڵو پارچە نرخی گران بوو.

**(پیاوەناسراوەکانی شنۆ)**

ئەوانەی کە ناوم وەبیرن بریتین لە:

1-حاجی حەسەن ئوشنۆیی
2-قازی محەمەد خدری
3-مەلابرایم ڕەوەندی
4-میرزاحەمەدمین فەروخی
5-میرزا ناسرئەمینی
6-سلیم سەلیمی
7-حاجی سوڵتان سوڵتانی
8-ڕەحمان گەجەنی
-9-ئەحمەدیان
10-حاجی ئەحمەدە شەلە
11-شەریف حامیدی
12-حەمەدەمین خەلیلی
13-قەرەخانی
14-سەروەری
15-ئەمینی
16-شافعی
17-ڕەحیمزادە
18-مەلاشەمسەدین
19-میرزاعارف
20-جهانگیری
21-شیرعلیزادە
22-عەوڵاسوار
23-میراحەمەدەمین شاعر"ئەمینی"
24-ئاغاموساخان زەرزا
25-مولود پورزیڕن
26-ئەسکەندەرخان زەرزا
27- مەولودی
28-ڕەحمان زەرزا
29-جەعفەر زەرزا
30-حاجی محەمەدرەحیم زادە
31-مەلاعەوڵای مەنعاوی

**(شاری شنۆ)**

ئەو کات شنۆ شارۆچکەیەکی گچکەبوو. مەرزەبانی هەڵی دەسووڕاند. پەیوەندی نێوان مەرزەبانیو ئاغاکان خاڵە هەیبە بوو. کە سواری گوێدرێژێکی سپی ئالانی دەبوو. شنۆ هێشتا کارەبای بۆ نەکێشرابوو تەنیا ڕاستە بازارەکیسەر بە قەیسەری هەبوو. کە چراتۆڕی تێداهەڵدکرا. ئاوی بۆڕیەی بۆ هەموو گەڕەکەکان نەکێشرابوو. ئاوی قەترەکانی بە ناوبانگ بوو، کەلە لێواری چەم هەڵدەقوڵی. چەم شاری شنۆی لە نێوەڕاست ڕا دووشەق کردبوو. پردەکی بە تەختەیان لە سەر سازدابوو کە هەردوو بەری دووکان بوون. ئەو سەردەم دانیشتوانی شنۆ لە بنەماڵەی کەونارای ئەو شارە بوون. هێشتا تەرەکەمەی تێ نەکەوتبوو. بەشێکی زۆر لە شاری شنۆ مڵکی ئاغا موساخانی زەرزا بوو. کورەکانی هەمزئاغاش ئەوانەی کە موچەخوور بوون دانیشتوی شنۆبوون. هێندێک ئاغای بەرەی قادریش ئەوکاتماڵیان لە شنۆ بوو. میوانخانە"مووسافرخانەی دڵگشا، کە ئی ئاغاموساخان بوو لە لێواری چەمی هەڵکەوتبوو. هەروا کاروانسەرایەکی گەورەشی پێوە بوو کە سەری دەگەیەوە بازاری ئاسینگەرو تەنەکەسازان. ئەویش ئی ئاغامووساخان بوو، ئەو پیاوە ماقولانەی کە ناوم بردن، بەشی زۆری دووکانداری شاری شنۆ بوو. کە دەهاتی واردی شنۆ بێ لە پێشەوەرا ئیدارەی دوخانیات بوو. ئەگەر بەڕێگای نەڵیوان دا هاتبوای توشی قەبرستانیک دەبووی، کەلە سەر چەقی ڕێگابوو.
بازار لە قاوەخانەی سۆفی ڕەشیدی ڕادەستی پێدەکردو کاروانسەرای فەڕوخی لە دەستی چەپ بوو. کاروانسەرای پەری کە هەنۆکە بەماڵی سەیادی دەناسرین ڕووبەڕووی کاروانسەرای فەڕوخی بوو. ئێمە کە دەچووینە شنۆ لە وێ دادەبەزین. دووکانیناڵبەندی وەستا حوسین لە بەردەم دەروازەی کاروانسەراکەی فەروخی بوو. کە بەڕێگایی گورگاوەداهاتبوایە شنۆ کە لە باخەکانی تیدەپەڕی بە دوخانیەداتیدەپەڕی.
کە دەچوویە ناو قەیسەریەکە، دەستی ڕاست دووکانی فەقێ وسوو دەهاتە بەرچاو، کارونسەراکەشی بە ماڵەکەی وەنووسابوو. ئەو جار کە بەناو بازارەکەدا دەڕۆیشتی حوجرەی میرزاحەمەدەمین فەڕوخیو چایخانەی سمایل قاوەچی، وردەفرۆشی ئەللەویردی، بەستەنی فرۆشی چیانلوو، دووکانی سەروەری، شافعی، قەرەخانی، سۆفی ڕەشیدسەلیم زادە، ڕەحیم خان حاجی مەولود پوورزێرن،دەیان دووکانی تربوو. لە ویڕا بازارەکە بە دەستی ڕاستەوە بۆلای مزگەوتی بازار، ئانیشکەی دەدایە کە هەموو خواردەمەنیو شرو شالاتی خواردەمەنی ق دانەوێڵە بوو. دووکانی بلوور فرۆشی قادر فەڕوخی کەوتبوونە ڕووبەڕووی دووکانی شیر عەلی زادەو لە تەنیشت وان دووکانی مەولودی باێزمامۆی بوو. نابراو پێاوەکی ئیکجار بەدین دڵپاک بوو هیچ فێڵ وفەندەکی نەدەزانی بۆیە لە شنۆ هەلینەدا. هەروا موغازەی ڕەحمان گەجەنی، نابراو پێاوەکی ئیکجاربەغێرت و چاونەترس بوو. کە بەرەو ئیدارەی ئەو کاتی ژاندارم هەڵدەکشای دووکانی کووتاڵ فرۆشان بوون. دووکانی جلو بەرگ دروەکانیش ڕوو بەڕووی مەرزەبانی لە ڕەخ چەم بوو. کەریم خەیات و قادرلاوە بۆ جلک درون بەناوبانگ بوون . دوو کوڕێ ڕوح سووک بەناوی مستەفا عینایەتو محەمەد خەلەوی سەودای سەرپێیان دەکرد. هەردوو یەکجار جوامێربوون، دوو کەسیش بە ناوی لەتیفو ئەحمەد حەمیدی هەواڵدەری ڕۆژنامەبوون. لە ڕیکەوتی 1335ی هەتاوی کابرایەک بەناوی حاجی کازم قارەمانپووڕ مامەلەی سووتو سەلەمی دەکرد، خەلکی لادێو شاری هەموو ڕوتاندبۆوە. ناوبراو تریاکی دەکێشا، ژنێکی گەنجی بەناوی جەمیلە هێنابوو کە تورکی شاڕی ڕزائیە(ورمێ)بوو . هەرئەو کابرایە بە پارەی سووت وسەلەم کوڕەکانی دەبەرخوێندن نان، کورەگچەکەکی پێم وابوو ناوی قادر بوو لە "بانک" پلەی یکجار بەرزبۆوە. بە پێویست دەزانم لەو هەلە ڕەخساوە دا ئامارژەیەک بە هاڤالانی سەردەمی مندالێم بکەم کە لە گوندی گورگاوێ سەر بە قەزای شنۆ، وێگڕا گەورە بوین،کە هێندێک بیرەوەری هاو بەشمان پێکەوە هەیە. بەلام بە داخەوە زۆریان مالاوایان لێکردووین یادیان بەخێر. هەروا بە چاوی تیژی منالی لە گوڕگاوە،ڕامێنم:

گورگاوه کەوتۆتە داوێنی شاری شنۆو لە لێواری ڕووباری چەم هەڵکەوتووە، شاری شنۆ، لە باوەشی چیاکانی ڕۆژئاوا وەکوو کۆرپەیەکی خونجیلانە لە ئامێزی دایکی دا دێتە بەرچاو.
ئەو چاخ چەم هەرحیلەی دەهاتو لە دۆڵ ودەرەو کەژو کێوەکانی پشت شنۆ لووزەوی دەبەستو بەگوڕ بەفری نواڵەو لەندو زەردوو ماهوو قیتەک وترۆپی لە لەشی بەندەن هەڵدەقەندو ڕادەماڵی وە بەرەخۆیدەدا،ودەیهیناخوار. چەم لەکاتی بەرەبەیانو چاخی شۆڕبوونەوەی ئاتەگی ڕەشماڵی ئاماڵ تاڕیکانی ڕۆژئاوا وەک شێت کەفی هەڵدەدا ڕەنگی شلوێ دەبوو وەسەرقەراخ قوجاخان دەکەوت. ئەو سەردەم سروشت نوقسانی تێنەکەوتبوو وەرزی بەهارکە باران دایەدایە بەگاڵەو شریخەی هەوران ڕەنوو دەپسانو لە ناو کەماوو کوڕادەو پانکو زوزانانددا کوارگ هەڵدەتۆقین. کە ڕووبار هەڵدەستا ئاو سینگی شاری دەقەڵشاند. جاروەبووگاووگۆڵو ماڵاتی لە ئاوایەکانی خوارو ڕەپێچەک دەداو هەڵیدەگرتودەیفڕاند. هێندیک کەڕەت دووکانی دەلێواری پردی ناو شاریشنۆی دەکردە زێدەپاروو ڕایدەدا خوار.
ناوچەی شنۆ 64ی گوندی هەبووکە 25 ئی ئاغاکانی زەرزا بوون جگەلە18گوندی دشتەبێڵ. گورگاوێ یەکیک لەوگوندانەبوو. سەردەمی شەڕی دونیاگری یەکەم 1914ی زایینی باپیرم (فەیزوللەخان) کە بە (ڕەشیدوسوڵتان) دەناسرا دانیشتووی گوندی (بیژاوێ)بووە بەڵام دواییکۆچی وی، ماڵمانهاتبوو گورگاوە. ئەو وەخت لەسەر جەمی ناوچەی شنۆو مەڵبەندی"لاجان"چەندگوند باخ وڕەز ومێشەیان لێ چەقاندرابووەوە. گورگاوە یەکێک ئەلەو گوندە بەدارو بارانەبوە، زیدە لە20هێکتار باخی میوەو مێشەی داری قەڵەمە شەنگە بی و دارە پەڵکو سپیداربوو. ڕەحمەتی کاکم بەتفەنگی دوولول ڕاوی لێدەکرد ئەمن قوشقەوانیم بۆدەکرد، شولاقەو پێ بەقونەشی لێدەدیترا، ژاوە ژاوی بۆقانیش لەولاڕاوەستێ. تاتی نوێژ لەبن سێبەری شەنگەبییەک دابوو بەڵام چونکە دوورە دەست بوو خەڵکی کەم دەهاتەسەر. مەگین ئەوهەی ڕێی کەوتبوایە ناوباخ. بابم،حەزی لە ڕەزو باخ دەکرد دەنا چاوی لەبەرهەم و داهاتی نەبوو. هەربەلاش بە سەر دانیشتوانی ئاوایەکەیدا داروبەش دەکرد هەرچەند باخەوانیشی بۆ ڕادەگرت. هەتاکوو مابوو لە سەرئەو بڕیارە موکوڕ بوو. خەڵکی گوند لە ئاوی کانی کەلکیان وەردەگرت، کانیەکە لە ئاخری مێشە لە قەراخ قۆپی هەکەوتبوو. ئاوەکی یەکجارڕوونو ژاوەڕۆی هەبوو.
هەر چەند هیندێک ماڵ بیریان لێدابوو. کچەگەل گۆزەو جەڕە بەشان سبحەینان و ئێواران وەکوو قازو قورینگ بەرەوکانی قەتارەیان دەبەست قاڕەقاڕی قەڵەڕەشان لە سەرچڵووکو لکو پۆپی داران مەگین خودا بزانێت! هێندێک جار (کەڵک) بەڕەو لێواری چەم لە ڕەخ سێبەری داران هەڵدەنیشتنو لەڕوبارخەریکی ماسی گرتن دەبوون. زۆرجار ئێمە منداڵی ئاوایی لە کنگوڵە باخان لە گۆشتی قاژوە ڕەشە چێشتمان لێدەنا. لە چیمەنی ئاشتالب پێکەوە یاریمان دەکرد. گوندەکانی لێواری ڕووبارلە دێ یەکانی دیکە فێنک تربوون. ئەو وەخت خەڵکی دێ وەرزی هاوینان لە سەربان دەنوستن. لە سەرە بەهاردا چەم هەڵدەستا هیندێک جار لێمشتی ڕەگەڵ دەکەوت بواری نەدەدا. لە تەنگەبەرایی ڕووکاری دێ پردیان لێ سازدەدا. بۆچوونە سەرکانی دەبوایە بەناو باخی قەیسی یاندا خوارە پێچەیان دابوایە کانیەکە بۆ تۆلازوو دەم ڕووت مەکۆی جێ ژوان بوو. لەناو باخ کاسبی وەرزی لێ دەچاندرا وەکوو گێزەر، توور، کەلەمو تەڕە، پارچەیەکیش دەکرا بێستان. خەڵکیدێ لە شوولکی تەڕی دارە بییەکان سەوەتە، قەرتاڵە ساقۆڕ، سەلە، پشتە ڕفێدەیان دورست دەکرد. مام جەبار باشی سەرلێدەردەچوو. ناوبراو دووکیژی هەبوو یەکیان هەرجلو بەرگی پیاوانی لەبەردەکرد ناوی گەوهەربوو، کوڕەکەشی ناوی عەولا بوو زۆرگرانوسەنگینو بەویقاربوو. کاک عەولا لەمێژساڵە ماڵی بردۆتە شنۆ لەوێ دەژی، دونیا ئەوکات بێ خەم بوو، ئەوەندە لە مرۆڤ زل نەببووە. خەڵک لێکتریان دەچاو نەدەکرد. لە ماڵەکان چۆڵە چراو چرای بەگەرچەک هەڵدەکرا. پاشان ئی بەپڵیتەوگردسۆزی هاتێ. بە درەنگەوە چراتۆڕ دەرکەوت کە تۆڕێکی ئاورشمی پێوە هەڵداوەسرا، چۆڕێک ئاڵکۆڵی لەبن دەکرا، بە شەمچە ویدەخرا بە ناسووس شەبەقی دەکەوتە ناو خەڵوسی تۆڕەکە دەبوو بەگروپ.

ئەوکات وڵات بەشی زۆری بۆرەو بەیارو جاڕو چیمەنو چڕگەن بوو. مەزرای گورگاوە زۆری بەتاڵ بوو کرابوو بەگاڕان لەوەڕێن جێ هەوێزجێ جۆخین. فەلاح هەربەشی‌نانو تۆی دغڵ دەجاند. زوربەی چێندراو ڕەپستە بوون. کەروێشک کە قاندڕی شیناوردە تێیدا دەکەوت. هەمووئاغاکان خۆلیای ڕاوەتاژی بوون، پاییزو زستان وەرزی ڕاو بوو.
براکانی ڕەحمەتیم کەیفیان بە ڕاوە تاژی دەهات. ئەمنیش لە 1335ئەسبم بۆکڕدرا، زورم بیرەوەری ئەوچاخان لە لاماوە ئەگەر ئەنجەل مۆڵەت بدا یادی هەموو ئەوکەسانە دەکەم کە پێکەوە بوین. ئەو سەردەم هەمووماڵەکانی گوند بۆ مریشکان لیس یان چادەکرد، چونکەڕێوی زۆربوو. لە زستانان داگورگ بە ڕەوە دەگەڕان. لە هاویناندا لەوگوندانەی کە گەنمە شامی یان چەڵتوکیان لێ دەچاندرا بەراز تایبەت بڕەک هەر بە زەقە زەقی چاوان کەڵەگاییان دەکرد. سەردەمی حکوومەتی "شا"بوو کەچە تێغەڵەیەک بۆ شڵتاخی عەجەمان بەس بوو. جۆتیار دەستە بەرێکی نەبوو کە خۆی پێ دڵنیا بکاتو پێی پشت ئەستوور بێت. کە ئاخۆ چەند ساڵ لە گوند دەمێنیتەوە، هەرچەند زۆر وەرزێر پشتاو پشتیان لە گوندێک برابۆوە.

**(مەلاکەریمی گورگاوێ)**

گورگاوە دوو مەلاشی لێ بوو. یەکیان مەلاکەریمەگورگە بووکە لەکۆنەوەماڵی لە وێ بوو. یکجارقسە خۆشو دەم بەپێکەنین بوو. ناوبراو تاکە کوڕیکی هوبوو بەناوی حەمەدەمین، کە وەک لاساکردنەوە ڕێووشوێنی باوکی گرتەبەر، دوایی هێندێک عارەبی خویندن شۆڕەی دەبەرکرد. بەڵام بە پێچەوانەی باوکی کەیفی بە دەمە تەقە دەهات. سەری لە زۆرشت دەخورا ساڵی 1336 کە ساواک ڕاوی لە ئەندامو لایەنگرانی حیزبی دیموکڕات دابەشیبوو خەڵکەکی زۆر بەشەو گیرانو ڕفاندران کە میرزا مەولودو میزاکەریمی ڕەحمەتی کەوتنە بەر. مەجیدخانی گورگاوێو کوڕی مستەفاخانی خوێریاوێ ڕەگەڵ کەوتبوون.
ئەوکات تیمسار"وەرهرام"هەمووکارەبوو،ئەوانی کردە سەرباز. مەلاحەمەدەمین لەو گرتوانەبوو. هەروا هەمزە فەرەج نەڵیوان دەگەڵ ئەکاروانەکەوت. خەڵکەکی زۆربێ سەرو شوێن بوون پاشان لە ساواکی"شا" دۆزرانەوە.
مەلاکەریم حەزی لە شێعردەکرد، زۆر بە تامو خوێ چاویلکەکانی لە قوتی دەردەهێناولە چاوی دەکرد بە دەنگێکی نزمو دڵچەسب دەیخویندەوە. لە پارچەشێعرێکدا بەناوی"سەماوەر"چەند بەیتەکەم پچڕپچڕلە مێشکدا ماوە نازانم هی خوی بوو یان ئی شاعێرێکی دیکە:

**سەحەرگاهان کە وا ئاخان دەکێشی**
**دوعای مەقبوڵە مەجمە دێتە پێشی**
**دەبێ سێ بوور بێ تاچای دێم دەکێشی**
**ڕئیسی گەورە گەورانە سەماوەر**
**لە هەرمجلیس کە بێ تەشریفی حازر**
**بە دائیم شاو سوڵتانە سەماوەر**
**وەتاغێکی دەوێ پڕفەڕشو ئەسباب**
**موهەیا جامی زەنگی بادەیی ناب**
**لە بۆعیشڕەت جەمع بن دۆستو ئەحباب**
**نەیاری مەردی بێ نانە سەماوەر**
**بە ڕەنگ یاقوەتە قووەتە چای**
**لە لای حەق یا غەزەب یا ڕەحمەتە چای**
**لە بۆ پیاوی فەقیر زۆر زەحمەتە چای**

**لە بۆ وی خانەوێرانە سەماوەر**
**بە زاهیر زینەتە باتین وەک ئیبلیس**
**ئەوەی زۆرمووخلیسە دەیکاتە موفلیس**
**بە مەکرو فێڵو ئەفسانە سەماوەر**
**لە هەرمجلس کەبێ تەشریفی حازر**
**بە دائیم شاوسوڵتانە سەماوەر.**

مەلایەکەی دیکە، مەلامحەممەد ئەعزەمی بوو، سێ کوڕی هەبون کە ئەمن هەرناوی عەبدولخالقو باقیم وەبیرماوەکەلە"گورگاوە پێکەوە قوتابی بووین، مەلامحمەد ئەعزەمی پیاوێکی زانا لەشەرع بوو سەردەمێک سوختەی راگرتبوون و دەرسی دەگوتەوە. دوایی مەرحووم بوونی بابم لە1328ی هەتاوی پرسەو سەرەخۆشی، کاکی رەحمەتیم کە ئەوکات هەرتۆلازێکی 17سالانە دەبوو بەسەر سەروەتو سامانێکی زۆرداکەوتبوو، بەدابو نەریتی ئەوکات کە بەهاران کۆچوکۆچباری گوندییەکان دەستی پێدەکردچەند وەرزێرێکی جوابکرد کە دوو ماڵ جێگەی داخو پەرۆش بوون یەک ماڵی ئاودەڵو ئەوی دیکە مەحمودی سەیدی!

ئەوکەسانەی کەلە خوارەوە ناویان دێنم، یان لەگەڵ مندالەکانیان هاوتەمەن بووم یان بەگوێرەی ئەو چاخ کاربەدەستی ماڵی ئاغا بوون:

1-مام عەولاڕەشیدبەگو دوو برای بەناوی شەریفو حەمەدەمین بوو.مام عەولا جووت بەندەبوو بەڵام لەکۆلانە تەرخان کرابوو هەتا براتیشیدەدرایە.

2-مام باپیر، دووکوڕی هەبوون بەناوی ڕەشیدو برایم کە برایمیان بەگەنجی توشی نەخۆشی کەڕی بوو، ئێستاش هەرلەگوندی گردکاشان دادەژی، بەڵام ڕەشید دوایی زەماوەند ماڵی بردە شاری شنۆ، لە لای محەمەد سەیادی ماوە، ناوی وی کەوتەسەر(بوو بە ڕەشید سەیادی)پاشان لەگەڵ مووشیری دووکانی کردەوە.

3-مام یونس مهاجر،یەکێک لەکەسانە بوو کەلە شەڕەکانی ""سمکو""و سەید"تەها" بەشداری کردبوو، مهاجریمالی سەید تەها بوو، سێکوری بەناوی: خورشید، سمایل، مەلاعەزیز هەبوو. لە ساڵی 1338ی هەتاوی ماڵی هاتەگردکاشان. لەگەڵشەهید سمایل بیست ساڵ لە هەموو گەڕانوسووڕانو چەرمەسەری پێکەوەبوین. ناوبراو مرۆڤێکی بەجەرگ و زیخو دەستکەرەوەو چاونەترسو کوردێکی دڵ پاکو قانعو نشتیمان پەروەر بوو، ساڵی 1361ی هەتاوی کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو لە گوندی (حلّبی کۆیک) گوللەنارنجۆکی لە دەست داتۆقی شەهید بوو.

ناوبراو تاکە کوڕێکی بە ناویڕەشید هەیە ئەویش هەتا ئەو جیگایە ئەو چاخ ئاگاداربووم کوردێکی بێغەڵو غەشبوو زۆرئاگاداری دۆخی کۆمەلایەتیوسیاسی بوو. ئەو بۆچونەی من پەیوەندی بە1369ی هەتاوی هەیە ئیدی نازانم ئاخۆ لە سەرئەو بڕیارو هەڵویستی نیشتمان پەروەریە ماوە یاکوو گۆڕانکاری بە سەر مێشکی داهاتوە.

4-مام ڕۆستەم کەبە ڕۆستەمە قەڵیەیان ناودەبرد، ئێستە بە سەفەری ناویان لێهەڵدەدەن، پیاوێکی بە وەجو بەکەڕامەت چاوو نەترس بوو. ماڵیان چوو گوندی "دووڕبە" ئەوکات دووکوری بە ناوی ناسرو ئەحمەد، هەبوو. هەر دووکیان بەدەمارو بەغیرەتو نیشتمان پەروەر بوون. ناسرلە1343ی هەتاوی لەگەڵ منو هاڤاڵان بە دەهۆی"چیچۆو ئەحمە بەگ نیعمەتی کە ئەوکات هەردووکیان جاشی "شا" بوون کەوتە زیندانو سێ ساڵ حەپسی لە دادگای نیزامی ورمێ بەسەردا سەپاندرا. زۆرمان بیرەوەری پێکەوە هەیە. خواو ڕاستان لەکتێبێکی سەربەخۆدا باسیان لێوە دەکەم.

5-مام کاکل پیاوێکی باش بوو جگە لە فەلاحی دەستی وەستای دیواری هەبوو، کەبە حەڕی مۆرەیان لێدەدا. ناوبراو دووکوڕی بە ناوی ئەحمەدو ڕەحمان هەبوون. بەدرەنگەوە ماڵی بردە نەڵیوان ئێستەکوڕەکانی ژیانیان زۆرتەیارە خاوەنی باخو باغچەو گاوگۆلن، هەردوو دڵسۆزی کوردن.

6-پوورخاتوون سێ کوڕی هەبوون بەم ناوانە: محەمەد بەگەنجیئەمری خوای کرد، بەڵام مستەفاو خاڵند بوون بەوەستای خانووبەرە، هەردوولەلای خەڵک ڕێزوو قەدرو حوڕمەتیان هەیە.
7-ڕەحمان حاجی بابەکر، کە پاشان ماڵی بردەشاری شنۆ، ناوبراو لە بازاری حەیوانان لەگەڵ کاک قادری مینەخنکاوی ومام خدرکە خزمایەتیان پیکەوەهەبوو دەشوغڵی. سمایلی کوڕی میرزاڕەحمان هاوتەمەنی من بوو کەبوو بە مامۆستای قوتابخانە پاشان زەماوەندی کرد چەند کوڕوکیژی زۆرباش‌و بەکەڕامەت‌و بە وەجی لێ کەوتەوە، لەگەڵ کاک سمایل پێکەوەیەکجار ڕەفیق بووین ئێستاش قسە خۆشەکان و قەڵافەتەکەی لەبەر چاومە! کە بە سمایل قادری دەناسرێت.
8-میرزاشەریف حەمیدی چوارکوڕی هەبوون. کاک ئەحمەد هاوتەمەنی کاکم بوو. بەڵام جاوید، شاهید، زاهید، هاوتەمەنی من بوون. ناوبراوماڵی چوو شنۆ لە وێ هەڵیدا. میرزاشەریف هەتا لە "گورگاوە "بوو نازرخەرجی هەمووگوندەکانئێمەبوو. لە شاریشنۆ لەگەڵ ڕەحمەتی میرزاحەمەدەمین خەلیلی دووکانی کوتاڵ فرۆشی کردەوە. کاک ئەحمەد حەمیدی هەتا باوکی مابوو لەگەڵ لەتیف ڕوداوی ناوچە یان بۆڕۆژنامەی کۆ دەکردەوەو سەردەمێک ئەندامی حیزبی ڕستاخیزەکەی"شا"بوو. پاشان لە دووکان دادەنیشت. بەڵام براکانی باشیان خویند پلەیان بەرزبۆوە. لە سەر ئەوەشرا لە شۆڕشی 1357ی هەتاوی‌و ڕاپەڕینی گەلیکورد چ نەخشیانلێ دیاری نەدا. ئەمن دووکەڕەت لە دووکانەکەی کاک ئەحمەدم دواند، هەرچەند سەری پرێسکەم لەگەڵ نەکردەوە بەڵام بەو قەناعەتە گەیشتم بەهۆی هێندێک ئەزموون خۆیان تێکەڵیئەو بێنەو بەرە نەکرد. ئەمما دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم کە ئەو بنەماڵە جگە لەوە کە زەڕەریان بۆ کەس نییە، نیشتمان پەروەروو کورد پەروەرن.
9-دەروێش خدر وەرزێرێکی قۆچاغ بوو چەندکوڕی هەبوون، ئەمن لەگەڵ عومەرناسراو، بە"پرد ئابادی"هاوتەمەن یان تۆزیک بە تەمنتر بووم. ناوبراو دڵسۆزی گەلە بەشخوراوەکیبوو. لە ئاکامدا بوو بەیاریدەری دوکتۆر، زوو بوو بە خۆشەویستی خەڵک. لە1363ی هەتاوی ڕێژمی ئاخوندی تێی هەڵکێڵا ماوەیەک چوو ناو حیزبی دێموکرات پاشانگەڕاوە، بەلام حکومەت لێی دەچاوکرت، ئیدی جێگای خۆی نەگرتەوە. بە داخەوە لە ئوسترالیا ئاگادار بووم کە لە 1382ی هەتاوی مالاوایی لێکردوین.
10-کاکعەبدولکەریم لە ناوچەیشارویران پەڕیوەیشنۆ ببوو لەگورگاوگیرسابۆوە. مرۆڤێکی ئاقڵ‌و بەدڵ‌و دەرون بوو، کەیفی بە پیاوەتیدەهات ساڵی 1359ی هەتاوی ڕەگەڵ حیزب کەوتو لە گوندی بابکرئاوێ ناوچەی سەرشاخان بوو. کوڕەکی بەوەجی کە پێشمەرگەی حیزب بوو لە1361ی هەتاوی بەدەست چڵکاو خۆرانی ئاخوندی شەهیدکراو خوێنی ڕەنگینی تێکەڵ بەکاروانی شەهیدانی کوردستان بوو. ناوبراو ماوەیەک لە بنکەی حیزبی لە گوندی لک بن بوو، پێکەو لە سەرشاخان هاتووچۆمان هەبوو. یەکجار بە ئاقڵ وتێگەیشتوو بە وەفاو بە ئەمەگ بوو یادی لە خۆبردوویی‌و پیاوەتیویم هەرلە بەرچاوە.
11-سمایل سێزدەکوێخای گردکاشان لە1328هەتا1344و1359 ناوبراو سێ کوڕی بەوناوانە هەبوون1 محەمەد2 خالید3 عەولا. هەرسێ قارەمان بوون،هەر سێ لە1357ڕەگەڵ حیزبی دێمکرات کەوتن بوون بە پێشمەرگە، لەشەڕەکاندا حەماسەیان خوڵقاند. محەمەد لەگەمارۆی پادگانی گردکشانە لە1357شەهیدبوو. خالیدپاش دەیان عەمەلیات لە1367هەتاوی لە دادگایتەواو فەرمایشی ئاخوندی لە تەورێز حوکمی ئیعدامی بە سەردا سەپاندرا گولەبارانکرا! عەولا کە لەشڕیکدا بریندار ببوو
هێشتا برینەکەی ساڕێژ نەببوو لەهێرشی پاسدارو بەکرێگیراوان‌و تاقمەی ڕحمان کەریمی لە1360ی هەتاوی لەگوندی نەڵۆس سەر وەقەزای شنۆ گەمارۆدرا لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکەی بریندار بەدست بە کرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی شەهیدکران.
فەرامەرز کە محالێ بوو دووکوڕی هەبوو کە هەرناوی مستەفام وەبیرە کەدوایی مالی بردەسەرگیز، هەمزە فەرج لە ساڵی1335ماڵیهاتەگورگاوێ. ژنێکی پیری هێنا کە خاون

سامانەکی زۆرو، ڕەوەیەک ڕەشە وڵاخ بوو. بەڵام شیرەژنو بەکەڕامەت ڕووخۆشو میوانگر، ئەو هەمزەی کردە پیاوی ناوپیاوان. دوایی دوو ژنی بۆ هێنا. یەکیان کیژی میزاجلیلی بەگزادە(شاعیری نەناسراو) بوو ئەوی دیکە"ئاجەری"کچی برایم جۆلا بوو. کاک هەمزە وەکوو باوکی ڕنگ پیاوانەو چاونەترسو قسەڕەق بوو. وەبیرم دێ سەردەمی دەسەڵاتی ئاغاوەت بوو. ئەمن زۆرم هەڵتۆز هەڵتۆز دەکرد. کاک هەمزە هێندێک بە مۆڕە تێمراما و پاشان گەڕاوە گوتی: ئەرێ بۆ لە خۆت ناگەڕێی! باپێت بڵێم: کەس نازانی لەکوێ دەمری! ئەلحان دەڵێم: ئەو قسەیەی دەبێت بە ئاوی زێڕ بنووسم! گورگاوە" ئەو کات قەوغاو قەرەباڵغ نەبوو. ماڵەکان بە خزمایەتی سەروو قوونی یەک بوون. مەسەلەن ماڵی محەمەد دولبەر برایم جۆلا وهەرواماڵی حوسین شریاڵی کە ئەحەمەدیان ئیکجاردەم بەپێکەین وخوین گەرم وپیاوانە بوو بەشی زۆر لە بەرەمەزراکانی قۆڕخو پاوان چرگەن بوو. لە سەردەمی ئاغاوەت زۆرکەڕەت ئاغاکان بەهۆی پەڕاندنی تاڵخ لەگەڵ یەک تووشی کێشەو هەلاو بگر دەبوون گورەی لێ سازدە بوو شەڕ هەڵایساندنو فیتنە نانەوەش هەبوو. وە دەبوو ناکۆکیەکە بگاتەشەڕو هەڵکوتانە سەریەکو شەڕە خوترەو پێمەڕەو گۆپاڵو پەیاخ و زۆخاڵی لێ بکەوێتەوە. ساڵی 1330ی هەتاوی لە سەرپەڵە زەویەک کە دەکەوتەبەر ئاڵیاوەجۆ، لەگەڵ ماڵی خالم قەرەنی ئاغاکە ئەو کات فەیروزخان لە دێی نەڵیوان بوو ناکۆکیمانکەوتە ناو. ئەو هەمزە فەرەجو مستۆحامیدو همزەگولی و حوسین بالوو،ئەحمەد زەمکەی لەلابوو. ئێمە هومووگوندکانن لێ دەنگدان . لەو شەڕەداچەند کەس سەرو گوێلاکیان شکا. خەڵکی نەڵیوانی چاکیان دەست کردەوە. ئەوکات ئەمن منداڵ بووم.
فەیروزخان پیاوێکی بەدەمارو بەزاکون بوو. پەکی بەعەجەمان نەکەوتبو دووسێ کەڕەت لە شاری شنۆ لەگەڵ زابوتی مەرزەبانی(کەکەڵ بەموو بەند) بوو دەست بەیەخە ببوو. جارێک جەعفەرئاغای قون قەلا، کەلەلای ڕێژیم ڕێزی زۆربوو شکایەتی لەدوو کەس کردبوو پیاوی جەعفەر ئاغالەگەڵ ژاندارم هاتبوونە، نەڵیوان دەیانەویست ماڵان بپشکننەوە، فەیروز خان خەڵکی گوندی نەڵیوانی لێ دەنگدان، زۆریان لە ژاندارمو پیاوی جەعفەرئاغای هەڵداو ئاوو ئاو چوو!
گوندی گورگاوە دووخاوەن ملکی دیکەشی لێ بوو. بەهەردووکیان نیو دانگ ملکیان هەبوو. یەکیان بەناوی عەباس ئاغا دوو ژنی هەبوو. قادری کوڕێشی کوردگوتەنی: سێحەبی چوارچاوان بوو. برازاکەشی ناوی سمایل بوو. کاک قادر بە هۆی ئەوەی ژنی سێهەمی کیژی ڕەزا پاشاخان بووناوی زەرزا ی کەوتە سەر. دەناشۆرەتی فەتحی بوو. ناوبراو پیاوێکی بەغیرەتو دەست وەکەربوو. ساڵی1344یهەتاوی لە گوندی"بایرەم بوغەی ناوچەی سڵدوز بە دەهۆی چلکاوخۆران ڕێژیمی"شا"لە ماڵێکدا کەوتە گەمارۆی ژاندارمەری نەغەدەو پاش شەڕێکی قورسو کوشتنی دووژاندارم لەگەڵ هێدایەت شەهید کران. عەباس ئاغا لە بنەماڵەیەکی خێڵاتی کوردستانی باشوورو لە عەشیرەتی سوورچی بوو. دوایی پەیمانی "لۆزانی"1923ی زایینی پەرێوەی کوردستانی ڕۆژهەلات ببوو. کەلەشەڕی "چاڵدڕان"ی 1514ی زایینی بەئێران لکاندراوە. عەباس ئاغا مرۆڤێکی دەستو دڵ هاوەلاو سەخی تەبع بەڵام تووڕە تەبیات بوو. قسەی کەسی نەدەسەلماند.
پیاو حەق بڵێت: ژاندارم نەیاندهێشت هەدا بداو بحەسێتەوە هەرجارێ شڵتاخەکیان پێدەکردو تیتاڵێکیان بۆ هەڵدەبست، سەروبنی مانگ ڕەپێچەکی بەندیخانەیان دەدا. وای بەفیتی خۆ دەزانی هەر کەژاندارم یان سەرباز ڕویان لەدێ کردبوایە ئەو بێ سێو دوو بوخچەی سەفەری کە بریتی لە پەتوو، پەلەمێزو قاپ وکەچک بوو بەسەرشانی دادەدا وڕێدەکەوت! گوتبات بۆکوێ؟ دەیگوت بۆ زیندان!
شەرێک ملکەکەی دیکەمانناوی محەمەد پاشاخان بوو. پیاوێکی یەک جار مەندو قوڵو هێونو لە سەرەخۆو ئاقڵو هوشیاربوو. خوێندەواریشی بۆ ئەو سەردەم باش بوو. بەڵام چونکە دەستی نەدەڕۆیی ڕێزی لێ نەگیرا کە حەفدە ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی ڕۆژهەلات وەدەرکەوتم ڕۆژێک بە هەڵکەوت چاوم پێکەوت زۆر بەگوردو لە سەرلاق بوو. ئێستا لێی بێخەبەرم ئەگەرمابێت تەمەنی لە سەت ساڵ تێپەریووە. ناوبراو حەزیلە ڕاوە هەوێردە دەکرد. وەرزی پاییزو زستان دەچوو ڕاوە. دێوجامەیەکی پێ بوو وێنەی هەموو مەلو باڵندەیەکی لە سەربوو.

گورگاوێ کانیەکی لە ژووروی مێشە هەبووکە ئاوەکەی بەچلەی هاوین ددانی دەتەزاند. دەوروپشتی تەژی لەکووزەلە بوو. کە هەرچوار وەرزی ساڵ بۆخواردن لەگەڵ چێشت بەتایبەت شۆرباو فڕوج کەلکی لێ وەردەگێرا. کچەگەل ئێواران‌و بەیانان‌گۆزە لە شان بە نارە نار بەرەو ئەوکانیە هەڵدەکشان. بەڵام لە بەهاردا کە ڕووبار هەڵدستا، چەم هەرحیلەی دەهات دەبوایە لە پرد پەڕیبانەوەو بە ناو باخی قەیسی‌یاندا خوارە پێچەیان دابوایە. جارجار منو هاڤاڵانم کە ئەوکات بەپێی دابو نەریت نوێژمان پێ ڕوانکرابوو، لە سەرئەو تاتە نوێژمان دەکرد. لە ڕاستی دا هەربۆ گەمەبوو.

ئەو سەردەم جگەلە ئاوی‌کانی هێندێک ماڵ بیریان لێدەدا. بەستڵ ئاویان لێ هەڵدێنجا. گوریس یان کەندرەکیان لە لاسکی ستڵەکە قایم دەکرد، ڕەهۆڵیان دەکردە خوارەوە، بە هێزی‌دەستو باهۆ هەڵیان دەکێشاوە.

پاشان چەرخەکیان بۆ دورست کردبوو کەندڕەکەیان لێدەهالاندو بە دەسکەکەی هەڵیاندەسووڕاند، ئەو سانایێ تربوو. ماڵی هەباس ئاغای‌ئەو سێ بەگایەیان هەبوو. لە ناو مێشەی قەڵەمەو سپیندارو گیاو زەمەنددا جۆرەگیایەکی لێبوو وەک گیاندار پێی وەدەدا. پێیان‌دەگوت گەس گەسک" بەگەزگەزک"دەستمان دەژان دەچوو. چەند لکو پۆپی دارەکان هەبوو ئەوەندەش هێلانەی قەلە ڕەشەی لێسازدرا بوو. مێشەکە ڕووبەری دەهێکتاربوو، بگرە بە ملوین قەل‌و فەرخە قاژووی لێ نیشتبوون. ڕۆژێ بە سەدان بێچوەقاژوو کە دەهات باڵ بگرن لە هێلانە بەردەبوونەوە. هێندێک هەربەسوورەساقە لە هێلانە دەکەوتنەخوار. خەڵک دەچوون دەیانهینانەوە. بومجۆرە خەڵکی ئاوایی ڕۆژێ دوو ژەمگۆشتیان هەبوو. نەختێک چڕبوو دەنا بەتام بوو.

باخەوانەکەمان ناوی مام سوڵتان بوو، بەگورگە دەناسرا چونکە جارێک لە وەرزی زستان گورگ تێی ڕۆهاتبوو ئەویش پشتبێندەکەی لە دەستی هالاندبوو هەڵەپەستی زاری گورگی کردبوو خندکاندبووی. ئەو ناوەی کەوتبووسەر، جگە لە وەش ئەوانەی ماڵیان لەگورگاەو بوو بەهۆی‌هەڵەی سجیل نووس ناوی دێیەکەیان بە شورەتەکەیان لکاندراوە بۆتە پاشکۆ.

مام سوڵتان ئامۆزای بابم بوو. بەڵام چونکە دەستی نەدەڕۆی‌و ملکی نامابوو لە ئاغایەتی کەوتبوو. ببوو بە باخەوان‌و پوورئایشە ببوو بەنانکەر. مام سوڵتان دوو کوڕو کێژەکی هەبوو. کوڕە گەورەکەی (کاکەخان) پاش ئەوەی پیرۆزیان بۆ گوێزتەوە جوانەمەرگ بوو. ماجەهانیش هەر بە کیژی مرد. ئازیزبوو بە تاقانە. وەک دەگێڕنەوە بابم گەلێک خزم دۆست بووە. کاتیک بنەماڵەی خانەبەگی لە ئاغایەتی دەکەون نیو دانگی‌گوندی "نەرزیوەیان" دەداتێ بەومەرجە حەقی فرۆشتنیان نەبێت. دوایی‌مردنی بابم،کەریم خان، قادرخان، مام سوڵتان لەگەڵ کاکم مەجید ڕێککەوتن‌و ئیجازەی فرۆشتنی ئەو بەشە ملکەیان وەرگرت. کەریم خان دوایی فرۆشتنی ملکەکە ماڵی بردەشاری شنۆ. ناوبراو چەندکوڕی هەبوون کە ئەمن‌هەرناوی ڕەحمان‌و شێخاڵیم لە بیرە، لە ئەنجامدا بوونە کرێکارو هەژار مانەوە. مام سوڵتانیش دوایی فرۆشتنی زەویەکانی ماڵی بردە شاوانە بەڵام قادرخان نەیفرۆشت و پێی چارا. پێشینیان گوتوویانە: ملککڕ سالێکی برسی‌یەو ملک فرۆش سالێکی تێرە! کاکم لە ڕاستی دامێر منداڵ بوو، بە سەر، سەروەت‌و سامانێکی زۆر داکەوتبوو، ئەویش لە سەردەمی عەشیرەتی دا، زۆرکەس سەخمەراتی سامانەکەی بەدەوریدا هەڵدەسووڕان. دابونەریتی ئەوکاتیش هەرلێی مەپرسە! دوازدە پیاوی ڕاگرتبوون بەراتی ئەو هەموو بنەماڵە بەجل‌و بەرگو خواردەمەنی‌و دانەویڵە. بەکوردی بەخێوکردنی ئەو خەڵکە مشووری دەویست. بۆ هەر بنە ماڵەیەک10 باردەغڵ بۆ زەوەڕ،3 بارجۆ بۆ ئالیکی‌ئەسب نالێ ئەسپەکان، دەیان حەلەم قەلەمی دیکە... شوانکارەکەمان ناوی پۆتەبوو. 3 کوڕی بەو ناوانە هەوون: حەسەن،سمایل، ئازیز. بەهاران‌و پاییزان چادرو چیغ لە پانکەی" ئاشتاڵب"قەراخ ڕووباری دێ هەڵیدەدا، ڕۆنی کەرەو، لورکو، سەرتوێ، کولیچەمان دەخواردو غارەکەرمان دەکرد. لە وەرزی هاوین کە مەڕ دەچوو هەواران حەوتوی جارێک مام پۆتە یان حەسەنی کوڕی لەکوێستان ماستو قەیماخوکەماو کوڕادەو سەهۆڵیان بۆ دەهێنانەوە.

ئەو سەردەم یەخچاڵ نەبوو بۆ دورستکردنی پاڵوودەو بەستەنی لە شاری شنۆش هەردەبوایە لە کوێستان ڕا بەپشتی گوێدرێژ سەهۆڵیان هێناباوە. خیزانی مام پۆتە ناوی (نەنی) بوو ژنێکی ڕوح سوک وو دڵپاکو دلۆڤان بوو بەێستانچی یەکی کوێرە سوننەمان هەبوو ناوی مەمۆ بوو،کاتێک هارویێ دەگەیی نۆبەرەکەی لە دەسماڵێک دەکرد دەیهێناوە خەڵاتی وەردەگرت. مەمۆ" چەندکوری هەبوون، بەگشتی بەجەرگو بەغیرەت بوون. بەڵام ئەمن هەر سمایلم دەناسی کەکوڕێکی باشو چاونەترس بوو. ماوەیەک پێکەوە ماڵمان لە"ورمێ" بوو. کاتێک لە ساڵی 1360لەلایەن دادگای ئینقلابی ئیسلامی ورمێ کە حاکمی شەرعی ئایەتوڵڵا ئیمانی بوو، بە ئیعدام مەحکووم بووم، بە ماشینی کاک سمایل خۆم دەربازکرد. وەک بیستوومە ناوبراو لە ساڵی 1978ی زایینی لە خۆ پێکدادانی ماشین دالە شاری "ورمێ"کوژراوە ڕوحی شادبێت.

ساڵی 1332ی هەتاوی کودیتای "شا"دژی "موسەدیق"هێندێک ماڵەلێتان لە شاروێران ڕا پەڕێوەی ناوچەی "شنۆ"بوون. میرزامەولودو میرزاکەریم لە"ئاڵیاوە"و"ناوقوڕان" گیرسانەوە. هەردوو ئاگاداری دۆخی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستان بوون. ئەو بنەماڵەیە ئەسپی ڕەسەنو کەحێلیان هەبوو. هەردوو ئاشقەڕاو بوون. زۆرپێکەو لە دەشتی شنۆو چیاکان چوویتینەڕاو. گەلێک بیرەوەری بەنرخو قەت لەبیر نەچووم لەگاڵ ئەوان لەلاماوە، ئەگەر تەمەن مەودا بدات پێویستی بەکتێبێکی سەربەخۆ هەیە.

وەرزی بەهارچەمی"گورگاوە"کەلە"گادەر"سەرچاوەی وەردەگرت هەرحیلەی دەهات. گەلێک جارلێمشت دووکانی کووتاڵ فرۆشانی بە چەم دادەهێشت. بەلام لە هاویندا نەختێک کەم دەبوو. ئەوکات سروشت گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو. لەکوێستانان بارستایی بەفر دەگەیە گەزونیو. لە پێدەشت خۆی لەگەزێک دەدا. دەست وجێ ڕێگاو بان دەگیران وای لێدەهات خەڵکی ئاوەدانی بەسەربانان‌دا هاتووچوو بکەن. کووچەوکۆڵان و گەڕەک پڕوو دارماڵ لە بەفر دەبوون. لەکاتی کڕێوە زۆرماڵ دەرکەیان لە سەر دادەخرا، دەبوایە لە ماڵەکانی دیکەڕا بچووبانە هانایان، زۆرخانووبەرە تێکدەقرمان. بەگشتی لە مۆرەی قوڕ دورست کرابوون، هەریەک دەیان ڕەندۆڵو کەلێنو قەڵشتیان تێ کەوتبوو. هەتا هێندێک ماڵ ماریان تێدابوو،بگرە هەزار جرۆجانەوەر. چونکە دەرمانیان لێ نەدەپرژاندن، تەنیا لە ساڵی 1329ی هەتاوی کە هەموو دێهاتەکان لەلایەن ئیدارەی"ماڵاڕیاوە" سەمپاشی کران.

لە وەرزی زستاندا گوندەییەکان سەرکلاوی مەرەز، تفتیکو گۆرەویەی بەنیان لەبەردەکرد. زەنگاڵیان هەڵدەکێشاو پاڵتۆی ئەستووری مخمەریان دەبەدەکرد. ئەوەی دەستی نەڕۆیبایە کە پاڵتۆ بکرێت دووچاکەتی بەسەریەکدا هەڵدەکێشا. دەگەز پشتێندیان لێدەبەست. دەستەوانەی بەنیان لە دەست دەکرد. پێڵاو چکمە، پۆتین، یان کەوشو کالۆش بوو کە وەرپیدەکەوتن دەمامکیان دەدا. خەڵک وێڕا نەدەگەیشتن سەربانان بماڵن. هودەکانی ماڵی ئاغاشیان بەنۆرە دەماشت. جار وادەبوو دوو سێ کەڕەت سەربان دەماشتران لە سەر ئەوەش ڕاکە هەوا سارد دەبوو تایبەت لەکاتی ئەوهادا چای ڕەش و ماشێنەی تیژو چای دارچینو قۆڵنجان لەزەتێکی تایبەتی هەبوو.

جحیلەکان کە5قڕانیان دەست کەوتبوایە خۆیان لە دووکانی ڕەسوو سێجگەو محەمەد خوازێ(حاجی محەمەدئەسکەندەری)و خاڵە مامە داویشت،ئەوەی پارەی نەبوایە بەقەرز میوژو گوێزو سنجووی دەکڕی وەبیرم دێت5گوێزو مستێک مێوژ بایی پەنەباتێکی بوو. 4هێلکە بەقڕانیک بوو. ئەوە لە دووکانی دێ ئەوها بوو. دەنا ئەگەرلەماڵان کڕا بوایە هەرزانتربوو.

(مامۆستایانی شنۆ)

شنۆ" ئەوکات چەند مامۆستای لێ بوو کە مووچەخۆری حکوومەت بوون مانگانە 130تومەنیان مووچە وەردەگرت. ڕەحمان زەرزا یەکێک لەوان بوو. کوڕەکانی هەمزاغاش موچەخۆر بوون بەو ناوانە:

1-ئەسکەندەرخان زەرزا

2-فازل خان

3-سمایلخان
4-خوسرەوخان
4جەعفەرخان
5-ئەسکەندەرخان

**ژیانی جۆتیار؛**

جوتبەندە دەبوایە سێ وەخت لە ڕۆژدا وإخ تاقەت کات کە بریتی بوو؛: لەکاو جۆو گیا دەبەرکردن، تەویلە ماشتن، ڕێخ بردنەدەر، پەینی ویشک بەبەرلاقی گاووگۆل داکردن. جگە لە وەش مەشکەژاندن، شیرهەوێن کردن، نان کردن، تەندووردەردانو داخستن، چێشت لێنان، حەوجۆش بۆچاییو دیزە بۆ شۆربا یانسەرووپێچک لە تەندوورنان. هەروا بریانیچەوەندەر کە هەمووماڵان هەیان بوو. تایبەت ئەو بریانیەی کەلەکوپەیان دەکردو زاریان قوڕدادەدا. ئەوڕۆژگار، باسی "کرستڕۆڵ" نەبوو. خەڵکی دێ لە سەرئەو هەموو خواردەمەنیەی چەور وەک: سەرتوێ، قەیماخ، تۆراخ ڕۆنی کەرە، وەک گوێزێ ساخ بوون. قەت تووشی نەخۆشی چەوری نەدەبوون. بەلام وەک دەبینین ژیانی ئەو سەردەمی لادێیی یەکجار دژوارو چەتوون بوو. ژنو منداڵو لاوەکان لە بەرکاری قورس ڕەنگی پێستی چرووچاویان دەگۆڕا، تایبەت لە بەر سورەتاوی هاوین لە شەنەو درمخ. جوانی سروشتیان لێ تێک دەچوو. دەستیان شەقارشەقارو ڕومەتیان پرگنجدەبوو. ویشکەبیرۆ دەکەوتە ڕوخساریان، مینای ددانیان بەقرێژ تارمایی دەکەوتەسەر کرمێوکلۆر دەبوون. چاویان لە بەردووکەڵی تەنوور پڕووش دەبوون. چونکە حەمام نەبوو دەبوایە لە سەرشۆرکە ئاویان بەخۆداکردبوایە. لە سەرئەو حاڵەش ڕانەقڵو نەزیلەی مەلای ئاوەدانی بیلامانێ پەرژینی بەگوڵ بێ لە خەونیش دائیحتلام ببوان بە چلەی زستان سەهۆڵیان دەشکاند. لە هێندێک ماڵ سەرشۆرکەشنەبوو لە تەویلە ئاویان بەخۆدا دەکرد. وەرزێر هۆدەی زیادی نەبوو. کەم ماڵ خاوەن دیوەخان بوون. هەموو خاووخێزان بەدرشتو ورد لە بن کورسی مدبەق دەخەوتن. هەریەکە لەلاپێچکەکی کورسی. خەسوو خوزوور، بووک و زاوا.رادیوش هەرلە ماڵی هێندێک سەرۆک عەشیرەتان دەدیترا. ئەویش بەقفڵ و کلیل بوو. ژنەکانی دێ کە یەکجارساویلکەو چ نەزان بوون بە یەکدیان دەگوت: دایکۆڵە گوێچکە لە ڕادیۆگرتن ئیمانی پێ زایە دەبێ داپیرەکان فرمێسکیان بۆ هەڵدەوەراند و پێیان وابوو قسەکەرلەناو ڕادیۆ دا گرتراوە! خەڵک بەسەرجەم بێ سیواد بوون. ئاغاکانیش هەر بەشی پسولەو قاقەز نوسینیان دەزانی. بەشێک هەتا زوانی فارسیو تورکیشیان نەدەزانیو دیاربوو بیرەوەری تاڵیان لەو دوو ڕەگەزە هەبوو بێت، کە ئێمە ئاقڵمان پێ نەدەشکا. ئەوچاخ جەماوەر ئەوها نەکەوەتبوو سەریەکو مرشتەی نەبەستبوو کاسبی بە هێزیشانو باهۆیکەڵو گاجووت زۆرنەدەکرا ئەوهەموو چیمەن و چڕگەن و بۆرەوو بەیارە دەربێت و بکرێتە زەوییو زەرعات شیوو وەرد بکرێ و چەندگاسنەی لێبدرێ.

"گورگاوە" بەرەمەزرایەکی هەبوو پێیان دەگوت"ئاشتاڵب"کەلە قەراخچەمو مێشەی قەڵەمە ڕادەستی پێدەکرد هەتاکلکەی خانلەری. چیمەنەکەی ئاگری دەگرت. خەڵک لە هاوین دا چیمیانلێ دەبڕیەوەکە ویشکدەبوونەوە لە قەڵاخیان دەدانو لە وەرزی زستان بۆکوورە کەلکیان لێ وەردەگرت.

وەک دەیانگێڕاوە لە شەڕی ئەوەڵی دونیاگر1914ی زایینی شووڕەوی هاتۆتە ئێران پێی بەرەوکوردستانکراوەتەوە. گۆیا خەڵکێکی زۆریکوشتووە ئەو جێگەیان چاوپێکەوتووە. گوتویانە: کانگای نەوتە. ئەو مەزرایە ئەوکات شینکەی گڕاڵکو، وشتر خۆرکەو تێسوو بوو. زۆریش کەروێشک گربوو زۆرم لەگەڵ ڕەفیقو دۆستو ئاشناو خزمو برادەران ڕاولێکردوە.

لە قوتابخانەی"گورگاوە"هەرئەوەندە بە جەستە لە وێ بووین دەنا بە خەیاڵ هەرلە فکری هەلووکێن مەلووکێن دابووین. کەلە قوتابخانە وەدەردەکەوتین وەدوای جگێنو شێروخەت دەکەوتین. هەر یەکە کلایەکی مزدارن پێبوو. گیرفانن تەژی لە جگ بوو. لایەکی بەمێوژ هەڵمسابوو. جاروبارەش لەگەڵ ڕەوەیەک منداڵی ڕەشو ڕوتی دێ بە شەڕە قۆچەقانی

تاوندەدا گوندی "قەزنەئاوێو پەلاماری منداڵی وێن دەدا. ڕۆژی دەهەینی کە ڕۆژی و چانو حەسانەوە بوو، لەگەڵ هێندێک منداڵیهاوتەمەنەدەچوینە ڕەخ گوڵەباخەکانی قەراخ مێشە لە وێ گۆشتی قاژومان سووروە دەکرد.
کاتی منداڵیم ئەوها تێپەڕکرد. ئەو بیرەوەریانە قەت لە بیرناچنەوە وەک فیلمی سینەما بە بەرچاوم دا دێنو دەڕۆن. هەرچەند دەزانم هەمووشت گۆڕاوە، چ شت لە سەردەقی خۆی نەماوە، هەتا سروشتیش گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە. بەڵام بیرەوەریەکان هەروا بە نەگەچڵاوییو دەستوێنەکەوتوو لە ناخیدڵمدا ماونەتەوە. ئەوە لە هەندەران بەسەریاندا دەچمەوە بە داخەوەکاسێتی مێشک زۆریلێ ستراوەتەوە. بەڵام ئەوەندەش سێبوورێە.
یەکێک لە شەریک مڵکەکانمان لەگورگاوێ، ڕەسووئاغای ئەسکەندەری بووکە تەمەنی دەگەیە شێست ساڵێک. تەنیاکوڕێکی بەناوی "کاکەمین"هەبوو کە زەڕی بۆکەس نەبوو. ئەوی دیکە کەریمخان ئەسکەندەری بووکە خوێندەواربوو زۆریشی کەیف بەکاسبی دەهات، پیاوێکی یەکجارسادقو ڕاستگۆ دڵپاک بوو. چەندکوڕی هەبوون یەک لەوان کاک پیرۆتە کە ماوەیک مامۆستای قوتابخانەبوو، پاشان ڕێژیم تێیهەڵکێڵا. لە سەر دەمیکۆماری ئیسلامی ڕەگەڵحیزبی دێموکڕات کەوت. لە ئاکامدا چۆ دەرەوەی وڵات لە فنلاندگیرسایەوە، ئەمن بەداخەوە قەت لەگەڵ کاک پیرۆت ئامووشومان نەبوو هەتا پێکەو ئاشنایشمان نەبوو ئەوناسیارەیە لەدەرەوەی وڵات بەتەلەفون سەری گرت. لەڕاستیشدا گەلیک برایانی حیزبی دۆستایەتی وخزمایەتیش دەکەنە پاشکۆی حیزب، دەجا ئەمن کەلە چ سازمانیک دا ئەندام نیم لە بەرچاویان نامۆ دیمەحیساب بە تایبەت بەهۆی ڕاستی گوتن لە بەرچاوی ئەوبرادەرانە گۆشتی خۆم تاڵ کردووە، بەداخەوە ئەمەشتیکی شروشتیە ناتوانم ڕاستیەکان بشارمەوە بە ئیشتیای ئەم وئەو قسەبکەم ئەگەرخۆشەویسترین کەسم بێ چونکە مەسەلەی سیاسی کوردستان پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستان هەیە پێم وایە هەرجۆرە هەڵەیەک دەبێ بەڕاشکاوی قسەی لەسەربکرێ، لاینی حیزبایەتی ڕەچاونەکرێ، و مرۆڤی ئازادیخواز ودێموکڕاسی ویست بەڕاستی نابی لەم جۆرەشتانە بسڵەمێتەوە و لە جیاتی ڕاچانی هەودای دۆژمنایەتی بەکوشینی دەستی محیبەت هەنگاوهەڵینێت. بەڵام بەداخەوە بە پێچەوانەکەی دەبینین،لێرە نەتەنیا مەبەستم کاک پیرۆت بەڵکوو هەموو ئەوکەسانەن کە ئەوها فکردەکەنەوە. ئازیزخانیش پیاوێکی لە سەرەخۆوکاسب بوو بەلام هۆگری بواری سیاسی نەبوو. هەروا مزەفەرخان ئەسکەندەری یەکێک لە شەریک مڵکەکان پیاوی ناو پیاوان بوو. کەیفی بەپیاوەتی دەهاتهەرچەند ساماندار نەبوو بەڵام سەخی و دەست هاوەڵا بوو بەپیاوانە دەژیا،و لەگەڵ فەیرۆزخان زەرزا جگەلە خزمایەتی خۆشەویستیەکی تایبەتی هەبوو هەمێشەلەلای بوو جاریک فەیروزخان لەتاران لەگەڵ ماڵی تەیارئاغای هەرکی دەشتەبیل(ماڵی نیعمەتیەکان) شەش حەوت کەس کە سیسەوکەڕۆ لەگەڵ دەبن لەناو هۆدە بەشەڕدین مزەفەرخان کە خەنجەری پێدەبیت هەڕایان دەکاتێ دڕیان پیدەدا،ناهێڵێ تخوونی فەیرۆزخان ببن،ئەوکردەوەی مزەفەرخان هەمیشە لە ناو عەشایری زەرزا-ی برایم خانی لەبەرچاوبوو.
بەڵام بە داخەوە لە شۆڕشیگەلانیئێران لە1357یهەتاوی هەڵخەلەتاو چۆ باوەش کۆماری ئیسلامی ،لە ئاکامدا بۆخۆییو دووکوڕی بەناوی سمایلو نەزیر لەگەڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات دا کوژران.
کوڕەکەی دیکەی بەناوی سادق بوو بەکوردکوژ دەستی لە چ خەراپە نەپاراست، دەمەوێ لێرە واقعیەتیک بڵێم کە نەک سادقی کوڕی مزەفەرخان بەڵکوو دەیان کەسی دیکە کە چەکی خەیانەتیان هەڵگرت دەگرێتەوە، ئەوەش نائاگاداری ئەوان بە مەسەلەی مێژوویی کوردستانە، چونکە حکوومەتەکان بەدریژای دەیان سەدە بەسەرکورددا حوکماتیان کردوە ئیجازەیان نەداوە کە خەڵکی کورد لە نەتەوەی خۆیان ئاگادارین، جگەلەوە هەموو مێژوکەیان بەراوەژو تۆمارکردوە،دەجا بۆ سیوادداری نائاگا لە مێژوو دەیان تەنگ و چەڵەمەی وەدیهێناوە چ بگا بە مرۆی بیسیواد، دەجا سادق هەرسیوادیشی نەبوو بەڵام لەگەڵ پاسدارە کوردکوژەکان پلەی بەرز بۆوە، ئێستاش دەگەڵ دابێ خۆی نەناسیوە نازانی ئەم شەڕە لەگەڵ داگیرکەرەکان لەسەرچییە؟! کاک خوسرەو ئەسکەندەری کەلە ڕاستیدا لە هەمووشت دوورە پەریزوولاتەریک بوو بە درۆو دەلەسەی کۆماری ئیسلامی لە خشتەبردرا،ناوبراو پیاوەکی یەکجارباش و ڕیک وپێک بوو

بەڵام ئەویش وەکوو هەمووئاغایەک کۆنەبرینی دابەشکردنی زەویوزاری لە مێشکدامابوو وهیوای بۆگەڕانەوەی ئاغاتی لە سەرکۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو،کۆماری نائیسلامی ئیرانیش لە ناسینی ئەمجۆرە کەسانە زاری هەمبانەی فێفڵاویان بۆ کردبوونەوە وبۆ لاواندنەوەیان چ قەوڵ قەراریک نەمابوو کەپێیان نەدەن،خولاسە بەجورێکیان لەتەپکەی ئیسلامی شێعەگەری هاویشتن کەدوایی بواری گەڕانەوەیان بەتەواوی لێ بەرەبەست کران، ناوبراو تاقەکوڕێکی هەبوو ئەویشی کردە سندوقی سەری کۆماری ئیسلامی کە دەبوو بەنەوەی مەلا کەریمە گورگەی "گورگاوێ".
دەبێ بڵێم بە داخەوە نائاگاداری نەتەوەیی، سیاسیو بارو دۆخیکۆمەڵایەتی لە هاتنە سەرکاری ڕێژمی کۆماری ئیسلامی هێندێک کوردی کردە بەر هەڵبێنەی نەیار، کە هەموو سەربەرزیو کەرامەتی بنەماڵەکەیان بۆ ژەمە نانێک خستە بەرپێو بۆ دەخوێن گەوزانی هاوچارەنوسیان بۆنە کەوی دەست ڕاوچی!
پیشەی شەریک مڵکەکان ئەوە بوو، ئەوهەی بە هیزبوایە ئەوانی دیکەی دەتواندەوەو بەقەلەو دەلە پارچەمڵکەکەی لە دەست دەردێنان. ئەوەش دەگەڕاوە سەر ئەوەکە ئەو سەرۆک عەشیرەتانە باوەڕیان  بە مەسەلەی نەتەوەییو چارەنووسی میللەتی کورد نەبوو، دیارە جاشەتی هەرلەوەڕا سەری  هەڵداو پەرەی گرت.
ئەوکات یان ئەمن لەچ حاڵی نەبووم یاکەمتر بابەتێک لە مەڕ مەسەلەی کوردستانو نەتەوەی کوردگوێ بیس بووم، یاکوو لە ماڵی ئاغاکان ئەو هەستە مردبوو. هەرچەند دەکەم ناچمەوە سەریان. وێدەچێ بەهۆی زەبرو زەنگی ڕێژیمی پەهلەوی خەڵکەکە دوورە پەرێزبن. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە بەکودەتای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسمو گەڕانەوی بارزانی لە1958ی زایینی خەڵک وەک مەنجەڵی بەکوڵیان لێهات دەستیان بە قوڵتە قولت کرد. هەرچەند حوکمی ساواک توندبوو، دەنگی شۆڕشی ئەیلول لە چوارچیوەی کوردستانی باشوور ڕانەوەستا کەوشەنی پەڕاند ئاوازەکەی کوردستانی باکوورو ڕۆژهەڵاتو کوردستانی بن دەستی سوورییەشی گرتەوە. ئەو سەردەم خەڵکی گوندەکان ژیانیان ساکاروکوردانە بوو. چیشت هەر برینجو گۆشتو ساوارو هەرشتەبوو. سەنگەسیر، بەگۆشی کەروێشکو بەربەسیڵ، بەگۆشتی بەرخو سەروپیچک، بەچێشتی مێوانداری دەهاتە حیساب. ئەو چاخ زوربەی خەڵکی ئاوایی تایبەت جوت بەندە ئەسبیسواریان هەبوو. کە جگە لە ڕاوەکەرویشک بۆهاتووچۆی شارکەلکی لێ وەردەگیرا. بەهەسپی باریان دەگوت:بارگین"کە ڕەوەندو هەرکیو مامساڵ بەڕەوە هەیان بوو. ئەمن لە تەمەنی15سالانە دابووم، کە کاکم ئەسبەکی کوێتی قاپ ڕەشی بۆ لە جانبەخش ئاغای نەغەدە کڕێم. ناو براوکۆنە ئەمنیەکی خانەنشین بوو. ئەسبەکەی زۆرباشڕاهێنابوو. یکجارقیتو قۆزبوو. ئیدیئۆگریڕاوبووم. ڕەحمەتی سەمەد خانکەیفی بەڕاو دەهات. ئەو کات شێخ محەمەدی ڕەسوو چاوشین و چەن کەسی دیکەی لەلابوو. لە وەرزی پاییزهەموو ڕۆژێ شەشحەوت سوار دەچوێنە ڕاو. ئەو جێگایانەی کەروێشک گر، بریتی بوون: لە :ئەشتالب، بەستێ نەڵیوان، عەیزاوەئاسمبەر، دەوروپشتی بێژاوە. لە ئاغاکانی ناوچەی شنۆ قادرخان میرەبادئیرەج خان هەروا کوڕەکانی ئاغا موساخان تایبەت حەمەدەمین ئاغا، حاجی مارف ئاغاو مەحموودخان تاژی دەباشیان هەبوون. ماڵیان لە گوندی کانی سۆرکێ بوو. دووکەسیان بە ناویعەزۆی ئاغابەگیو کاک نەعمان لەکن بوون. هەروا مەجیدخانو مەحموودخانی "بیمزورتە" تاژی باشیان بوو. ڕاولە"بنی مەمدان" بەناوبانگ بوو. جار وە دەبوو لەوێ بیست ڕستیان کروێشک تێبەر دەدا. هێندێک کەڕەت ئاغا موساخان بە سی چل سوارەوە بەرەوشەرگە دەچوون مێوانی باباغای "وەزنێ"دەبوو لە دەورو بەری چیای شەرگە ڕاویان دادەبەشی. یاندەچوونە ڕەخگۆلی "ورمێ"."ئەوکات ڕاو بۆگۆشت نەبوو، هەربۆکەیفو نەهەنگیئاغاوەت بوو ڕاوی بزنەکێویشلە شاری شنۆ "مستەفا مەحموودزادەو ئەمینیدەیانکرد هەردووکیان بە تفەنگی پێنج خۆر ئەنگێوە بوون. دیارەلە"شنۆ"ڕاوکەر زۆر بوون بلام ئەو دووە بەناوبانگبوون. هەنۆکە هەر دوکیانپیرو خانەنشینن. لە سەریەک لەگورگاوە خۆشم ڕابوارد. دەیان بیرەوەری ئەوچاخانم لەبیر ماوە. هەرنەبێ بۆ خۆم بەنرخن. هێندێک جارکە خەفەت دامدەگری وە دەیەوێ هێلانە لە دڵمدا دورست بکات بە سەرئەو بیرەوەریانەدا دەچمەوە لەگورگاوە کەریم عەزیز خانمەش چاپەز بوو تازە ژنی هینابوو پێم وابوو ناوی زارابوو کە گۆیا بەلاوی جوانەمەرگ بوو کاک کەریم ئیسانیکی

مەشرەف خۆش بوو لەگەڵ فکری ئیمە دەهاتەوە ئەوکات ئەمن گچکە بووم کەئەو ژنی هینا دوایی ئاگام لێبڕا پاش 40ساڵ بەسەرئەوڕیکەوتدا لە دووکانی مەلاعەزیری شەڕافەت، لەگەڵ کویخا کەریم دیمنەوە ئیدی ئەوە جاریکی تر 22ساڵی بەرسەرداتیدەپەڕێ، نازانم ژیانی چۆنە بەڵام ماڵی لەگوندی (شێوسماکە،) کە دەکەویتە پشت شنۆ، وکویخاکەریم خەزوری مەلا عەزیزیش پیاوەکی ئیکجار پیاوانی و بە ئەمەگ و قەوڵ پتوون بوو، مەلا عەزیزیش پیاوەکی روح سوک وکارڕاپەڕ بوو، کوڕەکی بە وەجی بەناوی سمایل هەبوو کەهەلسوڕینەروبەئاقڵ و تیگەیشتوو بوو. مامۆستا بۆ بەڕێچوون هەموو جۆرەکاسبیەکی دەکرد هیندیک ملکی لە نەرزیوەکڕیبوو باخی سێوی چاقاند بوو، وەک هەموو مەلایەک قیلە شەرعی باش دەزانی بە قسە مرۆی زو قانع دەکرد. لە سەریەک پیاوەکی باش بوو هاتوو چۆی لەگەڵ خەلکی دیهاتی زۆربوو، زبانی کاسبی دەزانی. لەگەڵ فەقی برایم دۆست بوون. وەک ئاماژەم پێکردوە فەقێ برایم پیاوەکی ئیکجاردورستکارو بێ فیڵ وفەند بوو. گوریسی تەماحی وەک مەلاعەزیز ڕانەدەخست، دونیای بەتەنگ وتیل هەڵنەگرتبوو، خوداش بەباشی بەرێدەبرد، قسەخۆشەکانی هەنۆکەش لە هەندەران لە بیرناچن، تایبەت ئەگەرلەگەڵ عەزیزخانەبەگی ومامەند ئاغا یان کاک ئەحمەد بداغی لەشوینیک بان، ئیدی کۆڕێکی تەوابوون، کاتی لاوەتی بەنرخ ترین سەردەمە بەڵام مرۆڤ قەدری نازانیت!

لەکاتی لاوەتی ڕاوەتاژیم لە هەمووشت پێ خۆشتربوو. بە داخەوە لەو کەسانە کە پێکەو بووین زۆریان ئەمری خوایان کردوە. کاتێک کە مرۆڤ دەنێوکەوت هەست بە تەنیایی دەکات دونیای لێ چکۆڵە دەبێتەوە تەنیامالّی خالّم قەرەنی ئاغا کەیفیان بە ڕاو نەدەهات مەگین سمایل خانی شاوانە، ئەویش بە هەڵکەوت دەنا ئەسپێکی بۆرەی ڕەسەنیهەبوو سوارێکی قیتو قۆزبوو. لە غولامەکان تەنیا ئازیزەکویر ئاشقەڕاوبوو. تەماڵی ئازیزی بەنابانگ بوو. ئەوکابرایە زۆری کەیف بەخۆ دەهات یەکجارپاکو خاوین بوو. ئێستاش کە تەمەنی بەرەو 90ڕۆیشتووە وەک دەڵێن هەروالە سەرگوردو پاگژو بە دەماخو شایی بەخۆیە. ئێستاش پێم سەیرەکە بەچاوەکی چۆن لە بەردەمی ئێمەی تەماڵ لێدەدا. ناوبراو بە درەنگەوە ژنێکیتورکی هێنا. هەروا مام تەفۆ کەپیاوەکی راست وقسەڕەق وپیاوانە بوو چند کوڕی باشی هەبوو تایبەت کاک کەریم گلّستانی کە لە نەخۆشخانە دەشوغلی هەمووقسەکانی قند بوون. ئەو سەردەم ماشین لە شاری شنۆ نەبوو. ئەگەربە هەڵە نەچووبم ساڵی 1332بوو کە فەیروزخانی نەڵیوان ماشینێکی جیبی لە تەورێزکڕیو شۆفێرەکەشی هەرلە شاری تەوریزلەگاڵ خۆ هێنا بوو کەبە ڕەگەزو ڕچەڵە هەرمەنی یان ئاسۆڕی بوو. ناوبراو دەستی نیگارکێشانێشی هەبوو.

تابلۆیەکی لە ڕاوەمراوی کێشابۆوە، وێنەکەی لە بەرچاومە. ڕاوچی تەقەیان لە پۆڕێکمراوی دەکرد دوو سێیەک وەبەر هاتبوون، ڕاوکەرەکان سەگەکیان لەگەڵ بوو،کە قوشقەوانی بۆ دەکردن. ئەوە یەکەمین ماشین بوو کە دەهاتە شنۆ!

ئەو کات شاری شنۆ ڕێگای قێڕە تاوی بۆ نەکێشرابوو. ڕێگا خۆڵاویەکەشی کە بریتی لەوڕێگایی کە بە"قاسملوو"مەشهوورە، ئەوەندە بەرتەسک بوو مەپرسە، ئی سەردەمی"ڕازاشا"بوو شاخاویەکەی بەگشتی هەڵەمووت بوو کەرلێی هەڵدەدێرا چ بگات بە ماشین! ئەو ڕێگایەی کەلە شنۆ بۆنەغدە دەڕۆیی بە نووکە پێمەڕە دورست کرابوو پڕلە قولّکو کەندالّ بوو، لەکاتی باران دەبوو بە قوڕوو چڵپاو، لە چاخی زستان دەستو جێ دەگیرا. لە شاری نەغەدەش ماڵی ئاغا مەجیدی ساوەجبلاخیو ئەمیرتومانی چیانەی قولی خانی ئاغتەوڵەی ماشینیان هەموو هەر(فلۆکس) بوون. ئەو چاخ وڵات هەمووچۆڵو هۆل بوو. تاکەکەس نەدەوێرا بەگەڵی قاسملودا بڕوات هەتاگەڵی گوندی گردکاشان پڕ لە ورچ و بەرازبوون. تایبەت نەرزیوە لەبەربەرازان ژیانیان لێ تاڵ ببوو. لەگەڵی گردکاشان دارەشیلانو چەقاڵەوگوێنی ئەوهاتێک سڕمابوو مەگین خوابزانێت. ڕێگای نەڵیوان بۆ شنۆش هەموو قولّک، قولّک بوو زوربەی ڕێگاکانی کوردستان کوێرەڕێ بوون. ڕێژمی گەندەڵی شاهانشاهی چ خزمەتی بە کوردستان نەکرد. دەستو پێیەکانی حکوومەتی شا،هەموویان دزو بەرتیل خۆر بوون ، ئەو پاشاییەیکە مووچە خۆرانی ئەوهایان پێ هەڵادەگوت وهەنۆکەش لە مەدح و

سەنای نابڕنەوە لە ساڵی 1343ی هەتاوی کەکتێبی ئینقلابی سپی دەنووسی هەتا ئەوکات کە بڕەم بڕەمی دەسەڵاتی بوو، دەوڵەتانی فەڕانسەو ئاڵمانیاو ئینگلیز پێی قەرزدار بوون خەڵکەکەی بەگشتی ڕەش‌و ڕووت بوون. لە شێست‌و پێنج هەزارگوندی ئێران بە کوردستانەوە دوو هەزارگوند بۆڕیەی ئاوی هەبوو. بەبۆنەی 2500ساڵەی شاهەنشاهی 2500 قوتابخانە لەگوندەکان سازدرا، لە حالێکدا بە پڕوپاگەندە داوای شارستانیەتی گەورەی دەکرد"شا"خاوەنی 2450 گوندو1780 دووکان‌و دەیان‌هوتێل‌و پاساژ بوو. زەویەکانی بە2/5 ملوین هێکتاربەرئاوردەکراون! کە هەموو لەوکەسانە ئەستاندرابوون کە دژی ڕێژمی "شایەتی"بوون. یانی لە جامینخوازانی ڕزگاری کوردوکوردستان. لە سەر ئەوەش ڕاکە هەنۆکە سەدەی 21ی زایینی‌یە کوڕە دەرکراوەکەی‌جارێکی دیکە هاتۆتە سەرشانۆو دەم لە مافی مرۆڤ‌و دێموکڕاتی دەدا. دەڵێن: جاریک کابرایێک لە ڕێگاتووشێ زەلامیک بووگوتی:ناوت چی‌یە؟ کابراگوتی: شێخۆ. گوتی :ناوت خوشبێ ڕیخۆ! ئەدی ناوی بابت چێیە؟! بەڵام ڕەزاشاو محمەدڕەزا، تەواویان کرد مەندەی "ڕەزاشا"ی دووهەمە!

**چنان ريدند بقانون اساسى**

**نشويندش هزاران ديپلماسى**

ساڵی 1335بووکە فەیروزخان ئەمری خوای کرد، ئەویش تووشی نەخۆشی ئازارە باریکە (سيل) ببوو. ئەو ڕۆژگار ئەو بێماریە دەرمانی بۆ نەدۆزرابۆوە. فەیروزخان مرۆڤێکی زاناو ئاگاداری دۆخی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بوو، یەکجار قسەزان‌و دەماوەربوو، لەلای حکوومەتیش ئیکجار ڕیزوئیحتڕامی هەبوو بە داخەوە بەگەنجی دونیای بێ بەقای بەجێهێشت. تەنیاکچەکی بچکۆلانەی بە ناوی (فەران)هەبوو کە ئیکجارجوان بوو، وەک بێتەبیرم ئەمن ساڵی دوایی لەگەڵ کاکم تووشی دڵ ئیشی بووم چوومە شاوانە، قەرەنی ئاغا 5کوڕی لە دوو ژنان هەبوون: کورەکانی زیبندەخانم بریتی لەو سێیە بوون:

1-مستەفاخان

2-سمایل خان

3-مامەند ئاغا

بینایەکی جوانیان لەو دێیە دورست کردبوو، کە بریتی لە: دوو حەوشە یەک هی خان‌و خێزان ئەوی دیکە دیوەخانی میوانان. هەریەکە چەند هۆدەیان تێدا سازدرابوو. هەردوو حەوشە پڕ لەگوڵ‌و ڕیحان بوون کە بەیانان‌و ئێواران بۆنی ئەوگوڵانە دەوروپشتی هەڵدەگرت. و لە چیای پشتی ئاوایی ئاویان هاێنابوو ناوحەوشە. هەردوو حەسار عەوزی تێدابوو هەریەکە چەند داری بەری بریتی لە: سێو، توو،گوێز، قەیسی تیدابوو. زۆر پاک و خاوێن بوون. مستەفاخان پیاوێکی سەخی تەبع‌و قسەزان بوو زەوقی شێعرهوندنەوەی هەبوو. لە مەڕ مێژوو ئاگاداریەکی قوڵی هەبوو. کتێبی بەنرخی لەلابوون. مخابن چی لێ چاپ‌و بڵاونەکراوەتەوە. هەروا مرۆڤێکی ناتیق‌و دەماوەر بوو. دەنگی یەکجار خۆش بوو. ئەگەر خۆمان بواین پاییزەو گوڵەگوڵێی دەگوت. قادرخانی نەرزیوەی یەکجارخۆش دەویست، کە هاوتەمەن‌و بن ئامۆزابوون. ئەویش دەنگی خۆش بوو. هەروا ئازیزەکوێر کە چاپەزی بوو دەنگی‌خۆش بوو. مستەفا خان دۆستی باشی لە ئەفسەرە ئەرشەدەکانی بارەگای شاهەنشاهی داهەبوو. وەک ژەنەڕاڵ جەم، پاشان‌بوو بەئەڕتشبود، ئەزهاری کەلە1356کرا بە سەرۆک وەزیران. لە دەورانی 50ساڵەی سەڵتەنەتی پەهلەوی 41سەرۆک وەزیرگۆڕان، کە پینج کەسیان نیزامی بوون. سپەبوود سەدری ئاجودانی"شا"کەدەورەیەکیش بەرپرسی شارەبانی ئێران بوو هەروا تیمساردەیلەمی‌و ژەنەڕاڵ موبەێن. بەڵام قەت بەخەراپەی کەلک لێ وەرنەگرتن بۆیە ڕێزوحوڕمەتی لەلای خەڵک زۆربوو. لە سەرئەوەش ڕا دەروێش سیفەت وقانع بوو.

کوڕەکانی قەرەنی ئاغا جگە لە شاوانە، نەڵیوان، پۆڵیە،18 گوندی دەشتە بێلیان هەبوو، کە بە ئیجارەدرابوون بە"تەها"هەرکیو هەتا دابەزینی یاسای دابەشکردنی زەویوزارلە ساڵی 1342ی هەتاوی هەرلە ئیجارەی ئاغاکانی هەرکی دابوو.
دایکیان زیبەندەخانم هەرچەندخودا حەزبکات ژنێکی دەستو دڵ هاوەڵا و زار بەپێکەنین تەکلیفخۆشو ساویلکەو ڕاستگۆو بەڕێزو حورمەت بوو. ڕۆژکورتو درێژ خەریکی گوڵچنینو ئاو پرژێنی ناوحەوشەکان بوو ئێستاش لە ئوستڕالیا بەتایبەت لە شاری "تومبا"ی پاریزگای کویزلەندکە بە شاری گولان بە ناوبانگە، حەوشەی شاوانەم دێتەوەبیر. شێعری "حەوشەی خانیم"بەو بیرەوەریانەو هۆندۆتەوە. بەیانانو ئێواران دوو سەماوەری مێسواری زەرد لە دوو حەوشەی خانی برەم برەمیان بوو. بە بڵقەبڵق دەکوڵێن، هەڵمیان لێهەڵدەستاو مزگێنی چایی دێمکردنیان بەچاپەز دەدا. چای سەربە مێشووڵە، لە چایدانی چینیو ئەو فنجانە نایابانە دا تامەکی تایبەتیهەبوو. ئەوکات پایەو ئیستانو ناڵبەکی زێوو زێرکفت لە هێندێک ماڵەئاغایان هەبوو.
شاوانە، کەوتبۆ ناو سێ کێو، وەک لە قووڵک کەوتبێت وابوو. بەڵام گوندەکی بەپێتو بەرکەت بوو دەغڵو دانی بە ڕێژەو بوو. ئاوی زۆربوو زەویەکانی بەنیەو پڕپیست بوو بەرە مەزرایەکی هەراوی هەبوو. جوتبەندە کانی بەگشتی ساماندارو و دەوڵەمەند بوون. بەشیک خاوەن مێگەلیمەڕبوون خەڵکەکی یەکجار باشی لێبوو بەڵام چەند بەرەکی بوو سێ چوار جۆرە تایفەی لێ بوو. دەورو پشتی تەژی لە کانی و کانیاو بوو. کوێستانەکانیشی تایبەت"قەزەن"بەناوبانگ بوو. ئەمن زۆرهاتووچۆی ماڵی مەحمود چاوشین، مەحموودی سەیدی، سەیدەو محەمەدی شەریف دەوڵەتم دەکردو لەگەڵ مالاعەزیزی سۆفی غەفوریش گەمەمان هەبوو. بەحەق مرۆڤێکی پیاوانەو ڕاستگۆو خۆش بەرخورد بوو. سەیدەش پیاوەکی قسەپتوون و چاونەترس بوو، ماڵیعەزیزی مامسوڵتانی ئەوکات لە شایی مامەند ئاغای لە وێ بوو. ئازیز برازاوابوو. دوایی دووکانێکی گچکەی دانا، حەسیرەکەی خۆرما لە ئەڵڵا وێردی بە قەرزی ساڵەوەخت بە 25قڕان کڕیبوو دوو دەنکەخورمای بەنانێک دەدا،ئەو سەردەم دەرچەی لێدابوو مام سوڵتانیش مابوو بەڵام زۆرپیر ببوو ئەمما پورئایشە لە سەرگوردبوو،عەزیز هێشتا ژنی نەهێنابوو. ئەمن هەرلەگەڵ مامەند ئاغا هاوتەمەن بووم. کاک مامەند لە تەمەنی 9ساڵیدا قەدەرحەیامێک بۆخوێندن ناردرا "گورگاوە" کە لە گەڵ ئێمە بخوێنێت. بەڵام ڕۆژێک نەبوو پێکەوە بەشەڕ نەیەین، بەچنچڕۆک چڕو چاوو دەمو لووتی یەکتر نەڕنینو لە خوێن نەهێنین! ئێستاش نازانم بۆ وامان دەکرد. هەرئەوکاتیش ئاش دەبووینەوە. دوایی مەرحوم بوونی فەیرووزخان، ماڵی مستەفاخان هاتنە "نەڵیوان."سەردەمێک لە ماڵی عیسمەت خان مامەوە. دایکیان جەیران خانم ژنێکی تێگەیوو ئاقڵو کابانەکی مەشهوور بوو. چواردەورەی ماڵەکەیان مێژڕەو بوو. دووبرجێ لێ سازدرابوو. دیوەخان لە پێشەوە دێوی ئەندەروون کەوتبوو پشتەوە پڕلە داری ئاڵوو باڵوو، گیلاس، هەنار، هەڵووچە،قەیسێوگوڵەباخە بوو. عەوزەکە کەوتبوو بەرپەنجەرە. دارەسێو سەریان شۆڕببۆوە سەرهەرد بەسۆزی با سێوی لاسوور دەکەوتنەخوار، کە دیمەنێکی وەک تابلۆی بەخۆوەگرتبوو. ئەو جێگایە پشتاوپشت لە ڕەزاخانو قەرەنی ئاغا بۆ وان مابۆوە،تەمەنی بەشێک لە دارەکان دەگەییە سەت ساڵ.
عیسمەت خان نانی بەیانانو ئێوارانی لە سەرتاتی عەوزێ دەخوارد کە بۆنی گوڵەباغان مرۆڤی مەست دەکرد. ساڵێک لە وێ مامەوە،زۆریان زێزوئیحتڕام گرتم. ئەوکات ناوبراو سەڵت بوو پاشانکیژی شێخ جەلالی هێنا،ئەو جوانە مەرگ بوو. ئەو جارکچی شێخ مارفی هێنا. چەند کوڕی بەناوی سەرهەنگ وهوشەنگ و ئەمیر،لێ کەوتەوە سەرهەنگیان ناوی ڕاستی فیروز بوو باناوی فەیروزخانیان کردبوو بەڵام هەر بە سەرهەنگیان گاس دەکرد،زۆربەمشوربوو لە کاسبکاریدا هاوتای باوکی بوو زووسەرپێ کەوت سەردەمیک لە ئەبزار فرۆشی دادەشوغڵی وەک گوییبس بوومە لە مێژساڵە ژنی هیناوە بەڵام کە ئەمن لە1369ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وەدەرکەوتم هوشەنگ وئەمیرهیشتا ژنیان نەهێنابوو لە ئوستەرالیا بیستم کە ئەمیریان کیژێکی کوردی شکاکی هێناوە، بێگومان هەموویان لە هەڵس و دانیشتن وە باوکیان دەچوون گەلێک ڕیزداربوون. عیسمەت خان کە دوایی کیژی ئاغاموساخان زەرزا-ی خواست. بنەماڵەی قەرونی ئاغا

زۆرکەیفیان بەشتی عەنتیکەو نایاب دەهات. ئەو هەی لە تاران هەبوایە ئەوان دەستو جێ دەیانکڕی. وەک قەرەمافور پڕۆژکتۆر، زەپت. ئەو کات هاتوچۆی شاری ورمێ بەڕێگای"حەیدەرئاباد، دابوو. ڕێگاکە یەکجار بەرتەسک قوڵک قوڵکەو ناخۆشبوو. لە شارەکانماشین بەتاقو لۆق وەبەرچاوان دەکەوت. لە "ورمێ" زۆربەی بە فایتووندەگەڕان بەدرنگەوە تاکسی لێ پەیدا بوو. ئەوکات شاری ورمێ گچکەبوو"گەڕەکی نەوگێچەر"بەناوبانگ بوو. زۆر جارلاوە دەنگ خۆشەکانی "نەڵیوان"گاس دەکرانە دیوەخان دەنگیان تاقی دەکراوەو دەخرا سەرکاسێت. دوو بڵێند گۆی گەورە لەولا لەو لای دیوەخان دنگەکانیان بۆ ناو ئاوایی بڵاودەکردەوە. ژنو منداڵ لەپەناو پەسیوی دیوارەو بن قەڵاخ هەڵدەتروشکانو گویان لەو دەنگانە ڕادەگەت. کوڕی هەمزەگولی یەکێک لەو لاوە دەنگ خۆشانەی نەڵیوان بوو. نەڵیوان شارە دێ بوو. مزگەوتو فەقێو موستەعیدی لێبوو. ئاشی ئاوی هەبوو. ڕەزی ترێو باخی میوەجاتی ماڵی قەرەنی ئاغای لە ناوچە دەنگی دابووە. دارەگوێزوو توێئەوها گەورەو کەونارای لێ بوو گوریسی تێوەر نەدەسووڕا سەت کەس لە بن سێبەریان دادەنیشت. بە داخەوە لە دوایی دابەزینی قانوونی زەویوزار بوونە هەریمی جادەو وەبەر خۆرتمی بۆڵدزێران کەوتن دەرهێنران. لە وێ باخی هەرمێ کرۆسک، قەڕەلو، بادام، خۆخ، شەفتالوو، گێلاس، ئاڵووباڵوو هەبوو بەشێکی"متوربە"کرابوو لەگوندی نەڵیوانجگەلە ماڵی قەرەنیئاغا بەگزادەکانیش بریتی لە: شوکربەگ، مام شێخۆ، مینەی حاجی سۆرابی، حوسین ئاغا نەجەفی،محمودنفتی، کویخا حوسین، مووچەو بەرەمەزراو باخو مێشەی خۆیان هەبوو. زوربەی ئاوایەکە خزمی یەکتربوون. دوایی دابەزینی یاسای دابە شکردنی زەوێو زار هەموو ماڵەکان بوون بەخاوەن باخ. زۆرماڵی قەدیمی لە نەڵیوان هەبوون، وەک کەریم فەرەج، حوسین باڵۆ، مام تەفۆ، هەمزەگولی، مستۆحامید،محەمەد دوختەر،مام کاکل، ئەحمەد زەمکە، ئازیزەکوێر(شەکری) وکویخاحوسین، میرزائەکبەر یان (کۆترسولحو ئاشتی) بۆ مێژوو دەگێڕمەوە: ڕەزاپاشاخان زەرزا، بەرلە 1919 زایینی لە شەڕی تەورێزدا لەگەڵ جەعفەرئاغای شکاک (برایسمکۆی نەمر) بەشداری دەکات. چەند مانگ پێشترخیزانی لە سەر منداڵ (دایکی نووسەری ئەو دێڕانیە، ئێستەش ماوە) ئەمری. ڕەزاخان لە"تەورێز"کیژێک بەناوی ڕوا، دێنێ کە بنەماڵەکەیان لە شەڕداکوژراون، ئەوکیژە برایەکی حەوتسالانی بەناوی"ئەکبەر"دەبێت. ڕەزاخانئەویش دێنێتەوە نەڵیوانو لەگەڵ مندالەکانی خۆی دەبەرخوێندن دەنێت. چونکەڕوا منداڵی نابێت وەسیەت دەکات چەند پارچە زەوی لەنەڵیوان بدرێتێ. قەرەنی ئاغا وەسیەتەکەی بەجێ دێنێت.

پاشان ژنی بۆ دێنێت. کە ناوی خونچەبوو یەکجارڕاستگۆ سادق بوو. چەندکیژوو کوڕێکی بوو. بەداخەوە خونچە زوو خواحافیزی لێکرد، قەبری پڕلە نووربێت. ڕەحمانی تاقانە بەنازگەورەبوو. ساڵی1337باوکی ماتۆڕی بۆکڕی. کاک میرزاڕەحمان تەقی زادە هەربەلاوی خۆلیای گۆرانی بوو ماڵەکەی تەژی لەکاسێتو زەبتو شریت بوو. ئەوەندەش بە سەڵیقەبوو کە حیسابی لە سەر نەدەکرا. پێم وایە ساڵی 1344ی هەتاوی ژنی هێنا، ماڵەکەی ئەوهابە تاسە ڕازاند بووەکە مرۆف دەچووماليان مێشکی وڕدەماو دەکاسا، لەگوندوئەو جۆرەماڵە! لە ئاکامدا لە قوتابخانەی عەشایری بە مامۆستا وەرگیرا. دوایی دووکانی عەنتیکە فرۆشی لە شاری شنۆ کردەوە. پاشان کردیە سەلاجەو تەلەفزیون کەرەسەی کارەبا(ئالکتریکی). دووکانەکەی لە بەرتەمیزیوخۆش بەرخورد لە ئی هەمووکەس بەهەڕمێن تربوو، میرزا ڕەحمان کە بەحەق مرۆڤێکی یەکجار باشو دلۆڤان دۆستگرە، ڕیزوو حورمەتی لەلای خەڵک زۆرە بەڵام وەک پێویست بوو (میرزائەکبەری) بابیخۆی نەناسی دیارە ئێمەش وەک کە پێویست بوو"میرزائەکبەر" مان نەناسی. ئەو خەمخۆری هەمووکەسێک بوو، دژی خەراپەو لایەنگری چاکەبوو. پەکی بەکەس نەکەوتبوو، قسەی خۆی دەکرد. دەرمانی هەموو ژانێک قەبری پڕلەنوور بێت. لەماڵی عیسمەت خان پیاوێکی بەتەمەن دەژیا، پێیان دەگوت: مستەفا کەت. بنەچەکەی بەگزادەبوو. بنەماڵەکەیان کوێرببۆوە. لە ماڵی ڕەزاخان گەورەببوو. سەڵت مابۆوە. پاش مردنی فەیروزخان خۆی بەبێ کەس دەزانی. ڕێزو حورمەتی نەمابوو. لە ساڵی 1339هاتە گردکاشان لە شەوێکی ساردوسڕی زستانی1340 داکەلە بەر کڕێوەکەس سەرە دەری نەدەکرد نەخۆشی هێرشی بۆ هێنا، بە داخەوە دکتۆرلە فەریای نەکەوت دونیای بێ بەقای

بەجێهیشت. زۆرم لە دڵداماوە. ناوبراو مرۆێکی لە سەرخۆ پاکو خاوێنو بە دەماخ بوو.لە وڵاتانی ناپێشکەوتوی دونیادا کەسایەتی مرۆڤ بەپارەیە. بەداخەوەکوردستان لەوقانوونە جیانییە. خۆزیا وانەبوایە!
لە شەڕی یەکەمیدونیاگر1914ی زایینی شوورەویکە پێیان دەگوت: "عوروس" ئێرانیان گرت. بێ بەزەیی ئەوکاتیان بۆتە مێژوو دەیان بەیتو باوی بۆ هەڵبستراوە،گۆیا بەزەیان بەکەسدانەهاتوە، ئەوەشدەگەڕێتەوە سەرفتوای مەلاکان کەکوژرانی ئەوانیان بەخەزا زانیوە. ئەوانیش کە ئەوهایان دیوە ئیدی دەستیان لە چ نەپاراستووە. ئەوکات بە داخەوەکورد پتر لە ئێستا وەدوای خەرافاتو پڕو پووچ کەوتوون، پڕوپاگەندەی عارەب بەدەم مەلاکان کاری تێکردون ئەوش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان، یەک لە وان حکومەتی داگیرکەری عوسمانی هەرلە سەر ئەوجۆرەداخۆیانە مەزەبیە، بوونەتە چۆماخ بە دەستی عوسمانیە کوردکوژەکان،و لە سەرئەو جەهالەتە شەڕی (عرووسیان ) بۆ کردوون، ئەوانیان بەغەیرە دین وکافر زانیوە.لە حاڵیکدا وشەی(کافر)لەقورئان ئەو مانایە ناداتەوە بەمانای(کوفرانی نیعمەتە) کە هەلپەرستەکان بەهەڵە ئەوهایان بوگویی مرۆی ناحاڵی سریواندووە. ئەوە تورکیەیی عوسمانی بوو کە کوردستانی داگیرکردبوو نەک شوورەوی. ئەوە عوسمانیەکان بوون کە شۆڕشی کوردیان سەرکوت کردو سێدارەیان بۆ ڕێبەرانو پێشەوایانی کورد لەگۆڕەپانی خەبات دا چەقاند بوو نەک شوورەوی. مەلاکان ئەگەر تۆزە قالێک هەستی نەتەواتیان هەبوایە دەبوو دژی عوسمانیەکان هەڵویست بگرن نەک شوورەوی. بەڵام بە داخەوە ئەوهایان لە گوێی ڕەشە موسڵمانەکان هاوێشتبوو لێیان ببوو بە تەڵقین! ڕۆشنبیرانی ئەو کاتیش حەولو تەقالایان سەری نەگرتو پیلانی خەلیفەی عوسمانیو دواترئی ئەتاتورک کە بە دەستی مەزەب مشتو ماڵو گژت کرابوو کاری خۆی کرد. هەنۆکەش کە سەدەی 21 ئەو شانۆیە لە زۆرشوێنی کوردستان لە گۆڕێدا .هەنۆکەش هەلپەرستو خۆفرۆشبە یەکجاری بوونەتە نۆکەرو چڵکاوخۆری داگیرکەرانیکوردستانو سەری ئەو هەودا گڵاوەیان بەدەستی وەیەو خۆکوژی بەناوی ئیسلام بۆتە زاخاوی مێشکی لاوەکانی ساویلکەو نەزان. دەجاکاتێک عوروس گەڕانەوە هیندێک موسڵمانی قەفقازی لە کوردستان مانەوە. ئەمن ناوی دووانم لەبیرە: یەک مامچاوەش"یان پێدەگوت کەلە نەڵیوانمایەوە ئەوی دیکە"حاجی ئاغا"بوو. کەلە ماڵی ئێمە دەژی هەتا دوایی شەڕی دنیاگرهەرمابوو لە1329 لەگوندی گورگاوە ئەمری خوای کرد.

**(چۆن بووم بەشاعێر)**

ئەمن بە منداڵی زەوقی شێعرم هەبوو شانامەی مامۆستا(فردەوسی تووسی ) زۆرکاری تێکردم. کە60هەزاربەیتە، وەک بۆخۆی دەڵێت: بەسی ساڵی تەواوکردوە.
**بس رنج بردم دراین سال سی**
**عجم زندەکردەم بدین پارسی**
**نمیرم ازاین پس کەمن زندەام**
**کە تخم سخن را پراکندەام**
شانامەم وەکئاو دەخوێندەوە لە هیچ کوێ نەدەئاڵقام بێ ئەوەی کەس یارمەتیم بکات. زۆرم لە مێشک دا پاشەکەوتکردبوو لە بەردەمخوێندەوە بەڵام پیرینواری مێشکی ئەوها شوشتوومەتەوە، بەحاڵ دەچمەوە سەریان ئەوکات شانامە خوێندنەوە لە ناو عەشیرەکاندا باوبوو. وەک ئێستا تەلەفزیونو عەلەم قەلەم نەبوو. ئەگەرمیوانیک دەهات دواییناو شەوچەلە چەند داستانێک دەخوێندرایەوە. هەروا چەندکەس بەیت بێژ هەبوون. ئەمن ناوی چەندکەسم لە ناوچەی شنۆ لە بیرە کە حیکایەتیان دەخویندەوەو پاڵەوانیان تێک بەردەدانو دەیان گوڕاند. ژن و مندال لە کەلێنو قوژبن خۆیان دەگرت وگویچکەیان لێ هەڵدەخست. ئەوزەمان لەهیچ کام لەگوندەکان بەئەندازەی

پەنجەی دەستیک مرۆی خویندەواری لێ نەبوو ئەویش ئاغا و مەلای ئاوەدانی، بەڵام لە نەڵیوان جگە لە ئاغاکان، بەگزادەکانیش سەرەتەقیەکیان لە خویندن دەکرد. مەسەلەن میرزاجەلیلی نەلێوان کە بەگزادەبووە شاعێریکی زۆرباش بوو بەلام چونکە لەورژگار باوی گوتنی شێعر جۆرێکی دیکەبوو بواری شێعر گوتنی بەوشێوەگوتوە، دەنا شیعرەکانی کە بە ناوی بەیت بڵاو بوونەتەوە گەلیک بەهیزن، میرزاجەلیل ئەولادی نیرینەی نەبوو بەڵام چەندکیژی هەبوو ماڵەکەی لەناوباخی ئاڵوباڵو دورست کردبوو عەوزەکی لە بەردەم ماڵەکەی سازدابوو لەدەوری عەوزەکە چەند داری هەرمێ قەیسی و خۆخ و ئاڵووباڵووی چەقاند بوو ئەوکات کە ئەمن میرمنداڵیک بووم دووسێ جار لە گەڵ دایکم چوومەماڵیان بەگەنجیش دیبووم ئەو بێگومان تەمەنی لە80تێپەڕیبوو نابراوهی سەردەمی ڕەزاپاشاخان بوو لە ساڵی 1914شعێری گوتووە،کە بە بەیتی (فەقیری) مەشهوورە،پیم وایە هینديک لە شێعرەکانی لەسروە بڵاو ببوونەوە. نەڵیوان شارەدێ بوو قوتابخانەی لێبووە،سەردەمیک میرزاشیخ محەمەد مامۆستای گوندی نەڵیوان بوو وەک وەبیرم بێ ساڵەکانی 1332یان 1333ی هەتاوی بوو. ئەوکات لە زۆرگوندان حیکایەتخوان هەببوون مەسەلەن:

1-قادرە درێژ خەڵکی میرەباد

2-سمایل سێزدە خەڵکی گردکاشان

3-محەمەد دوختەر خەڵکی نەڵیوان

4-کەریمەخۆل خەڵکی شاوانە

5-برایم خەلیل دانیشتووی‌شاری شنۆ کە بەیتی"خەلیل پاشای"دەگوت کە دانەرەکەی شاعێری نەناسراو(جەلیل بەگزادە) یە. ڕەحمەتی میرزاجەلیل پیاوەکی دەم بەپێکەنین بوو مەشرەف خۆش بوو هێندیک شێعرەکانی ویم کە بۆ ئاغا موساخان و محەمەدخان زەرزا نوسیبوی ئەوکات خویندبۆوە جەوهری کارەکانی بوو ناوبراو لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەوسەردەم گەورەببوو بێگومان کۆنە کتێبێک بوو بەڵام نازانم بۆ ڕووداوەکانی نەنوسیبوونەوە، بەداخەوە ئەوکات وادیارە چ کەسێک لەناوچە ئۆگری مێژوو نەبووە دەنا بیرەوەریەکانی وی دەنوسینەوە، لە ڕاستیداکورد کە خاوەن مێژووی خۆی نەبووە نوسین وخویندەوەی زمانی کوردیش یاساخ بووە، بۆیەخۆیان لە قەرەی شتیکی وا نەداوە،ئەومێژووە بەپچڕ پچڕش هەنۆکە،کە لەبەردەست داماوە بەشیکی زۆری گەریدەکانی دەرەکی نوسیویانە هەرچەند کەم وکۆڕیان زۆرتیدابەڵام باشە ئەوەندەشیان بۆ تۆمارکردوین،هەموو کتیبەکانی مێژوو لە ئێران وتورکییەو سورییەو ئێراق لەمەڕکورد ئاوەژو کردۆتەوە بەدرۆدەلەسەیان باداوە، دەجا هەر ئەو درۆیەشیان بە ناوی مێژوو لە قوتابخانەکان بەدەرس گوتۆتەوە، یانی لەراستیدا ئەو قسە بادراوانەیان دەرخواردی زارۆکی کورد داوەتەوە، بۆیە هەنۆکەش بەشیکی ئیکجار زۆرلەکوردی ڕۆژهەڵاتی ئێران لە پێناسی خۆیان ئاگادار نین، هەتا گەلێک کوردی ناحالی لە سەرئەم پڕوپاگەندی حکومەتەکانی ڕەگەز پەرست، خۆیان بەئێرانی دەزانن کە هەڵەیەکی زۆرمەزنە،لایەکی دیکەش وەک بەرێ لە زورشویندا ئاماژم پێکردووە مەسەلەی مەزەب کارتێکریەکی زۆری بە پێچەوانە واقعیەت لە سەرمەسلەی کورد داناوە و هەموو شت بەگەزو نیوگەزی مەزهەب پیوراوە.بەڵام نابێ لەوڕاستیەش حاشابکەن کوردلەسەرئەو هەموو زوڵم وزۆری وچەوسانەوە نەخویندەواری سەرکوت کردن و قەدەخەی زوانی کوردی، مێژووکەیان پاراستووە یانی خەیاڵی دوژمنان و داگیر کەرانیان لە مەڕ توانەی گەلی کورد لەگۆڕناوە. ئەوپارچەکوردستانی ڕۆژهەڵات لە 1515ی زایینی لەشەرێ چاڵدڕان بەئیران لکاندراوە کە زیدەترلە/500ساڵە. ئەوهەی لە تورکیەش لکاندرابوو وەکووخۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەوپارچەیی کوردستانی باشورلە شەری ئەوڵی دونیاگرلە1923ی پەیمان لۆزان لەکوردستانی تورکیە هاویشتراوە سەر ئیراق و سوورییە،تەمەنیان 86ساڵە. ئەوجار لەئیراق کوردی قەت یاساخ نەبووە بۆیە ئەوان لەمەڕ مەسەلەی کوردستان ئاگاداریان پترە. بەم هۆیەوە لە کوردستانی ئێران مەسەلەی نوسین وخویندنی کوردی هەنۆکەش وەپشت کەوتووە هەرچەند نووسەرشاعرو کەڵە پیاوی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ئەستیرەی پرشنگدار لە ئاسمانی کوردەواری دەدروشێنەوە. بەلام حاڵی کردنی ئەم خەڵکە ئەوها دەست وجێ بێ بەرنامە چتوونە. راستییەش ئەمەیە مەلاکان

زوربەیان خەریکی پێهەڵاگوتن بە بەیت وبالۆرەی عارەبین دەجا لە ژێرڕکیفی داگیرکەران دابوونە، بێگومان ئەوهەی لە مەر مەزەب بەگوی خەڵکی ناحاڵیان هەلێناوە ئەگەر یەک سەدەمیان بۆ پێناسی کوردی ڕێگاچارەیان بەگوێچکەی کوردچرپاندبوایە لەمێژ بوو کورد لە هەرچوارپارچە ئازاد ببوو. بە کۆمەڵە مەلایەکی ڕۆشنبیریش ئەوشتانە پێکنایێن. ئەمە یەکێک لە دەردی کوردە، کە نەیهێشتووە تۆق وزنجیری کویلەتی لە ملی خۆی دابڕنیت.

## (ڕاوەتاژی)

کاتی مندالێیم لە گورگاوە بەوجۆرەڕابوارد. کە بەفر دەباری و نوێژی شێوان هەڵی دەبرینگاند بۆ بەیانیەکە ڕاو خۆشبوو. بەڵام ئەگەر پڕوشەی کردبوایە بەگەردالێک بەفر شوێنەکان پڕدە بوونەوە، ئیدی ڕاونەدەکرا. بۆ ئەوەی ئاگادار بە ئاڵەگۆڕی هەوا، بین نێوەنێوە سەرمانلە دەرێ دەدا ئەگەر ئاخۆ ئاسمان تاریکو تروکو مژە یان ساماڵە،کە هەواتروک بوایە ڕاو نەدەکرا چونکە تاژی کەرویشکی بزردەکرد،مەترسی لێدەکرا گورگ تاژی بخۆن. بەڵام لە بەفری ئاوەکی مەگین بایەکە زۆر بەهەرەکەت بوایە دەنا بەفری هەڵنەدەگرت. لەکاتی ڕاو دا دەبوایە تاژی زۆر تێرنەکرا بوان. جاروبار بەپیادەش بۆ ڕاودەچووین تایبەت لە شوینگیڕی سەربەفر،هەمووکەڕەت کاکم سەمەدخان دەهات لە پیاوکانیش مام عەولای ڕەشید بەگ،دەنا حوسین شامرادی ئالیاوە کە ئیکجار ئالوودی ڕاوی کەرویشک بوو هەزارکاریش هەبوایە ڕاوی سەربەفری لە دەست نەدەدا. ئێمە چەندتاژی باشمان هەبوو بەتایبەت هەڵۆ کەتاژیەکی دریژی لۆق لۆقی بوو لەبەفرو پێدەشت هەرکەرویشکی نەجات نەدەدا،تاژیەکی گچە کە مەلاجەردیس لە کانی سۆرک پێشکێشی کردبووین لەچیا نەدەهێشت کەرویشک دەرچێت. کاک عەوڵلای ڕەشیدبەگیش کە کەسایەتێکی مەتین و ئاقڵ لە سەرخۆ بوو کەیفی بەڕاودەهات،هەروامام باپیر ئازەربەخش، بە داخەوە کە هەنۆکە یادێک لەو کەڵە پیاوانە دەکەین زۆرکەمیان ماوەن زوربەی ماڵ ئاوایان لێکردووین.
روحیان شادبێت.

## (وەزعی سەمەدخان)

ساڵی 1334ی هەتاوی سەمەدخان ناسکەی کیژی ڕەسوئاغای بۆ گوێزراوە، لە1336ماڵی بردەگردکاشان. جگەلە شەش دانگی وێ 1/5دانگی بێژاوە-شی درایە. ڕەحمەتی پیاوەکی سادقو ڕاستگۆو بوو زۆری کەیف بەپیاوەتی دەهات ئەوکاتگردکاشاندیمە کاری نەبوو، زەویە بەراوەکەشی کەم بوو. دانیشتوانی زۆربەیان ئاژاڵداربوون. ئەو بەرهەمەی نەبوو،ئەمن دوایی کێشەو هەرا لەساڵی 1338ی هەتاوی 4/5دانگ ئاڵیاوەم درایە. ئاڵیاوەگوندەکی قەوغاو زەویەکانی بە پیت وبەرەکەتبوو، جۆتیار هەموو خۆیان بۆ وێ دەکوتا. ئەمن لاوەکی دەمرووت بووم سەرم لەمە دەرنەدەچوو. هێشتا ژنم نەهێنابوو گورگاوە و3 دانگ "شێوەسماک" لەگەڵ شەش دانگی(گردی مەلائەحمەد) کە هەنۆکە بۆتە شارەۆچکەو20بیست هێکتار باخ ومێشە بۆ مەجیدخان ماوە.
وەک بەرێ ئاماژەم پێکردوە ئەمن لەگەڵ سەمەدخان ئالیاوەم بە گردکاشان گوڕیەوە. گوندی گردکاشان سی ماڵێک دەبوو، دوازدەجووت بەندەیی لێ بوو زوربەیانمەڕدارو خاوەنچادرو چێخ بوون. هەموو خەڵکەکەی بە کەڕامەتو پشتاو پشتیان لەوگوندە براۆبوە. زوربەی دانیشتوانی عەشیرەتی ڕەوەند بوون. کە شیوە ئاخافتنیان لە بادینی نزیک ترە. پاش قەدەرحەیامێک ماڵی مام یونسم هێنا وێ کە سێ کوڕی هەبوون بەناوی1 خورشید2 سمایل3مەلاعەزیز. مام یونس یەکێک لەو بنە ماڵە موهاجیرانەی سەروەماڵی سەیدتەهای شەمزینان بوو. لە شەڕەکانی سمکۆی نەمربەشداری کردبوو، بۆخۆیلە کورستانی بندەستی تورکیە هاتبوو دونیا، لە مەڕمەسەڵەی کورد هەتڵەو پەڕیوە ببوو، سوارەی

"حەمیدییەی"لە تورکیە بینی بوو. لە مەڕ پەیمانی لۆزان1923 زۆرشتی دەزانی لە گەڵ ڕووداوەکانی ئەو سەردەم گەورە ببوو. زۆرئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەوکات بوو. لە
تورکان داخ لە دڵ بوو، ئازارو ئەشکەنجەی عەجەمی ئێرانی چێشتبوو.
لە ڕاستیداکۆنە کتێبێکی واقعی لە ڕووداوەکانیچەرخی بیستەمی زاینی بوو. کە وەرەس دەبوو دەهاتە دیوەخان،کە دەکەوتینە قسە، بیرەوەیەکانی دەگێڕاوە. زۆر بەزەین بوو هەتاناویسەرکردەکانی هەردوو لای لە مێشکی دامابوو. کەڵە پیاوێکی ڕۆژگاری خۆی بوو بە داخەوە وەک پێویست کەلکی لێ وەرنەگیرا. بەڕاستی ئەمە کەمتەرخەمیەکی گەورەبوو.
ئەمن لەگەڵ دوکوڕی ناوبراو: سمایلو مەلائازیز، لە زیندان بووم کە ناوبراو ئەمری خوایکرد. بەڵام بیرەوریە مێژوویەکانی لە لامهەر زیندوون. کە کتێبەکانی مێژوو سەروبن دەکەم قسەکانی وییم بەکۆ دێنەوە یاد ناوبراو ئەو شتانەی پوختو پاراوتر دەگێڕاوە. گوندی گردکاشانی ویشکاروو خاکەکەی کۆدەبوو، کانیو کانیاوی زۆربوو. تایبەت ئاوێ "کەندەباس"دەتگوت ئاوی حەیاتە.
هەنۆکە بۆڕیەی لەو ئاوە بۆ کێشراوەتە ناو گوند، لە ئاویساردو ڕزگاریان بووە پانەگۆڕایی (گۆلاو، دەشتەلەیل)هەمووکانیاو بوون کە هەریەک بەرەمەزرایەک بوو. ئاوو هەوای کوێستانی. بەڵام هەرکێیەکانی دەشتەبێڵ کە فێری سەرەڕۆیی ببوون، ڕەوەی بارگینانیان لە ناوگیا درووی‌گوند بەرەڵادەکردو چادرو چیخی دەشتەبێڵی لێ نشتەجێ دەکرا. لە سەروی هەموان چادری جەمیل بەگو ئەحمەدبەگ. کە هەریەکە دووهەزارپەزیان هەبوو.
شوانکارەکانیان تفەنگی بڕنۆیان لەلابوو. هەر بە ئەنقەست زوڵمیان لە دێی گردکاشان دەکرد. گیادروەکانیان لێ بەردەدان. ئەوەش دەگەڕاوە سەر لاساری ئەحمەدبەگ، کە18گوندی دەشتەبێڵی لە کوڕەکانی قەرەنی ئاغا داگێرکردبوو. ناوبراو خزمایەتی لەگەڵ هەرکی ئەو دیوی کوردستان هەبوو، هەمووشیان مریدی شیخ ڕەشیدلۆڵان بوون کە جاشی 1960 ی سەردەمیحکومەتی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم بوو، دەجا هەر وەک هەرکی‌یەکانی ئەو دیو بە لایەنگری شیخ ڕەشید ببوونە جاشی قاسم، ئەو هەرکیانەی ئێران نۆکەرایەتی "شایان" دەکرد. وچەکیان لە حکومەتی"شا وەرگرتبوو. بەڕێنوێنی ئێستخباڕات دەجۆڵانەوەوە خەڵکیان دەچەوساندەوە بەوملهوڕیە ژیانی خۆیان تەیارکربوو. هەریەکە چەند دەستە خانوبەرەیان لە شارەکان تایبەت لە"ورمێ"کڕیبوو. ئەوانە بەرهەمی کرۆستنەوەی گۆشت و ئێسکی خەڵکی کوردبوو. عەشیرەتی هەرکی زۆربەی ئەوها بەهێڕی ماونەتەوە، دەجا لە بەرساویلکەیی ببوون بە سۆفی شێخ ڕەشیدو هەریەکە ڕدێنێکینێوگەزیان هێشبۆوە.کە وێنەی جەنەتی وادە پێدراوی شێخی لۆلانیان تێدا بەدی دەکراو بەربەرکانی شۆڕشی "ئەیلول "یان دەکرد. کە بەسەرۆکایەتی نەمر بارزانی لە1961 دەستی پێکرد بوو.
لە بەهاری 1340ی هەتاوی لەگەڵ هێندێک ڕدێن سپی ئاوەدانی بۆ بەرگری لە سەرەڕۆیی هەرکیەکان بەروگوندی "کانی سپی " چووین بەوناوانە:
1-مام عیسا
2-مام خەلیل
3-مەولودچەڵەبی
4-ڕەشە
5-حاجی مام حەسە
6-میزاقاسم
ئەحمەدبەگ کە نیمچەپاشایەک بوو لە بێڵاسی کۆشکەکە دا لە سەرکورسیلە دانیشتبوو. زۆری ڕێزلێگرتین، هۆدەگەورەکەش کە هەرکی تێداییخ ببون وەک حەوشترلێی ڕاکشابوون، ئەحمەخانی لێبوو پێیان دەگوت(کەژو) هەرچەند ئەحمەدبەگ بە ئاخافتن چی تێدا نەهێشتەوە بەڵام بەکردەوە وانەبوو، بۆیە لەگاڵ سمایل، خورشید، عەلیبریارماندا بیکۆژینو بچینە ناوشۆرشی ئەیلول. ئەوکات مستەفاخانو براکانی سێ بڕنۆی یان هەبوو دووتفەنگم

لێ وەرگرتن بۆخۆشم تەماتیکەکی ڕووسیم هەبوو. ڕۆژێک کە گوێزقوڵاخ بووین ئەحمەد بەگ لەگەڵ حاجی فەرموودلە"کانی سپی" بەرەو شنۆ دێ، لە خیزەڵانەکەی چەمی گردکاشان پێشمان پێگرت. بەداخەوە(حەمەدەمین حاتەمی ناسراوبەچیچۆ) بوو لەگەڵ "حاجی قادری هێشماوێ"چەندغوڵامی چەکداریان لەگەڵ بوون. ئەوان بە هاواری سۆفیەکانی شێخ ڕەشید لۆلان دەچوون لە"هەواری باێزی" لە سنووری دەستکردی "کێلەشین"ڕوو بەڕووی پێشمەرگەی بارزانی سەنگەریان گرتبوو. ئەوکات بەشێک پێشمەرگە لە "سیاکێو زنجیرەچیاکانی سقر:"دابوون. ئەمە سیاسەتی خائینانەی حەمە ڕەزاشا بوو کە بەوکەسانەی ئیجازە دا بووکە مریدی شێخ بوون لەو شەڕەدا یارمەتی ئەوان بدەن. هەرچەنە حاجی قادرو چێچۆ، دەست کەرەوە بوون بەڵام مرۆڤ نەشێت لە ناو تڕومبێل دەست هەڵێنێت. ئێمە داوای لێبوردنمان لێکردن، کە ئەوان بە پاشداگەڕانەوە ئێمەش ترسمان ڕێنیشت، چونکە زۆریان تەقەمەنی پێ بوو، بەلەز بە چیا هەڵگەڕیان، دیمان جارێکی تر دووماشین گەڕانەوە کەیەکیان ئەحمەدبەگ بوو. بۆیە لێمان گۆڕابوون ماشێنەکانیان یەک ڕەنگ بوون. دوایی بیستمانەوەکە زۆرسەرکۆنەی ئەحمەدبەگیان کردبوو ئەوەشیان بەسووکایەتی دانابوو کە لە شنۆ دەنگی داوە، سبحەینەکەی ئەحمەدبەگ دەستووری دامێگەلە مەڕو چادرو چێخ لەگۆلاو دەرکەوتن. ئێمەشتڕاکتۆڕی مەشەدی محەمەدی(ئاڵەگویزمان هێنا سەر،دەستمان بەکێلانی کرد، کاک سمایلیمستۆ جەوەریش بەهۆی دڵ ئێشی لە باوکی میوانی من بوو، زەویەکانی"گۆلاو"دووسەت هێکتار دەبوو، بەداخەوە لەکاتی دابەزینی قانونی دابشکردنی زەویوزار کە ئەمن خرامەگرتووخانە، ئەو بەرەمەزرایە بەناوی ئەغاکانی "ئاڵەگوێزی یانی کوڕانی مەشەدی محمەدی قەرەپاپاق" تاپۆ کرا، زەحمەت بە خەسار بووین، زەویەکانی "دەشتەلێڵ"یش کە1340 کێڵدرابوون نزیکەی دووسەت هێکتارێک دەبوون بەناوی یوسفو مووختاریتورکی دانیشتووی ورمێ تاپۆکران، چونکە بەپێی قانوونی ئیسلاحات هەرمرۆڤێک بەهەرلەونێک لە ساڵی1340 مڵکی لە بەردە ست دابوایەو پسولەی خاوەن مڵکی بۆ بەرهەم هەبوایە بەزارعی ذی نەسەق دەناسرا بەم جۆرە ئەو مەزرایانە خروپتوونو لە هیچ و خۆڕایی بوون بە ئی عەجەمی نەغدەو ئی ورمێ، نەک هەرئەوەندە بگرە سەدان گوندی کوردستان بەم قانوونە بوون بە عەجەمستانو لە سەرئەو پیلانە داڕێژراوە کەوتنە بن ڕکێفی تورکەکان. ئەوەش بڵێم چێچۆ ئەحمەدەگ ئەو دژمنایەتیەیان لە بیر نەچۆبۆوە، کاتێک لە1344ی هەتاوی بەهۆی تەوژمی شۆرشی ئەیلول کە بەکردەوە کەوتبوو ژێرڕکیفی محەمەدڕەزا وکوردی کوردستان ڕۆژ هەلات جێی پێ لێژببوو، ساواک داوی لەکوردستان ڕاچاندبوو. سەدان کوردی شۆڕشگێر کرانە قۆچی قوربانی! وە بەپێی ئەو سەوداو مامەلە بەمردویی یان بەزیندویی تەسلیمی ئێران کرانەوە،یان لەکوردستانی باشوور مەجبوور بەفیراربوون. ئێمەش یەکێک لەو دەستەبووین کە فیزەمان لێبڕابوو. دەراوی ڕوونی حاشارگەمان لە سەرداخرابوو. لە ئاکامدا کەوتینە دەست چێچۆ ئەحمەد بەگو سەودای خۆیان لەگەڵ "ساواک "پێکردین. سەرئەنجام ئەمن لە دادگای نیزامی مەحکووم بە ئیعدام کرام کوڕەکانیش لە سێ هەتا حەوت ساڵیان بەسەردابڕا. دوایی حوکمی ئیعدامەکەم بە پیی فەرمانی "شابانوی کاتی ئێران بەدەرجەیەک عەفووکرا بە حەپسی هەتا هەتایە. بەدەیان کوردی شۆرشگێڕ کەلەلایەن شۆرشی ئەیلول تەحویل بەساواک درابوونەوە لە دادگای زەمانی جەنگی "جەڵدیان" بە ئیعدام مکحوم کرانو بەدەست چڵکاوخۆرانی ڕێژیمی شاهەنشاهی گوللەباران کران. یان بەحەپسی دەێژخاێن محکووم بوون.

**(بیرەوەریەک لەگردکاشان)**

ئەوەندی کەلەگوندی گردکاشان مامەوە لەگەڵ خەڵکەکە وەک برا بە برایەتی ڕامان بوارد. هەموو دانیشتوابی ئەو ئاواییە سادقو بەکەڕامەت بوون، هەمووشیان سەخیو میوانگرو دەست هاوەڵا، بوون. هەرچەند جگەلە چەند ماڵی ئاژاڵدار ئەوانی دیکە بەحاڵە حاڵ خۆیان پێ بەڕێ دە چوو. ژنو کیژەکانیان بەحەیاوکەڕامەتو شێرانە بوون.

هەنۆکەشلە دووری وڵات ئەو بیرەوەریە شیرنانەی ئەو گوندەم لە دڵدا ماوە، لە پارچە شێعرێکداکە سەری قسەم لەگەڵ ڕەشید دورستکار کوڕی شەهیدی نەمر سمایل کردۆتەوە مەبەستم لە خەڵکی بە ویژدانی ئەوگوندەیە:

ڕەفیق لەکویی؟!
ڕەشید لەکوێی؟
قۆندڕەکەت
لە ناولیتەی قوڕوو چڵپاو
جمگە جەماو
لە دێیەکەی،کۆل بە دارماڵ بیرەوەری
لە کەپری، بن تاقەداری
جێگای سارداو
کە ئێواران پۆلێک کیژی
دەست بە خەنەی
گۆزە لە شان
بەجام لێیان هەڵدێنجا ئاو

چەند بەتام بوو
قومێک لەو دۆ کوندەلانە
لە ماندوو بوون
خەونۆچکەی تارمایی خەیاڵ
دەمباتەوە ئەو شوێنانە
کە لە دەست چوون
لەبن گویم دێ
دەنگی جریوەی
پاساری کۆلانی گوندی
هەنگاوی بەگوردی زاوا
لە شەو شەق بوون
زەردە خەنەی دەمی قەندی
لە بن تارا بووکی حەوتوو
هەستی چرپەی ماچو سرتە
زرمەی بارانی بە ڕێژنە
زرێزەی فرمێسکی گوڵان
لەرەی ئاونگی دەچڕوو

دەمباتە چەختی" ئاسمبەر"
"قووچی قەزەن"
"کانی حاجی"

جلەوگری کێوی"شەڕگە
بەرپاڵی دە"دۆڵی قۆزلوو"

دەستگێرانی قسەی دڵم
ئێستاش تەیری ئەو شوێنەیە
لە هێلانە شتەک دراو
نهێنی دڵ هەزار هەزار
لە ناوکووپەی شێعرەکانم
دێزە بەدەرخۆنەکراو
جەمەد بەستوو.

ئێستا دەڵێم:
سەت سەت وێگرا
چەکمەڕەقی مووروو ئەژمێر
لەو مۆڵگە شەو نابێرەدا
دەست کوتوکوێر
چەک کراوی کەرامەتی مرۆڤاتی
خۆ پێ نە کورد یانی نەوێر
لە قاپی نەیار وەرکەوتوو.
بە سەدەقەی خۆڵی بەرپێی
کالۆشی ئەو جۆتیارانە
بە قوربانی مەردوو ڕەندیو
ساویلکەیی ئەو خەڵکانە
دڵو دەویان وەکوو یەک بوو
ئێستاش بێگومان هەر وانە
لەو دێ گچکە لاپەڕە دا
ناوی بەخێر،دڵ وا لە دوو

بەڵێ ئەو خەڵکە بە شەڕەفەی گردکاشان لە ڕاپەڕینی گەلی کورد لە1358ی هەتاوی کە ئاخوندەکان هێرشیان دەستپێکردو خومەینی فتوای خەزای بۆ میللەی کوردڕاگەیاند، لاوەکانی ئەوگوندە بە ورەوە بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتو بۆ دیفاع لە کەرامەتی گەلو زێدەکەیان دژیملهوڕان جەنگینو بە دەستی چڵکاو خۆرانشەهید بوون بە داخەوە بەکرێگیراوان گوندی گردکاشانیان ئاگر تێبەردا، ڕوو ڕەشیان لەگەڵ خۆیان برد، بەڵام سەربەرزی بۆ ڕۆڵەکانی بەورە ماوە هەنوکەشیادی ئەو حەماسەیی نەبەزەکان دیمەنی قارەمانەتیان دەخاتە تابلۆی هۆنراوەکە.

(سەیدەکان-1340ی هەتاوی)

سەیدەکانی ئاوایی"بێژاوە"بنەماڵەیەکی چڕوپڕبوون. گەورەکەیان کاک سەید سەفی بوو، مرۆڤێکی دەست و دڵ ئاوەڵاو نانخۆشو بەمیوانو بێنەو بەرە بوو.

ئەو دەم تەمەنی لە شێست بەرەو ژوور بوو یەکجار بە ویقار بوو قووڵی دەخویندەوە. بەڵام ئەسکەندەرخان لەوگوندە تاقانە بوو، خزمەکانی بەگشتی لە ئاڵیاوە بوون، ئەو بناییەی کە ئەو تێیدابوو قەڵاتێکی گەورەبووکە باپیرم فەیزوللاخان دورستی کردبوو. قەڵاکە چەند برجی لێ سازدرابوو هەیبەتێکی مێژوویی کەو نارای پێوە دیاربوو. بەڵام چونکە پێی ڕانەدەگەیشتبوون بەفرو باران ساڵبۆریکردبوو. ڕەحمەتی ئەسکەندەرخان پیاوەکیچاکو بێ غەرەزو هێوربوو. بەڵام لەگەڵ سەیدەکان بێ ناکۆکی نەبوو. لە ڕاستیدا ئەوان گەلەکۆییان لێدەکرد. لەو کێشەوهەرایەش دا ڕەحمەتی سەیدشوکر دەوری سەرەکی هەبوو، ناوبراو کوڕی دەباشی لێوەپاش کەوتن، یەک لەوان عەلی خان بوو کە دووکانی زێڕینگری لە شاری شنۆ کردەوە.

وەک لە ئوسترالیا گوێ بیس بووم ئەمری خودای کردوە. ڕوحی شاد بێت. وەک دەیان گێراوە نیعمەت خان لە سەردەمی شەڕی دنیاگر لەوگوندە"سکەی لێدەدا"بەلام دوایی وی کەس کارەکەی بەردەوام نەکرد، ئەمن پێم وایە ئەو لە"پیرڕەش" بەردە زێڕینەکەی دۆزیبۆوە! ئەمن لە کاتی ئیشقیابوون هیندێک کەورم لەو شوێنە وەبەرچاوهات کە ڕۆژلێی دەدان دەتروسکانەوە، ئیستاش پێم وایە کە(ئەوبەردانە زێڕن).

(عەزیزخانەبەگی و سیفەتەکانی)

ئەوچاخ ئازیز دووکانی لە شاوانە دانابوو. دەبی بڵێم بەقەلەو دەلە بەڕێ دەچوو، بەڵام کە ماڵی بردە شنۆ وەسەر پێکەوت. ئازیزمرۆڤێکی زگدڕاوبوو، بۆ لەگەڵ دانشتنو بەزمو گەمە و پیاوەتیو زمان خۆشی بێ هاوتابوو وەک دەڵێن کوڕەکانی ئازیز بە گشتی ڕوح سووکو لە بەردڵانو دڵفرەوانن تەنیا هەمزە نەبێت کە بە تراوێلکەی عارەبی مێشکی شووردراوەتەوە. عەزیز هەر عەیبەکی هەبێت پەیوەندی بەخۆیەتی ئەمما نانخۆشە، من چ ئەو کات لە گردکاشان بووم یاکوو لە ورمێ کە دەچوومە شنۆ، مێوانی وی دەبووم بە حەقیقەت دوژمنی نانیخۆی بوو. ئەو دەم دنیای لێڕوون دەبۆوە کە میوانی دەهات. ماڵەکەی وەک هوتێل پڕلەمیوان بوو. هەروا مرۆڤێکی زیخو بە دەستەوەو کارپێکراوو بە غیرەت بوو، تاسەی ئەوە بوو ئەوەی بەساڵێک کۆی دەکاتەوە بەڕۆژێک لە ڕێگای پیاوەتی خەرجی بکات، زووی لێیدەقوما،بەلام خیرا برینەکانی سارێژ دەکردن لەکاسبی دۆزینەوە پارەپیداکردن دەتگوت ودم بەدەستە،سلیقەی ئەم کارانەی هەبوو بەڵام پیاوەکی قانع نەبوو هەمێشەچاوبرسی بوو، لە شنۆ باشی بۆ هات هەڵیدا. ئەمانە لێکدانەوەی منن کە دەگەڕێتەوە ساڵەکانی 1333هەتا 1369ی هەتاوی. ئیدی ئاخۆ گۆڕانکاری بەسەر مێشکدا هاتوو یان نا، ئەمن لێی بێ خەبەرم.

(مامەندئاغا)

ئەمما مامەند ئاغا بەدواییکاسبی داهەڵدە سووڕا کەچی ڕسق سوارە ئەو پیادە، قەت نەیدەگەیشتێ! یەکجارخزم دۆست بوو باسی کەسی نەدەکرد بە کەس ماندوو نەبوو، ڕێزوو کەسایەتی هەمووڵایەکی دەپاراست، لاشەڕو هێون، دڵ هاوەڵاو سەخی. ئەوکات ماڵی لە"شاوانە" بوو لە هۆدەکانی حەوشەی پێشەوە دادەنیشت هی پشتەوە ماڵی سمایل خان بوو.

گامێشەکیان هەبوو، بە قەت حەوت گامێشی شیردەدا، ڕەحمەتیخامان خانم خێزانی سمایل خان بە ورکە نانی بەخێو دەکرد"کاردارەکەی تورکیان بەناوی"قولام:" لە لابوو لە ورچ بۆگەن تر بوو. سمایل خانی شاوانەش دوایی دابەزینی ئیسلاحات شیرازەی ژیانی قەتیا،بەلام پەڵە زەویەکی گەورەی لەدێماتی بەرزایی ئیمام کێڵا کە30هێکتار دەبوو بە وی هاتەوە سەرەخۆ، بەڵام حەوسەلەی کاسبی نەبوو ئەمما خێزانی کە ئیکجار شیرانەبوو ماندونەناس وکۆڵنەدەربوو بەرهەمی ژیانی خۆیانی لێ وەدەست دەهێنا.

### (فەقێ برایم)

زۆرجار لە دەرەوەی ولاتیش بیرەوەریەکانم لەگەڵ فەقێ برایم دێنەوەبیر،فەقێ برایم ناسراو بە"برایمە سوور"دەهاتە مالیئازیز، جگەلە خزماتی جەفەنگیان پێکەوە هەبوو ناو براو مرۆڤێکی بێ غەرەزبوو، سیوادیشی نیمچە مالایانەبوو، بەڵام شایی بەمالایەتی نەبوو. ئیخلاقی ئیمەی دەگرتەوە زۆرقانع بوو لەگەڵ فەقێ برایم بیرەوەری هاوبەشمان لە1356هەیە کە ڕێژمی"شا"دەهات لاپەی ببات، ئەمن ماڵم لە ورمێلە شەقامی دانیشکدە بوو، پێکەوە مامەلەمان دەکرد، دۆستەکەشی بەناویکاک حوسین گەلێک ڕاستگۆ بوو. فەقێ برایم هەمووئاکارەکانی پیاوانە بوو خزمێکی بەوەفا دۆستیکی بەبەقا بوو خۆی تاریف نەدەکرد بەقسە حەوسەلەی خۆ هەڵدانەوەی نەبوو بەلام بەکردەدوە ئینسانێکی واقعی بوو. ژیانیکی سادو ساکارانەی هەبوو. وەک بیستوومە گۆیا کوڕەکانە ناردۆتە دەرەوەی وڵات. هیوادارم خۆشبەخت بن هەرچەند دەرەوەی وڵات بۆ منداڵ باش نییە،زوربە لاڕێدەبن بەڵام هی واش کەم نین کە باش دەخوێنن وپلەوپایەیان بەرز دەبێتەوە، ئەمە شانس وئیقباڵە!

### (بۆزاخاوی مێشک)

ساڵی1342 بوو حکومەت بەدوام وەبوو، ماڵەکەم بردبۆ"شاوانە" وەرزی هاوین بوو، لەنەکاو دوو زرە زەلامی عارەبم لێ هاتنەژوور، کە ئاوارەی فەلەستین بوون، بۆم حاڵی نەکران لە دوای مەلاعەزیزی برای سۆفی غەفۆرم نارد. ناوبراو سەردەمێک لە ئێراق فەقێیاتی کردبوو سەرو بنی عارەبی تێکدەکردەوە. هێشتا مەلا نەهاتبوو، ئاغا سمایل خان هاتەبەر دەرگاەگوتی: دەڵێی میوانت هەنە؟ گوتم بەڵێ دووعارەبنلییان حاڵی نابم ناردومە لە دووی مەلائازیز بێ لەگەڵیان بدوێ! گوتی: خۆ ئەمن لە وی عەرەبی چاکتردەزانم! گوتم: لەکوێت خوێندوو چۆن فیربووی دەستی بە سوێندو قورعانان کرد، گوتم فەرموو...سمایلخان ڕووی تێکردنگوتی: هازالمکان، ئەوانیش گوتیان :فەلەستین، ئیدی سمایل خان عارەبی لێخەلاس بوو. هێندێک شوتیو تاڵکەو تەرەوزی لە قولینچکی وەتاخ دانرابوون، سمایل خان بە دەست ئامازەی پێدەکردنو دەیگوت: ئەلشوتوو،ئەلگوندۆرە،ئەلتاڵکە، ئەلتەرێزوو،! عارەب کە قوشقی ببوونو حاڵی نەدەبوون دەیان گوت: نەعم! ئیدی سمایل خان دەست بەردار نەبوو، ئەوکەڕەت ئەمنی پێدەناساندن! دەستی لە ملی من دەداو دەیگوت: ئەلحامیدخان، ئەلئامۆزا،ئەل کوڕەخاڵ! عارەب حەپەسا بوون و زاریان بەش کرد بۆوە. ئەمنیش لە بەرپێکەنین نەمدەزانی چ بڵێم! لەو کاتەدا مەلائازیز هات وەژورکەوت گوتی: سمایل خان ئەوە چ دەلێی؟لەوەڵامدا گوتی: بە سەری تۆ مەلاعەزیز ئەوانە عارەبی دەشتەکین و عارەبیەکەیان جلفەیە دەمەوێ فیریان کەم! بەوگێرانەوەیە قسەیەکم وەبیرهات:دەگێرنەوە: کاکە ڕەحمانی ئەمیر عەشایری تازە هاتبوو ئوستەڕالیا، ئەو دەمکاک قاسم سەرە تەقەیەکی لە زوانی ئینگلیزی دەکرد کاکە ڕەحمان ئەوی وەک دیلمانج لەگاڵ خۆی دەگێرێ. بەڵام زۆرجار پێی دەڵێ: ئەگەرئێوەش موتاج بە زوانی عارەبی بوون ئەمن یارمەتی تان دەدەم. بە هەڵکەوت لە دووکانێک چاویان بە بادام دەکەوێ، قاسم دەڵێت: ئەوە نۆرەت هات زەحمەت نەبی کیلۆیەکم بادام بۆ لەوعارەبە بکرە، کاکە ڕەحمان دەچێتە ژووری دووکانەکە

لە حاڵێک دا لۆچێک بادام دەکاتە دەستو بەکابرای دووکانداری عەرەب نیشان دەدا دەڵێ: (کیلۆ واحد بادام). قاسم دەڵێ: هەی لەو عارەبیە ئەوەکویی عارەبیە! کاکە رەحمان دەگەرێتەوەو دەڵێ: لە گەڵ ئینگلیزیە شرەکەی تۆچۆنە! هەتا وشەیەک بە(شینەشین) دەست پێدەکەی هەموو شەویلکەت خوارو خێچ دەبن! وەک قەیسی لەدەمت دا دەتوڵخێنەوە! سمایل خان بەلاوی یکجار توورەو تۆسن بوو. تایبەت سبحەینان کەلەخەو رادەبوو دەیکردە هەراو هوریایەک مەگین خودا بزانێت، بەڵام دوایی نان خواردن ئەهوەن دەبۆوە دەتگوت نە بای هاتوە نە باران، حوسینی کوری کۆپی ئەوە، دەڵێن ئێستا بووە بە(دوکتۆر). تۆڵەی هەموولایەکی لێکردۆتەوە. حوسین تازە دیپلومی وەرگرتبوو، کە ئەمن لەو وەختەدا دووسێ جارسەرم لێدان، ئەوکات لە خانووبەرەی سەرهەنگ کەریمی دابوون. چەقەوهەرای حوسینی بیرەوەیەکانی دەورانی لاوی سمایل خانی وەبیر دینامەوە،حوسین بەپێچەوانە شەرمیون بوو بەلام بۆگرنەگرتن باوکی خۆی بوو قیژەو هەڵلا هەڵڵای لەحەوشە زەلامەکەی ماڵی سەرهەنگی دەزرینگاوە. نۆکە دەلین بووە بەدوکتور، خوادا روحم بە نەخۆشەکان بکات.

**(بۆزاخاوی میشک دەگێرمەوە)**

دەڵێن کابرایێک کورێکی وەک "فلان" کەسی هەبوو، هەرچەند باشی دەخوێند بابی پێدەگوت: ئەتۆ قەت نابی بەپیاو! کورەکە ئەو قسەیەی لە دڵیگران دەهات، وایلێهات کورخوێندنی تەواوکرد پلەوپایەی‌نیزامی بەرزبۆوە بوو بەسەرهەنگ و پادگانێکی نیزامی‌کەوتەژێر کۆنترۆڵ! بەلام دیسان کەلەگەڵ باوکی دەکەوتە ئاخافتن هەرقسەکەی جارانی بۆ دوو پات دەکردەووە! رۆژێک جەنابی سەرهەنگ دەستوور بە دەستە سەربازێک دا: کە لە کازیوەی بەیانی دا دەرگای ماڵی بابی وەبەرپێلاقە بدەن، بابی بەجلو بەرگی خەو بیهیننەپادگان! سەرباز دەستورەکە بەرێوەدەبەن! کور میداڵو دەرجەی ئەفسەری لەخۆ حەمایل بەند دەکات لەسەرکورسیلەیەک دادەنیشێت دەڵێ: بیهیننەژوور! سەرباز بەمل راکێشان دەیهێننو پەتوی لەسەر وەلادەبەن کور دەڵێ: بابە چۆنم؟ باوکی کە سەرهەڵدێنێ دەڵێ: شوکرقسەکەم بەکردەوە دیاری دا! پێتم نەگوتی: نابی بە پیاو! ئەگەر زەرەێک جەوهەری پیاوەتیت لەلەش دابوایە ئەمنت ئەوها بەبێ رێزو ئیحترام نەدەهێنا بەلام هەر رووت رەش بێت!

**(ژیانی مامەندئاغا)**

ناوبراو دوایی گوێزتنەوەی ئایشەگوڵو بەدونیا هاتنی کۆزێ منداڵان رەنجو کوێرەوەری زێدەتر بوو، بەرێچوونی سەختو دژوار بوو ناگوزێری زۆرتر، بەڵام قەت لە بەرامبەرقەیراناندا دانەهاتو نەدەوەستا ئیمانی زۆر بەخۆ هەبوو. کورەکانی بەکوێرەوەری گەیاندنێ. نابراودانیشتووی شاوانە بوو رەحمۆشلی کوری مام خورشۆ یەکێک لە هەمدەمەکانی وی بوو رەحمۆ بواری قسەی دەزانی ئینسانێکی زۆر بە ئەمەگ بوو دیارە مام خورشۆی باوکیشی کە 100ساڵی تەمەن کرد هەرلەلای ماڵی رەزا پاشاخان و قەرەنی ئاغاو وکورەکانی وان بوون. دەکرێ بڵیم وەک خزمیان لێهاتبوو لە دەردو مەرگی ئەو بنەماڵە دا خۆیان بە شەریک دەزانی،لە ژیانی واندا دەوریکی بەرچاویان هەبوو. ئەوانە بە بنەماڵەی شەکری دەناسرین هەموویان هەرلەگوندی شاوانەو نەڵیوان ژیانیان تێپەر کردوە. هەنۆکە هەرچەند گوران بەسەر دونیا

و فکری خەڵک دا هاتووە سەردەمی ئاغاوەتی و بەندو بیساتی عەشیرەیی  نەماوە بەڵام هەتا ئەو جێگاییەی کە ئەمن 17ساڵ لەمەو پێش ئاگاداری دۆخی هەڵس وکەوتیان بووم لە سەردەقی خۆیان مابوون.

**(گوندی نەڵیوان)**

ماڵیکوڕەکانی قەرەنی ئاغا مەکۆیخەڵک بوو. ئەوچاخ نەڵیوان پادگانی لێبوو. پادگانی نەڵیوان شتێکی موەقەتی بوو کە دواییکودەتای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسملە1958وڕاپەڕینی بارزانی لە1961ی زایینی دانراو ئەرتەشی ئاریا مێهری بیخی لێ خوارد، بەڵام وەختێک کە شۆڕشی ئەیلول بەکردەوە کەوتە ژێر چاوەدێری ئێران ئیدی پادگانی نیزامی لە نەلیوان پیچراوە. ئەمما پادەگانەکانی "جەلدیانوگردکشانە دوایی دەرچوونی ئامریکایەکانیش پۆشتەو پەرداخ بوون. دوایی ڕاپەڕینی گەلانی ئیران لە 1357ی هەتاوی پادگانەکان لە سەرفتوای خومەینی تەقەیان تێکەوت وکە 1358ی هەتاوی فتوای خەزای خومەینی، هەمووچەکو چۆڵی پادگانەکان گویزراوە پادگانی"سەڵماسو پادگانیناوشاری ورمێ. بەڵام جارێکی دیکە ئاوەدان کرانەوەو پاسداراو سارولڵا و بەرهەڵڵای تیخزا،لەجاران خەراپتر بوو. هەنۆکەش کە ئەوە 28ساڵە ڕیژمی خەرافات وجەهالەت لە سەرکارە چ دەروی ئازادی نەهێشتووە هەمووی لە سەرخەڵک گاڵە داون، بۆتە ناوەندی فیتنەوفەساد لە سەر ڕووی هەرد. بەتایبەت نەیارو دوژمنی گەلی بەشخوراوی کوردە.

**(مەلاهەمزەی شاوانێ)**

مرۆڤیک لەگوندی شاوانەبوو بە ناوی مەلاهەمزە، دونیا دیدەو بە ئەزموون حەزی لە شێعردەکرد، ناوبراو بەهۆی کوژرانی عەولاخان لەگەڵ مام جەلیلی برای، سامانەکیان لە دەست دابوو ژیانیان باش نەبوو، بەڵام لەلای سمایل خانو ئاغا مستەفاخان گیرسابوونەوە ناوبراو سەرە تەقەیەکی لە کتێبی گوڵستان وبوستان دەکرد نیمچە مەلایەک بوو بەڵام خودا بەزەیی پێداهاتبوو نەیکردبوو مەلای دوازدەباقەبێن، عارەبیەکی ڕەشخوێنی دەزانی،هەرلەوگوندە مەلا عەیزەکی لێبوو کە پیاوانەو جوامێربوو، بنەماڵەکەیان لە شارویران پەڕیوەی ناوچەیشنۆ ببوو مرۆڤێکی ڕاستگۆو دورستکاربوو. بائەوەش نەشێرینەوە مەلاکان بیانەوێ یان نەیانەوێ پەروەردەی مەکتەبی عارەبین کە چ پەیوەندی بەکوردو نەتەوەی کوردو مافی چارەنووسیومەسەلەی داگیرکردنی کوردستان وەنییە. ئەو مەکتەبە بنکەی پڕوپاگەندەی عارەب و بەرفرەوانی ئەمپەڕاتووری دونیاگری ئیسلامییە، بەداسەپاندن. هەرچەند قورئان بەڕاشکاوی دەڵێت: ئەو دێنە، داسەپاونییە! ئەوان لە قوتابخانەکیان خوێندوە کە باسی ئازادیو سەر بەستی چ نەتەوەیەکی تێدا نییە، هەموو دونیا بەپاوانی ژێردەسەڵاتیعارەب دەزانن‌و ئەو دونیایە وازی لێهاتوە هەڵبەتە بۆ خەڵک نەک بۆ وان! خوێنڕێژی ئەو چوارخولەفایەو کاول کردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەدەستی وانیان  لێ بۆتە شتێکی پیرۆزو فەخری پێوە دەکەن! بگرە دەسەڵاتی داسەپاوی حکومەتەکانی داگیرکەر، کاری تێکردوونەو  ئەوها زەین کوێریکردوون کە بەدرێژایی مێژوو نەیانتوانیوە ئاوڕێک لەکۆمڵگای خۆیان بدەنەوە، بەلام شوکر هەنۆکە بەشێکی زۆرلەو مامۆستا زاناو ئاگادارانە هەستیان بە ڕاستییەکانکردوە ئیمانیان بەنەتەوەکەی خۆیانە، هەرچەند هی واشکەم نین وەک جنووکەلە بیسمالله، ئەوان  لە سرودی ئەیرەقیب دەڕەونەوە ئەو دێوەزمانە بە کردەوە جیرە خۆری کۆماری ئیسلامیو چڵکاوخۆری داگیرکەرانو سەولە خۆرئاخوری عارەبن، کە بێگومان هەرتڕۆیان  پێ دەمێنیت! و لەلایەکیترچش لە مەلای زانا هەتا مەلایکاڵو نەکولێویش دەشێن دەست وجێ خەڵکی ساویلکە هەڵفریوێنێ و لاڕێ بکات جا بە هەرلایەکدا حەزیان لێ بێت.

گومانم لەوەدا نەماوە ئەگەر مەلاکان ئەو هێندە لە پەیوەندی لەمەڕ مێژووی عارەب بالۆرەیان هۆندۆتەوەو کردۆیانە بەزاخاوی مێشکی خەڵکی لاوەکی کە هەنۆکە خۆکوژیشی شەرعیەت پێداوە، ئەگەر یەک دەهەم لە مەڕ مێژووی خوێناوی کوردستانو دابەشکردنی بە چوارپارچە باس و خواسیان کردبوایە و کردبوایانە قسەی کۆڕی مزگەوتو جومعەو جەماعەت وفرچکی ئازادی و سەربەستیان پێ بەخەڵک دابوایە زۆرلە مێژ بوو کورد زنجیری کۆیلەتی پساندبوو بەیداخی ڕزگاری لەکوردستانیگەورە هەڵدابوو. نمونەکەی "مەلای خەتی یە"بەبیانوی ئەوەکە شەڕ لە گەڵ خەلیفەی ئیسلام گومڕاهییە.ڕاپەڕینی میرکۆرەی ڕەواندزی هەرەس پێهیناو خۆی تەسلیمی خەلیفەی عوسمانیکرد و ئێعدامکرا. بەداخەوە هەنۆکەش چ مەلایەک نایەوێ بزانی نەتەوەو وڵات و ڕزگاری کورد چییە؟ بۆ کورد بەدرێژایی مێژوو کویلەیە؟ بۆ کوردستان پارچەپارچەکراوە؟ بۆ وڵاتەکەی لێ زەوت کراوە؟ تەنیا وتەنیا بەدوای پڕوپاگەندی عارەب هەڵدەسوڕین، ئەوکاڵ ونەکوڵیوانە دەرخواردی دەستەی ناحالی و نەزانان دەدەن و زۆرتریان بەرەوکویلەیەتی ژێرچەپۆکی داگیرکەران پاڵ پێوە دەنین،کردەوەی مەلاوشێخ لە نەزەرمێژوو سەبارەت بە نەتەوەکەیان مۆری شەرمەندەیی پێوەدیارە، هەنۆکە لە سەدەی بیست و یەک جاریکیتر هی وەک مەلاباپیری کۆلکە مەلا هەن وەک جنۆکە لە بسم اللە، لە سرودی ئەی ڕەقیب بسڵەمینەوە.

**ڕەحمەتی قازی محەممەد خدری.**

قازی محەمەد خدری لە1945ی زایینی ئەندام ژ-ک بوو پاشانکە کۆماری مەهاباد هەرەسی هێناو ڕێژێم گەڕاوەو پێشەوا شەهیدکرا، ناوبراو بوو بە ئیمام جومعەی شنۆ، خوتبەی بە ناوی "شا" دەخوێندەوە و سەڵاوەتی لە دیداری "شاهەنشا"دەدا. ئەگەرلە سەردەمی کۆماری مەهاباد شێعری مامۆستاهەژاری دەخویندەوە:

ئێمەکوردیان وەکۆ ئەکردین
لەلولەی تۆپیان قایم ئەکردین
ئاڵای سوورهاتوو خەڵاسی کردین
بژی ستالین خۆش بی چەکوچو داس
لە ژێر ئیستبداد کوردی کردخەلاس.

لە سەردەمی نامبارەکی خومەینی وێنەی ئاخوند خومەینی لە ناومانگ دەدیت! جارێکی دیکە وەرچەرخانی دەدا، دەبوو بە ئیمام جومعەی کۆماری گەندەڵی ئیسلامی، کە ئیمامە جەمارانەکەی فتوای خەزای لە 1358ی هەتاوی بۆکوردی کوردستانی ڕۆژ هەلات ڕادەگەیاند داخۆیانەکەی خومەینیو چڵکاو خۆرانی توانەوەو نەمانی گەلی کوردبوو. کە سەرئەنجام دادگای حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات حوکمی بەئیعدامی قازی محەمەد خدری دا.
هەروا مەلاعەوڵای مەنعاوی کە لە سەرەتای ڕاپەڕینیگەلیکورد خوێنی عەجەمی حەڵاڵ کردبوو، لە دوایی سەقامگیر بوونیکۆماری ئیسلامی ئەو کەڕەتە پیشمەرگەی بەگومڕا دەزانیدەیگوت: نابێ لە قەبرستان بنیژرێن.
هەرئەویش بوو دەیگوت: ڕێی نەکەوی ڕێت دەکەون!
کەس نازانی ئەوانە بەری چ داریکی ژەقنەموتن، ڕەچەڵەیان هی چ تاراوگەییەکە، ئەمانە چ پەتایەکیان لەلەش دا، چ خوێنێک لە دەمارانیاندا دەجۆلێتەوە، ئاخۆ زەمە نانێک ئەوە دێنێ کە مرۆڤ ئەوها لەراستی ولە واقعیەت ورەگەزەی خۆی حاشابکات،ژیانێک کە ئانجامەکەی مردن و نەمانە حەیف نییە مرۆڤ پێناسی خۆی لە شەیتان وەرگرێ. بۆ ورگ هەڵمسان پاشمەنەخۆری پاشخانەی عارەبی دەشتەکی یان تورک و فارس! ئەمجۆرە مەلایانە کە بە ئەنقەست خۆیان لە مەسەلەی کورد لاتەریک دەکەن و لۆکە لە گویچکەیان داخنن زەبەر لە کەسایەتی خۆیان دەدەن،پیاوی ماقول و کورد ویست و نیشتمان پەروەر کەسیکە کە نەتەوەکەی خۆی بوێت، بۆ چارەنووسی گەلەکەی تیکۆشێ! مەبەست ئەمەنییە هەمووکەس بە ڕبەی سیاسی بپێوێ بەڵام مەلای ئاینی تاتبەت ئیمام جومعە شارێک دەتوانی هەر بە قسەی ئاسایی

بیروبۆچونی خەڵک بۆ مەسەلەی کوردەواری و ژیانی ئاسایی دوورلە کویلەتی هاندا. ئەوەندەی ئەم مامۆستا مەزنانە کە زۆرەبە خۆشەویستی خەڵکن لە مەڕ درووە دەلەسەی عارەبی کورد کوژ دەدوێن کە بە میلیونیان کوردقڕکرد، ئەگەر لە مەسەلەی چاوسانەوەی کورد بدوێن، خەڵک گوێ لە قسەکانیان دەگرن بۆ ڕۆژی خۆی وەک منجەلی قژقژ کوڵیویان لیدێ. مەلاکان هەموو دەزانن کە لە قورئان دا بەڕاشکاوی هاتووە و خوا فەرمویەتی: ئەم دینە داسپاو نییە!) دەجا دەشزانن دوایی وەفاتی پێغەمبەر خەلیفەکانی ئیسلام کە لە سەر دەسەڵات پیکەو ناکۆکیان هەبوو نەک لە سەر ئیسلام،بەتوبزی و بە زۆرەمل هیرشی سەروڵاتانیان کرد کە کوردیش وەبەرئەم هیرشە کەوتن. ئیستا با دین لەو لای هەڵپەسیرین و باسەکەی بۆ زانایان هەلگرین بەڵام خۆکوردستان هی عارەب وتورک و فارس نییە،بەتایبەت شائیسماعیل سەفەوی کەلە1500زاینی لە تەمەنی 13سالی دا بەڕاویژی مریدەکانی باوکی یانی (شیخ سەیفەدین) ڕاپەڕی و مەزەبی 12ئیمامی شێعەی برەوپیداو 3خەلیفەی دیکەی بەلەعنەت کرد،چۆن دەستی بە سەر کوردستان داگرت تایبەت لە شەری چەلدران 1514ی زایینی چلۆن کوردستان لە نیوان حکوومەتی تازە بنیات نراوەی شێعەی ئیران و حکوومەتی فاشیستی سوننەی خەلیفاتی یاوەرسلیم-ی تورکییە دابەشکرا. هەر گیڕانەوەی لە داشگیردانەی ئەم شتانە بۆ خەڵک بە تایبەت لاوان، وەبیرهێنانەوەیە! مەلا لە هەمووکەس دەبێ باشتربزانن ئەم دونیایە هەتا سەرنییە،دەجا بۆ دەبێ بۆ دەسەڵات و یان پارە لە نەتەوەی خۆیان دابڕین،لە سەر بەرژەوەندی داگیرکەری پارچە کوردستاناکان هەنگاوهەڵینن!
ئەمن وەکوو کوردیک حورمەتی هەموو کەسایەتیەکم لەبەرچاوە بەڵام ئەوانەی بۆ ژەمەنانێک خەیانەت بە گەلەکەیان دەکەن لە کەسایەتی بە دوورن. ئەوانەی بە هەر لەونێک فکریان پەڕیوەتە سەر وەرکەخۆری بە چڵکاوخۆری فرچکیان گرتووە لە مێژووی کورد لە بەرچاوی خەڵک شەرمەندەنە،دەبێ بزانن هەمووشت هەرکورسی دەسەت نییە،مرۆڤ زاناو جوامیرو واقع بین ئەم کەسەیە، کە وڵات و گەل خۆی بوێت، ئەوانەی بە نۆکەری گەورە بوونە و کەسینی خۆیان پێشل دەکەن ناتوانن لە بەرچاوی نەتەوەکەیان ڕێزو ئیحترام بەدەست بێنن، با چەند ڕۆژ وچەند ساڵێکیش تیروپڕبن و وەرگیرکەیی داگیرکەرانی کوردستان بکەن لە ئاکامدا پژیوان دەبنەوە بەڵام دوایی خیچان چ کەلکی نییە. لیرە کە سەری قسەم لەگەڵ قازەی محەمەدخدری مەرحووم وەکوو وێنە کردۆتەوە، دەنا قازی محەمەد لەمەرکۆمەڵایەتی پیاوەکی مەزن و لە مەڕعیلم وشەرع مامۆستایەتی ناو بەدەربوو زۆرمەلام پێشک دین کە لە لای ئەویان خویندبوو ئیجازەی مەلایەتیان لە دەستی ممبارەکی وی وەرگرتبوو،ڕیزو ئیحترامم بۆ وی و بنەماڵەکەی هەیە. بەڵام بەداخەوە لە دوا ئاویلکەی مردن وەک چاوەنواڕی لێدکرا وا نەبوو! ئەمن بۆخۆم پیم وابوو کە لەدوای مردن گڵکۆی دەبێتە زیارەتگای نەتەوەخوازان بەڵام بە پێچەوانەبوو. جەنابی قازی لە شاری شنۆ ڕیزوئیحترامی زۆربوو بێگومان هەنۆکەش کەلێک لایانگرو جامینخوازو خزم وکەس وکاری ماون و ڕەنگە قسەکانی منیان لە دڵ گرن بێت. بەڵام پێویستە بەمە عادەت بگرن کە ئەگەر پیاوێکی ئەوها ماقول و بەکەسایەت و فاتی کردو دونیای بێ بەقای بەجێهیشت چاکەو خەراپەکانی لە تراوزوی لیکدانەوەی سیاسی هەڵدە سەنگین. وەک نەمر دکتۆر قاسملو فەرموویانە: مرۆڤ هەتا نەمری ناکرێ چاکەو خەراپەی هەڵسەنگێنن، چونکە ئینسان لەژیانی داگوڕانکاری بەسەر بیرو باوەڕویدا دێ.) دەجا نوسەریش ئەگەر کارەکەی بکاتە درۆ هەڵبستن دەبێت بە مامەلە چی! دەنا ئەمنیش کەسینی جەنابی قازی دەناسم دووسێ جاریش چوومە خزمەتی هەتا جاریک بۆ چاپی مەولود نامەکەی لە ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەییوبی لەگەڵ کەریم قەیوومی بەخزمەتی گەیشتین. ئیستا دەڵیم: خۆزیا لە ناوچە بوام و سەرم لە ماڵەکەیان دابوایە لەگەڵ کوڕەکانیان قسەم کردبوایە ڕەنگە زورشت لەمە شراوەبن،دیوی سکەکەی دیکەی ڕوخساری ویم لە پێشگای میژوودا لێ نەدیو بێت! خۆزیا لە دوا ڕۆژدا بەڵگەی ئەوها بەقوت لە نیشتمان پەروەری جەنابی قازی محەمەد خدری لە لێکۆڵینەوەدا وەبەرچاوبکەوێ کە هەڵەکانی هەڵسەنگانی من ڕاست کاتەوە.

**(دوو فتوای حەڵاڵو حەڕام بۆ "قەند.)**

دەگێڕنەوە: لە شاری "تەورێز"قەند کەمبودی دێنێ کابرایەکی تاجر لە دەرەکی هێندێک قەند دێنێ مەلاپێی دەڵێ: ئەگەربەشم نەدەی حەڕامی دەکەم! کابرادەڵێ: بەشی چی خۆ دزیم نەکردوە! مەلا ڕۆژی هەینی دەچێتە سەرمەنبەر دەڵێت: ئەی خەڵکینە ئەوقەندە هاوەردەیە حەڕامە چونکە"گاور"دەستی لێداوە تکایە خۆی لێ بپارێزن! ئیدی خەڵک لێی دەڕەونەوە. تاجر دەستە شکاو کۆڵەوار دەمێنێەوە ناچارخۆی لە ماڵی مەلا داوە دەڵێ: دەخێلە ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی. مەلادەڵێت: بەشەکەم بکە دوو قات حەلاڵی دەکەمەوە! کابرای تاجر لۆریەک قەندلە ماڵی مەلا بەتاڵ دەکات، دیسان ڕۆژی هەینی مەلادەچێتە سەرمەنبەر باسی قەند دێنێتەگۆڕو دەڵێت: ئەی گەلی موسڵمانانگوێ ڕاگرن ئەمن حەوتووی بەرە لە سەر حەرام بوونی قەندی دەرەکەی ئاخافتم کردەوەو دوام،بە پێویستی دەزانم بەشەفافی بۆ تانی ڕوون کەمەوە: ئەگەر قەندەکە لە چایی هەڵکێشن یانی خوسڵی پێبکەن حەڵاڵە قەیدی نییە بچوون بیکڕن شتێکی شەرعی‌یە، جگەلەوەی گوناح و ناگاتێ خێریشی هەیە، چونکە بەو مامەلەیە حەڕام حەڵاڵ دەبێتەوە! هەنۆکەش لە دێهاتی بناری چیاکان ئەودابە وەبەر چاودەکەوێ، زورکەس کلۆ قەند لە ئیستکانی چایی هەڵدەکێشن دەڵێن: حەڵاڵ دەبێتەوە! دەجا ئەومیلەتە حاڵی بوونی چەتوونە، مەگین ڕۆشنبیریەکەی بە گشتی بگاتە ئاسۆیەکی ڕوون و نەزانی بەیەکجاری ڕێشەکەن بکرێت، بەڵام بەداخەوە لە سێرەی فکری ئەم دەورو زەمانە بە دوورە چونکە وەک دەڵێن ناوچە مرۆڤ پەروەردەدەکات، دەجا ئەومندالانەی کەلەو بنەمالانە ویان لەو وڵاتانە وێڕاگەیون هەر بە لاوی ئەوها فرچک دراون و میشکیان بەشتیکی ڕەمەکی شووراوەتەوە با زانیستگاش تەواوبکەن بەڵام ئەوهەی لە میشکیان پەستاوتراوە بۆیان دەرناکەوێ. بۆیە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە سەدان ساڵە ئەوها دەژین هۆکاری بەلەنگازی خۆیان وەپاڵ قەزاوقەدەر دەدەن، بۆ ڕۆژی ئەزەل دابەشکردنی ڕسق ورۆزی دەگیڕنەوە، ئیمام وخەلیفەو پادشاو جێگرکانیان بە نوینەری خودا دەزانن. حکوومەتی فیتنەو فەسادی ئاخۆندی ئیران نموونەیەتی! دەجا لەم جۆرە وڵاتانە خەڵکەکە بەسەرجەم خۆیان بە سەغیر وحکوومەت بەقەییوم دادەنین،ئەم چەوساندنەوەو خوینمژینە لە لایان حوکمڕانان بە ڕەوا دەزانن. زۆر ڕدین پانی کورد دەناسم کە بە هۆی نەزانین و نائاگاداری لە مێژووی کوردو کوردستان هاودەست هاوفکرو هاوکردەوەی خوینمژانی کوردن و بۆ چەوسانەوی ئەم گەلە هەژارو بەلەنگازە یارمەتیدەری زاڵم وزۆرداارنن، زورمەلای نۆکەر سیفەت دەناسم کە بۆ کورسی دەسەڵات لە پشت مەنبەر بۆ داگیرکەرانی کوردستان شانۆ دەگیڕن و دەسماڵی گەڕی سەرچۆپی هەڵدەسوڕینن و بەسازی وان هەڵدەپەڕن ودەڕقسن لەشیپوری ئەوان دەتوڕینن، و سەڵاوت لە قەد وگیپاڵی وان دەدەن. زۆرئاغاو سەید وشیخ و مەلا دەناسم بۆ کورسی دەسەڵات و بارەگای خۆیان نۆکەری داگیرکەرانن. هەروا زور رۆشبیرو شاعێر و ماقولانی کورد لە مێژوودا دەدۆزینەوە کە جگە لە شەرمەزاری چیان بۆ نەماوتەوە. هەربەم جۆرە زورحیزب وسازمانیش لەگەڵ داگەر کەران مامەلەیان هەبووە وهەنۆکەش هەیە وگەلی هەژاری کورد بەم سەوداو مامەلەیە کراوەتە ژێرچەپۆک.! پیاو کە ئەو شتانە دەبینیت بیزی لە هەموو شتیک هەتا لە مەزەب هەڵدەستێ!

**(نموونەیەکی تر)**

بەرلە دابەزینی یاسای دابەشکردنی زەویوو زاری ئاغاوەت، بەسەر فەلاحەکاندا، مەلاکان لە گشت گوندەکانی کوردستان ئاغایان بە وەلی نیعمەت ناو دەبرد، و ملکی ئاغایان بە شتیکی شەرعی باس لیوە دەکرد، هەتا لەگوندەکان

بە خەڵکەکەیان دەگوت: نویژ لە مزگەوت بە بێ ئیجازەی ئاغا وەبەرناکەوێت، دەجا زەوتی ئەم ملّکانەیان بەخەڵافی شەرع و شتیکی حەڕام دەزانی، هەموو کاسپی ئاغاو ئەو ماڵیاتەی کە لە وەرزیرەکانیان وەردەگرت و بەراتی مەلاشیان لێدەدا بە حەلاڵ وزەلاڵ دەزانی. مەلاکان هاودەم هاو سفرەی ئاغاکان بوون، لەگەڵ ئاغا دەستیان لە قاپێک دابوو پارویان لە پڵاو بادەدا،هەڵبەتە هەتا پەیدا نەبوونی دەنگ و باسی ئەسلاحات ئەرزی،تاقە مەلایەکیش بە دەگمەن هەڵنەکەوت کە ئەم ملّکانەی ئاغاەت بە حەرام دابنێت، و ئەوکات کە هێشتا لەکەم شوێنی ئێران بەتایبەت کوردستان ئیداری تاپۆی لی نەبوو مامەلەی کڕین و فرۆشتن بەم زەویانە بەسەندی ئاسایی و ئەغلەب مەلاکان دەیانووسی دەیان قابالە لە ناوچەی شنۆ بە دەستخەتی قازی محەمەد خزری لە شنۆ نوسراوە. بەلام کە شای ئیران فەرمانی دابەشکردنی زەویوو زاری دەرکرد، ئیدی مەلاکان هەڵگەڕانەوە بەدوای فەرمانی شاکەوتنە پڕوپاگەندەو ئەم ملّکانەیان بەهی حەزرەت ئادەم لە قەڵم دا و دەسەڵاتی ئاغایان لە سەرئەم ملّکانە بە حەرام دەزانی ئەوجار دەسەڵاتی وەرزیریان لە سەر ئەم زەویانە حەڵاڵ کرد، مەبەست لە نوسینی ئەم مەسەلە دیفاع لە ئاغاوەت و ئیدانەی قانوونی ئیسلاحات نییە، ئەمن پێم وایە قانوونی ئیسلاحات بەوهەموو کەم وکوڕییەی شتیکی قانوونی بوو. بەڵام باسکردنەکەی شێوەی ڕێووشوینی مەلاکان نیشاندەدا کەلە گەل زروفی ڕۆژ وەک گوڵە بەڕۆژە دەسووڕێن، دەستیان بۆ فتوای حەڵاڵ و حەڕام هاوەڵایە. ئەم شەرعییەتە،کە مەلا وەک مووم لەبەریەکی دەکێشنەوە، دەتوانین بەهەررەنگێکی دەربێنن،دەنا کە دەیانزانی لە ئاغا حەرامە بۆچ نەیاندەگوت،دەڵێن ئەم ملّکانە بەدرێژایی مێژوو لەلایان حوکمڕانان و پادشایان بە ئاغاکان لە بەرمبەرخزمەت دراوە ئەمنیش دەڵیم وابووە بەڵام کوا خاوەنەکەی! لەڕەوانگەی سیاسی دێموکراسی ئیسلاحات ئەرزی شتێکی بەجێیە،بەلام مەبەست لە شەرع کە موسلمان کردۆیانەتە سەرچاوە، دەجا جەنابی مەلا گیرم هەمووقسەکانی تۆراست بن بەلام خۆ ماڵی دزی یان زەوت کراو بە ئەستاندنەوە لە زۆردار، بۆ خەڵکی دیکە حەڵاڵ نابیتەوە،ئەگەرقسەی مێژووی قەبووڵ بکەن ئەم ئاغایانە ئەم ملّکانەیان لێ حەرام بێت لە وەرزیرەکانیش حەرامە، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێی ئەو فتوایانەی کە مەلا دەیدەن حەرام یانی وەگیرنەکەوتن ودەست وێرانەگەیشتن. ئەوەتا هەنۆکە فتوای کوشتن شیعەو سوننە، خۆ تەقینەوەو گۆمبەز تەقاندنەوە و مزگەوت سوتاندن و، ویرانی وکاوڵکردن، شایەتی قسەکانی منن. هەمووش فتوای مەلاکانی لە سەرە. خودالەبەڵای لابەلاو فتوای مەلاکان بمان پارێزێ!

**(مەلاڕەسوی ڕۆیتەنی)**

مەلاڕەسوو تاهیری ناسراوبە ڕۆیتن، مەلای شاوانەبوو ساڵی 1340ی هەتاوی سەردەفتەری تاپۆی ژن مارەکردن بوو کابرایەک کیژیکی بەناوی سەید خدیجە هەڵگرتبوو بەشیوەی ڕەسم و عادەت بردبۆویە ماڵی مەلا،کەلیی مارەبکات، مەلاش بۆخۆی خاوەن ژن و مندال بوو. مامۆستا دوایی چەند ڕۆژیک تەماحی لێ غالب دەبێ کیژەکە لەکابرا پەژیوان دەکاتەوە لەخۆی مارە دەکات،ڕۆژیک هۆیەکەم لێپرسی گوتی: کابرا میرمنداڵ و نەزان و گەلعوو هەژاربوو چارەنووسی کیژەکە ڕۆناک نەبوو، بەڵی ئەومەلایە سەردەمیک کە قازی ئیمام جومعەی شنۆ، پیربببوو دەچووبن هەنگلی بۆ مزگەوتی دەبرد جاروبارەش پێشنوێژی دەکرد،ڕۆژیک لە ورمێ لەماڵی مەجیدخان بوو دوو پاسدارهاتن کاتی نیورۆبوو مەلاڕوی تیکردن گوتی: چونتان پێخۆشە بانگ دەم، وەک سوننە یان وەک شێعە، گوتیان کەیفی خۆتە مەلابانگەکەی بەعەلی وەلی الله کردە شێعە، ئیمەش کە دەسنویژمان نەبوو هیچ لەشیشمان خاوین نەبوو لە سەرفتوای مەلانویژمان دابەست، مەلاڕەسو لە ڕاستیدا پیاوەکی گەلێک باش بوو ئەوانە بۆیە دەگیڕمەوە کە بزانن ئەوهەی مەلا دلّیان بخوازێ دەیکەن ڕەقیلە شەرعی دەخەن جارخۆ تەقلیدی ئیمام عەنەفی دەکەن وچارشافعی و فلان وبیهمان. مامۆستا قەبری پڕلەنوربێت وەک دەڵێن ئەمری خوای کردوە. مامۆستا ئیکجار دیموکراسی خواز بوو پەکی بە مەسەلەی ئیسلام نەکەوتبوو، وەک

هەموو مەلایەک زوانی هەمووکەسی دەزانی. زۆریش ئاگاداری بەشی کۆمەڵایەتی بوو. گەلیک بیرەوەریم لەگەڵ مامۆستا لەگوندی شاوانە هەنە نازانم تەمەن وەفا دەکات بەتیروتەسەلەی بگیڕمەوە!یان نا!

**(پیاوەپیرەکان)**

1-پیاوەپیرکان بە ئەزموون و دونیا دیدە بوون زۆرشتی بەمەزەو مێژوویان دەگیڕاوە لە ڕاستیدا ئەم پیاوە پیرانە متفەرک بوون بەلاَم ئیمە نەمانتوانی لە قسەکانیان و لە بیرەوەریەکانیان لە ئەزموونەکانیان کەلک وەرگرین هەر چەند وەزعی ئەوکات لەگەڵ هەنۆکە تەوفیری دەکرد بەلاَم ئەوانیش بەشی خۆیان گەلێک شتی بەنرخ پێ بوو کە دەکرا بنوسرینەوە وەبەکەلکی مێژووبین بە تایبەت ئاغا مستەفاخان زەرزا،لەنەلیوان،کە سەرۆکاری لەگەل مێژووهەبوو کتێبی باشی لەلابوون هەنۆکە ئەوکتیبانە بەدەگمەن دەنا ودەست ناکەون، هەتا غولامەکانیان کە لەشەڕەکانی قەدیم دابەشداریان کردبوو هەریەک کتێبێکی مێژوویی بوون. قسەکانی مرادی حەمەوەسوی لەکاتی قات وقڕی. بیرەوەریەکانی یونس مهاجر لە شەرەکانی شیخ عەبەیدوڵلا 1880ی زایینی. بیرەوەریەکانی کاک محمەمەد پاشاخان لەگورگاوە پەیوەندار بەگەلیک ڕۆداوی ناوچەو کوردستان. گیڕانەوەکانی کەریم فەرجی نەلیوان کە هەمووشەڕەکانی وەبیردەهات لە گەڵ ڕەزاپاشاخان سەردەمی جەعفەرئاغای شکاک لەشەڕی تەوریز، بیرەوەریەکانی میرزائەکبەری تەقی زادە لە نەلیوان سەبارەت بەڕۆداوەکانی مێژوویی، نابراو کەباسیواد بوو شتەکانی بەڕیکەوت دەزانی. یان بڵێن میرزاجەلیل بەگزادە کە شاعیرییش بوو شێعرەکانی هیندیک لەگۆڤاری سروە چاپ کران. یان سەید سەفی گوندی بێژاوە کە ئیکجاربەزین بوو ڕوداوەکانی هەموو دەزانین. هەروا لەدوربە خلیفە سەرڕوت کە بەڕاستی پیاوی خدابوو قوتبی ڕەبانی بووئاگاداری گەلێک دۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی بوو،. یان میرزامحەمەدئەمین فروخی کەڵە پیاوی شاری شنۆ، ئاگاداریەکی پتەوی مێژویی هەبوو. مام عەولای ڕەشیدبەگ لەگورگاوە کە لەکۆماری مەهابدا بەشداری کردبوو. حوسین باڵۆی نەلیوان ڕەنگەمابێت. یان مام ڕەمەزان باوکی قادرلاوە، کە120سال ژیا،بەتایبەت عەباس ئاغای فەتحی گورگاوی و ئەکەندەرخانی بێژاوەو کاک مرادی دەستی وئیرەج خانی ئەمیرەئابادیّ،قادرەدرێژی مێراویّ،یان بڵێن بارامخانی زەرزای گوندی (هێ) کاک حەمەشاە کە110سال تەمەنی کرد ئیکجارئاگاداری مێژوو بوو. و دەیان کەسی دیکە ئەمن ئەوانەم هەموو دیبوو لە گەڵیان دانیشتبووم لە زۆرمەجلیسی ئاغاکان دانیشتبووم دەمتوانی لە گیڕانەوەی ئەمانە کتیببی مێژووی بەکەلک بنووسم، بە تایبەت لە زیندان ڕەخ دەریا لەگەڵ زورکەسی بەئەزموون بەتەمەن یەک لە وان ئەوکابراییەی کە قادرئاغای فەتحی لە ماڵەکەی لەگوندی بایرەم بوغە گەمارۆدرا شەهید کرا، کە ناوەکەی نایتەوەسەرزینم ئەو لە شەڕی عروسی ئەوڵ 1914ی لەنەغەدەبەشداری کردبوو. لە ڕاستیدا مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەوها نوسراوەتەوە دوایی لە نوسین داتیف تیفە دراوە بەلاَم مللەتی کورد کە ئەوها پارچەپارچەبوو خەڵکەکەشی لە هەموو شت دابڕاوان ڕۆداوەکانی مێژوویی تەنیا وەک حیکایەت سینگ بە سینگ ماوەتنەوە ئەگەر چاو بەمێژوو دادەخشینی دەبینی ئەم (شاعباس)ی بەهەڵە بە عادل و کەبیر ناوی هاتووە یەکێکی وەک سەدام بووە نموونەکەی دەستووری کوشتارو جینوسایدی کوردی موکری بە فەرمانی ئەوبوو ولە (کەلەسەری) کوردان منارەی دورست کردوە، دەجا ئەو پیرانەی کە ڕۆیشتن زۆریان شت لەلابوو هەر یەکە سندوقۆڵەیەک گەوهەری نایاب بوون کە نەمانتوانی ئاچەری باوینەسەربیانکەینەوە، هەروا بەپڕی چونە ژێرخاک و بوونە ئەفسانە!

**(ئاغاكانی نەرزیوە)**

1- كاك مرادی یەكێك لەئاغاكانی گوندی نەرزیوەبوو نابراو چەندكوڕی هەبوون ئەمن هەرناویكاك هەمزەم لە بیرە، ناوبراو مرۆڤێكی بەرێزو حورمەت تێگەیشتوو بوو، لەئاخافتنیش گەلێك بە مەزە بوو هەرچەند كەم دوێ بوو بەڵام ئەگەردەهاتە سەر قسەكردن لە سەرەخۆو بە تێروتەسەلێ شی دەكردەوە،وەك بزانم لە گەڵ كاك سیمانی باوكی شیخ محەمەد ئاغای ئامۆزای یەكتربوون هێندێك لە كوڕەكانی كاك مرادباشیان خوێند بەڵام ناوەكانم ناینەوەبیر.

2-كاك سیمان، یەكجاربەغیرەیتو پیاوانەبوو، تاكە كوڕێكی بەناوی شێخ محەمەد ئاغا لەپاش بەجێماوە چەند بلێی مەردو ڕەندەو سەخی تەبعو جوامێرە، زۆردڵو دەروون هاوەڵایە كەیفی بە پیاوەتی دێت. بەڵام ئەوكات بەخت لەگەڵی یارنەبوو تاقە كوڕیكی هەبوو،پێم وابی ئەویش بەنیوەچڵ دەستی لەخۆیدن هەڵگرت بەڵام وەك گوییبس بوومە سەلیقەی مامەلەی هەیە، هەنۆكە دووكانی لە ورمێ كردۆتەوە. شیج محەمەد ئاغا ئەوكات هەرچەند دەیكرد ژیانی بۆ سەروبەر نەدەكرا، ئەمن چ ناڕاستیم لێ نەدی زۆریش بەشەرم وحەیا بوو باسی كەسیشی نەدەكرد بەڵام ئەوپیادەو ڕسق سوار، لەلایەكی دیكە ئاغاكان چونكە كاریان نەكردبوو كاركردیان لەلاپێ عەیب بوو ئەمە هۆكاریك بوو كە دوایی ئیسلاحات زوربەی ئاغاكان ژیانیان تیكبچێت. شیخ محەمەد ئاغا گەلیك كاسبی گۆڕین هەتا ئەمن لەكوردستان بووم قەت بۆی نەهات ئیدی ئەوە 17ساڵەلیی بێ خەبەرم. وەك كاك فاروق بۆم دەگیرێتەوە هەنۆكە بەهۆی كوڕەكەی كەمامەلە دەكات هاتووچۆی دوبە دەكات ژیانیان خۆشە هیوادارم لە ژیاندا كەماسی نەبینێت.

3=كاك ڕەشید بوداغی، چەند كوڕی هەبوون لەگەڵ كاك ئەحمەد زۆر پێكەوە بووین بە دونیا ماندوو نییە لەكوێ بپسێت لەوێی گریدەداتەوە، ئەویش بەلام لە قسەی خۆی زێدەترهی كەس باوەڕ ناكات، جیا لە بەلێ تەحویلی كەس نادات، كەیفی بەگیرەوكێشەی دونیا دێت و بە زۆرشت ماندوە بەڵام ناوەستێ لەهەڵسوڕاندا كەم ماندوو دەبێت. كاك ڕەشیدیش ئیخلاقەن وابوو هەموویان لەم بەستینەدا وەیكدەچن. ئەحمەد ئاغا سەردەمێكی دووردریژ لە موشكیلەوە كویرەوەریدابوو، شوكرئیستا وەك دەڵێن برینەكانی سارێژ كردونە ژیانی تەیارە. هەروالەگەڵ ڕەحمەتی حەمەدەمین ئاغا، بیرەوەری هاوبەشمان هەیە. خزمایەتی دەزانی چەند سەفەرمان بە ماشینە ژیانەكی وی بۆ كەرێزی شێخان كرد، ئەوەندەش تێكدەچوو ئەدای دەردەهێنا لێی ببوو بە موكانیك. ئێمە لەم ماشینە ژیانە چاوەنواڕی جیبی شەش سڵێندرمان لێدەكرد بە چیامان هەڵدەگەڕاند وەسەرگاش بەردانمان دەپەڕاند. ئەویش لە كاتی بارانو بەفروشڵیوەو قوڕو چڵپاو، چەندكەڕەت لە هەورازی "كەرێزەی شێخان بۆكساواتی دەكردو لە قوڕ هەڵدەچەقی، بەپەیا ئاوەژووی گوندی كەرێزە دەبووین هاوارمان دەبردە بەرماڵی حاجی ڕەحمان كە ئەوكات لەحاڵی حەیات دابوو، گەلێك بەگوردبوو ویكجارچاونەترسو بەورە بوو داخەكەم بەفیرۆ لە مەهاباد تەقەی لێكراكوژرا. لەوكوێرەوەریانەدا كاكعەلی دەم بەپێكەنین دەهاتە یاریدەمان، و بەجووتی كەڵان بۆی دەردەهێناین ئەو بیرەوەریانەم قەتلە بیرناچنەوە، ئەوكات جەعفەر زیندانی بوو. هەرچەند حاجی حەزی دەكرد زۆری لەلابمینمەوە بەڵام ئەوەندەم تەنگەژەی ژیان لە بەردەم بوو مەجال نەدەبوو. لەڕاستیدا زیندانی دوورو درێژ كۆڵەی كوتابووم. بن چینەی سێ كوچكی ژیانمی لە بنەڕەت ڕا تێكدابووم. ئەستوندەكەی چادری ژیانی چەماندبووم. نەدەكرا خەسارەی وەبەردەم، دەنا قەت لە قسە خۆشەكانیحاجی تێرنەدەبووم. سەعادەتیكیژی حاجی وەك خەنجەری جەوهەردابوو جەوهەری ئاقڵی لێدەڕژا! ئەوكات ئەسعەد 10سالانەدەبووكەیهان وكەیوان سەروپێچكە بوون بەڵام ماڵێكی گەرموگوڕیان هەبوو لەیەك دوو پارچەشێعر دا ئامازم بەوانەكردوە.

ئەوگوندە چەند ئاغای لێبوون، كاك حەسەن، برایمەسوور هەرواكاكە سوار كوڕی ئاغا پاشا، كە ناوبانگی پیاوەتیو نانخۆشی دەنگی دابۆوە.

شەوێك خوتووخافڵ لەگەڵ مەلاخالێد خاكی، مەلاخدری مەیدانی ئارد كاك حەمەدەمین شەشە، كاك عومەرقەیتەران چوێنەماڵی لەماڵ نەبوو بەدرەنگەوە هاتەوە بەڵام ئاغاژن مێوانداریەكی پاشایانەی كردین. كاك سوار مرۆڤێكی

گفتولفت خۆش و شایی بەخۆ و بوو، لە پارچە شێعرێکداکە باسیکەرێزەم هێناوەتەگۆڕ ئاماژەیەکم پێکردووە. هەرچەند گێڕانەوی ئەو بیرەوەریانە لە هێندێک شوێن ڕوو داوەکانلێک نزیک دەکەنەوە بەڵام نەدەکرا لێکیان هەڵاوێرم. کە باسی کاک حەمەدەمین بداغیم کرد با هیندێک لە ژیانی کوڕەکانیشی بدوێن، وەک دەلێن کوڕەکانی زۆر باشیان خویندووە، هەموویان کاربەدەستی حکوومەتن. پێم وایە بنەماڵەی دایکی زۆرتر کارتێکەریان ببوو،دەنا کاک ڕەشید لە بەستینی ڕۆناک بیریدا ئەوهەستەی لێ بەدی نەدەکرا، بەداخەوە زوربەی عەشیرەتەکان لە جیاتی زانیاری بەپارە وەنووساون، کەچی پارە وەسیلەیە دەنا کەسایەتی ناهێنیت. دراو پەیدا دەبێت بەڵام بە قەولی شەهیدی نەمرو فرەزانا،دکتۆرقاسملوو: خویندن و عیلم وە دەست هێنان وەکوو بیر کۆڵین بەنووکی دەرزییە!
کوڕەکی کاک ڕەشید ناوی هەمزەبوولاوێک یەکجارجوانچاک بوو لە ئۆستڕالیا ئاگاداربووم لە مەهاباد ژنی هیناوە فیلمی شایەکم دی، گویا هەنۆکە ژیانی تەیارە،خیزانی لەشنۆ مامانە،لەکاک برایمم هیندە ئاگاداریم نییە ئەولە هەمووان کاسبتربوو. زۆرخەریکی دراو لە سەریەک دانان و دۆلار کەڵەکە کردن بوو. ئەوانەش کاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستن. چونکە لە دونیای سیوەم مرۆڤ بە سەروەت وسامان دەناسرێت. لە ڕژیم کۆماری ئیسلامی کوڕەکانی دیکەی کاک ڕەشید کە لە ژنەکی دیکە بوون خۆیان لەگەڵ ئەم بەندوبەستانە تیکەڵ نەکرد،کەس گلەیەو گازەندەی لێ نەبوون ژیانێکی باشیان هەبوو لەکاری سیاسی و حکوومەت دوور کەوتبوونەوە بۆیە کەسایەتیان لە نیوخەلک پارایێزرا بوو، دوایی مەرحووم بونی بابیشیان گویا لەم ڕیگایەلایان نەداوە. هەرچەند ئەمن لە هەمووان بێ خەبەرم ئەوە بەرەو(18)ساڵ دەڕوا لەگشت لایەک بیخەبەرم بەڵام بە پرسین لیرەولەوێ ئەم زانیاریانەم هیناوەتە دەست ئاخۆ چەندی ڕاستەو چەندی ناڕاست وەباڵ بەستۆی ئەوانەی لێیان گوییبیس بووم.

**(گوندی ئەمیرئاوەی شنۆ)**

ئاغاکان بریتی لە قادرخان و ئەیرەج خان و براکەیکاک مراد بوون ئەیرەج ئەمیری سەردەمێک کەساد بوو بەڵام بەگوڕهاتەوە سەرپێ ژیانیان تەیارکردەوە. هەردوو برا ئاگاداریەکی باشیان لە مەڕقانوونی حقوق هەبوو بەپێی هەلو مەرج ڕۆژگار باش هەڵدەسووڕان. بە درەنگەوە میرسوڵتان خۆی گرتەوە دوایی لە بەرسێرەی چاوان ون بوو. هەرچەند لەمیژ ساڵە لێان بێخەبەرم بەڵام بیست ساڵ لەمەوبەر بە هەڵکەوت ڕێم لە ماڵی ئەیرەج خانکەوت بنایەکیجندی لە شاری شنۆ دورست کردبوو شوکر لە کوێرەوەری حەسابۆوە. شەوێکی خۆشمان ڕابوارد، ئیرەج خان زۆرشتی بەنرخی بۆ گیڕامەوە،بۆ قسەکردن گەلێک بە حەوسەلە بوو. زۆری شتی مێژووی دەزانی لەگەڵ ڕوداوەکانی کاتی خۆی گەورەببوو. نابراو بۆ هۆی ئەوی کوێرەوەری بینی بوو ئاگاداری خەڵک و دۆخی کۆمەلایەتی بوو. بەداخەوەعادەت نەبوو هیچ کام لەمانە بیرەوەریەکانی خۆیان بنوسنەوە، نازانم لە بەر ڕیژیم خۆفیان کردوە یان فکریان لێنەکردۆتەوە ئەوەهەی کە دیبویان ئەگەربیاننوسیباوە مێژووی لێ پیکدەهات. ئەوشمان لە بیرنەچێت لە ڕژیم (شا) کە بنەماڵەکەیان /50ساڵیان سەلتەنت کردیان بڵێن نیوسەدەخەڵکیان چەوساندەوە،مەسەلەی دێموکراسی بە تەواوی پێشگیری لێدەکرا دوایی وی بوو کە خەڵک چاوی کراوە ئەمە دورستە، کە ڕژیمی ئیسلامی دوایی پێشوینی وی هەڵگرت بەلام لەم چەقو تەفەدا خەڵکەکی زۆر بۆ دەرەوەڕۆیین ئەمە هەرچەند لە هیندیک بوار زەرەرەی هەبوو بەلام خەڵکیان لە خەوەکی /50سالە ڕاپەڕاند. ڕەزاشاو کورەکەی حەمەڕەزا دوژمنی کوردبوون. ڕنگە هۆکارەکەی ئەمەبێت کە خەڵک نەیوێراوە ڕوداوەکان یادداشت بکەن، بۆ نموونە ئاغاموساخان کە ڕژیمی ئەحمەدشای قاجارو ڕەزاشاو محەمەدڕەزاشای دیبوو لەکاتی شەهیدکردنی سمکو لەشنۆ ئاگاداری هەمووشت بوو. وەک دەبینین بەر لە شەهیدکردنی سمایل ئاغای سمکو و سەرهەنگ نۆرۆزی لەگەڵ بابم و خاڵم قەرنی ئاغاو خاڵم موساخان پیکەوەوینەیان هەڵگرتۆتەوە بەڵام هیچکام لەوانە چ یادداشتیکیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهیشتووە. دەکرێ بڵێن ئاگایان لەمێژووی خۆیان نەبوو ئەدی ئەوەنییە

بۆخۆیان لە هەموو شۆڕەشەکان دابوونە لە شیخ عەبەیدوڵڵای شەمزینان 1880و ئیحسان نووری ئاڕارات 1935و سمایل ئاغای سمکوو 1920وکۆماری مەهاباد1946. یان بڵێن قازی محەمەد خدری کە ئەوکاتیش هەبووە بەڵام لەوهەموو ڕوداوانە هەتا لۆچێکی نەنوسیوە. شارەیەکانیش لە شاری شنۆ کە پیاوی لێهاتوو ماقولیان هەبوو ئەوانیش کەمتەرخەمیان کردوە.

ئاغاکەی دیکەی گوندی ئەمیرئاباد قادرخان بووکە یەکجار کاسبکاربوو، سامانێکی زۆری وەسەر یەک نابوو. لە ورمێ عەجەمان بۆ تەماح دەیگرن دەروەستیان نایە لە ئاکامدا بەو لێدانە دەکوژرێ. خادرخان تەنیا کوڕێکی بەناوی ئازیزخان هەبوو ئەویش لە وەرزیش کاریدەکرد، دوایی باوکی زۆرباش هەڵسوڕا دایکی لە ڕاستیدا شیرە ژنێکی سەردەمی خۆی بوو باشی پێراگەیاند، ئەو وەخت تورک لە ئێستا پتر لەکوردان داخ لە دڵ بوون. چونکە هێندە بەسەرجوانەمرگ بوونی کۆماری مەهاباد داتێنەپەڕیبوو، جگەلەوە چڵکاوخۆرانی حەمەڕەزا هەریەکە دالاشێک بوونو دەمیان لە کەلاکی کوردنابوو. وەک گورگی دەم بەخوێن لە خەڵکی ڕۆ دەهاتن. حکومەت بەڕاشکاوی دنەی عەجەمانی بە دژیکوردەکان‌دەداهەتاکوو شاری ورمێ بۆ وان بەجێهێڵن ئەو شارەکوردە چۆل بکەن بەڵام ئاواتەکەیان بردە بن گۆڕ. ورمێ ئەوکات شاڕێکی چووکەبوو فایتوونی تیداهەڵدەسوڕا، کەسایەتیەکان بەناو دەناسران. وەک فەتحی بەرپرسی شارەوانیو سەرهەنگ کەریمیو ئەفشارەکان. ئەوچاخ ورمی سینەمایەکی بەناوی (شێروخورشید) لێبوو تەماشاچی لە حەوشکەی دادەنیشتن. وێنەکە بەپڕۆژکتۆر دەخسترانە سەر ڕووکاری دیوار، زۆرجار عەجەم لەو حەوشەدا لەکوردان قیت دەبوونەوە. هەرچیکوردبوو دەکەوتە لایەک دەبوو بەشەڕە کورسیلە. بەڵام کە کوردەکان چرایان دەکوژاندنەوە عەجەم تێدەشکان چونکە هێندێک کورد خەنجەریان پێ بوو. کەکورد بەکۆ دەگەڕان تورک نەدەوێران خۆیان لێدەن بەڵام کەتاقو لۆق بوان وەبەردەهاتن. لاوە تورکەکان لە ژێرسەردەستەی لاتەکانی خاڵ کوتراو دابوون.

لە ورمێ دەچوومە ماڵی سەرهەنگ کەریمی، خوسرەو لەگەڵ من هاتەمەن بوو ئەوان ئەو کات سینەمای بە پڕژکتۆڕیان‌هەبوو کە پەردەی وەتاغەکیان دەکێشا، تاریک دەبوو وێنەکەیان دەدا سەر دیوار بەڵام بێدەنگ بوو. ئەو بنەماڵە باشیان خوێند ئەو دەم بارام یانی1333ی هەتاوی دەرسی لە ئاڵمانتەواکردبوو دوکتۆربوو. جەمشید لیسانسی وەرگرت لە سازمانی بارنامەدەشوغڵی. خوسرەویش بەردوام لە خویندن بوو لە ئاکامداچوو ئاڵمان‌لەوێ بوو بە دەکتۆریدڵ، جارێک لە ئاڵمان ڕا بۆ سەرخومەینی بانگیشتن کرا،گوتبوی چیترناژی. پەروین لە1331ی هەتاوی مێردی بە عیمادی کردکە ئەوکات سەرگوردبوو دواییبوو بەشەرلەشکرو. نەسرین لەساڵی 1962ی زایینی مێردی بەشێخ محەمەد سەدیق ناسراو بە(پووشۆ) کرد. نابراو لە ناو فرۆکە لە سەفەری بۆ تورکیە کوتووپڕ ئەمری خوای کرد. نەسرین دوایی مێردی بە قازیەکی دادگوستەری کردەوە.

**(ئاغای سینگان)**

بریتی لە ئاغاموساخان زەرزا بوو. کەسایەتی ناوبراو لە مێژوودا بەر چاوەو دەورێکی گرنگی لە1346 لەکۆماری مەهاباد هەبوو، ناوبراو دەکوڕی هەبوو هێندێک بەرەو مەزەب پرتاویان گرت هەنۆکەش گۆڕانکاریان بەسەردا نەهاتووە کاک سالحو کاک سادق زەرزا ئازادیخواز بوون ڕەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوتن. کاک سەدیق لە 1361 لەلایان حیزب ناردرا دەرەوەی وڵات "ئوتریش" دەستی بە خوێندن کردو بوو بە دوکتۆر، هەڵبەتە بەرلەناردنی بۆ دەرەوەی وڵات لەلایان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە میراوە بینیم پیم وایە ساڵی 1360ی هەتاوی بوو هەنۆکە کورو کیژێکی هەیە زۆرمان پەیوەندی تەلەفونی پێکەوە هەیە، کاک تاهیریش دوایی لەکوردستان وەدەر کەوت لە خویندن بەردەوام بوو لە ئاکامدا بوو بە دکتۆر،بەتەلەفون پەیوەندیم لەگەڵ گرتووە، کاک سادقیش پاش گەڕانەوە بۆ دەرەکی لە هولەند دوکتورای وەرگرت هەموویان بە نەتەوەکەیان شانازی دەکەن و لە ڕێزی خەباتن بەڵام بەداخەوە کاک سالح خان دوو قەیرانی لە دەرەوە بۆ هاتە پێش یەکیان جوانەمەرگ بوونی سەرداری کوڕیو ئەوی دیکە مەرگی بە

ناوەختی ئەفسەرخانمی خێزانی بوو. خەمو پەژارەیەکی زۆری بۆکاک سالح بە جێهێشت. ئەفسەر خانم بە بەحەق شێرەژنێکی هەڵکەوتوی کوردبوو. هەروا مەحموودخانیش بەدرەنگەوە بۆ هولەند ڕوۆیی ئەوکات منوچهری کوڕی لاویکی بەگوردی 25سالانەدوبوو ئیستا بیگومان ژیانیان باشە سێ چوارکەڕەت بە تەلەفون قسەم لەگەڵ کردوە، وەک دەڵێن بەهۆی گرانی پارەی تەلەفون نەیتوانیەوە لەگەڵم پەیوەندی بگرن!

**(عەشیرەتی مامەش)**

مامەش دوو بەرن یەک ئەمیرعەشایری ئەوی دیکە قادری، هەر چەند لە سەردەمی کۆماری مەهاباد 1346ی زایینی قادریەکان ڕەگەڵ کۆماری مەهاباد کەوتنو بەنیشتمان پەروەر ناسرانو ئەمیرعەشایرەکان بەجامینخوازی دەوڵەتی محەمەدڕەزا شا ناوبانگیان دەرکرد بەڵام لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران 1357ی هەتاوی کە حیزبی دیموکڕات بۆ وڵات گەڕاوە ئەودۆخە گۆڕدرا. ئەوجار زۆربەی "قادریەکان"تایبەت بنە ماڵەی کاک عەولای جەڵدیان چەکیان بۆکۆماری ئیسلامی لە شانکردو کاک محەمەد برای کاک عەولا لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەی حیزب کوژرا. کاک عەولا ماڵی بردە ورمیێو لە وێ ئەمری خودای کرد.
ئەمیرعەشایری لەقبێکە لە سەردەمی قاجار 1880زایینی کە شێخ عەبەیدوڵڵای شەمزینانەدژی داگیرکەرانی کوردستان ڕاپەڕیوو سنوورە رووکەشەکانی "چاڵدڕان"ی 1514ی زایینی بەزاندوە لە شاری ورمێ ئۆردوبەزی کردوە. (شێخ تەپە) بە ناوی وی ناو دێر کراوە،ئەوکات عەشیرەکانی ناوچە وەک بەرەی مامەشی قادری، پیران، گەوەرک، زەرزا، دێبۆکری.مەنگوڕ، لە گەڵ شێخ عەبەیدوڵلا کەوتوون. بەڵام مامەش ڕەگەڵ حکوومەتی قاجار کەوتوون و چەکی کوردکوژیان هەڵگرتووە. کاتێک ڕاپەڕینی 1880ی شێخ تیکشکیندرا، حکوومەتی قاجاری ئەوکات لەقەبی (ئەمیر عەشایەری بەوبەشە مامەشە) خەڵات کردوە. لەو وەختەوە بە ئەمیرعەشایر دەناسرین. عەشایەری مامەش، تایبەت ئەمیر عەشایەریەکان خۆیان لە خەڵک بەزیدەتر دەزانی، بەکوردی هیندیکیان ئیستاش هەر قوڕە دەماخن، لە حالێکدا دەعیەو ئیفادەو خۆ بە زل زانین نیشانەی نەزانین و جاهیلیەتە. ئینسان لە سەر گۆی زەوی هەموویان وەکوویەکن، تەنیا فەرق و جیاوازی مرۆڤ پەیوەندی بەزانیاریە، نەک سەروەت و سامان. بەڵام ئەمە ڕیووشوێنی قەدیمە کە بە داخەوە هەنۆکەش لە زۆر ناوچە هەر بەردەوامە. هەر وەک سەید بەهەڵە خۆیان بەکوڕو نەوەی پێغەمبەر دەزانن و خەڵکی ناسەید بە ئومی و دەرجەیەک لە خۆیان نزمتر، حیساب دەکەن. کەچی ئەم لێکدانەوەیە لە بنەڕتەوە درۆیە،چ کوردیک کوڕو ئامۆزای عارەب نییە. لە ڕاستیدا لە سەردەمی ئاغاوەتیشدا مامەشەکانی بەرەی حەمەد ئاغا، ئەم خۆ بەزل زانیەیان لێدیاربوو زوڵمیشیان لە وەرزیری گوندەکان دەکرد. کە لە بەشی دووەمی (لۆچک لەخەروار)دا ئاماژەیەکی تیروتەسەلم پێکردووە. دیارەکەس گازەندەی لەو سەردەم نییە، بەڵام بۆ هەنۆکە لە سەدەی بیست و یەک ئەوشتانە لە بەرەیەکی عەشیرەتی کە بێگومان کوڕەکانیان بەگشتی خویندەوارو زانیارو ڕۆشنبیرو ئاگاداری دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی دونیای پێشکەوتوون ئەگەر هەروا مابێت جێگای داخە!ئیسلاحات ئەرزی شا بەوهەموو کەم وکوڕییەی کە هیبوو بەقازانجی ئاغاکان تەوابوو دەنا هەنۆکەش هەر وا بە هێڕی دەمانەوە هەنۆکە کوڕەئاغاکان شوکر زوربەی ڕۆشنبیرو ئاگاداری دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی و چلۆنایەتی ڕەگەزو میژووی کوردەوارین دەکرێ هیواویان بۆ پاشەڕۆژ لە سەر هەڵچندرێ. لەراستیدا خۆناسین بۆ نەتەوەی کورد شتێکی پێویستە چونکە هیچ کام لەم ڕژیمانە کە بە درێژایی مێژوو چ لە ئیران وچ لە تورکیەو سورییەو ئیراق وەک خاون ماف لەکوردیان نەڕوانیوە، لە هەموو ڕاپەڕینەکانیشدا کوردیان بە ڕیگرو ئینسان کوژ لە قەڵم داوە، دەجا خوێندن و ڕۆشنبیری و زانیاری و ئاگاداری مێژووی

دەتوانی هۆکاری بەرسڤ و جوابدانەوەیەکی سیاسی بە داگیرکەرانی کورد لە پارچە کوردستانەکان بێت. جگە لە مەسەلەی سوننەو شێعە کە لە ئێران حیسابی لە سەر دەکرێ چ پۆستێکی ئاچەری لە دەم ودەزگاکان بە کوردان نادەن،لەراستیدا هەر وشەی کورد بۆ وان حاڵەتی ڕەوینەوەی جندوکە لە بیسم اللەیە! دەجا لە ئیراق تورکیەش هەر مەپرسە چ بەکورد کراوەو دەکرێت. ئەم کوردستانە فیدڕالەش ڕەنگە نەتوانێ برینەکانی پارچەکانی دیکە دەرمان کات چونکە ڕێبەرانیان بەتایبەت مام جەلال لە تەواوی ژیانی سیاسی جگەلە نۆکەرایەتی بۆ داگیرکەرانی کوردستان چیدیکەی نەکردوە بۆیە هەنۆکەش مەترسی لێدەکرێ کە سەرانی کورد بفرۆشن، هێنانەی فرۆکەی کۆپتەر لە سنوری ڕایت باشۆری کوردستان کە دەستی بە سەرداگیرا یەکێک لەو پیلانانەی مام جەلال بۆ گرتنی سەرۆکانی پ.ک.ک. بووە. هەر وەک قاسملوی بە خوینمژانی ئیران فرۆشت و بەکوژ دا. ئەمجۆرە سەرکردانە لە بەرامبەر مێژووی کوردستان ڕوو ڕەشن و بەڕوو ڕەشیش دەمرن، دەجا مەلا بەختیارو هیندەکی دیکەش هەر وەرکە خۆرەکەی مام جەلالن. چونکە ئەگەر ڕیبەرانی کوردستانی باشوور فکری نۆکەرایەتیەکەیان لە مێشک دەرهاویژبوایە دەبوایە لەم هەل و مەرجە ڕەخساوی هەنۆکە لەگەڵ حیزبەکانی پارچەکانی دیکە پەیمان و پەیوندیان هەبوایە بەڵام نۆکەرایەتی ئیران و تورکیەو سورییە کوانی دەکرێ وازی لێ بهێندرێ،ئەدی کێ لە پاشخانەکانیان بخەوێ.

## (ئیسلاحات ئەرزی یان دابەشکردنی زەویوزار)

ساڵی 1342ی هەتاوی دەنگۆی قانوونی دابەشکردنی زەوی بڵاوبۆوە ئاغاکانی  عەجەم هەرلە1340ی هەتاوی کە سووسەیان بەم مەسەلە کردبوو ملکەکانیان  بەسەرکوڕوخوشک براکانیاندا تاپۆ کردبوو یاکووفرۆش بوویان. لەکوردستان ئەو دەنگۆیە بایەخی پێنەدرا. لە ڕاستیدا هێندێک ئاغا زوڵمیان لە وەرزیران دەکرد. بەڵام ئەگەرلە واقیعیەت بنۆڕی ئەمە یاسای داسەپاوی حکوومەتی (شا) بوو کە ببوو بەپاڵپشت. چونکە"شا" بۆخۆی یەکێک لەگەورە زەمینداارانی ئێران بوو. کەلەسەریەک 2540 گوندو 1880 دووکان و پاساژو 2/5ملیون هێکتار زەویکاسبی هەبوو. گشت، ژەنەڕاڵەکانی خاوەن زەمین وملکداری گەورەبوون. "شا"کاتێک کەوتە فکری دابەشکردنی زەویووزار کە سەرکۆماری ئامریکا( کەنەدی )بوو. هەرچەنە ئەو ملکانەی کە بە درێژایی مێژوو لەلایان پادشاکان بەعەشایردراوە،بەبۆنەی ئەمەگ ناسی هەرکام لە(پادشا)کانی کاتی بووە، دەجا ئەوملکانەی کەلەئیسلاحات بەناوی دابەشکردنی زەویووزار بەسەر جۆتیارانیاندا داروبەش کراو،هەربەپێی ئەوسیاسەت بووە،دەجائەگەربۆ بنەماڵەی ئاغا حەرام بێت بۆ وەرزێریش هەرشتیکی ئەوهایە، لە دز،دزیکردن ناکرێ بەحەڵال دابنەرێت. هێنانەگۆڕی ئەم مەسەلەی بۆ ئەوانەی ناحاڵین ڕەنگە هەستیان بۆ بنچینەی مەسەلەکەڕاکێشێت. شا لە پیادەکردن و دابەزینی ئیسلاحات، مەبەست و مەنزوری تایبەتی خۆی هەبوو،ئەم ملکانە دەیان جار ئاڵەگۆڕی پێکراوەو پێدەکرێ، هەنۆکە هەزاران کەس وکەسینی نەناس و نائاگادار هەتا بەژیانی کۆمەڵایەتی، تەنیا بۆ هۆی ئەمگناسی و نۆکەرسیفەتی یان بڵین خەڵک کوشتن کرانیان بەکەوی ڕاو، دەرجەی ژەنەڕال وسەرهەنگیان پێدراوە، بێگومان ئەگەر ڕژیم بڕۆخێت، دەستەیەکی دیکە لیهاتوویی ئەم مقام و مەنسەبەیان پێدەدرێ، ئەمە ئاڵەگۆڕی دنیایە. دەجا ئەو جورە لێکدانەوەو ئازانتیانە لەلان خەڵکی ناحاڵی تفەنگ بەتاریکەشەو وەنانە. باشترین ڕێگا ئێستا بۆ کورد ئەوەیە دەست لەم شێوە دوژمنکاریانە هەڵبگرێ چیدی کای کۆن بەبانەکات. لەجیاتی ئەمە کە بێگومان دەستی داگیرکەرانی تیدایە بۆ ئازادی وڵاتەکەیان لە هەموو پارچەکان دەست لە دەستی یەکتربنێن و خۆیان لەکویلەتی ڕزگاربکەن حەولبدەن کورد بناسین،مافی چارەنووسی کورد لە قانوون ئەساسی حکوومەتەکانی داگیرکەر جێ بکەنەوە، هەنۆکە مەسەلەی فیدڕاڵ ڕێگاچارەیە.

## (ئیسلاحاتی ئەرزی بۆ ئاغایان ڕۆژێکی نەگبەتی بوو)

دابەزینی یاسای دابەشکردنی زەویووزار بەسەرفەلاحاندا کە بە ئیسلاحات ئەرزی ناودیرکراوە،ڕۆژی نەگبەتی بۆ زۆربەی ملّکدارەکان بوو. وەک ئاماژەم پێکردوە محەمەد ڕەزا شا،گەورەترین خاوەن ملک وزەمینداری ئیران بوو،و بەفۆڕمەلیتە ملکەکانی خۆی دەپێشدا لە نیوان جۆتیاران دابەشکردبوو،هەرچەند هەتا سالّی 1357ی هەتاوی کە دەم و دەزگای سەلتەنەتی بە ڕاپەڕینی گەلانی ئیران ڕۆخاندرا، بەکردەوە خاوەنی هەموو ملّکەکانی بوو. ئەمن ئەوکات لەگوندی گردکاشان بووم. هەرچەند دەم و دەزگای شا،لە سالّی 1340 مەسەلەی ئیسلاحاتیان لە پاڕلّەمان دابەرباس و تاوتوێ کرد بەڵام ئاغاکانی کورد لە سەتی دەی لە مەسەلەکە حالی نەبوون. دابەزینی ئیسلاحاتیان بەشتیکی لە ناممکین دەزانی، لە ڕاستیدا ئەوانەی کە هەربەشی پسولەنوسینی ئاغایەتیان خویندبوو لە دونیا حالی نەبوون. لە سەریەک ئەوکات لە ئیران تایبەت کوردستان خویندەواری کەم بوو. و ئاگاداری خەڵکەکەش بەم ڕادە کز بوو تایبەت لەگوندەکان بۆ قاقەز خویندنەوە ئەم گوند ئەوگوندیان دەکرد. ئەوەش بڵیم قانوونی ئیسلاحات بەهۆی ئەمە پاڕلەمانتاران زوربەی ملّکداربوون ڕەت ببووە، شا فەرمانی گالّەدانی مەجلیسی شوراو سەنای دا. هەموو نوێنەرانی پێشووی دەرکردن. و جاریکی دیکە فەرمانی دەنگدان و ئینتخاباتی دا و ساواک بە زۆرەملی هەموو ئەونوێنەرانەی کە بەفەرمانی شا ساواک دیاری کردبوون لە سندوقی دەنگدان دەڕینان. بەمجۆرە پاڕلەمانتارانی نوێ کە تەنیا (ئەحسەنیان) دەگوت. لایحەی ئیسلاحاتیان پەسەندکرد. و ئاغای سەنجابی بوو بە بەرپرسی ئیسلاحات ئەرزی. وەک لەکورتەباس دا ئاماژەم پێکردوە جاری ئەوەڵ لایحەی ئیسلاحات شەش دانگی بۆ مالێک لە نەزەرگرتبوو بۆیە ئاغاکانی عەجم کە ئاگاداری یاسایان هەبوو ئەوانەی کەچەند گوندیان هەبوو ملّکەکانیان شەشدانگ شەش دانگ بەسەر ژنو مندالّەکانیاندا تاپۆکردبوو، هەتا قانوونی ئیسلاحات نەیانگریتەوە. هیندیکش هەرلەسالّی 40 13هەتاوی وەرزیڕەکانیان لەگوند دەرکردبوو. ئەوانەی کە ملّکیشان کەم بوو بەمقانوونە وەبەر ئەم تەقسیم نەدەکەوتن، بۆیە (شا) مجلیسی هەڵوەشاوەڕاگەیاند بوو ئەولاییحەیی کە لەمەجلیسی تازە دەرچووبوو ئەو شتانەی تیدانەبوو تەنیا مالک هیندیک ملّکی وەک بەرەجۆت بۆ دەماوە، ئەویش ئەگەر لە بەردەست خۆیدا بوایە. ئەو جارلە لاییحەی بەرێ قرساندن و قبلاندنی قیمەتی ملّک بەئەهلی خیبرە ئەسپاردرابوو کە بریتی لە ئاغا یان نوێنەری خاوەن ملک بەرپرسی ئیسلاحاتی ئەرزی ناوچە کەسیک ئاگادار لە بایی، لە خەڵکی شار کە کەسایەتی جێگای قەبووڵ بۆایە،هەر وا نوێنەری ئیداری جەنگەڵداری وفدەی تایبەت بۆ میتراژ بریتی لە ئیداری تاپۆ، یانی ئەوملّکەی کەبە وەرزیر دەدرا بەڵگەی سەبتی و فەرمی دەبوو. بەڵام لە لاییحەی دووەم ئەوانە هەمووخەتیان بەسەرداکیشرابوو. نەسەقی زەراعی یانی جێجووت بەسترابۆوە بەقسەی فەلاح ئاخۆ چەند باری ناوچەیی یان هیکتاری لە بەردەست دایە،یانی پێوان و مێتراژ لەگۆڕیدا نەبوو. هەربەگوترەکاری دەنوسرا. چونکە ئیجاری 12ساڵ دەبوو بەقیمەتی کرینی ملّک،سروشتیتە کەس جێ جووتی بە تەواوی نەدەنووسی مەسەلەن ئەوەی 20هێکتاری زەمینی لە بەردەست دەبوو بەلانی زۆرەوە 4هیکتاری دەنووسی کە ئیجارەکەی دەبوو بەقیمەتی ملّکەکەی. قیمەتەکەش هەر بەخۆرایی بوو یانی هێکتاری ئاویژە/100 تومەن هی دیمی /30تومەن بەڵام کەس فکری وی نەکردبۆوە ئەدی چونی تاپۆدەکەن. دەجا هەرئەوەندەش لە قەبالّەی ئیسلاحات بۆ وەرزیر دەنوسرا. دەجا زەویەکانیش هەموو بەناکۆ (مەشاع)مانەوە بۆیان مفرۆز نەکرا.بەڵام بەڕیوەبردنەکەی و هەڵاو هەڵوەدای ئاغاکانی لێکەوتەوە. جگەلەوانە ئەوهەی لە ئیزهارنامەش دانوسرابوو ئەگەرخاوەن ملّک ڕازی نەبوایە، ئیمزای نوێنەری ئیسلاحاتی ناوچە لە جێگەی ئیمزای خاوەن ملّک ئیحتوباری قانوونی هەبوو. ڕاستیەکە فەرمانێک بوو کە(شا) دابووی و دەبوایە جێبەجێ کرابوایە. هەمووخاوەن ملّکەکان شلەژابوون لە ڕۆژی دیاریکراو کە دەبوایە هەموو گوندییەکان لە شارەکان کۆ ببوانەوە، هەریەک یان بە دووگوند دەستیک دەهۆڵ زوڕنای پێبوو لە سەرپارچەیەکی سپی ناوی گوندەکەیان دەنووسرا،لە هەرگوندیک هێندیک تۆلازی قوڵ سوور بەناوی

ئینتزامات خەڵکەیان کۆدەکردەوە، بەرەوشوێنی کۆبۆنەوە وەڕێدەکەوتن. لە پاریزگای ئازەربایجان شارەکانی ورمێ و مەهابادو بۆکان و پیرانشار(خانە) و نەغدەو میاندواو شنۆ و بەشکانی دیکە ئەبەم ڕیووشوێنە خەلکەکە بە هەڵپەرکێ لە فەرمانی شایان پێشوازی کرد،کە شنۆ وەک نموونە دینمەوە. لە شنۆ کە64گوندە لە ڕۆژی دیاری کراوی ساڵی 1342ی هەتاوی خەڵکی هەمووگوندەکان بە تەقەی دەهۆڵ وزوڕنا وەک ئامازەم پیکرد بەرەوشاری شنۆ وەڕێدەکەوتن. لەگوندی گردکاشان کە ئەمن کیشەم لەگەڵ گوندەییەکان نەبوو بۆ خۆم لەسەرپارچەکە ناوی گوندەکەم بۆ نووسین،بەڵام براکانم بریتی لە ڕەحمەتی مەجیدخان و سەمدخان کە خاوەنی گورگاوە ئاڵیاو سێ دانگی شیخ وسماک سی دانگی بێژاوا گەردی مەلائەحمەد بوون،لاتەریک ڕاوەستان. لە سەریەک ئاغاکانی زەرزا،کە کەمتر زوڵمیان کردبوو هەروا قادریەکان بێ حورمەتیان پێ نەکرا بەڵام ئاغاکانی ئەمیر عەشایەری لە ترسی ڕەعیەتەکانیان لەگوند نەمابوون بۆ شاری شنۆش نەهاتبوون خۆیان ون کردبوو. لە شاری شنۆ ئیمام جومعە شنۆ قازی محەمەد خدری و مەلاعەوڵای مەنعاوی لە پشت تریبوون بەبەژن وبالای ئەعەلاحەزرەتیان هەڵدەگوت دەیانگوت: ملک هی حەزرەتی ئادەم بووە (شا)ش وەلی نیعمەتە: کردبوویانە محەمەدی مێهدی، بۆ هەرقسەیەک خەڵکەکە هۆڕەیان دەکێشا، چەپڵەیان لێدەدا، دەهۆل وزوڕناش مەگین خودا بزانی، مەلاکانی کە ئەمن دەمناسین وەپێش خەڵکەکە کەوتبوون بریتی لە مەلاحەمەدەمین گورگەی گورگاوێ و مەلاشەریفی دەشتەبیل مەلازاهیدی سینگان پێش قەتار فەرمانی هومایونی بوون، ئەمە سەیرە ئەم مەلایانە لە سەردەمی ئاغاوەت خاوەن ملکەکانیان بەوەلی نیعمەت دەزانی دەیانگوت هەتا نویژکردن لە مزگەوت بەبێ ئیجازەی خاوەن ملک حەرامە، بەڵام بەدوای فەرمانی ئیمام دا خاوەن ملکیان بە زالم و زۆردار لێکدەداوە، ئەو مەلایانش کە لەپەی هەموو شۆرباوەک وتێکشوینێکن وێنەی خومەینی یان لەناو مانگدا دەدی بەقامک پێکتریان نیشاندەداو سبحانەلڵایان دەگوت. دوایی ئەم کۆ بۆنەوەیە بەرنامەی ئیسلاحات دەستی پێکرد ئاغاکان بە سەرجەم لە ئیحتوبار کەوتن، ئەوانەی کە دەینداری شارەیەکان بوو چەک و سفتەیان دابوونێ کونەمشکیان لێ ببوو قەیسەری، شکایەت دەستیان پێکرا. چونکە ئەو کات بە خاوەن قەرز بەپیی قانوون دەیتوانی داوای گرتنی مرۆڤی دەیندار ڕۆژی لە بەرامبەر22قران بکات. زوربەی خاوەن ملکەکان هەڵوەدابوون. چەکی ئیسلاحاتش کە قیمەتی ملک بۆ دەریژ خاین بوو وەسول نەدەبوو چونکە کەس چکی 12ساڵەی تومەنی بەقڕانیکیش نەدەکڕی. کە وەک لەکورتەباس دائامازەیەکی کورتم پیکردوە ئەعەلاحەزرەت تومەنی بەدوو قرانی بەناوی قەرزەی مللی کڕیەوە کردی بە دۆلار لە هەندەرانی تاقەت کرد وئاغاکانیش ئەو تومەنە دووقرانەیان لەکلۆبی ئازەربایجان بە ئاغای فریزوی نوێنەری شا دۆراند. چیرۆکی ئەوقەرزانەش هەر وا لە گوترەکاری نەبوو زۆرکەس پێی وایە ئاغا شیت بوونە جگەلەو خاوەن ملکانەی کە بەهۆی بێسەروبەری یان قومار قەرزدار وەدەرکەوتبوون زوربەی ئاغاکان لە ڕاستیدا قەرزداری دەینی وەرزێرەکانیان بوون. ئەوکات تەنیا خاوەن ملک ئیحتوباربوو دووکانداری شار ئەوی دەناسی، هەرمالێکیک لە چەند دووکاداریک شتوومەکی بۆ خەڵکی دێ یانی وەرزێرەکان دەکڕی. یان دەستەبەری قەرزەکانیان دەبوون، هەتا هێندیک ئاغا بۆ یارمەتی بە وەرزێرەکانیان بەقیمەتی ڕۆژیان لەگەرحیساب دەکردن بەڵام لەگەڵ دووکاندار بەسووت و سەلەم و چەند قات هاتنە سەربوو. دەجا قەرز،کۆڵەی ئاغاکانی کوتابوو و ئیحتوتاریش نەمابوو، کە قاقەزی سوت و سەلەم نوێ بکەنەوە. ئەمن یەکیک لەوجورەخاوەن ملکانە بووم بەڵام ئەمن لە قانونی حقوق سەرم دەردەچوو هێندیک زەویم کە قەباڵەی تاپۆیان هەبوو لە بەرامبەر ئیجرای ئیدارەی (ثبت) دەناساند بەمە سەندەکە هەڵداوەسرا، زۆریشم لە هەرد هەڵسوتن. ئەوش بڵیم ئەوقەرزانە شەرعیەتیان نەبوو. زۆریان سووت و سەلەم بوو. لە ڕووی ناچاری ساڵ وەساڵ نوێ کرابوونەو چەند قاتیان لێ زیاد ببوو. بە داخەوە شەرعیەت ئیسلام سەلەمی بەشتیکی ڕەوا زانیوە کە زۆرلە سووت پیسترە. پڕوپاگەندەی مەلایان وحەلال کردنی ئەم مەمەلە گلاوە ژیانی زۆری کەسی تێکداوە. هەنوکەش بۆ پیاوی بەلەنگازو نەبوو لەگەڵ مامەلەچی بێ بەزەو خوا نەناس هەرلەگوڕییە. باری گەنم لە سەر خەرمانان 50تومەن لەمانگی دوومی بەهار جاروابوو لەئاخری بەهار بە 25تومەن سەلەم دەکرا ئەویش بەشتومەکی خواردەمەنی هەرلە

دوکانی کابرا، 20تومەنیشی نەدەگرتەوە کە دەیندارنەبیوایە بۆ سالێکی ترچونکە کات دریژ دەبۆوە باری لە10تومەن حیسابی بۆدەکرا،لە ڕاستیدا وەک خێلاتی مەڕ و بزن دەبڕنەوە ئەوانیش ئەو خەلکەیان هەمووسالی ئەوها دەبڕیەوە قەتیش بنەی نەدەهات. هەروەک ئاماژم بەدابەزینی گۆترەکاری ئیسلاحات کرد. دەجا بەیارو چیمەن وچرگەن و گاڕان لەوەڕین و نەکیل قورخ و گیادرو نەکەوتبوو ناوقانوونی ئیسلاحات لە سەندەکاندا ئاماژەیەک بەوان نەکرابوو کە دوایی ئەو هەی دەستی دەڕۆی هەموو ئەوڕاستانەی کە ئاماژەمان پێکردن بە تراکتور دەرهێندران و ئیدارەی جەنگلداریش چی بەدەستەوەنەبوو لە دوایی ئیسلاحات تازە خەریک دەبوو شتێک بەناوی جەنگڵداری مەرتع وبەیار بەرگری لێبکرێت. لەو نیوەدا ئاغامستەفاخان عیسمەت زەرزا،سمایل زەرزا،مامەندزەرزا کە 18گوندی دەشتەبیل کە لەئیجارەی کوڕەکانی تەهای تەیارئاغای هەرکی ناسراو بەنیعمەتی دابوو لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا پێشکیش بە ئەعلاحەزرەت کردبوو. بەو بۆنەوە خۆشەویستی جۆتیارەکان بوون. خەلکێکی زۆر لە نەلیوان کۆ دەبۆنەوە وڕەحمەتی مستەفاخان و عیسمەت خان دەچونە گوندەکانی دەورو پشت قسەیان بۆ خەلک دەکرد،هەرگوندەکی کە ئەوان دەچوون ئاغاکانیان لە ترسان خۆیان دەشاردەوە. بە تایبەت مالی حەمەد ئاغای مامەش، یان لە مالەکانیان نەدەهاتنەدەر. ئەمەش سیاسەتی ڕۆژبوو. ڕۆژیک ئاغامستەفاخان بەمنی گوت لەگەڵ مرادگردە سووری بچنە لای دکتۆربەهمەنی چیانەی قەرەپاپاغ. پێی بلێن سبحەینە لە مالْ نەبێت کە ئەمن بۆ تەبلێغتات دێمە چیانە! دکتۆر بەهەمەن خوسرەوی کوری ئەمیرتومانی چیانەی یەکێک لە ئاغاکانی بەهیزو خودان سامانی عەشایەری قەرەپاپاغ،لە سلدوز(نەغدە) بوو ناوبراو جگە لەگوندەکان بە تایبەت چیانە شارۆچکەیەکە، ملکێکی زۆری لە نەغەدە هەبوو بەدرێژایی مێژوو خۆیان بەدۆستی کوردان زانیوە،هەرواخاوەن سێ هەتا چوارهەزار کەتە پەز بوو مێگەلەکانی مەڕی دکتۆر بەهمەنی چیانەی هەمێشە کە بۆ کوێستان دەچوون زیدەلە بیست مرۆڤی چەکداریان لەگەڵ بوو. و دکتۆریەکێک لە دوستەکانی ئاغامستەفاخانی زەرزا و کاک عەولای قادری جلدیان بوو. خولاسە چوینەلای دکتور کە کۆشکەکی پاشایانەی لە چیانە دورست کردبوو هەرچواردیواری شووشەبوو. زۆریان ڕیزلێنیان دوایی فراوین لەگەڵ کاک مرادی گردە سوری پیامەکەن عەرزکرد، دکتورگەراوە بە زەردەخەنە گوتی: قاسیدان چیان لە سەرنییە، قسەکان بە تەواوی حالێبووم داواتان لێتدەکەم ئەوهەی پێتانی دەلێم بەئامانەتەوە بەکاک عەولای جەلدیان و ئاغامستەفاخان زەرزا ڕابگەیینن. دلنیامانکرد. گوتی ئەمن دکتۆرم هەرسبەی مەتەب دەکەمەوە بەلام ئەوان پێویستە بۆخۆیان بگرین،نەک بۆمن. دوایش ڕاستیکەی هەروادەرکەوت. ناوبراو بەهۆی ساماندارى دکتۆری نەدەکرد کەم کەس دیزانی دکتۆورە، گەڕاینەوە قسەکەمان گەیاند. ئەویش لە نەغدە بۆ بەبەرپرسی نەخۆشخانە. لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیش هەتا ئەو جێگاییەی کەئەمن ئاگام لێ بێت جامینخوازی کوردان بوو بەلام ڕژیم تی هەلکێلا و هەموو زەویی وباخەکانی لێ ئەستاند، قەرپشی سلدوزی ورکەخۆرەکانی خۆی تیبەردا، سەردەمێکی دوورو دریژیش زیندانی کرا. لە سەر یەک لەو ئیسلاحاتەی محەمەد ڕەزاشا، هەر وەک مێژوو باسی لێدەکات ئەو ملکانە کە چۆن و چلوون و بەچ چەشنێک لە لایان پادشاکانی ئیران بە ئاغاکان درابوون، جارەکی دیکە بە فەرمانی پاشا بە جۆتیارانیان خەلات کرد، تەنیا قەرەکانی بێ زەوی لەم پشکە بەشە گوێجکەپڕۆسکینێیە چیان پێنەبڕا، هەتا ئەوەی بەناوی شکارتەش هەیان بوو لێیان وەرگیراوە. بەشیکی زۆر هەلوەداو پەڕیوەی شارەکان بوون. و قازانجی خاوەن ملکەکان دوو شت بوو یەکیان لەم قۆڕە دەماغیەو پۆزو ئیفادە ڕەزگاریان هات، دووهەم هەلی بۆ ڕەخساندن بەمندالەکانیان بخوێنن. وەک دەبینین دوایی ئیسلاحات ئەرزی مندالەکانیان باشین خوێند زۆر لە پۆستەکانی شارەکانی پارچەکوردستانی ڕۆژهەلاتیان گرتە دەست.

**پسوولەی خومەینی**

(پسولەی خومەینی چۆن برەوەی بەست و ئیمامی جەمارانی لێکەوتەوە.)

بەشیک لەبیرەوەریەکانی ئایەتوڵڵا ئەنوەری

لەساڵی 1342خومەینی ناوی هاتە ناوناوان دەنا نە ئایەتووڵڵاو بوو ونەعوزما، ئاخوندیک وەک هەمووئاخوندەکانی قوم ومشەد بوو بەڵام کاشانی وگوڵپایەگانی ومیلانی خوانساری ئەنواری وحەکیم ئایەتوڵڵا بوون. خومەینی بەنامەیەک کەبۆ ئایە توڵڵا حەکیم دەنوسی: داوای لیدەکات کە وەک ئایەتوڵلایەکی (مرجع تقلید) سەبارەت بە(شا) کە خەریکە مەزەبی شێعە لە قانوون ئەساسی حذف بکات هەنگاو هەڵبێنیت، ئەوکات هیشتا حەسەنعلی منسورسەرۆک وەزیرانی ئیران بەدەستی گروپی نیزامی فدائیان(مۆتلفەی)وەک محەمەد بخارائی مهدی عراقی شهاب ومورتەزابیک نیژاد،سەفار هرندی،وسادق ئامانی کە لاوی دە33هەتا34 سالەبوون،ترۆر نەکرابوو، کە پاشان بەدەستی محەمەد بخارائی ترۆرکرا. گویا خومەینی دژی فتوای کوشتنی بوو فتوایەکە ئاتووڵڵا میلانی دابووی هەڵبتە ئەویش فتوای ترۆری ( شا)ی دابوو بەڵام وەک بخارائی لەکاتی گرتنی ئاشکرای کرد کە نەیتوانی بوو شای ترۆربکات مەنسوری ترۆرکردبوو دیارە هاشم رفسنجانی و عەسکەرئەولادی لە هاتووچو دابوون ئایاتەوالله انواری بەتۆمەتی بەشداری لەکوژرانی مەنسور لە1344هەتا56ی هەتاوی لەزیندان بوو. بەڵام خومەینی لەو نامەیەی داکە بۆ ئایەتوڵڵا حەکیمی نوسیبوو مترسی خۆی لەمەڕ مەزەبی شیعە کە (شا) دەیەوێ لە قانوون ئەساسی دەرڕیباوێن، ڕاگەیاندبوو بەڵام چونکە نامەکەی بێ ڕێکەوت بوو هەروا ئیحترام لەبەرچاو نەگیرابوو یانی وشەی عظمای بۆ ئایەتەالله حەکیم دەکار نەکردبوو لە قوم نامەکەی بۆ خومەینی دەنیرنەوە کە ڕێکەوتی بۆ دانیت و،وشەی عوزماشی لێ زیدەبکات. دەڵێن: خومەینی بە عادەتی خۆی کە بۆ فریودانی خەڵک ئامازەی بەئیسلام دەکرد تورە دەبێت دەڵێ: ئەوەئیسلام لەمەترسی دایە کەچی ئەوان وەدوای لەقەب و عینوان کەوتون. باشە ئەوەش بڵێن (شا) بۆخۆشی پیاوەکی ئەوها زەین کراوو ڕۆشنبیر نەبوو کە مەزەبی شێعە لە قانوون دەرباوێ، لە کتیبی خزمەت برای وەتەنم کە بەقە ڵمی خۆی نوسیوە خرافاتی (شا) لەبەرچاوە بەڵام (شا) لە راستیدا دەیەویست هێندیک شتی لاوەکی وەک عاشورا لەگرفە بێخێت کە شێعە خۆیان لەخوین وەردەدەن، ئەمەشی بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مەلاکان بوو، وردەوردە لەبەرچاوخەڵک بێ ڕەنگ ببوو ئیدی لەکاتی محەڕەم مەگین ڕەشوو ڕووت دەنا هیچ خاون کەسینی وکەسایەتیەک خۆی تێکەڵی دەستەی محەڕەم نەدەکرد. دەجا خومەینی بۆ وەدەست گرتنی دەسەڵات ئەوکارەی کرد چونکە دەیزانی خەڵکی شێعە چەندیان بیروباوەر بەمەزەب هەیە و چەندە خەرافاتین، بەڵام بۆ پتەوکردنی کارەکەی مەسەلەی چارەڕەشی خەڵکی ئیرانی بە گشتی هینا بەرباس و داخۆیانەکانی خومەینی لە پاریس بڵاو دەکرانەوە تەژی لەمەسەلەی سیاسی بوون کمترلە مەسەلەی شێعەگەری دەدوا،ئەو جار ئەوانەی کە دەسەڵاتیان کەوتە دەست هەرئەو دەستەن کە هەبوون وەک موتەهەڕی، بازرگان، هاشمی ڕەفسنجانی عەسکەرئەولادی ڕەجەوی، تاڵەبانی وهتد... محەمەد بخارائی دەگیرێتەوە دەڵیت: دەمەویست (شا)تێرۆڕبکەم بەڵام هەلم بۆ نەڕەخسا. تەنیاجاریک هەڵم بۆ هەڵکەوت ئەوکاتیش دەمانجەکەم پێ نەبوو. لە وانە سەیرترئەمە بوو کاتیک خومەینی دژایەتی خۆی لەگەڵ شەش ئەسلی ئیسلاحات ئەرزی دەربڕی ئاغاکان بەتەواوی ئیمانیان پێهینابوو بۆیە کە لە1366 هەتاوی کە گەرای ئینقلاب سەری هەلدا، ئاغاکان لە خۆرا بەگەزو نیوگەزی ئیمامی جەمارانیان دەپێوا، هەرئەوەش وای لە ئاغاکانی کوردستان کرد ڕەگەڵ حکوومەتی تازە بنیات نراوی ئیسلامی کەون، بێئەوە بزانن بەری ئەم دارە ئاخۆ چییە!! لە ڕاستیدا ئاخوندەکانی شێعە فیلەزانن و هەموویان ڕیشەی ئەو دارە ژقنەمووتەن کە شائیسماعیل سەفەوی لە1550ی زایینی چاندی! خومەینی هەر بەمە بەس نەکرد، بۆ فریودانی خەڵک مەسەلەی ئابووریان هێنا گۆر دەیانگوت: ئەگەر ئەوان یانی دەم و دەزگای ئیسلامی بێتە سەرکار وەک وڵاتانی کەوەیت، دوبەی و بەحرین رۆژانە پارەی نەوت بە خەڵکی ئیران دەدەن، لە سەرئەم قسانەی ئیمام هەریەک لە خەڵکی ئیران بە تایبەت هەژارەکان جانتایەکیان بۆ ئەم پارەیەی گازو نەوتی ئێران هەڵدرووبوو، فکرەیان لێدەکردەوە کە ئیدی لە ژێرسێبەری ولی فقیە لەماڵ پاڵدەدەنەوەو کریکاری دەرەکی بۆ وڵات دینن وبۆ خۆیان دەبن بەلۆرت! کە دوایی دیتمان هەمووشت بۆ بەکۆپین! هەنۆکە دوایی

29سالٚ دەسەڵاتی حکوموتی ئیسلامی ئەوە بینزینیش لە سەر دەمی ئەحمەد نیژاد بووە بەکۆپین! مانگێک /100لیتر! بەخوای باشە! بەلێ ئەو دەولەتەی کە دەیەوێ بۆمبی ئاتۆم دورست بکات ئەوە گیرەی دەهەمووودونیا هالاندوە بەڵام پالایشگایەکی بۆ نەوت پالاوتن نییە! ئەریێ کرینی فاکتۆریەکی پالاوتراوەی نەوت لە بەزمی بۆمبی ئەتۆم باشتر نەبوو!! کە ئەویش مەگین لە کوردستان بدات دەنا،بەکەلکی هیچ نایەت.

(پاشای بناسین)

ئاغای ئەمینی سەرۆک وەزیرانی کاتی ئێران کە دەچێتە ئامریکا چاوی بە (کەنەدی)دەکەوێ. ناوبراو پێی دەلێ: ئەو پاشا بازاریەچییە؟! بۆچ ئێران ناکەن بەکۆمار! بەڵام ئەمینی لەگەرانەوەدا ئەم قسەیە بۆ "(شا) ناگێریتەوە. کە"شا"ئەمە دەزانێتەوە لە سەرۆک وەزیرانی دەخات. هەر بەدوای ویدا سەرلەشکر"محەمەقەرەنی"لە کارلادەبات"شا"بۆ مانەوی خۆیلە سەرتەختو پاوانی دەسەلات، نەک بۆگەشەی وڵات ئیسلاحاتی دابەزاند."شا"مرۆڤێکی بێ ورە، ترسەنۆکو بێ بەزە بوو لە1332 ی هەتاوی تێی تەقاند. ئەوکات ئامریکا داکۆکی لێدەکردو بە پشت ئەستوری ئامریکابوو کە زاهدی کودتای کردو شا گەراوە ئێران. "شا" لە1357ی هەتاوی لە راپەرینی گەلانی ئێران کەترسی ری نیشت "هوویداو بەرپرسی ساواک"ئەرتەشبود نەسیری"دەست بەسەرکرد.
کە خۆشەویستی خۆی بوون. نەسیری کەسێک بووکە نامەی وازهێنانی بە (موسەدیق)ئیمزاکرد. هوویدا دوازدەسالٚ سەرۆک وەزیرانی ئێرابوو. دەگێرنەوە کە"شاو شابانوو"بە تەلەفوون بەهوویدا دەلێن: پێویستە سەردەمێک بچیە زیندان! هوویدا لە وەڵامدا دەلێت: هیوادارم" عەلاعەزرەت"بزانن چ دەکەن!؟ دوکتۆرشاقولی دەلێت: هەرچەند هووێدا دەمێک بوو"لەیلای" خیزانیتەلاقدابوو بەڵام پێکەوە وتووێژی تەلەفوونیان هەبوو. لەوکاتە ئەستەمەدا "هوویدا" مەسەلەکە بەراشکاوی بە لەیلا دەلێت ئەو کە شێرەژنێکی چاونەترس بوو خۆی دەگەیێنیتە مالی هوویدا کە ژەنەرالێک لەو قوماشە ژەنەرالانەی 1320بۆ گرتنی لە وێ دەبێت! لەیلا رووی تێدەکات وپێی دەلێت: ئاخۆ لەم وڵاتە هەر هوویدا سمی هەیە. ئەدی بۆچ "ئەعەلاحەزرەت"ئیجازەی دەرچوونی ئەوانی تری دا!
دوکتۆر شاقولی لەم بارەوە بە مێژووی "حەسەنەکی"وەزیر ئامارە دەکاتو دەلێت: کاتێک سولتان مەحموود"حەسەنەکی وەزیری ئیعدام کرد، دایکی حەسەنەک بەدرەنگەوە پێی زانی. بەڵام کە ئاگاداربوو وەکوو ژنان روومەتی دانەرنیو قژی نەرنیەوە! بەڵام هێندە بەکولٚ گریا ئەوانەی کە لەگەلی بوون خوێن گریان! ئەوجارگوتی: ئەوە کوریمن بوو کە سولتان مەحموود ئەم دونیایەی دایەو سولتان مەعبوود دونیای دیکە! بەڵام ئەمن دەلێم: ئەعەلاحەزرەت هەردوو دونیای دا بەهوویدا! (مەنزووری
ئەوەیەکە"شا"ئەوی دوازدەسالٚ کردەسەرۆک وەزیرانی ئێرانو هەر
ئەویش گرتیو بەکوشتنی دا! دوکتۆر شاقولی دەلێت: 1354ی بوو
هوویدا سەرۆک وەزیرانی ئێران بوو. بۆخواحافزی"هلمز"سەفیری
ئامریکا، زیافەتێکی لەکۆشکی سەرۆک وەزیران پێکهێنا، هێندێک لە وەزیرەکانیش بەشداریان لەو مێوانداریە کرد. هۆیدا پێکەری دووکۆتری پێشکەش بەخانم هلمیزکرد. ناوبراو گوتی: ئەوە چۆنتزانیوە کە مێردەکەم کلکسیونی کۆترانی هەیە؟ هۆویدا لەوەڵامدا بە ئەنقەست پێی دەلێت: ساواک پێی گوتم! مەنزووری هوویدا ئەوە دەبێت کەحالی بکات ئەو ساواکەی"کە ئامریکا خمی دارشت چۆن لە ژیانی خەلک دەکۆلێتەوە خانم هلمیز لەوەڵامدا دەلێ: بەم پەیکەرە شتێکم هاتەوەبیر: کابرایەکی دونیا دیدەو سیاسیو گەریدە لەگەڵ کاروانێک دەکەوێ لەکاتی وچان

چاوی بە کۆترێک دەکەوێ کەلە سەرمان ڕەق هەڵاتوە وشترێک بە هەڵکەوت چەند تەرسە قولی بە سەردا بەردەداتەوە، کە گەرم دەبێتەوە وەجۆڵە دەکەوێ، مرۆڤێک لە ناو تەرسەقولەکە دەریدێنێ، دەست دەکا بەگمەگم! ڕێویێک کە بەوێدا دەڕوا گوێی لە دەنگی دەبێت پڕیدەداتێ ودەیگریو دەیخوات! خانم هلمیز لەگیڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە سێ مەبەستی دەبێت:

1-ئەوکەسەی بە نائەنقەست لە تەنگەژی ڕزگارکردی بە دۆستی مەزانە.

2-ئەوکەسەی بە نائەنقەستبوو بە هۆی تەنگەژەت بەدوژمنی حیساب مەکە.

3-بە"شا"یەکەت بڵێ هێندە واقە واق نەکات نەڵیت: ستوونی پێنجەمە بێ وەخت دەم نەکاتەوە دەنا دەیخۆن!

شاقوڵی دەڵێت: هوویدا ئەو مەسەلەیەی بۆ "شا" نەگێڕاوە بەڵام هێندێک لە وەزیرەکان کە جاسوسیان بۆ دەکرد بۆ شا دەگێرنەوە. بۆیە"ش1354هوویدای لە سەروک وەزێران لابردو خانەنشێن کرد.

ئەوانە هەموو شایەتی ئەوەن کە محەمەدڕەزا پیاوێکی ترسەنۆکو بێبەزە بوو. بۆ مانەوەی خۆی لە سەرتەخت هەموو کارێکی دەکرد. کاتێک"ئۆکرێت"بەرپرسی تەلەفزیونی فەڕانسە لەزیندان لە1356 چاوی بەهوویدادەکەوێ لێی دەپرسێت: هۆی چ بوو کەوتێە بەرغەزەبی "شا"؟! هوویدادەڵێت: لەخۆی بپرسە! ئەو بۆ مانەوی خۆی لەسەر تەختی دەسەڵات هەتا نزیک ترین دۆستانی دەکاتە گاوو گەردونو قوربانی!

"شا"هەتا یاسای دابەشکردنی زەویوزاری بۆ مانەوەی خۆی بوو نەک بۆ ئاسایشی خەڵکی ئێران. چونکە ئەگەر لە ڕووی بەرژەوەندی بوایە ئەوها بێ سەرو بەر بەڕێوە نەدەچوو. ئێستاش دوایی چلو سێ ساڵ بەسەر ئەوڕێکەوتە هێشتا بەڵگەی ملکداری بەناوی جۆتیارکان تاپۆنەکراونو لە هەرگوندێک چەند ئاغا قوت بوونەتەوەو سەرجەمی ڕشایی گوندەکان دەچەوسێندرێنەوە."شا" ا"ئەو فکرەی نەکردبووکە بەم قانوونە بێ سەروبەرەیە دەستەیەکی دیکەش ژیانیان دەکەوێتە تەنگەژەو بۆ چارە سەر کردنی ئەوان چ پلانێکی نەبوو. هەتا دووکانداریش جگە لە هەڕەشەی زیندان کردنیان چیان بۆ دەستەبەر نەبوو. هێندێک ئاغا بۆسەردەمێک ڕوویان لەکوردستانی باشوورکردو هێندێک لە سەر داوای خاون قەرزەکانکە ئەوکات دەیندارلە بەرامبەر23 قڕانڕۆژێک دەخرابەند، زیندانی کران. بەڵام "شا"لەونێوەدا سێ ئامانجی پێکا! یەک ئەوە بوو لە دونیا بەمرۆڤێکی دیموکراس ناسرا، دووهەم خەڵکی تێک بەرداو توانی بەم ڕێسکە پانزدە ساڵیتر دەسەڵاتی خۆی بەسەرخەڵکی ئێران داسەپێنێ

سیهەم ئەوەبوو هەموو چەکی گوندکانی ئێرانی بەناوی قەرزەی مللی تومەنی بەدوو قڕان کڕیەوە کردیە ئەرز بەناوی خۆی لە بانگەکانی دەرەوەی وڵات تاقەت کرد.

هوویدا پاشئەوە کە مەنسوور لەیەکی ڕەشەمەی داڵی 1343ی هەتاوی تڕۆر کراو لە شەشی ڕەشەمە لە نەخۆشخانە دا مرد،ئەوکات هۆویدا کرا بەسەرۆک وەزیرانی ئێران هەتا1354لە سەرئەو پۆ ستە ماوە. دەگێڕنەوە: کە فەریدەی خێزانی مەنسوور، چاخێک لە نەخۆشخانە چاوی بەتیمسار پاکڕەوانو تیمسار نەسیری دەکەوێت جنێویان پێدەدات گۆیا مەنسوور بە پێلانی ئەوان تێرۆرکرابوو. محەمەدڕەزا ئەو کات بەجلو بەرکی دوکتۆری لە نەخۆشخانە سەردانی مەنسووردەکات.

لەسەردەمی (موسەدیق)یش لە1330 ئیران،شاە هەموو داخوازیەکانی قەبووڵ کردبوو وەک (علی میرفطوس)لەبەشی نۆهەم دا دەگێرێتەوە:هندرسون لەراپۆرتی خۆیدا لە10ی مارسی 1953ی گەتا19ی اسفەندی1331)دەنوسیێ:موسەدیق کەئینگلیزیەکانی دەرپەڕاند،مەجلیسی شوڕای مللی فەلەج کردو مەجلیسی سەناشی تیکدا ،هەموو سیاسەتمەدارنی ناوداری تەفروتوناکرد خاوەن دەسەڵادارانی نیزامی ونانیزامی لەسەرشۆڵ وەلابرد و چەندکەس لە ئەندامانی بنەماڵەی شایەتی لە ئیران دوورخستەوە،یەک لەوان ئەشرەف پەهلەوەی بوو ئیستا وەدوای پێ شوینی(شا)ی کەوتبوو. دیارەدوای لابردنی قوام سلتەنە لە سەرکار لەگەڵ شا بە ڕەواڵەت پیهاتبووە، بەم مەرجە دەست لەکاروباری دەبارنەدات بەڵام بەقەولی خۆی وەفانەکرد و کاتیک لەمەڕ مەسەلەی نەوت چۆولای ( شا)پێشنیاری پێکرد کە پیویستە بۆ سەردەمیک لە ئیران بچێتەدەر (شا) دەست وجێ ڕەزامەندی دەربڕی گوتی کەنگێ؟ موسەدیق گوتی: ڕۆژی شەممۆ ڕیکەوت نۆی مانگی

ڕەشەمە،بەڵام کە ئاغای عەلا وەزیری کاتی دەربار چۆلای (شا)ی شا،پێی گوت ناتوانم چیدی ڕاوستم دەمەوێ هەر سبەی بەماشین بۆ بەغدا بڕۆم بەڵام عەلا نەهیشت گوتی: هەتا نۆی ڕەشەمە پیویستە سەبەربکەی لەولاش خەبەری بە ئایەتوللە کاشانی وئایەتووڵلا بێهبەهانی وحوسین مەکی دا. کە دوایی هاتن ولەگەڵ هیندیک ئەفسەرانی خانەنشین وەک ئەمیرئەحمەدی، ڕەزمارا، لەبەردەرگای شادا خۆپیشاندانیان ساز کرد لە(شا)یان داواکرد لەولات نەچێتەدەر کەشا لەبالکن قسەی کردودڵنیای کردین سەفەرەکەی وەدوا دەخات. هەڵبەتە موسەدیق سێ بەندی بە شا،پێشنیارکردبوو: 1- شاە ئەفسەرانی مەزن ئاگاداربکاتەوە کەلەمەبەدوا دەستوورلەسەرۆک وەزیران وەرگرن،2-دوژمنانی موسەدیق بۆ دەربار ئیجازەنەدا و لە وتوویژ لەگەڵ ئەوان خۆی بپارێزێ. و (شا) ڕازی بوو. وەک سوریای ئەسفەندیاری خیزانی پاشا دەڵێت: مانەوەی ئیمە لەکۆشکی پاشایەتی ئیدی تەحمل ناکرێ شا،نیوەشەوئەمن لەخەوهەڵدەستێنێ هەتا هۆدەی خەومان بگۆڕین شەوانە کە دەخەوی دەمانجە لە بن بالنج دادەنێت کە لە سەرمیزی چێشت دادەنیشن دەمانچەمان بەدەستە محەمەدڕەزا (شا) ناوێری چێشت بخوات نیگەرانە دەرمانداوی کەن. سەرئەنجام کەبینیمان بەیارمەتی ئامریکا کودتاکرا فاتمی کوژراو موسەدیق بۆ ئەحمەد ئاوا دوورخستراوە هەتامردن هەرلەوێ بوو. باشە ئەمەش بڵیین موسەدەقیش چی بۆمللەت پێنەبوو ئەویش بەدوای کورسی دەسەڵاتدا عەوداڵ بوو چونکە بنەماڵەی قاجارەکان بوو لە (ڕەزاشا) داخ لەدڵ بوو دەیەویست تۆڵەی خۆی بکاتەوە و لەمەڕکورد دەمارگرژیکی بێوێنە بوو.

**(سەرینچاوەی خەیانەتی شا)**

خەیانەتی سەرینچاوەی شا لەمەڕگریدانی پەیمانی گڵاوی ئەلجەزایەر لەساڵی 1975ی زایینی بەمجۆرەسەری گرت: کەلە خوارەوە بۆتانی دەگێڕمەوە:

وەک دکتۆر ڕەزا فاتمی لەپەیکی پارسیان- 1ی جونی 2007ی زایینی ئاماژەی پێدەکات: ئەلجەزایەرلەساڵی 1962ی زایینی سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنا،وهەواری بومدین بوو بە سەرکۆماری ئەم وڵاتە. نابراو تووی پەیمانی ئەلجەزاری 1975کە لە لە 72ی یانی لە دەهەمین ساڵی سەربەخۆی ئەلجەزایەر لە باسترغە نابوو بەڵام لە ساڵی 1350ی هەتاوی کە هێزەکانی ئیران لە(جەزیرەکانی تنب و ئەبوو موسا)دابەزین وحاکمییەتی ئیران بەسەر (دوورگانە)دا مسوەگەربوو. بەڵام بەهۆی بەشداری ئەلجەزایەرلەگەڵ ئیراق دژ بە ئیران بەرەوساردی هەڵگەڕاوە. بەڵام شای ئیران لە12ی بەفرانباری 1353ی(1357ی زایینی) بە بانگێشتنی هەواری بومدین لە کۆنفرانسی سەرانی وڵاتانی خاوەن نەوت لە(ئۆپک) بەشداربوو. (شا)بۆ ئەم سەفەرە بەپێچەوانەی هەموو سەفەرەکانی دیکەی کە هەمیشە هێندیک وەزیر وتایبەت وەزیری دەرەوەی وڵاتی لەگەڵ دەبوو یان ئامووزگار کەلە تەواوی دانیشتنەکان ئۆپک نوینەرایەتی ئیرانی بە ئەستۆیەوە بوو،بۆ بەشداری نەیبردبوو هۆکاری ئەم مەسەلە ئەمە بوو: (شا)دەیەویست تاک و تەنیا سواری مەیدان بێت ئەمە بوو کە لەگەڵ سەدام ڕوو بە ڕوو دەبوو. و بەکەسینی هەودای قسە لە دەست بگرێ و بێ حزوری وەکیل و مشیر بەکارەکان کۆتایی پێبێنێت دکتۆر رەزاسادقی دەڵێت: لە کاتی دابەزینی (شا)لەفڕۆکەخانە بۆمەدین بە کەسینی پێشوازی لێکرد و چەندچرکە دوایی کە فرۆکەی سەدام لەباندی فڕۆکەخانەنیشت جێگری شووڕای فەرماندەی ئینقلاب بەپیری وەچوو، وبۆمدین لە تالار بۆ پێشوازی وی چوو و سەدامی بۆلای محەمەدڕەزا شابرد و سەرتای وتووێژی سی لایانەی هەرلە وێ گەرا دانا، بۆیە دەڵێ سێ لایانە چونکەسەدام زوانەکانی فڕانسەویی و ئینگلیزی نەدەزانی و بۆمدین کە بەزبانی فڕانسەی قسەی لەگەڵ(شا) دەکرد بەعەرەبی بۆ سەدام وەردەگێڕاوە، و قسەکانی سەدامیشی بەفڕانسەیی بۆ ( شا)شی دەکردوە،لەحالێکدا کەمیوانەکانی دیکە دەگەینەجێ و بۆمەدین لەوانی پێشوازی دەکرد، عەبدولودود شێخلی بەرپرسی تەشریفاتی دەرەوەکە شێعەبوو لەگەڵ سەدام حوسین دابوو قسەکانی سەدامی بەئینگلیزی بۆ شای وەردەگێراوە،ئەرکی دیلمانجی بەئەسۆگرتبوو. سەرئەنجام سەدام و (شا) دەستی یەکتریان بەگەرمی کوشی ولەدانیشتنەکانی دیکەدا لێی بەردەوام بوون. و لە ئاخرین دانیشتنی سەرۆکانی (ئۆپەک) هواری

بۆمدێن ڕێبەری ئەلجەزایەر لە نێو سەرسوڕمانی دانیشتوان ڕووی لە سەرۆکانی وڵاتانی بەشداربوو لە ئۆپەک کرد وگوتی:(خۆم بەبەختەوەردەزانم بە ئاگاداری ئێوە ڕابگەیێنم کە ڕۆژی ڕابردوو کۆتایی بە کێشەی نێوان دوو وڵاتی برا،یانی ئیران و ئیراق هات و پێهاتنێکی تەواو مسوەگەربوو.) بەدوایی ویدا لە6ی مارسی 1975داخۆیانی هاوبەشی ئێران و ئێراق ڕاگەیاندرا. بە گرێدانی ئەم پەیمانەگڵاوە شۆرشی ئەیلول هەرسی هێنا،بەڵام فارسەکانی ڕەگەزپەرست هی ئێستاش بێ ئەوە شەرم لەخۆیان بکەنەوە کە پاشایەکەیان چ فاسیشت وجانەوەریک بوو. وچۆن چارەنووسی گەلی کوردی ژێروڕۆکرد. ئەوکوردەی کەئەوان کەکاتی پێویست بە ئارياييان ناودەبن، چلۆن خەنجەری خەیانەتی لە پشتەوەرا لێدان. هەنۆکەش ئەم خەیانەتە بەلێزانی و زیرکی و شاکاری سیاسی (شا)دادەنین. مەسەلەن خەلعەتبەری وەزیری کاتی دەرەوەی ئیران، لە لێکدانەوەکانی خۆیدا بەبێ شەرمیەوە لەوەڵامی ڕۆژنامەکانی تورکیە کەلەڕێکەوتی 16ی خاکەلێوەی 1354ی هەتاوی نووسیبوویان: دەوڵەتی ئیران بە دەست بەردان لەداکۆکی کوردەکانیان بەگورگی ددان تیژ ئەسپارد، دەڵێت: تورکەکانی تورکیە کوردەکانی ئەووەڵات بە تورکی کێوی ناودەبن) بەلێ ئەمە ڕاستە بەڵام هەمووەدەزانین کە تورک دوژمنی کوردە بەڵام ئەتۆی کە دەڵیی: کوردە فارس یەک ڕەگەزوڕەچەڵەو نیژادن بۆچ دەبێ چاوت بەسەرکەوتنی کوردان کویر بێت. بنواڕە هەرئەو تورکیەیەی فاشیست کەلە بەرامبەرکوردەکانی ئاریایی ئەوهایە لە هەموو شوینیکی دونیا بە ڕاشکاوی لە تورکەکان پشتیوانی و دیفاع دەکات ئەوەتا مەسەلەی کەرکووک بەهۆی ژمارەیەکی کەم لەتورکەکان تووشی چ گێڕیشوێنەک بووە لە حالێکدا هەموو مافیکیان لەلای کوردستانی فیدڕاڵی باشوور بۆ دابین کراوە،ئەگەردەوڵەت و سەردەمدارانی تاران زەرەیەک شەرم و حەیایان بوایە دەبوایە بەسەرکەوتنی کوردەکانی ئاریایی خۆشحال بوانە بەڵام (شا)و دەم دەزگا،گڵاوەکەوی و چڵکاو خۆرانی هیچ، کە دوژمنی سەرسەختی کورد لە هەرچوارپارچە بوون هەنۆکەش دەوڵەتی لەرزۆکی عەباوەمەندیلی ڕەجاڵەو خەرافاتی کۆماری ئیسلامی شیعە، جگە لە وەی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان دەقەپانچەلە کردوە، بەبینینی کوردستانی فیدڕاڵی باشوور و بەیداخی کوردستان ئەوە چاویان کویردەبێت ڕەبێ گلێنەیان دەرپەڕێت. با بزانین ناوەڕۆکی پەیماننامەی گڵاوی ئەلجەزایەر کە شاکارە سیاسەکەی ئەعەلاحەزرەت بوو لە سەر چ بنەمایەک گریدراوە: بەندی سیوەمی تەوافقنامەی ئەلجەزایەر لەکوردەکان بە ناوی تێکدەر ناو دەبات دەڵێ: لایانەکان ئەمنیەت و باوەڕپێکردنی بەرامبەر لە درێژایی سنورەکانی خوی) بەرقەراردەکەن. ماناومفهومی ئەم بەندە ئەمەیە: کە ئێران دەبێ لە دنەدان بەهێزکردنی کوردەکان دژی ئیڕاق دەست هەڵگرێ. دیسان دکتۆر ڕەزاقاسمی بەڕاشکاویەکی بێشەرمانە دەڵێت: سالها بوو کە دەوڵەتی ئێران بۆ وەدیهێنانی مافی خۆی لە بەرامبەررژیمی بەعس ودەست دریژکەرانی ئیڕاق وهاندانی بلوچەکان لەبلوجستان دژی حکوومەتی ناوەندی و قەبوول کردنی ڕیبەرانی حیزبی توودەو شەڕی چەکدارانە دژی ئیران، کوردەکانی ئێراقی دژی ئەوان بەهێزو چەکدارکردبوو یانی کردبوونیە چۆماخی خۆیان!ولەوان داکۆکی دەکرد،بەڵی (شا) لە ژەنەڕاڵ بەختیارو کۆدتای ناسەرکەوتووی 1970 زایینی لەکوردەکانیان وەک کەرەسەو ئامراز کەلک وەردەگرت و کاتیک کاریان پێنەمان بەرەڵڵایان کردن. دۆکتۆرڕەزاقاسمی بەبیشرمیەوە دەڵێت: بە ناوەڕۆکی ئەم بەندە ئیران دەستی لە داکۆکی کوردەکان بەردا،ولە بەرامبەرگازەندەی کوردەکانی ئیراق و نوسینی ڕۆژنامەکان و بیروڕای خاوەن نەزەرانی سیاسی دنیا و هەتا گازەندەی کوردەکانی ئیران و پەیمان شکێنی بی بەڵینی هەلپەرستی لە بابەت خەیانەتی (شا) دەڵێت: خەڵک بێ خەبەر لەوەیە کە مۆرۆڤ لە مەڕ مسڵەحەتی نەتەوەیی خۆی فکردەکاتەوە، و ئیحساساتی کەسینی یان قەومی شتیک نییە وسیاسەتی ڕابیتەی مللەتان نیشانی داوە کە قەوڵ پەیمان و ئیحساسات پایەگایەکی ئەوهای نییە، یانی قسە لەقون دێتەدەر دەجا دەمی ئەحەلاحەزرەت وسەردەمدارانی تاران لەقونی هەمووکەریک پیسترن،بۆ ئەم قسە قۆڕە ئەم دەلێلە دێنیتەوە و گویا سەرۆک وزیرانی ئینگلیستان ڕۆژگاریک گوتویەتی ئینگلیستان دۆستان ودوژمنانی هەمێشە و دایمی نییە، بەڵکوو ئەمە قازانج و مەسڵەحەتە کە بێ لێبڕانەوەیە) یانی ئەحەلاحەزرەت بەدرۆدەلەسە شەڕافەتی قەت نەبووی لە قەبالی بارزانی کرد وپاشان بەبێشەڕەفی خۆی ئیقرارکرد و ئاو بە ئاورداکرا. ئەوجار بەبێ ئابڕویی

دەڵێت: دەبێ بزاندرێ کەلەدوای ڕێککەوتنامەی ئەلجەزایەر دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران بەیەکجارەکی ڕووی لەکوردەکانی ئێراق وەرنەگیرا، لەڕیکەوتی 12ی ڕەشەمەی ساڵی 1353 ژەنەڕاڵ بارزانی ڕیبەری شەڕەوانانی کوردی ئێراق بۆ ئیران بانگێشتن کرد...لە ڕیکەوتی 12ی خاکەلێوەی 1354 دوو کوڕی بارزانی بە ناوی ئیدریس ومەسعود هاتنەئیران و دەوڵەت چەند دەست خانووبەرەی لە عەزیمەییەی کەرەج کڕی و لە بەردەستی وانی دانا،و بارزانی لە وتوویژیکدا هەموو کوردەکانی کردە سەرپشک، ئاخۆ بۆ ئیراق دەگەڕینەوە،یان لەگەڵ وی پەنابەری ئیران دەبن، بەڵام نەگویت دوایی پەیمانی گڵاوی ئەلجەزیەر کە ئەوکات بارزانی لە تاران بوو تیمسار نەسیری بۆلای بارزانی نارد کەلەگەڵ دکتورمحموود و مامۆستا هەژاردابوو. نەسیری لە زبانی شای پێیگوت: ئیمەلەگەڵ ئیراق ڕێکەوتووین دەستوربدە کە پێشمەرگە چەک دانین و ئاش بەتاڵ بکەن ئەگەرشەڕبکەن ئێمەش لێتان دەدەین،ئەوبێ شەڕەفیەی ئەعەلاحەزرەت و وساواکە ئینسان کوژەکەی بە شاکاری سیاسی جورە مێهرەبانی دادەنێت ڕاستەگوتویانە: سەگی سپی وڕەش تەوفیری نییە. هەتاجل وبەرکی کوردی لەبارزانی یاساخ کردبوو لەکاتی وتوویژیش دا مەعمووریکی ساواک لەتەنیشتی دانیشت،بە زورمەلی واداریاندەکرد کە بڵێت: ئیدی مەسەلەی کورد تەواو بووە،ئەمەبوو خەسڵەت و سیفەتی ئینساندۆستی ئەعەلاحەزرەت و مێهرەبانی شاهەنشاە ئاریامێهری گۆڕ بەگۆڕ! کە هەنۆکەش چڵکاوخۆرانی ئەوها بۆی لە پێک و ماپیک دەدەن، بەڵێ بەمەش ڕازی نەبوو بارزانی بۆ ئامریکا دوورخستەوە، هەتا وەفاتی کرد لە ژێرچاوەدێری ساواکەکەی دابوو. بەڵام لەکاتی هەڵاتنی (شا) بارزانی لە سەرتەختی نەخۆشخانە کە دەیبینی دەفەرموێ: ئەم ( شا )خوێریە بوو...!

**(داوی ژاندارم بە دەستی خۆماڵی)**

ساڵی 1341ی هەتاوی بوو. بەرپرسی جاندارمەری "شنۆ"(سەروان خەتیب شەهیدی) تەماحی لە دەمانجەکەم کردبوو. ڕوکن ی2ی ئەرتەش بۆکۆ کردنەوەی چەکی بەپاس داخۆیان بڵاوکردبۆوە. بەڵام دەمانجەکەی من ژمارەی لە ڕوکنی 2 دانەبوو، بۆیە حاشام لێکرد. جاندارم ڕاوی لێدابەشیم. ئەمنیش خۆم حاشاردەدا. ئەوکات ماڵم لە گوندی گردکاشان بوو. لەژاندارم سڵەم دەکرد بەم هۆیەوە دیواری مدبەقم بە سەرهۆڵی ماڵی سۆفی برایم داکون کردبوو. ڕۆژێک لە حەوشەی ئەندەرون خەریکی دەمانجەخاوێن کردنەوە بوومو سمایل پیی گوتم: ئاغای عەزیز مەکاریزادە، لە بەردەرگا ڕاوەستاوە، گوتومە نازانم لە ماڵە یان نا. گوتم: با بێتەژوور. مەکاریزادە سەردەمێک بوو بە قەولیکوردی دەرچەی لێدابووو ڕەگەڵ پۆلێک یەکانیان کەوتبوو، کە توتنی کوردیان لە ناوچەی شنۆ دەکڕیو بەکۆڵ دیانبردە "ورمێ"لە شنۆرا بۆ ورمێ شێست کیلۆمێتربوو. ئەوکات جگەلە تووتنی دەوڵەتی ئی کوردیش تەحویلی ئیدارەی جغارە دەکرا. بەڵام ئەوگوندانەی کە تووتنەکەیان بۆ سیگار بەناوبانگ بوو، خەڵکەکەی لەگەڵ ئاغای ئاوەدانی ڕێکدەکەوتنو لە ئیدارەی دوخانیەیان پاشقوڵ دەدا، دوایە بەپارەیەکی باش بە عەجەمی یەکانیان دەفرۆشت،و ئیدارەی جغارە لە مەڕ توتنی کوردی پرکیشی نەدەکرد. بەڵام گوێزتنەوەی بەکۆڵ بۆ دەشتی ورمی یەکجار چەتوون بوو. لایەکی ترجاندارم بۆ مڵوو مۆ شەوانە بۆسەیان لە ڕەخ گوندەکان دادەناوەو ڕێگاو بانیان دەخستە ژێر چاوەدیری.
دەجا تووتنکڕ، ناچاربوون بەکۆڵ ئەویش بەتاریکە شەو بەکوێرەڕێیاندا بەپێدزە بەماوەی دوو سێ ڕۆژ تووتن بیگەێننە شاری ورمێ. بۆیە کەمکەسخۆی لە قەرەی قاچاغی تووتن دەداو ئەگەر تووتنەکە گیرابوایە جگە لە دەستمایە جەریمەش دەکرا. مەکاریزادە بۆ بەڕێچوونی خۆیو منداڵەکانی شانی وەبەر ئەو کاسبیە دابوو، کە پێویست بەیارمەتی دان بوو، هەروا بەو هۆیەش. جێگای متمانە بوو فکری لێ نەدەکرا لەگەڵ مۆڵگەی جاندارم سەینەو بەینەی هەبووبێت. دەنا ئەو سەردەم زۆرکەس بە جۆرێک سەروکاریان لەگەڵ ژاندارم هەبوو. ناوبراو بە بوخچەک لەبن هەنگڵ هاتە ژوور،دوایی خۆش و بێشی هات لەلام دانیشت. گوتم ئەوەچیە؟ گوتی: بەسەری تۆ چاوم بەپارچەیەکی جوان کەوت

قەوارەی کواپانتۆڵیکم لێکردەوە. هێشتا سمایل چایی دێم نەکردبوو لە سەربانی مدبەق دوو ژاندارم لە چەخماخی تفەنگیان دا گوتیان: مەبزوو!

ئەمن کە دەمانچە هەڵوەشاوەکەم لە دەسماڵێک وەرپێچابوو هەڵگرت و خۆم لەمدبەق ڕۆکردو بەکونەکەدا خۆم شۆڕکردەوە بەڵام جاندارم بە پیی ڕاپۆرت  ئاگادار ببوون لە دوولای کونەکە خۆیان لە بۆسە نابوو،گرتمیان! هەرچەند دەمناسین چەند جار بەرتیلم دابوونێ بەڵام چونکە سەروان و دەستەیەک ژاندارم دەوری ماڵەکەیان دابوو، و مەکاریزادە،بینی بوومی چیان بۆ نەکرا. کە بردمیانە دەر،چاوم بەلەتیف قازی زادەکەوت کە لەکن سەروانخەتیب شەهیدی ڕاوەستابوو زانیم ئەوە فیتی لەتیفە، هەرئەویش هەڵەی بەمەکاریزادە کردووە. لەتیف قازازادە بەڕەواڵەت سۆفی بوو تەسبیحی /100دەنکەی فێڵوو تەڵکەی پێبوو سەدان کەسی بە سووت و سەلەم ونزولخۆری بەدبەخت کردبو.و سەروان خەتیب شەهیدی مرۆڤێکی یەکجار بێ ئابڕو زوان شڕبوو –لە زەمانی (شا) ئەوانەی تازە دەبوون بە ئەفسەر دەیانناردەنە شارەچوکەکانی کوردستان خەڵکیان پێ دەڕوتاندنەوە، چونکەر بەپێی عادەت فرماندەری ژاندارمەری ورمێ ئەو شارانەی کودستانی بەم ستوانانە بەئیجارەدەدا، دەجا هەرئەفسەریک حوکماتی شارەکی دەکرد و کەسیش لێی نەدەپێچاوە.  هەتا ئیستیوارەکان لە خەڵک ببوون بوکەڵەگا. بە زەردەخەنە هاتە پێشوگوتی: ئەدی کوانی دەمانجە بێ جەوازەکەت؟! کەلە کەمەرت دەبەست!؟ گوتم ئەمەیە،گوتی ئەمە دەتیرە ئەوەی دیکە مەمەدتاغی بوو."لەگەڵ لەتیفو مەکاریزادە سواری کەمانکاریان کردین. ئەوکات چەک لە ژێر چاوەدێری ڕۆکنی 2ی ئەرتەش دابوو سزای زۆربوو. لە بنکەی ژاندارم  شەهید سمایل موهاجری،هاتە سەردانم پێمگوت: ئاغامستەفاخان ئاگاداربکە، بەڵام هێندەیان لە وێ ڕانەگرتم بۆ نەغدەیان بەرێ کردم. لە وێ لە زیندانی تاکە کەسیان کردم وەخت بوو برشم هەڵێت. بەڵام مەجیدخانی "حڵبی کۆیک"بەهانام هات  لەکونەرەش هێنامیە دەر، رۆژی دوایی بۆ شاری ورمی یان بەرێکردم زیندانی  تۆپخانە لە ورمێ کەوتبوو تەنیشت نەخۆشخانە، ئەمە گرتووخانەی سەردەمی  ڕەزاشابوو، بەڕوکاری دەرێدا بۆ سەرشەقام دەروازەیەکی گەورەی هەبوو. کونێک لە دەروازە کرابوو، پۆلیسێک دایم و دەرهەم لە پشت دەروازەکە ڕاوەستا بوو  کێشکی دەدا. کە زیندانی تازە واردیان دەهێنان بەوکونەدا لەگەڵ چاتمەکە، گفتو گۆیان دەکرد.  دوایی ئیجازە وەرگرتن لە ئەفسەر نیگهبان دەروازە دەکراوە.

ئەمنیان بەماشینی ژاندارمەری کە سێ ژاندارموگروهبانێکم لەگەڵ هاتبوون دەست بەکەلەبچە بردە بەر دەرگای زیندان. قاقەزی پاسگایان لەکونەکەدا وە پاسەوانەکە دا.  پاش دەمێک چاوەڕوانی، دەروازە کراوە،حەوشێکی گەورە بوو، کۆمەڵێک سپینداریلێ بوو. کەلە دارەکان تێدەپەڕی دەگەییە هۆدەی   ئەفسەرنیگهبان(ئەفسەرکێشک). ولەکاڵەدۆڕەکە دوو سەرتراشی لێبوو کە سەری  زیندانی تازە واردیان دەتاشی، و بەرەڵڵای ناو زیندان دەکران، لە ڕاستیدا کە وەپشت دەرکەیان دەنان،کەس لێیان نەدەبوو بە خاوەن. دەروازەی گەورەی  بەندیخانە دەیڕوانیە ناو ئەفسەرنیگهبانی. ئەغڵەب زیندانی کە بۆ ئەفسەر نیگەبانی بانگ دەکران لە پشت میلەی دەروازەکە ڕادەوەستان. وەرزی زستان لە هەموو وەرزەکانی دیکە زیندانی پتربوو، هۆیەکەشی ئەمەبوو: هەژارەکانی شاری ورمێ خۆیان پێ بەڕێ نەدەچوو، دەجا خۆیان  بە ئەنقەست بەگرتن دەدا، هێندێک لەوان لێی وەسەرفیلْ کەوتبوون، جیرەی زیندانی دە بەسامانیان بە  دراوەکی کەم لە نەزافەتچیان دەکڕیەوە، بریتی(لەنان و  پەنیر،مورەبا) دەیانناردە دەروەی زیندان، جگەلەوە ماڵو منداڵیان پێ بەخێودەکرد، دەشیان فرۆشت. دەجالێیان ببوو بەکاسبی. زیندانیەکان لە پشت میلەکانی دەروازەی  گەورە کە دەیڕوانیە ئەفسەرنیگهبانی ئاگاداری وەزعی ئەفسەرکیشک وگرتووی تازەگیراو دەبوون. ئەوەی دەهات دوایی ئەنگوشت نیگاری وێنە هەڵگرتنەوە، سەرتراشین، هەڵەپەستی زیندان دەکرا.

کە دەچوو ژوور لێیان لە چەپڵەو هۆڕە دەدا. هەر بە جارێک شێتیاندەکرد.

کوردەکان ئاریکاری کوردەکانیان دەکردو تورکەکان یارمەتی تورکانیان دەدا. ئەوەش دەگەڕاوە سەر ناسیاوی و کەسایەتی گرتوو! کە چارەنووس بەرەو بەندیخانەی بردبوو. کوردەکان بۆ ناسیاوەکان پێچو کڵاویان دەهینا هەتا نەزانرێت تازەواردە. ئەوکات گرتوو بەجلو بەرگی ئاسایی خۆیان دەچوونە

ژووری زیندان. بەڵام لە زیندانی گۆلی ورمێ ئیدی جلو بەرگی ئاسایی یاساخ کرا، جلو بەرگی تایبەت دەدرانە زیندانیەکان. ئەوەی زیندانی ناسراوی لە ناو بەندیخانە نەبوایە، وەکگێژو حۆلیلێدەهات، بێ جێو بان دەماوە، نەیدەزانی لەکوی چێشت وەربگرێتو لەکوێ بخەفێت، مەگین کەسێکی خێرخواە ڕێنوێنی کردبوایە. هەتا24ساعات کە جیرەی بۆ نەبڕاباوە دەبوا لە جیرەی زیندانیان کەلکی وەرگرتبوایە. ئەوکات بەرپرسی زیندانی

تۆپخانە کەسێکی تورک بە ناوی سەروان باقرزادە بوو کە یەکجار ڕەگەزپەرست بوو. هۆی ئەو بێجێو ڕێیەش ئەوە بوو زیندانی تۆپخانە لە ڕووی بەرنامەیەکێ تەکۆزو ڕێکوپێک جێگای500کەس دەبوو کە ئەوان نزیکەی1200زیندانیان بەپاڵە پەستۆ تێدا جێکرد بۆوەو بۆ ئەو هەموو خەڵکەش6چاوە تەوالێتو دەستشۆری هەبوو کە بۆ گێڕانەوە نابێت. بەهۆی ناپاگژوناخاوێنی زیندووی زۆربوو، دەرمانیان لێنەدەپرژاند. مەگین زیندانیەکان بۆخۆیان کریبایان. ئەویش بەدەگمەن. بێگومان کارتێکەرنەدەبوو. بۆ ئەوهەموو زیندانیە حەمامێکی گشتی هەبوو کە حەوت شێرەی تێدابوو کەچی بەکەمەوە جارێ 100کەس خۆی لێ دەشووشتو لە حەوتوو دا دوو ڕۆژ ئاوی گەرمی بۆ دەکراوە. حەمامی تایبەت بریتی لە هۆدەیەکی بەکارتۆن ساز کراو بوو، کە دوو سێ زیندانی مەحکووم بەحەپسی (هەتا هەتایە) دورستیان کردبوو. ئاویان لە سەرچرای عەلادین یان پلەمێز وەسەر دەنا، دیسان ئەو لە چڵکەسووی حەمامی عوومومی چاتربوو کەبە هۆی پاڵەپەستە کەس خۆی بە تەواوی پێ نەدەشۆرا. بەڵام ئەویش لەبەر مشتەری نۆرەی درەنگ دەگەیشتێ. لە حەمامە گەورەکە، جارنەبوو چەند شەڕی تێدا نەکریت، لەو جۆرەجێگانانە دا شەڕ فرۆش و مرۆڤی بەگێڕەکەم نەبوون. هەردوو سێ کەسێک پێکەو ببوون بە (هاوخەرج) هەر دەستەیەک چرا علادین یا پلەمێزێکیان هەبوو. هۆدەکانی کە دەرکەیان بە ڕووکاری کاڵە دوڕەکاندا دەکراوە هەریەکە 10 چرا، یان پلەمێزی لێبوو. سەرانسەری کالێدۆرەکە100چرای پترلە هەڵدەکرا، هیچ کام لە هۆدەکان لاباجە و پەنجەرەیان نەبوو. ئەوهەموو دووکەڵە بەری میچی دەگرت،مرۆڤ ئەوکی دەگێرا. زوربەی زیندانیەکان سیگارکیش بوون، دووکەڵی جغارەش وەکووهەور بۆ سەرەوە هەڵدەشا،وەرزی هاوین پیاو پشووی هەڵدەما. کە باران دەباری دەرو ژوور فەرقی پێ نەدەکرا. شوێنێک نەبووکە دڵۆپەی نەکات. کالێدۆڕ دەتگوت کووچەوکۆڵانن، جۆگەلەی قوڕو چڵپاوی لێ سازدەبوو. ئەو خەڵکەش لە سەرئەو زیلوە شڕو تەڕانە خۆیان خڕدەکردەوە دەتگوت مارن پاپۆکەیان بەستووە. هەر یەکە نایلۆنەکی بە بزمارلە بەری میچی هەڵداوەسیو تەنەکەیەکی وەبەر جێ شۆڕابە ئاوەکە دەدا، کە تێیدا گۆمیلکەی دەبست. ژیانیسەگی بوو زیلو هەموو بەعەرد وەنوسابوونو ڕەق هەڵاتبوونو ڕزیبوون. دەجا ئەمە ژووری هۆدەکان بوون، فکرلەڕێڕەو بکەوەکە پێخوستی زیندانیانو پۆلیسو وەکیل داخیلەی لە سەربوو. هەتا چێشتیان دەخوارد دەیان پڕیشکە قوڕی دەپەڕیە نێو. ئەو چێشتەی کە دەیاندا زیندانیان لە قاپی میس دەکران کە بەشێک لەو قاپانە بەهۆیکەونو نەدان بەمێزگەری ئامان سپیکەرەوە پاسیان هێنابوو. هێندیک گرتوو کە قاپو قاچاخی دیکەیان نەبوو هەر دەوقاپانیاندا گەرم دەکردەوە، ژەنگەکەشی ڕەگەڵ تێکەڵدەبوو. ئەگەر شۆرباو بوایە قوڵتەکیان پێدەدا. تورکە هەژارەکان لەو چێشتەی کە قاپی بە پەناباتێک بوو لە مولاقات بۆ منداڵەکانیان دەنارد. جێگاش لە هۆدەکان بۆ کەسێک دوو بست یان بستو قولانج بوو. بەقەرا گۆڕیچەی مەیتێک ئەویش بە سانایی وەچەنگ نەدەکەوت پارتو پوڵی دەویست. لە بازیک هۆدەکە بەشی زۆری قەرەپشی بوو، زڕتە زەلامێکی تورکی خاڵ کوتی نەحاملاو خۆی کردبوو بەسەرگەورەی هۆدەکە، هێندێک لاتولووتی لە خۆ هالاند بوو، دیارە "ئەعەلاحەزرەت " بۆ خۆشی لاتو چەقوکێشی وەک "بێموخێ" هەبوو. ئەمە لاساکردنەوە لە"شا"بوو. ئەو چاخ زیندانی تۆپخانە چەندکوردی تێدابوون کە لە لایەن دادگای نیزامی حەپسی ئەبەد(هەتاهەتا) یان درابۆیە. کە پەیوەندی بە ڕاپەڕینی" حەمەڕەشیدخانی"بانێ وەبوو. یەک لەوان "محەمەدخان خزمی ناوبراو بوو، ئەوانی تر"مستەفاو کاک سالح"بوون کە بە

شەرێک تاوان ئەبەدیان درابۆیە. محەمەدخان لە1353ی هەتاوی ئازادکرا بەڵام دوو وەکەی دیکە لە ڕاپەڕینی گەلانی ئیران 1357ی هەتاوی ئازادبوون ئەم سێ کەسە بەگشتی ژیانیان ئاوەژوو ببۆوە چ سامانیان نەمابوو هەتا محەمەدخان جاریکی کوڕیکی 19ساڵە دێتە مەلاقات بەڵام نایناسی پاشان پێیدەلێن ئەوەکوڕی تۆیە. دیارە سالح ئەبدیش قەت مەلاقاتی نەهات نەیدەزانی لە بنەماڵەکەی داکێی مردوەو کێی ماوە. کاک مستەفا ئەبەد دووسێ ساڵ جاریک مولاقاتی دەهات، ناوبراو کاتی عافوەکان کەلەڕیژمی ( شا ) سالێ دووسێ جار هەبوو بەرلەوەی ناوی گرتوەکان ڕابگەیندرێ ئەولە خۆرا دەیگوت بەخوای ئەمنیش لەگەڵ ئەم دەستەیەم زۆرجار هەموو شتوومەکی خۆی کۆی کردبۆوە بڵاوە دەکرد،ئەبەمجۆرە18ساڵی زیندان بەچاوەڕوانی کێشاو قەت هومیدی بەرنەدا یان دەبی بڵیم لێیشیوابوو نەیدەزانی چ دەکات و ناچارخۆی فریوودەداو بەم جورە هەرساڵی ماوەیەک لە خۆرا دڵخۆشی خۆی دەداوەو کەیفی پێ ساز دەکرد. زیندانیەکانیش کە بەعادەتەکەیان دەزانی پیرۆزباییان لێدکرد کاتێک ئازادبوو هەرچەنگێک بوو، پیاوەکی پیری پەک کەوتەی 65ساڵە، کە وەک شوتووگەیی بوو. محەمەدخانیش کە ئازادبوو ئەوهێندەلەڕو کزو بێ گیان بوو کە تەنیا هێسک پروسک بوو. ئەوانە هەر یەکە17هەتا 18ساڵیان زیندان کێشا. لە بەندیخانەی تۆپخانە تەنیا حەوشەی لەشکر پاکو خاوێن بوو. کە درابوو بەقاخچی بە سامانەکانی "ترياک"کەهۆدەکانی 3/4بوون .هەریەکە5 کەسی تێدا دەنوست. ترياک فرۆشەکان چاپەزو ئاشپەزو غولامی خۆیانهەبوو. هەر ڕۆژێ دەستە جلو بەرگەکی نوییان دەبەردەکرد. ئێواران لە حەوشەکە بە کەشخە پەیاسەیان دەکرد.

ئەمن کە چوومە ناو زیندان لە کالەدۆڕە تەنگو تاریکەکە لە کەسێک هەڵەنگووتم، کابراگوتی: بۆ کوێ وابەپەلە؟ گوتم لێم گەرێ دەچمە زیندان! گوتی: کوڕە دانیشە ئێرە زیندانە! دەی خەڵکی کوێی؟ گوتم؛شاری شنۆ گوتی: دەجا هاوشارین. داینیشاندم چایەکی بۆلێنام، کە خۆی ناساند "سنجاقی "بوو. کە چاوم ڕوون بۆوە سێرەم دا دەرو دیوار واقم ورما، وەک هەوێزی مەڕم هاتە بەرچاو. ئەو هەموو خەڵکە لەو جێگە پیسو پەلۆسە، وەک پەزکەوتونەتە سەریەک. دیوارلە بەرشتو مت هەڵاوەسینو توونگەو تەنەکە دەتگوت تەونی جاڵجاڵوکەیە. پاش دەمێک بە هەڵکەوت کاک محەمەد خەڵکی حەسەن نوران بە وێداهات تێپەڕی چاوی بەمن کەوت ناسیمیەوە، بردمیە لای خۆی کە جێگای لە حەوشەی بەرد بوو. ئاشپەزخانەکەش کەوتبوو وێ. کاک محەمەد لە سەر مەسەلەی ترياک گیرابوو، هەڵبەتە کرێکێش بوو. 5ساڵیحەپس بە سەردا سەپاندرابوو. ئەو هۆدەیی ئەو لیی بوو نزیکەی چل کەسێکی لێ بوو. کاتی فراوین لە بەردووکەڵ چڕو چاوی یەکترمان نەدەدیت. ئەو حەوشە چوارهۆدەی مەزنی لێبوو. ئەو دوو هۆدەیی3/4 کە درابوو بە قاچاغچیان، کەوتبو تەنیشت عەوزەکە، پشتی ئەو دوو هۆدەیە بە نەخۆشخانەی زیندان وەنوسابوو. شەوانە چۆل بوو. دانیشتوانی یەکێک لەو دوو هۆدەیە پێکەوە ڕێککوتبوون کە زیندان ببڕن وبۆی دەرچن. بۆ ئەوکارە دیوار بڕەکیان وەگیر خستبوو وێدەچوو پاسەوان بۆیهێنابن. وردەوردە خەریکی کونکردنی دیوارەکە ببوون، تەواویان کردبوو. گۆیا شەوانە خۆڵەکەیان لە عەوز دەکرد، ئاو دەیبرد ئیدی جێ شوێنی دیاری نەدەدا. بەڕۆژ دەستە نوێنیان بەکونەکە وەدەنا بێ خەبەرلەوەکە یەکێک لە خۆیان کەینەو بەینەی لەگەڵ ئەفسەرێک هەیەو ڕاپۆرتی لێداون. سبحەینەیەک کە زندانیان بۆ سەرئەژمار دادەکردنە هۆدەکان بە دەیان پاسەوان بە حەوشە وەربوون. دەستیان بە پشکنین کرد کونەکەیان دۆزیەوە، کەلێنێکی گەورەبوو مرۆڤ بەفرەفڕ تێیوە دەچوو هەموو دانیشتوانی هۆدەکەیان بەڕەکێشکردنو لێدانبردنە ئەوحەوشەی

کە سپیندارەکانی لێبوون. وەبەر شەقو شەلاخانیان دان. هۆڕەیاندەگەیە ژووری زیندان. دوایی سەروسمێلو برۆیان بە هەتک تراشینو ڕەوانەی زیندانی بن کۆشکی دادگوستریانکردن. ئەمن ساڵ1342ی هەتاوی هێندێک لەو زیندانە مابوومەوە، وەکوو قوتیە شەمچە بوو هەتاوی نەدەکەوتێ وەختاو وەخت کارەبای تیدا هەڵدەکرا. بەڵام بە پێچەوانەی زیندانی تۆپخانە یەکجار پاکو خاوێن بوو، لە دوو نەهەم پێکهاتبوو نهەمییەک کالیدۆڕێکی بۆ پەیاسە هەبوو هاڵێکی گەورە، قسمەتێک بۆ وەتاخی مولاقات، کە بەدیواری تێلدڕوو جیاکرا بووە پاسەوانێک لەناو تێلدڕوەکە کێشکی دەدا.

وەتاخی وەکیل داخڵە دەرگاکەی بەوێدا دەکراوە کە چەند پاسەوانێکی لێ بوو، ئەگەردەرگای ئەفسەرنیگهبانیی کراوە بوایەلە هاڵەکەڕا دەدیترا، ئەمەکۆشکی دادگوستەری بوو. بەپۆڵاو چیمەنتۆو بتوون وتۆکمە داڕێژرابوو کەس زەفەری پێنەدەبرد. ساڵوونەکەی موزایک بوو. هۆدی گەورەکە جێگای 100مرۆڤ دەبۆوە. زیلوەکی نەخشینی لێ ڕاخسترا بوو. سێ هۆدەی تاکە کەسیلێبوو دوو زیندانی مەحکووم بەئیعدامی تێدا بوون هۆدەی سێهەم درابوو بە(ئاغای عەبدولوهابی گەجەنی)کە فەرشێکی2/3لێڕاخڕابوو، غولامێک کە ئەویش زیندانی بوو چێشتی بۆ دورست دەکرد. دەنا بۆ گرتوەکانی ترچێشت لە تۆپخانە ڕا دەهات. عەبدولوهاب یەکێک لەو زیندانیانە بووکە چەندکەڕەت لە دەستی پۆلێس ڕایکردبوو یەکێک لەو قاچاخچیانەی نێو دەوڵەتی بوو. کە ڕۆژنامە کانی ئەو کات ناوی ڕێویچۆڵگەیان لە سەردانابوو، کەچی بە حەقیقەت ئەوشێری جەنگەڵ بوو،لە دواییدا لەو زیندانەش هەڵات. کە باسەکی سەربەخۆی هەیە. ئەوکات زیندانەوانی ئەو بەندیخانەیە سەروان عەسکەرخانی بوو، مرۆڤێکی ڕەندومەندو مێهران بوو، یەکێک لە دۆستەکانی بەقاو وەفای عەبدولوهاب بوو بەداخەوە بە دەستی سەروان نەجاڕیان شرتوگۆم بوو. ئەمما بەهۆی پارتی خوێنەکەی لە هەرد هەڵسووترا. عەبدولوهاب دوایی دەرچوونلەو زێندانەسەرلەنوێ گیراوە، ئەوکەڕەت ڕاستەوخۆ بە فەرمانی"شا"ئیعدام کرا.

ئەمندوایی11مانگ لە زیندان بە دەستووری ژەنەڕاڵ دیلەمی ئوستانداری کاتی کە خۆی یەکێک لە عەشایری دەیلەمو دۆستی مستەفاخان بووبە شووڕای پزشکی ئازادکرام. ئەوگرتووخانەیە سەردەمێککرا بەزیندانی ژنان. کە بریتی لە هۆدەیەکی گەورەو سێ چاوە توالێتو دەستشۆری بوو نهەمیخواروەش وەکئی سەرەوە بوو، بەڵام بۆ مووڵاقات دەهاتنە تەبەقەی سەرەوە. لە سەریەک دەکری بڵێین هۆتێلێک بوو. ئەمە سەرەتا بۆزیندانی

مووەقەتتەرخانکرا، دواییهەموو جۆرە زیندانییەکیان تێدا ڕادەگرت ئەوکات کە ئەمن بۆ ئەوێ بەرێ کرام کاک نامیق و هاڤاڵانی کە بە تێکڕایی لە دادگای زەمانی جەنگ ئیعدام کران، ئەوان نزیکەی چوارساڵ بێ لێپرسین لەزیندان مانەوە دوایی لە1346بردرانە جڵدیان . لەوێ چاوم بە مامۆستا محەمەد ماملی کەوت، ئەگەر بەهەڵە نەچووبم لە سەرگۆرانی(لایلایە) کە هۆنراوەی مامۆستا هەژارە، گیرابوو. مامۆستا ماملی خەتێکی خۆشو دەلالی هەبوو. ئەونامانەی کەمن بۆ دادگای نیزامیم بۆ دەنووسی بەخەتی خۆی پاکنویس دەکردەوە. جارو بارەش کە زەوقی دەبووگۆرانی بۆ دەگوتین. هێندێک ئاغای دەمامەش لە سەرمەسەلەیحقوقیگیرابوون بەلام ناوەکانم لە بیرنەماون. پێم وایە جارەکیشمامۆستا حەسەنزیرەک هاتە مولاقاتی. لە سەردەمی"شا" زیندانی سیاسییان بە ("ئەشراڕ)و(یاکوو بەسارق موسەللەح") ناودەبرد. هەروەک لەکۆماری ئیسلامی ئێران،بە(زیدی ئینقلاب) یان ناودەبن.

### (هەڵاتنی عەبدولوهاب لەزیندانەکان)

عەبدولوهاب کە قاچاغچیەکی بەناوبانگ بوو، بۆ دادگەکردن دەیبەنە تاران، لە وێ دادگایی دەکرێ،ئەوکات دادگەی دادگوستەری کاتیک سزای بەسەر تاوانبار دا دەسپاند ئەگەرحوکم گران بوایە لە ترسی تاوانبارکە عادەت بوو جنیویان بە قازیەکان دەدا، داوەرەکان کەلە هۆدەی بیروباوەڕگۆڕینەوەو یانی دیاری کردنی سزا دەهاتنەدەر بۆخۆیان بەدرکەی پشتەوەدا دەڕۆیشتن و سکرتیری نوسینگە تاوانباری بانگ دەکردە ژورو حوکمەکەی پێ ڕادەگەیاند. ئەویش نەک بە قسە حوکمی دادگەی لەبەردەم دادەنا و کە دیخویندەوە ئیمزای دەکردو ئیعرازی لە بن دەنووسی، کاتێک مونشی دادگە عەبدولوهاب بانگدەکات و حوکمەکەی وێدەدا کە بیخوینێتەوە نابراو دەبینی کە بەحەپسی هەتاهەتایە مەحکووم بووە ئیمزای دەکات. و لە بەردەم پاسوانەکە سەت تومەن وەک شیرنی بۆ منشی لە سەرمیزەکەی دادەنێ، بەپێکەنین دێتەدەر پاسەوانەکان دەڵێن چ بوو. دەڵێ: شوکر ئازادەبووم دەست لەگیرفانی ڕۆدەکات 500تومانیان دەداتێ ئەم دوو

پۆلیسە دەڵی: تکایە بەم تەلەفوونە لەخوارەوە قسەم بۆبکەن و ماشینم بۆ بێننە بەردەرگای زیندان، و سیگارشم بۆ بکڕن. پۆلیس لەشایی 500تومان شاگەشکە بوونە دەڕون-ئەوکات ئەم پارەیە ئیکجار زۆربوو،یانی 3500دۆلاری ئێستاکانەبوو- کەئەودەڕون عەبدولوهاب بەلایەکی دیکەداهەڵدی لەتاران خۆی ون دەکات کە پۆلیس دەگەڕێنەوە عەبدولوهاب لەوێ نابێت هەرئەوپۆلیسەی لێیە کە نامەکەی وەرگرتووە دەڵێ کواعەبدولوهاب دەلێن مەگین ئازادنەبووە، بەسەری خۆی دادەداو دەڵێت: کوڕی ئازادبوونی چی بەحەپسی هەتاهەتەیە محکووم بووە. تازە دستیان وەچ ڕاناگات ئەو پۆلیسانەش هەرکام بەسێ ساڵ زیندان و دەرکردن لەخزمەت محکووم ببوون لە زیندان سەرگوزەشتەکەیان بەدوورو درێژی گیڕاوە. نابراو لە سەرڕا دەگیرێتەوە ئەوجارکەلەتاران محکووم بە ئەبەد بووە بۆ پەروەندەیەکی دیکە دەینیرنە (ورمی) سێ پاسەوان وگروهبانیکیان لەگەڵ دەبێت کە دەگەنە ورمێ شەو درنگان دەبێت،عەبدولوهاب پێیان دەڵێت: بەو شەوە بۆچ دەمبەنە زیندان 1000تومانیان دەداتێ دەلێ ئەمەشەو ئیجازەبەدن سەرێک لە خیزانم بدەم ئەوماڵمان لەفلان شەقامەیە، پاسەوانەکەن دەڵێن زۆرریاشە دیبەن بەئیجازەی ئەوان دەچێتە هۆدەکەی پاسەوانەکانیش لەبەرپەنجەرەو دەرگا ڕادەوەستن خەریکی چای خواردن دەبن،بەڵام بێ خەبەرلەمە کە عەبدولوهات لە ناو هودەکەی ڕەهدنیک لێداوە،ئەوێ شوینی هەڵاتنیەتی، عەبدولوهات کە دەچێتەژور بەویدا دەڕوا لە دەرەوە بە سواری ماشین خۆی دەربازدەگات و بەخیزانیشی دەڵێت: کە دونیا ڕوون بوو بە تەلەفون بەشارەبانی بەڵێ: وەک دەزانن عەبدولوهات لە تاران زیندانیە، ئەم شەو سێ پۆلیس وگروهبانێک کە مەستیان کردوە دەورەی ماڵکەیان داوین تەکایە،یارمەتیمان بدەن دەست وجێ ئەفسەریک و چەند پۆلیس دێن دەبین ئەو دەورەی مالیان گرتوو پییان دەلێن بۆ لێرن گروهبان دەلێ زیندانیمان لەگەڵە خیزانی بەناوی ئەفسەرکە ئیکجار بەزبان بوو لە سەریان دەکاتە گوڕە و دەڵی: کە وایە کوشتووتانە، خولاسە ئەو چوارپۆلیسەش لەدادگەی نیزامی محکووم بوون خرابوونە زیندان جاریکی دیکە عەبدولوهاب دەگیرێتەوە ئەوجار دەیبەنە کۆشکی دادگوستەری؛ ناوبراو قاچاغچی ناونەتەویی بووکە ڕۆژنامەکان بە(ڕێوی چۆلگە)یان ناودێرکرد بوو. ساڵی1343)ی هەتاوی گەلاڵەی هەڵاتن لە زیندانی بن کۆشکی دادگوستەری ورمێ بەهاوکاری 5 کورد دادەڕێژێ کەناوی 3کەسم لەبیرە:

1-فەتوڵلا بەگزادە

2-عەبدولڕحمانی ناڕێ

2-مەلاعەلی

عەبدولڕحمان دەیگوت: عەبدلوهاب بەرپرسی زیندانی مێوان کرد، بە ئەنقەست چێشتەکەمان خستە دوایی‌ساعات10ی شەوکە زەنگی خەوتن لێدەدرا. بەرپرسی زیندان لەگەڵ عەبدولوهابو دووکەس لە دۆستان سەرگەرمی ئاخافتن بوون. ئێمەش 4کەس لە ساڵوون خۆمان بەچێشت خافڵاندبوو. کە سفرەن دانا، عەبدولوهاب داوای لە سەروان کرد ئیجازە بدات قاپێک‌چێشتو چەندکەباب بۆ پاسەوانی بەردەرگای ناوتیل دڕوەکە بەرین، کە لە ناو سیمەکە دا دەهاتو دەچوو کێشکی دەکێشا. ئاچەرەکانی هەموو دەرگاکان لەلای وی بوون کە بە قایشی‌کەمەری هەڵاوە سیبوون دەرگەی وەتاغی پاسەوانەکان بەدەرگای ساڵون دا دەکراوە شورەکەی نێوانمان تێل دڕوەکەبوو. کاتێک ئێمە چێشتمان بۆ بردو ئەودرگای‌کردەوەو بۆ وەرگرتنی چێشت دەستی‌هێنادەر، منو فەتولا ڕامانکێشاو ڕۆیهاتینێ گرتنو بردمانە تەوالێت لەگەڵ مرخێش مرخێشی ئێمە، عەبدولوهابو ئەوانی تر سەروانیان خڕوچۆم کرد ئیمە چۆوینە دیوی پاسەوانەکان کە وچانیان‌بوو نوستبوون دەماچەکانمان لەکشو دەرهێنان کەلەپچەمان‌کردن لە ئاودەستەکاندا دەرگامان لەسەرگاڵەدان. دەرگای دوو هۆدەی تاکەکەسی‌کە ئیعدامی تێدابوو بە ئاچەرهەڵگرت،یەک ناوی شەمسەدین بوو. خۆمان گەیاندە شەقامی زەنگەنە،کە ڕوبەڕوی ستادی ئەرتەش بوو. ئەوانەی خەڵکی ورمێ بوون تایبەت ئیعدامەکان دەستو جێ لە حەوت گەروو ئاوابوون عەبدولوهاب ماشێنی بۆ هاتبوو. ئێمەش بڵاو بوین. بەداخەوە فەتووڵلا لە سەربان کەوتبوخوار قاچی شکابوو ئیدی دەرنەچوبوو سبحەینە گیرابۆوە. هێندەکی دیکەش نەیانتوانی‌بوو بەشەو لە ناو شارڕێگای دەرچون

بدۆزنەوە و بازیک خەڵک حاشاری دابوون. گۆیا یەکێک لە قاغچی‌یەکان بە ناوی عەلەمشایی بە درەنگەو چۆبوو شارەونی ڕاپۆرتی دابوو. بەڵام بەداخەوە دیسان گیرایەوە ئەوکەڕەت بەفەرمانی محەمەد ڕەزاشا ئیعدام کرا.

## (پەڕینەون لە سنووری دەستکرد)

ئێمە هەمێشەبە(کێلەشین) دا ئاوای کوردستانی باشووردەبوین. شەوێکلە ماڵی حەمکە دەماینەوە. ناوبراو ماڵی لەگوندی(هێێ) بوو کەوتبۆ لێواری کەوشەن. حەمکە مرۆڤێکی نەداربەڵام جوامێرو بەکەڕامەتو نیشتمان پەروەربوو. لەگەڵ شەهێد سمایل دۆستاتی لە مێژینەیان هەبوو. ئەوگوندە بنکەی ژاندارمی لێ بوو. بەڵام ئێمە وەختەکەمان دەزانی. کازیوەدان لێی دەردەچووینو بۆ نانی فراوین خۆمان دەگەیاندە بەردیکێلەشین. کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە مێژساڵە ئەو بەردەی گوێزتۆتەوە موزەی شاری ورمێ. ئەو بەردە مێژووی میللەتیکوردی هەتا3000ساڵ لە مەوبەر نیشان دەدا، نوسینەکەی بەخەتی میخی‌یە.

ماڵەکەی حەمە لەو ئاوایی دا کەوتبوو لاپەڕو لاتەریک بوو بەرلە سیوادادان بەرە و چیا هەڵدەکشاین تووشی گەمارۆی سەگی دێ نەدەبووین. جێژوانمان لەگەڵ حەمە سەرقەبرستان بوو. کە سمایلخۆفی لێدەکرد هەرئەمن لەوێ دەمامەوە. جارێک گەڕانەوەی سمایل وەدرەنگی کەوت سەوەڕ لەناو گوند گەلێک توندبوو، دڵم کەوتە قرتو فرت! مەمنا جاندارم سووسەیان کردوە گەشتیانلە ناو گوند دەگەڕێ، پاشانحەمکە بەبیانووی ئاوگرتنەوە هاتەخوار بەڵام کەچاوی بەمن کەوت حەپەسا،چونکە رانکۆ چۆغەڵەی سپیم لەبەرکردبوو پێی‌وابوو مردوەم لێی قیت بووتمەوە بانگم کردو پێکەوە بەپەناوپەسیواداخۆمان گەیاندەوە،کەدەچووینەکوردستان باشوورچاومان بەشێخ داڕۆ دەکەوت هەروالە گوندی ژۆژیلە دەچووینە ماڵی گولێزارخانم دایکی شیخ داڕۆ کێژی جەعفەر ئاغای شکاکو برازای سمایل ئاغای(سمکۆ)وخێزانی نەمرسەید تەهای شەمزینان بوو. کەچی بەتەمەن بوو بەڵام لێی‌دیاری نەدە دا دەمانچەیەکی لە کەلەکەی دەبەست .شێرەژنێکی ناوبەدەرو دلێربوو.

گۆیاجارێک مەلێک فەیسەل لەوگوندە لێی مێوان بووە لە سەرکانیەکەی

پشت ماڵەکەیان فراوینی خواردوە، لەوکاتەوە بەکانی مەلێکی ناودێر کرابوو. کولێژگە،گوندەکیگچکەبوو، لە سەریەک هەمووگوندەکانی شاخاوی ئەو ناوچە ئەوهابوون. هەریەکە بەقەت جێ جووتێکیان مەزرا هەبوو. هەرماڵێک دوو سێ تەنکەی دەخڵ ئەویش بۆ زەوەڕ دەچاند. گوندەکانی ناوچەی سیدەکان بریتی لەکتینە،بێسێو، بەرچیخە، هێردن، ژۆژیلە، گولیژگەوهتد...ئەوهابوون. ئەوکاتکوڕەکانی‌سەیدتەها ڕەگەڵ حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کەوتبوون. بارزانی کەلە خاکورگ گەڕایەوە ئاگری لە گوندی لۆلان بنکەی جاشەتی شێخڕەشید بەردا، شێخ ڕەشید پەروازە بوو. ناوچەکەوتە بن دەستی پێشمەرگەی ئەیلول. ئەو چاخ عەبەیدوڵلاو لوقمان کوڕانی نەمربارزانی بەسەر شۆڕش ڕادەگەیین، کە تازەچەقەرەی دابوو. جارێک لەگوندی (بۆڵە) میوانی شێخ کەوکەس بووین، ناوبراو سەردەمێک پەڕیوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو، لە لای سمایل خان زەرزاچەند هۆدەیەکی لەگوندی (شاوانە)درابۆیە. ئەودەم بەرپرسی سیدەک ئەحمەد مستێ بوو. دوایی ئەوەکەبارزانی جاشی لەناوبردنکوڕەکانی ماڵی سەید تەها گەڕانەوە باوشی شۆڕشی ئەیلول. لە هێرشی جاشەکان شیخ ڕەشید بۆ ناوچەی سیدەکان شێخ داڕۆ چاکی دەست وەکری کرد.

بەڵام وەزعی کوردستاننارِوون بوو. هێشتا ڕاپەڕین لووزەوی نەبەستبوو

بەرەی خۆفرۆشان لە زیدەی دەدا. شێخ داڕۆش پیاوەکی ئیکجارباش بوو تەنیا کوڕێکی هەبوو بەناوی شیخ شووش،بەڵام سیوادەکی ئەوهای نەبوو ئەمما بنەماڵەی سەیەتەها،ڕێزو ئیحتڕامیان لەهەرچوار پارچە کوردستانەکان زۆرە، لە هەموو پارچەکانیش ملکیان هەیە،یانی ئەو ملکانەی کە بەمەوقوفەیان ناولێدەبن لە ئیراق و تورکیە و ئیران لە ئیختیاری ماڵی شێخ نراوە هەرچەند ئاڵەگوڕ بەسەردونیا داهاتبوو بەڵام دیسان بۆ ئەوناوچەی کوردستان خەڵکەکە

بەوەلی نیعمەتیان دەزانین، لەڕاستیدا کوردی باشور تایبەت بادینەیەکان زۆرخۆیان بەمەسەلەی مەزەب بەستۆتەوە،کەمیشی لێ حالێن،ئەودەم چش هەرچوونە مالّی شیخ تەبرۆک و متفەرک بوو،هەنۆکە کە 46ساڵ لەوڕیکەوت تێدەپەڕی دونیا گوڕانکاری بەسەرداهاتووە بەلاّم خەڵکی کوردستان هەر پاشکەوتوەکەی جارانن، مەبەست لەو قسانە ئەمە نیە ڕێزو ئیحتڕام لەو بنەمالاّنە نەگیرێن، بەلاّم خۆشەویستی دەبێ مانایەکی کۆمەلاّیەتی بەخۆوە بگرێ،دەبێ هەنگاوی بەهیزی وان بۆ مافی چارەنووس هۆکاری بێت، نەک گەڕە لاوژەی عارەب. ئیسلام وەکوو هەموو دینیک پیوستی بەرێزلێگرتنە بەلاّم نەک بایی ولاّت لە دەست چوون و لەکورد حاشاکردن. ڕەحمەتی جەنابی سەید تەها لە زوربەی خەباتەکانی نەمر سمکۆ لەگەڵ بووە ناوی کوردایەتی لە مێژوو داتۆمارکراوە، بەلاّم هی واش کەم نین لەم نیوە کەلکی نابەجێ وەردەگرن بە ناوی بنەمالّەی سەید تەها، بۆنەتە فۆتە حەمامی ونالّچەی داگیرکەران دەلێسنەوە، دین و مەزەب وەختێک ئیحتڕام وچێژی هەیە کەلە سیاسەت جیا بکرێتەوە دین و مەزەب بە تەسبێح ونویژو بەرماڵ و ڕۆژوو نییە ئەو شتانە قەرزیکەن،و هۆرکاری خۆیان هەیە، کەسیش ناچیتە قەبری کەس، لە بارەگای خوا هەرکەس بەرپرسی ئەرکی خۆیەتی. کە دین بوو بە وەسیلەو کرا بە سیاسەت و سەندەلّی دەسەلاّتی پێ وەرگیرا،بە فتوای خەڵک کوشتن تیکەڵ بوو ئیدی تامی نامێنێ. هەنۆکە بەحەقیقەت گەلێک بۆگەن بووە، ئەوە سوننەو شیعە گەڵکۆی گەورە پیاوانی خۆیان پێ لەناوعارەب دەتەقیننەوە، هەریەکە لەم دوو تیرە مەزەبە ئەویتر بەگومڕا دەزانی جا وەرەلێکیدەوە. لەڕاستیدامەزەب کاتیک جوانی خۆی هەیە کە بۆڕێنوینی موسڵمانان بۆ کاری چاکە پەرەی پێبدرێ کە بوو بە کەرەسەی دەسەلاّت ئیدی فڕی بەسەرمەزەب و فەرمانی خوادا نامێنی و دەبێتە ئیشتیاو مگیز.

**(تیتاڵی حکوومەت وگەڕانەوە)**

پاییزی 1342ی هەتاوی لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت جێگەی خۆشاردنەوە
هێندە بەرتەسک نەبوو بەلاّم ڕێژیم خەریکی داڕشتنی پیلانێکی نهینی
بوو. چلّکاوخۆران تێتالّیان لە جامینخوازانی حیزبی دێموکڕای دەهالاند.
ساواک کە داوی ڕاچاندبوو سێ سەرەیلە سەرخەباتخوازان هەڵنەدەگرت.
ئاوازەی شۆڕش لەبن گوێچکە دەزرینگاوە. ئەوهەی جارێک بە نهێنیش
سنووری بەزاندبوایە، نەخازا ڕاپۆرتیچەکداریلە سەربوایە،لێیان دەچاویدەکرد. لەو چاخەدا تۆمەت هەڵبەستن بۆکورد شتێکی ئاسایی بوو. هێندێک خۆ دۆڕاو کە بە ئیجازەی ڕوکنی 2ی ساواک هاتووچۆی ئەودیویان دەکرد ڕاپۆرتیان لە هەمووکەسێک دەدا. بۆ زۆرکەس بەنهێنی پەروەندە گریدەدرا. شەوێک بە دزی هاتینەوە چاومان بە مەجیدخانکەوت. گوتی وەزع ناهەموارە، لەگەڵ سەرهەنگ کەیکاوسی فەرماندەری ژاندارمەی قسەم کردوە. کەیکاوسی ئەفسەرێک چاونەترسو بەگونبوو خۆی بە پاوانخوازی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا دەزانیو بۆخۆی کوردی خوڕاسان بوو. گوتبووی بێچەک بێنەوە پەروەندەکەیان دەبەستم. ئەودەم منو سمایل بووین. بەلاّم لە بەرمەترسیتەنیا بۆخۆم لە گەڵ کاکمچووم. چووینە ناوەندی ژاندارمەری لە وێ ئەمنی پێناساند زۆریپێخۆش بوو. گوتی: سبحەینە دەچێنە مەهابادلەوێ لەگەڵ سەرهەنگ ئەعراڕی کاروبارەکان جێ بەجێ دەکەین. پاشان گەڕاوەگوتی: کە دەچنە هوتێل با ئەفسەرێک بە جلو بەرگی ئاسایی لەگەڵتانبێت. مەمنا ئەو لە ساواک نیگەران بوو. کاکیشم نەیدەزانیگوتی: جا ئەفسەرمان بۆچییە. گوتی: کەیفی خۆتانە. دوایی گوتی: ئەمن ئەوە دەچمەشاری(خۆێ) و سبحەی دەگەڕیمەوە. کە وەدەرکەوتینلە شەقامی پەهلەوی ماشێنێکلە ڕەخ ئێمەی ڕاگرت 4کەسبە جلو بەرگی ئاسایی لێی وەدەرکەتن کە ساواکی بوون ئێمەیان بۆ ساواک برد. هەرئەوندەکەدەرگاکرایەوەو تفتیشیان کردین هەرچی لەگیرفانمانداببوولایخۆیان گیڕاوە. کاکمیان لەمن جیاکردەوە. ئەمنیان وەسەرقالّدەرمان خستو بردمیانەلای ژەنەڕاڵ سەیادیان کە کوردی

کەرمانشا بوو. سەرهەنگێکی مل ئەستووری لە بەردەست ڕاوەستابوو. هەرسەری هەڵیناو دەستی بە قسەی سووککرد، سەرهەنگ شەقەزلێکی لێدام وەختبوو ملم بپەڕێ بەپاڵە پەستۆ بردمیان هەرشەقێ سێ چوار پلەکانیان هەڵدەداشتمەخوارهوموو سەروسووکتم لە خوێنێ داشتل ببوو. ئەو جاربردمیانە ژێرزەمینەکە، کە جێگای ئەشکەنجەدان بوو. چەند هۆدەی تاکەکەسی لێبوون کە گرتووی تێدا بوون، سەربازێکی کورد چاتمە بوو کە ئەوان ڕۆین پێی گوتم: مەترسە هەرشەلاخی هەیە داغ کردن بە ئەمرازی تایبەت لە گۆڕێدانییە بشڵین هەرقسەیە. ڕەنگە تەرسە دەستبەندت بکەن، هێندەی پێ نەچوو سەروان کەنزی هات ناوبراوخەڵکی مەهاباد بوو دەمناس بەرپرسی ئەشکنەجە بوو. دوو زەلامی فیتەرو ناقۆڵاشی لە گەڵ ...بوو.هێنامیانە دەرێ بێسؤال وجواب دایانگرتم وەک ئەوە خوری بە ئاوێ دادی. هیچم بۆ نەگوترا دوودانم بەمست شکا. ئەوجاردایان کردمەوەجارێکی ترگیرفانانم گەڕان بەردەکی هارو مارو کوتە شاڵێکم پێ بوو.
گوتیان:ئەوانەچن؟ بە پەڵتەپەڵت بۆم شیکردنەوە. کە ئەو بەردە بۆ وەیە سەگی هارنامگرێ ومار پێم وەنادە، کوتەشاڵەکەش لە قەزاو بەڵام نەجات دەدات کە ئەوکات باوەڕم بەو شتانە هەبوو، لە سەرئەو کوتەشاڵو بەردەش هێندێکیان لێدام. بە تۆبزی قامکیان بە جەوهەرکردمله چەندکوتە قاقەزیان دا. سبحەینە کە لەگاڵکاکمیانکەلەبچەکردین لە ماشینیانهاویشتین. دوو ساواکیو دوو سەربازیش لەگەڵمان هاتن. کە چووینە دەر دوو ماشێنی کامانکاری پڕ لە ژاندارم دەوری گرتین بەرەو ژاندارمەریان بردین، سەرهەنگ کەیکاوسی لە حەوشەدا قەدەمی لێدا، هەرئاورینگی دەهینا.کە چاوی بە ئێمەکەوت، بەتایبەت کە ئەمن هەموو لەشم خۆیناوی بوو هاتە پێش پەروەندەکەی وەبەرشەقان دا. ئەوجارڕووی لەمن کردوگوتی: ئەوە لە مندراوە نەکلە تۆ! هەرئێستا دەتنیرمەوە برۆ چیاتفەنگ لەشان بکە، ئەگەر ئەوسەگبابانەت دی بیان کوژە، قەت باوەڕ بە قەولو بەڵێنی ئەوانە مەکە! ئەوانە دەرجەیان بەقون وەرگرتووە! سواری کامیونیان کردین بەرەوشنۆ، سەرهەنگ ئەفسەرەک و چەند ژاندارمی بە دووماشین ڕەگەڵخستین! بردمیانەوە گوند، ئەمنیان دابەزاندو گەڕانەوە بەڵی ئەفسەری ئەوها جوامێریش هەبوون.سەرهەنگ زۆرکارقایمیکرد کە قەت خۆم بە دەستەوەنەدەم، قەت بەقا بەڕێزیم نەکەم بەلام زەمانە لە بیری بردمەوە. جارێکی ترلەگەڵ سمایلچووینەوە کوردستانی باشوور ئیدی ئاگام لە ناکۆکی نێوان ساواک و فەرماندەری ناحیەی ژاندارمەری بڕا، بەڵام دوایی قەدەرحەیامێک کە چاوم بە مستەفاخان کەوت ئەوبۆی گێڕامەوە، کە بەناوبژی تیمساردەیلەمی ئوستانداری ورمێ پێکهاتنەوە ئەمما هێندەیی پێ ناچی کە سەرهەنگ کەیکاوسی بۆ هەمێشەوازی لە خزمەت هێناوخانەنشین کرا. هەنۆکەش دوایی42ساڵ جوامێری ئەو ئەفسەرەبەکەڕامەتو بەشەڕەفەم هەر لە بەرچاوە.

### شۆڕشی 1357ی گەلانی ئێران

کاتێک ساڵی1357 ڕێژێمی "شا"ڕوخا، سەرتیپ سەیادیو سەروانکەنزی ئەو دوو بێناموسە بە داکۆکی تاهیرخانی دری کە بێگومان لەوان بێ کەڕامەت تربوو لە سنووری "سێرۆ" پەڕێنەوە. کە دەبوایە کوژرابان. ئەمن کەلە زیندان لە گەڵ جەعفەرو هاقاڵان هاتینەدەر خۆمان گەیاندە ساواک بەڵام جگە لە دوو سێ کەس نەمابوون، ئەوانیش بەدەست خەڵکی ورمێ کوژرا بوونو بنکەی سازمانی ئەمنیەت کەوتبوو دەست خەڵک. ڕۆژێکی خۆش بوو ئازادی بەکردەوە سەقامگیر ببوو،دەمارگرژی لە نێوان چ بەرەو ڕەگەزە وەبەرچاو نەدەکەوت، شەقامەکانی ئەوهێندە پڕ جەماوەر بوون مەگین خودابزانێت. ستادی ئەڕتەش خۆی بەدەستەوە دابوو بەڵام شارەبانی هێشتا تەسلیم نەببوو دووساعات دوایی ئەویش خۆی بەدەستەوەدا، ئەوەی دەنگە جۆیەکی لەسەرئاخوری ڕژیمی پاشاچرتاندبوو وەبەرچاونەدەکەوت، خەڵکی هەڕەمە بە ناوی کۆمیتەچی لە هەموو شوێنک جێگای کارگیڕانی حکوومەتی ڕوخاویان گرتبۆوە، دنیایەکی کاکی بەکاکی نە لە ساواک چ خەبەرهەبوو نەلە سیخور،ئەوەهەی کوژرابوو دەنا خۆیان ون کردبوو پۆلیس و ئەڕتەش وژاندارمی ( شا) وەک

تریاک قاچاغ بوون. زوربەی خەڵکی ئاسایی چەکی لەمل دابوو ئازادی وا کەس نەیدیبوو خەڵک سەڵاوەتیان لە بەژن وباڵای ئایەتووڵڵا خومەینی لێدەدا بە ئیمامی مێهدیان لەقەڵم دەدا. کەس نەیدەزانی چ دواڕۆژێک چاوەڕوانیان دەکات. لەکەس مەعلووم نەبوو ئاخۆ مەلاکانی عەجەم چ داوەکیان ڕاچاندوە خەڵکی هۆگر بەمەزهەبیش ئەوەندە بەگەزو نیوگەزی ئیسلامیان لێکدەداوە کە زاناشی گیژو هوڕکردبوو بەڵام خاسیەت وسیفەتی تیژی وسویری ناگۆڕێ. هەربەزم و هەرایەکەی عاشوورا بوو ئەو جار دەسەڵاتی وڵاتی درابۆیە، هەنۆکە کە ئەو بیرەوەریانە دەنوسمەوە 28،ساڵ لەوکات تیپەربووە هەنۆکە جەرەیانی مەزەبی دنیای داگرتووە شێعە ئەمپەڕاتووی دەوێ ئەوە بەقسەی وان ئیمام مێهدی کەلەترسی بنی ئومییە خۆی لەبیری سامڕە دا حاشادابوو خەریکە لە قوم و یان لە مەشەد سەری بێنێتەدەر،وگۆیا ئاغای ئەحمەد نیژاد سەرکۆماری ئیران ئاچاری دەسەڵاتی وەدەستی ویدەدا،ئەو دونیا دەخاتەبن چۆک!

**(تۆڵە)**

ساڵی 1342بوو، منو سمایل بەمل چیا وەبوین کە دواتر شەهید قادر فەتحی محەمەدیحاجی زۆرابی نەڵیون، دواتریش محەمەد سەکووری تاژاندەرەمان ڕەگەڵ کەوەت، گەلاڵەکمان بۆگرتنیوکوشتنی لەتیف قازی زادە، داڕشت ئەو لەتیفەیکە ئەمنی بەگرتن دابوو قادرفەتحی هەڵوەدای دەستی حاجی محەمەدی ڕەحیم زادەبوو. لە ڕاستی دا حاجی زوڵمی لە قادەرفەتحی دەکرد. بە سووتو سەلەم کۆڵەی کوتابوو هەمووماڵەکەی هەتا مانگای دۆی کە بژێوی منداڵەکانی بوو لێداگیرکردبوو. قادرفەتحی دوو ژنو چەند منداڵی سەرو پێچکەی هەبوو ژیانی لە تەنگەژەدابوو. بۆ بەڕێچوون عەزراباتی خوای نەبوو. حاجی بە ژاندارم دەخوڕی، خاوەن پارەبوو. خودا هەڵناگرێت ئەو پارەیی ئەولێی داوا دەکرد حەڕام بوو. تکاوتکاکار سوودی نەبخشی لە سەرشکایەتی حاجی ئەمینیە بەدوای وەبوون. ئەوکات دەیندار دەیتوانی قەرزدارەکە ڕۆژێ لە بەرامبەر22قڕان زنیدانی بکات، عیلاج نەبوو،بەتۆڵەی دەستەویخەو ڕاستەوخۆ!
سەیرئەوەیە ئەوجۆرە ڕەشە موسڵمانانە، هەر بەم جۆرە خودا ناسینەو ئەو جۆرە شەرعە دەستکردە، چاوەنواڕی بەهەشت دەکەنو جەنەتیان بۆ خۆ داناوە! ئەگەر پیاوی چاک ئەوانەبن ئەدی پیاوی خەراب کێن!
بەهاری1342کەسیکمان لە شنۆ لە سەرکردنە گوێزقولاخ.خەبەریان ویداینەوە کە هێندێک کەسایەتی بەماشینەکی لەندەرۆر بۆ پرسەوسەرە خۆشی دەچنە گوندی کانی سپی(هەدێ )خێزانی تەهای تەیارئاغا، ئەمری خوای کردوە، کە بریتین: لە حاجی سوڵتانی سوڵتانی، حاجی ڕەحیم شافعی، ڕەحمان گەجەنی، سەروەری، قازی محەمەدخدری حاجی محەمەدڕەحیم زاە، لەتف قازی زادە.
بۆ چوونی قادرئاغا ئەوەبوو لە پێچەکان پێشیان بگرین، بەڵام ئەمن ئەو مەترسییەم لێبەدی دەکرد ماشین هەڵبدێرێ، سەرئەنجام بۆ سەلامەتی گیانی ئەوانیتر شوێنەکەمان کردە ئەوەڵ پێچ، کە پێشمان گرتن ماشنین خۆی لە گاشە بەردێک دا، بێگومان ئەگەر گەوە بوایە هەڵدەدێرا!
شۆفیر عەلی شێخەبوو، شاگردەکە کوڕی ڕۆشن بووکە دوایی بوو بە پاسەوان. هەموو خۆیان لە ناوماشین داحاشاردا. جگەلە حاجی ڕەحمان گەجەنی کە مرۆڤێکی بە ورەوچاونەترس بوو. دەستوجێ هاتەخوار بۆلای ئێمە هات، ئێمە بە ئاغابانوو دەمامکمان دابوو،گوتی: کێنو چیتان دەوێ؟ خۆمان پێ ناساندو گوتمان ئەو دوو کەسەن دەوێن. سوێندی خواردکە لەتیف قازی زادەیان لەگەڵ نییە، پیاوانەش داوای لێکردین کە حاجی بەوبەخشین. بۆخۆشمان چووینە لای ماشین هەمووماان وەدەرنان. بە هۆی نەبوونی لەتیف وازمانلە حاجیش هێنا. تەنیا هێندێک قسەمان وەک نەسیحەت پێگوت! بەڵام پاشان زانیمانەوە هێندێک لەوان مەسەلەکەیان بە ڕێگری دانابوو، کە ساواک لێی کۆلێبۆوە بەڵام بە حەق ئەوانیتر ڕاستییەکیان هێنابۆگۆڕ بۆیە لە مەڕ قانوون تاوتوێ لەگەڵ نەکرا. بێگومان ئەگەر لەتیف وەبەرچەنگ کەوتبوایە ڕزگاری نەدەبوو. ئەو ژیانی منی ئاوەژوو کردەوە، کە یەکجار ڕەشەموسڵمان بوو لە نێوان خورماو خودا ئەوخورمای هەڵبژاردبوو. بەڵام خوداوەندی مەزن بە لوتفوکەرەمی خۆی ئەو تۆڵەیەی لێکردەوە!

کاتێکمحەمەد ئێشکە بەرپرسی"میواخانەی زیباو ئەندامی حیزبی دیموکرات دەگیرێ و دەکەویتە ژێر ئەشکەنجەی ساواک، بۆ وەی ناوی کادیرەکانی حیزبی ئاشکرا نەکات، هێندە لە، لەتیفدڵ پڕدەبێ دەیکاتە سەدەقەو زبانی لێدەدا، ساواک کوڵوکۆی خۆی پێدەردەکات. هەر چەند ئازاد بوو بەڵام هەربەلێدانی ساواک مرد. ئەمما کاک ئازیز مەکاریزادە چاکەی خۆی کردەوە. یانی چاخێک ئەمن ساڵی1356 هەتاوی لە سەر مەسەلەیێک لەگەڵ "موحەقەق" بەزپرسیشوعبە دووی دادگوستری ورمێ لە هۆدەی خۆیدا بەشەڕهاتم قەراری 100هەزار تومەنی بۆ بڕیمە. ئەوکات قەباڵەی تاپۆی(قڕقوشم) تومەنی دوو قران بەئیجارە دەگیرا، کاتێک سولەیمان خان دەچێتەلای ناوبراو دەڵێت: بۆ ئەم دەستە بەرە پارەم ناوێ! ئەمە بە ئەرکی خۆم دەزانم، دەمەوێ هەڵەکەم قەرەبۆکەمەوە. بەو دەستەبەرە ئازادکرام. ئیدی دۆستایەتیمان لە گەڵ مەکاریزادە لە جارانگەرمتربوو حاجیدووکوڕی بەناوی فاڕوقو برایم هەبوون کە هەریەک کەلە قەندیک بوون دەبوایە لە گەڵ جەواهێراتت لە تەرازوهەڵکێشابان. هەردووک ڕوو خۆش دەم بە پێکەنینو ڕەزاسووک بە ڕێزوو ئیحترامو ئاقڵ بوون.
حاجی عەزیز لەکاتی ڕووخانی دەمو دەزگای پەهلەوی زۆر پسپۆرانە هەڵسووڕا. لە ورمی، شنۆ، پێرانشار گەلێک دووکانو موغازەو پاساژی کڕی بە حەق کوڕەکانی هێندە دلۆڤانن بوون خودا هەربەسەریدا دەببارندن. بەڵام لەساڵی 2006 کەلە ئەستڕالیاوە بۆ چاپی کتێبەکانم ڕێم لە کوردستانی باشوور کەوت، حاجی ڕەحیم زادە کەبۆ سەردانی کاک موتەلیبی کوری کە ئەویش لە سوئید گەڕابۆوە پێکەوەلە شەقلاوە بووین، هاتبوو زۆرباس وخواسی شنۆ-م لێپرسی گوتی کە ئازیز مەکاریزادە جارێکی دیکە ئەوهەموو سامانەی لە دەست داوە،بەڕاستی پێم ناخۆش بوو،و بەگوتنی وی هەروا ڕەحمان تەقی زادە لیبقەوماوە، لە خانووی کرێدایە. هەر دوو خەبەر بۆمن بەراستی خەماویی و چاوەڕوان نەکراوبوون. چونکە مەکاریزادە ئیکجار وردبین بوو ئەو جار ئەو هەموو هەڵس وکەوتی ژیان بێگومان ئەوی کارامەترکردبوو. نازانم ئەوهەموو سامانە چلۆن و لەبەرچی ئەوهادەست وجێ کۆتایی پێهات جێگای پرسیارە؟ لەلایەکی دیکە بۆخۆی و کوڕەکانی هەموویان کاسبکاربوون بە دوایی شتی ناحەز نەدەگەڕان. هەروا لەمەڕ میرزا ڕحمن تەقی زادە کە لەکاسبی دا ناوبانگی هەبوو، قەتیش نێوانی لەگەڵ کاری ناشیرین نەبوو. بەچ هۆکارو دەلیلێک ئەوسامانەی لە سەردەمی پیری لەنەکاو لەدەست دا ئەوە بۆم بۆتە معەمایەک کە سەری لێدەرناکەم هیوادارم ئەم خەبەرە وانەبێت یان خوا بەکەرەمی خۆی بۆیان قەرەبۆکاتەوە. لەراستیدا میزاڕەحمان پیاوەکی پیاوانە ودووربین و وشیارو بە ئەزمون بوو. غەیرەز چاکە لیی نەدیتراوە جا مەگین کوڕەکانی لێیان بەبادەی هەوادادابێت، ئیدی قسەم نییە!

**(هۆکاری شەڕلەدادگوستەری لەگەڵ محەقەق)**

بەرلەوە هۆکارەکە بگێڕمەوە بەپیویست دەزانم ئەمە بلێم لە سەردەمی ڕژیمی محەمەدڕەزاشا،تایبەت لەئەخیرەکاندا جگە لە وەی هەرگروهبان وستوان سێ یەک لەشارەکان تایبەت کوردستان ببوو بەکەڵاگایەک لە بەستینی دادگوستەریش هەر دادیارو بازپرسێک خۆی بە خودا دەزانی،یانی کەسیک کە چووبوایە ژوری بازپرس یان دادیارو بێ ئیجازە دانیشتوایە وەدەریان دەنا،دەبوایە تاویک لە سەرلاق لە حزوری ئەم خوداوەندانە ڕاوەستابوایە ئەوجار کە جەنابی بەرپرسی دادگە یان بازپرس بەکاوەخۆ سەرهەڵبڕیبوایە ئەگەرناسیبوایە ئیجازەدانشتیی دەدا ئەگەرنەشی ناسیبوایە هەرلەسەرپیاە هۆکاری دەپرسی زوربەیان هەرنەشیان دەپرسی ترۆیان لێدەکردن وەدەریان دەنان! والێهاتبوو مدیردەفتەرەکانیش لەگەڵ خەڵک ئەم جۆرەڕەفتارەکرێتەیان هەبوو. ئاغای ڕوستم جەم ڕیس دادگەی نەغدەو موختاری ڕیس دادگەی نەغدە نموونەیەتی. ئەمن کەلە ساڵی 1354ی هەتاوی دوایی 10ساڵ ئازاد ببووم لەگەڵ ئازیزعەمەرزادەی خەڵکی ئۆربانی سلماسماڵمان لەورمی بوو وەک بەرێ ئاماژەم پێکردوە عەزیزکە بەرلەمن لە

زیندان ئازاد ببوو سی دانگی میوانخانەی هومایونی لەورمێ کرێبوو میوانخانەی هومایون هەڵکەوتوو لەفەلەکەی ناوەندی شاری ورمێ بوو. ئەمنیش خەریکی چەقەی زەویەکانی خۆم بووم. ڕۆژیک عەمەزادە بۆی گیڕامەوە دوو شیخ کە بەڕەچەلە خۆیان دەگەنە شیخ مەحموودی نەمر،و گویاخزمایەتیشیان لەگەڵ شیخ عەبیدوڵلای شەمزینان هەیە، لەتورکیەڕاهاتوون مامەلەی پەز دەکەن هەرددووکیان یکجار بە سامان ودەست بڵاون. خیروحەسەنات بەهەژاران دەکەن. هەریەک چەندزوانی دەرەکی دەزانن. لەڕاستی داکۆکای نورو خیروبەرەکەتن،ئەمەساڵی 1356ی هەتاویە. هەتا ئێستا چەند هەزارپەزیان بەخەڵک فروشتووە ئەمنیش دەمەوی مامەلەیان لەگەڵ بکەم باوکم قسەی لەگەڵ هێناوەتنە گوڕی زوربەهەرزانیان قسەکردوە هەموو ڕۆژی لەلایان خەلکی سلماس وخوی میوانداری دەکرین. ئەوانیش دەستی هەژارو بەلەنگازان دەگرن، بابم قەولی لێوەرگرتوون کە میوانیان کات، پێم خۆشە بۆخوشت بیان بینی. قسەکانی حەمەزادەم زورپێ سەیر بوو پیکەوەچووینە سلّماس، لەوێرا بەرەوگوندی ئۆربان وەڕێکەوتین کەماڵی عەزیز لەوێ بوو. باوکی سادۆ پیاوەکی دونیادیدە بوو هەروا خالی عەلائەدین و سەرهەنگ وخزمەکانیان زوربەی لەوێ بوون بەڵام هەروەک لە چەند جێگا ئامازەم پیکردوە بادینەیەکان لەسەریەک پیاوی دەسادەو دلسافن، و بەڵام زوربەیان کەم سیوادن و لەمەرمەزەبیش هەرخودادەزانی خۆیان بەخاک وخۆل دەزانن، جگە لە سەیدوشیخ کە بە کوڕی پێغەمبەریان دەزانن هەرکۆلکە مەلایەک کە دەچێتەوێ بەسەیەدە سەیدە دەکەونە دوی بەساڵیک سامانداری دەکەن، لە هەمووشت و ئاخافتن هەر بەلێیان وەئەستۆگرتووە، بەهەمووشت باوەردەکەن بێ ئەوە هیچ لە شەرع بزانن. بەڵی لای نیورۆ جەنابی دووشیخی نوورانی تەشریفیان هێنا، یەکیان کە براگەورەبوو بەڵام هەردووکیان جل وبەرگ دەرجەیەک وپێڵاو ساکۆی ئامریکایی و ساعات و ئەنگوستیلەی زیڕیان لەدەست ولە قامک دابوو ئیکجارپۆشتە دەتگوت سەرۆک وەزیرانن. پیاوی دەبەقەلافەت وهەیکل، سێ مرۆڤیان لەگەڵ بوون، ئەوانیش هەروەکووان پۆشتەوکۆک بوون بەڵام هیچ کامیان لەلای شیخی مەزن دانەدەنیشتن هەتائیجازەی نەدابوایە، هەررۆژێ جل وبەرگیکیان لەبەردەکرد ئەوجار لەکاتی چایی چێشت خواردن هەتا دوعایان نەخویندبوایە دەستیان بۆ چێشت ڕانەدەداشت، دیارەئەمە عادەتی خۆیان بوو. کاتیک بەخیرهاتنمان کردن پیاوی دەماقول وزانا بەزوانی سورانی بادینی تورکی فارسی وعرەبی و ئینگلیزی قسەیان دەکرد. گویاچەندزوانی دیکەشیان دەزانی خۆبەخۆ بەزوانی دەرکی دەئاخافتن هەموو دنیاگەڕابوون مامۆستاکانیش کەلە بەرامبەرئەواندا هیچیان نەدەزانی لەماچ کردنی دەست چیتریان پێنەمابوو. هەر دوو شیخ قورئانیان لەبەربوو هەرقسەیەک وئایەتیک هەرگفتارێک و گێرانەوەی سەرگهوردەیەکی شەرع وکۆمەلایەتی بەلّی لەهیچ شت کەم وکۆڕیان نەبوو بەعادەتی خۆیان لەگوندی ئۆربانیش چوونەمزگەوت وفەڕشیان بۆکری، هێندیک پارەیان دابەهەژارو بەلەنگازی دێ،چەمەدانیکی تەژی لەپارەیان لەبەردەست بوو کەشیخ دەستووری دەدا یەکێک لەغۆڵامەکان پارەدەردێناو دەیبەخشی. بەڵام سەیروسەمەرە ئەمە بوو هیچ کام نویژیان نەدەکرد،فەرمایشەکەی شیخ ئەحمەدی بارزانم هاتووە بیرکە دەفەرموێ نویژ بەمانای خودا وەبیربوونە. دیارە ئەمانەش بیست و چوار ساعات ناوی خودایان لە سەرزار بوو. شەوڕۆژیک لەئۆربان مانەوە ئەوڕێزوئیحتڕامەی کە پیویست بوو لێیان گیرا،ئەمەرزادەش چەندسەت پەزیکی لێ کرێبوو، پارەکەی دابۆیە وەک گوتم چونکە پەزەکانی بە هەرزان دەفرۆشت مشتەریەکی زۆری لەحاجی ومەلاو خوداناس بەدواوەبوو. خەڵکی سلّماس وخۆی تایبەت بادینەیەکان هەتاتورکیش، مامەلەیان لەگەڵ کردبوو. هەربازیک بەهۆی تەبەڕوک ومتفەرک پێیانخۆش بوو مامەلەی لەگەڵ بکەن، ئەوان ڕۆین ئێمش گەڕاینەوە بەڵام ئەمن بەدڵ لێیان زەنین بووم ئەمما ئەوهەراوهورایيەی کەبەدوایان وەبوو نەدەکرا قسەی لە سەربکرێت، کە چوینەوە دوایی چەندرۆژ لەگەڵ جەنابی شیخ قسەکرابوو شەویک بۆ تەحویلی مێگەلە مەڕەکان کە ئاوای ئیران بکرین دیاری کردبوو چونکەمامەلەکەیان بی ئیجازەی حکوومەت بوو حاڵاتی قاچاغی هەبوو سنووری تورکیەو ئیرانیان بۆ تەحویل وەرگرتن دیاری کردبوو. ئەوخەڵکە هەریەک لەشوینیک بۆ مەرڕۆیان لە سنوورکردبوو. هێندیک ماشینی گەورەشیان گۆیا بۆ گویزتنەوە بردبوو هەتا بەری بەیانی دانیشتبوون بەڵام لەهیچ شوینک خەبەرلە پەزنەببوو. خەڵکەگەڕابوونەوە بە

دوای شیخ داچووبوون بەڵام خەبەرلە شیخ وهاڤالانی نەبوو کەچی پاسپۆرتەکانیان لەمیوانخانە بوون. پاش چەندرۆژیک مەسەلەکەیان بەحکوومەت ڕاگەیاند بوو سەرئەنجام مەعلووم بوو کەئەم شیخانە چەندپاسپۆرتی ساختەیان پێبووە،بەڵی ئەوان گورزی خۆیان وەشاندو ڕۆیین لەتاران ڕا بەفرۆکە ڕۆیبوون پارەی ئەوخەڵکەشیان بردبوو دوایی چەند مانگ لێکۆڵینەو مەعلووم بوو کە ئەوانە باندیکی گەورە بوونە ئەوها لە ساویلکەیی خەڵک کەلکیان وەرگرتووە ئیستاش دەگەڵ دابی پی شوینیان بۆکەس هەڵنەگیرا، ئەمن چەندرۆژیک بوو چووبوومەشنۆ ئیدی ئاگام لەمەسەلەکەبڕابوو کە هاتمەوە سەرم لەمیوانخانەی هومایوندا بینیم هەمووگیراون ئەوە لە کەڵەنتەرین، هۆکارەکەم پرسی گوتیان دووکەسی تورک خەڵکی میانداواب کەلە میوانخانەی هومایون بوونە مامەڵەیان لەگەڵ شیخ کردوە 20هەزارتومەن پارەیانداوە پاشان کەمەسەلەکەیان زانی وە بەڕێنوینی سەرهەنگەکی ئەرتەش کە هاوشاریان بووڕێنوینی کردبوون کەبەناوی خەیانەت دەرئەمانەت سکالا بدەن یانی ئیوە پارەو لەلای مدیرداناوە ئەولەجیاتی ڕەسیدی پارە نامەی پەزی داوەتە ئێوە،داستانەکەش ئەمە بوو ئەم شیخە کە پارەی وەردەگرت لەبەرامبەردا نامەیەکی بەناوی مامەلەی پەزدەدانێ کە چەند سەرمەڕی پیفرۆشتون،جەنابی سەرهەنگ لەگەڵ بازپرسی شعبە2ی ورمێ دۆستایەتی هەبوو ئەمانەی ڕاسپارد بوونە لای وی،ئەویش لەگەڵ کورد کە عومەرین چلون مامەلە دەکەن هەر خودا دەزانیت. ئەمن بێخەبەرلەم سینەوبەینە چومەکەلانتەری پرسیارم لێکردن سەروانی کەڵەنتەری کە ئینسانێکی بەڕیزو ئیحتڕام بوو گوتی: دوێنی ناردووم بۆ بازپرسی شعبە2-کە چوومە دادگوستەری لە مدیری دەفتەرم پرسیارکردگوتی بەقەراری /50هەزارتەمەن زیندانین،قەباڵەی /100هەزارم هەڵگرت وچوومە بازپرسی بینیم لەکالیدۆرکە، عەمەرزادە وهافالانی بەدەست بەستراوی ڕاوەستابوون ودووتورکی شکایەتکاریش هەرهەڵتۆز هەڵتۆزیان بوو، دەیانڕست کە ئەمنیان دی گەش بووە گوتم نیگەران مەبە ئەوەقەباڵەم هێناوە ئیستا بۆلای بازپرس دەچم سەنەدەکە دادەنیم و ئازاد دەبن، دوایش جوری دەکەین پاش ئەم قسانە دەرگای هۆدەی بازپرسیم کردەوە کە هەر بۆخۆی و سکرتیرەکەی بوون سەلامم کردودانیشتم کەس ولامی نەدامەوە، دوایی دوو سێ دەقیقە بازپرس سەری هەڵێناگوتی کێ ئیجازەی دای بێیە ژورو دانیشی؟ گوتم جەنابی بازپرس سەنەدم بۆ دەستەبەرهیناوە گوتی: مەگین تەویلەیە هەرلەخۆوەبیە ژورودانیشی؟!
گوتم کە هاتم لە پشت دەرگا نوسرابوو بازپرسی بەلام ئیستا دەزانم کە بەڕاستی تەویلەیە،دەستی بەقسەی سوک کردو خەتکشەکەی ڕاوشاندمی، ئەمینش کە خۆم حازرکردبوو کورسیەکم داوەشاندێ دورست لەسەرم دا بۆبەهەلا و هاوار، کورسیەکی دیکەشم خێواندێ،پۆلیس هاتن وەدەریاننام رەیس دادگەی شهرستان هات خەریک بوو قسەبکات چیم بۆ نەهیشتەوە لەڕاستیدا کەسیک زیندانی بینیی ئیدی ناترسێ، ئەمن دووکەڕەت زیندانی بووم نزیکەی 12ساڵم زیندان کیشابوو دەشمزانی لیدان لەبازپرس سی مانگی پترسزا نییە، بۆ من چوونەوزیندان هەر سەردانی دۆست وڕەفیقانی بوو بەڵام بازپرسی کە قەت وای بە سەرنەهاتبوو بە جاریک دەهری ببوو بازپرس دەستوری گرتنی منی دا وڕای ئەسپاردبوو لەتاکە هۆدەم بکەن کە بردنیان سەروان کەلانتەری و پاساوانەکان کەلە بازپرس پڕ بوون دەیانزانی زۆر زارشڕە ئەمنیشیان لەزیندان دەناسی گوتیان کاری چاکتان کرد زیندانێکی ئەوهای نییە لە وێ بە عەمەزادەم گوت دەزانم زۆرناراحەتی دەشزانم ئەوە پارتیە کە ئەومەسەلەی گوڕیوە، ئەودوو کەڕە تورکە ئەمە نازانن بێگومان فیرکراون بەڵام ئەوە بزانە ئەگەرمەحکووم بێ سی سالت دەدەنێ دەجا یاریدەم بکە ئەمن سبەینی ئەونامەیەیی لێ وەردەگرمەوە گوتی: ئەتوو چ دەڵێ حازرم. گوتم وەچاکە سەروان کە دۆستی خۆمەببینم وکارقایمێک بکەم ئەگەربوو بە هەڵلا پۆلیس لێماننەدەن،قەول و قەرارمان دانا،لەولاش بازپرس کەلەمن ئەوها پڕبوو دەمزانی دەیەوێ هەمووی لە سەرمن قاڵ کاتەوە بەڵام ئەوخەراپم لێ حاڵی ببوو نەیدەزانی زۆری وەک وی هەر بە لباد دەخەپێنم. خولاسە لەگەڵ چەند پاسەوان بەدەستبەستراوی بردیاننە دادگوستەری، کە چوینەژور بازپرسی داوای لێبووردنی کرد، زانیم پیلانی داڕشتوو دەیەوێ لەتوڕم باوێت گوتم دەی فەرمایش گوتی: ئەگەر ئەتۆ چکی بیست هەزاری بەدەی بەخاوەنەکانیان دەمەوە ئەمن پەروەندەکەی خەیانەت دەرئەمانەت قەبوڵ ناکەم، وڕەسیدەکەی گوشت وەعەزیز دەدەمەوە،گوتم

زۆرباشە، لەشایان خەنی بوو ئەمنیش کەئەوپێشبینی یەم کردبوو دەستەچەکی عەمەرزادەم وەرگرتبوو لەلام بوو دەرم هێنا گوتم دەی بفەرموو چ بنووسم بێ ئەوەی بزانی ئەمن قەڵمەکەم لەسەرچک دانەنابوو بەڵام ئەو فکری بۆ نەدەچوو چونکە نیوانمان هەبوو ئەمن چەکی سپیم لەدەست دابوو بۆ ئیمزاش هەرقەڵەمەکەم دە جولاندەوە، دەناچەک هەر سپسی بوو. دوایی کە چەکەکم قەت کرد ئەو بۆ لام هات ڕەسیدەکەی پێیشاندام بەکوردی بەعەمەرزادەم گوت کە وەرت گرت  ئیمزای خۆتی لە بێنەدەرو بە تەردەستی پرتک پرتکی کە، هەتا ئەمن چەکە سپیەکەی دەدەمە دەست، کە عەمەزادەڕەسیدەکەی دڕاند ئەمن چەکەقەت کراوەکەم دایەدەست، ئەویش بێ ئەوە بیکاتەو بەپێکەنین گوتی: ئەوهات تولە لێدەکەمەوە. کە چەکی کردەوە سپی بوو شیت بوو ئیدی چ مەدڕەک نەمابوو گوتم:  هیشتا ماوتە کە ئەمنی گاس کردەلای خۆی بۆ بازجویی ئامەڵۆزی بووم عەزیزیش کەلاوەکی بەهەرکەت بوو وەبەرمست وشەپانی دا لەهەردماندا سکرتێرەکەی هەلات و پاسەوانەکانی کالیدورپێوەربوون بەڵام هەرڕایاندەکێشاینە ئەمەلا ئەولا سەرئەنجام محەقەق بە شپرزەیی وخویناوی قەراری /100هەزاری بۆمن دەرچواند ئەمنیش ئیعترازم دا،خولاسە ئیمەیان بردەوەکەڵانتەری دوایی دوو ڕۆژ بۆ زیندانی شەهرەبانی ڕخ گولی ورمێ یان بەرێکردین کە بۆمن سەردانی دۆست و ئاشنایان بوو.  کە دیدارتازەکرانەوە، دەستم بەشکایەتی کرد ئیعلامی جورمم کرد چونکە کەس شکایەتی لەمن نەبوو بازپرس لە خۆڕا ئەوبەزمەی سازکردبوو بەڵام لە دەفتەری زیندان نەیاندەهێشت شکایەتەکانم بچنە دەر،دوایی دوو مانگ بە دەستەبەری ئاغای عەزیز مەکاریزادە ئازاد کرام کە بەرێ ئاماژەم پێکردوە کاتیک خالم سولیمانخان زەرزا بۆ قەبالە دەچیتەلای کە ئەو دەم قەبالە تومەنی بەدوو قڕان بوو مەکاریزادە دەڵێت: بۆ ئەم سەنەدە هیچ پارەم ناوێ! دەمەوێ هەڵەکەم قەرەبۆ کەمەوە! کە ئازادبووم خۆم پێ ڕانەگیرا بڕیارم گرت محەقەق وەبەرچەقوان دەم، بەم بڕیارە ڕۆژی دوایی بەرەو دادگوستەری چووم کە دەرگام کردەوە کابرا بەپێچەوانەی جاران هەستاوە دەستی لە دەست نام و بەگەرمی بەخیرهاتن کردم و داوای لێبوردنی کرد، پاشان گوتی: چ ئیشت هەبوو گوتم ئەمن بۆ دەستەبەری هاتبووم ئەتۆ لە خۆڕا شەڕت پێفرۆشتم دیسان هاتووم بەدەستەبەرئازادیان کەی؟ ئاغای محەقەق دیاربوو دەوسیەیی منی لە دادگەی ئەرتش ویستبوو بە وردی خویندبۆوە گوتی: ئاغای زەرزا ئەمن دەوسیەیی تۆم خویندۆتەوە تێگەیووم ئەتوو پەکت بە زیندان ناکەوێ ئەمن بازپرسم پیوستم بەئیسکۆڕت نییە، تکایە چیت دەوێ بفەرموێ هەتا جێ بەجێی کەم، ئەمنیش هەرقسەکەم دوو پاتکردەوە گوتی: پیویست بەقەباڵە ناکات هەر بۆخۆت شتیک بنووسە وکەفالەتیان بکە. ماڵی ئاوادان بێت هەر ئەو ڕۆژی بەکەفالەتی منی ئازاد کردن،دوایی لە1357ئەم دەوسیەوە بە یەکجاری بەسترا. لە سەدەمی ڕژیم جارو بار دەچومە لای ئاغای ڕەحمان کازمی کە بەرپرسی دادگە بوو ڕۆژیک کە چوومە سەردانی  ساعات دوو بوو.  دوو داوەری دیکەشی لەلابوو خەریکی چای خواردنەوە بوون سکرتیری ئاغای محەقەقش لەوێ بوو.  ئاغای کازمی کە لوتفی لەگەڵ من هەبوو بەحازرانی وەکوو شاعێر ونوسەرناساندم، گۆیا دوایی ڕوینی من، کابرا، کە پێی سەیردەبێت بە ئاغای کازمی دەڵیت: ئەو کابرایە نوسەرو شاعیرنییە. دەیناسم کابرایەکی بەدفەڕو شەڕلەتانە، کازمی لێی تورەدەبێ دەڵێت ئەوە فەلان کەسە خەڵکی شاری شنۆیە لە خۆ ڕا بۆ بوختان دەکەی ئێستا لە ئینتشارات سەلاح ئەدین ئەیووبی  دەشوغلی.  بەڵام کابرا مەسەلەکەی لەنوکەوە بۆ دەگێڕێتەوە ڕۆژیک کە ئاغای کازمی لە ورمێ میوانی من بوو هەر دوو بە دوو لە سەر سفرە دانیشتبووین نازانم چۆن بوو ئەمن باسی سکرتیرەکەم لێپرسی ئەویش بە شەرمەوە ئامارژەیەکی پێکرد دوایی ئەمن مەسەلەکەم بۆ گیڕاوە،دەیگوت ئەگەر بۆخۆت باست نەکرد بوایە، هەرپێم وابوو کابرا بە هەڵەچووە!

**(دوستی زیندانی)**

لە زیندانی گۆلی ورمێ لەگاڵ عەزیز ئەمەرزادە ئاشنایمان پەیداکرد. ناو براو پێنج ساڵ حەپسی بەسەردا سەپاندرابوو. کوردی بادینی بوو. سەرەتا لێم حالّینەدەبوو، پاشان کە لەلایمن دەرسی خوێند فێری زوانی سۆرانییبوو. بەڵام ئەمن بە داخەوە قەت نەمتوانی بادینی باخۆم،کە تەژی لە وشەی دەست لێنەدراو نەگەچڵاوی کوردییە. عەزیز دوو ژنو چەند منداڵی هەبوو. ناوبراو لە1353ی هەتاوی کە ئەمن ساڵێکم زیندان مابوو ئازاد کرا. دوایی دەرچوون لە بەندیخانە دوو دانگی مێوانخانەی "هومایونی" لە شاری "ورمێ" کڕی. 3 دانگیش ئیحاجی یاوەربوو کە دوایی ئیعدام کردنی حاجی، محەمەدی کوڕی هەڵیدەسووڕاند. دانگەکیش هی مەلایەک بوو عەزیزخان دۆستێکی بە وەفاو بە بەقابوو. هەتا ئەمن ئازادبووم هەموو حەوتوێک لەزیندانی گۆلی ورمێ سەردانی دەکردم. بۆیە کاتێک لە بەندیخانە بەربووم‌و لە ئابیاری ورمێ خانووم کڕی، ئەویش ماڵی لە"ئوربان"ڕا هێنا وێ. سەردەمێک پێکەوە بووین. ئەوکات شتاق وەزعن باش نەبوو. ئەمن دوایی ئەو زیندانە دوورو درێژە ژیانم شێوا بوو. مڵکەکەم لەکاتی دابەزینی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی وەکوو"نەسەق زەڕاعی" بەناوی تورکی"ئاڵەگوێزی" نەغدەو عەجەمی ورمێ تاپۆ کرابوو، هەرچەند خەڵکیگوند حەولیاندا کە بیست هێکتارم بارو بوو بکەن بەڵام قبوولّم نەکرد. پاشان بە یارمەتی ئەوان توانیم گەلێکدێمەکار بکێڵم‌و خۆم تەیارکەم. بەڵام ئەمەرزادە لەگوندی"ئۆربان"لە سەڵماس ژیانیباش بوو. خاوەنی بەرەمەزراو مێگەلە مەڕبوون. ئەمما سادۆی باوکی نەیدەویست قورسایی سامانەکی باوێتە شار، هەر ئەوەندە عەزیز پێی وەحەوێت. لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران 1357 هەتاوی پێکەوە دەستمان بە مامەلە کرد، پارەیەکی باشمان وەسەریەک نا، بەڵام ئەمن کەوتمەوە زیندان‌و ڕێسەکەم لێ بۆوە خوری، بەڵام ئەوپەڕەی گرت‌و یەکجارتەیار بوو. لەو ئاڵەگۆڕەدا مێوانخانەکەی فرۆشت. لە ڕاستیدا هەوای کوردیەتی لەکەللەیدا سەردەمێک سەرپەڕشتی دەستێک پێشمەرگەی دەکرد، دۆستایەتی لەگەڵ شەهید سەرگورد عەباسیهەبوو. ئەو کەسەی بە ناوی مەجاهدخۆی پێناساندبوو هەرئەو تەقەی لێکرد وشەهیدی کردبوو. کە بێهزادیان پێدەگوت. ئاماژە پێکراو عەزیزی لەلای وی دیبوو،ڕۆژێک لە ورمێ لە بێنزینخانەکەی ڕەخ ساواکی پێشوو کە ببوو بە مۆڵگەی ئیستخباڕاتی کۆماری ئیسلامی، چاوی پێکەوتبوو ناسیبویەوەو گرتبووی وزیندانی کرتبوو. لە ڕاستیدا تەماعی کوشتنی تێکردبوو. ئەو کاتیش کەس قەباڵەی کەسی نەدەخۆێندەوە. کە ئاگاداربووم لە گەڵ ئەندازیار جوانمرد قسەم کرد. ناوبراوجێگری نیعمەتی بوو نیعمەتی بەرپرسی دوخانیاتی سەردەمی شا بەرپرسی ئیتلاعاتی سوپاپاسدارانی ورمێ بوو. ئەوکات سەرگورد تالّەقانی لە ستادی ئەرتەش دەشوغلی، نامەوێ لە بنی کدوی دەم یارمەتی داین‌و عەزیزلە مەرگ ڕزگاری هات. ئەو تیرۆرستە دوایی لە بەردەرگای نەخۆشخانەی شێرو خورشیدی ورمێ بە دەستی مجاهد خلّق بەسزای خۆی گەیشت.

**(ئیعدامی بەکۆمەڵی قاچاغچی تریاک‌و هرۆین)**

"شا"لە1346ی هەتاوی لە مەڕ(تریاک‌و هرۆین) دەسووریکی توندی دا، بەپێی قانوون سزای یەک کیلۆ گرم تریاک‌و دووگرم هێرۆین ئیعدام بوو. "شا" بەو دەستوورە کە بوو بەقانوون بازاری قاچاخی"مەواد موخەدەری بۆ بنەماڵەکەی خستەبرەو! ئەشرەف پەهلەوی کەسەدان قاچاغچی لە ژێر دەست دابوو ڕۆژێ دەیانتۆن مەوادی بۆدەرەکیبەرێ دەکرد، بەگەف وگوڕی ئیعدام خەڵکی ئاسایی لە مامەلەی گەڕانەوە، ئەوکات دایی قاسم لە هەمەدان یەکێک لە قاغچی نێو نەتەوەیی بوو. لە ئۆڕوپای دابەش دەکرد. ئەوچاخ تریاک لە تورکیە ڕابۆئێران دەهات،دوایی کە ئامریکا پەیمانی نەچاندنی خاشخاشی لەگەڵ تورکیە ئیمزاکرت ئەوجار تریاک لە ئەفغانستان چاندرا. شا،بۆ ترساندنی خەڵک دەستی بە ئیعدامی قاچاغچییان کرد. دایی قاسم"یەک لەوان بوو بە دوای ویدا لە شاری ورمێ "تاهیر وەخشووری‌و یەک دوو لە براکانی ئیعدام کردن باندەکە خڕوپتوون کەوتە دەی "ئەشرەف پەهلەوی"وەک هەنۆکە

دارو دەستەی وەلی فەقیە"ڕەفسنجانی ئەوانی ترخەریکی دزیو تالان کردنی ماڵ و سەروەت وسامانی میللەتی ئێرانن. بەڵام لەبانگێشتنی هەموو تاوانو لێ پێچانەوەی گشت سزایەک دوورن.

## (ئیعدامی بەکۆمەڵی ئەندامولایەنگرانی حیزبی دێموکرات)

ساڵی 1346و1357ی سەردەمی ئیعدامی بە کۆمەڵی کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکراتو بەگشتی شۆرشگێرانی کوردستانی ڕۆژ هەڵات بوو. زیندانی ورمێ تەژی لە مەحکووم بە ئیعدام کرابوو. لیستی ئیعدامەکان لە لایەن دادگای نیزامی بۆ بەڕیوەچوون دەناردرا بارەگای "پاشا"کە ئیمزای بکات پێیان دەگوت (تەوشیحی هومایونی). بەڵام ئەو: شا" خائینو بێ بەزەیە، قەت جارێک وەبەر چاو نەکەوت کەسێک عافوو بکات لە حاڵێکدا لە سەرمەسەلەی سیاسی بەسەدان گەنجو لاوو زانای کوردلە هیچو خۆڕایی هەر بە درۆو دەلەسەی ساواک پەروەندەیان بۆگریدرابوو، دادگای نیزامی ئەرتەش کە وەک ئاش دەگەڕا لە سەرئەو بنەمایە سزای ئیعدامی بە سەردا دەسپاندن. بەسەردا چوونەوەی پەروەندەش لەگۆڕێدا نەبوو. حوکمەکان بەئیمزای "شا"پشت ڕاست دەکرانەوە. هەرشەوێک بەرپرسی زیندان لای نوێژی شێوان لە ئەفسەر نیگهبانی بوایە مەعلووم بووکەگۆڕانکارێەک لەگۆڕێدا هەیە، ئەو هەی مەحکووم بە ئیعدام بوون دەچرژان. پاسەوانان زورکەسیان لە ساڵونی غەزاخۆری لە بەر چاوی ئەو خەڵکەدەگرت، دیانبردە هۆدەی تاکە کەس، بە پێی عادەت قازی عەسکەریان بۆ وەسیەت بۆ دێناو سبحەینە جلو بەرگەکانیان دەهێناو، وەکەس وکار یان وە دۆستانیان دەداوە کەلە مولاقات بۆ بنەماڵەیان بنیرنەوە. ئەمە بوو عەدالەتی ئاریامێهری کە چلکاوخۆرەکانی پێیان هەڵدەگوت ئێستاش ئەوانەی خەرافاتی و ناحاڵین کەکوردیش دەگرێتەوە حیکایەتی بۆ گەنج ولاوان دەگێڕنەوە، نازانن کەبەو درۆو دەلەسانە کەسایەتی قەت نەبووی خۆیانی پێ پترشەرمەزاردەکەن.

## (لەماوەی زیندانیم دا)

لەزیندان لەگەڵ زۆرکەس ئاشنا بووم لەمەلاکان مەلائەبووبەکری فەلسەفی پیاوەکی ئیکجارئاگاداربەدۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو دووەم لە حیکایەتی عارەب گەییوو. مەسەلەی مللەی ونەتەویی لە بەرچاو دەگرت،باوەڕی بەشتی ڕەمەکی و تورەهات نەبوو. لە سەر شتی بێ هیم بناخەی هەڵنەدەچنێ، بۆیە زۆرجارلەگەڵ مەلاکانی دیکە چەقەی لێ پەیدادەبوو. بەڵام لەوان ئاگادارو شارەزاتر بوو، مامۆستا بە جوستە هەرچەنگێک دەبوو لەشێکی ناساخ ونا سەلامەتی هەبوو دەتگوت وەبەرجەنجەرکەوتووە. بەڵام یەکپارچە ئاقڵ و زانیاری بوو. مەلاکانی هێندیک پێکەوە مقاماتی حەمیدیان ڕەوان دەکرد کە بەڕاستی گەلێک چەتوونە کە تووشی گرێپووچکە دەبوون مامۆستا فەلسەفیان بانگ دەکرد دەست و جێ بۆی هەمواردەکردن. لە خۆشەویستیان پێیان دەگوت مەلاشەیتان. مامۆستا لە لای هەموو زیندانییەک ڕێزوئیحترامێکی زۆری هەبوو لەهەڵس وکەوت و دانیشتن و ئاموو شۆدا زوانی هەمووکەسی دەزانی، زۆریش بەزیندانیان ماندووبوو. جگەلە وانەش دەستخەتێکی ئیکجاردەلالی هەبوو.
بل لەو مەلایانەی کەلەکورتەباسداباسم کردوون لەساڵەکانی 1346و47 گیران ئیدیکەش پێشتر گیرابوون، هەموو لە پەیوەندی لەگەڵ کاری سیاسی بوو. لە مەلاکان مەلاڕەسووگەردی پیاوەکی تورە تەبیات بوو و مامۆستا مەلا نەجمەدین کەوکەبی کەگۆیا لە شەرع لە زۆرانیان ئاگاداتربوو گەلێک بێدەنگ بوو لەسەنگین وگرانی و،ویقار نموونە بوو. ئەولەزیندان بوو کە کورکی شەهید کرا. ئەمە بۆ مامۆستا لەم تەمەنەدا ئیکجارجەرگ بڕ بوو. و مەلامحەمەدمەزنی ومەلاحەسەن شەیدایی یەک شیوە بووچوونیان هەبوو، لەساڵەکانی 1341 مام ڕەسووی عەبدولسەمدی و سەید شیخ محەمەدی زیدان و حەمەدەمین ئاغای شیناوەیان هێنازیندان،محەمەدەمین ئاغا پیاوەکی ئارام وبێ دەعیەو لە سەرخۆ

بوو وسەید محەمەدی زیدان بەگوڕ وچاونەترس بوو ئەو بەرلە ئیسلاحات ئەرزی هەموو وەرزێرەکانی دەرکردبوون ملکەکەی خستبوو بەردەستی خۆی. مام ڕەسووی خەراپەی پیاوەکی هەیکەلی چوارشانە بوو کە زەلامی ئەوها کەمن، ئەوهەرچەند ئەوکات تەمەنی لە60تێپەڕی دەکرد،گۆیا جاریک لەکاتی ڕاو بەسەرپلینگێک داکەوێ و دەبەریەک ڕۆچوودەچن هەر چەند هەموو لەشی مام ڕەسووی بریندارکردبوو وزگی هەسپەکەشی دڕیبوو بەڵام کوشتبووی. وەک بۆخۆی دەیگێڕاوە دەیگوت: هەرچەند دەمانچەشم پێبوو بەڵام فورستی پێنەدام ئامبەلۆزم بوو ئەمما تاقەتی منی نەبوو بەڵام بە چەنگ زۆرجێگای لەشمی هەڵدڕی بەڵام کوشتم دەیگووت: پیاوەکانم هەمووهەڵاتن بۆ یارمەتیش نەگەڕانەوە. ئەوکەڵە پیاوە لە ئاخری تەمەنی بوو بە چریکی ئاریامێهرو محەمەد زکریاو محەمەدی هەمزەڕێتالی لە چیاکانی گوندی خەراپە شەهیدکرد، بێ ئەوەی بزانێ مانای ئەم کارەچیە!
هێندیک لەکوڕە ئاغاکانی بادیناویشیان سەردەمێک گرتن بەڵام ناوەکانم وەبیر نەماوەن کەیادیکیان لێبکەم هەموویان گەنج بوون. سەردەمێکیش لەگەڵ سمایل ئەمین پوری ماسوێ وچەندهاواڵی دیکە لەهۆدەیەک بوون هەموویان پیاوانی بوون. لە منگوڕەکاندا حەیفەیادی کاک عەولای سێپەکان نەکەم کە پیاوەکی خولق خۆشبوو ئەوکات تەمەنی 55دەبوو ئینسانێکی ڕاست ودورست وقسەپتوون و بەدەماربوو. سەردەمیکیش حەمەدەمین بداغی ڕەحمەتی ڕسقی دە زیندان کەوت ئەوکات لاوەکی 20ساڵنەدەبوو هیشتا ئاگاداری ژیان و بڕێچوون نەبوو تفەنگی لە دەست دەرچووبوو خوشکی کوژرابوو. هەروا مستەفای کوڕی کاک کەریمەڕەشی گورگاوێ بۆ ماوەیەکی کورت گیرا، نابراولاوەکی 19ساڵەی ڕەنگ پیاوانە و بەقەدوإفەت بەگوردوتوانا بوو، و جەوهەری چاونەترسی لیدەباری بەڵام ئەوهێندە غلوور بوو ئاقل لیی لالوت ببوو. لە دنیای قارەمانەتی کێ بەرکێ دەجۆإوە ئەمە37ساڵ بەسەرئەو ڕێکەوتدا تیپەڕدەبێت ئاگاداری ژیانی خۆوبنەماڵەکەی نیم. هیوادارم ئەوپیاوە جوامیرە لە هەرکوێ بێت خۆشی وسەربەستی لەباوەش بگرێت. قەت لەژیانیدا بەردی ساردوگەرم نەکەوێتە بەرپیی. هەروالەگەڵ سوڵتانی شیخ ئاغایی ئاموو شوییکی تەواومان هەبوو سوڵتان ئاغای تاإو ئەفسەری سەردەمی کۆماری مەهاباد بوو پیاوەکی دەنێوکەوتوو بەتەمەن بەڵام لەسەرگوردمابوو هەردووکمان لەهۆدەکانی تاکەکەسی دابووین کە سەردەمێک ئیعدامەکانیان تیدابوو. ناوبراو گەلێک بیرەوەی سیاسی بەنرخی بۆ دەگیڕامەوە زۆریشم لێ تۆمارکردبوو بەڵام وەک ئامەژەم پێکردوەو لە دەرچوون لە زیندان لێیان گیرامەوە. سوڵتان ئاغاکەیفی بەقسە وچایی خواردنەوە دەهات زۆرپێکەوەدادەنیشتین زیندانیک لەلای بوو بەناوی عەلی چێشتی بۆساز دەکرد چایی بۆ لێدەنا،نامبراو بۆ ساڵوون غەزاخواردن نەدەچوو تەنیا نانەگەإگەإیەکەیان بۆ دێناوە، هەرچەند لەگەڵ کاک سەلاح موهتەدی ناسیاوبوون بەڵام قەت دانیان وێکڕانەدەکولی هۆکاری نێواناخۆشیەکەم قەت لێ پرسیارنەرکرد بەڵام پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسی هەبوو نابراو دوایی سێ ساڵ ئازادبوو لەلای شەهیدی نەمر دکتۆرقاسملو ڕیزی وئیحترامی تەواوی هەبوو. لێرەبانەقلێک لەکاک سەلاح بگێڕمەوە وەک ئامازەم پێکردوە زیندانی لەهەمووکەس زووترخەبەری گیراوان دەزانن، بۆیە ئەو خەڵکانە لە لایان ئەویسی گیران بۆ دادگەی جەڵدیان بەرێ کران ئێمەزانیمان هەتا قاسم ئاغاش گیرابوو بەڵام لەجەڵدیان ئازادکرابوو کاک محەمەد ئێلخانیزادە دەیگووت ئەوە تەرسە دەستبندیان لێداوین لە دەرکەیان هەإوەسیوین،ئەمن لە بەرئێشی لەشم شێعریکم خویندەوە کاک سەلاح گوتی ئەمە خەڵەتە گوتم کوڕە ئەوە چ ئیخلاقەکت هەیە ئەمن لە بەردەری لەشم نازانم چ دەلیم کاک سەلاح لە سەرخۆ پێی گوتم نابی شێعری شاعر بە هەڵەوە خوێنی ئەمەڕاستیەکەیەتی: (امشب بەهرمیحنەتی کەبووگذشت-- بەانتظار میحنەت فردانشستەایم). کاتێک کاک سەلاح وکاک محەمەدیان هێنا چەند زیندانی دیکەیان لەپەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی سیاسی لەگەڵ دابوو ئەوانیان دا بە بەندی پێنج بەعادەتی زیندان ئێمە پێیان وەچووین، هەمووجلی ڕەنگ ئاسمانی ڕێڕێان لەبەردابوو کەئی زیندان بوو کەدانیشتین بەخیرهاتنن کردن دوایی نیو ساعاتیک کاک محەمەد کە هەمێشە دەم بزە بوو بەپێکەنینەوە گوتی دەلێی کاک سەلاح ناناسن ئێمەش کە پێمان وابوو ئەوکاک سەلاحە سەرمان سوڕما گوتی: ئەمن محەممەدم،کاک سەلاح ئەوەتا لە خوارەوە دانیشتوو بەڕاستی کاک سەلاح بەو قەإفەتە گچکەیە بەوجل وبەرگە چ

نمودێکی نەبوو داوای لێبوردنن کرد. ئەوش بڵێم کاک سەلاح بەپێچەوانە هەموو ئاغایەک کە ئەوەی غولامێکی هەبوو پۆزی دەفرۆشت چ تەکەبوری نەبوو لەرۆیشتن وەپێش چ ردین سپیەک نەدەکەوت لەکاتی دانیشتن لە خوارەوەی هەمووکەس دادەنیشت. ئەوانەی لەگەڵی بوونی هیچ کام دۆست وناسیاروی نەبوون لە دادگەی زەمانی جەنگی جەڵدیان ناسیبوونی و خەرجی هەموانی دەکێشا، ئەوانەی ناوم وەبیربن بریتی بوون لە حوسین حاجی کە کەلەگەڵ سولەیمان کەرقەشان وئەوانی تردابوو بەهۆی ئەوە کە18ساڵی تەواونەکردبوو لە جیاتی ئیعدام 5ساڵی زیندان بەسەرداسەپابوو، و کاک عەزیرزی خەڵکی ئاڵوەتان و یوسف باپیری کەلەگەڵ کۆرەکان دابوو بەهۆی تەمەن کورتی لەجیاتی ئیعدام 5ساڵیان سزادابۆیە. وشەش کەسی دیکە کە ناوەکانم وەبیرناهێنەوە. هەروا کاک ئازیزی ئۆجاق و حوسین ئاغای دێبۆکری، ئەوکات لەزیندان بوون لەگەڵ کاک عەزیزئوجاق کەپیاوەکی کەم دوێ بوو هاتوو چۆم نەبوو بەڵام لەگەڵ حوسین ئاغا شێعرگۆڕینەوەن دەکرد شیعرەکانی زۆربەپێز وپتەوبوون مرۆڤێکی قسەخۆش بوو بەڵام لەکاری سیاسی دڕدۆم بوو لەگەڵ کاک سەلاح وکاک محەمەد نێوانەکی ئەوتوویان نەبوو حوسین ئاغا پیاوەکی ئیکجاردنیادیدە وبەئەزموون بوو. وکاک عەزیز ئۆجاق دەساڵی زیندان بەسەرداپەپابوو. هەروا محەممەدی میزامەحموودی لەدادگەی سەرەتایی زەمانی جەنگ بەحەپسی هەتا هەتایە مەحکووم ببوو بەڵام چونکەزوانی لەکەس نەدابوو لەدادگای دووەم ببوو بە دوو ساڵ، نابراو لە ژێرئەشکەنجە ددانەکانی شکابوون، وکاک مەولوود عوقاب پەنجە کە خەڵکی کانی سوورک بوو لاوەکی یەکجاربەجەرگ و ورە بەرزو نیشتیمان پەروەرو کادیرێکی لێهاتووی حیزبی دێموکراتی ڕۆژهەڵات بوو ناوبراو لەپاش پێنج ساڵ حەپس ڕزگاری بوو بەڵام لەڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ئەشکەنجەی سوپا پاسداران هیزوتوانایی لە دەست دا دوایی ئازادبوون ئەمری خودای کرد. لەگەڵ نابراو دوو ساڵ لە زیندان پێکەوە بووین هەتا خودا حەز بکات هێندە پیاوەکی بەشەرم وحەیاو بەکەڕامەت جوامیرو دۆستیکی بە بەقاو هەڵویست گرو چاونەترس وبەغیرەت بوو.

**(چوونە بارزان)**

ڕێگای بارزان لە ناوچەی سیدەکان ڕا ئەستەمو هەڵەمووت بوو، فەقەت

هەتا دەشتیبەرازگر ڕاستایی بوو. گونداو گوندو قۆناخ بە قۆناخ لە کۆڵەکان بابکان، سەربانێ، خوێڕیزۆک، بێداڕون، بەرەوکانیەلەنج، لە وێ میوانی ساکۆی کانیەلنجێ بووین، ناو براو یەکێک لەو 520 کەسە بووکەلە1947زاییینی لە خزمەت بارزانی نەمر لەچۆمی ئاراز پەڕیبۆنەوە، ڕێگای 300کیلۆمێتریان بە 14ڕۆژ بە پەیا بڕیبوو. هەتا چاخی کودەتای عەبدولکەرم قاسم، یانی ژوین 1958ی زایینی لە ڕووسیەیە مابوونەوە،"ساکۆ"چوارکەڕەت بریندارببوو هەتا جارێک ئەوکیهەڵبڕابوو. هەروەک"کریسکۆچرا باسی لێوەدەکات: ژەنەڕاڵ بارزانی لە9ی ژوئیەی 1947کە دوایین زەڕبەیگورچووبڕی لە ناوچە"خۆیێ"لە ئەرتەشی محەمەد ڕەزا، وەشاند وئاوای ئەو بەری چەمی ئاراس بوو. و11ساڵ لەیەکیەتیسۆڤیەت مانەوە.

لە ڕاستیدا لەگەڵ گەورەترین کەسایەتی ناوچەیی یانی "باقرئۆڤ"

بەرپرسی شووڕای بەرزی کۆماری سۆسیالستی ئازەربایجانی شووڕەوی

کە مەڵبەندی هەڵکەوتووی لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوای لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتی ورمێی بە بەشێک لە کۆماریشووڕەوی دەزانی، دەمەتەقەیان دەکەوێتە ناو، نەمربارزانی نەیوستبوو ببێتەگەمەی دەستی باقرئۆڤ، ئەویشوەکوو نەمرقازیمحەمەد پێشەوا ئەو مەڵبەندی بە بەشێک لە خاکی جوغرافیایی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەزانی. هێندە پێ ناچێت نەمر بارزانیو باقرئۆڤ ناکۆکیان لەنیوان سازدەبێ. باقرۆف هەموو هاڤاڵانی بارزانیبە سەر دێهاتەکاندابەش دەکا، سەرەتا لە ئەرمەنستان دوایی لە ئەزبەکستان، لەگەڵیان وەکوو پەنابەری ئاسایی دەجۆڵێتەوەو بارزانی لە وان دوور دەخات. لە دوایی مردنی (ستالین)و مەحکەمەی باقرئۆڤ، گۆڕانکارێک لە مەڕ

خويندن و ژيانی بارزانيەكان بەدەی دەكرێت، ئەوكات كە بارزانیبە فرۆكە دەچێتە "مەسكۆ"و لەكۆميتەی ناوەندیمان دەگرێت، لە ئاكامدا لەلايەن خرۆشچۆف، مالنكۆفو مۆلۆتۆف وەردەگێرێ.
ئێمە رێگای گوندی بارزانمان بەهۆی چاوساخ بڕی. لە هەرگوندێک بە
كوێخايەک دەئەسپاردراين، كە دوايی حورمەتو شەوێک مانەوە، ئێسترو چاوساخ يانڕەگەڵ دەخستين بۆگوندەكیتر، بەمجۆرە دێ بە دێ دەڕۆيين بەگوندی "بێداڕوون"ئەوگەڵيە ئەستەموچەختو هەڵدێرودا چوينە "ڕێزان"كە ماڵی نەمربارزانی لە وێ بوو. گوندەكە لە ڕەخ زێی بادينان هەڵكەوتبوو. شەوێک لە ماڵی بارزانی ماينەوە. كاربەدەستەكەيان ناوی ئەحمەد مستێ بوو. سبحەينەكە چووينە شارۆچكەی"بلێ"لە وێرا بەرەو گوندی بارزان كەوتينەڕێ. ئەشكەوتێكی يەكجارمەزن بە ڕوكاری جادە دادەديترا. شێخ ئەحمەد بارزانی براگەورەی مەلامستەفا بارزانی تەكيەی شێخايەتی لە وێ بوو. ناوبراو بە هۆی هێرشی عەسكەری ئێراق بۆ سەر كوردستانبێلايانی ڕاگەياند بوو. هەتاكوو ناوچەی بارزان لە بۆمباردومان بپارێزرێت. ئەو سياسەتە لە بنەماڵەی بارزان بە دووروو درێژی دێتە بەرچاو. مۆڵگەيەكی فۆڕمەليتەی پۆليس لە گوندی بارزان دەديترا كە سێ چوار پۆلسی ڕەشو ڕوتی لێ بوون. 50 چەكدارێک لە دەوروپشتی تەكيەیشێخ دەخولانەوە،ئەوانەحەڕەسی شێخ بوون. خەڵكی ئاسايی گوند هەمويان چەكداربوون. زۆرجارلێژنەی حكوومەت بەكۆپتەر لێی دادەبەزینو لەگەڵ شێخ ئەحمەد وتووێژيان دەكرد. هەرچەند شێخ بەڕەواڵت خۆی لە مەسەلەی سياسی دوورەپەرێز كردبوو، بەشی زۆری تەقەمەنی چەكدارانی بارزان كە لەلايەن حكوومەتی ئێراق بۆيان دەهات بەشەو ڕادەگوێزراناوچەی پێشمەرگە. لە ڕاستی دا ناوچەی بارزان پشتی جەبهەبوو. بەڵام بە هۆی ڕاگەياندنی بێ لايەنی شێخ ئەحمەد پارێز رابوو. كوڕی گەورەی شيخ، محەمەد خاليد بوو كەكارەكانی شيخی ڕادەپەڕاند. مەبەست لە چوونەبارزان ئەمە بوو كەمەترسی تەسليم كردنەوەن لە لايان شۆڕشی ئەيلول لە بەرچاو بوو. دەجا شيخ لە قاقەزێكدا كەبوو مەلامستەفابارزانی نوسی فەرموو بووی ئەمانە بپاريزرين. لەو سەفەرە دا شێخ زۆری قەدرلە مستەفاخان گرت، هەموو ئەوشتانەی دەهاتنەوە بيركەلە1946،1947ی زايينی لە كوردستانی ڕۆژهەلات بە تايبەت لە ناوچەی شنۆ لەلايان ئاغا مووساخانو محەمە خان ،قەرنی ئاغا زەرزا،كرابوو. دياره گرتنەكەشيان دەگەڕاوە سەرمەسەلەی سياسی، پارازتنیوان لە حكوومتی "شا" هەرواش بوو. هۆيەكەشمان بۆبارزان مەترسی گلدانەوە بوو كەلەكاتیگەڕانەوە شێخ ئەمری بە محەمەد خاليدكردو قاقەزی لە زاری شێخ ڕا بۆ نەمر بارزانی نووسی. شێخ ئەحمەد پياوەكی بەژن زراوی كەڵەگەتی ناوچاوان نوورانی بوو. بە تەمەن پيرو بە ڕوخسارگەنج، هەموو سبحەينەيەک دوايی نان خواردن دەهاتە تەكيە، حەڕەسەكانی تفەنگی برنۆيان پێ بوو. بەنۆرە دەهاتنە ژووری تەكيە، بەلاشيپانەی دەرگا ڕادەوەستان. لەكاتی فراوين شيخ هەڵدەستا دەڕۆيی، دەچووماڵەكەی كە ڕووبەڕووی تەكيەبوو، شێخجارەكی ديكە دوايی فراوين دەهاتەوە تەكيە. دەڵێن جاريک يەكيک لە نزيكانی دەچێتە لايەو دەڵيت: ئەزبەنێ هێندک كەس گازەندەيان هەيە دەڵێن: بۆ چی شيخ نوێژ لە تەكيە ناكات! شێخ دەفەرموێ نوێژ بەمانای خودا لە بيربوونە ئەوانەی كە نوێژ دەكەن ڕۆژێ 5جار خودايان دێتەوە بێر ، بەڵام ئەمن هەمووكاتو ساعات خوام لە بيرە! بە ڕاستی فەرمايشەكەی شێخ پڕ بەپێستی خۆيەتی. نوێژو تاعەت بۆ ئەويە كە مرۆڤ خوای لەبيربێت لەو حاڵەدا لەئاكاری خەراپو ناحەز خۆیدەپارێزیو روحمو ئينسافی دەبێت ئەوە بەڕاستی خواپەرستە. وەک دەبينين ئەوانەی كە بە درۆو بۆ ڕوبينی خودا پەرستن دەيانەوێ خەڵک فريوبدەن، ئەوە نوێژو تاعەت دەكەن ڕەمەزانو شەشەكان، بەڵام ئينسان كوژو دوو ڕوو بێ كەڕامەتو دوورلە ئينسافو بێ ڕوحمن، ئەوە بەناوی ئيسلامو خوداو پێغەمبەر خۆ دەتەقێننەوە، دەجائەگەر ئەوە بچنە جەنەت ئەدی جەهەنەم كێی دەچێتێ! شێخ لە تەكيە لە سەركورسێلەكی دار دادەنيشت قولێک شولكيان بۆلەگەڵ چەقوەكی لەگ لەگ نيشان لە بەردەست دادەنا خۆی خەريكی تاشێنی ئەوشۆلكانە دەكرد. جاروبارەش لەگەڵ خەڵک دەئاخافت. بەڵام باسی سياسی نەدەكرد. مرۆڤی دونيادیدەو بە ئەزموونو خەباتگێڕی

وەکوو"حەکیم پێندرۆ"مەلاژاژوک، کە لاوکیان  پێ هەڵدە گوتن. هەروا مەلاجەعفەری برای مەلاجووج، لە تەکیەی شێخ بوون.
ڕۆژێ بگرە بە دەیانکوردیکوردستانی باکوورتاییەت بەلەنگاز بۆ زیارەتی شێخ سنورەیان دەبەزاند. شێخ  بە حەق مرۆڤێکی دڵۆڤانو دڵو دەرون هاوەڵا بوو دەخڵو زەوەڕو پارەی دەدانی. بارزانیەکان شێخ ئەحمەدیان بەقوتبەکی مەزن دەزانی، هەر ئەو ئاقیدەیەش وای لێکردبوون کە ماڵو سەریان لە پێناو شیخ بەخت کەن. بەڵام مرۆڤ بە حەقگوتنماڵی خەراپ نابێت، شێخ ئەحمەدی بارزان "شاشخاپێن" نەبوو. ئەو بەحەق نیشتمان پەروەرو ئازادیخوازبوو. شێخ ڕابردووەکی تەژی لە خەباتو پڕ لەڕەنجو کوێرەوەری هەبوو. لە ڕاپەڕین ئاگری(ئارارات) گەلێک یارمەتی دەربووە. سەردەمی فەیسەل لە1945مەحکووم بەئیعدام بوو کە کۆماری مەهاباد جوانەمەرگ بوو، نەمربارزانی ئاوای یەکیەتی سۆڤیەت بوو ئەولەگەڵچەند هەزارکەس خۆی تەسلیم کردەوە زیندانیکراو هەتا کودتای قاسم لە بەندیخانەبوو. لەگەڵ شێخ لەتیف گۆرانی شاعێر ئازادکرا.
ئێمە دوایی دوو حەوتوو گەڕاینەوە. ئەوکات فڕۆکەکانیمێکو سیخۆڕی
شوورەوی کوردستانیان بۆمباردوومان دەکرد. بەدوایی پێشمەرگە دا دەگەڕانو ئیستخباڕاتی ئێراق حەولی دەدا کە حاشارگەی بارزانی بدۆزێتەوە، یەک دووجار چیابڵێندەکەی "ڕایەتی"بۆمباردوومان کرد هەتا جارێک ئیستگای ڕادیوی شۆرش وەبەرهات. چەندکەس بریندار بوون. دەجا دۆزینەوەی بارزانی چەتوون بوو. پاشماوەێک لە قاوەخانەی شێخ ئەحمەی چۆمانێ دیتمانەوە، کە وهاباغای لەگەڵ بوو، کە قاقەزە کەی خوێندەوە هێندێک تووڕەبوو، سەری هەڵبڕیوگوتی: چەند دەکەم ئێوەم بۆحاڵیناکرێت! ئیستخباڕاتی ئێران زۆرتان پێوە ماندووە، شوێنی هەڵگرتوون، وەچاکە بگەڕێنەوە لای شێخ، بزانین وەزعەکە چی لێدێ. گوتمان: بەڵێ ئەمما لە ڕاستیدا قسەکەمان لەدڵ گران هات. ئەوکات هەڵسوورێنەری حیزبی دێموکراتی ڕۆژهەلات ڕەحمەتیکاک ئەحمەد تۆفیقبوو. کە بە ئەمری بارزانی دەجۆلاوە. بەلام دەست تێوەردانی حکومەتی ئێرانو کارتێکردنیساواک جێی بەحیزبی دێموکرات لێژ کردبوو. ئەمما کاک ئەحمەد نەیدە سەلماند، گۆیا لێکدانەوەیەکی دیکەی هەبوو، کەلە ئاکامدا بۆخۆشی لەلایان بارزانی  دوورخرایەوەو دەسەرئەوسیاسەتە گەڕاو سەری تێداچوو! بەڵام ئاخۆ لەزیندانی بەعسی ئیراق کوژرا یان بەشیوەیەکی دیکە هەتائێستا پەنجەی دوورلەگومانی بۆ درێژنەکراوە، یان نەدرکانی پێویست بووە.

**(گەڕانەوەی مستەفاخان)**

ئاغا بە بە لێینی ژەنەڕاڵ کوشش فەرماندەری لەشکری 64ی ورمیو سەرهەنگ هۆما بەرپرسی ستادو ڕوکنی 2ی ئەڕتەش گەڕاوە بەڵام ئێمەکەچی کوردستانی باشوورن بەجێهێشت بەمل کێوو کەژ ماینەوە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات خەڵک بەدرشتو ورد ڕێزوو حورمەتیان گرتین، یارمەتیان داین، ئەوماوەیە بەقەت پەنجەی دەستێکم سیخوڕ لێ نەدێت. هەرچەند مەسەلەی لەتوپەت کردنی کوردستانی دەگەڕاوە شەڕی چاڵدەڕانی 1914ی زایینیو پیمانی لۆزانی 1923ی زایینی بەڵام ئەو ڕاپەڕینانەی لەو ماوەیەدا هاتونەتە دی هەرچەندکوردیان پێ نەگەیوەتە لووتکەی چارەنووس بەڵام هەستی نەتەوایەتیان بەرز ڕاگرتوون. پێویستە بەڕاشکاوی بگوترێ: ئێستاش زوربەی خەڵک ئاگاداریچۆنیەتی خەباتی حیزبی نەبووە. لە ڕاستیدا ئەو ڕێژیمە داگیرکەرە سەرە ڕۆیانە نەیانهێشتووە ئەو دەنگە بەکۆ ئاوازە بداتەوە. حێزبی دێموکراتیشڕاستەو خۆ لە دەسەڵاتدانەبوەو خویندنو نوسینی کوردیش یاساخ بووە.  منداڵی کورد گویچەی بەپڕوپاگەندەی ئەو ڕێژیمانە زرینگاوەتەوە. لە ڕابردووش قەڵەم لە دەستی ئەوان دابووە مێژووی کوردیان بەراوەژوو نیشانداوەو بە ئاوەژویان هێناوەتە ڕوو. ئەگەر"شا"بە ئەشراڕی مەسەللەح" ناو لیبردووین،حکوومەتی  ئاخوندی دەستەواژی "زیدی ئینقلابی"بۆ بەکاربردوین. مەزەبێش بە داخەوە دەورێکی خەراپی هەبوە! لە ڕاپەڕینەکانی شیج سەعیدی پیران و میری ڕەواندز بواری مەزەب زەقو بەرچاوە. هەنۆکەش شێوەی سەرۆکەکانی کورد گۆڕاوە دەنا بەشی

زۆری خەڵکەکە هەروا هۆگری چێرۆکی ئیسلامین بەتایبەت درۆو دەلەسەی عارەب بە گیڕانەوەی مەلاکان شوێن تێکەریان بووە، کاتیک لە شارەکی وەک هەولێر/400مزگەوتی لێیەو کاکی خەیات بیست ملیوون دۆلار لە مزگەوتێک خەرج دەکات،لە حالیکەدا هەزاران پیری پەک کەوتە و هەژارو بەلەنگاز لە شەقام و گەڕەک و کۆڵانەکانی دەخولینەوە. ئاخۆ جەنابی حاجی و شێخ ومەلا دەبێ چ لێکدانەویان هەبێت خودا دەزانێ؟!

**(گەڕانەوەمان بۆکوردستانی ڕۆژهەڵات1341)**

کە گەڕاینەوە وەزعەکە گۆڕابوو. سمایل‌خانی بەرازانێو محەمحەد حاتەمی، (چێچۆ) لەگەڵ ئاغاکانی‌هەرکی چەکی جاشایەتیان وەرگرتبوو. ئەوان مریدی شێخ ڕەشید لۆلانی‌ولایەنگرو سەروقوونی فەتاح هەرکی‌بوون.
بە لاساکردنەوەی فەتاح کە ببوو بەجاشی ڕێژم ئەوانیش‌ببوون بە چریکی دەوڵەتی"شاهەنشاهی. ساڵی 1342محەمەد سەکوری خەڵکی تاژاندەرەمان، ڕەگەڵ کەوت، کە بە حەق یەکجار زیخو بەغیرەت بوولە1344ی هەتاوی بە دەست جاشەکانی ناوچەی پیرانشار شەهید بوو. ئەوکات مرادی گردە سووری لەکن کاک عەولای جەڵدیان بوو، چەکی حکوومەتی لەلابوو. حاجی سالح ی برای لە1346ی هەتاویدا لەگەڵ سەید باپیر بۆسەیان بۆ"مرادشێریژو هاڤالانی داناوە. لەکن دانە بەردەکانی تاوڵی عوسمانی منگورتەقەیان لێکردن کەمرادو عەلی عەجەم شەهیدکران.
موهاجرەکان، تایبەت مامەندوشەریف دانیشتووی گوندی "سەوجە"
زۆریان ڕێزلە مراد دەنا. و کاک مراد بەهۆی تێکەولێکەی سیاسی هاتوو
چۆکردنی "شێخ محەمەد سەدەیق(پووشۆ) وڕاوێلکە بۆکوردستانی باشوور پەیوەندی لەگەڵ کوڕەکانی سەیدتەهای شەمزینانو گولێزارخانم هەر وادەست تێکەڵی لەگەڵ ستادی ئەرتەش لەپەی هەموو شۆرباوێک‌بوو.
هەرچەند ناکرێ بڵێین‌کاک مراد دژی خەباتی کوردو شۆرشی ئەیلول
بوو، بەڵام ناشکرێ بەکوردێکی ئازادیخوازی وەسف کەێن. بەڵام حەسۆی
کوڕی مراد لە حیزبی دێموکڕات دا مرۆڤێکی شێلگێڕبوو هەرلە پێناوی
حیزبیو ڕزگاری کوردستان دالەگەڵ مەلاڕەسوو گەردی بە تەقینەوی
مین شەهید بوون. هەرچەند لەوهەڵ ومەرجەدا گەڕانەوەمان پڕ مەترسی بوو. چونکە لەڕاستیدا لە سەرسیاسەتی ئەوکاتی ڕێبەری جۆڵانەوە کوردستانی باشوور بۆ هەموو خەباتگێڕیکی کوردی ڕۆژهەکات و باکوور چەشنی زیندانی لێهاتبوو. ئەوان پێان وابوو بە بەربەست گرتنی بەرەگەی حیزبی دێموکرات بۆ ناوکوردستانی ڕۆژهەڵات،دەتوانی شۆرشی ئەیلول بەرەوتروپی ڕەزگاری بەرێ، کەچی ئەم لێکدانەوەو سیاسەتە،ئەگەرخەباتی کوردی ڕۆژهەڵاتی بۆ ماەیەک ڕیشەکیش کرد بەڵام هەرسی یەکجاری بە شۆڕشی ئەیلوول هێنا، مخابن ئێستاش پێم وایە هۆکاری هەرس هێنانی شۆڕشی ئەیلول بۆڕیبەرانی کوردستانی باشوورنەبونەتە ئەزموون! چونکە لەو هاتووچۆو ڕایەلکەییەی کە ڕێبەرانی باشوورلەگەڵ ئیران هەیانە، تایبەت ئەوتەون و بەستانەی کە مام جەلال لەگەڵ ڕێژمی عەباومەندیل هەڵبیەستووە بۆکوردی ڕۆژهەڵات مەترسی دارە و فکری لێدەکرێ قەول و پەیمانی کاتی لەگەڵ (شا)جاریکیتر لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دووپات بێتەوە. هیوادارم ئەم پێشبینیانەی من وەڕاست نەگەڕێن و ڕەنگ وڕوویان بەکردەوە نەگۆڕێ.

**(ژاندارمو شەڕی تاگۆڕ)**

لە سەردەمی یاسای دابەشکردی زەویوزار بەسەر فەلاحەکانی ئێران‌دا
لە1342ی هەتاوی، خاوەن مڵک لە ئیحتووبارکەوتبوون. ئیدی پسولە یان بڕینەدەکرد. تایبەت ئەوانەی کە بەشارییەکان قەرزداربوون،چەکو سفتەو سەنەدی فەرمیان دابوونێ یەکجارەکی کەوتبوونە تەنگەژە. چونکە ئیدی ئاغا

نەیدەتوانی سەنەدی قەرزو قۆڵ بە ئیحتوباری ساڵی داهاتوو بەسووتو سەلەم نوێ بکاتەوە. نەخازا چەکی بەتاڵ لە شەش مانگ هەتا دووساڵ سزای هەبوو. لە مەڕ حقوقیش خاوەن قەرز بەپێی قانوونی کاتی دەیتوانی داوای گرتنی دەێندارەکەی ڕۆژێ لە بەرامبەر22قران دابکات. دەجا بەشێکی زۆرلە ئاغاوەت لە بەرمەترسی زیندان خۆیان حاشاردەدا. هێندێک ئاغای بە دەسەڵات کە دژی یاسابوونو جواب جەنگیان دەکرد، عەشایری قەشقاییو بۆیک ئەحمەدی بوون. ئەوگێرەوکێشەیە لە هێندێک ناوچەیەک لەوان شنۆ، ڕێگای بەرتیل وەرگرتنی بۆژاندارم کەبە(فرۆج خۆر) ناوبانگیان‌دەرکردبوو، تەخت کرد. دوو ژاندارم بەناوی عەبدولڕحمان کەکوردی بادینی بوو ئەوی دیکە حەیدەر ئەمینیەی عەجەم، ڕۆژ کورتو درێژ جووتە سوارە بۆ مڵوومۆ ئەوگوند ئەم گوندیان دەکردو سمایل خانی شاوانە یەکێک لەو دەستە ئاغایەبوو. ساڵی 1342ی هەتاوی ئەو دوو ژاندارمە لە ئاوایی گوندەوێڵە ڕابەگەڵی (دەرەسۆر) دا دێنو لەبستووی ڕوکاری (بێژاوە) بەکوێرە ڕێیەکە دا بەرەو پۆلە دارەکانی "(پیرڕەش)"دا هەڵدەکشێن. (پیرڕش قەبری عاڕەبێکە لەکاتی هجوومی عاڕەبەکان بۆ کوردستان بەدەستی خەڵک کوژراوەلە بەختڕەشیوەکوو هەموو عاڕەبێک بۆتە جێگای زیارەتی ڕەشە موسوڵمانان جگەلەوە، ئەو شوێنە کانیەکی ژاوەڕۆی لە ناو دارەکان لێیە، دەشڵێن ئاوەکەی بۆ باداری باشە! دەجا ئەوهەی ئاقیدەی بەم جۆرەشتانەیە، دێنە سەرئەو عاڕەبەو نەزری لێ دەخوازن! کیژووکاڵیش لەخوارەوەکی هەڵپەڕکێ دەکەن. بەکوردی ڕەنگی وەجاخو سەیرانگای بەخۆوە گرتوە. بەهۆی زنجیرەشاخەکەی، کە لەدەرە سۆر، دەست پێدەکا مریشک قران، قۆزلوو، شەرگە،کورەکو خان‌تاوس دەگرێتەوە. دەجا، جارو بار ئیشقیاش کە نۆبەداریان لە بەرزایەکەی ڕووکاری "دووڕبە"هەبوایە لێی دەمانەوەو. ئەزقەزا ئەوێ ڕۆژێ مزەفەر ئەسکەندەری لەگەڵ کوڕە10سالانەکی بەناوی سادق (کەلە ڕێژمی‌کۆماری ئیسلامی بووبەجاش‌وکوردکوژو هەنۆکەش‌جاشە) چێشت بۆ قادرئاغا دەبەن‌کە ئیشقی بوو. قادرئاغا دوربینەکە دەداتە دەست موزەفەرئەسکەندەری کە لە دەوروپشت بڕوانی، تفەنگەکەی بەدارێک هەڵدەپەسێرێو بۆخۆی بۆچایی لێنان خەریکی چرپی وەخڕکردن دەبێت. بەڵام کاک موزەفەرخان کە خێزانی چۆتە شارو دڵی بۆی تەنگەو دەکورکێنێ ڕووی دوربینەکەی هەرلەلای شاری شنۆ گرتووە، ئاگای لەخوارەوەو دەورووپشتبڕاوە، جاندارم کە سووگە دەپەڕینو پۆلە دارەکانیان لێ وەدەر دەکەوێ دەیانبینن، پێیان وایە ئەوە سمایل‌خانی شاوانەیە. دەڵێن پارومان لەڕۆن کەوت، هەڵی دەکوتنە سەر، دەڵێن: مەبزوو! قادەئاغا کە سەر هەڵدەبڕێ واقی وڕدەمێنێ غار دەداتە تفەنگەکەی، هەتا ئەوان تفەنگ لە شانیان دەردێنن، ئەو تەقەیان لێدەکات. ئەسپی حەیدەرئەمینیە وەبەردێ!

حەیدەر دەکەوێتەخوار، تفەنگەکەی لە دەست دەپەڕێ. عەبدولڕەحمان

هەڵدێ، بەڵام قادرئاغا چون کات زوو دەبێ ناپرژێتە سەریانو بەچیا

هەڵدەگەڕێ. نەوەک بەرزایی لێبگرن، کە ئەو دەڕوا ژاندارم دەگەڕێنەوەو مزەفەرخان لەوبەینەدا دوربینەکە داوێتە ناو کانی‌وکورەکەی لەناوادارەکی کلۆرخۆی وەدەشێرێ. ژاندارم کە پشوویان دیتەوەبەر مزەفەرخان دەگرن زینی ئەسپی‌کوژراوی لەپشت هەڵدەدەن بەبیژاوەدا دەیبەنە شاری‌شنۆ. لە ژاندارمەری ئەوندەی دارکاری دەکەن کە بەلۆکە ئاوی دەزاری دەکرێ. بەڵام دیسان حاشادەکات وناچێتەبن مەسەلەکە،سەرئەنجام پەروەندەش بۆ سمایل خانگریدەدەن، پاشان ڕەحمەتی مستەفاخان بە دوای مەسەلەکە دەچێت هەتا حاڵیان دەکات چوارساڵ دەکێشێت، پەروەندەکە دەبەسترێت.

بەڵام بائەوەش نەشارینەوە کە مەزەفەرخان بەحەقیقەت پیاوەکی ئازاو چاونەترس بەجەرگ بوو لە پیاوەتیشدا کەم کەس تۆزی دەشکاند هەمێشە خەنجەریکی پێ بوو بەڵام ئەو بەپێچەوانە، خەنجەری لەلای کەلەکەی دەچەقاند هەتا ئەگەر پشتبیندیشی نەبەستبوایە خەنجەری لەبەردۆخین ڕۆدەکرد و ئەوهێندەی دەخۆڕادەدی کە بەم خەنجەرە بۆ سەرتۆپ هەڕاکات. جگە لەوانەش ئیکجارخولق خۆشو جوامیربوو بەڵام هەتامابوو ڕسق سوارو ئەو پیادەبوو. لەو دوایانەشدا چاوەکانی شپرپوببوون باشی نەدەدی. ئەو جار مزەفەرخانێک کە بە حەق دڵسوزی کوردبوو هەلی

مەرجێکی وای بە سەرداسەپاندرا کەتفەنگی حکوومەت لەشان بکات، تازە ڕێگای گەڕانەوەشی لێ بەربەستبوو بەڕاستی مخابن بۆ ئەوئینسانە هەڵکەوتەیە لە ئاخرین ڕۆژانی پیری چەکی دژی گەلەکەی لەمل کردو دووکوڕی لاوی کوژران بۆ خۆشی هەروا بۆکۆماری ئیسلامی گیانی بەخت کرد، وەک پێشدا ئامارەم پێکردوە نائاگاداریش لەمێژووی کورد بۆ زورکەس هۆکاریکی دیکەی هەڵخەڵەتان بوو.

**(چوونە ماڵی فەرعان لەسێ کانیانوقەزای لابەلا)**

پاییزی 1344ی هەتاوی بوو شەوانە ئیکجارسارد دەبوو، شەوێک ڕێگامان لەگوندی سێ کانیان کەوت. فەرعان چەک هەڵگری حکوومەت بوو، بەڵام بۆئەوەی گیچەڵ بۆ دەورو پشت هەڵنەبەستێ بۆچایی خواردنەوەیەک لاماندا وێ، شەو درەنگان بوو، دیاربوو زۆری پێناخۆش بوو. تیمسارئەویسی تازە لە ناوچە گەڕابۆوە ولات شڵەقابوو، چاشەکانی فەرعان لە دێوەخان بوون. سەرهەنگ فەڕاست لەکانی سپی دانیشتبوو، ئەحمەد بەگو چیچۆ جاشی دەبەناوبانگ بوون، کە هەستیان بڕوین چی وای بۆ سیواد دان نەمابوو لکەگوینیـیە کمان هەڵگرت لە سەروەی ماڵان لەناو دانەبەردەێک ئاگرن کردەوە لە وەێڕا دەێڕوانیە جادە. ئیمە بە بەرپاڵی چیا هەڵگەڕاین بەڵام هیشتا وەترۆپی نەکەوتبوون تەقو شڕیخەی گوللان دەستی پێکرد. شەڕەکە هەر لەو دانەبەردەی ئێمەئاگرمان لێ کردبۆوە و هێشتا دووکەلێ لێ هەڵدەستا دەستی پێکرد. زەلامێک بەرەو ڕوومانهات بەڵام ژاندارم لەحوکمی سێرەی ئامانجدا نەبوون کە تەقەیان لێبکرێت ئەمما کابراکە ئێمەی بینی بازرەبوو بۆ لای چیای ئازێ ڕێی گرتەبەر، دوایی ساعەتیک بە دەیان ماشین ژاندارم هاتن گویا کابرا ژاندارمەکەی کوشتبوو بەڵام چونکەجاشەکان کاری خۆیان پێ هاسان کردبوو. لە سەرحیسابی ئیمە نوسرا کەچی کابراناوی مەلاعەلیبوو تریاکی پی ببوو لە زینوەکە هاتبووە خوار، ژاندارم بەڕێنوێنی جاشەکان بەرو دوکەڵی ئاگر دەچن بەڵام ئەو زووتر تەقەی لێکردبوون، ئیدی نەیانوێرابوو بکەونە دووی.

سەرئەنجام دوایی چەندساڵ ئەومەلایەگیراوهینرا زیندان بەڵام چونکە چ دەلیل نەبوو لە دادگەی نیزامی ئازادکرا. ئەمەش سزاکەن کێشا.

**(پیلانی سەیدحوسینوشەڕ لەگەڵ قادرفەتحی)**

ئاخرمانگی بەهاری 1343ی هەتاوی بوو. ڕۆژێک منو سمایلو سەیدحوسین ناسراوبە(حوسین ڕەزەوی)و ناسرسەفەری کەشەو لە"بێژاوە" خەوتبووین. بەرلەگزنگ وەخەبەرهاتین. جێ ژوان "پیرڕەش"بوو. بەڵام لە بەرمەترسیکەمین نەمانەویست ڕاستەوخۆ بەرەو پۆلەدارەکان هەڵکشێین، بەنیازبوین لە قەراخ ڕاوەسەکەوین، ئەوکەڕەت بۆ سەر پۆلە دارەکاندابگەڕاینەوە، بەڵام لە داوێن چیا تەقەیان لێکردین. بۆ وەیگوللە نەمانگریتەوەخۆمان دالاپاڵو بەپەلە وەسەرکەوتین. بە دووربین ڕوانین دووکەس لەناو دانە بەردەکان ڕاکشابوون. سمایل، قادرئاغای ناسێوە، پیی وابوو بەهەڵە تەقەی لێکردووین، بانگی هێشتو دەستی لێڕاوەشاند، ئەمما ئەوجارتەقەیان گەرمترکردوو بەتاڵووکە بەرەوگەڵی دەرەسۆر دەرۆیشتن. قادرئاغا ڕانکوچۆخەلێک سپی لە بەرداوو، کەماڵیش کە تازە برینەکەیسارێژ دەبوو دەلەنگی. مەمنا سەیدحوسین جگە لەوە قادرئاغای هانداوە کە بۆسە بۆئیمە دابنێتەوە، ژاندارمەریشی تێگەیاندبوو. هەتا ئەگەرخۆ بەخۆ بەکوژنەچین، لە داوی ژاندارم بکەوینو بکوژرێین. بۆیە لەگەڵ تەقەی ئێمەلە چیای ئاسمبەر ژاندارم تەقەیان دەست پێکرد. بۆ ئەم پیلانە ژاندارم لە پێگەی نەغەدە، دۆڵ، شنۆ، بەشەوهاتبوون. بەڵام قادرئاغا بە تەقەی جاندارم پێلانەکەی قۆزتبۆوە، بۆیە ئاوابوو تەقەی ڕاگرت. ئێمە خۆمان لە بەرپاڵی چیای دەرەسۆرلەناو پۆلە شیلانێک داحاشاردا، هێند پێنەچوولە هەموو تروپەکان جمو جۆڵیجاندارم هاتەبەرچاو. بەڵام چونکە کێوەکان بە زنجیرەبوون، درەنگیش بەچیا هەڵڕوسکابوون، لە سێرەیان دەرچووین دەنا بە شێنەیی بەرەگەیان لێدەگرتین. ئەوەش

هوشیاری سمایل بوو، کەنەیهێشت سەید حوسین بەبیانوی ئاوخواردنەوە لە حاشارگە، بێتە دەر هەتاگەفی کوشتنی لێکرد. لە ڕاستیدا ناوبراو دەیەویست بەبیانوی ئاو بە ڕوکاری گوندەویلە دا تێی بفریزێنیّو هۆی گەمارۆی ئێمەش مسوەگەربکات دیارە سبحەینەکەش هەروای کرد خۆی دزیەوە، پاشان زانیمان کەخۆی تەسلیمی بنکەی ژاندارمەری نەغەدە کردۆتەوە.

هەرچەند هاتنی"سپهبود ئەویسی"ناوچەی شڵقاندبوو، جاشەکانی دەورو بەر دەم گەرمو چێ ببوون. بەڵام خەڵکی ئاوایەکان بەدڵسۆزی خۆیان پیلانی نەیارانی پووچەڵ کردبوو. هەتا ئاغاکانی هەرکی دەشتەبێڵ بە دەگمەن خەڵکیان لەگەڵ بوو.

بەڵام سەیدحوسینکە خۆی بە دەستەوەدا ئیدیدەستی بە زوان لێدانکرد. ناوی هەموو ئەوکەسانەی هێنابوو کە بەلەونێک یارمەتیان دابووین، ئەمە پشێویەکی زۆری خستە ناوچە حکوومەت دەستی بەگرتنی جەماوەرکرد. هێندیک کەسبەدراو قەرەقەپیان پێکرد. بەڵام دەستەیەکڕاستەوخۆ وەدرویان دەخستەوەو ئەوان کەوتنە بەر لێکۆڵینەوەو بەینەوبەریان پێکرا. ئەوجارنۆرەی جاندارم هاتبووکە بیانکرۆسێتەوە. ناوی سەعید رەزەوی ئاوازەی دابۆوە. دەیانگوت: بە ڕووهەڵماڵاوی گونداو گوند دەگەڕا. قامکی لەچاوی خەڵک ڕۆدەکرد. بەڵام زوربەی دەمکووتو تڕۆیاندەکرد لە ئاکامدا خەڵکێکی زۆرگیرا کە ئەمن ناوی ئەوچەند کەسم لەبیرە:

1-برایم ئاغای گوندی تووان

2-شوانێکی خەڵکی توان

3-مستەفا زارای حەڵبێ

4-کاک ڕەشیدبودغی

5-کاک محمەدی حەڵبێ

6-کاک محەمەدی یونسلیان

7-کاک هەمزەی سەرگیز

8-مستەفاخان زەرزا

9-مام ئۆمەری گردکاشان

هێندیک کەسیش کە ئاگاداری گرتنەکە ببوون خۆیان حاشاردابوو...

لە کوردستانی دیکەش ڕاو بۆکوردی ڕۆژ هەڵات دابەشرابوو، ئەوە

ساڵی 1343ی هەتاوی بوو. و لە1346و1347ئەو ڕاوەگەرمتربوو وبە

پشت ئەستووری ئەولا دادگای زەمانی جەنگ لە پادگانی جەڵدیان پێکهات بە دەیان شۆڕشگێڕ ڕاستەوخۆ تەسلیمی ئێرانکرانەوە و بە سەدان کەسیش حەپسی درێژخاینیان بەسەرداسەپاندرا. ژاندارمو چریک لە هەموو شوێنێک دەخۆڵانەوە. لە مەڵبەندی لاجان سەید فەتاح مراد شێرێژ وچەند کەسیتر ناوبانگیان کردبوو. لاجان شڵەژابوو. مام ڕەسووی عەبدولسەمەدی چەکی لە ژاندارم وەرگرتبوو. ناوچە زۆر ئاڵۆز ببوو. محەمەد زکریا و محەمەدی هەمزە ڕیتاڵی لە چیای (بەردە سپی)گوندی خەراپەی گەمارۆ درابوون، هەردوو لە دوای شەڕێکی قارەمانانە شەهید ببوون. ڕێژێم هەموو کوردێکی بەچەتە و ڕیگرو ناولێدەبرد. خەڵکی ناحاڵیش کاوێژیان پێوە دەکرد. فەرماندەری ناحیەیی کاتی سەرهەنگ فەڕاست بوو. ناوبراو ئەفسەرێکی ساڵبۆریو شاپەرست ودەمار گرژ بوو فەرماندەری پێگەی نەغەدەسەروان جەوادی بوو. سەروان سەمەدی، سەروان وەلی زادە، ئەکیبی گەشتی شەوانەیان پێکهێنابوو. بگرە دەیان ڕاپۆرتچیو خۆ فرۆشی تورکیان بە بیانوی چەرچیو وردەواڵە فرۆش وەدێهات خستبوو کە خەبەریان بۆکۆکەنەوە. سەروان سوڵتانیان کە فەرماندەری مۆڵگەی ژاندارمەری شنۆ بوو لە بەدفەڕی بەد عاتی ئاگری کردبۆوە. کەلە ساڵی 1366ی هەتاوی بە

دەست چەکدارانی کاک سەنار مامەدی بە سزای تاوانی خۆی گەیشت. سەرهەنگ ئەعراڕی لە مەهاباد بوو ناوبراو ئەفسەرێکی بە ویژدانو دوورلە ملّوو مۆ بوو. ئەکیبی نەغدە زۆری لە کوردان کوشت.

(نیەت گلّاوی "شا")
ئەو پاشاییەی کە کۆماری مەهابادی تێکدا بوو. قازیەکانی لە سیدارە دابوون. ئەو پاشاییەی کەلە1947ی زایینی بە سەدان ژن و منداڵی بارزانیەکانیبە زستانی ساردوسڕ لە ناوکرێوەو سەهۆڵبەندان دا بۆمباردومان کردبوو،ئێستا بۆکورد هەڵەسوونەی هێنابۆوە. "شا"لە دوایی ڕووخانیدەمو دەزگای بنی هاشمی لە1958ی زایینیو گەڕانەوەی بارزانی لە دوایی 11ساڵ لە یەکیەتی سۆڤیەت، بۆ کوردستانی باشوورو پێکهێنانی شۆڕشی ئەیلول مەترسی ئەمەی کەوتبوو دڵ مەبادا حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، جارەکیتر سەرهەڵداتەوە. هەرچوار داگیرکەر ئاراوو قاراویان لێ هەڵگێرابوو. حەمەڕەزاشا دەیەویست لە پەنا هەستی هەودای دڵسۆزی گەرای پیلانەکەی دابڕێژێت! هەرواشی کرد. جگە لە تەونوو بەستی ساواک لەگەڵ شێخ ڕەشید لۆلانی کەلە هەردووپارچە کوردستان پارەو چەک بۆ دژکارانی نەمر بارزانی لەگۆڕێدا بوو. بە داخەوەکوردە هەڵخەڵەتاوەکانیش لە فکری میللەتە کەیان نەبوون. بەگشتی کاریان گیرفان ئاخنین بوو. دەنا لە ڕۆژی ئەوها ئەستەم، کوانی مرۆڤی دڵسۆز ئەوەی زەڕەیەک ئابڕووی هەبێت و بزانێت مانای کەسایەتی و کەرامەت چیە، دژی ڕاپەڕینی هاو ڕەگەزەی خۆی چەکی جاشەتیو بێ ئابڕویی هەڵدەگرێ، بێگومان هەرگیز! بەڵام هەموو "شاشخاپێن بوون. ژاندارم بەپشت گەرمی ئەولا لە چ نەدەپرینگاوەو ئەوانەی کە بۆ شێخ چەکیان هەڵگرتبوو، ئێستاکە شێخ لەگۆڕێ نەمابوو، مۆڵگەی شێخ کەوتبوو بەردەست پێشمەرگەو باریان لاربوو، بۆ ئەوەی جل وجۆڕ خوار نەکەن بەناوی چریک (جاش) لە مۆڵگەکانیان مابوونەوە. هەموو ئارەزوی‌گلّاوی چڵکاو خۆرانی بارەگای "پاشا"ئەوە بوو کە کورد پێکتر بەکوشتن بدەن!
سەرهەنگ فەراسەت چەند پێگەی "جاندارمی"لەگوندەکانی شاوانە،
بێژاوە،گردکاشان، دانابوو. عەبدولاخانی دۆڵ، کە تورکە، چەکی هەڵگرتبوو فەڕعان هەرکیش بەدرەنگەوە چەکداربوو. وەرزی پاییزبوو. وڵات ساردوسڕ شەوانە زوقم لە سەرهەرد دەنیشت، مرۆڤ لە سەرمان خۆی لەچیاوچۆل پێڕانەدەگیرا. کە لەئەشکەفتەکان دەماینەوە، بەردنگەرم دەکردو بەنۆرە لە سەرپشتی یەکترمان دادەنا، لە سەرمان خەومان وێنەدەکەت.بە ڕۆژ ژاندارمو چریکلە هەموو شوێنێک وەبەرچاودەکەوت. لە مەڵبەندی شنۆ بگرەهەتا لاجان، سڵدوز، دەشتەبێڵ شەوانە دەکەوتنەبەرهێرشی ژاندارمو چریک. ئەوکەسانەی کوڕەکانیان بەمل کێو وەبوون لە ژێر چاوەدێری و زەختی ژاندام دابوون ئەوانەی کە خۆیان تەسلیم دەکردەوە بە جل و بەرگی ژاندارم ڕەگەڵ خۆیان دەخست. ڕێژیم ئەوکات دوو سیاسەتی بەڕیوەدەبرد یەک ئەوە بووکە زەبروو زەنگی دەنواند، دووهەم بۆهەموو ئەوکەسانەی ئیشقیا بوون قاقەزی دەنارد، قەولوبەڵێنی پێدەدان بەختی "شا"ی دەقەباڵ دەکردن. لە ماوەی دوومانگی پاییزدا دووکەسی دیکەش لە هاڤالان خۆیان تەسلیم بە حکوومەت کردەوە. سیخوریشی دانابوو جاروبار هێندیک ماڵی گوندەیەکانیان دەپشکنیەوە ئەوسەردەم قودەڕەتی (شا) تین و تاوی زۆربوو کەس پڕ بە پیستی خۆی نەیدەویرا بەجۆلیتەوە، کەچە ژاندارمێک فیتووی لێدابوایە جەماوەریکی لێ کۆ دەبۆوە.

(شەڕی گردکاشان)
دوومین مانگی پاییزی ساڵی1344ی هەتاوی بوو. لە"کۆإنان"ڕاپەڕینەوە
بە ڕەزی"حەوای"داهاتینەخوار. شەو درەنگان خۆمان گەیاندە گوندی گردکاشان، ئێمە5کەس بوون بەو ناوانە:
1-سمایل موهاجری

2-ناسر سەفەری
3-یوسف ساعدی
4-سۆفی هەمزە
5-نووسەری ئەودێڕانە
سۆفیهەمزە مرۆڤێکیتورکی خەڵکیگۆزەگیرانی نەغەدە بوو. تفەنگێکی
قەسەلی چەپرەکی پێبوو کە ئەگەر فیشەنگی پێنج تیری ڕووسی لەبۆ
خۆشکرابوایە دەیخوارد. 13 فیشەگی ژەنگاوی هەبووکە چواریان چروک
بوون. مەعلووم نەبوو ئاخۆ گوللەکانی دیکەش دەردەچن یان کوێرەی
دەکەن. دەیگوت کۆلکە سیوادێکی هەیە، دەمانچەیەکی شاکوژی لەلا
بوو. دەفتەرێکی پێبوو هێندێک شتی وەکشقلی بقلی لێدەنووسی دەیگوت:لە سەر بەمێردانی دەسگیرانی بە چیا هەڵگەڕاوە. لە ڕاستدا لێی ئەمین نەبووین. بۆیە خەمن لێنەدەخوارد، کە تفەنگی بۆ بکڕین، لە نۆرە کێشک تەرخانن کردبوو. بەڵام ناوبراو قسە خۆشو تێگەیشتوو بوو. ئەو کابرایە نزیکەی مانگێک لەگەڵمانبوو. ئەوشەوەی کە گەڕاینەوە گوندیکردکاشان شمۆرتەی داخستبوو. یەکجارپڕ فکربوو. لێمان پرسی بۆ لە زەوقکەوتوی مەترسی ژاندارم دەکەی؟ گوتی: ناوەللە، بەڵام خەونی دیوەو نیگەرانە ئەگەرممکین بێ ئیجازەی بدرێ بۆ ماوەی حەوتویەک بگەڕێتەوە سەری بنەماڵەکی بدا. ئێمە کەلە خوامان دەویست لە کۆڵمان بێتەوە گوتمان: قەیدی ناکات. بەڵام بەو شەوە بە تەنیا بەو دشتەدا لە شنۆ بۆ نەغەدە ڕێگای پینج ساعت بۆ مرۆڤێکی قۆچاخە! گوتی: دیوناسی هەیە ئەگەرهاتو وەدرەنگ کەوت حاشاردەدرێ. گوتمانکە وایە بڕۆ بەڵامکە ڕۆییلێی وەشک کەوتین. چونکە دەبوایە بەرەوخانلەر ڕۆیبوایە بەڵام بەرەوشنۆ رۆیی! ئەمماگوتمان ڕەنگە ئاشنای لەگوندەکان هەبووبێت، لەڕاستی داسۆفی هەمزە ساواکیو ڕەدیفگروهبانیەکەم بوو. ناوی ڕاستی"خودایار"بوو. بە پێی ناوەرۆکی پەروەندە، ئەو شەوی دەچێتەگوندی شاوانەکەلە دووکیلۆمێتریگوندی گردکاشان بوو. لە وێ دەچێتە ماڵی کوڕەکانی شەریف دەوڵەت کە بەنهێنی ئیستخباڕاتی ژاندارم بوون، کوڕەکیان بەناوی ڕەسوو لە سەرئەومەسەلە بەدەست قادرئاغا کوژرابوو. ئەحمەدو محەمەد بەتوندی بریندارببوون. لەوێرا دەچنەشنۆ، بەبێسیم موەزوعەکە بە ورمێڕادەگەیێنن. هەر ئەو شەوی سەرهەنگ فەراسەت فەرماندەری ناوەندی ژاندارمەریو سەروان جەوادی فەرماندەری مۆڵگەی ژاندارمەری نەغەدەو سەروان سەمەدی سەروان وەلیزادە ئەکیبی گەشت، لەگەڵ سەرهەنگ ئەعراڕی لە مەهاباد هاو ئاهەنگی دەکەن هەریەک بەتاقمەیەک ژاندارمەوە دێنو گوندی گردکاشان گەمارۆ دەدەن. هەموو ئەو شوینانەیکە لەو ماوەیەدا خودایار ئاگادارببوو، کە چۆن لەگوندبۆی دەردەچین لەگەڵ وەختەکانی
پێی گوتبوون. ماڵی ئێمە دوو دەروازی هەبوو، یەک بەرەو شنۆ، ئەوی
دیکە بەرەوچیا، ماڵەکن کەوتبوو خوارەوەیگۆڵ. تاڵواری تووتن کەوتبوو قەراخ دەروازەیدووهەم. ئەوڕێگایی بەرەو سابات دەچوو هەمووگاشەبەرد بوون لە داوێنی گرد، تاقەداریجێنوێژ. من بەعادەتی خۆم زوو نووستم لە خەونم دا ئاگرەکم هەڵاویشت وڵات گرتی ڕاپەڕیم دەنگێکم هاتە بن گوێ، دەنگی سمایل بوو، کە نۆرەکێشکی بوو. گوتی: زۆرنیگەرانەلە ناوگوند سەوەڕێکی توندبوو. سمایل لە خوارەوەی ماڵەکەی ئێمە کە لەحەوشەی مە ڕا وەسەربانی وان دەکەوتن لە بەردەروازە هێندێک شوولی چاندبوو، کە بە لایڕۆژهەڵات دەیڕوانیە شاریشنۆ. سەگەکانگەمارۆیان خستبوو سەر ئەوێ. سمایل خرکەیەکی لێ هاڵاندبوو. مام ئۆمەر کە پیرە پیاوێکی بادینی بوو، شەوانەکێشکی ماڵی ئێمەی دەدا، پێی دەڵێت:
کوڕەماڵ خەرا ئەوە بەڕکە شوشتویانە، مام ئۆمەرراستی دەگوت: ماڵی
خورشید بەڕەی شوشتراویان بەدارەکان داکردبوو. بەڵام شەوکەژاندارم

گوندیان گەمارۆ دابوو، پۆلێک جاندارم لە وێ خۆیان لە بۆسەنابوو.
ڕەشاشەکیان لە وێ لەکۆنە ئاو دستەکەی بەردەروازە دامەزراند بوو.
گەلاڵەکەیان ئەوها بوو کە: تاریکو ڕونی بەیانی کە ئێمەلە ماڵ وەدەر
دەکەوین، خوتو خافڵ دەسترێژمان لێ کەنو لە بەردەگابمانکوژن.
مالی ئێمە دەرگاکەی دیکەی بەرەوسابات بوو، بۆیە ژاندارم لە لای تالۆارو لەبن گیشەی گیا، مەتەریزیان گرتوو. دەستەیەکیش لەبن تاقەدارەکە بن سابات دامەزرابوون. ئاویان لە زەویەکەی بەردەرکەی لای تالۆارنابۆوە هەتا لە قورهەلچەقین. بەلام جوامێری خەلکیگوند پێلانەکەی لێ پوچەل کردنەوە. هەرئەوکات کە ئەمن لەگەڵ سایل دەئاخافتم، کەسێک لەناو گوند هاواری کردوگوتێ: هۆی مام ئۆمەرماڵت خەرا نەبێ حەیوانەکان بەردە وەخت درەنگە. ئێمە چ مەڕومالاتن نەبوو! جارەکی دیکە: هۆی مام ئۆمەر: مالت بەقورگێرێت حەیوانەکان دەرکە، دەورەی مالیئاغاگیراوە!
ئەوە دەنگی سمایلکوڕی مام ڕەحیم بوو. بەدوایی ویدا یەکی دیکەگاسی
کردوگوتی: ڕۆژ درەنگەو بەردەکی هاویشە ناو حەوشە. ئەوە محەمەدی کوڕی کاک سمایل سێزدەبوو. بۆیەش خەلکی ئاوایی پێ حەسابوون چونکە ڕۆژانەی شەممۆ، ڕۆژی بازاری حەیوانان لە بازاری شاری شنۆ بوو. خەلکی دوربە دشتەبێل بۆ وەی زوو بگەنە بازار شەو لە گوندی گردکاشان دەمانەوە. دەجا لە کاتژمێری3/5لەکاتیوەپێشخۆدانیگاوگۆل لە هەموو حاست تووشی ژاندارم دەبن کەلەکوچە وکۆلان لە بۆسەدانو خۆیان مەلاس داوە. مەلای گوند ئەوکات مەلاسەید جەلالبوو، کوردێکی پاک و بێگەردوگۆڵ بوو، بێگومان جێگای بەهەشتە. کەهەست بەمە دەکات بۆ ئاگادار کردنەوە ئێمە، دەچێتە سەربانی مزگەوت بە ناوەخت بانگ دەدا هەڵبەتە بانگدانەکەشی تەرسەوپێشو پاش بوو.
ئیدی ئێمەگومانمان لەمەدانەما کە دەورەی مالی ئێمە بەتەواوی گەمارۆدراوە. ئەمن چوومەمدبەق، لە وێ ناسرو، یوسفم لەخەو هەستاندو مەسەلەکەم لەگەڵ باس کردن. قەرارومەدارێکمان پێکەوە دانا. چەکەکانمان بریتی لە
1-ناسرتفەنگی 11خۆری ئینگلیزی
2-سمایل تفەنگی بڕنۆی درێژ
3-یوسف تەماتیک
4-نووسەری ئەودێڕانە تفەنگی پێنج خۆری ئینگلیزی دەمانچەی بڕنۆ
هەرچەند هەستمان بە هەموو شوێنە کەمینەکانکردبوو بەلام بڕیارمان دابەلای سابات دا وەدەرکەوین. چۆڕێک ئاومان بە ڕێسمەکە داکردهەتا جیڕە نەکات. کەدەرگەمانکردەوە دیمان ئەوە ژاندارمێک بەکوورەکوورە لەبنگێشە گیای مالی سۆفیبرایم بۆ بن دیواردێت. ئەوەڵتەقە سمایل بە بڕنۆ لێکرد لە هەموو شوێنەکان تەقە دەست پێکرا. ڕەشاشی ئەولای دەرکە وەکارکەوت وەک کەوی دەقە پاند. دەستڕێژێکی سەردەستەکین لەوگروپە کردناسرو یوسف بەرەوتاقەدارڕۆین. ئێمەش لەگەڵ ئێ تالۆار،کە مینی بەردەرگا کەوتینە تەقە. سێبەری تاقەدار بە سەرمەدا کشابوو. ژاندارمی ئەودووجێگایە، بەهۆی کەمینی ساباتگوللەکانیان بلێند دەهاویشت. چونکە بۆسەکە بێوەخت لە خەوڕاپەڕیبوو. ئەوان قەراریان کاتژمێر 4/5بەیانی بوو. ئەوان خەوالۆو پۆشەکاو، لەگەلیان تێکەڵبووین، دەست وەکەریان بۆنەکرا. دوایی هێندێک تەقە ژاندارم خۆیان نەگرت کەوتنە پاشەکشە. کوڕەکان جنێویان پێدەدان، ڕەشاشەکە بە ڕەشهاوێژ هەموو لایەکی دەپڕژاند. عەلامەتەکان پەیتاپەیتا لە ئاسمان هەڵدەکران دەورو بەریان ڕووناک دەکردەوە. لەوکاتەدا ژاندامەک نزیکای لە من دەکرد ئەمن لەپشت تاقەدار کە تەقەم دەکرد، ناسریش لە خوارەوەی من لەبن گاشە بەردێک دابوو. دیاربوو تفەنگی ژاندارم گیری کردوەو، بەغیرەت بوو.
هەلی کوتا سەرە من، نەمتوانی بەستەی بخەمە سەرتفەنگ دەهات

ئامبەڵۆزم بێت، بە دەمانجە تەقەم لێکرد،کەوتو غلۆربۆوە، بەناسرم گوت ئاگات لە خۆبێت. پاشان کە خۆمان بەدەستەوەدا، ناسیمەوە ناوی خەلێل بوو. شانی بریندار‌ببوو. ئەمنیەکیش بەناوی جەعفەرسوڵتان کوژرابوو. بەشەوڕایان گوێزتبوو. لەکاتی پەروەندە خوێندنەوە دا ئاگادار بووم. لەودەمە داهەورێکڕەش‌هاتەسەرگوند، داکۆکی‌لێکردین، کە خۆ دەرباز کەین.

لەو شەڕە هەمووسەلامەت بووین تەنیاکوللەیەک وەچەخماخی تەماتیکی یوسفکەوتبوو لەکاری خستبوو. ئێمە بەروهەورازی کەندەباس هەڵکشاین بەچوستو چالاکی خۆمان گەیاندە چیاکانی پشتی دوڕبە. پاش دووسێ ڕۆژ لەکاتی گەڕانەوە دالەگوندی دوڕبە، بەسەرکەمین داکەوتین. بەڵام ئەفسەرەکە چرای سەوزی داو تەقەی نەکرد. دوایی حەوتویەک چووینە ماڵی‌مامڕۆستەمی بابی‌ناسر، مامئۆمەریش لە بەرەمە هاتبووەوێ، نەقڵێکی دوورودرێژی بۆ گێڕاینەوە، کە هیچ کام لە ئێمە بەمێشکمان وەنەنووسا. ناو

بڕاوە دەێگێڕاوە: سبحەینەکەی دوایی‌شەڕ بەر لەوە ژاندارم‌گوند بپشکننەوە کەلاشە بێ خەشابەکەی هاویشتۆتەلاتێڕی گوێدرێژکە هەتا لە چیا بێشێریتەوە لە زاری‌گەڵی"دووبەندان"کەبەرەو ئەشکەفت هەڵدەکشێ، لەناو گاشەبەردە کانی هەڵتۆقیو، 4زەلامبەجلو بەرگی کوردی وچەکدارلێی قیتدەبنەوە سەرەتا فکر دەکاتەوە ئێمەین دەستڕادەوەشێنی. لەوحاڵەشدا دەبینی لە (ڕەزی حەوای) ئەوە بەدەیان ژندارم بەچیا هەڵگەراون. خۆلەوان دەبێری دەچێتەلای چەکدارەکان، نایانناسی پێێ وایەچریکن لێی دەپرسن بۆکوێ دەچی دەڵێ شوانم، ئەوان تێڕەکەی دەکۆڵنەوە کەلاش دەردینن زۆری

لێدەدەن. ئەویش گەفیان لێدەکاوپێیان دەڵێت ئەگەرخەشابوفیشەگی هەبوایە دەستی هەلدینا. لە مەڕمن لێی دەپرسن دەڵێت:نازانێت! ئێمەبۆیە ئەو ڕێس و گوریسەمان پێڕاست نەبوو چونکە نەچریکی بەکەلاشو نە گروپی ئاواشمان لە ناوچە پێشک دەهاتکە ڕێگربێو خەڵکڕووت بکات. هەر فکرمان بۆ ئەوە دەچوو کاتی بەهەڵ زانیوە وەیستویەتی بیقاچێنیت!

مام ئۆمەر مرۆڤێکی پیرو دەست کورتو نداربوو. گوتمان قەیدی ناکات هەر بۆ خۆت بێمزەڕەت دەرچۆیەتی! (ئەوباسەی لەجێی خۆیدا شی دەکەمەوە کە مام ئۆمەرراستی دەگوت...

ئەمما"خودایار"دوایی‌شەڕی کردکاشانکە دەنگی‌دابۆوە، ئیدی ناوێرێ

بێتەوە خۆی تەسلیم دەکاتەو پاشی قەدەرحەیامێک بە دوای قادرئاغا دا دەگەڕێ، لە کێوی سوڵتان مستەفا تووشی دەبێت بەڵام ئەو کە مەسەلەکەی زانیبۆوە، قانی نەدابووکوشتبووی.

سەرهەنگ فەراسەت سبحەینەی شەڕەکە ئەو ژاندارمانەیکە جێ بۆسە کەیان بەجێهێشتبووکەگۆیا 12کەس دەبنو عەبدوڕەحمانی ژاندارم یەک لەوان دەبێت لەبەر چاوی خەڵکی گردکاشان وەبەرشەپو شەقازلەیان دەدا،باڵکونەکانیان لەسەرشانی هەڵدەپچڕیتو لەگروهانی ژاندارمەری نەغەدە زیندانیان دەکات.

هەرئەوێ ڕۆژێ لەگوندی‌گردکاشان ئازیزی مام سوڵتانی کە ڕاپۆرتی لە سەردەبێت دەگری لە سەر لێواری گۆل ڕایدەخاو شەلاخکاری دەکات. بەڵام ئەو زەبرو زەنگ وخۆنواندنەش خەڵکی گردکاشانیان لەیارمەتی ئێمە دڵسارد نەکرد.

### (خۆ بەدەستەودان)

دوایی شەڕی گردکاشان بەقوولی کوردی شەبقە توند ببوو. بەڵام ژاندارم سیاسەتەکەی گۆڕیبوو. خەریکی دڵدانەوەو لاواندنەوەی ئەوکەسانە بوو کەلەگەڵمن بەملکێوە وەبوون. نامەی بۆ دەناردن قەولو بەڵێنی پێدەدان کە چاوپۆشی لەتاوانەکانیان دەکرێت. بابو براو کەسو کاری ئەوانی گاس دەکردە ژاندارمەری وەلەبنەوەش هەڕەشەی لێدەکردن. لە ماوەی دوو حەوتوو ئەوکەسانەخۆیان تەسلیم کردەوە.

1-مەلاعەزیزموهاجری

2-یوسف ساعدی
3-کەماڵی بەردەکەشکی
ژاندارمەریهەلی قۆزتبۆوە. هەموو ئەوانەی چەکدارکردبوونو بەجلو بەرگی ژاندارم لەگەڵ خۆیدەگێڕان. ئەمما بە حەق ئەو ئالیکارییەی کە پێویست بوو بەژاندارمەریان نەکرد. بەڵام ئێمە کە ئاگاداریناخی دڵی ئەوان نەبووین لە هەمووشت بەدگومان بووین. گشت شوینەکانمان گۆڕیبوو. هەتا ئەو ماڵانەی کە یارمەتیان دابووینو چێشتو پێخوریان بۆ هێنابووین لێیان دوورکەوتبوینەوە، بەمە جێگا حاشارگەی ئێمەبەرتەسک ببوو، هەرچەند ئەوان بەکەسو کاریاندا وڵامیان بۆ دەناردین کە نەخشەی ژاندارم لەناوچە چۆن بەڕیوە دەچێت. بەڵام لێیان دڵنیا نەبووین. خۆمان لە ئاقاری وان لادەدا. ئاخر ئۆخری پاییزی1344ی هەتاوی بوو. هەوا یەکجارسارد ببوو. بەیانان زوقم لە هەرد دەنیشت. ئێمە لە زنجیرەکێوەکانی دوڕبە وچەپان، هێندێک جاردەگەڕاینەوە ناوچەی دۆڵو چیای مرێشک قڕان، قۆزلوو،جاندارمو چریک شەوانە دەگەڕان. لە ئیسلاملوو، دووڕبە، مۆڵگە دانرابوون ئاغاوەتی هەرکی ویەدوللەخان لەدۆڵە چەکیان هەڵگرتبوو. ئیدی نەماندەتوانی لە دێهات بمێنێینەوە. هەرئەوەند نانو پێخۆرن وەردەگرتو بە چیا هەڵدەگەڕاین ژاندارم ئەو جارتاقمە جاشێکی لەگەڵ خۆی دەگێراو بۆ بێشک کردنی چیاو ئەشکەفتەکان خەڵکی ئاساییگوندەکانیان وەپێشە خۆ دەدا هەتابۆپشکنینی ماڵەکانیش ئەوتاکتیکەیان گرتبووبەر. ئێمە لەو، وەزعە ئاڵۆزدا دوو ڕێگامان لە بەربوو، یەک ئەوە بوو بگەڕینەوەکوردستانی باشوور، جگەلە وەش سنۆرەکان بەهۆی بەفرگریدرابوون نەشماندەویرا چونکە مەترسی گرتنمان لە پێشمەرگەی ئەودیودەکرد، ئەودیوی باشوور وەک هەژدیها بۆگرتن وکوردەکانی ڕۆژ هەڵات زاری داپچڕیبوو، دەیان کوردی چەکدار تەسلیمی ساواک کرابوونەوە لەڕاستیدا سیاسەتی سەقەتی ڕیبەرانی ئەودیوو هەل ومەرجێکی هێنابوو دی کە تفی سەرهەراوازو بۆگێڕانەوە نابێت. هەتا هێندیک لەکارگیڕانی شۆرشی ئەیلول هەربە ئاشکرا لەپیرانشار ڕەگەڵ ساواک کەوتبوون، هیوادارم ئەمە جارێکی دیکە لەکوردستانی باشوور دووپات نەبیتەوە.
دیارەڕێژیمی "شا"بە داکۆکیو پشت قائیم بوون بەو دیو ئەوها وەغار کەوتبوو لەچ نەدەپرینگانەوە، دەنا ئەمە قوونو هونەری عەجەم نەبوو. ئەوکوردانەش کەلەکوردستانی ڕۆژهەڵات چەکیان بۆ ڕژیم هەڵگرتبوو. بەپشت گەرمی ئەولابوو. حەمەڕەزاش خۆی کردبوو بە ئامۆزای کوردان. لە قسەکانی هوویدای سەرۆک وەزیرانی ئێران ئەوانە چەند پات دەکرانەوە. کە حیسابی بۆ دەکرا. هەتا چەند ڕێککەوتن لەگەڵ بەعس، بەهۆی بیروڕای شا"پوچەڵ ببۆوە حیزبی دێموکڕات زوو هەستی بەم مەسەلەکردبوو. بەڵام کاک ئەحمەدتۆفیق ئەوانەی جامینخوازی پارتی بوون ئەمەیان ڕەت دەکردەوە. ڕێگای دووهەم ئەمەبوو بچینە شارەکان. ئەمنو ناسر لە سەر ئەو بڕیارە سووربووین بەڵام لە بەخت ڕەشی سمایل هەرچەند بە حەق چاونەترسو دەست کەرەوەبوو بە پیچەوانە ساویلکەبوو سەری لەوجۆرە شتانە دەرنەدەچوو. هەموو ئومیدی لە سەر"چیچۆ" هەڵچنی بوو. لایانگری خۆ بەدەستەودان بوو لەماوەیەدا لەلایەن تیمسارئەویسی و سەرهەنگ فەراستو سەروان جەوادیو ساواک دوو سێ نامەم بۆهات. هەلگری نامەکان خەلکی گوندبوون ناوەرۆکی نامەکان تەژی لە قەولو پەیمانو بەڵێن بوون. بەڵام ئەمن ئەوکاتیش وەک ئێستا قەولو بەڵێنی عەجەمانم پێ درۆ بوو. ئەوجار"چێچۆ گۆڕینەوی نامەی دەست پێکرد ڕەحمەتی مام ڕۆستەم سەفەری هەڵگری نامەی ئەوو سەرهەنگ فەراسەت بوو. دوایی حاجی محەمەد چەپان هاتە لامان کە خۆی چەک هەڵگری حکوومەت بوو. دوو سەرە کاری دەکرد. متمانەی تەواوی داینێ بڕیارماندا خۆ بەدەستەوە بدەێن بەڵام بەحاجیمان نەگوت، سەرهەنگ دەمێک بوو لە وێ پێگەی کردبۆوە ئەحمەدبەگ بۆخۆشی نزیکەی سەد تفەنگی وەرگرتبوو. وەک ئاماژەم پێکرد چەند بنکەی ژاندارمی لەگوندەکانی زەرزایان کرد بۆوە دەشتەبێل چەند پاشگای لێ نشتەجێ ببوو،گوندی نەڵیوان پادگانی نیزامی لێ بوو. ئێمە بەبێدەنگی چوینە گوندی کانی سپی لە بەر دەرگا حەڕەسی ئەحمەدبگمان گرتو لەو هۆدەیە وەژۆرکەوتین کە سەرهەنگ فەراسەت و ئەحمەد بەگو چێچۆ پێکەو قۆماری 21یان دەکرد. کە دەرگامان کردەوە ڕەنگیان بزڕکا

سەرهەنگ دەمانچەکەی لە سەر باڵنج دانابوو گوتمان تەکان مەخۆن بۆیە هاتووین بزانین بەڵێنی ئێوە ئاخۆ چەندە جێگای متمانەیە. سەرهەنگ فەڕاسەت کە بە حەق لە هەر دووکیان جوامێر تر بوو گوتی: ناوەرۆکی نامەکان لەبیرە خۆتان بەرنەوە. ئێستا کە ئەنگۆ ئەوها هاتوون ئەمن چ قەولو بەڵێنی بە ئێوە نادەم. هەرچی بشیڵێم بیگومان وانییە. درۆتان لە گەڵ ناکەم. چونکە پەروەندەی ئێوە مرۆڤی تێداکوژراوە تایبەت ژاندارمو چەک هەڵگرتن دژی حکوومەت سزای زۆرە. بەڵام ئەوەندەم لە دەست دێ هەتا 24ساعات دیکە: سەردەدوونان ڕابگرم. بۆ وەی بۆ کوێ دەچن بێ مەترسی بچن. چ ڕێگرو لە سەر ڕێ نییە بەڵام ئاغای ئەحمەبەگو چێچۆ بۆ خۆیان بەر پسیاری قەولو بەڵینی خۆیانن. ئەوجار حاتەمی نیعمەتی خۆیان بە سوێندو قورعانان ڕەشو شین هەڵگێرا، کە هەر ناهێڵین حەوتویەک بگێرێن. چیچۆ هەر هیچی تێدا نەدەهێشتەوە. دەیگوت هەرسبحەینە دەچیتە تارانو ڕاستەو خۆ لەگەڵ حەمە ڕەزا قسە دەکات. گوتمان باشە. دوایی بریارەکەمان ڕادەگەیێنین. سەرهەنگ جارێکیتر دەمی کردەوە گوتی: ئی من هەر ئەوەیە کە گوتوومە. هەر کاتێک بڕیاری خۆ بەدەستەوەتان گرت بەرەبەیان وەرنە پاسگاه. ئەگەر نەهاتن مانای ئەوەیە ڕۆیون. ئەمن بەقەولەکەم وەفا دەکەم. چوینە دەر بەڵام هەر چی کردمان سمایلمان بۆ ڕازی نەبوو. ناوبراو زۆری متمانە بە چێچۆ بوو. ناوبراو گەنج نەبوو. ئەوکات ساڵبۆری بوو. ئەمما یەکجار توندوو تۆڵو بە گوردو توان بوو. ناعیلاج بەیانیەکە بە چەکەوە ڕوومان لە بنکەی ژاندارم کرد. بە پیرمانەوهاتن. سەرهەنگ زۆری قەدرو ڕێز لێنان. بەڵام لەناو پاسگا دەنگۆ بوو کە شەوێ ڕابردوو قادرئاغاو هیدایەت لەگوندی بەیرمبۆغەی ناوچەی لاجان لە ماڵێکدا گەمارۆ دراوەن هەر دووک بەجووتە کوژراون. لە ڕاستیدا باوەڕمان نەکرد. پێمان وابوو ورەی ئێمەی پێ کزدەکەن. بەڵام بە داخەوە وەڕاست گەڕا. نزیکەی ساعات 11 سواری ماشینیان کردین سەرهەنگ بۆخۆشی لە گەڵ مان هات. بردیانە گوندی گردکاشان. لە وێ سەرەتا بردیانینە ماڵ. دوایی بۆ سەر شوێنەکان. ئەو جێیە کە شەڕی گۆرینی لێکرابوو. تایبەت لە مەڕ پەروەندەی ئەو دەستە ژاندارمەیە، زۆریان لێکۆڵینەوە. جارێکی تر کرۆکی شوێنە کەیان هەڵگرتەوە. ئەوجار ئێمەیان بردە نەغدە. لە وێ هۆدەیەکیان بۆ تەرخان کردین. ژانداەمەکیان بۆ بەپێش خزمەت دانایێن. سبحەینەکە منو سمایلیان پێکەوە دەسبەند کردین بردنیانە سەر تەرمی شەهێد قادرفەتحیو هێدایەت ئاخۆ هەون یان نا؟ کە لەتەنیشت پاسگایان فڕیدا بوون. هەر دوو تازە ڕدێنان تاشیبوو. قادرئاغا چڕو چاوی بڵاو ببوو. بەڵام هیدایەت دەتگوت خەوی وەێکەوتووە. وەک دوایی لە زیندانی تۆپخانەی ورمێ لە خاوەن ماڵکەم پرسیارکرد کە بۆخۆی وکورەکەی وخیزانی گیرابوون دەیگوت: قادرئاغا وهدایەت شەولەماڵی ئیمە بوون هیندیک خەلکی بایرم بوغە بۆ جورابین هاتنە لایان، هەتا بەتلێک لەشەوچوو بەیانی زوو کەکورەگچەکمان وڵاغی بەرددەدان بۆ گاڕان بەپشوەڵاماوی گەڕاوە گوتی دەورەی ماڵمان گیراوە. وەک لە کورتەباس ئامازەیەکی کورتم پیکردوە سەروان جەوادی و سەروان سەمەدی سەروان وەلیزادە هەرسێکیان لە عەمەلیاتەکەدابوون، خاوەن ماڵکە دەیگیڕاوە: دەیگوت نانی سبحینەمان دانابوو قادرئاغا پاروەکەی هەرلەدەستیدابوو کە مەسەلەکمان زانی ئیدی قادروهیدایەت فیشنگدانیان لەخۆبەست لەپشت دەرکەژاندارمەک گاسی کرد هۆی قادرئاغا خۆتان تەسلیم کەن بەختی شاتان دەقاڵ دەکەین. قادرئاغا گوتی دەرجەت چییە؟ ژاندارم گوتی ئیستوارم. قادرئاغا تەقەی لێکردو کوشتی هیدایەت تفەنگە (ام یەک) ی هەڵگرت ودەرپەڕی بێگومان ئەگەر ئەو هەڵنەهاتبوایە لەوانەبوو ڕەزگاریان بوایە، هەرنەبا گەلیک ژاندارم کوژرابوان. بەڵام بەهەڵاتنی وی قادرئاغا تەنیا ماوە لە دیوی دەرێش ژاندارمەکی دیکەی کوشت، و دووژاندارم خۆیان لەچالی گەنمی داحاشاردابوو لە سەربانیش ژاندارم زۆربوون پیرژنیک کەلەماڵەکە دەردەپەڕی دەلێ بریندارە. تفەنگی قادرئاغای پینخۆری ئینگلیزی بوو سێ مانگ پێشتر ئەمن دابوومێ. کابرای خاوەن ماڵ دەیگوت قادرئاغا برینەکەی شتیکی وانەبوو بەڵام ژاندارم بەتۆڵەی دووژادارمەکە، بەبیور کەللەی سەریان قەڵاشت و شەهیدیان کرد. راستی دەگوت کە لە نەغدە ئیمەیان بردەسەر تەرمەکەی کە ئاخۆ بۆ خۆیەتی یان نا،دیمان سەری قەڵاشترابوو. بەڵی ئەمە عەداڵەتی (شا) بوو. بەقسەی خاوەن ماڵەکە سیخور بۆ خۆی خەڵکی بایرەم بوغەبوو، شەولەلایان بوو،گۆیا لە گەڵ

ژاندارمی نەغدە نیشانەیان سێ کۆمە خۆڵ لەسەرچەقەی ڕیگابوو. یانی هەرسێک لەگوندن. قادرئاغا و هەیدایت کوژرابوون بەڵام ئەوی دیکە کە خەڵکی گوندەویڵە بوو پیرەمیردەک بوو لە ماڵیکی دیکە بوو دەرچوو بوو. وەک ژاندارم دەیانگیڕاوە هیدایەت کە تفەنگی ژاندارمی کوژراوی هەڵگرتبوو ئیدی تەقەی نەکردبوو وەک کەروێشک تیرەی بەستبوو ژاندارم کردبوویانە نیشان. سەرئەنجام کە دێ لە بستوو ئاوابێ گوڵلەیەک وەپشتی دەکەوێ شەهید دەبێت. ژاندارمەری تەرمی ئەوانیان بە داشقەی دەست بە کووچەو کۆڵانی شار دادەگێڕا عەجەمو خۆفرۆش سووکایەتیان پێ دەکردن، دەجا سەعیدە کوێریش (کویستانی)لە بیرەوەریەکانی دا بەچەتەو ڕێگری لە قەڵەم داون. ئەوکابرایە ئەگەر بەسەر مێژوو داچۆبواخوار دەیدی ئاخۆ عەجەمو عارەبو تورک بەکام خەبات گێری کوردیان نەگوتوە چەتەو ڕێگر، لە شیخ عەبەیدوڵلا بگرە هەتا شێخ سەعیدو سمکۆ، هەتا حیزبەکانیش هەر بەم جۆرە ناوانە ناودێر دەکرێن. ئەوجارپێشتان وانەبێت ئەوی حیزبی نەبێت کورد نییە. کەسێک لاسای داگێڕکەران بکاتەوە بێگومان لە وان بێ کەڕامەتترە. لەو شەڕە دا قادەرئاغا دوو ژاندارمی کوشتبوو. کە دەستی بریندارببوو. بەسەر دیواری دا خۆی لە مالەکی دیکە هاویشتبوو لەوێ ئانگاترابوو. کە چڵکاو خۆران ئەو ماڵێشیان لە سەر ئاگر دابوو. ئەوجاردوو ژەندارم خۆیان دەباڵ هاوتشتبوو بەبریندارى گرتبوویان لە تۆڵەی ژاندارمەکان هەر لە وێ کاژەڵەی سەریان بە بیور لەت کردبوو. خانە خوێ یەکەشیان بۆ خۆی و بە خێزانیو بەدوو کوڕوە گەرتبوو هێنابوویانە زیندانی تۆپخانەی ورمێ. کە پاشان لە دادگای زەمانی جەنگ لە جەڵدیان هەر یەکە چەند ساڵ حەپسیان بەسەر داسپاندن. ئەوژاندارمەیی کە ئەوڵ جار لەناو چڕە دۆکەڵەکە خۆی دەپال هاویشبوو دەیگێڕاوەو: دەیگوت: قادرئاغا دەستی بریندار ببوو. نەدیدەتوانی گوللە بخاتە سەر تفەنگ کە خۆم دەبەر ڕۆکرد لە عەردی دام سواری سەرسینگم بوو هاوارم دەکرد کەس نەدەوێرا بێت خەریک بوو بەچەقوو قرقرۆچکەم هەڵبڕی. بەڵام بۆی نەدەکراوە پاشان دوو ئەمنیەی دیکە هاتن گرتیان .چەقوەکەی لەگ لەگ نیشان بوو. لەگیرفانی ژاندارمەکە دابوو کڵاوە مەرەزەکەشی لە سەری ئەو ژاندارم بوو کەگرتبووی.
لە گوڕهانی ژاندارمەری نەغدە چاومان بە سەید فەخرەدین سەرڕۆتی کەوت. لەگەڵ محە گیرابوون. فەخرەدین کوڕی سەید محیەدینی نەوەی خەلیفە سەرڕۆتی دۆڕبە بوو. بنەماڵەیەکی مەزنن. خەلێفە سەر ڕووت مرۆڤێکی نوورانی بوو. کاک سەید فەخرەدین لاوێکی سەخیو دەست هاوەڵاو جوامێرو پیاوانەبوو. ئەویش ماوەیەک ئیشقابوو، لەژاندارمەری زۆریان دارکاری کردبوون. بەڵام زبانیان لە کەس نەدابوو، لە بەرامبەر ئەشکەنجە دا پیاوانە ڕاوەستابوون. ئەوانیشیان بردنەزیندانی تۆپخانی ورمێ. لەمەحکەمەی نیزامی لەشکری 64ی هەریەکە 15ساڵیان حەپس بەسەردا سەپاندن. کاک سەیدفەخرەدین لە جەژنی 2500ساڵەی شاهنشاهی بە هەڵە هەموو مەحکویەتەکەی وەبەر عافوو کەوت و ئازادکرا دوایی کە پێیان زانی هەڵەیە کەوتنە شوێنی. چونکە لە کوردستانی باشوور ئیدی بۆ کوردی ڕۆژ هەڵات حاشارگەی نەمابوو خۆی تەسلیم کردەوە و لەڕاپەڕینی گەلانی ئێران 1357ی هەتاوی ئازاد کرا. هەروا محەش جارێک بە هەڵە بەناوی زیندانیەک ئازاد کرا، دوایی کە زانرا هەڵەیە کەوتنە شوێنی. ئەویش جارێکی ترگیراوە لە1357 کەرێژیمی ڕێژیمی ئێران ڕوخاندرا ڕزگاری هات. لەگەڵ کاک سەید فەخرەدین دەیان بیرەوەری هاوبەشم هەیە بەتایبەت لەزیندان، کەئەوئیکجاروەرز دەبوو دەهاتە هۆدەی ئێمە لەگەڵ ناسرو یوسفیش خەلکی گوندیک بوون شتی زۆر بەتام وخۆیان دەگیڕاوە. ئەوکات سەید فەخرەدین سەڵت بوو لەزیندان کاری سەڵمانی دەکرد مەجبوری بوو دەنا ئەمەکاری وی نەبوو زۆری کەچەل دەکردن یان بۆ گەمە سەری بەئیشکی دەتاشین، لە دوای ئازادیش هاتووچۆمان پتەبوو،پیاوەکی ئیکجارڕاستگۆو دورستکارە، لەبەرئەم ڕاستگۆیی و دەست بڵاویەی هەڵی نەدا،دوایەکان ماڵێ هینا نەلیوان بوو بەخاوەن ژن و منداڵ،ئیدی دوایی دەرچوون لە کوردستان لێی بێ خەبەربووم.

(گرتنەوەی ئەوکەسانەی بە،بەڵین خۆیان تەسلیم کردبۆوە)

ئێمە هەرلە ژاندارمەی نەغدە بوین کەئەو هاڤاڵانەی بەقەولو بەڵێنی ئاغاکانو حکوومەت گەڕابونەوە بەڕواڵەت عافوو کرابوون لە سەر ڕا گیرانەو. بەوناوانە:

1-سیدحوسین ڕەزەوی

2-یوسف ساعدی

3-کامالی بەردەکەشکی

4-مەلاعەزیزموهاجر

ڕوونکردنەوەک لە مەڕ مەلا عەزیز،ناوبراو برای(شەهیدسمایل) لەمێژ بوو دوایی شەڕی گردکاشان خۆی حاشار دەدا بەڵام گیرابووە بردبویانە پاسگای (گوندی هێیێ). شەوبە بەبیانوی کاری سەرئاو لەگەڵ ژاندارمێک دەچێتەدەر، بەڵام زۆرپیاوانە هێندێک خۆڵ لە چاوی ژاندارم دەپرژێنیو هەڵدێ. بەپێ پەتی خۆی دەگەێنیتە ماڵی چیچۆ، ئەویش بەقەولو بەڵێن تەحویلی دەداتەوە. کە لەگەڵ مام ئۆمەر دەست بەکەلەبچە هێنایانە بنکەی ژاندارمەری نەغەدە،کە بوین بە8کەس بەوناوانە:

1 -کەماڵ دانشتووی گوندی بەردەکەشک مەحاڵی دۆڵ

2-یوسف ساعدی کوڕی سادق دانیشتووی دوڕبە

3-مەلاعەزیز کوڕی مام یونس خەڵکی گردکاشان

4-سمایل موهاجری دانیشتووی گردکاشان

5-ناسرسەفەری کوڕی مام ڕۆستەم خەڵکی دوڕبە

6-سەیدسەعید(حوسین ڕەزەوی)کوڕی سەیدنەقیم

7-مام ئۆمەر خەڵکی گردکاشان

8نوسەری ئەودێرانە

لە پێگەی ژاندارمەری نەغەدە ببووین بە دەعبای باخی وەحش، لەفەرمانداری نەغدە بگرە هەتا ئوستانداری ئازەربایجان غەربیو ئەفسەری پادەگانەکان لە پەسوەو جەڵدیانوگردکشانە یەک یەک دەهاتن لێن ڕادەمانو سەیریان دەکردین. ئەو جار بردیانیانە دادگای نەغەدە کە بەرپرسی دادگە ئاغای ڕۆستەمی جەم بوو. پیاوێکی گەلێک زارشڕو دەمارگرژو بێ کەڕامەت بوو. زۆری ئەم لا ئەولا پێکردین کە ناوی خەڵکی بۆ هەڵدێن بەڵام ئێستاش دەگەڵ دابێ سوپاسی هەموو کوڕەکان دەکەم ئەگەر لە چیا لە بەرامبەر نەیار دا ڕەندو مەندو دەست کەرەوە بوون لە بەرامبەر ویژدانیان لە دادگا دا یەک قسە بوون. ئەمن کە بەسەرو قوونی قانوونی جزایی ئێران ئاگاداربووم تاوانەکانم وەئەستۆی خۆم گرت. ئەوەی سەید سەعیدیش ناوی هێنابوون بەتێگڕایی ڕەتمان کردەوە. سوپاس بۆ سەید سەعیدیش کە بەهۆی ئەمەگناسی نەهاتەوە ڕووی من. چونکە قسەکانمان یەک بوو ئیدی بۆوزی نەخوارد کەسیتر بەبیانووی یارمەتیو حاشارگەو شتی ئەوها دەست بەسەر بکەن. گوتمان ئێمە چەکدار بووینە بە تۆبزی نانو پێخۆرمان لە خەلک ئەستاندووە.

ئەوان لە ترسی خۆیان داویانە دەنا لە گەڵ چ کەس کاکەو برالەمان نەبوو. حەوتویەکیان لەمۆڵگەی ژاندارمەری نەغەدە ڕاگرتین ئیدی لە نیعمەتیو حاتەمی(چیچۆ ) چ خەبەرێک نەبوو. چ جار لە زیندان سەریان نەداین. لە گوزاریشتیش داکە خۆم پەروەندەکەم لە کاتی پەروەندە خوانی لەگەڵ پارێزەر(وەکیل) خۆیندەوە ئەوەی خەراپ بوو نووسیبویان! ڕاپۆرتی سەرهەنگ فەراسەت فەرماندەری ناوەندی ژاندارمەری زۆرلە هی وان مێرانەتر بوو. کەچی ئەو ئەفسەرێکی ژاندارمەری بوو گرتنو کوشتنی ئێمەی بەئەرکی خۆی دەزانی. بەڵام لایانی کەڕامەتی لەبەرچاو گرتبوو.

ئەمما لە مرۆڤی جاشو خۆفرۆش لەوە زێدە چاوەڕان ناکرێت. چیچۆ لە 1358ی هەتاوی لەلایەن ڕەحمان کەریمی بەسزای خۆی گەیشت.
ئەوەش بڵێم کە دەیانبردینە دادگەی نەغدە گاڕانێک ژاندارم لە پاشو پێش دەڕۆیشتن هەر بە پیادەشیان دەبردین هەتا شانازی پێوەبکەن، کە گرتوویانین. ئەوکاتیش وەک ئێستا مرۆڤی خۆدۆراو زۆربوون،تاییەت ژاندارم سیخوری هەبوون. ئەوکات خەڵک وەک ئێستاچاوی نەکرابۆوە تەلەفزیون و ئینتەرنێت و شتی ئەوها نەبوو کەدەنگ وباس بشنەفێت هەتاکەم کەس پاسەپۆرتی هەبوو کە بتوانێ سەفەر بۆ دەرەوە بکات. چوون بۆ تورکیە پەڕینەوە لە حەوت خانی ڕوستەم بوو. تەنیا سنوربەزاندن بۆ پیاوی ئاشقیا و قاچاغچی ئیمکانی هەبوو ئەویش ئەوهەی گیرابوایە جگە لە جەریمە ئەگەرچ تۆمەتیشی وەپاڵ نترابوایە دیسان سێ مانگیان زیندانی دەدایە. چونکەهەمووشت لە بەردەست ساواک دابوو،ساواکیش ئیجازەی چوونەدەری بەکەس نەدەدا. مەگین ئەوانەی کەلێیان دڵنیا بوایە کە هەوای کوردایەتیان لەکەللەی دانییە. لە سەرئەوحاڵەش لێیان غافل نەبوون و هەتا چاوەدێریان لە سەر هەبوون ئەویش لە پەنجەی دەستێک کەمتربوون.

**(بەرەو زیندانی تۆپخانەی ورمێ)**

ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرماوەزی 1344ی هەتاوی هەموومانیان پێکەوە جەلە کردین دوو دوو کەلەپچەیان خستینە دەست. چەند ماشین ژاندارمیان ڕەگەڵ ناردین. بۆ زیندانی تۆپخانەی ورمێ کە لە نێو شار هەڵکوەتبوو. ئەمن لە 1340 و1342نیزیکەی ساڵێک لەو زیندانە بووم. هێندێک زیندانیم دەناسی بەو ناوانە

1-کاک عەلی بڵباسی

2-مەلاحەسەن(سەعیدباستانی)

3-بنەماڵەی وەخشووریان.

بەگوێری عادەت لە بەر دەرگای ئەفسەر نیگەهبانی بە دەستووری(زابووت کێشک)سەری هەموومانیان بەگوێزان لووس تاشی. زیندانی کە لە هەمووکەس زووتر خەبەری ڕووداوەکان دەزانن و هێندێک شاگرد مەحکەمەن و مرۆڤ دادگایی دەکەن. لە پشت دەرگا گەورەکە قەرەپەستەیان کرد بوو. بە بیانۆی جۆراو جۆر هاتبوونە پشت میلەکان چاوە چاویان بووکە ئێمە بچێنە ژوور. کوڕەکان هەوەڵ کەڕەتیان بوو کە بۆ زیندان دەچوون. دوایی سەر تراشین هەموویان بردێنە هۆدەی ئەنگوشت نیگاری (ئەوهۆدەیی کە پەنجەی تۆمەتباری لێ بەمورەکەب دەکەن ) هەر یەکە ژمارەکیان لە ئەوکی کردین. ئەبەم ژمارەیەوە وێنەیان لێ هەڵگرتینەوە. ئەو بەزم و ڕەزمە نزیکەی دوو ساعاتی خایاند. کاک عەلی بڵباسی ناسراو بە عەلی کاکە سوور کە لە پیاوەتی داکەم کەس تۆزی دەشکێنێت لە بەر دەرگاە چاوە ڕوانی دەکردین. هۆدەکەی کاک عەلی کەوتبوو پشتەوە. لەنێو کاڵیدۆرێکی بەر تەسکو تەنگو بۆگەن دابوو. چل کەسێکی بە قەرە پەستە تێداجێکرا بۆوە. کەسێکی بەناوی (دادش بێشتری لێبوو) بەکوردی کە لەگای هۆدەکە بوو. لە سەر دەمی "شا"لاتو چەقو کێش لە هەموو شارەکان هەبوون. بۆ نموونە قەمبەرقۆچی لە ورمێ، نوسرەت لە میاندواو، سەیدێک لەنەغەدە. جگە لە هەمزەبێهزادیو محەمەدعەلی جەمشیدی کە بە کەڵە زەڕیو داکۆکی حکوومەت زوڵمیان لە کوردان دەکرد. لە 28ی مردادی 1332ی هەتاوی (ئاغای بێ موخ) لاتی بارەگای ئەعەلاحەزرەت بوو. لە تاران بە لایانگری "شا"دەیان لاتو لووتو شەرلەتانی لەخۆ کۆ کردەوە. دژی لایانگرانی "دوکتۆرموسەدیق) هاتنەمەیدان. دەجا بە لاساکردنەوەی "شا" بەندیخانە کانیش لاتو چەقوو کێشیان تێدابوو. کە پارەیان لە زیندانیەکانی بە سامان دەساتاند. کاک عەلی جێگەی لەو هۆدەیەکرپیبوو. هۆدەکە نزیکەی 40 کەسی تێدا بوو پیم سەیر بوو کە کاک علی گوتی: بۆ جێگا خەوتن نیگەران مەبن بۆتانی دەکڕین. دوایی نان خواردن ئەو کابرا خاڵکوتەی کە لە قولێنجکی هۆدە لەگەڵ دارو دەستەکەی تریاکیان دەکێشا بانگ کرد. کابرا گوتی: بۆ 7کەس دەبێتە 700تومەن ئەو پارەیە ئەوکات زۆر بوو. مریشک 15قڕان بوو.

لەپاڵوخۆم دا فکرم دەکردەوە دەبێ ئەوجێگایە لە کوێ بێ ! ئەوە نییە هۆدەکە لە حەشیمەت هەر زمەی دی. ساعات 8ی شەو ساعاتێک بەر لە زەنگی خەوتن داداش بەخەڵکەکەی گوت جێگاکان تەسک کەنەوە پاڵ وێکدەن.
خەڵکەکە دەستیان بەجێ تەسەک کردنەوەکرد. ئەوەش بڵێم لە زیندان تایبەت تۆپخانە هەر کەس شوێنی جێگای خۆی بە جەغز لە دێواری کیشابوو. زۆرجار جەغزی دیواریان دەست تێوەردەدا لە سەرئەمە دەبوو بەشەڕ، دەجا ئەو شەو حەدو سەدی دانیشتوانی ئەو هۆدە گۆڕدرا لە سەر ڕا دەستیان بە جەغز کێشان کردەوە، بە قەرا فەرشێکی 2/3یان جێ هیشتەوە. ئەوکات بەر پرسی زیندان سەر گورد ئیسلام دۆست بوو. کە مەزەبی سوننە بوو. کورد بە جامینخوازی خۆیان دەازنی، عەجەم دەیان بوغزاند. زیندانی تۆپخانە وەک ماڵی کوردەکان هەرکەسە دەستەنوێنی خۆی هەبوو. ئەوانەی هەژاربوون هەر یەکە دوو سێ پەتووی شڕیان پیکەوە درو بوو، کردبویانە دۆشک لە سەری دەخەوتن. هەر بە دووکەس چرایەکی عەلادین یاکوو پلەمیز.
بۆ چێشت لێنانو چایی، هێندێک سەماوەریان هەبوو. مرۆڤی ساخ تێدا سەرەگێژەی دەگرت. زوربەی جغارەکیش بوون، کاتی بەیانەو چاخی ئێوارەلە هەموو هۆدەکان دەبوو بە تەپە دووکەڵێک پیاو چاوی لەبەر تیژایی دوکەڵ دەزوراوە. لە هۆدەکانی مەزن دۆشەکو باڵینج گەورە بوون ئەوانی تر بەقەڕا گۆڕیچە بوون. دوو وەکیل داخیلەی لێ بوون ڕەحیم ئاغایان بە قەت ورجێک بوو، زەلامی ئەوهام نەدیوە بەڵام عەجەمی ئەوها بەکەڕامەت کەم هەن. وەک بۆخۆی دەیگێڕاوە:
لە سەردەمی کوماری مەهاباد کە زێرۆ بەهادوڕی بە دەسەڵات بووە لە ورمێ چاوەدێری ئەوماڵەی کردوە. کابرا ئەوەی دەچاویدا مابوو زۆری ڕێز لەکوردان دەگرت. لە نۆرە کێشکی وی کەس نەدەوێرا مووی بپسێنیت. لاتەکان دەیانناسی دەنگەکی دلێری هەبوو. لە زیندانی تۆپخانە مرۆڤی سیاسی زۆربوون بەڵام زیندانیان جیا نەبوو. داداش جگەلەوە کە هۆدەی دەفرۆشت باجێشی لە زیندانیان دەستاند. ئەو کە لە دوو ژنی جندە بەدەر سەردانیان نەدکرد بە دوو حەوتوو جارێک حۆقەو ماشەی تریاک بە هۆدەدا دەگێڕا و دەبوایە هەریەکە قومەکیان لێدابوایە لە بەرامبەردا دراویان دابوایە! لە تاقە تومەنێک بگرە هەتا ئەوهێندە کە توانایان هەبوایە. هەر چەند تریاک ئازاد نەبوو، بەڵام پاسەوانەکان بە قاچاغ دەیانهێنا. لە ناو زیندان نرخی گران بوو. زۆر لە پاسەوانەکان پێی بوونە لۆرت. هێندێک لە نایلۆنیان دەکرد دەیانخستە قوونیان پاشان لە توالێت دەریان دێنا، کە دوایی پێیانزانی گەلێک گیرانو لە سەر کارلابردران ئەوجار ئەفسەر نیگەهبانو بەرپرسی زیندان جێگایان گرتنەوە. هەر لاتو چەقوو کێشیک لە زیندان چەند خاڵ کووتراویان هەبوو. کە تەشقەڵەیان پێ لەئی دیکە دەکرد هەر وا ئاگاداری پاسەوانی کێشکیان دەکرد کەلە کاڵیدۆرەکان قەدەم یان لێدەدا، داوێکی باریکودریژیان بە عەرد دا ڕادەچاند کە سەرێکی لە لای ئەوانی تر بوو. جا خەریکی تریاک کێشان دەبوون. کە ئەفسەر نیگەهبان دەهات تایبەت شەو ئەوان هەوداکەیان ڕادەکیشا ئی ژووری هۆدە پی دەحەسیان خۆیان خڕ دەکردەوە. بەڵام لە کێشکی ڕەحیم ئاغا ئەوشتانە نەدەکران. جار وەدەبوو هەموو ئامێری قوماریان کۆدەکردەوە بەڵا م دەیسان پێشیان پێ نەدەگیرا چونکە قوماربازەکان ئەوجار بە دوو ئەسپێ(زیندو) لە سەرکارتۆن وەک کێ بەرکێ قوماریان دەکرد. ڕۆژێک داداش بێشتەر بە حاڵەتی ئاسایی خۆی دەستی بەتریاک گیڕان کرد. دیارە خەڵکەکە مەسەلەکەیان بۆ ئێمە لە بنی کدوو دابوو هۆیەکەشی ئەوە بوو. کوردەکان لەوباررووە بۆ خۆیان نە گەیبوونە یەک کە بەگەلەکۆ بەرگری لێ خۆیان بکەن، ئەویش یەک یەک لە زۆرانی دابوو. بەڵام بۆ ئێمە کە کۆخێک بووین سانایی بوو. کوڕەکان قەراریان دانا کەلیی بدەن داداش حوقەو ماشەی تریاکی بۆ لای ئێمە هێنا. ناسرکە شەڕی لە هەموان پتر پێخۆش بوو گوتی: لای بە، ئێمە تریاکی نین! کابڕا گەڕاوەو هیچی نە گوت. ڕۆژی دواتر کابرا دوو سێ کەسی لە تورکە لاوەکان کۆکردبۆوە دیاربوو لێی دەمڕاندین. لە نەکاو مەلا ئازیز چایدانی کوڵیوی چای لە سەر سەماوەر هەڵگرتوگوتی بیسم اللەو لێی ڕاکێشا، ناسر بە ڕەخت ئاویز هەڵی کۆتاسەر، ئەو جار سمایل و یوسف و کەماڵ و ئەوانی دیکەش ئامبەلۆزیان بوون. کاک عەلی ڕەحمان بداغی ئەوانیتر هیرشیان کردە سەریان، عەجەم کە خوێنیان

بەخۆوە دیت دەستیان بە سەنەڵلا سەنەڵلا کرد. پاسەبان بە ژووریّ وەربوون، بەڵام کوڕەکان نەیانهێشت ئەمن بەرن خەبەرمان داتاهیر وەخشووری کە ڕێزوحورمەتی لەلای بەرپرسی زیندان زۆرە بوو. دیارەقاچاغچی تریاک بوو تونیک تریاکی لێگیرابوو دەست وجی کارقایمی کرد، هی دەمەیان دوایی گاس کردن، وچونکە ئەو ڕابردووی شەڕلەتانی هەبوو. دوومانگیان بردە موجەڕد.-هۆدەی تاکەکەسی- لە دەستەی ئیمەش سمایل کاک عەلی بڵباسی دووڕۆژگیران، داداش وهاقاڵانی دوایی مانگیک لە زیندانی تاکە کەسیان ڕابوارد، کەگەڕانەوجاریکی ترئێمە بەپشتیوانی هەموو هۆدەکە شڕوشاڵاتی وانن فرێدانە کاڵیدۆڕ! ئیدی داداش بیشترلە شەرکەوت. بەڵام ئەوکەڕەت ناسر سەفەری لەتورکان بوو بە داداش،3ساڵی زیندان لەوەتاخی ئینفرادی تێپەڕکرد هەرچەند مرۆڤێکی راستگۆو دورست کاربوو نۆکەش ماوە بەڵام ناحەقی قەبووڵ نەدەکرت. دەجا لە سەر ئەو ئەمەگناسی ڕاست گوتنە هەنۆکەش نەیتوانیوە گۆی ژیانی بقۆزیتەوە. لە زیندانی تۆپخانە کوڕێکی کوردی بەناوی محەمەد سەر باز لێبوو، گەلێک چاو نەترس بوو. بۆیەش پێیان دەگوت سەرباز چونکە چەند جار لە سەر بازخانە هەڵات بوو لەجیاتی 2ساڵ سەربازی 6ساڵ زیندانی کێشابوو. ڕۆژ نەبوو یەک دوو شەڕان نەکات بۆیە هەموو زیندانەکەی لە هۆدەی تاکە کەسی تێپەڕ کردبوو.
چونکە مولاقاتی نەبوو بە بیانۆی پێڵاو واکس کردنەوە بە دەرگای ساماندارەکان تورک دا دەگەڕا هەرپێڵاوەکی هەڵگرتبا، ئەگەر خاوەن پێڵاوەکە، پارەی نەدابوایەو مشتو مڕی لە گەڵ کردبوایە سەرو سوکتی دە قوتا. دەبردرا هۆدەی موجەڕەد. کوردەکان خۆشیان دەویست دەچوون نانو پێخۆرو جغارە یان بۆ دەبرد...ئەمەزیندانی ئەعەلاحەزرەت بوو بەڵام خوداهەڵناگریّ زۆرلە ئازادی هەنۆکەی کۆماری ئیسلامی ئازادتربوو.

### (خۆ بەدەستەوەدانی خانەکەریمی)

ساڵی 1345ی هەتاوی بوو. خەبەری خۆ بەدەستەوەدانی خانە کەریمی مان بیست. ئەمن بە هۆی دۆستایەتی قووڵو کۆن لە گەڵ ئەو بنەماڵە تایبەت میرزا کەریم هەبوو وەختیک ناو براویان هینا زیندانی تۆپخانە، هینامە لای خۆمان بەڵام کە هاتە ژوور مام ئۆمەر دەستی بە بۆڵە بۆڵ کردو گوتی: ئەوە یەک لە وە چوار کەسەیە کە تەماتیکەیان لیّ ئەستاندم. بەڕاستی پێمان وا بوو خەرفاوە. هەر چەند گوتمان پیاوی چابە وا مەڵیّ عەیبە ئەوە پیشمەرگەی کوردستانی باشوورە هاتۆتەوە، فایدەی نەبوو. لە ئاکامدا کاک خانە قسەکانی پشت ڕاست کردەوە داوای لێبووردنی کرد تاوانەکەی هاویشتە سەرملی سەعیدە کویستانی ناسراوبە(سعیدەکویر)کە-دەبێتە زڕبرای کاوە- سەرپەرشتی کردوون. ڕاستیشی دەگوت ئەو پێسمەرگەبوو سەردەستەکە کاک سەعید بوو. ئیدی گومان لەوەدا نەما کە لە گەمارۆی ماڵی ئێمە لە گردکاشان 1344ی هەتاوی، ژاندارم بەندوو بەستی لەگەل سەعید کوێستانی هەبووە. ئەوان لە ماڵی محمەد شەریف بوونە کە ئیستخباڕاتی ژاندارم بوو، بە دەسکیسی وان ئەشکەوفتەکەیان دۆزیووەتەوە. کاتێک ژاندارم گوندیان گەمارۆ داوە، ئەوان بەهاوئاهەنگ کردن لەگەڵ وان کەمینیان لە ڕەخ ئەشکەوتوت داناوەتەوە، کە مام ئۆمەر بەسەریان هەڵبووە. بەڵام ئەو کاک سەعید کویستانیە لە بیرەوەریەکانی دا چ ئاماژەی بەو شاکارە نەکردوە، بەڵام ڕێوی لەلانی شێریش دا هەررێویەو دەکریّ قانگ بدریّ. ئەو جۆرەکەسانەی کە خوویان بەوشتانە گرتووە، تخی ناکەن. دوورنیەلە درەوەش دەستیان لە گەڵیان هەبێت.

### (زیندانی لێک هەڵبڕان)

ئەوکات زیندانی زوو زوو زیندانەکانی قزلقەلعەو بەرازجان دوور دەخرانەوە. لەم بارەوەو دەستوەر لە نەکاو دەهات. زۆرجار هەتا ماڵو منداڵیان ئاگاداری چارە نووسیان نەدەبوون. زیندانی لێک جیا کردنەوە دڵتەزێنە تایبەت بۆ هاوبیر کە بە ورەردانەوەی ڕۆژگاری ڕابردوو دارژانی پلانی داهاتوو کاتەکانیان دەگوزەراند. هەر دوو دابڕاو توشی

خەفەت دەبوون. هەڵبەتە ئەمە نەک تەنیا پەیوەندی بە زیندانی سیاسی هەبوو، زیندانی ئاسایش کە حوکمەکانیان درێژ خاین دەبوو بۆ تاران وشارەکانی دیکە دوور دەخرانەوە. ئێساش دەگەڵ بێ نەمزانی چیان لەم تاکتیکە هەڵدەڕاند. پێم وابوو هەربۆوەی بوو برینەکانیان بوکلێنەوە چونکە ئەوانەی هەژاربوون ئیدی بەئەکجاری لەبینینی ماڵ ومنداڵیان مەحرووم دەبوون، لەئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆ تاران ڕیگای /1000کیلۆمێتربوو کەم کەس پارەی ئەم سەفەری هەبوو بۆ پیاوی نەبوو بێ کاسبی کاریکی ناممکین ولەکردن نەهاتوو بوو. هەرچەند ئەوکات کریی ماشین هەرزان بوو وپارەی ئیرانیش لەبرەوبوو بەڵام سێ بەشی خەلک هەژار بەلەنگاز پێکی دەهێنا، ئەوتاکتیکەی بەرپرسانی زیندان کارتێکەری ئەوبنەماڵەهەژارانە دەبوو ژیانیان بەتەوایی لێ ئاوەژوو دەبۆوە. زیندانی واکەم نەبوون کە بە چەند ساڵ جاریک مەلاواتیان دەهات. زورکەس سکاڵای دەکرد. بەڵام وەڵامدانەوە نەبوو کەسیش دەستی وەشاڕانەدەگەیی. دەست وپێیەکانیش نەیادەهێشت ئەوشتانە وەبن گوێی شابکەوەنەوە. لەڕاستیشدا هەرکارگێرێک لەشاریک بۆخۆی حوکماتیک بوو، کە سنووری بۆ دیاری نەکرابوو. ئەوهەی لەسەردەمی محەمەدڕەزاشاداتیروپڕ بوون نیزامی و کارمەند بوون. دەناخەڵکی دیکە لەساچی عەلی دانیشتبوون. ئەودوو تیپەش کەمایەتی وڵاتیان پێکدێنا، دەجا زۆرایەتیەکەی بەلەنگاز بوون. (شا)ش هەر بەناوە دورودرێژەکەی دەژی -ئەعەلاحەزرەت هومایونی خودایەگان شاهەنشاه ئاریامێهر-)

**(هەڵسەنگان)**

زیندانی تۆپخانە هەر چەند دوور لە پاکو خاوێنی بوو بەڵام دوو شتی باشی هەبوو یەک ئەمە بوو زیندان بەند نەکرابوو، دوهەم جلو بەرگو خواردەمەنی بۆ ناو ژووری زیندان ئازاد بوو. چ قەدەخەو قۆرخێک لە گۆڕێ نەبوو. بەڵام ئەو شتانە لە زیندانی گۆلی ورمێ بوون بە خەونو خەیاڵ، تایبەت بۆ زیندانی نەدار.

**(گواستنەوەن بۆ زیندانی گۆلی ورمێ)**

ساڵی 1346ی هەتاوی دەنگۆ بڵاو ببۆوە کە زیندانی گۆلی ورمێ تەواوبووە. پاسەوانەکان بەگوێیان هەڵدیناێن. بەڵام خۆمان لێگێل کردبوو. دوو سێ جار بەرپرسی زیندان لەم بارەیەوە قسەی بۆ کردینو ڕایگەیاند کە ئەو نوینو بانەو فەرشو سەماوەرو مەنجەڵو ئامانو قاپوکەوچکو ترو تەویڵە بنێرینەوە. چونکە ئەوشتانە بۆ وێ نابن. لە وێ جلو بەرگو چێشتی حکومەتە. بەڵام بەوگوێچکە مان وەردەگرت بەویدیکدا وەدەرمان دەخست. سەرە بەیانیەکی هاوینی سالی 1346ی هەتاوی زرمەو گرمەو هاوارو هەرا پەیدا بوو. بە سەدان پاسەوان هاتنە ناو زیندان. لە کاڵیدۆڕ رادستیان پێکرد. ئەوەی قاپو قاچاخو شڕو شاڵاتی زیندانیان بوو وەبەر شەپو پێلاقە دان. دانیشتووی هۆدەکانیان بە پالەستۆ داکردنەوە، دەرگاکانیان لە سەر داخستن. سەرەتا لە ڕاهڕەو ا پێداهاتن 50کەسو30 کەس دەیانبردن. گۆیا بۆ گوێزتنەوە، تەواوی کەلەپچەو پێبەندی هەموو مۆڵگەکانی پۆلیسی نێو شاری ورمێ یان وەرگرتبوو دەیان ماشینی زیلی گەوەرەیان هینابوو ناوحەوشەی دەرێ. ئەوەی وەپشت دەرکەیان دەخست لە دێوی ئەفسەر نیگەهبان بە دەیان پۆلیس لێی کۆدەبوونەوە. دەستبەندو پێ بەندیان لێدەدان. وەک کەلاکی مەڕو ماڵات بە چوار دەستەکی تۆڕیان هەڵدەدانە نێو زیلەکان. بەڵێ لە سەردەمی ئەعەلاحەزرەت کەسایەتی مرۆڤ مانای نەبوو. هەر وەک لە ڕێژیمی حەمامەو مەندیلو عەبای ولایەتی فەقییەی خوین مژو ورکە خۆر بۆ کەس بایەخ دانانێت. کە نۆرەی ئێمەش هات لەگەڵ دەستەیەک ڕەپێچەکی دەرەوەیان داین و پێ بەندو کەلەپچەیان کردین و هەڵیانداشتینە ناوماشینە زیلەکان. باش بوو ڕێگە نزیک بوو دەنا بێگومان لە نێو یەکتردا دەخنکاین. کە گەینە زیندانی تازەدورست کراوی گۆلی ورمێ، سەریان تراشینو جلو بەرگەکانیان لەبەر داکەندین لە تۆربەکیان ناو، پزویان لێ کیشاو بردیانە عەمباری زیندان. هەر یەکە

جل‌و بەرگی تایبەتییان لە بەرکردین. هێندیک زەردی خەتدار، هێندێک کەوەی ئاماڵ تاریک، وەکوو زەردە زێڕەو کاسەڵە شێنکەمان لێهات. کەس کەسی نەدەناسیەوەو کەس نەیدەزانی کە وە پشت دەرکەیان دا کێوە دەچێت. زیندان بە فۆڕمی ئامریکایی دورست کرابوو. وەکوو قەفەس وابوو، بەند بەند کرابوو. بەڵام زۆرخاوین بوو. عەردەکەی موزایک کرابوو. چاوە چاوە بوو. هەر چاوە9کەسە، یانی هۆدەی3تەختی 3تابەقە. لە ڕاڕەوەکەش نێوە نێوە تەختی لێ دانرابوو. هەر بەندە حەوشەی خۆی هەبوو. دەستشۆرو تەوالێت‌و حەمامی خۆی هەبوو. ساڵۆنی غەزاخوری بۆ 240 کەس، 240 کورسی لێ بوو. بندەکانیان بەجیا دەبردنە ساڵۆن. ئیدی پەیوەندی زیندان لێک پچڕا. لەساڵۆن هەربەدوو کەس سینیەک دادەنرا کە دوو جێ ئالیکی تێدابوو. بەڵام بۆ مرۆڤی بێ ددان موکافات بوو. چونکە کاتی نان خواردن 5 دەقیقە بوو. بێ ددان، برسی دەگەڕاوە. ئەوکات زیندانی گۆلی ورمێ 6 بەند بوو، هەر بەندەی 200 کەسی دەخۆداجێ دەکردەوەو هەربەندێک 11 چاوی تێدا بوو، چاوکان بە ڕەدیف لە پاڵ یەکدی هەڵکەتبوون ڕوویان لە کاڵیدۆرەکەکان بوو. دەرگاکان سەرجەم میلەی ئاسن بوون. جگە لە وەی بەقفڵ گاڵە دەدران. لە سەرئەوەش ڕا بە دەزگای فەنەر لەکاتی پێویست دادەخران. زیندانێکی ڕێک‌و پێک‌و شێک‌و پێک‌و تەخت‌و دۆشەگ‌و مەلافەی نوێ، بەڵام وەکوو سەربازی قازاخانە دەبوایە هەموو بیانیەک ئانکادڕمان کردبوایە. بەڵام بێ چێشت‌و بێ چایی‌و بێ میوەجات. ژەمانە هەر یەکە چایەکی بۆگەنیان بۆ دێناین کە بۆنی کەری تۆپیوی لێدەهات. کەلەپەرداخی نایلاۆن یان قرۆشکەیان دەکرد. لە ساڵون نانی لەواش‌و چێشت هێانەوە یاساخ بوو. هەمێشە چەند پاسەوان ئەفسەرێکی دەم شڕ کە زیندانی ناویان دانابوو(کرسۆ) لە ساڵونەگەورەکە ڕادەوەستان کە زاری دەرگای هەموو بەندە کان بە وێدا دەکراوەو لەسەرمان چاوە دێربوون. ئەوسەروانە کرسۆیە شەلاخ (قەمچیەکی)چەرمی پێ بوو، ئەوەی سەفی تێکدابوایە دوو سێ سەرەقەمچی، وەڕادەگەیاند. جارجارەش کە بەندەکان بە نۆرە دەرگایان لێدەکراوە قەتارەیان بە دوایی یەکتردا دەبەست. (کرسۆ) شەڵاخی ڕادەوەشاند ودەی گوت: هەتا چۆماخ لە گۆڕێدا نەبێت گاووکەر فەرمان نابن! دەنا ئەوهەی بۆ ساڵوون کەچک‌و لیوانی لەبیر چووبایە یان کڵاوی لەسەرنەبوایە وەک منداڵی قوتابخانە سەردەمی کۆن بۆ تەمێ کردن چەند دەقیقە لە بەرچاوی ئەو خەڵکە دەبوایە لە سەرلاقەکی ڕاوەستابوایە. لە دوو حەوتوو زێدەتر لە گەڵ ئەو وەزعەمان بۆ هەڵنەکرا، مانمان گرت. بە ڕاستی فکریان نەکردبۆوە چۆن زیندانی دەتوانی ئەوها بژی! لەو کاتەش دا پڕوپاگەندەی دەم‌و دەزگای ئاریامێهری لە دەرەوە ئەوندە بە قوەت بوو کاری تێکردبوون، بە دەگمەن ئەوگێرانەوەیان باوەڕ دەکرد. موولاقات پێنج دەقیقە بوو. هەر بە ئەنقەست دوو دەقیقە هەرتەلەفونیان نەدەکردەوە. بەر پرسی زیندان سەروان باقرزادە بوو کە تورکێکی گەلێک دەمار گرژو ڕەگەز پەرست بوو. ئەمما لە بەرامبەر مانگرتنی زیندانیان چی بۆ نەکرا. لە ئاکامدا لە هەر بەندیک قاوەخانە یەک کرایەوە. ئەوانەی بە سامان بوون نەدەچوونە ساڵوون چێشتیان لە قاوەخانەی زیندان لێدەنا. ئەوانیتر ئەگەر جەمێک غەزا باش نەبوایە غەزاکەیان دێناوە ڕۆنیان تێدەکردو لە قاوەخانە گەرمیان دەکردەوە. بۆچایی هەموو زیندانی فەلاکسیان کڕی. کە بەدوو قڕان ئاوی گەرمیان تێدەکرد. لە هەربەندێک دووکانێک کرایەوە. بۆ ڕاسپاردنی گۆشت‌و دانەوێڵە. بەم جۆرە پشومان هاتەوە بەر. ئەو کەڕەت چەند دەزگا ماشینی تریکۆ بافی گەورەی بڵووز چنین‌و فەڕشی خۆ ماڵی نەجاڕی کەوش، هێنرانە زێندان. زیندانی کەوتنە هەڵسوڕان جگە لەوەش خەڵکەکە بەتێکڕایی ڕوویان لە ئارخچن چنین کرد،کە دەرئامەدی زۆربوو. ئی زیرەک‌و دەست هەڵ‌و چابک، ڕۆژی کڵاوەکی دەچنی. کە بایی 5 تومەن بوو، ئەوکات مریشک بەدوو تومەن بوو. زیندانی دەیتوانی مانگی 300 تونەن کار بکات. شەڕو دڕدۆنگی لە ناو زیندان دوایی هات، لات‌و لات بازاری نەما. کتیبخانەشی تێدا کرایەوە. بەحەق زۆر لە ئازادی ئێستای حکومەتی کۆماری ئیسلامی باشتربوو. زۆرکەس هەر بۆ نانی گەڵا گەڵاو سەنگەکەکەی دەچوونە ساڵوون. ئەمن لە زیندانی گۆلی ورمێ جگە لەوە نامەو عەریزەم بۆ زیندانیان دەنوسی دەرسم بە هێندیک کەس دەگوت لە (تریکۆبافیم) کاردەکرد. کاتی بەتاڵم نەبوو. لە زیندان لە گەڵ زۆر کەس هاتوو چۆم هەبوو. بەڵام قەت هاوخەرج نەبووم حیسابی قڕان‌و پەناباتم نەزانی هەتا هەمبوایە دەمخوارد کە دەرچەم لێدابوایە جیرەی دەوڵەتم وەردەگرت‌و

قەت بناخەی ژینم لە سەر دراو هەڵنەچنیوە، کەسیشم بەماڵی دونیا خۆشنەویستوەو خۆشناوێ. ڕێزوو حورمەتی هەرکەس لەکەسایەتی خۆیدا. کەسێک بە پارەو شوغل خەڵک بناسێت (بەداخەوە زوربەی وایە) دوستاتی لەگەڵ کردنی هەڵەیە. ئەدی ئەگەر پۆڵت نەما! ئەمە دۆستی تۆنییە ئی سامانەکەیە وئی پلەوپایەکەتە. ئەگەر بەهەڵەش چووبم قەت لەو فکرە پاشە کشە ناکەم. لەگەڵ ئازیز ئەمەرزادە ئاشنابووم کە تەنیا عەیبی ئەمەبوو قسەی نەدەکرد. ئەو برادەرە لای من سیوادی خویندنو نووسینی پەیدا کرد بەوەفابوو، بەرلەمن ئازادبوو.3دانگی موسافیرخانەی هۆمایونی کڕی، هەموو حەوتویەک دەهاتە سەردانم. .بە درەنگەوە جەعفەربایەزیدی ئازەرەم ناسی. خەڵکی کەرێزەی شێخانی مەهاباد بوو، مرۆڤێکی لە دەست زایە ببوو. کە هێنایانە زیندان لاوەکی هەژدەساڵانە بوو. ناسویمان لە وەڕا دەستی پێکرد. وەک بۆ خۆی دەیگێڕاوە: دەیگوت: دەمەویست قاقەزێک بۆ دادگە بنووسم پێیان گوتم فلانکەس لە فلان هۆدە ئاگاداری بەشی قەزایی‌یە و بە لاش دەنووسیت. قاقەزو پاکەتم کڕی هاتم بۆ لات، یەکێک ئەتۆی بە قامک پێ نیشاندام لە سەر تەخت ڕاکشابووی. سووکەڵە گەڕامەوو. گوتیان چ بوو نوسیت؟ گوتم: کوڕە ئەوکابرا ڕەقەڵە چی‌یە نامەی چ بێت! مەلا خالید خاکی کە پیاوکی یەکجار ڕوح سوکو قسە خۆش بوو گوتی: چما دەیکڕی! برولای زۆر پیاوی چاکە زۆریش ئاگاداری بەشی قەزاییە.هۆدەکەی وان ئەوکەسانەی لێبوون:

1-.مەلاخالید خاکی

2-مەلاحەسەن شەیدایی

3-مەلاڕەسوو گەردی

4-حەمەدەمین ئەقدەمی

5-مەلامحەمەد مەزنی

6-عیسازادە

7-مەلامحەمەدعەجەم

8-مەلامستەفای بایزخاڵندی

مەلامستەفا خەڵکی گوندی پەسوەی مەڵبەندی لاجان بوو، بەهۆی مەسەلەی ئیسلاحات ئەرزی 1342ی هەتاوی کێشەی لەگەڵ عەلی ئاغای پەسوە هەبوو. ساواک بە داکۆکی لە عەلی ئاغا پەروەندەیەکی قورسی بۆ دورست کردبوو. لەدادگای نیزامی پێنج ساڵی زیندان بەسەردا سەپاندرا. ئەوکات ئەمن لە هۆدەکەی ئاخری بەندی 4لەگەڵ بایزە کوێرو براکانی پێکەوەبوین. وەک لەشوینیکی دیکەش ئاماژەم پێکردوە بایزەکویر لەدوایی سەرکەوتنی گەلانی ئێران، کاتی فتوای خومەینی بۆ خەزای حیزبی دێموکڕاتو لایانگرانی شەڕی 3مانگەی 1358ی هەتاوی لەلایەن ڕەحمان کەریمی ناردرا بوو تیکاب بەداخەوە لەوێ لە گەڵ هاڤاڵانی بە دەست چڵکاو خۆرانی ئاخۆندی شەهێد کران. جەعفەر هەرچەند لاو بوو بەڵام هەتاخودا حەزبکات سەنگینو بە ویقار بوو. ئەمن لە1354ی ئازادبووم لەسەر ئەوقەولو بەڵێنی کە دابووم چوومە گوندی کەرێزەشێخان ماڵی حاجی ڕەحمان، کە پیاوەکی پیاوانیو چاو نەترس بوو، کاک عەلی کوڕیشی مرۆڤیکی پیاوانەبوو. ئەسعەد 10ساڵانە دەبوو. کەیهانو کەیوان سەروپێچکە بوون. بۆ وەرگرتنی ڕەزایەت لەگەڵ کاک عومەر قەیتەرانو کاک حەمەدەمین شەشە (لێتان) و مەلاخەلید خاکی و مەلا خالدی مەیدانی ئارد چوینە ماڵی خاوەن کوژراو، خوداو ڕاستان دوایی یەک دوو جار هاتوو چۆو قسە وەردانەوەو بەسەرداچونەوە، حەولو تەقەلاکەمان بەخۆڕایی نەچوو. ئەوگوندە چەند قوڵە ئاغای لێ بوون کە بریتی بوون لە کاک حەسەن کاک عەیزەسوور، ماڵی ئاغاپاشا، کە کوڕەکی بەناوی کاکە سوار هەبوولە پیاوەتی ناسراوبوو. شەوێک لەوگوندە میوانی بوون زیافەتێکی پاشایانەی کردین. ناوبراو تەنیاکیژەکی بە ناوی پەری هەبوو کە لەقوتابخانە دەیخوێند. هەروا لەگوندی کەریزە چووینە لای مەلائازیز، کوردێکی پاکو بێ گرێوگۆڵ بوو. ئەمن جارێکی‌دیکە لە1356گیرابوومەوە، لە1357ی هەتاوی کە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەئاکام گەیشتو دەمو دەزگای سەلتەنەت ڕوخاندراو زیندانی گۆلی ورمێ شکاندرا لەگەڵ

جەعفەر هاتینەدەر، هەرچەند دوایی بووین بەخزم بەڵام ناوبراو بە هۆی هەڵو مەرج نەیتوانی لە چ کردویەکی گرێ پوچکەی ژیانم دا دەوری هەبێت. ئەوە 17ساڵیشە لە دەرەکی لیی بێخەبەرم، هیوادارم لەژیان داسەرکەوتوو بێت.

**(سەرگورد نەجاڕان)**

سەرگورد نەجاڕان یەکێک لە بێ ئابڕوترین ئەفسەری زیندان بوو کەلە ساڵی 1347 هەتا1357ی هەتاوی بەرپرسی زیندانی گۆلی ورمێ بوو. دەرەجەی سەرگوردی لە وێ وەرگرت. وەکوو کۆنتراتچی بودجەی زیندانی دەدزی. کە دەهاتە ژووری بەندیخانە لە خۆڕا پەڵپی بە زیندانیان دەگرت ئەگەرلە بەندێک یەک هەڵەی کردبوایە، هەموو زیندانیەکانی ئەو بەندی سزا دەدا. دەرگای گشت هۆدەکانی لە سەر دادەخستن. خۆی کردبوو بە پاوانخوازی زیندان. ئەگەر بازرەس هاتبوایە ئەو پێشتر دەهاتە ژوور بە خەڵکی دەگوت: مەبادا هیچ بڵێن بۆ خۆی لەگەڵ بازڕەس دەهاتەوە ژوور. ئەوەی قسەکی کردبوایە ناگوزیریەکی زیندانی بە بازرەس گوتبوایە، دوایی دەکەوتە گیانی، تەرسە دەسبەندو فەلاقەی دەکرد. لە ناو زیندان بە زەقەزەقی چاوان ئەشکەنجە خانەی دانابوو. هەرچەند لە دەرەوەی زیندان کەسو کاری زیندانیان سکاڵایان دەکرد، کەس وەڵامی نەدەدانەوە.

لە ڕاستیدا دارو دەستەی چڵکاوخۆرانی بارەگای پاشایەتی هەموو لە دزی داشەریک بوون. هەرکەس بەشی خۆی وەردەگرت. دەنا بازڕەس کە "شا" دەیگوت گوێجکەو چاوی منن، بۆچ دەبوا چوبانە لای بەرپرسی زیندانو! ئەویان لە گەڵ خۆیان هێنابوایە! ئەگەرڕاستگۆبان بە تەنیا دەهاتن یەک یەکە لە خەڵکەکەیان بەنهێنی دەپرسی. بەڵام هەموو لە زاری یەکتریان تفی بوو. هەتا جارێک ئەشرەف پەهلەوەی هاتە زیندان ئەوهابوو. ئەو نەهاتبوو دەردو مەرگی زیندانیان بپرسی. هاتبوو بەچاوی جانەوەری وەحشی ناو قەفەس سەیری زیندانیان بکات.

سەرگورد نەجاڕی کە لە تریاکو هیرۆئین بۆ ناو زیندان پارەیەکی زۆری وەسەر یەک نابوو، کە ڕێژیمی پاشایەتی لە1357 گۆڕ بەگۆڕبوو، ناوبراو نەکەوتە گیر بەداخەوە تێی تەقاند. کە بە حەق وەک مار موستەحەقی سەرپان کردنەوە بوو. ئەو مرۆڤە ناپاکو دوور لە کەڕامەتە لە زیندانی گۆلی ورمێ ئەفسەرەکی بەناوی عەسکەر خانی کوشت. بەڵام بە هۆی پارتو پوڵ بەڵگەی نەخرادەست. لە زیندانی گۆلی ورمێ کوڕێکی فارسی بەناوی محەمەدزادە لێ بوو. فیزوهەوای بەکوردەکان دەفرۆشت، ئەوەش دەگەڕاوە سەرئەو ڕێزوو حورمەتەی کە هێندێک لیبیان دەنا، بەداخەوە خۆ بەکەم زانین کە نەخوش یەکی گەورەیە لەوێش زۆرکەس تووشی ببوون. هەنۆکەش خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەر تورکو فارس بۆتە پەتایەکی گەوەر!

کاک سەلاح موهتەدیو کاک محەمەد ئێلخانیزادە لە سا1347لە دادگەی جەڵدیان گوێزرانەوە زیندانی دەریا، لە بەندی 6جێگر بوون. ئەو بەندە سەردەمێک هی دارولتأدیبان بوو(منداڵی لە18کەمتر. دوایی بوو بە ئی ئیعدامەکان. سەردەمێک (مەلاقادرلاچینی وبایزەکویری ) لێی بوون. کە لەدواییدا ئەو دووە بەپیشنیاری ژەنەڕاڵ ئەویسی لە"شا" بەهۆی زبان لێدان لە کادرەکانی حیزبی دیمکوکرات دەرجەیەک عەفویان درایە گەڕانەوە زیندانی گشتی، بوو بە هی ئیعدامەکانی دادگەی جەڵدیان، وەک لهۆنیەکانو سولەیمانو سالح لاجانیو هاڤالانی. و دوایی ئەوان مەلاجەسیمی بۆکانو سوڵتانی شیخ ئاغایو نووسەری ئەودێرانە هەریەک لە چاوەیەک دابووین.

کاک سەلاح لە1340 لە کوردستان باشوور لەگەڵ کاک محەمە مەقەرەکیان بەناوی(پاژاک) کردبۆوە. ولە1343 گەڕاوە کوردستان لە1347گیراوە. لەدادگەی جەڵدیان هەردووکیان بەحەپسی (هەتاهەتایە) مەحکووم بوون داوایی لە دادگەی بەسەرداچوونەوەدا سزاکەیان بوو بە2ساڵ. کاک سەلاح ئیکجارئاگاداری دۆخی سیاسی بوو لەحقوقی خویندبوو پیاوەکی گەلێک دەست هاوەڵا بوو یارمەتیدەری هەموو ئەوکوردانەی دەدا کە بەلەنگاز بوون ئەو جوامیرییەی لەبەندیخانەی شا،بۆ هەمووزیندانیک جێگای سەرسوڕمان بوو بەڵام نابراو کوڕێ ڕەحمان ئاغا و خاوەنی بەشیکی زۆرلەشاری بۆکان بوو. بەداخەوە کاک محەمەد ئیلخانیزادە 20سال لەمەپێشتر لەماڵی خۆی بەدەستی چەندکەسی خوێری کوژرا، وەک

دەڵێن کاک سەلاح موهتەدی گۆیا هەنۆکە یەکێک لە نزیکانی مام جەلالە، لە دەرەکی ڕا هاتووچۆی کوردستانی باشووردەکات.

**(جەژی 2500ساڵەی شاهانشاهی)**

ئێمە لە زیندانی گۆلی ورمێ بووین کەجەژنی 2500ساڵەکرا 50 پاشاو دەیان سەرکۆمار بەشداریان تێداکردبوو. سەدان ملوین دۆلار خەرج کرابوو بەڵام ساواک نزیکەی 7000کەسی گرتبوو. زاهیدی لە بیرەروەریەکانی دا ئاماژەی پێکردووە ودەڵێت: تەشریفاتی جەژن ئامادەببوو."شا"بۆ حەسانەوە چۆبوو شیمال، چوومە لای پیم گوت: ئەمڕۆ لەو جەژنە مێژوویەدا کە دونیا جاڕدراوە سەرۆک وەزیرانو پاشایانی عالەم بانگیشتن کراون، خەڵکی ئێران دەستە دەستە لەلایەن ساواک دەگیرین! "شا" بە زەردە خەنەگوتی: ئەو شتانە پێویستن خۆت پێوە ماندومەکە!
من لە زیندانی گۆلی ورمێ بووم لە تەلەفزیون لە جەژنەکمان دەڕوانی "شا" لەپاسارگاد"بوو. هاوالدەرێکی ئەمریکی لە"شا"ی پرسی دەکرێ بفەرموی زیندانیانی سیاسی ئیران چەندن؟ "شا" لەوەلام داگوتی: زیندانیانی سیاسی بە قەراخائینیی مەملەکەتن، ئەوانیش بە قەرا پەنجەی دەستێک! لەحالێکدا، 20هەزار زیندانی سیاسی هەبوو.
دیارە عافوەکەش یەک سێوم بوو، ئەویش بەدەگمەن زیندانی سیاسی گرتەوە. مەگین ئەوانەی هەستەی سیاسی نەبوون. و حوکمەکانیان پشت ڕاست کرابوونەوە ئەمما دوو حەوتوو زیندان هوتیل بوو. جگە لەوەی پۆلیس چڵکاو خۆرەکان دەیان دزی، دیسان خواردەمەنی مشەبوو. بە دوو زیندانی مریشکێک. قسەی خۆش باون نەبێت کاتێک "شا" لە پاسارگاد چوو سەرگڵکۆی کۆرش گوتی: کورش بخواب ما بیداریم! زیندانیەکان لێیان لەدەم گرتبوو کە دەچوونە سەرپێشاو هەڵدستانەوە دەیان گوت: کورش بخواب مابیداریم!

**(نەخۆشخانەی زیندان)**

لە زیندانی ئێران بەرتیل دەورێکی گرنگی هەبوو. ئەو پاسەوانانەی کە لە بەر دەرکەو دەروازەی ناوزیندان ڕادەوەستانو ئەرکی دەرگا کردنوەو گاڵەدانیان لەسەر مل بوو بۆ ئەوبەند ئەم بەندو بڕێکردنی زیندانیان چاویان لە بەرتیل بوو. دەرمان وەرگرتنیش بەپارەبوو. ئەو ئەفسەرانەی کە دانشگایان تەواوکرد بوو بۆ دەورەی (عەمەلی) دەیانهینانە ژوری زیندان تایبەت ددان ساز، لەوێ خۆیان لە سەر ددانی زیندانیان بەتاقی دەکردەوە. زۆر جار لە جیاتی ددانێک دوو سی ددانی زیندانی لێقەوماویان دەکێشا! دۆکتۆری ئاسایی نەخۆشخانەش بە دەگمەن دەهاتە ژووری زیندان. یەک دوو نیرسی گەنجی لێ بوون لەگەڵ پۆلیسیک. کەهەر ناوی دەرمانەکانیان دەزانی بەڵام ئەگەر کەسێکی بە سامان نەخۆش بوایە بەتڵەکیش لە شەوچووبایە. تەلەفونیان لێدەکردو دەهات .

**(کارگای زیندان )**

زیندانی گۆلی ورمێ کارگەی فەڕشی خۆماڵی، ماشینی بلوزچنین، ماکینەی گۆرەوی چنین، نەجاڕی دەرکەوپەنجەرە،21 ماشین تایپو قوتابخانە و کتێبخانەی لێ بوو. جگە لەکتێبی سیاسی گەلێک کتیبی لێ وەبەر چاو دەکەوت.

(دادگەی زەمانی جەنگ)

ساڵی 1366ی هەتاوی دادگەیەکی زەمانی جەنگ (سەحرایی ) بە پێشنیاری ژەنەراڵ ئەویسی لە پادگانی جەڵدیان دەمەزرا "حەمە ڕەزا، دەسەڵاتیکی زۆری بە (ئەویسی ) دابوو. ئەو مەحکەمەیە لە نەزەر نیزامی گەورە ترین مەحکەمەی زەمانی جەنگ بوو. بۆ کورد قەساوخانەیەکی پڕ مەترسی هاتە کایە، بە دەیان شۆرشگێڕلەو داگایەدا حوکمی ئیعدامیان بەسەردا سەپاندراو شەهید کران. بەشێکی زۆریش بە حەپسی دوورو درێژ مەحکووم کران. مەبەست لەو توندو تیژی ئەو دادگایە هێنانە خواری ورەی گەلی کوردو دامرکانی هەستی نەتەوایەتی، تایبەت خاشە برکردنی ئەندامو لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی رۆژ هەلات بوو. خۆنیزیک کردنەوەی "شا" لە شۆرشی ئەیلول 1961ی زایینی بۆ دارشتنی ئەوپیلانە بوو. هەر چەند نەمربارزانی لە هەموو کەس باشتر حەمەرەزای دەناسی هێشتا کەلێنی هەرەس هێنانی کۆماری مەهابادو لە سیدارە دانی نەمر پێشەواقازی محەمەدو بۆمبارانی دومانی هێزەکانی بارزانی لەساڵی 1947ی زایینی هەر لە بەر چاو بوو. بەلاَم لە بەخت ڕەشی ئەو هیوایەی لە سەر متمانە بە ئامریکا هەڵچنی بوو. کە ئەو کات ڕاپەڕینی گەلی کورد لە گەڵ بەرژەوەندی ئامریکایەکان یەکی نەدەگرتەوە. لە ئاکامدا "شا" گورزی خۆی وەشاند لەجێ پیلانەکە پەیمانی گلاَوی 1975ی ئەلجەزایر سەری هەڵدا. ئەوکات ئەو هەی سوسەی لایەنگری حیزبی لێکرا بوایە بە دەستی ساواک (ئیستخباڕات) دەڕفیندرا. دەکەوتە ژێر جەزرەبەو ئەشکەنجەو بیراز کردن.

(هەڵچەرخینەوە)

لە1343 گەلێک تاقمەو گرۆپ هەڵچەرخیبوونەوە، رێژیم هێزێکی جاشو جاندارم بۆ تەرخانکرد بوون، لە ئاوایەکان سیخوڕیان لێ کردبوونە چاوەدێر. بەتایبەت ئەوانەی ڕابردوویان لە بیژینگ درابوو. بێ هەجەت دەگیران. ژاندارم بە پشت گەرمی ئەولا وەغار کەوتبوو بە گوندکان دادەهاتن دەیان پشکنینەوە. لێکۆڵینەو، تەشقەلە، بۆ هەموو کردەوەکی چەکداری سزای قورس دانرابوو. هەر تۆمەت لێدراوێک پەیوەندی لە گەڵ چەکداری بوایە، پەروەندەکەی حەوالەی دادگەی جەڵدیان دەکرا. هەتا ئەوانەی ساڵەکانی 1343و1345ی هەتاوی لە دادگای ئاسایی نیزامی حوکمیان بە سەردا سەپاندرا بوو بە پێی فەرمانی "شا" پەروەندەکانیان بۆ جەڵدیان بەرێ کران. پەروەندەی ئێمە یەکێک لەو پەروەندانە بووکە دوایی حوکمی دادگای نیزامی لەشکری 64ی ورمێ لە1347 بۆ جەڵدیان بەرێ کرا. لە لاجان، مەهاباد، سەردەشت ،شنۆ، منگوڕایەتی ،سلدوز، سنە، سەقز، مەریوان، خەڵکێکی زۆرگیران، هێندێک بە تۆمەتی پەیوەندی لە گەڵ تیمسار بەختیار، کە ئەودەم لە ئێراق بوو ئاغا لەهۆنیەکان هەر ئەوانەی کە لە 1332ی هەتاوی کودیتای "شا" دژی موسەدیق بە لایەنگری "شا"دەرجەی سەرگوردیو سەروان ئیفتیخاریان پێ خەلاَت کرا بوو لە سەررا گیرا بوونەوە. بەشێک لەو ئەفسەرانە لە زیندانی
گۆلی ورمێ بوون. "شا" هەر چەند بە ئەرتەشەکەی دەخوری بەلاَم لە ویش ئەمین نەبوو. سپهبود بختیار یەکیک لە بە دەسەڵاتترین کەس بەرپرسی گشتی ساواک کە سەردەمێک سوپاسالاربوولە ئێران دەرچوو بوو. ولە ئێراق دژی "شا" قسەی دەکرد. ئەفسەرە لەهۆنیەکان هەر چەند پیرو پەک کەوتە بون، بەلاَم لە جەڵدیان بە حەپسی دوورو درێژ مەحکووم کرابوون ساڵی 1345 چەنگیز مامەدیان هێنا کە لاوەکی زۆر جوانچاک بوو. کاک سەناریش دوایی لەلایەن شۆرشی ئەیلول تەسلیمی ساواک کراوبۆوە کە لەتاران بوو. بە درەنگەوە بۆ پەروەندەیەک هێنایانە زیندانی گۆلی ورمێ. ئەرشەد مامەدی ناسراو بە (ئەشۆ) لە دەوڵەت هەڵگەرابۆوە. ئەوکات زۆربەی مامەدیەکان لە سەر مامەلەی تریاک گیرابوون. ئەو چەقەو گورەیەش زۆری کێشا دوایی بە دەهۆی ژەنەراڵ ئەویسی و گوژرانی ئەشو مامەدی بەدەستی چەنگیزی برازای مەسەلەکە دامرکا. ئەوەش خەیانەتی کورد بەکورد بەکوژدان! ئەویش کوژرانی مام

بەدەستی برازا. بەڵێ چەنگیزمامەدی برازای ئەشۆ، بوو، بەقسەی ژەنەڕاڵ ئەویسی مامی خۆی کوشت. ئەوەش بڵێین ژەنەڕاڵ ئەویسیی کە کوردستانی لە1346و 1347 شڵەقاند دادگەی زەمانی جەنگی لەجەڵدیان دامەزراند، دەیان شۆڕشگێڕی شەهید کردو شۆڕشی معێنەیەکانی هەرس پێهێنا، بۆخۆشی کوردبوو. کەدوایی ڕوخانی رژیمی شاهەنشاهی لەدەرەوەی وڵات بەدەستی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا وبەسزای کردەوەکانی گەیشت.

### (دادگەکەمان لە،لەشکری 64ی ورمێ(ڕەزائیە)

بەرلە پێکهینانی دادگەی زەمانی جەنگی جەڵدیان، ئێمەیان لە دادگەی نیزامی 64ی ورمێ دادگای کردبوو. بەر لە دادگە پەروەندەکەمان درابوو بە بازپرسی کە ناوی شیروانلوو بوو ناوبراو ئەفسەریکی دەمارگرژ ڕەزاگران بوو. دادستانی ئەوکاتی سەرهەنگ خەتایی بوو، چەند بڵێی سووک وچروک زوان شڕ بوو. داوەری دادگەکە سەرهەنگ تەسلیمی بوو. دوو ئەفسەری دەرجە سەر گورد لێژنەی دادگەیان پیکدینا. کە ناوەکانم لە بیر نەماون. بەر لەدەست پێکردنی مەحکەمە بەپێی قانوونی ئەوکات تۆمەت لێدراو مافی خۆیندنەوەی پەروەندەی بە بشداری پاریزەرەکەی پێدەدرا. دەجا ئەمن بە کەلک وەرگرتن لەم یاسایە لە گەڵ پاریزەرەکانم سەرهەنگ فەرزانەو سەرگورد تەمجیدی چوومە نوسینگەی دادگەی نیزامی 64 لە وێ پەروەندەکەمان سەرلەبەر خۆیندەوە یاداشتی پێویست مان لێ هەڵگرتەوە، ئەو پەروەندە خۆیندنەوە سێ ڕۆژی خایاند کە پاریزەکان لەدەروە ڕا دەهاتن ئەمنیش لە زیندان ڕا پاسوانیان دەیانبردم. پەروندەکە900 لاپەڕەبوو بەشی زۆری ڕاپۆرت بوو، کە لە سەر یەک کەڵەکە کرابوو. وەک نموونە ئەمن کە قەت ئەندامی چ حیزبو سازمانێک نە بوومە، ئەوان کارتی ئەندامەتی حیزبی دێموکڕاتیان بۆ لە سەر پەروەندە قایم کردبووم. ئەمن هەتا بوجارێکیش لەگەڵ ئەندامانی حیزبی لەناو شۆڕشی ئەیلوول پەیوەندی ڕاستەو خۆم نەبوو. ئەوان چەند پەیوەندی منیان بەدووری درێژی نوسیبوو. بنکەو مۆڵگەی ژاندارمەری ناوچە هەر تەقەیەکی گوێبیس ببوو ئەگەر تفەنگیان بەخشپەش وەنابێ لە سەر منیان ساخ کردبۆوە کاری خۆیان پێ هاسان کرد بوو. لەو پەروەندە دا، ئی وا شایەتی لە سەر دابوین کە ئێمە باوەڕی سەرو ماڵمان پێدەکرد. زۆر شتی دیکەش کە هەر بۆ وەی نابێت بیانگێڕمەوە. بۆیەش هەر ئەمنیان دەبردە پەروەندە خوانی چونکە ئەمن بە سەردەستەی ئەوان نووسەرا بووم. جگە لەوەش هەموو تاوانەکانم لە سەر ملی خۆ دانا بوو لایەکی دیکەش ئەمن پتر بەبەشی قەزایی ئاگادار بووم. ئەوش بڵێم سەرهەنگ فەرزانەی پارێزەر یەکێک لەو داوەرانەی بەناوبانگو زاناوو کۆنەکاری دادگای نیزامی بوو. چەند ساڵ ڕیس دادگا بوو بەڵام ئەوی دیکە یانی سەرگورد تەمجیدی مرۆڤێکی تریاکی بوو هەمێشە خومار بووکە ئەمن لەکاتی دادگای کردندا لە هۆڵی دادگە لە وەکاڵەتم خست. فەرزانەی پسپۆر دەیزانی پەروەندەکە بۆ دیفاع کردن نابێت. لەلاڕا بۆی دەچوو دەیەویست شتەکان بکاتە هەڵبەستەو داتاشراو. بەناڕاستەوخۆ ئاوەژویان کاتەوە. ڕەنگە ئێستاش هەر وابی مۆڵگەی ژاندارم بۆ لەکۆڵە خۆ کردنەوە ڕاپۆرتیان بەڕێ دەکرد کە بە داخەوە دەشچەسپا. گروهبانێکی چ نەزان لە جێی خۆیداحوکمی ئەفسەرێکی بەڕێوەدەبرد کەس دەستی وەبەرنەدەهێنا، کە بە داخەوە بەڕاست وەردەگیرا. دەجا داوەری لێکۆڵینەوەش (بازپرس) لە سەر ئەو بنەمایە نەزەری خۆی دەدا! ئەوجاندارمانەی کە لە پەڕە کایەک کێوەکیان دورست دەکرد. سەرجەمی دەمو دەزگای پاشایەتی لەم بارەوە لە دەمی یەکتری تفی بوون. بەتایبەت لە کوردستان کە دەسەڵاتیان بەرز بوو. ئەوەش زۆری ساواک هەلێ دەسوڕاند. دەجا بەراوەژو کردنەوەی ڕاستی بەدرۆ هێنانە پێشی چەوتیو قسە بادان لە حیساب بەدەربوو. تۆمەت بۆ کورد هەڵبەستن شتێکی ئاسایی بوو. تایبەت هەڵچەرخینەوەی چەکداری دەدرا بەر دۆخی تیژی خەنجەری دوو دەم. بیرو بۆچوونی کار پێ ئەسپاردراوان لەو لا ڕاوەستی بێ ئەدەبی نەبێت گووی ویشکیان بەتف تەڕ دەکردو پێوەیان وەدەنووساند. پەروەندەی ئێمە لەو بارو دۆخەوە چ کەمو کووری نەبوو. ئەوەندەی کە بۆیان لوابوو قەبەیان کرد بۆوە بە کوردی تێکۆشینێک کەچ کەوچکی تێ نەدەگەڕا. بە داخەوە ڕێکەوتەکانم لە بیر ناماون ئەوەندە دەزانم سەرەتای ساڵی 1346بوو. دادگەی ئێمە لە ناو پادگانی نیزامی کە لەناو

شاری ورمێ هەڵکەوتووە دەستی پێکرا. هەموو سەرە بەیان ئێمەیان دوو دوو پێکەوە کەلەپچە دەکردین دەماشینەکی بێ پەنجەریان دەهاویشتین (ماشینی تایبەت بەگویزتنەوەی زیندانیان) دووحەوت کەسیشمان پاسەوان ڕەگەڵ دەکەوت. ئەوکەسانەی کە بە ناوی یارمەتیدەر تۆمەتیان لێدرابوو، بۆ دادگە بانگ کرابوونەوە، هەتا ئێمە دەگەینە وێ ئەوان لە ناوپادگان لە بەر دەم هۆڵی دادگاه چاوەنۆاڕی ئێمەیان دەکرد. ناوی ئەوانەم لەبیرە:

1=مستەفاخان زەرزا

2-کاک ڕەشید بوداغی

3-برایم ئاغای تووان

4-کاک محەمەدی یۆنیسلیان

5-کاک محەمەدی حەڵبی وکۆیک

6-کاک بایزی سەرگیز

ئەو تاقمەیەش دوو سێ پارێزەر(وەکیل) خۆیان هەبوو. ئەندامانی دادگە بریتی بوون لە داوەری دادگاه بە دەرجەی سەرهەنگی بەناوی تەسلیمی دوو قازی بەدەرجەی سەرگوردیو دادستان سەرهەنگ ختایی بوو. (موودەلعموم).سزانامە(کەیفەرخواستێکی) خستوخۆڵی بە زنجیرە لە سەرتۆمارکردین. ئەوەی لە پەروەندەش دا وەبەر چاو نەدەکەوت ئەو بە فکری خۆی ڕێکیخستبوو ڕیسو گوریسێک مەگین خودا بزانێت. بۆ هەموو کوڕەکان داوای سزای توندی کردبوو بۆ من لە چەند بابەت سزای ئیعدامی پێشنیار کرد بوو. دادگەی هەوەڵ(بدوی) ئێمە حەوەت ڕۆژی خایاند.

کەدەیانبردینە دادگە، جگەلە هەموو پاسەوانانەی کە لە گەڵمان بوون ڕۆژێ دەستەیەکیش سەرباز دەست لە سەر پەلاپیتکەی تفەنگ دەورا دەوری هۆڵی دادگەی گەمارۆ دەدا. لەهۆدەی دادگە دەستیان دەکردینەوە. لەگەڵ ئەوانەی بەدەستەبەر ئازاد کرابوونو بۆ مەحکەمە گاس کرابوونەوە چاکو خۆشیمان دەکرد. ئەمن نزیکەی 100لاپەڕەم دیفاع نوسیبوو زۆریشم لە گەڵ دادستان دەمە تەقە کرد. کەیفەرخواستەکەم لێ وەدرۆ هێناوە. بەڵام پارێزەرەکان ئەو سنوورەیان نەدەپەڕاند. سەرهەنگ فەرزانە کە لە گەڵ ڕووداوەکانی کوردستان گەورەببوو. لە جیاتی ئەوەی لە مەڕ ناوەڕۆکی پەروەندەکە بدوێ هەستی داوەرەکانی بۆ ڕابردووی مێژووی میللەتی کورد ڕادەکشاو تاوانەکانی دەخستە سەر شانی کار بەدەستانو بە ڕاشکاوی دەیگوت: تەنگیان بەخەڵک هەڵچنیوە جاڕزیان کردون. ڕاپۆرتی ژاندارمی بەتێکڕایی ڕەت دەکردەوە. لە گەڵ ئەمنیش لە دیفاع کردندا یارمەتی دەر بوو. لە هۆڵی دادگە جارێکی دیکە بە سرتە پێم گوت: ئەرێ بۆ ڕاستەو خۆ دیفاع ناکەیو بە قەراخ قوجاخ دا دەڕۆی دیسان گوتی: پەروەندەکە زۆر خەراپ گریدراوە زۆری شت تێپەستاوتراوە، بە چەند جۆر ڕەنگ کراوە! دەیەوی مێشکی داوەرەکان بە مەسەلەی مێژووی زاخاو بدات. پارێزەری کوڕەکانیش چی وایان نەدەگوت، ئەوەش هەر دەگەڕاوە سەر ناوەڕۆکی پەروەندەکە.

لە دادگەی بەدوی داسەرهەنگ" هۆما"بەرپرسی ڕوکنی 2ی ستاد بانگیشتن کرابوو، بەڵام پەیوەندی لە گەڵ ئێمە دانەبوو تەنیا بۆ ئەوەبوو، کە مستەفاخان لەکوردستانی باشوور گەڕابووە. زۆرناقایل دیاری دەدا بەتوڕەیی لەدادگاه وەدەر کەوەت. سەرهەنگ هۆمایون زاوای تیمسار موزەفەری بوو نفوزی لە تاران هەبوو.

ڕۆژێک سەرهەنگ فەرزانەی پارێزەر، کە داوەرەکان گەلێک ڕێزیان لێدەناو حورمەتیان دەگرت ڕووی لە ئەندامانی دادگە کردوگوتی: با وازلە ناوەرۆکی ئەو پەروەندە هەڵبەستراوە بێنین. گوێ بگرن با نەقڵێک تان بۆ وەگێڕم گوتیان فەرموو گوتی: ئەمن تازە ببووم بە،بەرپرسی دادگەی نیزامی لاوەکی بەگوردو لە خۆبایی بووم، کابرایەکی کوردیان بە تاوانی جنێو (ئەهانەت) بە بنەمەڵەی ئەعەلاحەزرەت سێ ساڵ بوو لە گرتووخانە ڕاگرتبوو کە بەپێی قانوون وەک ئێوە دەزانن چونکە هەوڵ کەڕەتی بوو سزامان بۆ بەشەش مانگ بڕیەوە. کە بڕیاری دادگە ڕاگەیاندرا کابرا وەک مۆز هەڵبەزیەوە، گوتی: جا چۆن 6مانگ! ئەدی ئەوەنییە ئەمن 36مانگم زیندانم کێشاوە، بۆچ هێندەتان لە بەندیخانە

ڕاگرتووم بەو قسانەدا چووخوار..ئەمن بۆ وەی بێلاوینمەوە گوتم کوڕم ئەهانەت بە"شا"وبنە ماڵەکەی بۆ جاری یەکەم سزای شەش مانگە ئەوەش کە زۆریان ڕاگرتووی تاوانی ئێمە نییە. گوتی: ئەدەی ئەهانەت بەسەرۆک وەزیران بەپارلەمەن (ئەنجمەنی نیشتمانی).گوتم هەر مانگێک. کابرا ئەوجار چاوی قۆچاندو دەمی کردەوە لە من ڕا پێداهات بۆکەس چی تێدا نەهێشتەوە هێشتا بۆی پڕ نەدەبۆوە! لەکاڵیدۆڕیش هەر دەیقیژاندو دەی پڕژاندو دەگوت: دەی بۆم حیساب کەن. دەمەویست بە ئێوە بڵێم کە هێندێک لەوانە نزیکەی 3ساڵ زیندانیان کێشاوە خودا نەکات پێیان قەرز داربن!
کاک ڕەشید بۆداغی یەکێک لەو کەسانە بوو کە تۆمەتی وەپاڵ نرا بوو لە دادگە حازربوو مەسەلەکەش ئەوهابوو: ڕۆژێک سەروان ئیفتخاری بەرپرسی مۆڵگەی ژاندارمەری شنۆ لەگەڵ گروپێک ژاندارم بۆ پشکنینەوەی ماڵی ناوبراو، دەچێتە گوندی نەرزیوە کە دەگەنە کۆچە، بەڕێکەوت کاک ڕەشید خەریکی چەورکردنی تفەنگە سەمینۆفەکەی دەبێت، پێدەحەسێت. هەتائەوان دەینە حەوشە ئەو بە تاڵووکە تفەنگەکەی لەتەویلە لە بن پەین تاقەت دەکات. بەڵام کە دەستی بە ڕیخ دەبێ فورسەت نابێ بیشوات خۆ دەگەینەتەو هۆدە کەئاوی ساردی وەبەر چاوناکەوێ دەست وەبەر ئاوی کوڵیوی شێرەی سەماوەر دەدا پەنجەی هەموو دادەپلۆخێت. بەڵام بەستەک فیشەنگی لێبەجیماوە، سەروان کە وەژوور دەکەوێ چاوی بە دەراخی پڕ لە فیشەک دەکەوی دەڵێ: کوانی سەمینۆفەکەت؟ کاک ڕەشید دەست بە سویندو قورعان دەکات دەڵێ: لە عومری خۆی قەت تفەنگی نە بووە. سەروان دەڵێ: ئەدی ئەوەنیە دەراخی تفەنگەکەت 10 گوللەشی تیدایە. کاک ڕەشید دەڵێ: فیشەگی چێ! ئەوانە خۆ بەجوقەی ئەعەلاحەزرەت، (مونجقن) مووررووی دریژن مناڵەکان لە کۆچە دیویانەتەوە گەمەی پێدەکەن! ئەوەش بڵێم کاک رەشید لە ژیانی دا هەر یەک قسەی دەزانی هەموو دونیا لایەک بوایە ئەو لە سەر قسەی خۆی هەر سوور بوو. هەرچەند سەروان لێی توند دەکا فایدەی نابێت ماڵەکەی شیش کوت دەکەن فکریان بۆ ناو کۆ پەین ناچێت نای دۆزنەوە. وەپێشەخۆی دەدەن بۆ شنۆ لە وێش قسەکەی ناگۆڕی دوایی بە دەستەبەر ئازادی دەکەن. ناوبراو لەو حەوت ڕۆژەی دادگەدا بە سەدان قاقەزی ڕەش کردەوە بەڵام کە نۆرەی هات لە بەرامبەر داوەری دادگاە دا وەڵام بداتەوە هەر بە قسە دەستی پێکرد، هەر ئەوەبوو کەگوتبووی! سەت جار بە سەری جەنابی سەرهەنگو جوقەی ئەعەلاحەزرەت سویندی خوارد کە ئەوەی ژاندارم لە ماڵی ئەوی دیوەتەوە مونجق(مووروی درێژ) بووە. سەیر ئەوەبوو هەربەو قسانەش باوەڕیان پێکردو ئازادبوو!
ئاخری ڕۆژ دوایی نیووڕۆ داوەرەکان چوونە هۆدەی بیرو باوەڕ گۆڕینەوە (لەمەڕ دەنگدان ودەرچوونی حوکم) کە فکری لێدەکراوە بۆ ئەو پەروەندەیە هەر نەبێ کە دەیان لاپەڕەی کەوتۆتە سەر، هەتا نوێژی شێوان دەخاێنێ بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێمە لە ماوەی 25دقیقە ئەو حوکمە دووروو درێژە لە (50)لاپەڕەدا تایپ کرابوو. لە ڕاستیدا ئەوکات (ڕەنگە ئێستاش هەروابێ) ئەوانەی پەیوەندیان بە هەڵچەرخینەوە دژی ڕێژیم هەبوو کە ئەوان ناویان نابوو(ئەشرای موسەللەح).دادگەی نیزامی شتێکی ڕواڵەتیو فۆرمەلیتە بوو دەنا بڕیارەکە ساواک دەیگرت. کە قازیەکان هەتنە دەر دەستوور درا لە ژووری هۆڵی دادگاە دەستمان کەلەپچەکەن، ئەوە بۆخۆی دیاری دەدا کە حوکم توندو تیژە. داوەرکان بەپێی عادەت هاتنەژوور لە پێشیان هەستاین،پارێزەرەکان (وەکیل) لە پێشەوە، ئێمەش لە ڕیزی پشتەوە ڕاوەستاین. بەرپرسی دادگەو داوەرەکانی دی چوونە جێگای خۆیان لە سەرپێ ڕاوەستان. مونشی(سکرتێر) دادگە حوکمی دادگای بەناوی *ئەعەلاحەزرەت* محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی خویندەوە داوایی ڕیسوگوریسێکی دورو درێژو دەیان تۆمەت وچێ وچێ:
1-نووسەری ئەودێڕانە دوو جار بە حەپسی هەتاهەتایەو جارێک 15 ساڵ،دوو جار10ساڵوجارەکیش ئیعدام مەحکووم بوو.
2-سمایل خزمەتکار(موهاجری، دورستکار)جاریک 7ساڵ 3جار5 ساڵ.
3-ناسرسەفەری جارێک 3ساڵ دووجار2ساڵ

4-یوسف ساعدی جارێک 3ساڵ دوو جار6مانگ
5-مەلاعەزیزخزمەتکار(موهاجری، دورستکار)3ساڵ
6-کەماڵ 3ساڵ
7-مام ئۆمەر 3ساڵ

کە حوکمەکان خوێندرانەوە. شەهید سمایل دەمی کردەوە. لە جوقەی شا"ڕاپێداهات، هەتا قازیەکان. کە هەڵڵا پەیدا بوو پاسەوانەکان دەورەیان داین داوەرەکان بەدەرگای لای سەربازەکان دا چوونە دەر، خیرائێمەیان کۆ کردەوە حوکمەکانمان ئیمزا کرد. ناڕازی بوونی خۆمان بە نوسی ڕاگەیاند داوای بەسەردا چونەوەمان کرد. بەرەو زیندان گەڕاندیانینەوە. لە ڕاستیدا کە حوکمی دادگە دەخوێندریتەوە، ئەگەر حوکمەکە قورس بێت مرۆڤ سەردەمێک هۆر دەبێ و دەتاسێ. بەڵام دوایی کە لە زیندانیەکانی دیکەی ڕوانی فەرامۆشی دێتەوەبەر، لە ڕاستیدا مرۆڤی خاوەن ژنو منداڵ ژیانی ئاوەژوو دەبێتەوە. بێ گومان ئەو منداڵانەی کە بێ باب گەورە دەبن ناچنەوە بن ڕکێفی بیرو بۆچوونی باوکیان. ژنەکەش بەگەنجی لە نیعمەتی لاوی بێ بەش دەبێت و بە ڕاویڵکەو مل کەچی لە پشت میللەی زیندان گۆڕانکاری بەسەر هەستو مێشکیدا دێت.

زیندانی بێ ئەوە بە خۆی بزانێت دەکەویتە گۆڕانکاری کە قەت جێگای خۆی ناگریتەوە. لە زەمانی "شا" دا حوکمی داسەپاوی دادگای نیزامی بە درەنگەوە عافوی دەگرت تایبەت حەپسی هەتا هەتایە 14 هەتا18ساڵیان دەکێشا، هێندێک وەک مام غەنی بلوریان 25ساڵ مانەوە.

ساڵی 1347ی هەتاوی هەموو پەروەنەکانی چەکداری بە کۆ درانە جەڵدیان. ئەوکاتی لە1346 کە خەباتی موعینیەکیان پەرەی گرتبوو زۆرئاواتی لە سەر هەڵچنرابوو. ژەنەڕاڵ ئەویسی (جەلادی بێ بەزە بە خوشیەوە لە دەرەوەی وڵات دوایی ڕوخانی دەمو دەزگای شایەتی تۆپاندرا بەسزای خۆی گەیشت)

خەباتەکەی دامرکاند. ڕۆژێک لێژنەیەکی نیزامی قەزایی هاتە زیندانی گۆلی ورمێ و بە بەندەکاندا دەستی بەگەڕان کرد، ئەوەی پەروەندەی بۆ جەڵدیان بەڕی کرابوو پێی ڕاگەیاندن. سەرهەنگ خەتایی کە دادستانی مەحکەمەی سەرەتای ئێمە لە لەشکری 64ی ورمێ بوو لەگەڵ شاندەکە دابوو. ڕاستەوخۆ هاتە بەر دەرگای هۆدەکەی ئێمە کە داخرابوو، لە پشت میلەکان ڕا پێی ڕاگەیاندین: کە پەروەندەکەتان دراوەتە جەڵدیان هەرجۆرە سکالایەکتان هەیە بۆ وێی بنێرن! بەڕاستی هەمووومان چرژاین چونکە ئەوهەی چۆبا وێ بێگومان گەڕانەوەی نەبوو، هەڵبەتە لە ساڵی 1346 مەلائاوارە لە گوندی داوەڵان خۆی بە دەستەوە دابوو، کاک عەوڵا موعینی شەهید کرابوو. کاک سولێمان موعینی بە شەهیدکراوی تەرمەکەی تەسلیم بە ساواک کرابۆوە. کە لەپیرانشار ڕا بردبوویانە شاری مەهاباد.

بەڕیزکاک جەلیل گادانی لەکیتێبی با (بانەبێتە درۆیپاش مردوی) لەمەڕ کاک سلیمان موعینی ئەوها دەگێڕێتەوە: (بزوتنەوەیچەکداریی مێژووی 46و47لەگۆڕیدابوو.

هیواو هومێدێکی زۆری بەخەڵک بەخشیبوو، زۆرجاران کە پێشمەرگەکانی ئەو کات بەتایبەتی ساڵی 46 کە ئێستا هێزی زۆری ژاندارمەو جاشو سەرباز ئاوا بە ،بەربڵاوی ساڵی 47 بەکوردستان وەرکرد بوون چالاکیان دەکرد، زۆر زوولە شارەکانی کوردستان دەنگی داوە ...ئێوارەیەکی درەنگ دەنگۆ پەیدا بوو کە کاک سولیمان لە ئێراق شەهید کراوەو تەرمەکەیان هێناوەتەوە ئێرانو لە پیرانشار گێڕاویانە. لە ماوەیەکی کەم دا ئەم مەسەلە لە تەوای شاربڵاو بۆوە. بەڵام خەڵکەکە ئەوەندەیان خەبەرەکە پێ ناخۆش بوو نەیاندەویست ئەگەر ڕاستیش بێ باوڕ بکەن...هەر دەهات دەنگۆ بە هێزتر دەبوو، لە سەر شەڕوشوڕو کاری قشوون زۆرجار شەوانەش هەر وەک ڕۆژێ هێلێکۆپتر دەهاتو دەچوودابوون، ئەوشەویش یەک دوو جار دەنگی کۆپتەرمان گوێ لێ بوو نیگەرانیەکە زۆرتربوو. جەماوەر لە شەقامەکان دەهاتنو دەچوون، جار جار هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵەش لە ماڵێ دەچوونە درو دەهاتنەوەو هاتبوونە سەر ئەوە ڕووداوەکە ڕاستەو تەرمەکەش یان هێناوەتەوە هەنگی ژاندارمەری. سەرهەنگ بابائی فەرماندەری ژاندارمەری مەهاباد، خۆی

پیاوێکی باش بوو. هێندێک لە بەرپرسی ئیدارەکانیش لە سالانی کۆن دا هاوڕیی ئێمە بوون ..ئاشنایەتیان دەگەڵ هەبوو دەعوەتو دەعوەتکاری یەکتریشیان دەکرد ...لەگرتن وگرفتی براکانی نیگەران بووم، بەلام بەزینم گەیشت کە نەفەر بۆ لای پەریزادخانمی خوشکی کاک سولیمان کەلەکار گیڕانی بالادەستی شێروخورشید بوو بنێرینوشتەکەمان لێ مەعلووم بێ. درنگانێکی خەبەری بۆ ناردمەوە وەگوتبووی زۆرویدەچێ کاکم بێ بەلام تەرمەکەی هێندە شەمزاوە هەروا بەهاسانی نانا سریتەوە، جارێکی دی خۆی گەیاند بوو لای تەرمەکەو بە تەواوی ناسیبوویەوە کاربەدەستانی دەوڵەت بەرنامەیان ئەوە بوو مەیتەکەی لە سەر ماشین دانین و بیگێڕنو، وەک زۆرلە تەرمەکانی پێشوو خەڵکی پێ بترسینن، پیم ئەتکیکی گەورە بوو، لەگەڵ ئەوەش کە هەستم بە مەترسی دەکردو نەشم دەزانی چۆن شەهید بووەو لەکوێ شەهید بووە، فکرم لەو هەموو هاوکلاسیو هاوخەباتیو خۆشەویستییەی کە پێکەوە بوومان، کردەوە بە ئاشکرا دەست بەکاربووم، بە دۆستو ڕەفیقانم خەبەردا کەمتر دووکان بکەنەوەو هەوڵ بدەن لە شەقامەکان بگەڕێن بۆ ئەوەی ئەڕتەشیەکان نەوێرن تەرمەکە بیننە شەقامەکان. خەڵکەکە بە فیداکاریەوە ئەو کارەیان کرد. داویی ئەوەی بە تەلەفوون ئاگاداریان کردم کە شەقامەکان بە تایبەتی لای شێروخورشیدو نزیک گومرگی قەدیم لەگوڕهانی ژاندارمەری لێ بوو و تەرمەکەشیان بردبوو ئەوێ زۆرشلووقە تەلیفونم بۆ شێخ محەمەد مەعسووم کردو پێم گوت جەنابی شێخ حەتمەن ئاگاداری کە کاک سولیمان زۆر خۆشە ویستەو ئێستاش شەهید کراوە گۆیا خەریکن بیهیننە شەقامەکانو بیگێڕن ئەوکارە ئەتکێکی گەورەیە بە کوردوخەڵکی مەهاباد. ڕووداوی خەراپی لێ پەیدا دەبێ، باشتر وایە خۆت نەسیحەتی ئەو مەئموورانە بکەیو پێیان بفەرمووی تەرمەکەی بدەنەوە بە کەسووکاری با بۆخۆیان بینێژن. پیویست بە وەبیر هێنانەوەیە کە خوشکێکی کاک سولیمان خیزانی کاک حەسەن باباتاهیری بوو، مریم خانمی خوشکی کاک حەسەنیش خیزانی جەنابی شێخ محەمەد مەعسووم بوو، لەودوایانەش داکە لە بەندیخانە هاتبوومەوە شێخ لوتفی تایبەتی بەرامبەر بەمن هەبوو بەخووشیەوە داواکەی ئێمە وەإمی مووسبەت بوو، خۆشیان هەستیان بەو مەترسییەکردبوو بەشێخیان گوتبوو بەجادەی قەراخ شاریدا بە ئامبۆلانسی شیرو خورشیدتەرمەکەی بەرنە گونبەزانوکفنوو دفنی بکەن، شێخ لەوموافیقەتە کە چەشنە سەرکەوتنێک بوو ئاگاداری کردمەوە. تا پەریزادخانموکاک لەتیف کەریمی زاوایانو دایکو خۆشکەکانی تەرمەکەیان لە گوڕهان وەرگرت، ئێمەش مەجالی ڕاکێشانی خەڵکەکەمان بۆ سەر قەبرانو گومبەزان پەیدا کرد. ئەوان بەجادەی قەراغ شارو شەقامی سەربازخانەداو خەڵک بەشەقامو کۆلاناندا بەرەو گۆنبەزان وەڕێکەوتن. تازەتەرمەکەیان لە مردووشۆر خانەدانابوو ئێمەش گەیشتینێ بەڕاستی شەمزابوو بەشێک لەباتووی ناوزگی بە نووکە شەقی ژاندارمەری تیمسار ئەویسیو بەکرێ گیراوانی ساواک هەڵڕژابوو دەر لە ناسینەوەیدا شک هەر هەبوو، بە داخەوە تەرمەکە زۆریشی بۆن گرتبوونەدەکرالەیەک دوو چرکە زیاتر لای دانیشی. هەر چەند یەکجار خەمباربووم، بەلام لە نەکاو وەبیرم کەوتەوە کە ئاخرین کەس لە دوستانمان کە دواجار کاک سولیمانی لە سولیمانیە دیبوو ڕانکو چۆغەشی بۆ کڕیبوو، ڕەحمانی کابانێ بوو کەپێشتر بۆی باس کردبووم. هاتمەدەرێ گوتم کاک ڕەحمانم لەنیو ئەوخەڵکە دا بۆ بدۆزنەوە بەپەلە ئەوکارەیان کرد ناوبراوم لەگەڵ خۆم بردە ژورو گوتم بزانە کاک سولیمان خۆیەتی؟ لەتەرمەکە نزیک بۆوە باشی تێ فکری، بڕێکی هەڵگێڕوەرگێر کردو بەتەواوی ناسیەوە بەگریان گەڕاوەو گوتی بێگومان خۆیەتی ئەندامانی بنەماڵەی گەیشتبوونێ گریان و لەخۆدانی ئەوان و هاودەردی خەڵک گونبەزانی کردبوو دنیایەکی پڕماتەم و پەژارە، لەوبەینە دا بەرپرسانی حکوومەتیش نیگەران ببوون و هێندیک زرێپووش زیلی عەسکەری (ڕیوۆی ئەڕتەشی) یان ناردبوو ئەم بەرو ئەو بەری جادەو دەوری قەبران. هەرچۆنیک بوو دایەزاراو کچەکانمان لەتەرمەکە دوور کردەوە تابێشۆن بەلام کابرای مردووشۆرگوتی بۆنەکەی زۆرگرانە بۆم ناشوورێ. قسەکەی تەوەو ڕاست بوو چونکە چەند ڕۆژ مابۆوە بۆنی هەموو هەوای مردووشۆرخانەی داگرتبوو، دەهاتەدەرێش. بەپەلەو بە ماشین یەک دووکەسم دەگەڵ یەکێک لەبراژنەکانم ناردەوە ماڵی خۆمان پاش چارەگە سەعاتێک لە ئۆدکلنو عەترو هەرچی وەدەستیان کەوتبوو هەر وەها پۆپەشمینو پارچەی سووریان هێنا عەترمان بە تەرمەکە داڕشت

وەبۆنەکەی وەژێر خستو دەستیان بە شووشتنی کردهەتا مەیتەکە شوورا نیوەی سابلاغ کۆبوونەوە وەک هەنگ دەورەی گومبەزی بداغ سوڵتانومردووشۆرخانەی گومبەزان ئاپوورەیان دابوو، تامەیتەکە شوراوکفن کرا، لەخۆ بردوویی‌و چاو نەترس لەئاقاری گڵکۆی شەهید مەلامەحموودی زەنگەنە قەبریان بۆ ئامادەکرد. تەرمی شەهید سولیمان لەنێو دەریای فرمێسکی خاوەن هەستانی کورد پەروەر لەسەر شانو پیلی ئەویندارانی ئازادی بۆ شوێنی گڵکۆکە، کەمەوداێک دوور بوو ڕاگوێزراو بەخاکی نیشتمان ئەسپێرا. ژنەکانی تێکۆشەرو خاوەن هەستی شاریش لە هەموو گەرەکەکان ڕاهاتبوونو هێندێک شتیان بیستبوو، زۆر تووڕەو ناڕاحەت بوون، دوایی ناشتنی تەرمەکە دەستیان کرد بە دروشم دانو قسە کردن، وێڕای دەربڕینی نەفرەت لە ڕێژیمی "شا"،بەدی هێنەری ئەو کارە ساتەیان خستە بەرپلاری تووکو نەفرەت، ماجەرای سەرەخۆشیەکەش بە پێچەوانەی بڕیاری ساواکو ترساندنی میرزامحەمەد ئەمینو دەورو بەری چەندین شەو ڕۆژ بە، بەشداری بەشی زۆری پیاو ژنی خەڵکی شارو دێوکیژانوگەنجانی مەهاباد لەماڵە خۆیان بەردەوام بوو، ئەوە خۆی حەماسەیەکی ترەکە زیاتر لەوە باسی ناکەم تالە شوێنێکی دی وەک یادێک لەو ڕۆژە تاڵانە دێتەوە گۆڕێو باسی لێدەکرێ ئەوەجێگای داخە دوایی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەرکەوت کە کاک سولیمان لەزیندانی پارتی و یا بەقەولی هێندێک کەس لە بارەگای بارزانی و بەفەرمانی ئەوشەهید کراوە.)

**(شەمزانی تەرمی شەهیدان)**

وەکاک جەلیل گادانی ئاماژەی پێکرد ڕێژێم بۆ هێنانەخواری وورەی خەڵکی کورد تەرمی شەهیدانی بە ئەنقەست دەشەمزاندو لە بازێڕی شارەکانی کوردستان دەیگێڕانو سوکایەتی پێدەکردن. تەرمی شەهید قادەر فەتحیو هیدایەت کە ئاخری پاییزی ساڵی 1344ی هەتاوی لە گەمارۆی گوندی بایرەم بوغەی لاجان لە ماڵێکدا شەهید کرابوون. هێنابوویانە نەغەدە، ژاندارم کاژەڵەی سەری شەهید قادر فەتحی  بە بیورقەڵاشتبوو بەماشینو داشقەی دەست لە شەقاموکوچەو کۆڵانی دەیانگێڕان سووکایەتیان پێدەکردن.هەروا تەرمی شەهید مرادشیرێژ کە دوایی ئەنگوانی لە بەر تاوڵی عوسمانی منگوڕ بە دەست جاشەکان عەولا قادریو مرادو سەید باپیر بەپشت شکاندراوی بەهلیکۆپتر دەیگویزنەوە پیرانشار لەکوچەو کۆڵانانی دەگێڕنو مرۆڤی خوێڕی سووکایەتی پێدەکەن لەڕاستیدا ئەمە ئەتکێکی گەورە بە گەلی کورد بوو.   وەک بەری ئاماژم پێکردوە لە1346و1347 خەڵکەکەی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات هەڵەپەستی گرتوخانەی جەڵدیان کرا یەک لە وان قاسم ئاقای ئێلخانیزادە بوو  کەهەر لە جەڵدیان ئازاد کرا . بەڵام لەودەستەچەکدارانی کە هێنایانە زیندان گۆلی ورمێ کە مەحکووم بە ئیعدام کرابوون وەک مینەشیرێژو سالح لاجانی سولیمان تەنیا یوسف باپیری بەهۆی تەمەن کە لە 18کەمتربوو لە ئیعدام ڕزگاری هات.  ئەوکات  کوردستانی باشور وەک حەزیا دەمی بۆ هەڵلوشینی کوردەکانی ڕۆژ هەڵات داپچڕیبوو کەم کەس هەبوو لێی قوتارو دەربازبێت! لە دیوی ئێرانیش ژاندارمو جاش وەک سەگی هاریان لێهاتبوو بە شارو گونداندا دەخولانەوە.  هەموو گومان لێکراوێک دەگیرا، ئەوەی دەربازیشی بوایە لەو لا، بە لباد دەخنکاندرا، ئەو سیاسەتە زەبرێکی گورچوو بڕی لە کوردی ڕۆژ هەڵات  تایبەت حیزبی دێموکڕات دا، بەڵام بۆسۆیەکەی چۆوەچاوی ئەوانەی هیوایان بەپەرژینی دڕکو داڵ هەڵچنیبوو! خودانەکات ئەمە جەرێکی دیکە لەکوردستانی فیدڕاڵی باشووردووپات بێتەوە،لەڕاستیدا هیندێک سەفرو ئامۆشۆی سەرۆکانی کورد بۆ ئیران دڵی مرۆڤ دەترسێنن مەترسی قەول وبڕییە لەنیوانیاندا زۆر دوورنییە.  هیوادارم پیشبینیەکەم  وەڕاست نەگەڕێ، جارێکی دیکە دڵی کوردی پارچەکانی دیکە بۆ ئیشتیای خۆیان بەکوچک وەنەدەن.

**(دادگەی دووهەمی لەشکری 64ی ورمێ)**

وەک ئاماژم پێکردسالی 1347 پەروەندی ئێمەیان بۆ داگەی زەمانی جەنگی جەڵدیان نارد. دادگەی جەڵدیان شتێکی تەشریفاتیو فۆرمەلیتە بوو. ئەوەی ئەویسی بڕیاری لە سەر دابوایە ئاکامەکەی لە دادگە نەدەگۆڕا. بەحەق لێرە خاڵم ئاغا موساخان زەرزا زۆری حەول دا. هەرچەند ماوەیەکە بۆ هەڵسوڕان زۆرکورت بوو. چونکە ئەوەی دەناردرا دادگەی جەڵدیان لە نێوان سێ حەوتوو لانی زۆری مانگێک حوکمی بەسەردا دەسەپاندرا، دیفاع لە خۆ کردن بەڵگەو دەلیل هێنانەوە چ بایەخێکی نەبوو. خاڵم بە هۆی سەرهەنگ غوفرانیان ئەگەربەهەڵە نەچووبم، کە یەکێک لە داوەری دادگەی زەمانی جەنگ بوو ئاگادار دەکرێت کە بەرپرسی دادگە خزماتی لە گەڵ سپهبوود وەرهرام هەیە، خاڵم دەچێتە تاران و نامە لە وەرهرام وەردەگرێ، لەگەڵ غوفرانیان دەچێتە لای بەرپرسی دادگە، ناوبراو لە ماڵی خۆی بە ئاغا موسا خان دەڵیت: ئەو پەروەندەیە چی لەگەڵ ناکرێت، تەنیا ڕێگایەک نەبێ ئەوەیش ئەوەیە کە ئەمن ئەو پەروەندەیە لە سەلاحییەتی ئەو دادگایە وەدەرخەمو دەینێرمەوە دادگەی نیزامی لەشکری 64ی ورمێ. ڕۆژێک سۆلەیمان خانو حەمەدەمین ئاغاو حاجی مارف ئاغا لە زیندان سەردانیان کردم مزگێنی گەڕانەوەی پەروەنەدەکیان پێدام. پاش قەدەرحەیامێک بۆ دادگەی بەسەرداچوونەوە (تجدیدنەزەر) بانگ کراین، ئەوەش بڵێم لە1347ی هەتاوی شابانوی ئێران (فەڕەح) دێتە شنۆ، لە وێ ئاغامستەفاخان دەورێکی کاریگەری لەگەڵ ئاغا موساخان گێرا، لە کاتی پێشوازی ئاخافتن لەگەڵ فەرح داوای عافوی بۆمن لێدەکەن کە دوایی گەڕانەوە ئەوفەرمانەی بە زوانی فارسی بۆ فەرماندەری لەشکری 64ی ورمێ تیمسارموبەین ناردبوو: (بدون حضور متهمین غایب بە پروندە حامید رشیدی زرزا رسیدگی بایک دەرجە تخفیف درصورت امکان آزادی نامبردە فراهم نتیجە گزارش گردد. پیشکاری شهبانو.) بەڵام ژەنەراڵ موبەیەن لە ئەفسەرەکۆنە کان بوو لە جیاتی بۆ خۆی فەرمانەکە بەڕیوە بەرێت بۆ دادگەی نارد بوو. لایەکی دیکەش بەداوەرەکان وادەی بەرتیل درابوو کە لێی پاشگەز ببونەوە. لە سەر یەک ئەو دادگایەش وەک ئی بەرێ هەشت ڕۆژی خایابد هەموو ڕۆژی تاقمەیەکمان پۆلیس لە گەڵ دەهات لە وێش گروپێک سەرباز هۆڵی دادگایان گەمارۆ دەدا. 5 ئەفسەر داوەری دادگەبوون. بەرپرس سەرهەنگ فروزەندە بوو سەرهەنگ خەتایی جارێکی دیکە ببوو بە دادستان. بەڵام چونکە سەردە مێک بازپرسی ئەو پەروەندەبوو بە برگەی ڕەت ڕوو بەڕوو بوو . دوو داوەر دەرجەیان سەرگورد بوو،دووش سەرهەنگ، کە(فەروەردین) یەک لەوان بوو. کە ڕۆژی ئاخرهات، قازیەکان چوونە (وەتاخی بیروباوەڕگۆڕینەوە)کە هاتنەدەر منشی حوکمی دادگەی خویندەوە. سێ ساڵەکان پشت ڕاست کرابوونەوە، سمایل کە 7ساڵ محکوم ببوو کرا بە پینج ساڵو حوکمی من بووبە10ساڵ. ئەوجار بەرپرسی دادگە گوتی تیمسار بۆخۆی دەیتوانی لەسەر بەڕیوە چوونی فەرمانی شابانو بڕیار بگرێت. بەڵام دادگاە هەر ئیجازەی یەک دەرجە تخفیفی هەبوو جارەکی دیکە گەڕاندیانەوە زیندان کوڕەکان هەر یەک سێ جوارمانگیان مابوو. کە زیندانەکەم سەرو بنی دیار کرا لە کارگای زیندان دەستم بەکار کرد. ناسر، یوسف، مەلائازیز، کاماڵ، مام ئۆمەر، بەدوای یەکدا ئازادبوون. لەوانە یوسف لەگوندی دوربەوکەماڵ لە بەردەکەشک، زەوییوجێ جوتیان هەبوو بابی، یوسف قوڵە ئاغایەک بوو. بەڵام ئەوانی‌تر لەگوند ڕەشایی بوون. مام ڕۆستەم بابی ناسر چەند چێڵەکی هەبوو ناوبراو پیاوەکی پیاوانە نانخۆش بوو کوڕەکەی دیکەشی ئەحمەد مرۆڤێکی دلێرو بەکەڕامەت بوو. ئەو کات مام ئۆمەر تەمەنی لە 70زیدەتربو ناوبراو لە کوردستانی باکوور لە شەڕەکانی ئاگری بەسەرۆکایەتی ئیحسان نووریو فەرزەندە بەشداری کردبوو، هەروا لە ڕاپەڕینی شێخ سەعید پیران، دوایی هەرس هێنانی ئاگریداخ لە 1329ی زایینی پەڕیوەی کوردستانی ڕۆژ هەڵات ببوو. زەریی خیزانیشی لەگەڵی هاوتەمەن بوو کویروەجاغ بوون. بۆ بژیوو بەڕێچوون دووچێلیان هەبوو. مالاعەزیز هەر25ساڵ دەبوو هێشتا سەڵت بوو، بەهۆی بنەماڵەی نەیدەزانی لەکوێرا دەست بۆ داڕژتنی خمی چوار دیواری ژیانی دەست پێبکات. ناوبراو بە درەنگەوە ژنی هێنا بوو بوخاوەن ژن ومنداڵ 20ساڵێکە لێی بێخەبەرم مەلاعەزیز بواری ئاخافتنی لەگەڵ هەمو کەس دەزانی، بەلاویش ئاگاداری مەسەلەی کۆمەڵایەتی کوردستان بوو، هەروا سمایلی شەهید دوایی 5ساڵ کونجی بەندیخانەی

جێهیشتو ئازادبوو. ناوبراو هەرچەند ژیانی دەرەوەی لە تەنگەژە دابوو چ دەروەکی ئاوەڵای بۆ بژێو شک نەدەبرد. بەڵام خودا ژنێکی باشو ماندوو نەناسی بەنسیب کردبوو. خەزوریشی ئازیزقوڵچن پیاوانەو بەدەماربوو. سمایل هەرتاقە کوڕێکی بەناوی ڕەشید هەبوو ئەودەم کە کەوتینە زیندان 3ساڵانە بوو، باشی خویند دوایی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە1357ی هەتاوی بۆ بە پێشمەرگە و دەورێکی باشی لە حزبی دێموکڕات دا گیڕا، هەنۆکە بێگومان هەرکوردماوە، ئەو لێکدانەوەی من پەیوەندی بەوکاتە، وەک نەمر دوکتۆر قاسملوو دەفەرموێ: مرۆڤ هەتا نەمرێ چاکەو خەراپەی لێ دیاری نادات.) بیگومان ڕاستە چونکە مروڤ گۆڕانکاری بەسەر دا دێت. نابراو دووکوری گچکەی هەبوو خێزانی لەبنەماڵەی شەهیدان بوو ژیانی ڕەشید هێندە تەیارنەربوو لە ئیرانی کۆماری ئیسلامیش ئەوەی ئاتەکی ژیانی بە سیاسی گریدرا ئیدی لەبەرچاوی ڕیژیم بەکافر حیسابی لەسەردەکرێ چ کاری پێ ناسپێردرێ، مەگین لەگەڵیان ڕێککەوێ،ئەویش هەروا بەسانایی نییە،لە دواییدا دەیبەتڵینن. پاسداروکۆمیتەچی لەزانیاری وڕۆشنبیر بەهۆگان دوورن مانای دێموکراسی و پێکەوەژیان نازانن، چۆن لەلایان مەلاکانیان فرچک دراوەن هەروا بەلوشک وجووتە هاویژی فەرماندەرو فەرمانبەرن. دەجا لەوڵاتی وادا بۆ کەسێک کە باسی نەتەوەکەی بکات باسیسەرە. چونکەسەگ و سیوان و یانیگر لە هەمووڕاست هەن. ئەوهەی لە عەپەش کەوتوون لەکلک ڕاوەشاندا شارەزان. بێگومان مەملەکەتێکی ئەوها بۆ خەباتگێڕو نیشتمان پەروەرو کوردخوازیان، جۆرەجەهەنەمێکەو بەس. دەجا هەڵسوڕان بۆ ڕەشید دورستکار دژوارتر لەوەیە کە ئێستائەمن لێرە فکری لێدەکەمەوە. هەرچەند گویا هەنۆکە ئیران گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئیدی کۆگای سەنگەری بەتەلیس لە شەقام وگەڕەک وکۆچەکان وەبەرچاوناکەون، ڕێگاوبان لە هەیکەلی ناقۆڵای ئەم جندوڵلاو حیزبوڵلا و پاسدارماسدار پاک بۆتەوە، بەڵام ئەمانە هەموویان شتیکی ڕەواڵەتین، حکوومەت هەرهەمان و یاسا هەر هەمان یاسایە! بەشەو ناگرن بەڕۆژ دەگرن. زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تەژی لەلاوانی کوردستانن و قەمەکێشانی حەسینی زنجیرلەملانی کەربەڵا، فەرمانڕەوایەکەی جارانن. کوشتن وشرت وگۆم و ڕەفاندن و سەربەنیست کردن لەجێی خۆیەتی.

**(ئامۆ شۆ)**

لە زیندان سروشتیە لەگەڵ زور کەس هاتوو چۆمان هەبوو. ئەو زیندانی دووررودریژ بێ ئامۆشۆ و دانیشتن لەگەڵ هاوبەندان و دەردی دڵ کردن بیرەوەری گیرانەوە تەواونابێت. پێم خۆش بوو لەزۆرکەس باس بکەم بەڵام وەک پێشەکی ئامارژەم پێکردوە ئەو یادداشتانەی کە لەماوەی دوو کەڕەت زیندان نزیکەی دوازدەساڵ لەلام بوون لەکاتی ئازادبوون بەدەست ئەفسەرکیشکێکی کەری نەفام خرانە زبڵدان. هەنۆکە کە جاریکی تر لە ئوستڕالیا دەمهەوێ بەپیری ئەوشتانە کۆکەمەوە زۆر درەنگ بوو و44ساڵ لەوڕیکەوت تێدەپەڕی، زۆرکەم شتم لەم بارەوە لە مێشک داماوەتەوە. ناوی کەم کەسم وەبیردێتەوە. ئەومێشکەی کەپێم وابوو وەک ساعات دەگەڕی هەنۆکە مڵەی پیری واجوتووە قسەی دوێنەکەم،ئەمڕۆکانە بە زەحمەت دێتەوەبیر. دەنا گیڕانەوەی ئەو بیرەوەریانە کەئەوکات ڕەنگە وەک غافلان بوایە هەنۆکە رەنگ وڕووی مێژووی بەخۆوەگرتووە،بێ گومان زورکەس لە هاوبندیەکانم نەماون، ئەگەرماشبن پیر بوونە، بەڵام ئەوچەندکەسی کەناویان لەسەرسەفحەی مێشکم داماون،خودابکات هەڵەم نەکردبێت، دیسان بیرەوریەکە:

یەک لەوانە مارف ئاغای میهرنیایە کە ئەوکات تەمەنی هەر17 دەبوو نابراولەگەڵ ئامریکایەکانی لە پادەکانی پسوەوگرتکشانە کاری کردبوو و زوانی ئینگلیزی فیرببوو، سەردەمێک وەک وەرگیرلەگەڵ ئامریکایەکان دابوو پاشان ساواک بە ئەندامەتی حیزبی زیندانی کرد لە دادگای نیزامی بەهۆی ئەمە تەمەنی کەم بوو، لە جیاتی ئیعدام 5ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاندرا. لاوەکی ئەکجار بەخەلک ماندوبوو ئەگەروەبیرم مابێت هەموو زیندانەکەی نەکێشا هێندێکی وەبەرعافوی ملوکانە کەوت. هەنۆکە ماڵی لەپیرانشارە گۆیا دەواخانەی هەیە، گوزەرانی تەیارە، کوڕەکی بۆ خویندن بۆ هیندوستان ناردوە، هەروا مەلاحەسن یان سەعیدباستانی خەڵکی دەشمەس کە گەنجێکی قسە خۆش و

زاربەپیکەنین و هەڵسوورێنەر بوو. بە تەقەکردن لەکەسیک گیرابوو 3ساڵ زیندانی بەسەرداسەپابوو، دوای زیندانی لەساڵەکانی 1358 ی هەتاوی لە دەشەمس چاوم پێکەوتەوە ژیانیان باش بوو پیشم وانەبوو چ دەستەوپەستەی لەگەل چ سازمانێک هەبووبێت. بەڵام تیروتەسەل بوو تەماحیان تێکرد،وەک دەگوترا کۆمەلە شەوێک بانگی کردبوو تیرەبارانی کردبوو. ئەوجۆرە کوشتنەی بیٚ دادگاەو لێپرسینەوە لە شوڕشی ئیران دا زۆربوو. دونیایەکی بەرهەڵلا، ئەوی کەچە تفەنگێکی پێدەبوو خۆی بە هەمووکارەیەک دەزانی و خەڵکی ناحاڵی و گێرەشێوین لە ناوی حیزبەکانیان ئیستیفادەوکەلکی نابەجێان وەرگرت،و غەرزو دوژمنایەتی خۆیان و کاری کەسینی یان بەناوی سیخوری دەکردە بیانوو خەڵکیان پیٚ زەدەدار دەکردو پاشان گوزاڕشتیان دەکرد دەیانکوشت. نموونەکەی خەلید سیزدە کە سەرلکێکی حیزبی دیموکرات بوو برای عیسای کە تەمەنی 15سالەبوو لە هیچ وخۆرای کوشت،بێگومان حیزب ئاگاشی لێنەبوو. بەڵام چونکە لێپرسینەوەی نەبوو کاتیک لە حیزب هەڵبڕاو خۆی بەڕژیم بەدەستەوەدا،پێشی بارزانیانی لەگەڵی گردکاشان گرت چەند کەسی بیٚ تاوانی کوشت، شەفیع کە لێخور بوو نەیپاراست چەند گوللەی لیدابوو. بەڵام زیندو ماوە هەروالە (کیلەشین) چەندکەسی دیکەی کوشت کە زوربەیان ژن ومنداڵ بوون لە ساڵی 64جارێکی دیکە خۆی تەسلیمی حیزب کردەوە، بەڵام ڕانەگیراو هاتەوە ناوڕیژمی خومەینی ئەوکەڕەت رژیم بە دەهۆ گرتیەوە لە تەوریز زیندانی کردو پاشان ئیعدامی کرد.

هەروالەزیندان لەگەڵ کاک بایزی چواردیواری هاتووچووم هەبوو کە پیاوەکی ئیکجارباش و قسەزان بوو لەگەڵ قاسم ئاغا خزمی حوسین ئاغای دێبۆکەری کە لاوەکی ماقول تیگەیشتوو بوو، و حوسین ئاغا زەوقی شیعری هەبوو بەو خەتە خۆشە دەینوسی ئەوکات ئەمن لە نووسینی کوردی کۆڵ بووم هەڵبەتە لە خویندەنەوەی نەدەئاڵقام، یەک دووجاریش شێعرگوڕینەوەمان کرد. حوسین ئاغا ریٚ ورەوشتی ئاغاوەتی هەرلەلا مابوو لە گەڵ کەم کەس ئامووشۆی دەکرد. ئەوکات تەمەنی لە چل تیدەپەڕی هەروا لە گەڵ مام جەلیل پاشایی حلبی کویک زۆر پێکەوەبوین کەلە سەرپیاوکوشتن گیرابوون. کاک فەتاحی لەگەڵ بوو مام جەلیل لە سەرە خۆو قورئان خوین و دوورە پەریز لە مەسەلەی سیاسی و دۆخی کوردستان و مێژوو بوو. کاک فەتاحیش هەروا زۆرتر لە مەر ئابووری وکاسپی دەدوان، کوردی کوردستانی ئیران ئەوکات زورکەم ئالودەی مەسەلەی سیاسی بوون. بە ڕاستی خەراپ فرچک درابوون. هەموو شتیان لە سەروت وساماندا دەبینی کەپیم وابی کاریکی ناحەزە،سەروت هەموو شت نییە. براوخزمی مام جەلیل و کاک فەتاح زۆریان پێوەماندو بوون. مام جەلیل ئەبەد مەحکووم بوو وکاک فەتاح 5ساڵ. سەردەمێکیش کاک فەتاحی سێڵوێ زیندانی بوو، ناوبراو نیمچەپاشایەک بوو بەڵام لەڕاستیدا ئەوکات ئیدی دەرچەی لێدابوو،کەسینی پیاوێکی زۆرباش و تێگەیوو بوو، هەروا براکانی کاک سنارمامەدی بریتی لە کاک فەهیم،جەفعەرئاغا، تاج ئەدین، ئەسەد سەرکار، دینۆ، لە سەرمەسەلەی تریاک وهیرۆئین زیندانی بوون. بەردەبوون و دەهاتنەوە. بەڵام هەموویان لە سەرپەنجان دەڕۆیشتن، لە تۆپخانەی حەوشەی لەشکر،هی تریاک فرۆشان بوو، هەمووغولام وچای پەزی تایبەتیان هەبوو بەرپرسی زیندان نۆکەریان بوو. دیارە زیندان هەمە ڕەنگە هی شەش تەختەشی زۆرتیدابوون کەلەناوهینانیان خۆم دەبێرم. تایفەی وەخشووری بریتی لە حاجی سەلیم، تاهیرئاغا، فرزەندە، شەمس ئەدین، زبیر نورکۆ، دیارە ئەوائیش بەپێچەوانەی هەموو کوردیک لە سەرئەوەی ڕا کە هیچ کامیان جگەلە زبید خویندەواریان نەبوو خۆیان بەکەس نەدەگۆڕیەوە.

بەتریاک ئەوها غەڕەببوون دەتگوت گیری فیلیان شکاندوە. دیارە زۆریان ئیعدام کران بەڵام خاوەنی بەشیکی زورمڵک و زمین و ڕەزو باغاتی شاری ورمێن. شکاک تەنیاکاریکی گەلێک باشیان کرد ئەویش ئەوە بوو شاری ورمیٚ کە بەڕاستی لە دەست کوردان دەرهاتبوو بە مامەلەی تریاک کڕیانەوە،هەرچەند مامەلەی تریاک کارێکی چەوتە بەڵام ئەو قازانجەی بۆ کورد هەبوو. شکاک بە سەرجەم لە مەسەلەی سیاسی و نەتەوەیی دوورپەریز و نائاگاداربوون گەورەو گچە خەریکی مامەلە بوون منالی 15سالە ماشینی بنزی لەبن لاق دابوو. ئەمە پەیوەندی بەو سەردەم هەیە هەنۆکە 44ساڵی بە سەرداتێپەر دەبێت ڕەنگە ئیستا گۆڕانکاریان بەسەرداهاتبێت. ساڵی 42 کاکەمینی دەشمس یان بۆ زیندان هێنا،

ئەویش دووساڵی زیندان بۆ بڕابۆوە،تاوانەکەی تەقەکردن لەکاک سیمان بوو،ئەودووساڵەی بەسەختی کێشا بەڵام مەلاسەعید باستانی ئەلحەق گەلێک ڕیزو حورمەتی دەگرت. کاکەمین لە پیاوەکانی قەدیم بوو گەلێک قسەی کۆنی پێبوو زۆرپێکەو دادەنیشتین زۆرشتی کۆنی بۆ دەگێڕامەوە بەڵام هەرچەند دەکەم ناچەمەوەسەریان کە قسەکانی بگێڕمەوە، ئەوکات بەتەمەن بوو. لەگەڵ سەلیم ئاغای بەگزادەش هاتووچووم هەبوو ئیکجار سیواددار بوو لە قانوون ئاگاداری باشی هەبوو پیاوەکی بەدەمانچەی ئەفسەریک لەگوند گوشتبوو، ئەفسەرەکە بەرپرسی ژاندارم بوو بەهۆی سکاڵای سەلیم خان چووبوو بەڵام سەلیم خان مەستی کردبوو بەدەمانچەکەی وی کابرای کوشتبوو. پاشان دەستی سەروان بەستبوو ئەوی بەقاتڵ ناساندبوو. ئەو پەروەندەیە زۆری کێشا، سەروان پارتی هەبوو پەروەندە درایە دادگای نیزامی لە وێ سەروان ئازاد بوو سەلیم خان بە ئەبەد مەحکووم کرا. جارێکی تر بە ئیعترازی سەلیم خان پەروەندە لەتاران شکاوە، ئەوچار سەلیم خان ئەبەد و سەروان 5سال، جاریکی دیکە بە عەدەم سەلاحییەت پەروەندە گەڕاوە درا دادگای داگوستەری ئەوجار سەلیم خان ئازادکرا سەروان 5سالی درایە. ئەوکیشەیە حەوت ساڵی خایاند.
لەگەڵ کاک عەوڵڵا عیزەت پۆر ئاشنا بووم پێم وابوو ئەوکات توودە بوو لاوەکی کامڵ و بەزبان و هەڵسوڕینەر و قسە زان و ماندونەناس بوو. ئەو بۆ هەرتەنگ و چەڵەمەیەک زیندانیەکانی هاندەدا،ئەو کاتیش ئاگاداری سیاسی باشبوو، هەر وا مەلا عەمەرعەسری کە بەحەقیقەت کەلە قەندیک بوو قسەکانی بەچایی دەخورانەوە،ئەو زیندانەکەی بەبەزم و فشە ڕابوارد. ناوبراو ئەندامی حیزبی دێموکڕات بوو، ئەمەرێکەوتی ساڵی 1341بوو. هەروا ڕەحمان بەداغی لە 1343ی هەتاوی هاتەزیندان ئەویش لە سەرپیاوکوشتن گیرابوو. نابراو پیاوەکی ناوپیاوان و ئاگاداری مەسەلەی کۆمەلایەتی بوو کوڕی حاجی بداغی بوو، وەک دەیانگوت ئیکجار دەوڵەمەند بوو، سەرتا بەئەبد مەحکووم بوو دوایی پەروەندەکەیان لەتاران شکاندەوە، جارێکی دیکە لە دادگای ورمێ دادگایی کراوە، سزاکەی بوو بە/10ساڵ، پارێزەرەکەی (وەکیل) ئاغای ئیبراهیم سوپیر پارێزەری پایە یەکی دادگوستەری بوو. پێم وایە بە هۆی هەبوونی ڕەزایەتی خاوەن کوژراو لە عافوکەلکی وەرگرت و دوایی شەش ساڵ ئازادبوو. ئەوکات خەڵکی مەهابادیش هێندیک لە سەرمەسەلەی سیاسی و بەشێک بەهۆی مامەلەی تریاک گیرابوون،و لە پیرانشار دکتۆری ددانساز ئەندڕانیک و مستەفاخان ئیفتخاری و چەندکەسی دیکە پەیوەندار بە مەسەلەی سیاسی لەلایان ساواک گیرابوون، هەروا دکتۆرشادمان. ئەوانە زۆرنەمانەوە، وەک وەبیرم مابێت سزایان بۆ نەبڕاوە هەر بە دەستەبەر ئازادکران. هەرواسوڵتانی شیخ ئاغایی لە ساڵی 1345گیرابوو لە دادگای نیزامی لەشکری 64ی ورمێ سێ ساڵ زیندانی بەسەرداسپاندرا. جگەلەو زیندانیانەی کە بەکۆ لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاپەرینی موعینەکان گیران کەلەکورتەباس ئاماژەم پێکردوە پیویست ناکات وەردیان دەمەوە.

**(ئازادبوونم لە کەڕەتی دووهەم لەزیندان 1354)**

ڕۆژیک وەک هەموو زیندانیک کە ماوەی زیندانەکەی تواو دەبێت خۆم بۆ ئازاد کردن حازرکرد. هەڵبەتە چەند ڕۆژ پێشتر ڕێکەوتی ڕۆژی ئازادیم لەنوسینگەی زیندان وەرگرتبوو.(خاتمەزیندان) شەوی دوایین بەپێێ ڕێو ڕەسمی زیندان لەگەڵ جەعفەربایەزیەیو بایزە کویروهاڤالان بۆ ماڵاوایی دەستم بەگەڕان کرد. لە هەر بەندێک چەند کەسێکی جامینخوازمان پێوە زێدەبوون وایلێهات کەلە کاڵیدۆڕ حەشیمەت جێی نەدەبۆوە. چونکە ئەمن لە ماوەی ئەم زیندانە دوورو درێژە جگە لەدەرسگوتنەوە نامەوعەریزەشم بەلاش بۆ خەڵک دەنووسین. سبحەینە دوایی سەر ئەژمێری زیندانیەکانو تەحویل دانوتەحویل وەرگرتنو ئاڵەگۆڕی وەکیل داخیلەکان، جارچی پسولەی ئازاد بوونی بۆ هێنامە بەردەگای هۆدەو مزگێنی وەرگرت ماڵاواییو ماچو موچ لە گەڵ گریانی بەکوڵ تێکەڵ بوو. ئەمن لەلایەک کە زیندانم بەجێدەهێشت شایلەخانەم لە دڵ دەگەڕا، لایەکەیتر کەلە دۆستو خۆشەویستو ڕەفیقانم دوور دەبوومەوە کە10ساڵ بوو پێکەوە ئۆگربووین بۆیان بەپەرۆش بووم. حەزم نەدەکرد لێیان دابڕێم. لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو دەرگای بەند ڕویشتین، لە ساڵون لە وانی دیکەش جیابوومەوە، لەگەڵ جەعفەر بەرەو ئەفسەر نیگەهبانی چووین لە ئاخری درگای سەرو لە ویشم خۆداحافیزیم

کرد. وەپشت دەرکەیان نام بۆ نوسینگەی ئەفسەر کێشک کە لە حەوشەی دەرەوەی زیندان بوو. دوو دەفتەری ڕوو داوەکانو دوو دەفتەری شێعرم پێ بوو بیرەوەریەکانم لەوچەند ساڵە دا زۆر ڕێکو بەڕێکەوت نوسیبوو، ئەفسەر کێشک لاوەکی نەمژی ئیسفەهانی بوو لە بەردەم شڕی، ناوی (کرسۆی ) بەسەردا بڕابوو هەردوو دەفتەرەکانی لێ وەرگرتم ئی ڕووداوەکانی هەر چاوێک پێداخشاندو لە قەراخ خۆی دانا، شیعرەکانیشی هێندێک هەڵگێر وەرگێر کرد دوایی سەری هەڵێناو گوتی ئەو تورەهاتانە چن نوسیوتن دەتەوێ دادکەمەوە! هەردووکی توور هەڵدانە نێو تەنەکەی زبڵدان، هەرچەنە گوتم ئەوانە دژی دەوڵەتو"شا"نینە وەڵامی نەدامەوە. دوایی ئەو هەم بەفکرداهات کە لە دەرەوەی زیندان دەتوانم لەناو زبڵدان بیان دۆزمەوە، چونکە ناسایاوی پاسەوانم هەبوون کە سەلتەنەتیان بەتاقە تومەنیک دەفرۆشت. سەروان هێشتا هەر خەرێکی پەرەوەندەکە بوو، ئیستوارێکی ژاندارمەری لەگەڵ 3ژاندارم هاتنە ژور قاقەزیکیان دا دەست سەروان، ئەویش شتێکی لە بن نووسیو ئاماژەی بەمن کرد کەلەپچەیان لە دەستی دام هەرچەند هاوارم کردو گوتم ئەمن 10ساڵ زیندانم کیشاوە چێ وچی بردمیانەدەر سواری کامیۆنی ژاندارمەریان کردم. بازۆ بەرەو ژاندارمەری مەعمورەکان هێندە نەمژ بوون قسەیان لەگەڵ نەدەکرا. بەداخەوەکەسی ئێمەش لە بەر دەرگاە نەبوو چونکە ئەو ڕیکەوتەی ئەمن دابووم 50ڕۆژی توفیر هەبوو؛ یانی ساڵ کە366ڕۆژە بۆزیندانی 365حیساب دەکرا، دەجا لە ماوەی10ساڵ 50ڕۆژی تەفاوەتی هەبوو، کەلەماڵ پێیان وابوو ئەمن هەڵەم کردوە. سبحەینەکە، کە فەرماندەری ژاندارمەری لەکاڵیدۆرگویی لەتەپە دەبێ بۆ ژۆرەکە دێ، دیم درگا،کرایەو. گوتی ئەتۆ کێی گوتم جەنابی سەرهەنگ ئەمن 10ساڵ زیندانی بوومە دوێنێ لە کاتی ئازادی بۆ ئیرەیان هێناوم هەتا غەزاش یان نەداوەتمێ. دیار بوو پێی سەیر بوو عەمری کرد پەروەندەکەی منیان بۆ هێنا کە خوێندیەوە هەستم کرد تورە بووگوتی: کوڕم نیگەران مەبە ئەوە پەیوەندی بە 120تومەن گۆمرگ هەیە، کەکاتی خۆی سنورت پەڕاندووە. گوتم جەنابی سەهەنگ پارەم لەلا هەیە، گوتی: دەبێ بچیتە شنۆ لە وی بیدەی! هێنامیەدەر دەستووری دا نانو چایان بۆهێنام گوتی: هەرئێستا بەڕێت دەکەم دوایی چارەگە ساعاتێک ئیستوارێکو 3ژاندارم سواری ماشینیان کردم بەرەو شنۆ وەڕێ کەوەتین هێشتا ساعات 10نەببوو گەیشتینەوێ. هەرچەند تکام کرد دەستیان نەکردمەوە. لە بەردەرگای مەرزبانی شنۆ کە لە قەراخ گادەرو خوارەوەی پردی ناوبازار هەڵکەوتبوو دایانبەزاندم. خەڵک کە بە دەست بەستراوی لە ژێر سەرنیزەی ژاندارمەیان دێتم لە دەورەمان کۆبوونەوە. بەڵام کەسم تێدا نەناسین. بە هەڵکەوت کاک مستەفا عینایەت لە مەرزەبانی دەهاتەخوار بانگم کرد کە سەری هەڵبڕی و ناسیمی. بەڵام ژاندارم نەیادەهێشت لێم نزیک بێتەوە. کاک مستەفاش پێی سەیربوو - پاشان دەیگێڕاوە دەیگوت پێم وابوو هێناویانی لە شنۆ ئیعدامت کەن – گوتم نیگەران مەبە زیندانیم تەوابووە ئازادبوومە بۆ120 تومەن سزای گومرگ هێناویانم. زۆر پیاوانە دەستی لە گیرفانی ڕۆکردو بەستەیەکی دراو دەرێنا بەڵام ئیستوارەکە پێی گوت: دەبێ تەحویلی ئیدارەی گومرگی بدەین!

بردمیانە لای سەروانی ژاندارمەری هێندە پێ نەچوو ئاغا مستەفاخان و عیسمەت خان هاتن، کە پسیاریان کرد ئیداری گومری گویزرا بووە پیرانشار(خانە) شەش حەوت ماشین بەرەو وێ وەڕیکەوتین کە پەرەوەندەکەیان دۆزیەوە جەریمەکەم وەبەر عافوی ملوکانە("شا") کەوتبوو. ژاندارم ڕەسیدیان وەرگرت و ڕۆین ئەمەش گەڕاینەوە.

**(هاتنەوەم بۆ ماڵی ئاغا مستەفاخان)**

ئەمن کە 10ساڵ بوو جگەلە کوڕەخاڵەکان مەگین بەدەگمەن دەنا کەس سەری نەدابووم کەوتمە بەرتەوژمی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی جگەلەخزم بە سەدان پیاوی ماقوول دووکاندارەکانی شاری شنۆ، بە تەنکە ڕۆن، فەردە برنج، تاقەند، هاتنە سەردانم. خەڵکانی گوند بە دەیان مەڕ، بەرخ، شەک، کاوڕ، بەردیل، یان بۆ بەدیاری هێنام. دوکتۆر بەهمەنی (چیانە)کە زۆرلوتفی لەگەڵ من هەبوو دوو بەرانی لە پشت ماشینە لەندەور هاویشتبوو. دوو حەوتوو لە بەر میوانان جێ جێداری لە ماڵی مستەفاخان نەبوو .

بۆ وەی لەگەڵ ڕەفیقو دوستان درۆم نەکردبێ بڕیاری سەردانی ئەوانم گرت. لە ڕاستیدا بەشێک زیندانی کە ئازاد دەبوون هەر لە خۆ ڕا وادەی هاتنەوە مولاقاتیان بە هاو خەرجو دۆستان دەدا،بەڵام هەر گیز نەدەگەڕانەوە بۆ سەردانیان. ئەوە نامتمانەیەکی زۆری پێکهینا بوو کە تەڕو ویشک پێکەوە دەسوتا. بۆ چوونی من لە وانە جیا بوو ئەمن ئێستاش پێم وایە کە دونیا هەر ئەمڕۆ نییە سبحەینەشی بە دوا دادێت، دەجا مرۆڤ دەبێ بەشی سبحەینە تێدا بهێڵێتەوە. هەتاکوو چاوی بە دۆستان هەڵێ و شەرمەزار نەبێت. سەرەتا لە ورمێ چوومە لای عەزیزی عەمەر زادەو سوپاسی ئەو هەموو موحیبەتەم کرد کە وەتی ئازاد ببوو سەری لێنەبڕیبووم ناوبراو لەگەڵ محەمەدی کوڕی حاجی یاوەر پێکەوە مێوانخانەی هۆمایونیان کڕی بوو حاجی باوکی ئەوکات لە زیندان بووکە بەداخەوە دوایی ئیعدام کرا. ئەو سەردەم زوربەی عەشیرەتی شکاک لە پەیوەندی لە گەڵ مامەلەی تریاک زیندانی بوون، تاییەت بنەماڵەی تاهیر وەخشووری سامانێکی زۆریان وەسەرێک نابوو، هەر چەنە تاهیر خان بۆخۆی هێندێک براو برازای ئیعدام کران. دوایی چوومە زیندانی گۆلی ورمێو مولاقاتی جەعفەرم کرد بەڵینیەکەم بۆ دووپات کردەوە کە سەری لێ نەبڕمو بۆی وەدوای ڕزایەت بکەوم ئەوەش بڵیم ئەوتێکەولێکەیە زۆری خایاند دۆزینەوەی کتێبەکانم لە ناو زبڵدان وەدرەنگی کەوت. هەر چەند بە هۆی ئەسکەندەری پاسەوان شوێنی زبڵدانەکەم دۆزیەوە بەڵام بێفایدەبوو، ئەو بەرهەمانەشم ئەوها بوونە سەدەقەی دەمو دەزگای دیکتاتۆری ڕێژێمی محەمەدڕەزا پەهلەوەی جەلاد. دوایی دوو سێ مانگ لە گەڕەکی ئابیاری شاری ورمێ خانووبەرەکم لە سەلاحەدین بەگزادە کڕی کە پیاوەکی پاک و ئینسان دۆست بوو. بەڵام بە پێچەوانە عەولابەگی برای کە ماڵەکەی کەوتبوو پشت ماڵی ئێمە هێندەی بڵێی بێ کەرامەتو هیچو پوچ بوو لەگۆچانی خوارترو کەوچکی هەموو ئیستخباڕات بوو، و سیخوڕی بۆ هەموان دەکرد. کە ئەمن ماڵم گوێزتەوە ئەمەر زادەش ماڵی هێنا ورمێ پێکەوە لە بێناکە دانیشتین. لەو بەینە دا دووجار چوومە گوندی کەرێزەی شێخان لە مەهابادو میوانی حاجی ڕەحمان بووم حاجی پیاوەکی دونیا دیدەو شایی بەخۆو پیاوانە و قسە خۆشو بەدڵو دەرون بوو. بەڵام لە مەڕ ڕەزایەت بۆ جەعفەر گادەرێکی بێ بوار بوو. هەر چەند شێروو ڕێویم بۆ دەهێناوە کاری تێنەدەکرد. وەنەبێ بڵێی حاجی پەرۆشی جەعفەری نەبێت بە پێچەوانە لەهەموو کوڕەکانی زێدەتر خۆشدەویست، بەڵام پێی وابوو بە ڕەزایەت وەرگرتن ماڵی مرۆڤ کوژراو بەهێز دەبن، دەیگوت نابێ دوژمن بەهێزبکرێت. کاک عەلی ئەو دەم خاوەن ژنو منداڵ بوو زۆر بۆ وی بەپەروش بوو. بەڵام لە بەرامبەر حاجی دا چ دەسەڵاتی نەبوو. حاجی زەویەکی کردبوو بە نەمامی سێو، شەوو ڕۆژ لەناو باغچەکە دابوو بە قەڵەمبەڕ هەڵی دەپەرتاوت و هەرەسی دەکرد، کەیوان کەیهان ئەوکات سەرو پێچکە بوون.

**(فکری زیندان وکاسبی )**

هەمووکەس ئەوانەی کە ژیانیان لە شیواوە دیارە ئەوەی زیندانی دوور درێژیشی بەسەردا داسەپیندرێ بێگمان بناخەو سێ کوچەی ژیانی تیکدەچێ زیندەگانی لێ ئاوەژو دەبێتەوە. چونکە بە پێچەوانەی هەندەران خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایان حکوومەتەکانیان چ بژیویان بۆ خۆیان وبنەماڵەیان بۆ دابین ناکرێ، دەجا لە هەر هەڵخلیسکانێک کەوڵیان ئاوەژو دەبێتەوە. کە سەروبنی زیندانیان دیاری کرا، لە فکری خەسارە وەبەردانی ژیانی ڕۆخاویان دەکەون، بۆ بەر بەرهەلێخ، فکرو لکیدانەوەی جۆراوجۆریان دەکەوتیە دڵ، هەرچەند ئەو لێکدانەوانە کەمیان وەڕاست دەگەڕین، چونکە مرۆڤ لە زیندان هەست پێناکات کە دونیا ڕاناوەستێ و گۆڕانکاری بە سەرفکردادێ و بواری کاسبیش دەگۆڕدرێ، دەجا ئەمن لە زیندان کە سێ چوارساڵ لە کارگاە لە سەر بەماشینی تریکۆبافی داپلۆکس کارم دەکرد بەرهەمیشی زۆر هەبوو. کارگای بەندیخانەی ورمێ نزیکەی 20دەزگا تریکۆبافی و 30دەزگا گۆرەوی چنین و فەڕشی خۆماڵی ونەجاری کەوش دروی لێبوو پێڵاوەکانیان زۆرباش دەدروو، خەڵکێکی زۆری دەخۆداجێکردبۆوە ئەمە لە ساڵەکانی 1346 پەرەی پێدرا دەناڵەتۆپخانە کارگای لێ نەبوو، دەجا هەوینی ئەو فکرم لە مێشکدا بوو کەلە دەرەوە لێی بەردەوام بم، دیارە لە تەورێز ئەو کارە برەوی زۆرە، تریکۆبافی گەورە نیمچە فاکتۆری، بەڵام هەر ئەوهەی کە لەزیندان ئەمن کارم لە

سەردەکرد بە دینام هەڵدەسوورا، ڕۆژی دە بلۆزی دەچنی کە بۆ بازار دەناردرا،سەرتا لە زیندان تریکۆیەک هیندرا کە نەجاران بەرپرسی زیندان دابووی بەحوسین بایەزیدی، ناوبراوخەڵکی مەهاباد بوو ئیکجار ماندو نەناس بوو بۆ فیرکردنەکەی پارەیەکی باشی لێ ئەستاندم، ئەمنیش لە دوای ئازاد بوون کە ماڵم بردە ورمێ بە مەگێزی زیندان چوومە شاری تەوریز، لە وێ تریکۆبافیێەکی داپلۆکسیم کری، بەشایی شایی بردمەوە و چەرخەی دورمانانیشم بۆکری. بەڵام بینیم ئەوە حەوسەلەی زیندان بوو کێ دەتوانی لەماڵ کورک بێ، ئەوەکاری من نەبوو. دەئەستۆم دامابۆوە، لە هیچ شارەکانی ئازەربایجانی ڕۆژئاواش ئەم جۆرە تریکۆیە نەبوو ئەمە هەرپیاو دەیانتوانی کاری لەسەربکەت دەبوایە لە سەرپێ ڕاوەستابوای، دوکانیکی گەورەی دەویست. ڕۆژیک بە هەڵکەوت تووش مەلاخەلید خاکی بووم کە لە زیندان پێکەوە ئاشنابوین و دۆست بوین مەلاخالید لە سەرمەسەلی سیاسی گیرابوو پیاوەکی نیشتمان پەروەر و مرۆڤێکی بەدەمار وچاونەترس و مەلایەکی کوردەواری کە دلی تەنیا بۆ وڵاتەکەی ورزگاری لە دەست داگیرکەران لێدا. لەو مەلایانە نەبوو بە دوای تورەهاتی عارەبی دابچێتەخوار، مەلاخالید دەربەندی ماڵی دونیا نەبوو لەکوردی و پاکی داقاڵ ببۆوە. جگەلەوانەش لە قسە خۆشی دابەناوبانگ بوو. تەکلیفی ماڵی کردین ژیانێکی ساکاری هەبوو بژیوی ڕۆژانەی دێناوە لە ناو قسەکاندا باسی تریکۆبافەکە هاتە گورگوتی وەڵڵا دەزانم ئەوە کاری تۆ نییە پارەکەت بە چەندکەڕەت دەدەمێ،خولاسە ماشینی هینا بەوانیت بردی زۆری لێ گوزرا لە پارە چ خەبەرنەبوو، دوو سێ جار جەعفەر چووبوولای گوتبوی بۆخۆم فلان کەس دەبینم ڕۆژیک کەکاک عەلی دیسان پێی گوتبوو، گوتبووی کاکی من ئەمن تەنیا بژیوم لەم دووکانە بەم تریکوبافە هەڵدەسورێ، ئێوەش وەکوو من حامیدخان ناناسن، زورکەس مالی ویان خواردوو ئەوەندەش وەبەرمن دەکەوێ، کەکاک عەلی قسەکەی بۆ گیڕامەوە ئیدی وازم لێهێنا.

**(ژیانی ئەوکاتی عەزیزئەمەرزادە)**

سامانی ماڵی ئەمەرزادە لەگوندی ئۆربان بوو. بۆخۆی دووژنی هەبوو باوکیشی (سادۆ) خاوەن دوو ژن بوو. گوندی ئۆربان لە ناوچە سەڵماس کەوتبوو بناری چیای سنوری کوردستانی باکوور، لەوێ چەند چێڵەکو کەتەپەزکەیان هەبوو. سادوو مرۆڤێکی بەسەلیقەبوو دوو بەشی حەوشەگەورەکەی کردبوو دارو درەخت، ئەوەی کەوتبوو ڕووکاری گەڵی دارە سێوبوون ناوەکەشی تووی فرەنگی لێ چاندبوو. بەشکیش داری قەیسی ئاڵووباڵوو میوەجاتی دیکە، عەوزەکەی لەناو حەوشە دورست کردبوو. ئاوی بۆ لەچیا هێنابووە دەتگوت چاوی قرژاڵە. دوو داری گێلاسی گەورەی لێ بوو. هەمیشە بۆچێشت خواردن فەرشیان لە بن ئەو دارانە لە قەراخ عەوزەکە ڕادەخست و فراوینو نانی بەیانانیان لە وێ دەخوارد. نابراو کوڕێکی گچکەی بەناوی مەنوجێهرو کیژەکی چکۆڵەی بەناوی مانوو هەبوو هەردووک هۆگری من ببوون ئەمنیش دڵم لەلای وان بوو. کاتیک ئازیزلە1357ی هەتاوی ماڵی گویزتەوە سلماس وسەرەتالەگوندی ئوربان ودوایی لەشار نشتەجێ بوو ئەومندالانەیان بەزێروهۆڕ بردەوە،ئەمن هەردوو حەوتووجاریک سەرم لێدەدان. دوایی هەتلەو هەڵوەدایی لە هەمووشت بێ خەبەری کردم،هەنۆکە مانوۆ شووی کردوە گۆیا چەند منداڵی هەیە هەروا منوچێهر زەماندوی کردوە چەند کۆرپەی هەیە،لەو ڕێکەوتە هەنۆکە 25ساڵ تێدەپەڕێ.

**(کاروباری من)**

ئەمن کەلە زیندان ئازابووم چ کارەکم نەبوو چەنەساڵ بوو کە لە خەڵک هەڵبڕابووم خۆم خەریکی کێشەی کۆمەڵایەتی کرد، خەڵکێکی زۆرم دەناسی ڕوویان تێکردم. چونکە لەگوند جێ جوتم نەمابوو لەو دوو بەشە مەزرای (گۆلاو،ودەشتەلەیل) بپێی قانوونی ئیسلاحات بەناوی دوو عەجەمی نەغەدو ورمێ تاپۆ کرابوون کەلەساڵی 1340

ئیجاره دار بوون کرابوون بەخاوەن نەسەق(نسق ).تەنیا چل هێکتارێک مابۆوە ئەویش بۆ بەتۆزی و پۆزێ. کەلە جێگای خۆیدا لە بەشی دووەمی (لۆچێک لەخەروار) بە دوورو درێژی باسی لەسەردەکەم.

## (ڕاپەڕینی گەلانی ئێران)

ساڵی 1356ی هەتاوی خەڵکی ئێران دژی "شا"ڕاپەڕین هەرچەند ڕێژێم دەستی بە سەرکوتی جەماوەر کرد بەڵام خۆ پێشاندانەکان ئەو هێندە بەگۆڕبوون پێشگیری بۆ نەکرا، لە شاریک دادەمرکا لە ویدیکە دەستی پێدەکردوە. تایبەت پڕوپاگەندەی مەزەبی عەردو ئاسمانی پێکەوە نووساندبوو. قسەی خۆمەینی بۆ هەموو چینو توێژو نەتەوەکانی ئێران مەکۆی ئازادی و تایبەتمەندی خۆی هەبوو. کەسیش ئەو کات حکوومەتێکی ئەوها کە ئەوان باسیان لێوەدەکرد لەچ کون و قوژبنێکی دنیا نەدیبوو. دەجا تاسەی دابەزینی حکوومەتێکی مەزەبی و تامی شیرنی وادەی ئاخوندەکان لە زاری گشت گەلانی ئێران دەگەڕا. هەزاران لاو خەباتگێڕ بۆ وەدەست هێنانی ئازادیو بنەبڕ کردنی زوڵمو ستەم و سەرەڕۆیی حکوومەتی دیکتاتۆڕی (قەرەقوشی)"شا"لەم ڕێگایەدا شەهید بوون. سەرەتا ئەڕتەش لە هەموو شارەکان تەقەی لە خۆ پێشاندەرەکان دەکرد. بەڵام تۆفانەکە شەپۆلی ئەوندە بەهێزو گوردو ڕژد بوو پێشی پێ نەگیرا، لە ئاکامدا ڕێژێم لە بەرامبەر جەماوەر دا بە چۆک داهات. لە شاری ورمێ کوردەکانی بەگزادە کە پارێزگاریان لە مزگەوتی (ئەعزەم) دەکرد کە ببوو بە بنکەی خەباتو دوو کەڕەت کەوتە بەر رەهێلەی تانگو زرێپۆشی ئەڕتەش. خەڵک گەلێک شەهیدیان دا کوردەکان بە هێنانی چەکو چۆڵ بۆ ناوشارەکان زۆریان یارمەتی ڕاپەڕین داو ڕووخانی ڕێژێمیان وەپەلە خست. تەقەی کەلاش لەشاری ورمێ زراوی ئەڕتەشو پۆلیسی برد. ئەمن لەگەڵ ئەمەرزادە پێکەوە دەستمان بە هێنانی ئەسلەحە بۆ ورمێ، مەهاباد، بۆکان، شنۆ، وپیرانشار کرد. هەروا گویزتنەوەی بۆ شاری سەڵماس. کاک ئەحمەد بوداغیو فەقێ برایم لە نەرزیوەو چەند کەسی دیکەش لەگەل من دابوون. دیارە هەرئێمەتاقەسواری ئەم ئولکەیە نەبوون، بەدەیان کەس لە شارەکانی کەردستانی ڕۆژ هەڵات خەریکی ئەم مامەلەیە بوون. بەڵام گوندەکانی سنووری کوردستانی تورکیە تەکەیان لەدەست دابوو. هاوەردنیشی بەشەوبوو. سەرەتا کە ژاندام هەستی پێ نەکردبوو چەتوون نەبوو. بەڵام دوایی بەتایبەت کە ڕیژم دەهات لاپەبەرێ تێک بگلێ، وەپەلەکەوتبوون. شەوانە هەموو شوینەکیان بەتایبە دوراندەوری شارەکانیان بۆسە لێ دادەناوە.

بەگزادەکان لەناوچەی ورمێ تایبەت خورشید و ئەوانی دیکە هەلسوڕانیان زوربوو بەڵام لەڕاستیدا هی بێ بەختیان زۆربوو، بەداخەوە پارە لەوێ دەورێکی گرنگی هەیە،ئەمە شتیک بوو مەترسیدار هی ناحاڵی تووشی زەلە دەکرد. هەرهۆکاری ئەو نەزانینەش بوو کە سەرۆکانی عەشێرەتی وەکوو ڕەشیدبەگی ماوانە، سامی هەنارە، هەقی هەنارە، خورشید بەگی بەگزادە، ئەسکەندەر، جەوەرئاغا، جانگیر ئاغای دری هی ترلە سەڵماس چەکی کۆماری ئیسلامیان لەخۆیان شتەک دابوو. ئەوانە ڕیگایان بۆ ئاخوند غولام ڕەزاحەسەنی خۆش کرد، جگەلەو دەستەیە زوریش وەک عەولابەگ و ... ئەگەر بەڕەواڵەت لەگەڵ حیزبی دێموکرات کەوتبوون بەنهێنی لەگەڵ سوپا و ئیستخبارات دابوون. بەداخەکی هەرگەورە بادینیەکان زۆرەبەیان لەمێژووی گەلەکەیان ناموون، هەنۆکەش ئەوەی سەرەدەری لیدەرنەکەن مێژووی ڕەچەڵەی خۆیانە، ئەوها بەپول وسەروت وسامان وەنووساون لەنێوان خوداو خورما،هەمێشە خورمایان هەڵبژاردوە. یانی لە نێوان کورد و داگیرکەرانی کوردستان ئەگەربێ تەفاوەت نەبن بێگومان دەست نیشاندەی داگیرکەران بوونە. هیچکام لەم عیل و عەشیرەتانە ڕێووشوینی نەمرسمایل ئاغای شکاکیان ڕەچاونەکردوە. ئەمن ناڵێم سیاسەتی حیزبی لە هێندیک شوێن لەمەڕ سەرۆک عەشیرەتەکان سەقەت و نەقوستان نەبوو، یان پارسەنگی نەدەویست بەڵام ئەوان دوایی شەهید بوونی نەمرسمکۆ،جگە لەوەی بەنۆکەرایەتیان فرچک گرت،هەنۆکەش تۆوەکی ئەوها ناچینن کە بەرهەمی کوردایەتی لێبدروونەوە.

**(چیرۆکی بایزەکویری خەراپەی)**

بایز،خەلکی گوندی خەراپەی ناوچەی لاجان بوو لەگەڵ هاقالانی بەمل چیاوەبوو کە لەزیندان ماوەیەک لەگەل من لە هۆدەیەک بوو. بۆخۆشی گۆیا لەگەڵ مرادشیریژو سولیمان کەرقەشان و سالح لاجانی دابوو ئەندامی حیزبی دیموکڕات بوو. کە گیرا لە دادگەی جەلدیان بەئیعدام مەحکووم کرا. ژەنەڕاڵ ئەویسی کە هەمووکارە بوو لەساڵی 1346لە ناوچەبوو. وادەی پیدابوو ئەگەر کادیرکانی حیزبی ئاشکرابکات عافوی دەکات. نابراو لەگەڵ مەلاقادرلاچینی ناوی زۆرخەڵکیان گوت جەماوەریکی زۆر لە سەردەشت ولاجان خرانە بەندیخانە. ژەنەڕاڵ ئەویسیش بە وادەکەی وەفا کرد. بە پێشنیاری وی محەمەدڕەزاشا دەرجەیەک عافوی دانێ هەردووکیان بوون بە ئەبەد. دوایی ڕوخانی ڕژیم یەک دووجار هاتەماڵی ئیمە. جاریک ئەمن لەماڵ نابم کە بایز میوان دەبێت دوایی بەینیک کاک تاجەدینی برای سنارمامەدی کە لە زیندان لەگەڵ من دۆست بوو دێتەماڵی ئیمە، ئەوکات خەڵکی ورمێ هەمووڕۆژی دژی شا خۆپێشاندانیان ساز دەکرد دورشمیان دژی شا دەدا تانگ دەهاتنە شەقامەکان، لەخەڵکیان تەقە دەکرد. تاجەدین بەم هۆیەوە دەمانچەکەی وەدایکم دەدا کە هەتالە بازار دەگەڕێتەوە. لەلای وی بێت. بایزلێی وەردەگری دەلێ بالەلای من بێت دایکیشم بەقای پێدەکات کە تاچەدین دەروا بایزیش دەرواو نایتەوە. ئەمن لە شنۆبووم کە هاتمەوە دایکەم مەسەلەکەی بۆگیڕامەو گوتم گرنگ نییە ڕەنگە بازارهەرای تیکەوتبێت دێتەوە. بەڵام نەهاتەوە، تاجەدینش هەموو ڕۆژێ قاسیدەکی دەنارد. دەمگوت پارەکەی چەند بیدەمی حازرنەبوو. کردبوو بە شتیکی گەورە دەیگوت کەس چواردەخوری وای نەبووە. مەجبوور لەگەڵی چوومە پیرانشار لەوێ مەسەلەکەم لەگەڵ مەلاڕەحمان کارەش هینا گوور. ئەوکات کاک خولاس بەرپرسی ڕیکخراوەبوو دوایی دووڕۆژ مانەوە کاک بایز هات و لەشەرمان حاشای لێدەکرد. مەمنا لەبارمتەی داناوە بەماموستام گوتبوو وادەی پیبدا ئەگەرفرۆشتویە بیهێنیتەوە ئەمن پارەکەی دەدەمەوە،سەرئەنجام دەمی پیداهینا، دەمانجەکەی هێناوە وتاجەدینی داوە، بەڵام نەک چواردەخۆر بەڵکوو لامەیەکی کۆنی ژەنگاوی بوو. بێگومان ئەگەر وەچەنگ نەکەوتبواوە لەوانەبوو بەخانووبەرەکەش قایل نەبوایە. بایز لەڕاستیدا ئیسانیکی باش بوو ئیکجارپیاوانە بوو بەڵام نەبوونی وای لێکردبوو چەند منداڵی بەسەرداەابوونەوە، دەمنیشی رادیبوو، ئەمن نەفسی کارەکەم پی ناحەز بوو، دەنامەسەلەی پارەکە گرنگ نەبوو. بۆیە کە ویژدانم ئاسودەبوو بەحزوری ماموستا ئەوپارەی کە دەمانچەکەی لەبارمەتە دانابوو دەیگوت حەوت هەزارتومەنە دامێ، وگەڕامەوە بە داخەوە ئەو پیاوە باشە لە شەڕی تیکاب بە دەست پاسدارانی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو. شەهید بایز نزیکەی دووساڵ لەگەڵ حوسین برای و چەند هاڤاڵی دیکە پێکەوله هۆدەیەک بوین،زۆری حورمەت گرتم هەنۆکەش قسەکانی وی لەبن گویچکەم دەزرینگینەوە. بە داخەوە نەمتوانی سەری منداڵەکانی بدەم، بەڕاستی هەڵوەدایی ڕیگای زۆرپیاوەتی لێ گرتم. لە چانگ حکوومەتیش کوندەجەرگ ببووم.

**(کوژرانی سەمەدخانی برام)**

سالی 1357ی زاینی بوو وەرزی هاوین بوو ماڵم لەشاری شنۆ بوو نزیکەی ساعات 12ی نیوەشەو شیخ محەمد رسوچاوشینی لەدرگای مالی ئیمەی دا، سەرتاگوتی: صمدخان بریندارببووە، کەچوومە نەخۆشخانە شنۆ لەسەرتەخت ڕاکشابوو وەمزانی خەوی ویکەوتووە بەڵام بەداخەوە ئەمری خوای کردبوو. مەرگی وی زۆر لەمنداکارتێکەر بوو. جگەلەوەی کە برام بوو بۆخۆشی ئیسانیکی ئیکجارباش وسادە وسادق بوو. گەلیک خواناس بوو. گەلیک نیشتمان پەرست بوو. دلی بۆ وڵاتەکەی لیدەدا ئاواتی ئەوبوو بتوانیت لەڕێگای گەلەکەی خزمەت بکات. پیاوەکی قانع و شوکربژیربوو. هەستی کوردایەتی زۆربوو. بێ ئەوە لەمێژووی کورد ئاگاداریەکی پتەوی هەبێت. هەمیشە دەیگوت خۆی بەپیشمەرگەیەک دەزانێت، هیواداربوو کوردستانی ئازادببینێت، دژی ڕژیمی سەرەڕۆی شا-بوو. نەشیدەزانی خومەینی چ

بەڵایەکە. چلۆن ئیران کاول دەکات چلون دوژمنی زانین ورۆشنبیرییە. بەڵام کوژرانەکەی شتیکی چارەنووس بوو. گویا ئەورۆژی بەرلەکوشتن لەگەڵ مەجیدخان بۆ مالی چیچۆ دەچن لە سەررێگا دەچنە ناوزەویەکانی من کەلە(دەشتە لەیل) بوون ئەمن بەئیجارەم دابوونێ، گەنم خۆی لەبژنێ داوە چادری مستەفای قوربانی قەزنی لێیە، کە بە ڕەزامەندی سەمەدخان ڕەشماڵەکەی لەوێ هەڵداوە،ڕەمەزان دەبیت سەمەدخان ڕۆژوی نەدەخوارد بەڵام کابرا سێ تەڵاقەداوێ، مەجبوور دەبن نان بخون، کابرالەکاتی نانخواردن دەلێت یەک دوو جارە بەتراکتور دێنە دزی، مەجیدخانیش دەلێ بۆوەی بیانترسینی ئەگەرهاتن تەقەیان لێبکە، دوایی نانخواردن لە سەفەرەکەیان بەردەوام دەبن. بۆ مالی حاتمی دەچن. نیوەشەو دەگەڕینەو دەڵین بزانین کابرا وەخەبەرە. مەمنا خاوەن چادر دیسان دەنگی ماشینی گوییبیس دەبیت دەچێتە بۆسە،ئەوانیش پێیان نەگوتوە کە دەگەڕینەوە کە ماشین ڕادەوەستی ئەوان دادەبەزن. سەمەدخان ماشینەکەی پارک دەکات کابڕا لەبەررۆناکایی ماشین تەقە لەماشین دەکات وسەمەد خان وەبەردێت. بەڵام کەس نازانی هەرادەکەن ئیمەن کابرادێ، داوای لێبوردن دەکات .شیخ محمەد دەگەڕیتەو بۆ ماشین دەبینێت کە ئەوە سەمەدخان لە پشت فەرمان ئەمری خوای کردوە، بەدزی بەکابرای دەڵێت: خۆت ون کە، سەمەخان ئەنگاوتراوەو کوژراوە، ئەمە داستانەکی بوو.لەگەڵ قەزاوقەدەرچ ناکرێت. سەمەدخان سی کوڕو دووکیژی گچکەی هەبوون، حیزانی ناسکە بێ وەخت لییقەومابوو لەسەرمندالاکان دانیشت. پێیان چارە بەڵام مندالەکان زۆربەناز پەروەردەکرابوون. ناسکەخانمیش هیندەی دیکەی نازدارکردبوون لە خویندنیش بەردەوام نەبوون. هەرچەند بەرهەمی زەویەکانیان زۆربوو هەتا ساڵی 1369ی هەتاوی کە ئەمن لەکوردستان وەدەرکەوتم ژیانیان باشبوو ئەوە 17ساڵە چ خەبەریکم لێیان نییە. بەڵام وەک لە سەفەری کوردستانی ئیراق لە ڕیکەوتی 2006/6/2ی زایینی لە حاجی ڕەحمانی ڕەحیم زادەم بیست گۆیا ملکەکانیان لە ئالیاوە فرۆشتوون هەزارمخابن. چونکە بەحەقیقەت ئەوەی خۆشت ناوێ دەعای لێبکە کەماڵەکەی ببێت بەپارە، پێشێنیان گووتویانە ملک فرۆش ساڵێک تیرەو ملک کڕ ساڵێک برسی!

**(خەبەری مەرگی مەجیدخانی برام)**

ڕێکەوتی ---2003ی زایینی لەئوستڕالیاخەبەری مەرگی کاکم بیست. نابراو نزیکەی /10سال بوو زیندانی کرابوو دوایی ئازادی نزیکەی 4یان 5مانگ دەژی. گۆیا هەر چالاکی کوڕی لەلا دەبێت کە حەملەی قەلبی بۆ دێت، لیی دەرناچێت بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە جۆرەکوژرانیکە کە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی لە مێژە کردوویە بەعادەت. ئەوکەسەی پێیانخۆش بێت بێکوژن بۆ وەی ڕەخنەیان لێنەگیرێ دەرمانداوی دەکەن. بەڵام ماوەیەک دەژی،دوایی کوتوپڕ دەمرێ،هەتا ئێستا بەدەیان کەسیان ئەوها لێکردوە بەمجۆرە بێ دەنگ وهەست کوشتووە. ئەمە شک وگومانی تیدانییە، بەڵام دوایی مەرگی وی مندالەکانی چییان لێ بەسەرهات بۆخۆی مەسەلەیە: ئەوانەی لەناوچەی شنۆ دەیناسن دەزانن کە نابراو یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئاغاوەت بوو دوایی دابەشکرنی زەویووزاریش لە1342 دیسان بیشت هێکتارباغ ومێشە نزیکەی 60هێکتارزەوی ئاویژی جێ جووت هەبوو جگە لە سێ دانگی گردی مەلا ئەحمەد کە هەنۆکە بۆتە شارۆچکە لە شنۆ. هەروانزیکەی 70هێکتارزەوی کە لە سێبیان کڕیبووی. ساڵانە بەلانی کەم دووسەت تون گەنمی دەبوو. هەرواخەنووبەری لە ورمێ وکەرەسەی کەشاوەرزی وتراکتورو ماشین و... گۆیا دوایی ئازادی لەزیندان هەو یستبووی بچێتە دەرەوەی ولات،هەرملکی بەرنەلیوەجۆی /800ملیونیان پێدابوو جگە لە ملکی گورگاوە کە هەمووشیان قەبالەی قوڕقوشمیان هەبوو. هەرچەند شارداریش بەشی خۆی زولم لێکردبوو. زوری لەگردی مەلائەحمەد داگیرکردبوو. ئەدی ئەوسەروتەی چۆن بوو بەخزی بزی کەس نازانێ دیارە ئەمە چ پەیوەندی بەمن نییە، بەڵام کوروکچەکانی چۆنیان دابەشکردوە،بەڕاستی زولمیان لەخۆیان کردوە، ئەگەر وەک دەلێن ئەو ماڵەیان فەوتاندبێت!

**(چێرۆکی عوسمانی حەسەن بەگی)**

لەساڵی 1367لە ئینتشارات نەمابووم، لەخۆم نیگەران بووم پاسدارلێم دەخەفتان کەم وەدەردەکەوتم،ڕۆژیک فەقێ برایم هاتە سەردانم لە نیوقساندا پێم گوت ئەگەر مامەلەی دەکەی پارەم لەلاهەیە بەڵام لە بەرپاسداران ناوێرم وەدەرکەوم دەترسم شڵتاخێکم بۆ سازکەن، وەک چەندجارئامارژەم پیکردوە ئەمن چەندە لە سەردەمی ڕژیمی (شا) ژیانم تاڵ بوو ساواک و ژاندارم لە دەوروبەرم بوون،رۆژی خوش و هەسانەوەم بەندیخانە بوو لە رژیمی حەمامەو مەندیل هەرئەو جۆرە ژیانەم هەبوو. بە تاتبەت کە لە ئینتشارات ڕوییبووم، وەک ئامارژەم پیکردوە ئینتشارات بەدەسەڵات بوو،ئەوانەی لەوێ کاریان دەکرد لە هەمووتەنگ وچەڵەمەیەکی پاسدارو ئیستخبارات دەئامان دابوون، ئیرشاد ئیسلامی کەچی چاوەدێری بەسەرهەموو نووسراوەیەکدادەکرد بەڵام دەسەڵاتی بەسەر ئینتشارات دانەدەشکا. ئەمن لە کاتی کارکردنم لە ئینتشارات جاریک گیرابووم دەسەڵاتی بەرپرسە فارسەکانم لەمەڕ ئازادبوونی خۆم بۆ مەعلووم ببوو،لە دوای دەرچوون لە ئینتشارات خۆم لاتەریک کردبوو، بۆیە ئەوداوایەم لەناوبراوکرد،فەقێ برایم گوتی: بۆ خۆی لەمێژە سەرقاڵی کشت وکاڵە مەجالی نییە بەڵام کوڕێکی باش و هەڵسوڕینەر پیدەزانی کە مامەلەی سەرپیی دەکات،زۆریشی متمانەلە سەر هەڵچنیبوو، ڕۆژیک لەگەڵەی خۆی هینا، لە دورەوە دەمناسی،کابراخۆی بە ئیسلامیکی توند دەنواند بێ ئەوە سیوادی هەبێت بزانێ قورئان چ دەڵێت، هەر وەسەری دەکردو خۆی بۆ خڕنەدەبۆوە هی وا لەکوردستان زۆرن کە بەڕەشهاویژ چ ناهیڵنەوە کەچی ئالکی دووکەرانیان بۆ بەش ناکرێت،لە راستیدا دڵم لێی دەترسا،چونکە بەئەزموون بۆم سابیت ببوو ئەوجورە کەسانە کە بەکویرەکویرە دەرۆن زۆرجارئاوڕ وەپشتەوەیخۆیان نادەنەوە. کابرالەوانە بوو بەڵام چونکە بەفەقێ برایمم باوەڕدەکرد لێکدانەوەی خۆم لەولای دانا. کابرا بەقسەی خۆی مامەلەی ماتوڕی داربڕینی دەکرد کە کەلە باشوری ئیران بە پینچ هەزار دەکری لە سنووری تورکیە 120هەزاری دەدات، قازانجی ئەوها زۆرو ڕێگای ئەوها نزیک چێرۆکی مشک و پشیلەی وەبیر هینامەوە،بەڵام قسە بوو کرد بووم. خولاسە لەگەڵ ئەویی و فەقی برایم چوومە بانک لەلای ئەسەدی ڕیس بانک /400هەزارتومەنم بۆ وەرگرت ئەوکات ئەو پارەیە لە ورمێ خانووبەریەکی پێدەهات، کابرا ئەوچەل گوتی دوو رەفیقی دیکەشی هەیە، هەرواماشینەگالانتەکەی ڕەحمەتی ئازیزخانی زەرزادوست،م- بۆ ئەوسەفەرە بە /450هەزارتەمەن کڕی. ڕەفیقەکانی یەک شیخ محەمەد ئاغا و ئەوی دیکەی کوری مەیتی خانی نەغەدە بوو دیارەشیخ محەمەد ئاغام دەناسی پیاوەکی ماقول باش جوامیربوو بەڵام کوڕی مەیتی ئاغای قەت هێلکەی ساخی بەشەڕنەدبوو. بابیشی بەدۆدی بۆدی ملکەکانی چەشمەگۆل وحەسەن نوورانی دەست بەسەداگرتبوو. بە ڕاستی کە ئەوەم دیت عەپەسام. خولاسە سواری ماشینی گالانت بووین و بەرەوباشووری ئیران لێمانخوری،ڕیگابەرەو گەڵی (حەیران) بوو کە چیایەکی هەرە بەرزە کەلە سەروەڕا تیدەروانی سەرت سوڕ دەمێنی سەروژیریکی ئیکجار دورودریژ هەمووی شیناورد دەڵێی بەهەشتە. رێگاکە وەکوو ماربەخوارەپێچەیە، سەدان ئانیشکەو گەوەی تیدایە، گەلیەکەش هەڵدیرە. ئەوکات ڕژیمی شای بوو خۆی بەوکارانە ماندوو نەدەکرد جگەلەوانەش مژەکەی ئەو هیندە توندە کە پیاو لە وەرزی زستان وپایز بەرپێی خۆی بەباشی نابینیت. هەمووماشینەکانی کەڕیگایان بەویداتیدەپەڕین دەبوایە چرای مژشکین یان هەبوایە، دەناچاویان هەتری نەدەکرت. خۆشی و باسەفایی دلگری ئەم شوێنە کتیبەکی سەربەخۆی دەوێ، هەرچەند باشوورئیران هەمووی هەرخۆشە، مامەلەلەگەڵ شوورەوی لەڕێگای دەریا بەویدایە ماڵی گەلێک پیاوی ماقول و دەولەمەندو هی بەسامانی شارەکانی ئیران لەلیواری دەریا، وەبەرچاو دەکەوێت. ئەعەلاحەزرەتیش ماڵەکەی لەڕامسەربوو. هەرواماڵی هویدا وئەشرەف پالەویش لەوێ بوون. بەڵام بینینی یاساخ بوو. شەقامی هەمووشارەکان دارە هەنارو پڕتەقاڵ بوو ڕۆژنەبوو باران نەباری، ئەوهیندە دەباری دارەکان هەموو لەناو قەوزەو گیاوگۆلدابوون. لێراونینی ئەوناوچەیە بەهەشتیک بوو بەڵام کشت وکال برینج بوو. برنجی سیادم وپەری، ئەوکات لە ئیران تەنیا باشور لولەکەشی گازکرابوو. هەموو هۆدەکان گەرم وگوڕ بوون، لەهوتیلێک کەناوەکەم لەبیرنیە نشتەجێ بووین،ئەوەش بڵێم عوسمان کە خۆی بەئیسلامیەکی سەیروسەمەرە دەزانی ئافتەفەشی لەگەڵ خۆی

دەگیڕا کەخوانەخواستە بۆ دەسنویژ ئاوی وەچەنگ نەکەوێ، یان بۆ تارەت مەجبور بە تەیمەم نەبێت. خولاسە کەحازربووین بچین ماتووڕەکان بکڕین گوتی کاکە هەرئەمن شیخ محەمەدئاغاو کوڕی مەیتی ئاغا کابرای دەناسین . سویندی داوین کەسی دیکە نەبەین خۆدیارە جەنابت بەقا بەمن دەکەی تەشریفت لەهوتیل بێت ئێمەدەچین ودەگەڕینەوە هەرچەند گوتم کاکی من خۆ ئەوە نەتریاکە ونەهیرۆئین ئەمە خۆقاچاخ نییە،گیرم ئەو لە ئیدارەشی قاچ دابێت ماتووڕە ئیدی ئەوەنییە لەگەڵ خۆمانی دەبینەوە،نەخیر هەزارشیروڕیوی هیناوە، دەی گوتم مەسەلە نییە. چوون وگەڕانەوە گوتیان دووڕۆژی مۆڵەت خواستووە سەرئەنجام حەوت ماتوڕیان کڕیبوو. بەڵام بەپێچەوانە ئەوقسانەی کە تەحویلی منیداگوتی دانەی بە 25هەزاری کڕیوە هەرچەند دوایی مەعلووم بوو یەکی 10هەزاری پیداون، جاریک بائەوەلەوێ بێت، بەچەوروشیرنی هاتینەوە سەیرئەوەیە ماشین هی منە! پارەهی منە! بەڵام ئەوان شەریکن! مەسەلەن ئەوقازانجە بەچوار جێ تەقسیم دەکرێ، زورجوانە،ماشاللە پیاوی خۆای ئیمانێکی قایمی هەیە. لەڕاستیدا تیگەییووم دۆڕاندۆمە دەستم لەقازانج هەڵگرتبوو. دەمەویست مایەکەم بداتەوە زۆریش ڕازی بوون بۆیەپڕکیشیم نەکرد. کە هاتینەوە عوسمانماڵەکەی بارکردو ڕوویی دوایی مانگێک بەپشوهەڵمالاوی هاتەوە گوتی: هەموو ماتووڕەکان گیراون لە دەست ژاندارمی تورک دایە، داوای پارەی کرد و 50هەزارم دایە دوایی ماوەیەک گەڕاوەگوتی: پارچەم لە جیاتی وەرگرتووە هێندیکم بۆ هاتۆتەوە عەلی خانی بۆ ناردبووم کەماشینەکی کەچە چەپڕەکی پێ بوو. بۆخۆشی گوتبووی دڵم ناروات،کەعەلی خان هات ئەمن لەگوندی گردکاشان لەماڵی ڕەشید دورستکاربووم،لەگەڵی سوار بووم لە پشتی کانی سپی ماشین نەچوو دەندە چوو خەلاسی بەپێچاندا سەرئەنجام ئەمنی هەڵداشت وبۆخۆی وەرگەڕا کەلەشوینی دیکە ئاماژەم پێکردووە نامهەوێ وەردی دەمەوە، هیشتا برینەکانم سارێژ نەبوون. هەرلەناوجێ وباندابووم عوسمان هات پێموابوو بۆ سەردانم هاتووە بەڵام ئەوجار بەرنامەیەکی دیکەی بەدەست بوو گوتی: هێندیک پارەی بە میس داوە ئەوکات مامەلەی مەنەجەل میس دەکرا،ئەویشی لەباسگای سێ کانی لێگیراوە قەولی پارەی داوە 20هەزارم دایە ڕۆیی و دوای حەوتووک هاتەوە گوتی: پارەی تەقولبی کڕیوە لێێ گیراوە ناوی منی گوتووە. بەڵام بەپارەنەجاتی دەبێت لەترسی خۆم عیلاجم نەمابوو پارەشم خەلاس ببوو مەجبوورزێری خیزانم دانێ لەکۆڵەخۆم کردەوە،. بەلی ئەمە پیاوەئیسلامیەکەی کە ختمی قورئانی دەکرێ!، ئەوە نوێنەری حیزبی دیموکڕاتیش بوو لەناوچە گۆیایارمەتی خردەکردەوە. کە سەری خۆم خویندەوە هیچم نەمابوو دەگیریش کەوتبووم. عوسمان زۆری دیکەی والێکردبوو. جارخۆی بەگرتن دەدا جارەبوو بەمهدی مەوحود. گیڕانەوەی ئەوشتانە چ کاری من چاک ناکات. بەڵام بەشقی سەرمەشقیک بێت بۆ ئیدیکە هەڵنەخەڵەتین! لەو پارەانە کەئەوکات خانووبەریان پیدەکرا هەنۆکە چ بایەخی نەماوە هیچم وەگیرنەکەوتەوە،کاڵەم دڕاوچم پێ نەبڕا.

(ماڵەکەیان چۆن لێدزیم)

ساڵی 1338ی هەتاوی بوو لە هوتیل جهانمای ورمێ بووم کە جەعفەربایەزیدی هات گوتی شەوێ دیکە ماڵەکەیان دزیووی هەرگەسکیان لێداوە،گۆیا ماشینی خاوەریان هێناوە وەبەریانداوە گوتم دەی ئەوهەموو جینارەکەس نەیگوتەو بەشەوە ئەو ماڵە بۆ کوێ باردەکەن؟ ئاخۆ کەس نەیناسیون گوتی: زۆرم پرسیارکردوە سۆراخم نەکردوە ویدەچی کۆمەڵە ئەوکارەی کردبێت !چونکە شتەکە بۆ دزی نەدەبوو ئەوە کەڵەزەڕی بوو! هاتمەوە چوومەکۆمەڵە! خۆیان بەسویندو قورئانان گول وکویرکرد. چوومە حیزب ئەوانیش سەریان سوڕما، سەیرئەمەبوو لەو هەموو دەروجیرانەکەس ئەوماشینە گەورەییەی نەدیبوو! ئەوکات ماڵی مەحموودزادەو هاوسێ بوو وماڵی حەمەدین ئاغای قادری باب خالاوە، دیوارەبەدیواری ماڵی ئێمە بوون، ئەوخانەوەی کە ئەمن تیدابووم هی کابرایەکی ژانداربوو چونکە لە ترسان دەیەویست بیفرۆشێت داوای 15هەزاری لێدەکرد لەڕاستیدا مفتەبوو بەڵام ویژدانم ئیجازەی پێنەدام لەهەل ومەرجێکی ئەوها کەبۆ کابراهاتبووپێش سەرمایەیی ژیانی خۆی ومنداڵەکانی لەدەست دەربێنم، پارەکم دایە و لیم بەڕەهن گرت.

ئەوش بڵێم ئەوەلەتف ومحیبەتی سمایل خانی زەرزای سینگان وکازم خانی زەرزا بوو کە قەت لە بیر ناکەم لەو ڕۆژەدا کازم خان هاتەلام وتفەنگی خۆی بۆ هێنام وگوتی: هەتا دەکرێ بالەلات بێت. ئەوکات هەردووک لە کۆمیتەی شنۆ کاریان دەکرد. هێشتا حکوومەت لەگۆڕی نەبوو حزبیش دەفتەری لەوێ نەکردبۆوە. ئەوان و کاک مرادقادری وکاک نەبی قادری وچەند کەسێکی دیکەی خەڵکی شاری شنۆ کە پێکەو ئەو کۆمیتەیان پێکهینابوو سەرافەتی شاریان دەکرد. خولاسە لە مەڕ دزینی ماڵەکەم هەرچەند فکرم دەکردەوە ئەوگرێپووچکەم بۆ نەکراوە، دوایی قەدەرحەیامیک هیندیک شتوومەکیان لە ئالیاوەی شیخان بینی بوو زانیم دەستی خۆیی تیدابووە ئیدی بەڕەم لە سەرهەتیوان هەڵنەداوە. دیارەپیویستیان پێ ببوو لەماڵی منیشیان باشترو مفتەتر وەگیرنەکەوتبوو. دەزشیانزانی ئەمن گویم بەوشتانە نالەقێ، خێرا کەلێنەکەی پڕدەکەمەوە. تەنیا ئەوی بۆی بەخەم بووم نەک تەلەوفزیون ویەخچاڵ چەند پارچە فەڕش شتوومەکی دیکی بەقیمەت، بەڵکوو دوو دەفتەری بیرەوەریەکان وهیندیک شێعر بوون کە بەرهەمی دوایی زیندان بوون،بیرەوری زیندانیشیان تیدابوو. زۆریان شتی بەنرخ تیدابوو. کە بەڕیکەوت ڕۆژومانگ وساڵ نووسیبوم ناوی گەلێک لە دۆست و ئاشنایان تیدابوو دەکرا بۆ مێژوو کەلکی لێ وەرگیرێ کە هەنۆکەش کەلینی لە نوسینەکانی مندا دیارە. حازربووم پارەیەکی دیکەشیان بە دەست بدەمێ دەفتەرەکانم بۆ بنیرنەوە بەلام کەس حازرنەبوو ئەم تاوانە وەستۆ بگرێ، لە ڕاستیدا ئەمەکاری کۆمەڵە نەبوو بەڵام کۆمەڵە ئەوەندە ئاژاوەی سازکردبوو مرۆڤ لەناو ئەم دوولایی و هەزارەیەدا خۆی لێ ون دەبوو، هەموو ڕۆژێ لە شارەکان خەڵکێکی هەژاروبرسی کۆدەکردەوە حالی دەکردن کە هۆکاری بەخت ڕەشی وان ئاغاکان بوونە و هانی دەدان بەتایبەت لە دێهات دژی ئاغاوەت بجۆڵینەوە زەویەکانیان دەست بەسەردابگرن، ئاغاوەتێک کە نەمەڵکی مابوو نەژیان،دەجا تەڕو ویشک پێکەوە سوتابوو ڕۆژنەبوو لە شارەکان مێتینگ سارنەدا،ئەوقسە و دورشمانە بەگویی خەلکی ناحاڵی دەسریوینی،لە جیاتی ئەوەی بۆ یەکیەتی خەڵکی کورد دژی کۆماری ئیسلامی ومافی چارەنووسی کورد هەنگاوهەڵبینیت بە فیتی ڕەگەزپەرستەکانی تورک وفارس ئەوبەزم وهەرایە ببووکاروپێشەی،و ساماندارەکانی شاریش بۆ وەی لەچەنگ ئەم پرپاگەندە ڕزگاریان بێت هەریەکە کوڕەکی خۆیان وەگەڵ کۆمەڵە خستبوو. ئەوانیش لاسای ئەم برادەرانەیان دەکردەوە ببوون بەپشت وپەنای چەوساوە! حیزبی دیموکڕاتیش لە شنۆ کاک سەید وەفای کردبوو بەرپرسی ئیسلاحات، ئەویش دەستووری باغ ومێشەبڕینی ئاغاکانی دابوو کاک سەیدوەفا نەلەمێژووی کوردچ ئاگاداری هەبوو،و نە ئاگاداری دۆخی کۆمەلایەتی ونە پسپوری بەشی ئیسلاحات بوو تەنیا غەرەزوبوغزی ئاغاکانی خۆیانی کردبوو بەهەوینی ئەم کردەوەیە، دەجا هەمووی بەگەزو نیوگەز و سێرەچاوی خۆی لێدەڕوانی، لە ڕاستیداتۆڵەی خۆی دەکردەوە،کەچی بەمە زەبریکی توندی لە بەدەنەی حیزبی دیموکرات دا، عەجەمی نەغدەش بەودارو بارە کە سەیددوەفا دەبیڕین خەنی بوون، حیزب بە درەنگەوە لێ پیچاوە سەردەمێک زیندانی کرا بەلام بەگرتنی وی نەباغ ومیشەی بڕاو چەقەرەیان داوە نەئاغای هەلاتوو لە مۆلگەی جاشەتی گەڕانەوە،نەتۆی تەفرەقەی بۆ ئارام بۆوە،کە دوایی بۆخۆشیان هەتلەبوون. هیودارم ئەو ئازموونانە لە مێژووی کوردەواری کاریان لەسەربکرێ ودووپات وچەند پات نەبنەوە.

**(هەوەڵین گروپی پیشمەرگەلەشنۆ)**

ئەوکەسانەی بۆ هەوڵ کەڕەت لەشاری شنۆ چونەڕێزی پێشمەرگە سەردەمیک وەکووسەرلک دەوریان هەبوو بریتی بوون لەوچەندکەسە:

1-شەهید محەمەدکوردنیژاد ناسراو بەمحەمەد پیرەژن

2-ڕەمەزان عەجەم کە زاوی یەکێک لەزەرزاکان بوو

3-کوڕەکانی سەید حوسینی شاوانە کەناوەکانم وەبیرنەماوەن

4-محەمەدی بەسەخانمێ لە قورۆشاوە.

دوایش زۆری دیکە بوون بە پێشمەرگە بەداخەوە ناوی هیچکامیانم نایتەتوەبیر. قادرەسوریش لەگەڵ کاک محەمەد بوو. بەڵام محەمەدپیرژن کەلەناوپێشمەرگەی پارتی لەشەڕی ئەیلوول ناوبانگی هەبوو. شارزاتر لەهەمووان بوو. کە بەداخەوە لە شەڕی کەڵبی کۆیک بەگوڵەی کالبرپەنجای تانگی (سەروان سوسن ئابادی) ئەو دڵە گەورەییەی لەکۆتان کەوت و شەهید بوو. کوڕەکانی سەیدحوسینیش یەکیان لەناوەچەی دەشتەبیل بە دەستی یوسف جاشی ئەحمەدبەگ نیعمەتی شەهید کرا،دیارەئەوانیش بەنۆرەی خۆیان لە بەندی ورمێ بەدەست ئەحمەد بەندەیی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات کوژرانەوە. و محەممەد بەسەخانم دوایی چەکی دانا، سەردەمیک لە میراوێ مەلاخەلیل بوو دوایی گوییبس بووم ئاوای ئەو دیو ببوو پاشان خۆی تەسلیم بەکۆماری ئیسلامی کرد. ڕەمەزانیش دوایی چەکی دانا. هەروا مەولودعوقاب پەنجە بەحەقیقەت ڕۆڵیکی ئیکجار هەڵکەوتوو بوو بە لەژێرئەشکەنجەی جەلاّدانی کۆماری ئیسلامی شەهیدکرا. مەلاعەمەر ناسراوبە باشوو ماوەیەک داویی تانگ گرتن، بەسەربۆسەی پاسداران هەڵدەبێت، بە دەستی پاسداران گیرا تیرەباران کرا. و گوندەکانی گردکاشان و شاوانە لەناوچەی شنۆ شەهیدێکی زوریان دا.

**(ئەوئاغایانەی کەچەکیان لەحکوومەت وەرگرت)**

سولیمانخان زەرزا،بەپرس ومشوەڕەت لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چەکی وەرگرت، بەو نیازە کە ڕژیم ئیدی ناتوانێ کوردستان داگیربکات چەکەکان بەمفتە دەخوات. بۆیە ئەوکات کە شنۆش لە بەر دەستی حیزب دابوو کەس گازەندی لەسەرنەکردو شەرعیەتی پیدرابوو. دوایی کە دەیانەویست چەکەکانی لێوەرگرنەوە بەدەفتەری سیاسی خەبەردا ئەوانیش کاک کەریم حیسامیان نارد و ئەویش چەکەکانی وەرگرتنەوە بەڵام تەحویلی فەرماندەری ناحیەیی کاتی سەرهەنگ شەهابی کردنەوە. هەتابۆ سلیمان خان گیروگرفت دورست نەبێت. هیندیک ناحاڵی هەنۆکەش ئەوقسانە باوەڕناکەن بۆوەی بیکەنە پەڕۆشینکە درۆ دەلەسەی بۆ هەڵدەبەستن. جارێک لەخۆیان ناپرسن کاتێک شنۆ بەکردەوە لە دەست پێشمەرگەی حیزب دابوو تاکە پاسدارێکی لێنەبوو چلون دەکرا چەندتفەنگیک ئەوها وەربگیرێ! بەڵام خۆ ئەوکات زۆرکەس خەریکی چەک وەگرتن لەئیراق بوو. یەک لەوان میرزا میزاسەلیم سەلیمی بوو کە چەکەکانی لێگیران و دەنگۆی لە سەربڵاو بۆوە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە سیاسەتی حیزب بوو ئەو چەکانە بەئیجازەی حیزب وەردەگیران، داستانەکەش ئەمە بوو حیزب پێیخۆش نەبوو چەک لە حکوومەتی ئیڕاق وەربگرێ و دوایی وەک یەکیەتی نیشتمانی و پارتی ببێتە وەرگیڕکەی بەعس! دەجا بەعس کە بەنهێنی خەریک بوو چەک بداتە سەرۆک عەشیرەتەکانی ئیران و بە کژ ئیرانیان داکات،ئەوهەلەکەی قۆزتەوە. ئەم ئازموونەی لە جاشەکانی ئیراق وەدست هینابوو. عیراق نزیکەی سەت هەزارجاشی هەبوو. و ئەم چەکانەش تەنیا بەسەرۆک عەشیرەتەکان دەدران. لیرەدا جاشی ئەودیو دەست و دەوری هەبوو. گوزارشتی جاشەکانیش بەعس جیگای متمانە بوو کە ئەوان هەرکەسێکیان بەناوی عەشایر پێ ناساندبوان، بەعس چەکی دەدایە. ئەوچەک وتەقەمەنیە پارەشی لەگەڵ بوو. دەجا حیزبی دیموکڕات لەم هەلە کەلکی وەردەگرت بەڵام جاشی ئەودیو ئاگاداری ئەم مەسەلەی نەبوو. دەنا ئەوانەی کەبەناوی کرێبار ڕەگەڵ بارەکە دەکەوتن لایانگرانی حیزب بوون. کابراش بەئیجازەی حیزب ئەم کارەی دەکرد و پشت قایم بوو. بەڵام مەسەلەکە،یکجارنهینی بوو. بۆیە کە ماڵەکە دەگییە سنوور، بە ڕەواڵەت تاقەت دەکرا و پاشان حیزب کە شوینەکەی پێدەزانی دەیدۆزیەوە و دەبوو بە هەڵڵا! هەتا دوایی حکوومەتی ئیراق لەم کابرایە زەنین بەنبێت لێی نەپێسێتەوە! دەجا لەم چەکانە بەشیک بەکابرا دەدرا کە دەستەبەری کردبوو بەشی زۆریشی بەپارەکە وە دەدرابەحیزبی دیموکرات. ئەمە نەتەنیا حیزبی دیموکرات، بەڵکو و کۆمەلە وخەباتیش دەیانکرد. لە شنۆ میزاسەلیم سەلیمی چەند کەڕەت ئەم کارەی کرد دوایی حاجی صالح و کاک مرادی گردەسووری دەستیان پیکرد. پاشان حاجی محەمەد چەپانی دووکەڕەتی کرد. لە کۆمەلەش هەتا مامۆستا مەلاجەلال برای مامۆستا عزەدین بەم شیوەیە زۆری چەک بۆ خەبات هێنا، دەجا ئەوە

لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش وەرگیرابوو خەریک بوون لە هەردی هەڵسوون بەڵام هێندیک ناحالی گەورەیان کردەوە شتەکە سەری نەگرت.

## (ماڵی سەرهەنگ کەریمی بنکەی لێقەوماوان)

ساڵی 1358 بوو. مەلا ڕەسوی ڕویتەن و سمایل خان ومامەند ئاغا و عیسەمەت خان بەگشتی لەماڵی سەرهەنگ کەیمی بوون. خیزانی سەرهەنگ پوریان بوو، سەرهەنگیش ئەمری خوای کردبوو خانوبەریەکی مەزن زیدەترلە بیست هۆدە. حەوشەکی گەورە کە دەبوایە ڕمبازیت تیداکردبوایە. کوڕەکانی سەرهەنگی دوویان دکتوور بوون مالیان لە ئاڵمان بوو تەنیا جەمشید لە ئیران بوو ئەویش لە تاران لەماڵەکونەکە دابوو کە لە هی ورمێ مەزنتر بوو. بۆخۆی بەپەریچهری خیزانی و چەند منداڵ. بەمشیوەیە ماڵی سەرهەنگ مەکۆی دەرکراوان و هەڵاتوان بوو. لە شنۆ گیرە شێونی زۆربوو. ئەوهەی کەچە تفەنگێکی هەبووایە گویزی لە هەمبانەی خوی دەژمارد، حیزبی دیموکڕاتیش بەهۆی گێرەشێونی فارس و تورکەکانی ڕەگەزپەرست کەکورستانیان کردبوو بەستێنی خۆیان و تیدا هەڵدەسووران،کۆسپ وتەگەرەی کەوتبوو بەر، حالیبونی ئەم دەستەوگروپانەش سانایی نەبوو لەوە خەراپتر ئەوەی دووپیتی لەتەکی عاڕەبی خۆیند بوو نەیدەزانی سەری دوو بەنان پێکەوگریدا لە ڕژیمی ئاخوندی وەسەر قاڵدڕمە خستڕابوو. لە بەرچاوی خەڵکی ڕەجاڵە مەزن وخاوەن ئیحتوبار بوو، مەلاکانی کوردستانیش بگرە سوختەکانیش بەدوای ئەم دەسەڵاتەدا عەوداڵ بوون. شێخەکانیش بە یاهۆی دەرویشان پەیتی بوون. هەمووشت ڕەنگ وڕووی گورابوو هەموو ئاخافتنیک شی کردەوەو لێکدانەوەی هەڵدەگەرت. مەسەلەن مەلامحەمەدگاپیس، ببوو بەحجت‌الاسلام، چونکە مەزەبی گۆڕیبوو ببوو بە شێعە،لەلام من ئەمە شتیکی ئاساییە کورد لە هەر قەوارەکی دابێت هەرکوردە،تەوفیری شیعەوسوننە بۆ مرۆی ڕەجاڵەو نەخویندەوارو نائاگا بە مێژوو، و یان دەمارگرژی مەزەبی سەیرە، دەنا لە ئەسلدا پێغەمبەر نەشێعە بووە نە سوننە،کەسیش بەقەبوول و نەهی یەکیک لە چوارخولەفای ڕاشدین کافرنابیت،شتاقیش بەلەفزی پێغەمبەری جێنشین نەبوون، لەم بارەهیچ کام لەقسەکانی سوننەو شێعە ڕاست نین. ئەگەر لە لەڕەوانگەی مێژوو لێیبڕوانی بە پێچەوانەیە. بەڵام کورد نەتەوەکی کۆنە بریتی لە شێعەو سوننە و یەزیدییە،نموونەکەی چەند میلیون کوردی شێعەی وعەلی ئوللە، زاناو پسپوری هەرمەزن وگەورە عالمی بە ناوبانگ وفرەزانان زۆرئەرمەنی وجولەکەش کوردن. دەجا تەنیا کوردبوون گرینگە، دەنا دەین و مەزب شتیکی ئیشتایە کەس ناتوانی پێشگیری لەکەس بکات، کوردیش بەمەزەب لە نەتەوە ناشۆڕیتەوە، ئەوەتا یەزیدی کە زەڕدەشتین و ڕەسەنترین کوردن،لەڕاستیدا سەتان کوردی جوولکەو ئاسۆڕیمان هەیە،ئەمانە شتاق زەبر لە نەتەوەی کورد نادەن هەموویان پەیوەندیان بە کەسینی خۆیانە،دین لە مانادا یانی حیزب ئەوکات لە جیات حیزب دینیان داناوە،بەڵام لیرەدا هەتا ئەو جێگایە کە ئەمن مەلامحەمەدی دەناسم ناوبراو باوەڕی بەو شتاوانە نەبوو،تەنیا بۆ ژیانی خۆی وای بە مەسلەحەت زانی،مەلامحەمەد هەرچەند سیوادی کەم بوو بەڵام ئاقڵی ئەو فەندو فێڵانەی زۆربوو. زانین وتیگەین و هەڵسوڕان بە سیواد و خویندەواری نییە، دەیان خویندەواری باش و زاناو پسپور تووشی هەڵەی وادەبن منداڵیک خۆی لێدەپاڕیزی. هەرکەس جورە ئاقڵەکی هەیە یەکێک ئاقڵی کاسبی، یەک ئاقلی قسەکردن و تەبایی، یەکێک هی زانین و فەن و سەنعەت. مەلایەکی وەک خۆمەینی هەموو زاناو فیلیسۆف و پسپورو فرەزانای ئیرانی فریودا،مامەسورەی پێکردن و لە سەرپشت لە هەردی دان. بەڵێ لەوبنکەیەدا مەلاڕەسوی ڕۆیتەنیش دەیەویست هەڵسووڕێ،بەلام بواری بۆ نەدۆزرابۆوە لەنەکاو فڕۆکەکانی ئیراق زیندانی حیزبی دیموکڕاتیان بۆمباردۆمان کرد هیندیک زیندانی کوژران یەک لەوان کوڕی مەلاڕەسووبوو. ئیدی پسولەی مامۆستا برەوی پەیداکرد تەکەی کەوتە دەست. خانوبەرەیەکی لە ورمێ کرێ حەجی کرد ماشینیکی سفرکیلۆمێتری کڕی کە جارو بارخێزانی دەیهاژۆت لەولا لەم لاش دەرئامەدی هەبوو. بەڵام ئەو سەرو بەند خەڵکەکی زۆر وەکوو غەوارە لە ورمێ مابوونەوە، کە جیرەی مانگانەیان لە هیلالی ئەحمەر وەردەگرت،بەیانان سەفی خەلک بۆ دانەویلە هەتا ئیوارەی دەگرت . هۆیەکەشی ئەمە بوو ڕژیم

دەسەڵاتی بەسەرکوردستاندا نەدەشکا، ئەوەی ژیانی باش نەبوایە کەدەگەیە ورمێ درۆیەکی بەناوی زیدی ئینقلاب
ڕیکدەخست و ژیانی خۆی پێدەکرد، لایەکی دیکە شەڕی ئیران وئیراق بوو. فرۆکەی ئیراقی ڕۆژنەبوو شارو دەورو بەر
بۆمباران نەکەن شارشڵەزابوو،دەڵەت لە هەمووشارەکان خەریک بوو لە شەقامەکان بۆ حاشارگا ڕەهەندی لێدەدا.
بەڵام فرۆکە فرزەیان لە کارگیڕان بڕیبوو، خەڵکیش ئەوکات ئەوهیندەیان لە سەرخومەینی حیساب دەکرد لە یارمەتی
بۆ جەبهەی شەڕ هەمووشتیان بەلێشاو دەهێنا و تەسلیم بەهیلالی ئەحمەریان دەکرد بەڵام ئەگەر ئەوان بەتیلەکەیان
دەهێنا، دەست وپێیەکان و لاتوورپاتوور بە ساقۆڕ دەیاندزی، ئەوکات شیخ عەبدولڕحمانی بەرزنجی کە بەخشداری شنۆ
بوو هاتووچۆی شاری ورمێی دەکرد. شێخ هەمووڵایەکی بەقسەڕاگرتبوو مەجبوردەبوو لە هێندیک شوێن خوارەپێچە
بکات. شیخ نەوەی شیخ سمایل وکوڕی شیخ مارف بوو ڕێزوحوڕمەتی زۆر بوو دەورەیەکیش بۆ بەنوێنەری مەجلیس.
بەڵام سەرئەنجام بەیتوانی هەمووڵایەک وەک یەک قانع بکات. پیاوی دووزمانیش هەبوون. خولاسە وەک بەرێ
ئامازەم پێکرد دوو شووتوی بە دەستێک بۆ هەڵنەگیران و بەدەستی حیزبی دێموکرات گێرا و بەندی کرا. خیزانی ساڕا
کیژی سەروەری زۆری حەول بو دا سەرئەنجام ئازاد کرا و پلەی بەرز بۆوە ئوستانداری کاتی ئاغای حەق گۆ بوو. ئاغای
عیسمەت خانیش لە هیلال ئەحمەر دەشوغلی، ئاغاکانی ڕەش وڕوتیش خەریکی ئەم جۆرەکارانە بوون کە شتیک
بپچڕنەوە ژیانیان پی دابین کەن. دەستەیەکیش لە دەست پێشمەرگەی کۆمەڵە هەڵاتبوون، بەردەرکەی شیروخورشید
وەبەر نەدەکەوت، یارمەتی عەجەمانیش بەلێشاودەهات، ئەو خەڵکانەش کە بەناوی دەرکراوو لێقەوماو ناویان لە
لیستە نوسرابوو ئازوقەی خۆیان لە هیلال وەردەگرت. مەلامحەمەد گاپیس کە دەوکاتیدا ببوو بە
مەلامحەمەدا ۠ثناعشری(دوازدوئیمامی)،لەگەڵ حاجی جەعفەرخان زەرزا و عەزیزی زەرزا دۆست، چووبوونە تاران،
زۆریان شتوومەک بەناوی مردوو زیندو هێنابوو لە کاڕێژی ماڵی جەعفەرخانیان دانابوو دەیانەویست کەس بوونی
نەکات. دوایی بەدڵنیایی لەخۆی داروبەش بکەن، هەڵبەتە ئەمە هەموو شەقڵ و شوێن پێی مەلامحەمەدی
پێوەدیاربوو. ئەو ئاغای کەڕوبی و ئایەتەڵڵا مونتەزیری دەناسی، ئەوانیش هەمووکارەبوون. مەلامحەمەد بەو
اثناعشرییە، کرابوو بە بەرپرسی بنیادی شەهیدانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. شاقل وعەبای لەبەر کردبوو ناسناوی حجت
الاسلام یان پێ بەخشیبوو. جگە لە شڵەو قوڵە دەیان مەلای عەبادریژی لێهاڵا بوو. بەهۆی پارەکەی وەپێشەخۆیان
دەدا، بنکەشیان لە ورمێ مێونخانەی جیهانوما لە شەقامی پەهلەوی پێشوو خومەینی هەنۆکەبوو. کە پاشان لە بۆکان
وشارەکانی دیکەش ملک وماشی کڕی بەڵام چونکە نەیدەزانی چ دەکات زۆری گیروگرفت بۆ دەهاتە پێش ئەمما مەلابوو،
شیعەبوو، سەرسمی دەدا هەڵدەخولیسکا بەڵام خۆی دەگرتەوە. مەلامحەمەد سەردەمێک لەبەندیخانەی تۆپخانە بوو
بەڵام پیاو بەڕاست گوتن ماڵی خەرانابێت مەلامحەمەد لەسەریەک کاری باشیشی زۆرکرد، و قەتیش دژی گەلەکەی و
حیزبی دیموکرات سیخوری نەکرد،ئەمن کارم بەدەنگۆ دانییە. بەڵام بە کردەوە ئەوشتانەی لێ وەبدرچاونەکەوت، دەجا
شیعەبوونەکەشی مەسەلەیەک نییە دین گۆڕین شتیکی سەیرو سەمەرە نییە. هیندیک کەس چون گۆی ژیانیان بسوڕێ
وادەکەن وەک ئامازەم پێکردوە کورد بگرە4ملیون کوردی شێعەی هەیە دەجا مرۆڤ نە بە سوننە پیاو چاک دەبێت نە
بەشێعە خەراپ دەبێت. مروی باش وکوردی پاک ئەوەیە بۆ نەتەوەیەکەی بەکەلک بێت. مامۆستا مەلاڕەسوش
خواهەڵناگرێ پیاوەکی نانخوش وقسەخۆش بوو، لەئینقلابیش دا وەزعی ئابووری نزم بوو مامۆستاش کەیفی بەشتی
جوان وژیانێکی خاوێن دەهات وەک مەلای کروزکەتان نەبوو لە ناوخۆڵەپۆتدا بنوێ، ئەو مەجلیس و کەیف ونەهەنگ
وبادەی نابێ دەویست،پیاوەتی لەبەرچاو بوو. لەو سەربەندەدا مەجیدخانی گورگاوەش کە سەید وەفا هەموودارو بارو
باغەکەی بڕیبوو لە ورمێ نشتەجێ ببوو. مزەفەرخان و سادقی کوڕیشی کە ئالیاوەیی سەروگۆێلاکیان شکاند بوون،
خەریکی ئەو بەرماوخۆریە بوون. دوایی کە مەجیدخان پایەگایەکی سازدا لە وێ دەشوغلین، دیارە کاک ڕەشیدبداغیش
هەرلەگەڵ بنەماڵەکەی و کوڕەکانی لە ماڵی سەرهەنگ بوو. لە حەوشە چادری هەڵدابوو ئەو دەستەو دەیارەیە
لەپایەگایەکدا خۆیان دۆزیەوە بەناوی پێشمەرگەی موسڵمان! سەردەمێک لە ڕەخ گۆلی ورمێ مۆڵگەیان هەبوو دوایی

گویزراوە مەهاباد، لە وێ سادق بوو بەموخبیر لەگەڵ پاسدارەکان کلکی لێکهاڵاندبوو. ڕاپۆرتی لە مەجیدخان دابووە کە کاکەوبرالەی لەگەڵ حیزب دا هەیە. ڕاچاندنی تەونەکەشی بۆ شی کردبوونەوە،ڕاستیشی دەکرد. مەجیدخان لەگەڵ سەرهەنگ قادری کاک ڕەحمان کەریمی کاک محەمەدی جوانرو، و سەرهەنگ عەلیاری و گەلیکی دیکە دۆستایەتی هەبوو. بەڵام هەل و مەرجەکەی ئەوهای بۆ بۆزخواردبوو، سوپای پاسدران کە لە کەرێک دەگەڕا پێوەناڵێکی پێوە بێت، مەجیدخانی زیندانی کرد، مەلامحەمەدیش هەرچەند زاوای مەجیدخان بوو بەڵام وەک دەیانگوت: باشی بۆ تێچاندبوو ماستاوەکی ئەوها خست وخۆڵ کەوچکی تینەدەگەڕا. مەلاڕەسووش بەشی پروپاگەندە، کاک حەمەدمین بەداغی ئیتلاعات، کاک ئەحمەد بداغی تەدارەکات، مەلامحەمەد بەشی ماڵی بوو، خوسرەوخان وبرایمە سوری ئاسناوێ و سمایل مەمۆی چەندکەسی دیکەش نەفەر بوون،دوایی کە تیکەولێکەی نێوان خۆیان هاتەگۆڕ و شتی تریش، سازمانی پێشمەرگە هەڵوەشاوەڕا گەیاندرا کە سەر وەئاەتوڵڵا مونتەزیری بوو. سادق ئەسکەندەری کە ناوی خۆشی نەدەزانی بنووسی بردرا بوو بەشی ئیستخباڕات، ناوبراو خەڵکەکی زۆری دەناسی وچاویشی لەکەس نەدێشا،گوتبایان بقڕینە دەیقڕپاند وگوتبایان بفرمێنە دەیفرماند، گوتبایان بزڕێنە دەیزڕپاند.گوتبایان بمرڕێنە دەیمرڕاند.

**(ئاغاکان بۆچوونەناوحکوومەت؟)**

ئەمن نامەوێ دیفاع لە جاش بکەم پێشم وایە هەرکەس چەک لە داگیرکەرانی کوردستان وەربگرێ دەشانی بکات خەیانەتی کردوەو ناکرێ بۆی بشۆیەوە یان بە قیلە شەرع بۆی پینە بکەی. بەڵام لە سەرئەوەش ڕا نابێت گوللە بە تاریکە شەو وەبنیین،و بەمە هەڵەکانی سازمانەکان و حیزب چاوپۆشی لێبکەین و کردەوەی کارگیرانی بێ ئەزموون و هەلپەرست و نامسئولی سازمانی کۆمەلەو حیزبی دێموکرات هۆکاری سەرکی ئەو تەفرەقە و ڕوینی بەشیکی زۆرلەو عەشیرەتانە بۆناوباوەشی کۆماری ئیسلامی بوو. بۆیە دەڵێم بەشیک، چونکە بەشێک لەو ئاغایانە هەرلە ناتۆرەوە مەگیرانیان لە خەیانەت دەکرد، بەڵام هینديک زوڵم وناحەقیان لەگەڵ کرا. جگە لەوانەش حیزبی ناوەڕۆکی پەیرەو پرۆگرامی حیزب و خەباتی خۆی بە تێرو تەسەلەی بەگویچکەی خەڵک ڕانەگەیاندبوو هەتا بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانیش بە ڕەشهاویژ ڕەگەڵ حیزب کەوتبوون و فەرقی نیوان حیزب ودەوڵەتیان نەدەکرد، چونکە ئەگەر بە پێچەوانە بوایە، ئەوەی تفەنگی پێشمەرگایەتی لە شان دەکرد جارێکی دیکە خۆی تەسلیم کۆماری ئیسلامی نەدەکردەوە، نەدەبوو بە پاسدار و کارگێڕی حکوومەت! لە حاڵێکدا بە داخەوە دەیان پێشمەرگە ئەوکارەیان کردو لە دواییشدا دەسەرکردەوکانی خۆیان گەڕان و بە دەستی کۆماری ئیسلامی ئیعدام کران. کۆماری ئیسلامیش ئەوها بێ سەروبەرەبوو کەس نەیدەزانی چ دەکات. لە شەقامی هەمووشارەکانی کوردستان هەتا کۆچەو کۆڵان وگەڕەک، بەدەیان سەنگەریان لەتەلیس سازدابوو،و پاسدارخۆیان تیدامەلاس دابوو. ڕۆژکورت و دریژ لە هاتووچوبۆ ماڵەکانیان لە خەلکیان دەکۆڵیەوە جل وبەرگیان دەپشکنین، بەتایبەت سەعات 8ی ئیواری هەتاڕۆژهەڵات گەران لە ناو بازاروگەڕەگ مەترسیداربوو لە خۆڕا تەقەیان لە خەلکی دەکرد ودەیانکوشتن و ئاوئاو دەچوو! هەرلێپرسینەوەی نەبوو! ئەو جارئەو چەکدارانەیان لە شارەکانی قوم و زاهیدان و تەوریز هێنابوو، بگرە هی واهەبوو نەیدەزانی کورد چیە؟ واشیان بۆ شی کردبوونەوە کە هەرکەس کوردبێت ئەوە کافرە! دوژمنی ئیماکانی شێعەیە و خوین وسەروماڵیان بۆ حەڵال کردبوون! خەڵک لە دەستیان وەتەنگ هاتبوو، هەزاران کەسی بێ تاوانیان لە بەردرگای ماڵی خۆیان کوشت! سەرجەمی خەڵکی کوردستان شەوانە زیندانی بوون،ئەوجار لە ڕیووبان هەرمەپرسە! بە درێژایی ئەو ڕێگا شۆسانە سەنگەری بەتەلیس هەڵچنرابوون، ناو تەلیسەکانیان تەژی لەخۆڵ کردبوو کە گوللە تیی نەچیت. هەموو ڕیوبارو ماشین شیش کوت دەکران. ئەوانەی کە ماڵیان لە دێهات بوو سەبینان دەهاتنە شارلە دەیان شوێن ماشینەکانیان دەگەڕان، داوای پێناسیان لێدەکردن ئەوەی نەیبوایە ڕایاندەگرت زیندانیان دەکرد. ئەو جارفیربببوون تەقەیان لەماشینان دەکرد ڕۆژنەبوو دەیان کەس لەکوردستان ئەوها لەهیچ وخۆرایی نەبن بە قوربانی. جا وەرە ئەتۆ خەڵکی وڵاتی خۆت و

دانیشتووی شارودیهاتی خۆت، نەوێری لەترسی پاسداری عەجەمی شارەکی دیکە پڕبەپێستت بجۆلێیەوە، بۆ چونەماڵی هاوسێ وجیناری دەرکاو دەرک تەفتیشت بکەن! گازەندەش باوی نەبوو خۆپێشاندانیش تەقەی لیدەکرا. بەتایبەت تورکی نەغدە کە ئەوانەی ڕەجالەو نەزان بوون لەکۆمیتە هالابوون یان ببوون بەپاسدار بە قسەی مەلاکانیان جگەلەوەی کە فێری گورگەمێش ببوون کوشتنی کوردانیان پێ خەزابوو! هەر لەو تەرە لاوانەشیان بە ئەنقەست لە شاری شنۆ وپیرانشارو بۆکان ومەهاباد سەرجەمی شارەکانی چوارپارێزگای کوردستان بەناوی ئیستخبارات وەک بەرپرس دانابوون! یانی مەڕیان بەگورکی ددان تیژ ئەسپاردبوو! ئەوناحالێ بیسیواد و گەلحوو خەشپۆشانە لە چ بێ حەرمەتی و کوشت وکوشتار دەستیان نەدەپاراست. نابێ ئەمە بە حیسابی خەڵکی تورکی نەغدە دابنرێت، چونکە قرە پاپاخاغ‌ی نەغەدە خۆیان بەکورد دەزانن و خەڵکی تورکی نەغدە بەدەیان کەس لەگەڵ کوردان خزمایەتیان هەیەو کیژیان دەوەتنێ وکیژیان لی خواستوون، بە درێژایی مێژوو. ئەم پیلانانە فیتی حکوومەتەکانیان بوو نەک مللەتی تورک. ئەوەتا لە کۆماری مەهابادو تەورێز پێشمەرگەی کوردو فیدایی تورک پشت وپەنای یەکدی بوونە، پەیمانی حکومەتی پێشەوەری تەورێزو کۆماری مەهاباد شایەتی زیندوون. بەڵام ئەوانەی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی، هەتا شەڕی نەغدەیان بەرپاکرد، جیرەخۆری ساوکی شا-بوون مروی خۆ فرۆشی وەک مراد قەتاری یان مەعبوودی بەفیتی زەهیرنیژاد ئەوپیلانەیان گیرا... لەو حالەش دا حیزب و سازمانی کۆمەلە لەگەڵیان لە شەڕی پارتیزانی دابوون. ئەوان چەندیان لە شەڕدەکوشت پاسداروکۆمیتەچی و سارولڵەو بەرەڵلاو دۆدی بودی ئاخوندی دووهێندەیان خەڵکی ئاسای بەتولە دەکوشتەوە،بەڵێ ئەمە حکوومەتی نابی محەمەدی بوو. کە ئەوان داواکاری بەرێوەبردنی بوون. هەنۆکە کە ئەو دێرانە دەنووسم ڕێکەوت 2007/5/28ی زایینییە. 28ساڵە حکوومەتی ناڕەوایی مەندیل وحەمامە حوکمڕانی دەکات، ئێعدام وکوشت وکوشتاروخەفەقان و توندوتیژی وبێ سەروشوێن کردن و زوان هەڵدڕوان هەر لە ئارادایەو حکوومەت خەرێکی کاولکردنی ولات وخەلک بەکوژدانی میللەتی ئیراقە،بە شەو تێکیان بەردەداو پێکیان بەکوژ دەداو بۆمب و چەکیان بۆ دینەو ئاژاوەیان بۆ دەنێتەوە و بەڕۆژ بەڕیوانچیانە! لەلایەکی دیکەش ئەوە ئاغا مگیزی لەبۆمبی ئاتۆمە، مانووڕدەکات و مووشکان هەڵدەدێرێ ئیسرائیل لە سەرزەمین پاک دەکاتەوە، ئەوە ئامریکاش لەکەندواو گوی لێ دەمووتەوە ناوەو ناوەگانەکانی هێناوەن، کەس نازانی سبحەینە چ دەقەومێت.

**(شەڕو گیرانەوەم لەناوچەی سێرۆ)**

سەرەتای زستانی 1356ی هەتاوی بوو، ڕێژیم لە پەلو پۆ کەوتبوو "شا"هەر بەینە سەرۆک وەزیرانێکی دەگۆڕی لە ئاموزگار گەیبوو بە بەختیار. وەزعی ئێران بەتەواوی ئالۆزو شلەژابوو، ورەی خەڵک بەرز ببوو، هەرچەند ڕاو لە خەڵک دابەشین لەگۆڕی بوو، زۆرجار پۆلیسو ئەرتەش هەلبڕ هەلبریان لە شەقامەکان وەخۆپێشاندان دەخست. لە ورمێ کوردەکانی بەگزادە لە ئاخوندەکان نزیک ببوونەوە، تاییەت لە حەسنیو قورێشی. هەودای پڕوپاگەندەی ڕاپەڕین بەکردەوە لە دەست مەلاکان دابوو. کوردەکان بە واردکردنی چەکو تەقەمەنی کۆلەی ڕیژمیان لە پارێزگای ڕۆژئاوا کوتابوو. چەندکەرەت شالاوی ئەڕتەشیان بۆسەر مزگەوت بە پاشداگەڕاندبۆوە. پادگانی نیزامی لەنێوشار لە ڕوو بەرووی دادگوستەری هەڵکەوتبوو، سەرباز لە ستادیان پارێزگاری دەکرد. شەقامی پەهلەویو زەنگەنە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری پادگان دابوو. ژاندارمو پۆلیس لە کاتی پێویستو سەرکوتی خەڵک بۆ تەقە لێکردن تێکەڵ بە ئەڕتەش دەبوون. زور جار تانگو زرێپۆش لە شەقامەکان مانۆڕیان دەدا خەڵک بە وەرێخستنی تەرمی شەهیدانو نوێ کردنەوەی چلە خۆ پێشاندانیان گەرم دەکرد. کاتێک بریندارەکانیان دەبردنە خەستەخانە هەزاران کەس بۆ پێشکەش کردنی خوێن لە شەقامەکان کەڵەکەیان دەکرد. لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو توندو تیژیە هەموو کەس لەماڵی خۆی بۆ هێنانی چەک و تەقەمەنی ڕووی لە کوردستان دەکرد. بەم بۆنەوە زرێپۆش لە نوێژی شێواندا لە سەر ڕێگاکان ڕادەوەستان. هەریەکە

ڕەشاشێکی گەورەیان لە سەربوو کە بوردی 4-5کیلۆمێتر بوو. هێندێک لە فەرماندەری مۆڵگەکان لە درەوەی ورمێ کە قەت بە فکریان دا نەدەهات کە ڕێژێم ئەوها یەکو دوو دڵی لەکوتان بکەوێت هەلیان بە دەرفەت دەزانی بۆ مڵوو مۆ وڕووتاندنەوەی خەڵک شەوانە لە ڕێگاو بانانیان بۆسە دادەناوە. دەجا بە هۆی ئەمە ئەمن و هاوالآن سەردەمێک بوو خۆمان لەو بەرنامە کێشابۆوە ڕۆژێک لە ورمێ لە ماڵی خۆمان دانیشتبووم سێ کەسم لێ وەژوور کەوتن، دوویان خەڵکی گوێ تەپەی مەهابادو ئەویدی بۆکانی بوو. نازانم کێ ئەمنی پێناساندبوون هاتبوون لە گەڵیان بچم چەک و تەقەمەنیان بۆ بکڕم، هەرچەند وەزعەکەم بۆ لە بنی کولەکە دان، گوتم ئیدی کارێکی لەکردن نەهاتووە یەکجار پڕمەترسی یە، دەستیان لە بەرۆکم بەرنەدا، لە خۆتاریف کردندا یەک بەخەنجەر زرێپۆشی دەشکاند ئەوی دیکە بە دەستی بەتاڵ دەبابەی دەگرت. ئەمما لێخوڕەکە لاوەکی 25ساڵانە دەبوو زۆر بە شەرمو بێ دەنگ بوو قسەکانی منی پەسەندکرد، بەڵام ئەو دوو برادەرە کەلەبەرکەسایەتی بنەماڵەکەیان ناویان ناهێنم وەک کەڵەبابی جوغەلێی قیت بوونەوە قسەکەیان بەدەم داداوە. ئەمن دڵم بۆ ئەوسەفەرە نەدەڕۆیی بەڵام بەهۆی کورتەناموسی ڕەگەڵیان کەوتم لەناوچەی (سێرۆ) لەوگوندانەی بەپاڵ یەکەوە سەرمان لە زۆر ماڵان دا کە دۆستایەتیم لە گەڵیان هەبوو. بەڵام چەک و تەقەمەنی نەمابوو هۆیەکەشی ئەوە بوو ئیدی هەمووکەس ببوو بە قاچاغچی، شتەکە گەندی دەرهاتبوو. ڕۆژ نەبوو بە دەیان کەس لەو شۆڕە سوارانە بە دەمانجەو تەقەمەنیەوە نەگیرێن. ڕێژیم بۆ چاوترسان لەو کاتە ناسکەدا دادگەی نیزامی پێکهێنابوو کە وەک ئاشی دەگەڕا. دیفاعی وەکیل (پارێزەر) شتێکی فۆڕمەلیتەبوو. دادگە دەستو جێ حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دەسەپاندن. لە ماوەی مانگێک حوکمەکانیان لە دادگەی بە سەرچوونەوەدا بۆ پشت ڕاست دەکراوەو گوللەباران دەکران. لە ڕاستیدا کەس قەباڵەی کەسی نەدەخۆیندەوە. ئەوەش بڵێم ئەو کات دەمانچە بەجوملە لەکوردستانی باکوور ئاوای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبوو لە سنوری سێرۆ دانەی بە600تومان بوو، کەدەگەیە شارەکان بە4هەتا پێنج هەزار تومەن هەرفڕەی دەهات. بەڵام بێ فیشەنگ بوون هەروەک لە فاکتۆڕی دەرچووبون دەهاتنە کوردستانو تەقەیان پێ نەکرابوو. فیشەنگ بە جیا هەر قوتی 50 دانە لەپاکەتدابوو ڕۆژی بەهەزاران قووتی وارد دەکرا. لەکوردستان ڕابۆ شارەکانی دیکەی ئێران دەچوو لەناوخەڵک بڵاو دەبۆوە وکەڵاش تاق و لۆق لەو دیوی کوردستانی باشووردەهات ئەغلەب بەگزادەکان هەیان بوو. دوایی گەران و سووڕانێکی زۆرتفەنگەکی سەمینۆفمان وەچەنگ کەوت بەڵام فیشەنگی نەبوو لە ڕاستیدا بە ئەنقەست فیشەکیان ڕەگەڵ نەدەخست. بە هەزار پاڕانەوە 5فیشەنگن بۆ پیداکرد، 8 دەمانچەشمان کڕی بەڵام ڕەقەم 8یان دەخوارد،100گوللەمان بۆ لە جێگایەکی دیکە کڕی. یەکیان بە50 گولە ئەمن هەڵم گرت دوو دانەش بۆ وان بە50فیشەگەوە، وەڕێکەوتین هێشتا ڕیگای چارەگە ساعاتێک نەڕۆیبووین لە نزیک پردێک کەوتینە بۆسەی ژاندارمەری بنکەی سێرۆ. لە چەغماخی تفەنگانیان دا گوتیان مەبزوون، ئەمن بۆ ئەوەی تەقە نەکەن گوتم خۆیین. کە شۆفر ماشینی ڕاگرت خۆمان فڕیدا ئەمن بە سەمینۆف تەقەم لێکردن. ژاندارم کە چاوەنواڕی ئەوەیان نەدەکرد تاسانو لێک بڵاو بوونو خۆیان خستە بەرجادە. ئێمە بەچیا هەڵگەڕاین ئەودوو برادەرە خۆیان لە دەمانچەکانی دیکە نکردە خاوەن. کە هەریەک دەمانچەو25 گولەیان پێبوو بوون بە کەروێشک تیرەیان بەستو قونیان دەگولان کرد. ژاندارم خۆیان گرتەوە دەستیان بە تەقەکرد. گەردالێک بەفر بارییبوو لەچیا 10 سانیتین دەبوو هەویە شەوەبوو تریفەی مانگ ئیمەی لە بەرپاڵی چیا کردبوو بە ئامانج. ئەودوو برادەرانە جگە لە وەی کە تەقەیان نەدەکرد، ئاوڕیشیان وەمن نەداوە، دەنا ئەگەر ئەوان لە بستوەکەش تەقەیان کردبوایە ژاندارم ئەوها پڕکیشیان نەدەکرد و مەکە مەکەیان لێ نەدەبڕیمەوە. دوایی مەعلووم بوو کە ئەو دوو شۆڕە سوارە هەتاپێڵاو پاڵتۆکانیشیان فڕیدابوو هەتا لە هەڵاتن سووک بارین. ژاندارم کە ئاگادار دەبن هەرکەسێک تەقەی دەکات کەلەبەر مانگەشەو دیاربوو بۆگەمارۆدانی من بڵاوبوون و لە هەموو لایەک بە ژ3 و یوزی تەقەیان دەکرد. ئەمن بارم گران بوو سمینۆفو6 دەمانچەم پێ بوو نەمدەتوانی بەچوستی وەسەرچیا بکەوم. بەڵام هێشتا نێوانمان زۆربوو وەک بێتە بیرم 27گوللەم پێوەنابوون، گەیمەلوتکەی چیا لێیان نەدیو بووم لە سەرئاودرێک خۆم غلۆرکردەوە. ئەمما

سەمینۆفەکەم لە چاخی نەدیو بوون لە بن بەفر ڕۆکرد، وەدەماچەکانم خستەناو قەفی پشتیند لە ئاودڕەکە شاردمنەوە. هەردەمانجەکەی خۆم لەلاماوە لە بەرتریفەی مانگەشەو سێبەرەی ژاندارمەکانم لەخوارەوە دەدێت کە وەسەر ترۆپ کەوتبوون، ئیدی ئەمنیان ون کردوگەڕانەوە. مەمنا ئەودوو برادەرە دەچنە گوندێک، کە باسەکە دەگێرنەوە کابرا ئەمن دەناسی زۆری قەدری گرتبوون وبربوینەوە ورمێ. بەڵام ئەمن کە ڕۆژگزنگی دا چوومە سەرچەم دەستو چاوم شوشتن بەرەوجادە کەوتمەڕێ بەڵام چونکە بەڵەد نەبووم هاتبوومەوە سەردوو ڕێیانەکەی دوێ شەو کەلە بۆسە کەوتبووین ساعات 8ی بەیانی ماشینەکی ژاندارمەری لە200مێتری منی ڕاگرت دووسێ ژاندارم لێی کەوتنە شوێن گێڕی. زانیم بەهەڵە هاتووم بەڵام چارە نەبوو جێی خۆبواردن نەبوو. هێشتا ماشینی مینی بۆس نەهاتبوو دوو ژاندارم بۆلای من هاتن، گوتیان خەڵکی کوێی؟ گوتم ورمێ گوتیان ئەو شەو لەکوێ بۆی؟ گوتم ئەسکەندەراوە گوتیان بە تەیارە هاتووی؟ ڕاستیان دەگوت خەراپم جواب دابۆوە. باخەڵیان کۆڵیمەوە 40هەزارتومەنی تێدابوو دەریان هێنا دوایی وینەی خومەینیشیان چاوپێکەوەت کە ئەوکات ببوو بەمتفەرک زۆر کەس پێیان بوو. کە ئەوان پێیان دەگوت: (سۆفی).دەستیان لە سەروان ڕاوەشاند ماشینکی دیکەش پڕ لە ژاندارم بۆ گەڕان هاتەسەرشوێنە کە لێم کۆ بۆنەوە، سەروان پیاوەکی خەراپ نەبوو، گوتی لێی گەڕێن با بڕوات چەکی پێ نییە. لەوکاتەدا ئیستوارێکی ترياکی بەناوی تەهماسب کەلە1343خزمەتی لەشاری شنۆ بوو ناسیمیەوە،گوتی جەنابی سەرون ئەوە فلام کەسە دەیان شەڕی لەگەڵ ژاندارمی ناوچە کردوە چەند ساڵ زیندانی کێشاوە. ئیدی وەبەرقۆنداخە تفەنگانیان دامو بە دەستووری سەروان وەک خۆری کوتایانەم کەوتمە بەرپێیان ئەوانەی لە چیا پێشوێنیان هەڵگرتبوو سەمینۆفەکەیان دۆزیبۆوە، ئەوجار پۆتینی منیان لە پێم دەرهێناو بردیانە شوێن پێیەکەی سەر بەفر، دیتیان وەک یەک دێنەوە. سەروان گوتی ئەوە دەرەکەوت دوێ شەو ئەتۆ تەقەت کردوە ژاندارمەک بریندار بوو. گوتی بەرن لەو بەرپاڵە بیکەنە ئامانج(بۆنیشانەی داکەن) شانسو ئیقباڵ 3سەربازی کوردیان لەگەڵ بوون کە وایانزای کشانەوە ڕووی تفەنگیان لە سەروانو ئەوانیتر کرد گوتیان چۆنی ئەوها دەکووژن بە چ قانوونێک چی لێگێراوە، ئەوجار دەیان کەس پۆتینی ئەوهای لە پێ دایە ڕابردوی ئەوکابرایە چ پەیوەندی بەو مەسەلە هەیە، بل لەوانەش دادگە هەیە بەڵام ئەگەر هەرتاوانەکەی ئەمە بێت کە کوردە بالەپێشدا پێکەوە حیسابێک بکەین. ئەوکات خۆمەینی فتوای چۆل کردنی پادگانو بنکەکانی حکوومەتی دابوو ڕۆژێ بەدەیان سەرباز لە مۆڵگەکان ڕایان دەکرد. سەروان کە زانی توتنەکە توندە گوتی: بیخەنە ماشین بۆپاسگاە، کە بردمیانە ژاندارمەری گڕوهان، ئەو لاوەی کە شۆفێری وانێت بوو بە زنجیر لە پێچکی تەختی بەسترابوو، دیار بوو زۆریان لێدابوو هەرناڵەی دەهات. لە گەڵ منیان ڕوو بە ڕوو کرد حاشای لە ناسینی من کرد ئەمنیش گوتم ناینناسم. ئەولاوە جوامێرە لەکاتی کە ئێمە هەڵدینو تەقە دەکرێ دەگیرێت لە وەڵامی پرسیار دا دەڵێت ئەوانە لە ڕێگا سوار بوونە نازام کێن ئیدی قسەکەی نەگۆڕی هەر چەند ئەولائەم لاشیان بەمن کرد نەچوومە ژێرباری تەقەی شەو، هەر چەند لێیان داینو تەرسە دەسبەندیان کردین شتاق قسەکەمان نەگۆڕی. ئێمە10 ڕۆژ لەگروهانی سێرۆ ماینەوە. ئەو سەردەم بوو کە"شا"بەناوی نەساخی لە ئێران دەرچوو، ڕۆژنامەکان نوسیبوویان ("شا"رفت) شا ڕۆیی. دوایی کە هیچیان بۆ هەڵنەکرا بۆ ناوەندی ژاندارمەری ورمێ یان بەڕێکردین، پاشان ئاگادار بوومەوە ئەوپارەیەی کەلەگیرفانی منیان دەرهینابوو لە سەر پەروەنەیان قایم نەکرد بوو هەرلەوێ لە خۆیان دارو بەش کردبوو. بەڵام 20 هەزار تومەن لە باخەڵی بن شاڵوارەکە بۆم مابۆوە. کە ئەو کات ئەو پارەیە بایەخی هەبوو. ناحیەی ژاندارمەری لە شەقامی زەنگەنە بوو لە وێ هۆدەیەکی گەورەیان بۆ ئەوجۆرە گرتووانە تەرخان کردبوو ناویان لێ نابوون(مەجاهیدی ئیسلامی) دەجا ئەوهەی پەیوەندی بە، بەرەکانیو بەرەنگاری ڕێژیم بوایە یان چەکو تەقەمەنی لێ گیرابوایە بە یەک تاوان دەناسران. ئێمەشیان بردە ناو ئەوان کە60 کەسێک دەبوون دیارە ئەو ڕاگرتنە لە وێ مووەقەتی بوو. دوایی دەیانبردنە زیندانی گۆلی ورمێ لە وێڕا پەروەندەیان دەدرا دادگەی نیزامی کە دادستانە کەی (سەرهەنگ سوپێر)بوو. ئیدی دەلیلو بەڵگەی تاوان هەر نەزەری ژاندارمەری لە دێهاتو لە شارەکان ئی پۆلیس بوو. لە ڕاستی دا حکوومەت نەیدەزانی

چلۆن وەزعەکە ئەهوەنو ئارام کاتەوە بە سەدان کەس بەو جۆرە تۆمەتانە دەدرانە مەحکەمە لە ڕاستیدا حاڵاتێکی دادگەی زەمانی جەنگی بە پەلە لەگۆڕێ بوو. مەحکەمە کوتو پڕ حوکمی بەسەر دا دەسپاندنو بەڕێوە دەبردرا جگە لەوە ژاندارم لەناو زیندان لە گەڵ زیندانیان خەراپ دەجوڵاوە بەدرەفتاری دەکرد، لە هیچ وخۆڕایی لێیان دەدان چ لێ پرسینەوە لەگۆڕێ نەبوو. هەموو چاویان لە بەرتیل بوو لەم بارەوە ئەم پارەیە زۆری یارمەتی منو زیندانیەکانی دیکەشی دا چوونکە ئیستوارێکو دووگروهبان بەسەر هۆدەکە ڕادەگەیشتن چێشتەکەش تایبەت برنج وەک کوسمە وابوو. مولاقات نەبوو. شار ئەوەندە شڵقا بوو، خەڵک ئەوەندە لە ئەرتەشو ژاندارمو پۆلیس دڵ پڕ بوون، مەگین خودابزانێت. هەتا مەعموورەکان بۆ کاری ئاسائی کە دەچوونە ناو بازاڕ جلو بەرگی خۆیان دەگۆڕی. ئەمن دەمی سەرکار ئیسوارو گروبانەکانم چەورکرد بوو. ئیدی ئەو دوو حەوتووە بوون بە غولام، نان و کەبابیان بۆ لە دەرێرا دێنایین، ئەوکات 4کەبابو ساردیەک 5تومەن بوو. لەوێ لەگەڵ لاوەکی زێڕینگر ئاشنایم پەیداکرد ئەویش لەسەر چەک و تەقەمەنی گیرابوو. دووکانی لەناو حەوشەکەی زێڕینگرخانەبوو. تازە زاوا بوو زۆری خەم دەخوارد. ئەوماوەیە کە لە وێ مایەنەوە چەند جار خەڵکی ورمێ خۆ پێشاندانیان ڕێکخست، لە گەڵ ئەرتەش کەوتنە تەقە و لێکدان، هێرشیان بۆ سەر ژاندارمەری دەهێنا، جارێک شاڵاوەکە ئەوهێندە توند بوو کەم مابوو دەست بە سەر ژاندارمەری دابگرن. هەردوو لا کوشتەیان دا. لە بەر ئەو مەترسی‌یە ژاندارمەری زیندانیەکانی لای نوێژی شێوان بۆ زیندانی گۆلی ورمێ دەگویزتەوە. ئیوارەێک کە ئێمەیان بەڕێ دەکرد ئەو برادەرە زێڕینگرە دەستی بەگریان کرد. پێی وابوو دەمانبەن بمانکوژن، ئەو چاخ ژیر بۆوە کە بینی ئێمەیان لە زیندانی گۆلی ورمێ دابەزاندین. کە گەینە زیندان ئیدی وەک جاران جل و بەرگیان لە بەر دانەکەندین و سەریان نەتراشین هەر وا وەپشت دەرگای ژووری زیندانیان داین. جەعفەر کە ئاگادار ببوو لەگەڵ ناسیاوو ئاشنایان لە لاباجەی ژوورەکە لە پشت میلەکانیساڵوون بەکۆمەڵ چاوەڕوانی منیان دەکرد. مرۆڤێکی کۆێریش کە هەشت ساڵی درابۆیە لە قەرە پەستەکەدا دەبێت جەعفەرپێی دەڵێت: ئەتۆ خۆ نابینی بۆ مەکە مەکەت لە ئێمە بڕیوەتەوە! کوێرە دەڵێت: ئەوە شێت بوویی ئەمنیش بەچاوی دڵ دەیبینمو دەیناسم بەتۆچی! کاتێک چووینە ژوور هەموو هاڤاڵان بەرەوپیرم هاتن، هێندێک بۆم بە پەرۆش بوون کە لەو هەلو مەرجە ناسکە دا بەو تۆمەتە قورسە کەوتومەتە بەرنووکی جەنجەڕی دەم و دەزگای سەرە ڕۆو دیکتاتۆڕی "شا". ئەوەش بڵێم ئیدی زیندانی جارانو بڕەم بڕەمی سەرگورد نەجاڕان نەمابوو. لە ژووری بەندیخانە پاسەوان نەدیترا. تەنیا لە سەربانو لە نێو برجەکاندا کێشکیان دەدا فەقەت وەکیل داخیلەکان بۆ سەر ئەژمێری و حازرغایبو ئاڵەگۆڕی یەکتر لە ماوەی وەختاو وەختێک جارێک دەهاتنە ژوور. زیندانی هەموو کاری ڕۆژانەیان وەدەست خۆ گرتبوو لە زیندان خۆ پێشاندان کرابوو، زیندان ئاگری تێبەردرابوو، پۆلیس گازی فرمێسک هێنەری لە کار کردبوو، شوێنی سووتانی کەلو پەل بۆ بەرگری لەگازی ئەسرین هێنەر هەرلە بەرچاو مابوو. ئیدی ئەو بەند ئەو بەندو قفڵو ئاچەرلە گۆڕێ نەبوو. هەموو بەندەکان تێکەڵ ببوون ئازادیەکی تەواوی لێ دەهاتە بەر چاوان، زیندانی بۆخۆیان ئاغاو کوێخابوون. (بێگومان زۆر لە ئازادی ئێستای ئێران ئازادتربوو).لە هۆدەکە جەعفەر سەری هێنامەبن گویوگوتی: یاخوا بەخێر بێیەوێ کاک (شەنگوڵ)! شەنگوڵ لاوەکی بە ڕەگەز تورک و دانیشتووی مەهاباد بوو هەر لەوێ لە دایک ببوو هەستی شێعری هەبوو زۆریش ئاگاداری دۆخی کومەڵایەتی بوو. بەڵام بە هۆی ئالودە بە تریاک هەر پێ یەکی لەدەرو یەکی لە زیندان بوو! لە وێ چاوم بەقادرئاغای بابخاڵاوێ کەوتەوە کە بە دەستە بەر ئازاد کرابوو. ئەوکەڕەتە لە گەڵ سەر جەم غولامەکان لە سەر ڕاگیرابۆوە هەر یەک 15ساڵ حوکمیان بە سەردا سەپاندرا بوو. قادرئاغا لە زیندان چ ئاوڕی وەنۆکەرەکان نەدەداوە کە پیاویان بۆ کوشتبوو. وەک دەیانگوت لە دەرەوەش پشتی تێکردبوون. هەر چەند ناوبراو خاوەن مڵکو ماش و کەتە پەزو چەند بنای دورست کراو لە شاری ورمێ وشنۆ بوو. بەڵام ئەو لەچەریە پەتایەک بوو لەگەڵی گەورە ببوو، بەرۆکی بەر نەدەدا.

ئەمن ئەو کەڕەتە بە حەقیقەت هەستم بە مەترسی لە مەڕ پەروەندەکە دەکرد چونکە بەهۆی شڵەژانی وڵات هەر یەک لە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە بەستێنی خۆیدا حوکماتی بێ سنووریان دەکردو تێدا پاوانخواز بوون. کەس نەبوو لێیان بپێچێتەوە، یان دەستیان وەبەر بێنێ. "شا" مانگێک پتر بوو بە بیانووی نەساغ بوون تێی تەقاند بوو هەودای هەموو دەسەڵاتێک بە کردەوە درابوو بەئەرتشبوود قەرەباغی، "شا" دەیەویست بە زەبروزەنگی خۆێناوی وەزعە کە دامرکێنن. وەکوو ساڵی 1332ی هەتاوی ئەرتش بە زوانی خەڵک داوای گەڕانەوەی لێ بکات. پێم وەبوو هەر سێ حەوتوو دەبوو کە لەزیندان بووم، بانگیان کردمە نوسینگە، بەرپرسی زیندان سەرگورد نەجاران بوو. سەروانێکی ئەرتەشی لەلایەن دادگای سەرەتای نیزامی لەشکری 64 ورمێ بۆ مولاقاتم هاتبوو. گۆیا لەلایەن دادگە بۆ (پارێزەر) وەکیل دیاری کرابوو، هێندێک یاد داشتی لە پەروەندەکە هەڵگرتبۆوە دادستان کە سەرهەنگ سوپێر بوو، داوای ئیعدامی منی کرد بوو. دیارە بەپێی قانوونی کاتیش داوای دادستان بەجێ بوو. ئەوش بڵێم لەکاتی سەرکەوتنی ئینقلاب و شکانی زیندانی تۆپخانە وئازادبوونم چۆمەوە ئەو شوێنەی کە دەمانجەکانم لە ئاودرێک تاقەت کردبوو بەڵام نەمابوون گومانم دەکردلە زیندان هەربەوکەسانەی کە شوینەکەم پیگوتبوون چووبوون دۆزیبوویانەوەو دەریانهێنابوون، بەڵام لە منیان حاشا دەکرد.

**(قادرئاغای بابخاڵاوە)**

ساڵی 1350ی هەتاوی بوو نامەیەکم لەزیندانی بن کۆشکی دادگوستەری پێگەیی کەقادرئاغای بابخاڵاوێ نویسبووی زۆرم پێ سەیربوو چونکە قادرئاغام لە ساڵی 1342ی هەتاوی لەکوردستانی باشووری ئیراق دیبوو کە نەمربارزانی بە هۆی ئەوچاکەیەیی کەباوکی لەگەڵ مەلامستەفا لەوەختی خۆی کردبوو پەنای دابوو ئیجازەی مەقەڕکردنەوەی پیدابوو پێنج کەس لەغوڵاسمەکانی خۆی لەگەڵ دابوو کە ئەمن لە خزمەت مستەفاخان کە ئەم دەم لەکوردستان باشوربوو چوێنە مەقەڕەکەی، پێم سەیربوو کەلە زیندانی کۆشکی دادگوستەری قاقەزی بۆ ناردووم،ئەوکات هێندیک لەوکەسانەی لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی سیاسی 1347گیرابوون و لە لایان دادگەی جەڵدیان محکوومەیتیان بەسەرداسپابوو ئازد ببوون. لەوانە کاک سەلاح و کاک محەمە ئێلخانزادە. بەڵام ئەوانی کە حوکمەکانیان دریژخاین بوو بەتایبەت کۆمەڵیک مەلابوون، کەلەکورتوباس دائاماژەم پێکردوە، مەلاڕەسو گەردی ومەلامحەمەد مەزنی و مەلامستەفای بایزخاڵندی و مەلاخالیدخاکی و خەڵکیکیتر، هەروا بایزەکوری خەراپەی کەیەکێک لەوان بوو لە گەل براکەی مام حوسین لە هۆدەی ئێمە بوو. وهەروا سمایل ئەمین پور،مام فارس وهتد.. قادرئاغا داوای لێکردبووم حەولی بۆ بدەم بیهێننە زیندانی گۆلی ورمێ. سەرئەنجام چوومە لای سەروان وەزیری کە ئەفسەرنیگهبان بوو قەولی پیدام، سبەینی بەرلەنیوەڕۆ بۆ ئەفسەرنیگهبانیان بانگهیشتم، کۆمەڵێک زیندانی تازەواردبوون وەزیری پێی گوتم بچوو قادرقادری بەرە هۆدەی خۆتان بەڵام هەرچەند چاوم بەزیندانیەکانداگیڕا نەمدۆزیەوە. قادرئاغا بۆخۆی گاسی کردم بینیم کابرایەکی داکەوتووی لەبەداریکی بەگەوەڕ لەسەر،ئەوقادرئاغای ئەمن دیبووم تفەنگ لەشان وبەگوردوتوان،بەڕاستی ئیکجارتیکچووبوو خۆشی بێشمان کرد بردمانەو بەپیی ڕێووشوین زیندانی بۆ بەخیرهاتنی چەند رۆژیک سەردانیان دەکرد،شەو کاتی خەوتن بایز بۆ ڕێزو ئیحتڕام لە سەرتەخت هاتەخوار و قادر ئاغا لە جێگای نوست، چونکە هودەکان سێ تەختی سێ تەبەقەیان تیدابوو، یانی 9- کەس ئەگەر یەکێک میوانی هاتبوایە هەتا جێگای وەجەنگ دەکەوت دەبوایە لەسەرهەرد نوستبوایە، کە بایز لەجیاتی وی لە سەرعەرد نوست. قادرئاغا هەر چەند ئیکجار دەوڵەمەند بوو بەڵام یەکجارلەچەر بوو. هەرچەند پیاوەکی ئیکجار بەڕیزو حوڕمەت و قسەزان بوو. دوایی حەوتوویەک سەری قسەی لەگەڵ ئەمن کردەوە گوتی پێم خۆشە بزانم خەرجم چەندە،گوتم قادرئاغا لەم زیندانە گەورەیە، هەمووکەس پێکەوە هاوخەرجن بەڵام ئەمن وانیم، دەشتوانی لەهاوبەندەکان پرسیاربکەی ئیستا کە دەبینی ئەمن مام حوسین وبایز پیکەوین بەڵام هاوخەرج نین. ئەگەر هەمانبوو خەرج دەکەین ئەگەرنەمانبوو چێشتی دەوڵەت دەخۆین، ئەگەر پێت خۆشە لەلای ئێمە بمێنیەوە لەم قسانەگەرێ ئەوە پێکەوین، ئەگەرئێمەش دەرچەمان لیدا ئەتووخەرج کە، قادرئاغا دوو

مانگ میوانی ئێمە بوو کاتیک بە دەستەبەر ئازادکرا،بەپیی عادەتی زیندان جارچی کە پسولەی ئازادبوون دینێ مزگینیە دەوێت، هەتا نەزافەتچی ودەرکەوانیش، دەجا لەوکاتەدا مرۆی بەلەنگازیش دەست بۆگیرفان دەبات، بەڵام ئەوچاوی چوقاند و ئێمە لە شەرمی خەلک کە میوانی ئێمەبوو ڕازیمان کردن، ئەوانەلە جێی خۆی بایز کەجێگای خۆی دابۆیە و خەلکی لاجان بوو بەحەبسی هەتاهەتایە مەحکووم ببوو کوشێک منداڵی بەلەنگازی بە ئەستۆیدامابۆوە، پارەی جێگاکەی نەدایە، لە حاڵێک دا لە زیندان تەخت شەوێ بە20تومان بە زیندانی بێ جێ بەکرێ دەرا، دەنا دەبوایە لە سەرهەردنوستبوایە. دوایی سێ مانگ کە بۆ مولاقات هاتەوە ئەمن و مەلامستەفای بایزخاڵندو مام جەلیلی حلبی کویکی ویستوو، بۆ هەریەکمان تاڵکەیەکی هێنابوو، دەتگووت هی بڕکێکە هەرکیلۆیەک دەبوون ئەمن لێم وەرنەگرت هیچ، زۆریشم سەرکۆنەکرد، وەک ئاماژەم پیکرد جاری دووهەم کە ئەمن چاوم پێکەوت لەگەڵ غولامەکانی گیرابووە،لە کاتی ئازادبوون کە زیندان شکاندرا پشتی لە بن دەستەنوین هەڵنەدەهاتەوە، ئەم لەچەریە پەتایەک بوو کە قەت بەرۆکی بەرنەدا.

**(خەبەری گەڕانەوەی ئایەتوڵلا خومەینی)**

خومەینی کە بە فڕوکەیەکی ئاسایی لە فەڕانسە ڕا بەرەو ئێران گەڕاوە جگە لە تیپی ئاخوندو مەلازادان کە گەرای حکوومەتی کەس نەدیویان لە فەرانسە داڕشتبوو، بەشێک سیاسەتمەدارو چەند هاواڵدەری دەرەکی لەگەڵ دەبێت. ئەوکات بەختیار لەلایەن "شا"کرابوو سەرۆک وەزیران. ژەنەڕاڵ قەرەباغی بەرپرسی ستادی مەزنی گشتی و سوپاسالاری هێزی چەکداری ئێران بوو. کە یەکێک لە دۆستی بەبەقای شا"حیسابی لە سەر دەکرا. بەڵام شەوی پێشتر ئەفسەرانی لاوی هێزی عاسمانی لایانگری خۆیان لە خومەینی ڕاگەیاند بوو. خەڵک بە میلیون بەرەوپیری چوونە فڕۆکەخانەی تاران. خومەینی کە دابەزی لەگەڵ ملوین کەس پێشواز چی دەچێتە بەهەشتی زارا، لە وێ قسە بۆخەڵک دەکات. دەڵێن: لەو قەرە پەستەیەدا لە فڕۆکەخانە کابرایکی زەلام لە قەراخ ماشینی خومەینی دەست دەکا بەجنێو بە"شا"و بنە ماڵەی، هێندێک لە ئەفسەری هێزی عاسمانی پێی دەڵین کوڕە عەیبە جنێو مەدە حەزرەتی ئیمام گویی لێدەبێت. خومەینی دەڵێت: لێی گەڕێن ئەویش بە زوانی خۆی دەپاڕێتەوە ئەوجنێوانەش خیریان تێدایە! هێشتا بەختیارهەرسەرۆک وەزیرانی شا بوو خومەیەنی لە قەبرستانی بەهەشتی زارا،دەوڵەتی پیکهێناو ئاغای بازرگانی بە سەرۆک وەزیران دیاری کرد،تاران و دوو دەوڵەت و دوو سەرۆک وەزیر،بەختیاریش لە ئاخافتنی سیاسی بەردەوام بوو دەیگوت پاڕلەمانی بەقسە مەسەلەیەک نییە بەڵام بەکردەوە ئیمکانی نییە، دیارەحکوومەت نیزامیش بەتوندی لەگۆڕێ بوو. و خومەینی لە بەهەشت زاراگوتبووی وەزعی نائاسایی یانی حکوومەت نیزامی تیکبشکینن. ڕەجاڵە بە دوای قسەی ئیمام لە سەرئەوەش ڕاکە تەقەیان لێدەکرا هیرشیان بۆ شەقامەکان دەبرد جگە لە ئەوانەی کە هەڵاتبوون، گەلێک وەزیر و وەرکەخوری شا لە پاریس بەنهێنی بەیعەتیان لەگەڵ خومەنی کردبوو بەڵام لە نەکاو سوپاسالاری (شا)یانی ئەرتەشبوود قەرەباغی بێ لایانی ئەرتەشی ڕاگەیاند، خەڵک و سەربازتیکەوڵ بوون. ئیدی بەختیارتیی تەقاند حکوومەتی دەست نیشاندەی ئەعەلاحەزرەت روخاندرا، بوو بەهەرکەس هەرکەس پادەگانەکان کەوتنە بەرهەڵمەتی خەلک وتالانکران. کۆشکی پاشا کەسکی لێدرا ئەوەی پاروەکی نان لەپاشخانەی پاشا خواردبوو وەک جندوکە هەرد قوتی دا، ئەوەی بە پەنجاساڵ کۆکرابووە بە پەنجاە ساعەت لە بەریەک هەڵوەشاو تەفروتونا بوو، ژەنەڕاڵ نەسیری سەرۆک وەزیرانی پێشوو هەویدا چەند ژەنەڕاڵی تر کە شا دەست بەسەری کردبوون وەبەردەست خەڵک کەوتن، تەسلیم بەحکوومەتی نوێ کران هەروا تیمسارڕەحیمی سەرۆکی شارەبانی تاران بێ خەبەر لە خۆیانی بێ لایانی ئەرتەش لە بەردەم شارەبانی بە دەست جەماوەر گیرا، ئەوانە هەموویان وەبەرجەنجەڕی دادگایەک کەوتن کە خاڵخاڵی شیت بەرپرسی بوو، و ئیعدام کران بە دوای وەزعی تاران هەموئیران ئەوهای بەسەرهات بەڵام ئاخوند کەلەمێژ بووخۆیان سازدابوو لە شوینی پیگەکانی حکوومەت دامەزران ناوی مەجاهیدیان لەخۆ نا، کەسیش بەڕاستی

نەیدەزانی مەجاهید چ جانەوەرێکە خەڵک چاویان لە دەمی خومەینی بوو چ دەڵێت بەڕیوەی بەرن. ئەمانە هەموو شوێنی نگریسی حکومەتی گەندەڵی بنەماڵەی پەهلەوی بوون کەلەدڵی خەڵکی ئیران ببوون بەناسوور، ئەوندە لەشاو دەم ودەزگاکەی پڕو داخ لەدڵ بوون کە مەلاکانی پاشکەوتوویان پێ لە ویی دەست وپێیەکانی بە باشتر دەزانی. ئەم بەڵایە لەگوڕی بنەماڵەی پەهەڵەوی سەری هەڵدا فتوای کوشت وکۆشاروخوینڕژانی بۆ دنیا بە دیاری هێناو شەرعیەت پێدا.

**(مردنی محەمەدڕەزاشا پەهلەوی)دوایی 8مانگ دەرکردنی**

محەمەد ڕەزاشا،زۆر بەڕەزیلی مرد،ئەم پادشا ستەمگەرە کە بەزەیی بەکەس دا نەدەهات،لە ئیقلاب داورەی بەیەکجاری لەدەست دابوو ئەوخائینەی کە کۆماری مەهاباد و حوومەتی تەورێزی روخاندبوو، پیشەوا قازی و یارانی لەسێدارە دابوو، ئەوخائینەی کەکوردی دەقاپانچەلەکردبوو نەیدەهێشت پشوو هەڵکیشی و بەهۆی گرێدانی پەیمانی 1975 شۆڕشی ئەیلوولی بەئاشبتاڵ رووبەڕوو کردبوو ئەوملهوڕەی کە پەیمانی سێ قۆڵی گڵاوی بەغداوسەعدابادی گرێدابوو ئەو پاشاییەی کە دوژمنی نەتەوەی کورد بوو کاتێک بەچۆکداهات لە ئیران چوودەرلە زستانی 1356لە (پاناما) لە بەرامبەرهەڤالدەران بە گریانەوە دەیگوت ئیرانی زوڵمیان لێکردم ئەمن تەنیا سێ گەزە جاولەگەڵ خۆ دەبەم. نەیدەگوت کە وایە بۆچ لە ماوەی 35ساڵ سەلتەنەتەکەت بەزەیەت بەکەس دانەهات وزیندانەکانەت لە زیندانی سیاسی هەرجمەی دەهات وخوێنی سەدان خەباتگیڕانی ئیرانت بەهۆی دابەزینی دێموکراسی ڕشت. بەقسەی شابانووی ئیران کە لە بیرەوەریەکانی ئاماژەی پێدەکات: (شا)لەترسی خاڵخاڵی شەوڕۆژ حەجمینی لێ هەڵدەگیرێ لە لایەکی دی لە ئامریکاش نیگەران بوو مەبادا لەگەڵ ئەو52کەسە بارمتەییەی کە 444ڕۆژگیران،مامەلەی پێ بکات. شا تووشی نەخۆشی سەرەتان ببوو،لەم دونیاگەورەیە جگەلە ئەنورسادات چ دەوڵەت بە پەنابەر وەریاننەدەگرت، سەرئەنجام گۆیالە ژێر زەمینیکی تەنگ وتاریکی وڵاتی میسر،بە نهێنی نشتەرگەری دەکرێ و دەمرێ، شابانووهۆکاری مەرگی شای وەپاڵ دکتۆرەکان و بێ مبالاتی وان لە نشتەرگەریدادەدا،مەرگی شا،هۆی خۆشحالێ زوربەی خەڵکی ئیران بە تایبەت خەڵکی کوردستان بوو.(شا) نیمچەزوحاکێک بوو. محەمەد ڕەزاشا،لە میسرمرد. لە وێش نێژرا.

**(ئاگاداری تێکچوونی ڕێژیم لە زیندان)**

ئەوشەوەی کە زیندانی ئەوین لە تاران شکاندرا ئێمە لە زێندانی گۆلی ورمێ بووین، بەڵام نەماندەزانی مەسەلەکە چوون بووە. بەیانیەکە ئەمن بە عادەتی هەمیشەیی زوو لەخەو ڕابووم پێم وابوو هێشتا هەواو بان هەر تارێک بوو، کە لە سەر تەخت دەمڕوانیە دەرێ دیتم لە جێگای پاسەوان کێشک دوو کەس بە جل و بەرگی ئاسایی قەرەیەخە لە سەربانی هۆدەی زیندانن. کە لێیان خورد بوومەوە پاسەوانەکان بوون. جل خۆیان داکەند بوو کۆت و شاڵواری یان لە بەر کردبوو. مەمنا شەو ئەوان ئاگاداری سەر کەوتنی گەلانی ئێران بوونە. بەرپرسی زیندان (سەرگوردنەجاڕی) لەگەڵ ئەفسەر نیگەهبانو هەموو پۆلیسی زیندان هەڵاتوون، سێ چوار ئیستواری ساڵبۆریان لە وێ بەجێهیشتووە کە سبحەینە زیندان تەحویلی حکومەتی نوێ بدەن. ئەوجل و بەرگانەش ئی زیندانیان بوون لە عەنباری زیندانیان دەرهێنا بوون. کە ئەو هەم دیت زانیم حکوومەت تێکچووە، هاوارم کرد هەستن ڕێژیم رۆخاوە. خەڵک دەست وجێ ڕاپەڕینو تێخزانە حەوشە هێرشیان بردە ساڵوون، بەڵام دەرگاکانیان قفڵ کردبوو. ئەو پاسەوانانەش بەهەڵڵاو بگری زیندانیان تێیان تەقاندو هەڵاتن. بۆ شکانی دەرکەکان هەتا کوتکییان لەکارگا هێنا برێکی کێشا، خەڵک بە کۆمەڵ خۆیان بەدرەکەگەورەکە دادەدا عەجەمی تریاکی هەر نەدەپرینگانەوە، دەنگی ئەللەو ئەکبەر زیندانی دەلەرزاند. بەڵام دەرگای پۆڵا بەهەژان چیان لە گەڵ نەدەکرا. لە ئاکامدا دەرگای کارگایان شکاندو ئاسنیان هاینان. جەلال پاڵەوان و

جەعفەر بایەزیدی لە هەموویان بەجەرگ تر بوون. ئەو ئیعدامانەش کە لە هۆدە تاکە کەسیەکان دابوون، دەرگایان لەسەر هەڵگیراو ئازاد کران. من و جەعفەرو زۆرکەسی دیکە کە هەر لە فکری ڕزگاری خۆمان دابووین هەرچی هەمان بوو بەجێمان هێشت بەڵام ئی واهەبوون پشتیان لە بەر شتتوومەک چەمابۆوە. مەسەلەن قادەرئاغای بابخاڵاوە دەستەنوێنیکی پێبوو لەبنی داکۆرببۆوە، زۆریشی قەرەپشی ناوشار بوون. ئەوە فورسەتێک بوو بۆیان هەڵکەوتبوو تاقمەیەک بەر لەوە زیندان وەدەرکەون بێنە، چوو بوونە بۆ تالان خۆیان لەکارگا ڕۆکردبوو کە بە دەیان ماشینی تریکۆبافی گۆرەوی چنینو نەجاری لێ بوو. جگە لەکارگەی فەرش کە بە دەیان فەرشی خۆماڵی دەست چن و دووکانی خواردەمەنی و دووکانی پێڵاو(کەوش)ی لێبوو. کە حیسابی لەسەر نەدەکرا. هەر ئەوێ ڕۆژی زیندان بەدەستی خەڵکی ورمێ پووڕ دەکرێت. ئەوکات نزیکەی 1200 زیندانی لەو زیندانە دابوو کەلە ساڵوون قەرەپەستەیان دەکرد. بە تایبەت لە دەرگەی ئاخرو ڕاڕەوە تەسکە کەدا، هێندێک لە بەربارى زەإم هەر تێوە نەدەچوون. کە چووینەدەر چاومان بەماشینی کارگێڕانی زیندان کەوت هەموو لە جێی خۆ بوون. ئەوە مەعلوومی دەدا لە ترسی خەڵک بۆ وەی نەناسرینەو بەگشتی بەپیادە و بەجل و بەرگی زیندانیان خۆیان دەربازکردوە. هێندیک زیندانی خەریکی پەروەندەکانیان بوون. ئەوهەموو خەڵکە بەکۆڵەبارو چەمەدان وشڕەوبڕە کەوتینە ڕێ ، بەرەو شاری ورمێ. تازە هوا ڕوونی کردبوو هێشتا گزنگی نەدابوو چاومان بەشەبقی چرای دەیان ماشینو تەپو توزکەوەت کەلە پشت یەکتر بە قەتارە ڕێچکەیان بەستبوو. ئەوەخەڵکی شاری ورمێ بوون بەنیازی زیندان شکاندن و دەست بەسەر زیندان داگرتن کەوتبوونە ڕێ. ئەوکات گیانی یەکیەتی و برایەتی ئەوها تێکەڵ ببوو باسی ڕەگەزەو نەتەوە مەزبو ئائین لەگۆڕێدا نەمابوو. دەمارگرژی بۆ ئەوەڵین چەل لە ئێران تواوبۆوە. کە گەیشتنە ئێمە بێ فەرق و جیاوازی هەریەکە چەند کەسیکیان سواری ماشین کردین. بەرەو ورمێ. های لەو ڕۆژە خۆشە، های لەو ئازادیەو یەک گیانییە. داخەکەم ئاخوند قرەپۆکیان کرد. هەنۆکەش خەجاڵاتباری ئەو زمانەم کە هەتا گەینە شار هەر(خومەینی ،خومەینی)م پێگوت. نەماندەزانی ئەو(خومەینیە ) ئاخوندە چ حەزیایەکە، چلۆن ئێران کاول دەکات. چەندەی تۆی تەفرەقە بۆ لە باسترخە ناوین. کە گەینە شار بەشێک لە کارگێڕان خۆیان بەدەستەوەدابوو بەڵام پۆلیس خۆی تەسلیم نەکردبوو. ساواک بەشەو کەوتبوو بەردەست. تیمسارسەیادیان ئەوخوین مژە کەکوردی کەرمانشابوو بە یاریدەری جانگیرئاغای دری دەرباز ببوو. ماشینە بینزەکەی کەوتبوو دەست خورشید بەگ بەگزادە، کە دوایی غوڵام ڕەزا حەسەنی لێی ئەستاند بووە. شارەوانی ورمێ کات ژمیر 12نیوەڕۆ ئاڵای سپی هەڵکردو خۆی بەدەستەوەدا. ژاندارمەری بەرلەوی خۆی بە دەستەوەدابوو. کابرایەک بەناوی پاشاپووڕ لە جێگای سەرهەنگ لە سەرکورسی ریاسەت پاڵی دابووە. ستادی ئەرتەش داگیر کرابوو. لە سەر فتوای خومەینی خەڵک دەستی بەتاڵانی مۆڵگەکان کرد. کەم شوێن مابوون کە ئەوێ ڕۆژێ دەستی بەسەردا نەگێرێت. لەو چەقو تەفە دا کۆمێتە پلەی بەرز بۆوە حەسەنی خۆی کردە پاوانخوازی ورمێ. دەستەی لات و لووت و قەرەپشی لێ سازدا خۆی پۆشتەوتەیار کرد. ئەوجارکوردەکانی بەگزادەی پشتاو کردو ئەوەی ئەوان کردبویان، بەحیسابی قارەمانەتی خۆی لە دەفتەری ئاخوندی نووسی. لە کوردانی دەچاوی کردو زۆر ڕەگەز پەرستو دەماگرژتر لەسەگو سیوانی "شا" دەکوردان بەربوو.

ئەمن جەعفەرم لەگەڵ خۆم هێناوە ماڵ ئەوکات ماڵەکەم لە ورمێ لە ڕەخ ئابیاری بوو ناوبراو زۆری حەز لە دەست بەسەرداگرتنی مۆڵگە کان دەکرد، هەتادەیویست لە زیندان تاڵان کردنیشدا بەشداری بەکات بەڵام ئەمن بەهۆی مەترسی کۆشتن ڕێگریم لێکرد. لە هەموو سەیرتر دوایی مانگێک لە تێپەرینی ڕاپەڕین کەکەس قەباڵەی کەسی نەدەخویندەوە، ڕۆژێک ئەو دوو شالورەی کە لە شەڕی سێرۆ تێیان تەقاندبوو، ئاوڕیان لە پشت خۆ نەدابۆوە لە زیندانیش سەریان نەدابووم، هەتا سەردانی ماڵیشیان نەکردبووم، بە فەردە برینج و تاقەند وەژور کەوتن. دەتکوت نەبای هاتوەو نەباران! نازانم چلۆن شەرم نەیدەگرتنو چاویان بە من هەڵدەهات. دوایی فراوین گوتیان هاتووین حیسابیکمان لەگەڵ بکەی؟ چونکە ماڵی خۆم بوو گوتم باشە بابچینە ناوباخ لە وێ قسە دەکەین. دەستم دا کەڵاش لە

گەڵ شەهید سمایل ئەوان چوینەدەر لە وێ ئەو هەی پێویست بوو پێم گوتن، ... ئیدی قەتم چاو پێ نەکەوتنەوە. بەڵام وەک دوایی گوێبیس بووم گوتبویان فلان کەس تەماحی کوشتنی تێکربووین!

جەعفەر کە بەهۆی دوژمناتی نەیدەویست بچێتەوە گوندی (کەرێزەی شیخان) لە لای من ماوە، دوایی کە بوو بوخاون ماڵو ژن خانووبەرەکی لە شنۆ کڕی، چەق و تەفی زەمانە جارێکتر تەنگی پێ هەڵچنیم کە پێویست بەباسەکەی سەربەخۆیە لە بەشی دووهەمی (لۆچێک لەخەروار) شی دەکەمەوە. ئەمن لە ساڵی 1362ی هەتاوی لە سەر شاخان گەڕامەوە. لە ڕەخ یەکتر خانوومان دورست کرد دوایی کە ئەمن ماڵم بردە ورمێ ئەو لە شنۆ خانوەکی دیکەی کڕی ئی خۆی بەکوڕی قەنەزەردی قورۆشاوە فرۆشت. ناوبراو سەردەمێک ماڵی لەورمێ لەقەراخ (کوی ئەخگەر) بوو. ئەوکات تووشی نەخۆشی دیسک بوو. لە تەورێز کاری نشتەرگەری بۆ کرا. جارێکی دیکە گەڕاوە شنۆ. لەساڵی 1357ی هەتاوی هەتاساڵی 1369 کە ئەمن کوردستانی ڕۆژهەڵاتم بەجێهێشت ئەوهای گوزەراند لەساڵەکانی 1359و 1360هەتاوی لەدەوروپشتی تەورێز خەریکی کریکاری بوو، دوایی گەڕاوە ماشینێکی جیبی کڕی دەستی بەکرێکێشی کرد. ئەگەرئەمن لەکوردستان لە 1369ی هەتاوی دەرچووم ئەوکیژێکی بەناوی شەهێنو کوڕەکی بە ناوی ئومێد هەبوو هەنۆکە ڕیکەوت 2006/3/24ی زایینی بەرامبەری1385/1/3ی هەتاوی ماوەی 16ساڵە لێی بێخەبەرم. ناوبراو پیاوەکی قانع بوو هەتا ئەو جێگایە کە ئەمن دەمناسی ئاواتەخوازی ژیانێکی هێورانەبوو، هەستو سۆزی کوردایەتی گەلێک لێ بەدی دەکرا، بەڵام تەنگەژەی ژیان کۆڵەی کوتابوو، گشت کاتی بەسەرقاڵی ژیانی ئاسایی بۆ بەڕێچون تەرخان کردبوو. لە ئەسعەدیش بێخەبەرم پێم وەیە کاک عەلی هەر لە گوندخەریکی کاسبی مەزرایە، بێگومان کەیوانو کەیهان مەزن بوونە ئێستا لاوی دەبەگوردن. لەوڵاتانی پاشکەوتوی دونیا یەک لە وان ئێران کەسایەتی مرۆڤ بەسەروەتو سامان دەناسرێت کەچ مانایەکی نییەو دانیشتوانەی ئەو وڵاتانە بەکوێرەوەریو چەنگەڕنە بەڕیدەچن، سامان لە بەر دەست حکوومەت دایە ئەویش چ ئاورێک وە خەڵک نادەنەوە. تایبەت دەوڵەتانی ئیسلامی لە ساویلکەیو نەزانی خەڵکەکە ئیستفادە دەکەنو بۆ فریودانی خەڵکو لە خشتەبردنیان کارو پیشەیان بۆتە پڕوپاگەندەی بە درۆ! بە داخەوە ئەو خەڵکە ڕەشە موسڵمانە باوەڕیان پێدەکەن، بۆیە هەزاران ساڵە ئەوها دەچەوسێندرینەوە. لە جیاتی بەرهەمی وڵات بەسەر دانیشتوانی دا بە ڕێکوپێکی دابەشکەن لە فکری تەندورستیو لەش ساخی ئەوان دابن، هەمووی دەدزن ئەوانیان بەرەڵلا کردوە. لەکاتی لێپرسینەوەش ئەوهایان لەگوێچکەی ئەو ڕەشە موسڵمانانە سریواندوە دەڵێن خودا نەیداوە! ئەدی بۆ خوا بەئی وڵاتانی دەرەکی داوە. قەت جارێک لە خۆیان ناپرسن خودا چ دوژمایەتی و غەرەزی لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕەش وڕووتە هەیە! بەڵام ئەوە حکوومەتەکانن ئەوهایان کردوە نەک خودا! ئەوانەی خودای مەزنو دڵۆڤان بەچاوی ژاندارمی تورکو پاسداری کۆماری ئیسلامی دەبینن لەگومڕایی دان، خودا دڵۆڤانو مێهرەبانە دوژمناتی لەگەڵ کەس نییە، کاری ئەو دنیایەی بە دانیشتوانی ئەو دونیایە ئەسپاردووە. بۆ نموونە هەر خەڵکی ئەو وڵاتانە هەر ئەو ڕەشو ڕوتانە کە دەگەنە ئەو وڵاتانی پێشکەوتووخواز بەسەر ژیانێکی ئارام وراحەت دا دەکەون. بەڵام زەحمەتە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فیری ئەو شتە بین، لە دونیای پێشکەوتە سەرکۆمار سەرۆک وەزریران وەکوو شوانکارەن، بەبەرات دادەمەزرێن ئەگەر پەزیک گویچکەی لەخوین بێت دەردەکرین پیی دەژمێرن بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرسەرۆک و فەرماندەیەک دەکرێتە سیبەری خودا،کەس ناوێری ڕەخنەی لێبگرێ، هەروەک ئەوکەسانە دەچن کە بۆخۆیان بووت دورست کەن دوایی کڕنۆشی بۆ ببەن، بەڵێ ئەوانە بۆنەتە بووت، لە سەردەمی شا لە قانوون ئەساسی نووسرابوو ئیران لەلایان خودا بە ئەعەلاحەزرەت پیشکیش کراو،دوایی وی بۆ بنەماڵەکەی دەمێنێتەوە، دیارە خەڵکەکە هەموویان غولام ونۆکەرن. لە قانوون ئەساسی ئاخوندیش لەلایان خوا پیشکیش بە ولایەتی فەقیە کراوە. ئەمە تاوانی خۆمانە خەڵکەکە هەر ئەوەندەیان ئاقڵ هەیە.

**(وەزعی گشتی ئێران)**

بەر لەوێ ڕێژیم بە یەکجەلی بڕوخێت خەڵکەکە بۆخۆیان سەڕافەتی شارەکانیان گرتبوو دەست. کارگێڕانی دەسەڵاتداری حکوومەت بە حاڵەتێکی تاساو مابوونەوە، خۆیان لەکارکێشابۆوە ساواک هەڵوەشاوە ڕاگەیاندرابوو. جڵەوەی کارەکان بەکردەوە کەوتبوو دەست ئەو کۆمێتەچیانە کە خەڵک لە شارەکان پێکیهێنابوون. فتوای خومەینی بۆ بە هۆی هێرش کردن بۆ سەر گشت بنکەکانی حکوومەتو تاڵانو تەفروتونا کردنیان. بازاڕی چەک و چۆڵ لە شارەکان کرایەوە دەیان چەکی تازە کە خەڵک نەیدەزانی کەلکیان لێ وەربگرێت کەوتبوو دەست جەماوەر. کوردەکانی کوردستانی باشوور کەلە1975پەیمانی گڵاوی ئەلجەزایەر توشی ئاش بەتاڵ ببوون بە دوای ئەو جۆرەچەکانەدا عەوداڵ بوون. هەموو گروپەکان ڕوویان لە کوردستان کردبوو ببوو بو شانەزەرگەتە. بە دەیان حیزبو سازمانی جۆراوجۆر،کە هەریەکە ئاوازەکی لێدەدا وەسەر پێ کەوتبوون. کەس بەڕبەی کەسی نەدەپیوا. حیزبی دێموکڕاتیش ئەوەها خوت و خافڵ بە سەر وەزعەکەدا کەوتبوو دەرەقەتی ئەودێموکڕاتیە نەدەهات. عەجەم بە ناوی تودە کمۆنیست، فیدائی، چریک ودۆدی بۆدی خۆیان لە مەڵبەندی کوردستان خزاندبوو. هەموو تێکۆشانیان ئەوەبوو کە حیزبی دێموکڕات لە پەڕو پۆ وزۆرایەتی بخەن. پیلانی ئاخوندی بەئاشکرا تێدابەدی دەکرا. خەڵکی ئاسایی چ سەرە هەودایەکیان لە دەست دانەبوو، نەیاندزانی لە ژێر پەردەی مەزەب چ دەگۆڕێ. ئەوهاکوت وپڕ بەسەر ئەو ئازادیە داکەوتبوون نە دەراویان دەدیتەوە نە خۆیان بەلایەکدا بۆ قاڵ دەبۆوە نەکونتڕۆلیش دەکران. هەر گروپە بەئیشتیای خۆی پەلات کارتێکی بە شەقڵەیەک وەکردبوو خستبوویە سەرمل. بەڵام ئاخۆندەکان ئامانجیان مەعلووم بوو، ئەوان کە شیعەیان دەناسی بە فیتووی مەزەب دەیانبردنە مۆڵگەکان، تەپکەشیان بۆ حیزبەکان دانابۆوە. دەسەڵاتدارانی بنکەی هەڵوەشاوەی ڕێژیمی "شا" کە بەگشتی دەرپێیان کەوتبوو قاپان لە فکری خۆدەرباز کردن دابوون. ئەوهەی دەنکەجۆیەکی لە سەر ئاخوڕ لەگەڵ دەسەلات دارانی پاشا چرتاندبوو ماڵ و حاڵی بە جێدەهێشتو بەرەو سنوور خۆی دەگەیاندە کوردستان و بەهۆی کوردە هەلپەرستەکان لەسنورئاوا دەبوو بوو. ئەو زۆڵە کوردانەی سەر سنوور بێ ئەوە فکرلەو پیاو کوژانە بکەنەوە بەدراو بەرێیان دەکردن. کە بە ڕاستی خەیانەت بوو. مرۆڤی گڵاسوی وەکوو ژەنەڕاڵ سەیادیان سەرۆکی ساواکی ورمی، تیمسار وەرهرام، سەرهەنگ سوپێر ،هەتا(ئەویسی) بەدەستی وان پەڕینەوەو ئاوای کوردستانی باکوور بوون. سیاسەتمەدارانی هاو دەستی ئاخوندی فکریان کردبۆوە مەلا ئەحمەقن،کەچی کلاویان چوو سەر مەزەب کاری خۆی کرد وەبەر جەنجەڕی ئاخوندی کەوتن. هێندێک سەریان تێدا چوو بەشێکیش بەکوشتە کوشت خۆیان بۆ دەربازکراو، دەستیان لە ئینقلاب بەرداو هەتڵەی هەندەران بوون. بەڵام ئەوەی لە دەستەڵات کەوتوون ئێستا چەنەیان بەهێز بووە، لە پشت مکرێفون هەموو کەس دەدەنە بەر پلار هەرچەند ئەگەر دیسانیش بگەڕێنەوە ببنە خاوەن دەسەڵات لە ئاخوندەکانی دێکە بێ بەزە تر دەبن. (ازکوزەهمان تراود کە دراوست)لە ڕاستیدا حکوومەتی تازە بنیات نراو فێڵی خۆی لە خەڵک کرد. لە ڕفڕاندۆم تەنیا ئامازە بە دوو شت کرابوو (پاشاییەتی،یان کۆماری ئیسلامی) سروشتی یە کە خەڵک بۆیە ڕاپەڕیبوون کە ڕێژیمی پاشایەتی بڕوخێنن، ڕووخاندبویان، دەجا خۆ جارێکی دیکە دەنگیان پێ نەدەدا. کە بەڵێیان بۆ کۆماری ئیسلامی گوت! دوایی ڕفڕانۆم و ڕاپرسی لە جیاتی ئەنجمەنی نیشتمانی (مۆسیسان ) شووڕای خیبرەگانیان دانا،کە بەگشتی ئاخوندی شیعەی توندڕەوی تێدا کۆ کرابۆوە. هەرئەوکات سەرەڕۆیی‌و پاوانخوازی لێ دیاری دەدا بەڵام هێندێک ئاخوندی ڕەنگ کراوی سیاسەتی تێکەڵ بەدینی وەکوو بازرگان قوتب زادە، بنی سەدر، تاڵاقانی وهتد...وەک کوارگ تێدا هەڵتۆقین .چێرۆکی مەزەب تایبەت لەناو شیعە ڕابردوەکی دوورو درێژی هەیە،کە باسەکە دێرەدا جێی نابێتەوە. لایەکی دیکە لە ڕۆژی دەست پێکردنی ئینقلاب کەس فکری لێ نەکردبۆوە دوایی ڕووخانی ڕێژیمی "شا"دەبێ چ حکوومەتێک لە جێی ڕۆبنێشێت،هەموو ئاوات ئەوە بوو "شا" بڕوات دوایی چ دەبێ با ببێت. کە دوور لە پەرژەوەندیو لێکدانەوە بوو. دەردی ئێستامان ژانەکەی ئی ئەو بێ بەرنامەیەو بێ بەرژەوەندیێ بوو. کە هەنۆکە دەیچێژین!تایبەت لە مەڕ چارەنووسی کورد قەرەپوک و پوچەڵ و تەژی لەگرێپوچکە تێکەڵ بەگزەو فێڵ تەڵەکەو کرێکی خاوکراوەوپس پس!

سەرلەشکر وەلی محمەد قەرەنی کە سەردەمی "شا"نزیکای 6ساڵ بە دووکەڕەت زیندانی کرابوو، لە1357کرا بەسوپاسالاری گشتی هێزی نیزامی ئێران و ئەمیرەکانی ئەڕشەدی یەکجێ خانە نشین کردن. لە دوای فتوای خەزای خومەینی بۆ حیزبی دێموکڕات لەکوشت و کوشتاری گەلی کورد دەورێکی توندوتیژی گێڕا،هەر وا سەرۆک وەزیرانی کاتی بەنی سەدرسوێندی خوارد کە هەتا کوردستان لە زیدی ئینقلاب(مەنزوری ڕاپەڕینی گەلی کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵات بوو)خاوێن نەکاتەوە پۆتین لە پێ دەرناهێنێت.
جگە لەوانە شەڕی نەغەدەشی لێ کەوتبۆوە، کە350کەسی تێدا شەهیدببوو، کەلەکورتە باس دا کەمتاکورتێک ئامازەم پێکردوەو لەوهەلە ناسکەدا سازمانی کۆمەڵە ڕەگەڵ تورکو فارس کەوتبوو، ئەوهەی عەجەمی خوینخۆرو دەمارگرژ بوو لەکۆمەڵە خڕببۆوەو لە وێ گەرای داڕشتبوو. هەتا هێندێک لە وان پێناسی ئاخوندیان بەنهێنی لەگیرفان دابوو ئەمما خۆیان هەڵەپەستی ئەوململانەیە کرد بوو. ئەو هەودا ڕاچاندنە بۆ وەی بوو هەتا حیزبی دێموکڕات بەچۆک دابێنن. ڕێژیم سەدان سەگ و سیوانی بەپارە گرتبوو، کوردی دەکوردی بەردەدا. ئەوەی شڕە خۆروو لات ولووت و چەقەسوو خۆفرۆش بوو ببوو بە کۆمیتەچی ،پاسدار، ساڕوڵلا، جوندوڵلا وبەرەڵلاو لەقاپ و تەشک و داوێنی خەباتگێڕان ڕۆدەهاتن. هێندیک هەربەڕەگەزو ڕابردوو یانیگر بوون زۆر لەوانە بەناوی سازمان و حیزب و تاقمەو دەستەو پەستە لە چوار پارێزگای کوردستان بریتی لە:کەرمانشا، سنە، ئیلام، ورمێ، ببوون. بە شانە زەرگەتە گەرایان تێدا داڕشتبوو. هەتالەناو جەرگی حیزبی دێموکڕات لە(ناوەندیەکەی) تووده خۆی تێدا مەڵاس دابووکرمێ وکلۆری کرد بوو. کەیانووری و تەبەریەکان لە هەموو ئۆرگانی حیزبی بەجل و بەرگی کوردی خۆیان دەنواند.

**(دوایی تیکچوونی ڕژیمی شا-وەزعی خەڵک)**

کەلە زیندان ئازادبووم سەری شاری شنۆم دا وەزعەکی تیکەل پیکەڵ چ یاساو قانوونیک لەگۆڕی نەبوو زۆرکەس لەخۆرایی دەکۆژران بە تایبەت ئەوەی دەنکەجۆیەکی لە سەرئەخوڕ لەگەڵ دەستەودەیارەی شا-چڕتاند بوو خۆی ون کردبوو،بەسەرجەم کارگیرانی (پاشا) لەترسی شەپۆلی ڕق وتوڕەی خەلکی ئیران، کونەمشکیان لێببوو قەیسەری. ئیدی نە ساواک و نەماواک، ئەم وەزعەو حاڵە لە هەمووشارەکان بە تیکڕایی بەردەوام بوو، کەس بە ڕبەی کەسی نەدەپیوا هەرچەند وەک بەرێ ئامازەم پێکردوە بەر لە ڕۆخانی ڕژیم خەڵک لە هەموو شارەکان بەکردەوە دەسەڵاتیان وەدەست گرتبوو. بەڵام کەس نەیدەزانی دەبێت چ بکات،هەرچەندکەسیک بە سەلیقەی خۆیان شتیکیان دادەمەزراند، دەبوون بەدەستەیەک بەڵام کاروباری مەلاکان لە سەربنچینەیەکی تەواو ڕیکووپیک و قایم دامەزرابوو ئەوان هەرلە پاریس گەڵاڵەی بەڕیوەبەریان دامەزراندبوو گەڕای ئاخوندیان داژتبوو، لەکوردستان جگەلە حیزبی دیموکڕات کەس نەیدەزانی چ دەکات لە دیهات دوو جۆرەبەرژەوەندی لەگوڕیبوو ئاغاکان کە ملکیان لەساڵی 1342ی هەتاوی وەبەرئیسلاحات کەوتبوو بە ڕەبەی ئیسلامیان دەپیوا گۆیا لە ئیسلام دا مالیکیەت ڕیزی لێدەگێڕێ. قەرەکانیش کە بە چەوساوە دەهاتنە حیساب خەریکی زێدەپارویک بوون. دەجاکۆمەڵە کە تازە لەگیرفانی مام جەلال هاتبوودەر خۆی لێکردبوونە خاوەن، لە لایەکی ترلەو هەراوهورایە زۆرکەس خەرێکی پایگاو بنکە تاڵان کردن بوون کە خومەینی شەرعیەتی پێدابوو. بە تایبەت لەکوردستان. بەرنامەی حیزبیش شتیکی ئەوهابوو لە شارەکانیش خیراهەموو شوینک تاڵانکرابوو ئەوانەی ئەوکارانیان دەکرد بەمەجاهیدی ئیسلام دەناسران کەسیش نەدیزانی مەجاهید چیە؟ لە شنۆ وەکوو شارەکانی دیکە پاسگای ژاندارمەری داپلۆسابوو، مۆڵگەکانی چەپەراو، چەند شوێنی دیکە بەدست هینديک ئاغاو خەلک چەکیان لێ داماڵدرابوو، بەڵام کەس نەکوژرابوو. ئەوجار بازاری چەک وتەقەمەنی لە هەمووشارەکان دەستی پێکرد وەک میوژ وگویز مامەلەی پێدەکرا، چونکە خەڵکەکە لە خەفەقانێکی توندی ڕژیمی شا-دا چاوکراوەیان نەبوو. نەیاندەزانی چەک لەکارکەن. بەهۆی دەست تیوەردان لەچەک ڕۆژ نەبوو لەو بازاڕە بەڕەڵلایانە چەند کەسیک بە گوڵلە لە دەست

دەرچوون، نەبن بە قوربانی. لەوحاڵەدا خاوەن پۆمپەکانی نەوت وبینزین دەیاندزی وئاویان تیکەڵ دەکرد. ئەوەش بۆ خۆی چێرۆکێکی سەربەخۆی هەیە کە لە بەشی دووەم دا وەردەی دەدەمەوە.

**(ئاغاکان ورەشایی وکۆمەڵەو ئەندامانی ناحاڵی حیزب)**

ئاغاکان بێ ئەوە بایەخ بۆ مەسەلەی چارە نووسی کورد دابنێن گرنەیان لە هەڵوەشانەوەی قانوونی دابەشکردنی زەویو زاری 1342 ی هەتاوی گرتبوو. بۆ وەدواکەوتنی ئەو کلاوە خوارە لە دەورەی ئاخوندەکان کۆ ببونەوە. ڕەشایی گوندەکانیش بە پێچەوانە کە لە قانوونی ناوبراو چیان پێ نەبڕابوو هەڵتۆز هەڵتۆزی جێ جووتیان دەکرد و تەماعیان لە جێ جووتی خاوەن ملکەکان کردبوو کە قانوونی ئیسلاحات ئەرزی بەناوی (مستثنیات ) بۆی جیا کردبونەوە. دیارە ئەو قسانەش برایانی کۆمەڵە دەزاریان کوشیبوون. ئیدی لەبەر ئەوکێشەیە هەموو لایەک بەریان لە ئامانجی ئەسڵی بڕابوو. هەوینی ئەو هەویرەش لە باخەڵی مام جەلالی دابوو. ئەو کۆمەڵەی بە دژی حیزب هاندەدا و هەرچی حیزب کردبای لە خیروشەڕ ئەوان لێی دەبوونە ڕێگرو بەرپەرچیان دەداوە. ئی وەک فاڕوق کەیخوسرەویش هەبوون کە لە تەرازووی هەڵسنگاندا پاسدار لە حیزبی دێموکرات باشتر بزانن. هێندێگ بەگی وەک جانگیر دری، سامی هەنارە، ڕەشید بەگی هەرکی، نۆری بەگ، تێلی بەگ بەگزادە، هەردژی ڕاپەڕینی کورد بوون. لەگەڵ سەرهەنگ زەهیر نیژاد وغولام ڕەزاحەسەنی هەڵدەسوڕان. ئەگەر فراوینیان لە مەهاباد خوارد بوایە بۆ چێشتی شەو بێگومان لە چۆلمەگی پاسدارخانەحازر بوون. لایەک چەک وتەقەمەنیان لە ڕێژیم وەردەگرت لایەکی تر خەبەری جەم وجوڵی هێزی حکوومەتیان بە پێشمەرگە دەدا. هەرچەند ئەوکاتیش خزمەت بەجل وبەرگی چاشەتی کەلکی نامابوو. بەقەولی بەڕیز کاک قادر عەبدی: لەو دیموکرسی‌یە ئازێرەش دا شتی سەیرو سەمەرە ڕوو دەدا و پیاو مەجبوورە بۆ ڕێز گرتن لە دێموکراسی دەبێ قەبوڵی بکات!) هێندیک ئەندامی کاڵ و نەکوڵیوەی حیزبی بۆ غەرەزی شەخسی داریان لەکونە زەرگەتە وەردەدا و بەبڕینی باخ و مێشە بێ ئاگاداری حیزب خاوەن ملکیان دەهڕوژاندن. دیارە ئەوەش لەو هەل ومەرجە ناسکە دا خزمەت بە دەوڵەت بوو، کە تەنیا بۆ ئۆقرەگرتنی نەفسی چلێس و نەوسنی خۆیان ئەوهایان دەکرد. کە زەبرێکی گورچوو بڕ لە بەدەنی حیزب بوو. لەو ئاژاوەگێری کوردستان دا کە ڕێژیم گەرای تەفرەقەی دانابووە، شارەکانی سنە، سەقز، مەهاباد وەبەر غەزەبی کۆماری ئیسلامی کەوتن و بۆمباردومان کران. دێهات کەوتە بەر شالاوی دڕەندانەی خوینمژەکان. لە نەغەدە هەر بەئاشکرا دووکان و ماڵی کوردیان تالان دەکرد کۆمێتەچیانی حەسەنی کە فتوای حەلاڵ و زەلاڵی لەلایان ئاخوندەکانی شیعەدرابوو بەشداریان دەکرد. ئەوانە ئیسلامی نابی محەمەدی و مەجاهیدی حەزرەتی ئیمام بوون. زەبرەکە ئەوەندە توند بوو کە ئایەتوڵلا تالەقانی کە بەدوای خەزای خومەینی دا گوتی بۆخۆم سواری تانگ دەبم و دێمە کوردستان، کە ئەوبێ بەزەییەی بینی ڕەخنەی لە حکوومەت گرت کە بەگزەوفێڵ کوشتیان. ڕێژیم ئەوندە دەم بە خوێن ببوو دەستی بە خۆ کوژی کرد. شەریعەت مەداری (مەرجەع تەقلیدی شاری تەورێز)ی دەرمان داوکرد. قوتب زادەی کوشت. جێگری ئیمام (ئایەتوڵلا مونتەزیری) کە ئیمام دەیگوت: نەجارێک بەڵکە سەت جار لە حوسین مونتەزیری دا خولاسە بۆتەوە، دوایی ئەو هەوساری جێگری لەسەر داماڵدرا ولە ماڵی خۆی دەست بەسەرکرا. ئەحمەدخومەینی دەرمانداوکرا. ئەوکات مەجاهید خەلق ڕیشەی لە ناو جەرگی ڕێژیم دا داکۆتابوو. ئەمن لە1360 کەوتمە بەرغەزەبی کۆماری ئیسلامی. ومەحکووم بەئیعدام بووم.

**(دوو جوامێری)**

ئاخرئۆخری پاییزی 1343ی هەتاوی بوو. هەوا یەکجار سارد بوو. ڕێگامان کەوتە گوندی لۆرکان هەڵکەوتوو لە بناری چیای ناوچەی دەشتەبێڵ. لە ئەشکەفتێکی قەڕاخ گوند پارێزمان گرتبوو. لای ئێوارە دوو شوان بەرەو ئەشکەفت

هڵكشان، خۆیان ناساند كوڕی حاجی حەمەدەمین لۆركانی بوون. تەكلیفیان كردین وگوتیان ئەگەر حاجی بزانی چكدار هاتوون ولایان نەداوە لێمان توڕە دەبێت، فەرموون بچێنە ماڵ. هەرچەند شێرو ڕێویمان هێناوە و پێمان گوتن ئاغاكانی ئێوە چەكداری حكوومەتن، ئەوان هەردووپێیان لەكەوشێك كرد ناچار دڵمان نەشكاندن وڕەگەڵیان كەوتین. هۆدەی میوانانی ماڵی حاجی بەقەرا مزگەوتێك بوو. سەماوارێكی میسواری زەردی دوو شێرە دەكوڵی. ئەوڵین جاربوو سەماوەری دوو شێرەمان دەدیت. حاجی لە شنۆ بوو بە درنگانەوە گەڕاوە. بەقەڵافەت هەر چەنگێك بوو پیرە مێریكی قسە خۆش و پیاوانەو چاونەترس بوو. لەو قوماشە حاجیانە نەبوو كە تەسبێحی درۆو بوختانان دەگێرن و بەكەشیدە سویند دەخۆن و مەكەیان كردۆتە تەڵە! حاجی بەردی بناخەی لە سەر مەردوو ڕەندی دانابوو بە كەڕامەت و جوامێر. ئەوهەی چاوەنواڕمان نەدەكرد ئەمەبوو، نوێژی خەوتنان دوو كەپەنكیان هێنانە دیوەخان و كردیانەوە 4 تفەنگی بڕنۆی درێژیان بە فیشەنگدانەوە تێدابوو كەكوڕەكانی حاجی لە خۆیان شەتەك دان. ئێمە دڵمان كەوتە قرت و فرت نەوەك بێ بەختین لەگەڵ بكەن. حاجی بە ئەزموون فكری مەی قۆستبۆوە گوتی: ئارخاین بن هەتا ئەوانە نەكوژرێن كەس ناتوانێ ئاقاری گوند بپەڕێنێ، ئەوانە لە دەورەی گوند كێشك دەكێشن. لەقەرێنە ڕا دەركەوت كەحاجی لە تەڵەی ئاغاكانی هەركی مەترسی هەیە. لە سەر ئەوەش ڕا بۆخوشمان بەنۆرە كیشكمان دەدا. بەفرێكی قورس دەستی بە بارین كرد ناوچەكە هەموو شاخاوی بوو ڕێگاوبان بەستران. حاجی سێ شەوڕۆژی ڕاگرتین. حاجی گەورەیی خۆی نواند ئەوەی لە دەستی هات كردی. شەوی چوارەم بۆگوندی خوڕاسب بوونە چاوساخ. ئێستاش پیاوەتی ئەوكەڵە پیاوەمان هەرلەبەرچاوە.

جارەكی دیكەش لە زنجیرەچیاكانی دۆڵە نییە دەهاتینە خوار گەڵیك ماندوو هیلاك بووین. بەلابڕ بەرەوشنۆ تێكشاین، دەشتی لاجانمان بۆ خەلاس نەبوو. دەبێ بڵێم لە تاریكە شەو لە ڕێگا هەتڵە ببووین لە گوندی تووان بوو بەسیواددان. هەموولایەك پادگانی نیزامی بوون. جەڵدیان، گردكشانە پەسوە، لووتكەی كێوەكان دیدەبانیان لێبوو. ڕوون لەماڵی برایم ئاغای تووان كرد. غولامێك دەرگای كردەوە. كە چاوی بەئێمە كەوت حەپەسا، بەڕاستی حەقی بوو لەڕێژیمی "شا"كەڵ بە موو بەندبوو كەچە تیغەڵەیەك سزای هەبوو، ئەو هەموو قایش و قرۆش و فیشەنگە! گوتی: ئاغا لەماڵ نییە! شڵەژاین خودایە تەكلیف چییە چبكەین!؟ هێشتا دەروازەی پێوەنەدابۆوە، دەنگی عافرتێك هات، دیاربوو ئاغا ژن بوو دەكاردارەكە خوڕیو گوتی: خۆ ئاغاماڵەكەی لەگەڵ خۆی نەبردووە! بابێنەژوور كابراگوتی: خانم هەمووچەكدارن! گوتی: قەیدی نییە چوینە ژوور ئێمەیان بەرەو هۆدەی ئەندەروون برد، مرۆڤێك لەلایان ئاغاژن بەخێرهاتنی كردین‌و پێی گوتین نیگەران مەبن، چەكەكان و لەلای خۆتان بێ ئەگەر خوانەخواستە شتێك بوو دەست بكەنەوە! گەوەرەیی ئەو شێرە ژنە نموونەی سەدان و هەزاران شێرەژنی دیكەی كوردستانن. ئەو قارەمانانە لە داوێنی ئەو شێرە ژنانە بەربونەتەوە. كە سینگیان لە بەرامبەر نەیار دا كردۆتە قەڵخان‌و بە درێژای مێژوو نەیانهێشتووە بەیداخی خەبات بكەوێ. بەئارخاین لێی خەوتین. ئاغاژن زیافەتێكی كردین كە قەت لەبیر ناچێت. ئەوە خێزانی برایم ئاغای توان بوو. كە هەنۆكە دوایی 43ساڵ بۆ مێژووی دەیگێرمەوە! كە شەو بەسەرداهاتەو خودا عافیزیمان لێكرد بەغولامەكانمان ڕاسپارد كە گەورەیی ئاغا ژن هەموو ڕەنج‌وكوێرەوەری لە بیر بردینەوە. هەڵبەتە دەیان جار پیاوو ژنی ئەوها بە ورە بە غیرەت‌و چاو نەترس‌و نیشتمان پەروەرمان چاو پێكەوت كە هەستی كوردایەتیان وەك خەنجەر جەوهەری لێدەتكاوە.

**(پشکنیەنەوەی ماڵو حووکمی ئیعدام)**

30ی خاکە لێوەی 1360ی هەتاوی خیزانم گویزستبۆوە. ماڵم لە شاری ورمێ بوو. ڕەفیقێکی سەر دەمی زیندان سەردانی کردم، شێعرە سیاسی‌یە کانم بۆ هێناو پێکەو بیانخوینێینەوە، کە لە باڵنجەم دا تاقەت کردبوون. هەڵبەتە بە هۆی ناسراوی لە گەڵ بنەماڵەکەی بەقام پێدەکرد. نەمدەزانی لەگەڵ ئیستخباڕاتی ئاخوندی کلکی گرێداوە. هەرچەند (آزمودەرا آزمودەن خطاست) سبحەینەکە ئەمن لە ناو شاردەبم کە مەعمووری ئیتلاعات دەچنە ماڵەکەمانو سەرڕاست دەستەنوێن دەکەنەوە، بالنج هەڵدەڕێژن شێعرەکان دەردێننو دەیکەنە سووڕەت جەلەسە و لەمن دەپرسن؟ خیزانم کەچی تازەبووک بوو زۆر بەئاقڵانە پێیان دەڵێت چۆتە شنۆ. سبحەینە دەگەڕێتەوە. دەنا ویدەچوو لە وێ مابانەوە خوت و خافڵ گرپامیان. (دوایی بەتاوانی ناوەڕۆکی ئەوشێعرانە لەزستانی 1360 پاشملە لەدادگەی ئینقلابی ورمێ بەداوەری ئایەتوڵلا ئیمانی حووکمی ئیعدامم بۆ دەرچوو. کە هاتمەوە خێزانم بەرەو پیرم هاتوگوتی: پاسدارهاتبوون ماڵیان پشکنیەوە لە باڵنج دەفتەرێکیان دەرهێناوکردیانە سووڕەت مەجلس، حوکمی گرتنی تۆشیان پێ بوو. ئەوەش ڕوونووسی حووکمەکە. ئەوچاخ فەران خانم کیژی فەیروزخانی ڕەحمەتی کە ژنێکی بەڕیزو ئیحتڕام بوو لە ماڵی ئێمەبوو. دایکم لە گەڵ ژیانی برازام ماڵیان گرتبوو. لەگەڵ خێزانم بە دزە دزە خۆمان گەیاندە شەقامی پشتەوەی گەڕکی بازاڕ باش. لە وێ سواری تاکسی بووین بۆماڵی ژیان. هەرچەند لە باڵخۆمدا دەمهێناو دەمبرد لەو دەموو دەستە دا نەمدەزانی چبکەم. مێشکم ئاڵۆز بوو. دوایی کاک سمایل مەمۆم بەفکردا هات. سمایل کوڕێکی ڕەنگ پیاوانە بوو سەردەمێک لە ورمێ جیناری یەکتربووین. ئەو دەم تازە ئینقلاب کرابوو. ئێران وڵاتێکی لە بەریەک هەڵوەشاوەو تەژی لە ئاڵۆزی و پشێوی و بەرەڵلایی بوو. لات و لووت و کۆنە پەرست و مێشک بەتاڵی عاشوورای حوسێنی بە زنجیرە خۆیان لە هومووکەلێنو قوژبن پەستاوتبوو. هەر ئەوانیش دەسەڵاتیان بە کردەوە خستە دەست و وڵاتیان قەبزە کردو، وەسەر قاڵدڕمان کەوتنو، ولایەتی فەقێیەی دوازدە ئیمامیان لێدامەزراند. ئەوە27ساڵە بە قەرەقوشی ئەومێگەلە ئەوا لێدەخوڕن. تەلەفوونم بۆ سمایل کرد. دەستوجێ هات مەسەلەکەم لە گەڵ هێنا گۆڕ زۆر پیاوانە هاتەبەر. بە ماشینە ئارییایی‌یەکەی وەڕێکەوتین. ڕێکەوت 25ی جۆزەردانی 1360 ی هەتاوی بوو. ئێوارە گەینە شاری دیلمان. (خۆی) چووینە ماڵی ساحەب خانمی خوشکی خیزانم. ڕەحمەتی ئەژدەرئاغای مێردی پاسەوانی شارەوانی بوو. ناوبراو دوژمنی سەر سەختی ئاخوندەکان بوو لەبەر ماڵ و منداڵی نەبوایە هەر ئەوکات وازی لەکاری پۆلیسی دەهینا، دەیگوت: پێێ عەیبە بۆ ئاخوند ئیحتڕامی نیزامی بەجێبهێنێت. ئەوکات کوڕێکی دوو ساڵانەی بەناوی سەعید هەبوو ئێستا بۆتە دۆکتۆر، ئارەزوی کچیشی بۆتە موهەندیس. ئەو ڕۆژەی ئەمە گەیشتینە وێ مەجاهید خەڵق بۆمبیان لە پەرلەمان دانابۆوە کە ئایەتوڵلا بەهەشتی و 71کەس لە ئاخوندەکان وەبەر هاتبوون. ئەوکات ناوەڕۆکی گەندەڵی ئاخۆندی بۆ خەڵک ڕوون نە ببوو. جگە لە کورد ئەویش بەهۆی هەست بەکۆیلەتی دەنا چ کەس بە دورستی بەرژەوەندی ئاخوندەکانی نەدەزانی. خومەینی بە ئازادکردنی حیزبەکان لە سەرەتای ئینقلاب ئەوانی تووشی هەڵەیەکی مەزن کرد. بۆخۆی بۆ ڕاچاندنی هەودای پاوانخوازی ئیسلامی کەوتە فێڵوگزە! دوایی بە حیزبو سازمانەکان داهات، هەریەکی بەجۆرە تۆمەتێک بەرچەسب لیدان و لە بەرچاوی خەڵکی ڕەجاڵە، زەدەو عەیبدارو تاوانبار کردن. سەرەتا حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند. بە حیزبی شەیتانی ناوبرد فتوای خەزای بۆ دەرچواند. پڕوپاگەندەی دزوو درۆزنانی دەم و دەزگای جەباری مەندیل بەسەران وەکوو هەورێکی چڵکن بەسەرعاسمانی کوردەواریدا ڕاکشاو لەنگەری گرت. لەشکری فەسادو خوێنڕێژی ئیمامی جەماران، کەلە کسۆک و قەمە بەدەستانی مێشک ڕزیو پێکهاتبوو ڕووی لە کوردستان کرد. درۆ دەلەسەی زاهیر بوونی ئیمامی (ون ) کەگۆیا لەبیری (سامرە) داسەرهەڵدەدا لە بن گوێچکەی هەموو شێعەیەکی نەزانی مێشک شووشتراوە دەزرینگاوە. نزیکەی 25 هەزار خەڵکی بێدیفاعو مرۆی ئاسایی کە بەشی زۆری ژنو منداڵ بوو، لەکوردستان بە شالاوی شڕەخۆرونەفام بەناوی پاسدارو

،ثارولِلاو، حیزبولّلا، بەرەلّلا، جوندولّلا شەهید کران. ئەوکات حیزبی نۆکەر سیفەتی توودە، دەسمالّی گەڕی داوەتی ئەو خوێن مژانەی لە سەرچۆپی هەلّدەسووڕاند. دوایی ئەویش هەلّوەشاوە ڕاگەیاندرا، دنیای لێ بوو بە چەرمی چۆلەکەو کوردستانی بۆ حاشارگە دیاری کرد. بەلاّم بە هۆی سپلّەیی لە کوردیش ئالّەدین بۆوە، ورکەخۆرانی بریتی لە تاقمەی حەوت کەسە خەنجەری خەیانەتی بە قسەی سەرۆک توودەکان لە قولاّیی سەرکردایەتی حیزبی دێموکڕات وەشاند. ئەمن لەو کەش و هەوایەدا ناردم کەل و پەلی مالّەکەیان بۆهێنامە سەلّماس. لەمالّی ئەحمەد ئاغای خالّی حوسین ڕەسولّیم تاقەتکردن. من و خیزانم بۆ شوێنە ونکە هەتا کاتێک موناسب چووینە شاری تەورێز. بەلاّم بەهۆی چالاکی دارودەستەی مەجاهید خەلّق وەزعەکە شلّەقابوو. لەوێ مالّێکم بەئیجارە گرتو ناوم لەخۆ نا کەریم. بەلاّم خاوەن مالّەکە ئەوەندە دەمارگرژو سۆفی سیفەت بوو مەگین خودبزانێت. کاتی دەنگدان هات، ئەمنیش نەدەوێرام پێناسی خۆم نیشاندەم ئەوەی دەنگیشی نەدابوایە مۆری دەنگدانی لە سەرپێناس(شوناسنامە ی نەبوایە، بەگاورو مورتەدیان دەزانی دەیانکوشت. بەو هۆیەوە لە ڕێگا لە پێناسی هەموو ڕێووباریکیان بەوردی دەنۆڕی، ئەمن لەونێوەدا مابوومەوە نەمدەزانی چبکەم. یانەوانەکەش هەر سەرانسوی دەدام مەکە مەکەی لێبڕیبووم. دەیگوت وەرە بچین لە مزگەوت دەنگ بدێن. هێندێکم خۆ گێزراند فایدەی نەبوو ترسام لێم وەشک بکوێ، گوتم حاجی هەموو مالّەکەم پەشکنیوەتەوە پێناسەکە نادۆزمەوە، پێم وایە لەوگوێزە گوێزەدا لێم ون بوو. حاجی کە ئاگری ئیسلامەتی تێبەر ببوو گوتی: قەیدی ناکات ئەمن دۆستم هەنە وەدەکەم ئیجازەت بدەن دەنگ بدەی. هەرواشی کرد ئیدی لەکۆلّەخۆم کردەوە خودا ڕەشی کاتەوە. شەوێک کات ژمێر دە لە زەنگی مالّەکەیان دا. بەلاّم چ لێدانێک هەر قامکیان لە سەر هەلّنەدەگرت. خیزانم لە پەنجەرە لێی ڕوانین گوتی پاسدارن! بەڕاستی زراومچوو پێم وابوو ئیستخباڕات شوێنی هەلّگرتووم گووتم دەچم لەو پەنجەرە ڕا کەدەیڕوانێتە سەربانی مالّەکەی دیکە خۆم هەلّدەدێرم. دەجا ئەگەر وەسەر پلەکانان کەوتن پێم بلّێ. خیزانم دەنگی دابوون وگوتبووی کێن و چێتان دەوێ؟ گوتبوویان کۆمیتەین، شەبەقی چراکەتان لە چاوی کێشکچی بەر دەرگا دەچەقی تکایە پەردەکە بکێشن، کەپێ گوتم حەسامەوە. لە شاری تەوریز دوو جاران جەعفەرسەری لێدام ئەوکات مندالاّیان نەبوو. بەلاّم ژیانەکی دەلّەمەی هەبوو بەجەتوونیان بۆ دوگزەرا، دووجارفەتاح و جەرەکیش کاک عوسمان سەریداین. ئەوکات عشیرەتەکان لەحیزب هەلّنەبڕابوون، بەلاّم هێندێک مجێزیان لێ بوو. دەسەلات دارانی بۆ پیلانەکەیان دەرحەق بەحیزبو کۆمەلّە دەیانلاواندنەوەو بەهۆی هەودای ڕاچاندراو خۆپێشاندان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان دژی ئاغاکان لە گۆڕێدابوو. هەرچەند بەشێک لەئەندامانی حیزبی دێموکرات لە سەرەوەی هەمووان شەهید دۆکتۆر قاسملوو مەترسی ئەوکارە ناشیانەو ناشیرنانەی قۆزستبۆوە، بەلاّم قسەکانی بڕی نەدەکرد، توودە لەجل و بەرگی ئازادیخوازی داخەرێکی ئاژاوە نانەوەبوو. دەستەیەک کە لەخۆدا زێروسیفەت بوون بە ناوی تەرەو هەلّوەدایی بەلەنگازو هەژار خەریکی ڕوتاندنەوەی حکوومەتی تازە بنیات نراووی دەلّەمە بوون. کە خۆیان پێ مڕدەدا، تایبەت ئەو مەلایانەی کە لە گەلّ ئاخوندی تەبعید کراو بۆکوردستان لە سەر دەمی "شا" داپەیوەندی ڕابردوو دێرینەیان هەبوو. جێگای متمانەی حکوومەتی ئاخوندی بوون. هێندێک خۆ دۆڕاویش کە، کەیفیان بەحەڕەکەتی ئیسلامی دەهات بەشەرمە گێلاخە ڕەگەلّ حیزب کەوتبوون. دەنا هەر دەست پێوەگری هۆرپەی ڕیسی سەر تەشی کۆماری ئیسلامی بوون، ئەوانەی کە وێنەی خومەینی یان لەمانگ دا دەدی نووریشیان لە ناوچاوانی ئیمامی جەماران پێوە زیادکرد بوو. ئاریکاری خوینمژانیان بەئەرکی ئیسلامی ناو دەبرد.

### (ڕێکەوتی گەڕانەوەم لە تەورێز14ی گەلاویژی1360)

ڕۆژێک بەر لەگەڕانەوەم لە تەورێز، لەناو بازاری شاری تەورێز لووتو بزووت لە گەلّ حوسێنی حەسەن ئاغای نەجەفی نەلّیوان تێک هەلّنگوتین، دوایی خۆشو بێشی پێم گووت تکایە لای کەس مەیدرکێنە کە ئەمنت دیوە. هەنۆکە تەواو

24ساڵ لەو ڕێکەوتە تێدەپەڕێت. سوپاسی ئەو نهێنی کارییەی ناوبراو دەکەم. لەکەس گوێبیس نەبووم کە بڵێت فلان کەسم دیوە. ئەمە یارمەتەیەکی گەورە بوو، ڕیژیم نەیتوانی شوێنم هەڵبگرێت، قەت ئەوچاکەیەم لە بیرناچێت. هیوادارم مرۆڤی ئەوها جوامێروو بەکەڕامەت قەت کەماسی نەهێنن. حوسین ئاغای نەجەفی بەحەقیقەت پیاوەکی لاتەریک ولاشەڕو ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی بوو ژیانێکی زۆرباشی هەبوو هەتا لەگوندی نەلێوانیش بوو دیسان بەڕیک وپیکی بەڕیدەچوو. دوایی کەگوێزتیەوە شاری ئاسوودەتربوو -ئەوکات باخەکەی هێشتا بەرهەمەێکی ئەوهای نەبوو لەسەریەک ئەوانەی کە دانیشتووی نەڵیوان بوون دوایی ئینقلاب ژیانیان تەیارتر بوو. گوندی نەڵیوان لەسەردەمی ئاغاتی لەبرەو نەبوو چونکە بەرە مەزرایەکەی بەستێ هەموو خیزەڵان بوو، چ بایەخی نەبوو تەنیا ماش وکزنی لێدەچاندرا. بەڵام کە زەویەکان بەهۆی نزیکە شنۆ و شارۆچکەی گردی مەلائەحمەد،کەوتنەبرەو، وسیستەمی کاسپی گۆڕانکاری بە سەرداهات هەموویان بە تەواوی بۆرژانەوە. هەموو دانیشتوانی گوندەکانی نزیک شار کەوتنە مێتراژ، هەرچەند ئەمن ئەوە 17ساڵە لە دەرەوەی وڵات ئاگاداری دۆخی کشت وکاڵم نییە،بەڵام وەک گوێبیس دەبم کەشاوەرزی زۆری پەرەگرتووە.- ڕۆژی دوایی لەگەڵ خیزانم بەرەو ورمێ وەڕێکەوتین. دەمەویست خۆم بگەێنەمە ناوحیزبی دێموکڕات. لامدا شاری سەڵماس لە وێ پەیوەندیم لە گەڵ عەزیز عەمەززادە گرت. بردمیە گوندی ئۆربان. ئەوکات سادۆی باوکیو دایکی مابوون، منداڵەکانی هەموو سەرو پێچکە بوون، لەو گوندە بێنایەکی جندیان دورست کرد بوو حەوشەکەی پڕ لە دارو درخت بوو خەڵکی ئۆربان سادەوبێ فێڵ بوون. محەمەدی خوارزای لاوەکی دەست هاوەڵا بوو. بەڵام دانیشتوانی ئەو گوندە وەک زۆرگوندەکانی دیکەی بادینی یەکجار خەڕافات پەرست بوون، بۆ هەموو شت فکریان لە دوعاوکشتەک دەکردەوە. مەلای ئەویش کۆلکە سیوادەکی ڕەشنووسیان هەبوو. ئەوخەڵکە فریودراوە، کوێرە سوننەیان پێ کورد بوون. بەڵام کوردی شێعەیان بەتورک لەقەڵەم دەدا، کە هەڵەیەکی مەزن بوو حاڵی نەدەکران! بۆیە سادوو کیژەکی خۆی دابوو بەحەیدەری کوێرە سوننە! نزیکەی حەوتووەک لە وێ مامەوە ئەوکات ڕێگاو بان بەوردی لە ژێرچاوەدێری کۆمێتە دابوو. ماشین شیش کوت دەکران موسافریان دادەبەزاندنو گیرفانیان دەکۆڵینەوە، بە دیقەت لە پێناسانیان دەڕوانی. بەڵام خۆشیەکەی ئەوە بوو زوربەی ڕەجاڵەو بێ سێواد بوون، بڵیت و کارتی پێناسیان لیک نەدکردەوە. سەرەتا بۆ چوونەکان ئەمە بوون کە بچێنە تورکیە لەوێ ڕا بۆ وڵاتانی دەرەوە. بەڵام ئاگاداری یوئێن نەبوون، پێیان وابوو کە گەینە تورکیە هەموو شت تەواوە لە حاڵیک دا دەرچوون لە سنوور هەر ئەوندە بوو لە چەنگ کۆماری ئیسلامی نەجاتت دەبوو. دەنا بۆ وڵاتانی دەرەوە پێوستی بەخۆ ناساندن بە یوئێنو کەیسەکی بەقوەتو تلکسی حیزبو سازمانەکان بوو، هەرچەند ئەوکات هەڵو مەرج بۆ چوونە دەر لەبارتر بوو. دەنا ئەمن و خێزانم ئەوکات کە منداڵمان نەبوو بارسووکتر بووین. بەڵام ئەمن ئەو دەمێش حەزم لە چوونەدەر نەدەکرد. لەوسەردەم پێشمەرگە لە هەموو شوین بەرەنگاری پاسدارو کۆمێتە چی ببوو، دەیان لەشکر لە ئیسفەهان، مەشەد، تەورێز بەرەو کوردستان دەهات، هێندێک لە شارەکان لە کۆنترۆڵی حیزب دابوو، سازمانی کۆمەڵەش هێزەکی بەر چاوی هەبوو. دوایی دەمێک کابرایەکی تورک کە برایەکی ئەفسەری لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە بەدیل گیرابوو، ڕەزامەندی خۆی بۆ بردنی ئێمە بۆ نیو حیزب دەربڕی، بەو مەرجە لە وێ بتوانێت براکەی بدینێ. 14 شەهریوەری 1360 بەرەو ورمێ وەڕیکەوتین. عەمەرزادە بەماشینی خۆی مەشەدی ئەحمەد خاڵی حوسین ڕەسووڵی بە ماشینی خۆی کەوتنە پێشمان. زۆر قەڕەوڵو گەشتی سەرڕێگا ناسراوی ئەوان بوون. بی گیرو گرفت تێپەڕ بووین. کە لە ورمێ نزیک بووینەوە ئەوان گەڕانەوە. ڕێگامان لە چوونە دەر لە ورمێ، بە، بەر دەرگای مۆڵگەی پۆلیس تێدەپەڕی، ئەو ڕێگایەی کە دەچێتە مەهاباد. ئەوکات لە وێ پشکنینەوەی ماشین زۆربوو. ئەمن بەهۆی مەترسی مەبادا ناوم لە لیستی گومان لێکراوان دابێت، لە200مێتری پۆلیس دابەزیم بەپەیا بەناوباخان داڕێگام گرتەبەر ئەوان بە بەردرکەی پۆلیس داڕۆین لە وێ یەکترمان گرتەوە. ئیدی بەڕواڵەت مەترسی خەڵاس ببوو بەڵام لە نەکاو دیمان لە نزیک شەیتان ئاوا، بە دەیان ماشین ڕایگراوەن ئەوە دەیانگەڕێن، گیرفانی خەڵک دەکۆڵنەوە چاو بەپێناساندا دەخشێنن. لێرە هەموو شت دوایی هات. تەکبیر بوو

بەسوخرەی تەقدیر، ڕێگای بەپاش داگەڕانەوەش نەبوو. ئەوکات لێخور(ڕانەندە) گوتی: ئەی ماڵم خەرابوو بنزینی زێدەم لە پشت ماشین داهەیە! ئیدی قەدەمی دەست و پێمان شکا، چونکە ئەوە بۆخوی گوماناوییبوو. ماشینە کەمان ڕاگرتو خۆمان بە قەزاو قەدر ئەسپارت. پاسدارێکی دەمار گرژ کە بەرپرسی کۆمیتە بوو دەمناسی بۆ لای ماشین هات. دەستی ڕاوەشاند گوتی بڕۆن! ئەی خودایە ئەو شانسەو ئەو یارمەتیە گەورەیی هەر بۆ تۆ چاکە! بە،بەردەمی ئەو هەموو مەعمووره داتێپەڕین. خوداچاوی هەمووانی لە حاست ئێمە نووساند. لاماندا گوندی جولبەرو باڵستان، دیتمان ئەوە جەماوەرێک پاسدار لە سەر قەبرانن خەڵکی گوندیش لەوێن مەمنا پاسدارەک کوژراوە دەینێژن. خۆمان ڕەگەڵ حەشیمەت خست، دەستمان بە فاتحەخویندن کرد. کە جەماوەر بڵاوەی کرد ملی ڕێگامان گرتو ئاوای گوندی حڵبێ کۆیک بووین. دەستەک پێشمەرگەی لێبوون لە ناو ئەواندا شەهید سمایل موهاجریو ڕەشیدی کوڕی وەبەرچاو کەوتن. نەفەسێکی ئاسوودەمان کێشا. بەداخەوە ئەو ماڵەی لێیبووین ناوی خانەخوێکم لەبیرناماوە دیاربوو ئەوان ئاگاداری دەرچوونم ببوون. شەو میوانی پیاوەکی ماقول بووین کە ناوەکەم نایتەبیر، ڕۆژی دوایی چووینە ماڵی ئاغاکان، بەداخەوە هێندێک لەوان لە شەڕی نەغدە لە ماڵی خۆیان بێ غانی غەرز بەدەست لاتۆر پاتۆروشڕەخۆری نەغدە شەهید ببوون. ڕۆژی دەواتر بەرەوشاری شنۆ وەڕیکەوتین. لەوی چووینە ماڵی عەزیزی خانەبەگی کە هەر وەک ماڵی خۆمان بوو. پوور ئایشە لە سەر گوردبوو ئامینی خێزانی گە لێک بەحورمەت بوو. منداڵەکانی عەزیزجگە لە هەمزە بەگشتی سەرو پێچکە بوون. بەهۆی ئەمە ئەمن لە سەڵماس ئاگاداری هێرشی حکوومەت ببووم سبحەینەکە چوومە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی کاتی کاک حوسین مەدەنی بوو. مەسەلەی پیلانی هێرش بۆ سەرشنۆم لە نووکەوە بۆگێڕاوە، بەڵام ناوبراو جگە لە سەر لەقاندن کوێچکەی بۆ شل نەکرد.

**(هێرش بۆسەر شنۆ)**

هێرشەکە لە20ی مانگی خەرمانانی1360ی هەتاوی دەستی پێکرد کە بریتی بوو لە تاقمەی ڕەحمان کەریمیو بەکرێگێراوانو عەشایرو جاش. پێشمەرگەو هێزی کۆمەڵە بۆ پێشگیری لە ڕەشەکوژی شاریان بەجێهێشت. پێم وایە ئەوکات فەرماندەری هێز سەروان شاهۆ بوو. تاقمەی حەوت کەسە دەیان ویست کاک سەنار مامەدیش لەگاڵ خۆ بخەن زۆریان حەول و تەقەلا کرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوونو سەری نەگرتو سەری خۆیان تێداچوو. ئەوانی دیکەش لە تاران تەشکو داوینیان هەڵکربوو کە دەستەگوڵێک لەئاو بدەن، بەڵام دەستیان خوێندرایەوە. ئەوە خولێک بوو کە توودە دەیگێڕاە. زۆر گەنج ولاو هەڵفریواندرابوون، زۆرکەسی باش و خەمخۆری کوردو کوردستان بە پڕوپاگەندە لە خشتە بردرابوون، پیلانی بێ حورمەتی کردن بە تەرمی نەمر بارزانی لە قەبرستانی سێبیان بەفیتی توودەو ڕێژیمی گڵاوی ئاخوندی بنیات نرابوو. بۆ تەفرەقەو، کورد بەکورد بە کوژدان زۆرپیلان داڕژابوون. فەرماندەری هێزی هێرش کەر ئەو کاتی لە ناو قیادە موەقەت، فرانسۆ هەریری بوو. لێرە بەرژەوەندی دەسەلات دارانی وان، جێگای داخ وحەسرەت بوو، کە سەر لەنوی ببوونەوە داردەستی حکوومەتو شەڕی کوردیان بۆ دەکرد. ئەویش چ شەڕێک کە قەت پاسدارو کۆمیتەچی و عەجەم بۆیان نەکردبوو. لەگەڵ ئەوان گوندەکانی کوردستانیان ئاگر تێبەردەدا. لە گەڵ ئەوان بەدوای پێشمەرگەی دێموکرات وەبوون. لەگەڵ ئەوان پێشەنگی قەتار بوون. کە بۆ هەڵسەنگان دەمو دەزگای ئاخوندیان هەڵبژاردبوو، تخیان لە هەستی نەتەوایەتی کرد بوو.

لەو کاتە ناسکەدا من و خیزانم لەگەڵ عەزیز چووینە ماڵی فەقێ برایم لە نەرزیوە،خەڵکی شنۆ بەتیکڕایی لە ترسی ڕەشەکوژی لە شاردەرچوو بوون. هێزی پێشمەرگە بە بۆنەی ڕێگری لە کوشتوکۆشتار شاریان بەجێهێشبوو. هجوومی ڕەجاڵەو گروپی حەوت کەسە، کە ببوون بە قوڵە چۆماخی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەیاندە نەلۆس. لە وێ گەمارۆی دوو پێشمەرگەی بریندار حیزبیان بەناوی عەولا سیزدەو ڕەفیقێکی ویدا هەرچەند بەرەنگاری خۆفرۆشان بوون بەڵام شەهید کران. فرانسۆهەریری، کە بەقەولی خۆی کوردستانی ڕۆژ هەلاتی لە زیدی ئینقلاب خاوین دەکردەوەو تەسلیمی

کوردکۆژانی دەکرد لە مزگەوت چوو بوو پشت مکڕیفوون کە دەنگەکەیان گرتبوو ئەوهێندەی بەبەژن وبالآی کۆماری ئیسلامی هەڵکوتبوو و بە زەمی پێشمەرگەدا چۆبوو خوار لەگێڕانەوە نایە. دەبی بڵێم زۆر بەداخەوە دوایی چەند ساڵ ئەو فەرماندە مێژوو نووسەی جامینخوازی ئاخوندی لەکوردستانی باشوور بەدەستی ئیسلامیەکان شەهید کرا. پێویستە لەعنەت لەوکەسانە بکەین کەتۆی چەند بەرەکیو تەفرەقەو براکوژیان چاند. شوکر هەنۆکە کە ئەودێڕانە دەنووسم ڕێکەوت 2006/3/26ی زایینی کوردی هەرچوار پارچەو هەموو حیزبەکان یەک چاوگەوبڕیارن. ئێستا بەڕێز کاک موسعود بارزانی بۆتە سەرۆکی هەریمی کوردستان. ئەوهەی ئەمن دەیگێڕمەوە بۆ مێژوو پێویستە چەنکە ئەگەر هەڵەکان پاشقول بدێن ناتوانین بە سەر کۆسپەکاندا زاڵ بینو ئاچەری پیرۆزی وەدەست بێنین. دەبێ بەدڵپاکی بە ڕابردوەکانماندا بچینەوە خەتاکان قەرەبۆبکەینەوە.
منو خیزانم سبحەینەکەی چووینە ماڵی حەسەن ئاغا لەگوندی جاشیران،سێ ڕۆژ لەماڵی نابراو ماینەوە. ئەوڕێزو حورمەتەی کە حەسەن ئاغا لیی گرتین قەت لەبیرناچێت. حەسەن ئاغا لەڕاستیدا پیاوەکی لێهاتوو پیاوانی بوو کەیفی بەپیاوەتی دەهات،مرۆڤێکی دەست هاوەڵا بوو. لە وێرا بەتراکتۆری حەسەن ئاغا کەبۆ خۆشی لەگەڵمان هات بەروتەشکیلاتی هێزی ئەفشین وەرێکەوتین، کەلەچەمی گادەر پەڕینەوە بۆ مالآوایی دابەزین. حەسەن ئاغا ئەمنی خلۆوە کرد گوتی: ئەوەشێست هەزار تومەنم بۆ هێناوی(ئەوپارەیە ئەوکات زۆربوو پارەدانەزیبوو) لە سەفەردا پارە یارمەتی دەرە زورم سوپاس کرد، بەڵام لێم وەرنەگرت چونکە پارەم پێ بوو. بەڵام ئەوگەورەیی خۆی گەیاندبوو، پیاوەتیەکەی لەبەرچاوم هەر ماوە، ئەگەر سمایل ئاغا قۆڕە دەماغە. ئەگەر مستەفاخانی برای مانای خزمایەتی نازانی، مرۆڤاتی حەسەن ئاغا هەمووشتی پڕ کردۆتەوە. بەداخەوە ئەومرۆڤە نیشتمان پەروەرەم جارێکی دی نەدیتەوە. هێندێک شرلەتانی خۆ بەکۆمەڵە هەلآوەسراو لە هیچ و خۆرایی بە ئەشکەنجە شەهیدی دەکەن. پیاوەتیو کوردایەتی بۆوی مایەوە، بکوژانیش هەرروو ڕەشیان لەمێژوو پێما. ئێمە لەگەڵ برای خێزانی حەسەن ئاغاکەبەداخەوە ناوەکەم وەبیرنەماوە چووینە کۆمیتەی شارستانی نەغدە، کە بەرپرسەکەی (شەهید کاک عەولآی کوڕی محەمەد ئەسمەرێ بوو.
ئەوەش بڵێم بە هێرشی تێکەڵیو تاقمەی حەوت کەسە ناوچەش شڵەقابوو. پێشمەرگە لە(نەڵۆس) بوون بەڵام سەرکردەکانی حیزبی بریتی لە: کاک حوسین مەدەنی کاک نەبی قادریو سەروان شاهۆ، خۆیان گەیاندبوو گوندی کاسە کەران. لەوێڕا بەرەو دەفتەری سیاسی دەڕۆیشتن. هیزی سمکۆو هێزی ئەفشین بەرەو مێراوەی مەلاخەلیل تێدەکشان. کە ناوچەیەکی ئازادکراو بوو. ئەوهەی بۆنی لە خۆ دەکرد لەوکەش و هەوایەدا ڕەگەڵ حیزب کوتبوو. دەم و دەزگای ئاخوندی خەڕافات پەرست پێشگیری ئابووریان بۆ کورستان ڕاگەیاند بوو. تەنەکەی بنزین 5000تومەن بوو. کە ئەو کات پارە نرخی دانەبەزیبوو، زۆربوو. نەوتو پێترۆڵ سەرجەم ئاویان ڕەگەڵ دەخرا. کەس کاتی ئەوەی نەبوو بەسەرشت ڕابگات. لە خودا نەترسیش شەرمیان لەکەس نەدەکرد، بەزەیان بەهاوولآتیان دانەدەهات. پاسدار، کۆمیتە، داروەستەکانیان لە شنۆ مەقەڕیان کردبۆوە لەگەڕانەوە لە دەفتەری حیزب سێ شەو لەگوندی دەشمس ناوچەی شنۆ لە ماڵی مام ڕەحمان ناسراو بە(ڕەحمانەکوێر) ماینەوە. ناوبراو دوو کوڕی ڕەندو مەندی بەناوی ڕەحیم و خالد هەبوو. مام ڕەحمان پیاوەکی چاونەترس و بەغێرەت و قسەخۆش بوو. کاک ڕەحیم پیاوانەو دەم بەپێکەنین، خالد لاوەکی گەنج ورندومەند. مام ڕەحمان ئەوکوردە بەجەرگە وراستگۆ وقسە پتوونو بەزیپک و بەدەمارە، کوڕەکانی بەشۆڕشگێر عاملاندبوو. ئەو بنەماڵە زۆریان یارمەتی خەڵک دا بۆ هاتو چۆ پارەیان لەکەس وەرنەدەگرت. خزمەت بە گەلەکەیان بەئەرکی سەر شانی دەزانی. کاک ڕەحیم ماشنیکی جیبی شەش سلێندری هەبوو چەند بۆشکە بنزینی لەماڵ بۆ ڕۆژی مەباداو تەنگانە تاقەت کردبوو. ئەمەکارقایمێەکی گەورە بوو. بەماشینی وان ڕیی میراوەن گرتە بەر کوڕەکان هەر دووکیان لە گەڵمان هاتن. لەڕێگا شەوێک لەماڵی کاکە سوار ماینەوە، لە زیندان ناسیاوین هەبوو ئاشنای کاک ڕەحیمیش بوو. گەلێک ڕێزی لێناین ڕیکەوتی 1360/5/20گەینەوێ. برادەرێک بە ناوی عەولآ ئیختیاری کە لە ڕێژێمی "شا"لە زیندانی گۆلی ورمێ پێکەو ئاشنا بووین و خەڵکی گوندی (گوێزیلە) بوو بە هانامان هاتو

هۆدەیەکی بۆ دۆزینەوە، هۆدەکە چونکە کادین بوو کێچی زۆر بوو. پیاو نەیدەتوانی تێدا بخەوێ هەتا سبحەینە لە بەر خۆ هەڵگڕاندن نەدەخەوتین. بەڵام بۆ ئێمەی بێ جێوڕێ کۆشکی پاشا بوو. ئەوکات کاک سەدیق کە لە زەمانی پاشا بەرپرسی بانگ بوو پارەو زێڕی قورسەی لە بانک هەڵگرتبوو بەوهۆیەوە کە سمێڵی چەوربوو کۆمەڵە چەند حەڕەسی بۆ دانابوو. هەروا باپیرئاغای سۆفیان لە مێراوە بوو. ناوبراو بە ئەزموونو تێگەیشتوو بوو کوڕێکی بەناوی کاک مرادهەبوو کە لە شنۆ مامۆستای قوتابخانە بوو. لە وێ ڕەگەڵ حیزب کەوت لە ڕاپەڕین دژی "شا" دەورێکی بەر چاوی هەبوو. لەکوردستان لە گەڵێک شەڕاندا بەشداری کرد. بە درەنگەوە چوو دەرەوەی وڵات. هەروا کاک نەبی لە دەفتەری سیاسی دەشوغڵی کەلەڕێژیمی شادا سەردەمێک شارداری شنۆ بوو. بەداخەوە تووشی نەخۆشی شیرپەنجەبوو(سەرەتان)ئەمری خوای کرد. و میرزا سەلیم سەلیمی لەوی گیرسابۆوە کە هەتا خوداحەزکات زاتدارو دەستو دڵ هاوەڵا بوو. کەریمی کوڕیشی بەحەق مردو ڕەندبوو. ئەوگوندە شارەدێ بوو چەند دووکانی لێ بوو کە بە وینەی کەپر دورست کرابوون. حەشیمەت هەر جمەی دەهات. تەژی لە غەوارە بوو، تەرەکەمەی هەموو ناوچەو مەڵبەندەکی لێدەدیترا، بەشی زۆری خەڵکی شنۆ بوون. دوو سێ دووکانداری بەسامانی پیرانشاریشی لێ دەدیترا، یەک لە وان حاجی سەیدە بوو. دووکانی چەکو تەقەمەنی لێکراوە کەڵاش کە شنۆ بە15هەزارتومەن بوو لەوێ بە70 هەر فرەی دەهات، هەموو جۆرە خواردەمەنی تایبەت شەکر بەپشتی شەکر بەپشتی گودرێژ لەکوردستانی باشوور ڕا دەهات. ئەوخەڵکە دەستەشکاو وکۆڵەوارە بەماڵ و منداڵەوە هەتڵەو پەروازەو ئاوارە ببوون. ئەوەی بەدەردو مەرگ دەچارا دراوی ئێشکە بوو. دووکان. خانوو بەرە لە گۆترە هەڕاج دەکران. ئەوانەی ببوونە داڵاش خەڵکیان رووتاندەوە. لەوێ گوێچکەیان دەسوێ نابوو. خەریکی چەقاڵ بەقاڵ بوون.
ناوچەی منگوڕایەتی سەردەشت جێگای کاسبی نییە. بەگشتی لێڕەوارەو بەندەنەکەی زوربەی میوەی خۆڕسکە، خەڵکەکەی ژیانیان بەقاچاغچیو هاتو چۆی ئاو دیو ڕادەبوێرن، بگرە هەرماڵیک چەند وڵاخی باری بریتی لە: بارگین، هێستروگویدریژی هەبوو چونکە دەفتەری حیزب لە دۆڵی دێموکڕات بوو هێزەکان لە وێ کۆ ببونەوە. شەهید کاک سەید ڕەسووی بابی گەورە (ڕەسوو دهقان) فەرماندەری هێزی پێشمەرگە بوو ناوبراو مرۆڤێکی زیخ بوو بەگەنجی ئەندامی دێموکڕات بوو. لە سەردەمی "شا" کە کەڵ بە موو بەند بوو ئەو تێکۆشانیکی چالاکانەی لە مەهابادو سەردەشتو پیرانشار(خانە) هەبوو. زۆریش ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەکان بوو، لە شەڕی چریکی دا گەڵێک خیبرە بوو. ئەمن و خیزانم دووشەوی میوان بووین، زۆری حورمەت لێنایین. ژنێکی خان و مان و دووکوڕی بەناوی ئاگرو بڵێسە وکیژێکی بە ناوی شنە هەبوو. فەرماندەری ئەوکاتی هێزی ئەفشین شەهید عومەر قەیتەران بوو، پاشان کاک سادق زەرزا بوو بە ئەمیرهێز. لە ساڵی 1263جارێکیتر کاک عومەرقەیتەران کراوە بە ئەمیرهێزی ئەفشینو لە گوندی گەرگول،کەوتە گەمارۆی ژاندارمەری و جاش بە فەرماندەری سەروان سەمەدی وکوڕی کاک عەلی کانی مام سەیدەیی کەچاش بوو لەوعەمەلیاتەدابوو. خالیدکۆلووش گۆیا بەشداری تێداکردبوو. بە داخەوە کاک عومەر قەیتەران لەو شەڕەدا شەهید بوو.

**(بۆسەی هێزی سمکۆ)**

ئەوکەمینە بە فەرماندەری ئەحمەد عەزیزی بۆ قیادەموەقەت دانرابۆوە کە لە گێڕانی سنددوقی دەنگدانی کۆماری ئیسلامی ببوون بە وشتری زەنگوڵەداری پێش قەتار! لەوبۆسەیە دا جێگری رانسۆهەریری کوژرا و حەسەن ئاغای تاژاندەرەش کە بە تۆبزی بردبوویان وەبەر هات و کوژرابوو. هەروا کاک مەحموودی کوڕی میزاحەمەدەمین فەڕوخی کەسێکی دیکەش بەدیل گرترابوون. کە بۆ قسە لەگەڵ کردن هێنایاننە گوندی لک بن کە ئەوکات بنکەی پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی لێ بوو. کاک سالح زەرزا و برادەرێکی تر بەناوی کاک نیعمەت بەشی قەزائی بوون. کاک عەبدولکەریمی گورگاوەش ئەودەم لە وێ بوو. مەقەڕەکی پاک وخاوین. لەوشەڕەداگەڵێک بارزانی کوژرابوون.

**ئاشنایی لەگەڵ کاک فیرۆزمێهدی زادە ناسراوەبە پەیمان**

کاک فیرۆز کوڕی سمایل خانی خوڕشت لەناوحیزب ناوی لەخۆی نابووپەیمان بە(مامۆستاپەیمان) دەناسرا،لەساڵی 1360ی هەتاوی کەئەمن چاوم پێکەوت لە وێ خەریکی کاری ڕۆشنبیری بوو بەڵام وەک لەنامەی 2003/8/25ی زایینی لە لەتورکیە بووی نووسیبووم ناوی فیروز،ناوبانگی مێهدیزادە ولەحیزب دا بەپیمان ناساروە.لە1338 ی هەتاوی لەگوندی خورشت لەدایک بووە لە1358ی هەتاوی لە ڕێزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جێگربووە لەر1368زەماوەندی کردوە لە4/5/ 1376لەحیزب دانیشتووە. لە 1376/4/6 لە هەولێر خۆی بە یوئین ناساندبوو، قەبووڵی لە1998/4/21ی زایین وەرگرتبوو بەڵام بوزی بۆ نەخواردبوو لە 2002/1/14خۆی گەیاندبوو شاری (وان) ئەمن ساپۆرتی ئوستڕالیام کرد بەڵام وەرنەگیرا،بەڕاستی ئەوکات کەئەمن بینیم 1360ی هەتاوی بوو کاک فیرۆزی ماندونەناس هەمووکاتی خۆی بۆ ئەدبیات تەرخان کردبوو شەوڕۆژی نەدەزانی بۆ خۆ پەروەردەکردن وخزمەت بەنەتەوەکەی و مشت و ماڵی زوانی کوردی هەدادانی نەبوو وقەت ڕانەدەوەستا حەجمینی لێ هەڵگیڕابوو وچەند هاقاڵێکی وەک خۆی گەنج و هۆگر بە ئەدەبیاتی لەگەڵ بوون. دوایی هیرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی لاجان هیزەکانی سمکوو ئەفشین بنکەکانیان بۆ سەرشاخان و گوندەکانی بابەکرئاوێ و کێلێ گویزتەوە. کاک فیروزلەگەڵ هیزی سمکۆ لە بابەکرئاوا بوو ئەمن کە لەکێلی بووم. نیوان ئەودوو گوندە هەر30 دەقیقە دەبوو ماڵی کاک عەلی کاکەسوریش هاتبوو بۆ گوندی کێلێ، ئەویش دووکیژی باش و بەئاقل ونشتیمان پەرست وئازادیخوازی هەبوو،ئەمن بەهۆی تایب کردنی شێعرەکانم زۆرم سەری کاک فیروزدەدا، کاک فیروز لەڕاستیدا شاعێریکی بەرز و لە نوسین گەلێک پوخت وپاراوبوو، نابراو کە گەنجێکی ئیکجارخاکی و دوورلەخۆ بەستنەوە بەکورسی دەسەڵات بوو خۆی بەئەدبیات خەریک کردبوو، و هەتاکاتی نەبوو کەفکری لە ژیان ئاسایی خۆی بکات، نەقەت کۆکردنەوەی ماڵی دنیای بەفکردا دەهات نە بە دوای دەستەوپەستەو مەقام عەوداڵ بوو،جار وەدەبوو بە دوومانگ حەمامی نەدەکرد،ڕیشیکی دورو دریژ، مووی سەری ئاڵۆزوتێکەل پێکەڵ و جل و بەرگی تۆزاوەی، تەنیاکاری نوسین و خزمەت بوو،نزیکەی دووساڵ لە دوورەوە ئاگاداری ژیانی بووم ئیدی لەساڵی 1362 کە ئەمن گەڕامەوە ئاگام لیی بڕا، تەنگەژەکان تەنگیان پێ هەڵچنیم حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ژیانی لێ کردمە ژقنەمووت. سەرئەنجام دوایی ئازادبوون بەدەستەبەرلە زیندان لە1369ی هەتاوی هەتڵەو هەڵوەدای هەندەران بوومەوە لە ئۆستڕالیا خۆم گرتەوە،لەساڵی 2004ی میلادی ئاگاداربووم کە کاک فیروز ئەوە هاتۆتەتورکیە تەماسم لەگەڵ گرت وساپۆرتم کردبەڵام بەداخەوە هەڵەیوڵاتی سیوەم بۆ پەنابەر بەرۆکی کرت و وەریان نەگرت. هەنۆکە کە ئەوبیرەوەرانە دەنووسم ڕێکەوت 2007/5/17ی زاینییە هەرلەتورکیەی بەقورێگیراو ماوەتەوە.

لەساڵی 1361ی هەتاوی بوو لەگوندی بابەکراوێ ناوچەی سەرشاخان کۆبۆنەوەی حیزبی بوو ئەمنیش لەگەڵ ژیانی برازام بەهەڵکەوت چووبوونیەوێ لەمزگەوت دانیشتبووین، بینیمان ئەوە پێشمەرگە کە دەستەیەک پاسداری سەرڕێگایان بەدیل گرتووە لە چیا دەیانهێنانەخوار، ئێمەلەمزگەوتی بابەکراوەبوین لێمان دەڕوانین. کاتیک هێنایانن پێم وابووپێنج پێشمەرگەیان لەگەڵ بوون بەعادەتی کوردەواری بەهۆی دەستخۆشی دانیشتوانی نیوهۆدە پێشمەرگەکانیان ماچ کردن. دوایی پرسیاری چونیەتی گرتنیان ،هێشتا چایەکەمان نەخواردبووەیەکێک بانگی منی کردگوتی کاک حامید برادەرێکی پێشمەرگە کاری بەتۆیە،ثیم وابوو نامە یان پەیامەکی بۆ لەناوچە بۆ هێناوم،ئەوش بلێم ئەمن هیچ کام لەو پێشمەرگانەی کە ئەودیلانەیان پێبوون نەمدەناسین،دوایی دڵم کەوتەقرت وفرت کالاشەکەم هەڵگرت، تفەنگی من هەمێشە گولەی لەبەربوو بەڵام زامین بوو کەچووم گوتیان بەوداڵانە تەنگەدابڕو کابرالەپشت مزگەوتە. زامینی تفەنگەکم ترازاند لە ڕاستیدا وەشک کەوتم هێشتاسوگەم نەپەڕاندبوو لاوەکی پیشمەگە دیاربوو ڕەنگی شڵەزابوو چەمەدانی کەوتبووئەستووی تفەنگ بەدەست چاوەروانی دەکردم. کە بینی ئەها ئاگادارم لە حالیک

داکە دەستی لەسەرپەلاپیتکەی تفەنگەکەی بوو گوتی: خودات بەقوربانی حیزبی دێموکرات کات،زانیم ئەو یەکێک لەکوڕەکانی محەمەد شەریفی شاوانەیە! پێشمەرگەکی زۆریش لە بەردەرگای مزگەوت راوەستابوون کابراش لەگەڵ ئەم قسەیەپاش و پاش دەکشاوە. گوتم: ئەمن حیزبی نیم فەرمووبزانم چ کارەکەت بەمەنە، باشبووناسیمی برادەران بەرپرسانی پێشمەرگە ئەمەیان دێ، هاتنەپێش، نەیانهێشت مەسەلەکە گەورەبێتە لاوەکەهەروا هەراوهورای دەکرد و دەیگووت ئەتووبابم ومامەت کوشتووم ئەمنیش گوتم راست دەکەی ئەگەرپیاوبای هەڵندەهاتی دەی وەرەبزانیم چێت دەوی؟ بردادران کە پیان سەیربوو ئەمنیان بردەماڵی کاک بایز،گوتیان ئەوەچییە؟ گوتم ئەو مەسەلەیەکی کۆنە ئەوانە ئەوکات سەرو پێچکەبوونە کە قادرفەتحی دووکەسی لە شاوانە بەهۆی مخبیری کوشت ورپیکەوتەکی بۆ1342تاوی دەگەڕیتەوە،ئەمانە دوایی شەهید بوونی نابراو سکاڵایان لەمن کرد،بەهۆی ئەم پەروەندەیە بەناحەق زیندانم کێشا،دوایی ڕاپەڕینی گەلانی ئیران و هاتنەوەی حیزب جارێکی دیکە ئەمانە سکاڵایان لە حیزبی دیموکرات کردوە ماموستاگۆران بە قەزیەکەداچۆتەوە لە ناوچەپرسیاری کردو ئەمنی بێ تاوان ناسی بوو بەڵام،هەنوکە کە دەزانن ئەمن لەلایان دادگەی ئاخوندی مەحکووم بەئیعدام بوومە و خومەینی عافوی داوە دەیانهەوێ بەتیریک دووئامانج بنگێون ببن بە ڕیوەربەری حکمی ئیعدامم لەلایان دادگای ئینقلابی ورمی. لایاکی دیکە جگە لە کەلک وەرگرتن لەعافوی خومەینی، دەست خۆشانەش لە سوپاپاسداران وەرگرن. دوایی لێکۆڵینەوە دەستووریاندا کابرای چەک کەن، ئەو دوو لاوە خۆیان تەسلیمی کۆماری ئیسلامی کردەوە بوون بە ئیستخباراتی سوپا. ئەوکاتی محەمەدزادە بەرپرسی تەشکیلاتی هیزی سمکو بوو بۆخۆشی حزوری هەبوو.

**(سەفەربۆگوندی کاسەکەران)**

زستانی 1361ی هەتاوی بوو سەرەتای مانگی ڕیبەندان. بەلۆریەک قەند لە شارۆچکەی میراوێ ڕابەرەو گوندی کاسە کەران وەڕێکەوتین، مێوانی حەمەدەمی ئاغای بووین. ناوبراو خاوەن سامانێکی زۆری گاو گۆل و پاتاڵ و تراکتۆرو ترێلی وکەرەسەی تۆ چاندن و دەغل وەکۆ کردنەوە بوو. بەرەمەزرایەکی بە ناوی مکانیزە(مستثنیات) ئەربابی لە دەست دابوو، دوو کیژی بەکەڕامەت و چەندکوڕی ماندو نەناس و بەڕیزو ئیحترامی هەبوون. کە وەک کاردار،کاری پێدەکردن لە ڕاستیدا قایشی لێ کێشابوون. ئامینە خانمی خیزانی شێرە ژنێک بوو. حەمەدەمین ئاغا چاوەدێری بەسەر هەموو شت دا دەکرد لە خواردەمەنی ماڵ هەتا بەرەمەشکە. سبحەینان تاریکو ڕوونی بەیانی بە هەراو هوریاو جنێودان ئەو ژن و منداڵەی لە نێوجێو بان دەردەپەڕاند بەکۆ خەریکی کارکردن دەبوون هێندێک خەریکی حەوشەماشتن بازێک بەساقۆڕی گەورە کایان دەکێشا هێندیک گیایان وردەکرد دەستەیەک بەسەوەتەی دە زەلام ڕێخیان دەڕشتو پەینی ویشکیان بەبەرلاقی وڵاخان دادەکرد. تەنیا کوڕە چکۆڵەکەی دەرسی دەخوێند! وای لێدەهات هەتاکات ژمێری 10 بەیان بە حاڵە حاڵ ڕزگاریان دەبوو. بەپەلە نان و ماستەکیان دەخوارد، باسی قاشاو ڕنەکی وڵاخانیش هەرناکرێت. جگەلەوانەش ژن و مندال حەقیان نەبوو لە لای حەمەدەمین ئاغا نان بخۆن هەتاخیزانی خاوەنی ئەوهەموو منداڵەبوو لەچاخی نان خواردن لە مدبەق ئەگەر حەمەدەمی ئاغا هاتبوایە ژوور دەمی لێدەگرت. من و خیزانم چەندیان پێ پێدەکێنین خودادەزانێ، ئەوانیش پاشملە هێندە بەمن و خیزانم پیدەکەنین کە لە دیوەخان لەلای حەمەدەمین ئاغا پێکەوە نانن دەخوارد. بل لەوانەش ناوبراو بەپێچەوانەی هەموو کوردێکی کوردستان کەیفی بە میوانی چەکدار نەدەهات تایبەت رقی لە پێشمەرگە بوو. دووجار کاک سەید ڕەسووی بابی گەورەلەگەڵ دوو سێ پێشمەرگە ڕێگایان دەوێ کەوت کەلەبەر کرێوە کەس نەیدەتوانی لە ماڵ دەرکەوێت ماشینەیان بۆ لێدەنان حەمەدەمین ئاغا خۆی لێ وەدەشاردن دیارە نەک حەمەدەمین ئاغا بازێک ئاغای لاجان ئەوها بوون. ئەوەش دەگەڕاوە سەر دوو شت،(جگەلەمێژوو نەناسی) لە زەمانی "شا" بگرە هەتا"خومەینی"دەستەو پەستەیان لە گەڵ عەجەمان هەبوو. ئەوەی نە ببوو بەجاشێش بەنهێنی سیخوڕی بۆ دادگیرکەران دەکرد. دووهەم دابەزینی قانوونی (ئیسلاحات ئەرزی)

دابەشکردنی زەویوزار، ئەوانی تووشی دابڕان و وازهێنان لە نەتەوە کردبوو. تاوانەکەش ئی نەزانیو سەرەدەر، دەرنەکردن لە میژووی کوردستان بوو، هەرواپڕوپاگەندەی ڕێژێمەکان، کەبە درێژای مێژوو کوردیان پێکتر بەکوژ داوە هەرجارێ بە جۆرەپیلانێک لەیەکتریان قیت کردوونەتەوە. ڕۆژێک خیزانم ناردە پیرانشار لە وێ نەدیوو نەناس چوو بوو ماڵی سولیمان خان، ناوبراو زۆری ڕێزو حوڕمەت گرتبوون گوتبووشی بەفلان کەس بڵێن هەر کارێکی هەیبێت موزایەقەی لەگەڵ ناکەم. ئەوچاکەیەی ویم هەرلەچاویداماوە. ڕۆژێک لە ماڵی حەمەدەمین ئاغا بووم دوو سێ پێشمەرگە هاتن قادر مامەندی هونەرمەندی دەنگ خۆشیان لە گەڵ بوو، فراوینێک پێکەوبووین ئەمە تەنیا بیرەوەریەک بوو لە هونەرمەندی نەمر لەلام ماوە.

**(بووچوونی جیاواز)**

لە ئینقلاب و شۆڕش دا بازێک لە ڕێگای گەلەکەیان خوێن دەرێژن تاقمەیەک بەدوای ئەوانەن کە هەتڵەو پەروازەبوونە هەستو نیستیان لە دەست داوە لێیان دەبنە مردو خۆر. بەشێک بەچەقاڵ بەقاڵ سەر قاڵ دەبن. دەستەیک بەدوای پلەو پایە عەوداڵن. هێندێک ماڵیان لێ خەراپ دەبێت. گروپێک بە ئێسک کرۆسنەوە دەبن بەلۆرت. ئەوکات ئەو هابوو. ئەوەی پارەی ئیشکەی بوایەو مانای بەزەیی و کەرامەتی نەزانی بوایە باوی بوو. چونکە ملک و دووکان بێ بایەخ و بەلاش بوو زۆرکەس لەو بێنەو بەرەو چەق وتەفە دا بەکرینی ماڵی لێقەوماوان خۆیان مرِ داو هەنگران. ئەمە قانوونی سروشتییە. تایبەت لە دونیای سێهەم دا کە جوامێری ئینسانیەت لە ساماندا خۆی دەبینیتەوە دەجا بەهەرگزەو فێڵ و خۆفرۆشی بێت. ئەوانەی گیانیان بۆ گەلەکەیان بەخت دەکەن ،قەت هیچیان نابێت زۆریان بێ کفن دەمرن یان دەبنە سەربازی گومنام تەنیا ناوەکەیان بۆ زیندو دەمێنێتەوە. لە ئینقلابێ ئێرانو ڕاپەڕینی گەلی کوردستان ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بوو. شرەخۆرانی ئیسلامی کوردستانیان کاول کرد هەزاران کەسیان شەهید کرد. هەموو شارەکان پاسدارو خۆفرۆشیان تێدا بییخ بوو مردوو خۆری لێ قیت بوونەوە جا وەرە شارێک بەتێکڕایی لێی بقەومێ ژنو منداڵ بکوژرێ خوێن بێ سەران بەرێ، جەماوەر لە ترسی بکوژان پشت لە ئاوایی و ڕوو لە چۆلگەبکەن زگ برسی بمێننەوە ئەوەی بە عومرێک کۆیان کردۆتەوە ئەتۆ بچی لەو کاتە ئەستەم و تەنگانەیەدا لە دەستی دەر بێنی و بەپۆزو ئیفادە سمێل چەورکەی ناوی لێ بنێت مامەلە! شەرعی پێغەمبەرو درۆ دەلەسەی بۆ هەڵبەستی! کوا وێژدانە کوا خواو پێغەمبەر قەبوڵیانە؟! لەوکاتیش دا تەحریمی ئابووری ڕاگەیاندرابوو. خەڵکەکە شتوومەکیان تایبەت شەکر لە کوردستانی باشوور بە پشتی هەسپ و هێستر دێناوە گەلێک جاریش وەبەر ڕەهێلەی ڕەشاشی پاسداران دەکەوتن کە بەڕەشاوێژ دەیانڕشاند. لە گوندی مێراوێ مەلامستەفا یەکەمین کەس بوو کە دەستی بە قەند دورست کردن کرد. ئەوقالبی قەندی کەللەی لە تەورێز وەدەست هێنابوو، قەندە کەلەکەی ڕەواجی زۆربوو هەرمێنی لە سەر بوو دوایی چەند کەسی دیکەش مەنجەڵیان لە زەنگانێ بۆ هات کە شەکریان تێدا دەکوڵاندەوەو دەستلانیان دەکرد کە ویشک دەبوو بەمشار دەیان بڕیەوە دەبۆ بەقەندی کلۆ. بە ولاخ بۆ گوندەکانی تریان دەگوێزتەوە بەم جۆرە تەحریمی خومەینی شکاندرا. ئەوکەرەت پیلانی بۆ گرتنەوەی ناچەکانی شاخاوی دارِشت. پێشەنگی تاقمەی حەوت کەسە کە ڕەحمان کەریمی بوو بەنهێنی دەستی لەگەڵ ڕێژیم هەبوو بە تەسلیم کردنەوەی بەندەنەکانی ئستراتژیکی تەمرچیان، ڕێگای بۆگرتنەوەی کوردستانی ڕۆژ هەلات تەخت کرد. بەداخەوە دەفتەری سیاسی چ ئاوڕی لە مەسەلە نەداوە. کۆمەڵەش کە شەڕی چکداری ڕێکخستبوو ببوو بە دەردی سەر دەردان. ئێستا جێی ئەوپرسیارەیە لە ئێوەی بکرێت ئێوە کەباوەڕتان بەمەسەلەی چارەنووسی کورد نییە ئەنگۆی گوێ لە مستی تورکو فارس بۆچ لەوکاتە ناسکە دابوونە بەرهەڵبێنیەی کۆماری ئیسلامی! هەر لە سەر ئەو بیروباوەرە بێ بناخەیە شەڕتان بەحیزب فرۆشت. چەند سەت پێشمەرگەی قارەمانی هەردوولا بەهیچ و خۆڕایی شەهیدبوون؟ ئەمن وەکۆ کوردێک ناڵێم وشەی کمونیست مانای نییە بەلام کمونیستی کوردستان نەک ئی تورکوفارس. ئەو برادەرانە کە بەڕاستی دەیانەویست وڕاستەوخۆ ببوون بە

دەستەچێلەی ئاژاوە بۆ وەی پیلانی حکوومەت بۆگرتنەوەی کوردستان وەپەلە بخەن زووی مسوەگەربکەن خەڵکیان تێک بەردەدە لایانگریان بۆ کۆماری ئیسلامی پەیدادەکرد. بۆنموونە مەکانیزەی تاپۆکراویان بەسەر ڕەشایی گوند دابەش دەکرد. بەڵام قەت جارێک لەخۆیان نەپرسی ئاخۆ ئەمە چۆن سەر دەگرێ ئەتۆی کە ناوێری ڕۆژێک بە ئاشکرا لە لادێ بمێنیەوە. ئەتۆی بە چیا هەڵگەراوی تۆقاندراو. چلۆن دەشێی قانوونی ئیسلاحات بە ڕێوەبەری. ئاخۆ ئەمە خەڵک پێکتر بە شەڕدان نییە! ئاخۆ ئەمە لەو هەلوومەرجە، داکۆکی لە حکوومەتی سەرە ڕۆی ئیسلامی نەبوو! ئەوە گیرەم توانیت چ دەستەبەرێکی هەیە کە ڕەشایی گوند پشتی پێ ببستێت. ئەمە یاسایە لە ئیختیاری حکوومەتی ناوەندی دایە. ئەمە شتێک بوو کە دەبوایە پەڕلەمان قۆڵی لەسەر کێشابوایە. وەنەبێ نەزانن هەر بە ئەنقەست ئاوایان دەکرد. هەتا بۆ حکومەتی ناوەندی ببێتە بەڵگە کە بتوانی بڵێت: کورد ئاژاوەچین، مەڵبەندەکانیان شێواندووە هێرشەکەی وەشەرعیەت بخات هەرواش بوو! دەنا لەکوی حیزب ویستبوای لە گەڵ ڕێژیم وت و وێژ بکات ئەوان چەتیان تێداویشت پووچەڵیان دەکردەوە. بەڵێ وەنەبێت نەفامن بەڵام بە پەڕوو پۆ وەراندنی حیزبی دێمووکڕات کەیفیان سازدەبوو. ئەمن لەگوندی میراو بەرلەدانانی دووکانی قەند مریشکم بەجوملە دەفرۆشتن قازانجێکی باشی هەبوو مریشک بەماشین دەهاتن بەڵام ئەومریشکانە بە پێچەوانەی مریشکی خۆماڵی ئەوها سواری لەسەرپشتی یەک دەبن ئەگەر ئاگادایان نەبن لەبن یەکدا دەخنکێن،دەجاهەرماشینیک کە دەهات جگەلەوەی بەلانی کەوە 20مریشکی تیدا خنکابوو لەکاتی ڕاگرتن لە ناو پەرژینیش شەوانە ئەوهایان دەکرد بەڵام کاک خلە(کەبەسەروان خلەمەشهوربوو) ئەومریشکە مرداربوانەی دەبردن دەیگوت پێویستیم بە توکەکانیانە بەدرنگەوە زانیم کە لە قاوەخانەکەی دەیانکاتە خۆراک ودەرخواردی خەلکیان دەدا. گۆیا ناوبراو دوایی لەسەر مەسەلەی پیاوکوشتن بەدەستی حیزب ئیعدام کرا.

### (گیرسانەوەی منو خێزانم لە مێراوە)

من و خێزانم لەو هۆدەیەی کە مام عەولا بە ئێمەی دابوو نشتەجێ بووین، زیلویەک و کتری و چایدان و کەل و پەلی پێویستمان کڕی برادەرێکی سەردەمی زیندان کە وەک غەوارە پەڕیوەی مێراوە ببوو بە هەڵکەوت تووشم هاتو متەکەیەکی گەورەی تووکی داینێ فکرن لێدەکردەوە بۆ دۆشەک و سەرین کەلکی لێوەر دەگێرێت. بەڵام کەکردمانەوە واقن وڕما! تووکی چی؟ دەیان لاقە مریشک چنچڕۆک و سەلکە قەلموونە، باڵە قەلەباشکە، ئێسک وپروسک! کە ئەو شتانەمان لێ فڕیدان نازباڵنجەکی یەک کیلۆیی لێسازبوو. دوایی سەردەمێک کە دیمان ئەوها بێکارو ئیش ناتوانین بەڕێبچین چ دراوی ئیشکەش لەگۆڕی نەبوو، مەنیجی خیزانم ناردەوە شنۆ. لەوێ گەردنبەندەکەی لە زێڕینگەری فرۆشتبوو، دیارە چووبوو ماڵی جەعفەر پێکەوە چووبوونە زێڕینگر بەو پارەیە ناردمان مەنجەڵیان بۆ لە تەورێز کڕین و کاک خدربەحری خەڵکی مێراوە کە ماڵەکەی ڕوبەڕوی ماڵی مەلامستەفا بوو دووکانێکی بە پیاوانە لە ئیختیارنایین. ناوبراو مرۆڤێکی نیشتمان پەروەرو جوامێربوو. لە سەریەک دانیشتوانی مێراوە هەستی کوردایەتیان زۆربوو. ئەوگوندە بە(مێراوەی مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری دەناسرێت ) مەلاخەلیل ئاغای ئەو گوندە لە سەردەمی ڕەزاشا، کە دەیەوەست کورد دوولینک لە بەرکات و شەبقە لە سەربنێت لێی ڕا پەریوە بەچۆکی داهێناوە. تازە دووکانەکەمان سەروبەرکرد بوو خەرێکی شەکر کۆڵاندنەوە بۆین کاک سەدیق مان لێ پەیدا بوو. ئەمن هەوەڵ کەڕەت بوو دەمدی ،پێشنیاری شەرێکاتی لەگەڵ کردم و بەستەیەکی 100هەزارتومەنی ڕەنگ کەوەی بۆ لە سەرڕەفعەدانام. گوتم کاک سەدیق خۆ شەڕاکەت وانابێ بابچین ماڵ شتێک بنوسین ئیمزابکەین. پێکەوە چووینەوە هەتاچایی حازر بوو ئەوشتێکی وەک پسوولە نووسیبوو. کە ئەو ڕۆیی ئەمن چوومە لای برادەرێک دوو تۆنی دیکەشم شەکر کڕی. وەک بەرێ ئاماژەم پێکردوە شکر لەکوردستانی باشوور بەپشتی وڵاخ دەهات زاری تەلیسەکان بەماشین دروا بوو. تایەکان 50کیلۆیی بوون بەڵام ئەوانەی کە ئەمن لەو برادەرەم کڕیبوو لە سەر قەپان 45کیلۆدەهاتنەوە. پیم سەیر بوودوایی زانیم کەئەو بەسوژن لە تەلێسەکانی وەژاندوە لێی بەتاڵ کردوون. بۆختانی پێ ناکەم جەفەنگم لەگەڵی هەبوو. لە دووکان دەستم بەکارکرد.

سێ تۆن شەکرم کۆڵاندبۆوە کرد بووم بە قەندی کلۆ، بە مشار بڕیبوومنەوە لە تەلیسانم کردبوو بەڵام نەفرۆشرابوو. ڕۆژێک کاک سەدیق نامەیەکی بۆناردبووم کە سی هەزاری بۆبنێرم. بۆم نارد دوو ڕۆژ دوایی قاقەزەکی نارد بۆچل هەزار، سەر ئەنجام لە ماوەی دوو حەوتوو پارەکەی وەرگرتەوە. چوومە لای شەڕاکەت نامەکم لێ وەرگرتەوە لە ڕاستیدا کابرا غلووربوو کەس نەیدەزانی چی دەکرد. گۆیا زێڕەکەشی بە میزاعەلی شیرعەلی زادەدابۆ بانگ ناردبۆوە، کە ئەویشیان لەسەرکار وەلابرد. ئەمەم بە دەنگۆ بیست بەڵام شیرعەلی زادە دووکانی سوپرمارکێتی هەبوو زۆر دەچوومەلای بەڵام قەت لەم بارەوە لەگەڵی نەئاخافتم. سەردەمێک کە قەند بە قوونداکەوت برەوی نەبوو میوەجاتیان بۆ بە جوملە بۆ دەێنام ئەمنیش هەربەجوملە دەمفرۆشت. ئەوەی ئەوشتانەی بۆ دەهێنام ناوی ئەحمەد بوو بەچەنە ناوی دیکەش دەناسرا، وەکووئەحمەد ئیراقی ئەحمەدە زەلامە، کاکەڕەشە، زگتێڕ چی وچی... ،هەتا درۆ لەوێ بوایە قەت ڕاستی نەدەگوت. بەڵام دەستی بەخێربوو قازانجم لێدیت ماڵی ئاوەدان بێت. زۆریش زارو تەکلیف خۆش و قەول پتوون و چاونەترس و بەغێرەت و دەست هاوەڵابوو. نەشمیل لەوگوندە لە25ی خاکەلێوەی 1361لەو هۆدەیەی کە ئامازەم پێکرد هاتە دونیا، خیزانم تووشی نەخۆشی بوو لەوگوندە تەنیا دکتۆرێکی کۆمەڵەی لێ بوو. زۆرمان لە گەڵ ماندوو بوو بەداخەو ناوکەم لە بیرنەماو کەڕاستەوخۆ سوپاسی ئەوهەموو ئینسان دۆستییەی بکەم، دوایی دوکتۆرخوسرەوی مەتەبەکەی لە وێ لە وەتاخێکی کاک ئەحمەد بەحری دانا ڕۆژێک لە وێ چاوم بە بەرێزکاک قادر عەبدی کەوت. ئیدی هەتانەهاتە ئۆستڕالیا یەکترمان نەدیتەوە. بەرپرسی تەشکیلات کاک هۆمایون ئەردەڵان بوو کە یەکجار ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو لەوێ جەژنی گەلاوێژ(47مین ساڵهات)مان گرت شەهید دوکتۆرقاسملوو قسەی کرد هێندێک فارسی لێبوون. وەک بێتە بیرم خێزانی خوسرو روزبەش قسەی کرد. ساڵی دوایی لەگوندی بابەکر ئاوە کاک فەیروزمێهدی زادە شێعری خویندەوە،- مەلاحسەن ڕەستگاربەرپرسی تشکیلاتی ئەفشین قسەی کرد.

**(گرتنەوەی شارەدێیەکەی میراوەی مەنگوڕان)**

گرتنەوەی میراوە بەکارێکی لەکردن نەهاتوو لە قەڵەم دەدرا چونکە یەکجار بەداربارو لێڕەواو شاخاوییە، بەڵام دەستی خەیانەتی تووده بۆ ڕێژیمی هەموارکرد خەیانەتی ڕەحمان کەریمی ڕێگای بۆ خۆش کرد. گرتنەوی بەرزایەکانی پشت پیرانشارکە زنجیرەکێوەکان وەک ئاڵقە پێکەوە گاو دەکاتەوە ئەوهەڵەی بۆ خۆفرۆشان و جەللادانی خومەینی ڕەخساند. ئەوکات خیزانم بۆ سەردانی ماڵی بابی چۆبۆوە، ئەمنیش چووبوومە گەرگۆل، لە وێ بەکوتوپڕ ئاگاداری بەچوارنال غاردانی هێزی ڕەجاڵەی دەم و دەزگای خەڕافات بووم. کە جگە لە وەی میراوێ دەگریتەوە بەرەولاجانیش تێدەکشێت. دیارە هێرشەکە هەموولایانەبوو، کاک سەید ڕەسوو کە لە بەرەگەبوو، پێشی پێ نەگیرابوو دوژمن بێ بەزەیانە هەمولایەکی دەکوتا، لێرەوارجەنگەڵی ئاگر تێ بەردەدا گوندی کاول دەکردن، ژن و منداڵ و پیرو جحیڵی دەکوشت، چی نەدەپاراست دەیگوت کوێرم هیچ نابیرم. هەمووجۆرە چەکەکی ویرانکەری بەکاردەهێناو بە تاقی دەکردەوە. دەنگی کورد بە دونیا ڕانەدەگەیشت. یان کەس گویی لێ ڕانەدەگرت. نەوت گەرووی هەموانی خنکاندبوو لاڵ وکەڕ وکوێری کردبووون. گرتنەوەی میراوە جارێکیتر خەڵکی تووشی لانەوازیو تەرەو هەڵوەداییو ئاوارەیی کرد. یەکەمین شەهید برای ملامستەفای دانیشتووی میراوە دەبێت، پاسدار کە خۆ دەگوند دەکێشن دەست بەتاڵان دەکەن. کابرایەکی نەقاش کە جیناریی من بوو کات بەفورسەت دەزانی ماڵەکەی ئێمە دەپێچیتەوە ڕەپێچەک دەداو دەبات. بەڵام کاک عەولا ئیختیاری پێدەزانی هێندێک کەڵ پەل و ماشینە تریکۆ بافیەکەی لێ دەستێنێتەوە. زۆرکەس بۆ ئەودیوی (بەستەسین) دەڕۆن. هێزەکانی سمکۆو ئەفشین بەرەو ناوچەی سەرشاخان گەڕانەوە. کە بەندەنێکی چەختو قایم بوو. لەوسەرو بەندە دا خیزانم کە پێدەزانی لەگاڵ دایکم دێنە گەرگول. ئەوجار هێرشەکە لەولایە ڕووی دەلاجان کرد. مەقەڕی پیشمەرگەو تەشکیلات دەستیان بەگویزتنەوە بۆ ناوچەی سەر شاخان کرد. ئەمن چەمەدان و شەڕەوبرم پێ

بوو، دایکیشم نەیدەتوانی ئەوها بەچیا هەڵگەڕێ، پێویستمان بە وڵاخێک هەسپ، هێستر هەرنەبێ گویدرێژیک بوو. کەکەڵو پەلی لێبارکەین. بەڵام هەموو گوندی لک بنمان سەرو بن کرد کەس نەبوو یارمەتین بدات. پێشمەرگەش نەیدەویست پرکێشی بکات. خەڵکەکەش کە دەیانزانی حکوومەت ناوچە دەگریتەوە جوابیان نەدەداوە. مەجبوور گویدرێژێکمان لەماڵێک بە1000تومەن کری، ئەوپارەیە ئەوکات زۆربوو بێ خەبەر لە وەی کابرا کڵاوی لەسەر ناوین، کەرەکە جاشە! قەت بارنەکراوە کەلەخوارەوەی چیا بارمان هاویشتە سەر پشت، دەستی بەجیفرکو لوشک هاوێژتن کرد بەڵام خەڵکەکە زۆر بوون گرتیان بەتۆبزی بارەکەیان لەپشت هەڵدا. چونکە بەرەو هەوراز بوو پێڕاهاتوباری هەڵگرت. کوڕەکان بۆ جەفەنگ ناویان لێنابوو ژمارە مووەقەت. لە وێ چاوم بەکاک عەبدولکەریم کەوت ناوبراوخەلکی گورگاوە مرۆڤیکی یەکجارباش قەول پتوونو ڕاستگۆو دورستکاربوو. نزیکەی 17ساڵە لێی بێخەبەرم، هیوادارم لە هەرکوێ بێت خۆشی لە باوەش بگرێت. بەوشەوە لە هەروازکە وەسەرکەوتین، چووینە گوندی شێوەبرسی. لە ماڵیکی بە سامان وەژوورکەوتین. بەڵام گەلێک چاوبرسی بوو. سبحەینەکە بەرەو گوندی کێلێ ڕۆیشتین. دەستەیەکیش بەرەو بابەکرئاو چوون. نیوانی ئەودوو گوندە ڕێگای 30دەقیقە دەبێت. ماڵی کاک عەلی بلباسیش بەر لەمە لە وێ جێگربووبوون یان دوایی ئێمەهاتن، جوانم نایەتەوەبیر. ناوبراو یەکێک لە دۆستانی سەردەمی زیندان بوو-کەئەودێرانەدەنووسم خێزانی ساڵێک پێش لە 1384،ئەمری خوای کردوە،کاک عەلی بەسەردەمی پیری تەنیا هێشتووتەوە -لەو داروبەش دا لەوگوندە ئێمەیان بردە ماڵیک بە ناوی کاک محەمەد (ناسراوبەمحەمەد شەش کەر) پیاوێکی پیاوانە خۆش گفتولفت نانخۆش سفرەهاوەڵا. دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم دەستی حاتەمی تایی لە سەخاوەت لە پشتەوە دەبەست .لە هەموو ژیانم دا لەو هەمووگەڕان و سووڕانەدا پیاوی ئەوا جوامێرو نیشتمان پەروەروم نەدێت. ئەگەر کەسیک دەچوو ماڵی لە شاییان خەنی دەبوو. پێشمەرگەی بەفرشتەی خودادەزانی. کاک محەمەد بێ ئەوە بماننناسی وەتاخی کوڕەکەی لە ئیختیارناین کە تەنیا هۆدەی دانشتنی وان بوو. بۆخۆیان لەمدبەق دادەنیشتن. ئەوهۆدە فەرشێکی کۆن و لبادێکی لێبوو. ئەوەش بڵێم کاک محەمەد دڵی گەورە بوو دەنا لەجووتە گایەکو دوو سێ چێڵک زیدەتر نەیبوو. ئەوجوامێرە ڕۆژێ جارێک بەخێرهاتنی دەکردین، لەو زستانە ساردەی سەرشاخان داری بۆ دەشکاندینو کوورەی بۆ گیف دەداین. لە سەریەک سێ مانگی بە هەموو شتەو بەخێوی کردین و بەرێی بردین، چاکەکانی قەت نادرێنەوە ئەوەندە بە یادلێکردنی ئەو بارە قورسەی چاکەکانی، شانم لە ژێر باری ویژدانم سووک کەم. ئەوکات ڕەشید دروستکار کە تازەمیسری هێنابوو ماڵی لەگوندی شیوەبرسی بوو زۆرجار سەری دەدام هەرلە ویش خەبەری شەهیدبوونی سمایلم زانی کەجێی داخ و کەسەرێکی گەورە بوو بەڕاستی حەیفی کرد. هەروا دووجار جەعفەر سەریدام جارێک خیزانمی لەگەڵ خۆی بردەوە. دوایی بەهەزار تکاو ڕەجا گویزتمانەوە ماڵی سمایل ئاغا، ناوبراو زۆر بە سامان بوو دیوەخانی میوانانی بۆ ئیمە تەرخانکرد کە پڕلە فەرش بوو سەماوارێکی مسواری لێ بوو، هۆدە چوکەکەشی دا کاک هەڵمەتی کۆمەڵە، سمایل ئاغا زۆری ڕێزلینانین کاک محەمەدی براشی هەروا لەگەڵمان بەحورمەت بوو. بەڵام لە وێ وەزعمان باش نەبوو بۆ ئاگرهەڵکردن وچێشت لێنان حیزانم لەگەڵ کیژەوکال دەچوونە چرپی و دەوەدەشتیان لە مەزرا بەرپاڵی چیا کۆدەکردەوەو بەکۆڵ دەیانهێناوە ئاگرمان لە تەنکەیەکی ڕوونی دا هەڵدەکرد. هەرچوارلامان کون تیکردبوو بە فووپۆلووکان دەگەشانەوە لە ڕاستیدا ئوجاق گازو کۆچکاوەرمان بوو. سمایل ئاغا خاوەن مێگەلەمەڕو شوانکارە بوو بۆخۆشی کاسبکاربوو لە سەودای سەرپێیان ڕانەدەوستا، هاتوو چۆی بابەکراوەشن دەکرد. کاک بایزی لیبوو ئەویش خودا هەڵناگرێ یەکجار بەمیوان بوو گەڵیک سەخی تەبع و نانخۆش بوو دەرچوونی زۆر بوو، دایم و دەرهەم مێوانی هەبوو. تایبەت پێشمەرگە، ئەو دوو ئاغایە خزمی کاک عەوڵای (لکبن) بوون. کاک عەوڵاش یەکێک لە ئاغاکانی بەناو بانگی ناوچە دەهاتەحیساب. ئەویش زۆری زەحمەت لە گەڵ ئیمە کێشا. کاک عەوڵا لەسەردەمی -شا-ش گەلێک ڕێزوحورمەتی هەبوو. پیاوەکی ناسراو بەوەج ئاقڵ وزانا، بەڵام لە ڕیژیمی ئاخوندی تێمابوو نەیدەزانی لەگەڵ پاسدارانی ئیسلامی بە درۆ چلۆن هەلکات، ددانی بەجەرگی خۆیدا گرتبوو. هێندیک ئاغای مامەشانیش لە نەغدە

چەکیان هەڵگرتبوو ببوون بەکوردکوژ،وەکوو عەلی کانی مام سەیدەی کە لە خوینی ڕژانی کورد وەسەر قاڵدڕمە کەوتبوون،پلەو پایەیان بەرز ببۆوە،سەلاّوەتیان لە بەژن و بالاّی ئاخوندی لێدەدا، ئەوان نەیاندەزانی کەسایەتی و نەتەوە مانای چییە، ئاگاداری مێژووی کوردەواری نەبوون بۆ پوڵ وعافەریم هەمووکارەکیان دەکرد، مانای ئابڕوو کەرامەتیان نەدەزانی. سەلاحی کوڕی نابراو دوایی کوشتنی باوکی بوو بە ئیستخباڕاتی پیرانشار چی تێدانە هێشتەوە، زۆرپێشمەرگەی بەدەست کوژران، دەجا بۆ پیاوەکی وەک کاک عەولاّی لکبن کە قووڵی دەخویندەوە ئەم کارە چەوتانە کە پێشی پێ نەدەگیران خەم ودەرد و حەسرەت بوو. بەلاّم هی دەگوندی قەلاّتان کە بەماڵی شیرێژخوران بەناوبانگەن نە لە سەردەمی (شا) چ کارەبوون، نە لە سەردەمی خومەینی، هەتا بەمە قەڵس بوون بۆ ڕەگەزیان کوردە وبۆچ تورک نین! ئەوان سەلاوەتیان لە دیداری پارەدەدا بە ڕەواڵەت مرۆڤی دەهیوربوون و بێ لایان و بێ ئازار وبەڕەواڵەت چەندماشینی مینی بووسیان کریبوو خەریکی مسافیر کیشانەوەو کرێکێشی بوون، بەلاّم ناکرێ ئەوهاش بەسادەی بەسەریدا تێپەڕین! چونکە کەسیک لە بنەوە هاودەستی تورکی پاسداروکۆمیتەچی نەغەدە نەبوایە، نەیدەتوانی ئەوها لەم سەرو بەندەدا کەکەس نەدەوێرا پڕبەپێستی خۆی بجوڵێتەوە هەتا کاسبکاری ناوبازێر، ئەوها بێ گەیرەوکیشەی عەجەمان خەریکی پارە کەڵەکە کردن و گیرفان هەڵمسان بن. ئەمانە لەلێکۆڵینەوەدا هەموویان بەڵگەن.

### (سەفەر بۆ بەستەسێن)

سەرشاخان جێی کاسبی نەبوو بژێویش پارەی دەویست دراویش ئەگەر هەڵینەسووڕینی و دەکاری نەکەی لە دەریاش هەڵ بێنجی بنەی دێت. بۆیە بڕیاری چوونە بەستەسینم گرت. داوای هێسترانم لە سمایل ئاغا کرد. زۆر پیاوانە بێ کرێ 5-هێستری وێدام سێ کارداری خۆی لە گەڵ ناردم غۆلامەکان ژیانیان باش نەبوو ناگوزیری خۆیان بۆ گێڕامەوە. ئەو پارەشیان نەبوو ولاّخ بەکرێ بگرن. پێم گوتن خەم مەخۆن ئەوەسمایل ئاغا گەورەیی خۆی کردوە ئەو5-هێسترەی بێ کرێ وەمن داوە، ئەمنیش سەبارەت بەئێوە لە قازانجی خۆم دەست هەڵدەگرم هەریەکە باری هێستریک شتومەک دەکڕین. نە ئەمن باس دەکەم و لێی دەپێچمەوە نە ئەوەش. وەخت بوو لەشاییان خەنی بن. کاک تاهیریش هێندێک پارەی بۆ سالح خان وێدابووم بەرەو کوردستانی باشوور کەوتینە ڕێ لە بەرمۆڵگەکانی سوپاپاسداران کە لە هەموو لوتکە کێوەکان هەبوون بەشەو وەڕێکەوتین. کە پاسدار هەرخشپەیەکیان ڕەشهاویژ دادەگرتە بەرگوللە. ڕێگایەکی چەخت و هەڵە مووتو هەوراز، بەلاّم دارستان هەتا لە مەترسی ئاوابووین. ئەوکات بەستەسین لە دەستی حکوومەتی بەعس دابوو. تەژی لەپۆلیس بوون زۆریشی دزوو چەتە لێ پەیدا ببوو. وەک دەیان گوت جاشەکان بە ڕۆژ جاش و بە شەو دەبوون بە ڕێگر، دەمەمکیان دەدا کە نەناسرینەوە. خەڵکیان ڕووت دەکرد. بەکوردی باجی سمیڵیان دەستاند لەوسەرە کە چ بارن پێ نەبوو توشیان بووین بۆیە لەگەڕانەوە چووینە لای سەرۆک جاشێک بە ناوی عەولاّپەڕۆ، ئەو جاشەکی ڕەگەڵ خستین شتوومەکەشی بە ماشین لە ندەرۆر بۆ هەتاپشت جادە بردین. کەلە عەسکەر نەدیو بوو. لەو سەفەرە کاک سالح خانم دیت ئەوپارەیەی کە کاک تایر ویدابووم دامێ. دووبرای کاک فەتاحی سیڵویشم لەوی چاوپێکەوت لە چوونیش دالە چادری کاک عەولاّی شیلمجاڕان ناسراو بە (سەرلانک) فراوینکمان خوارد. ئەویش بەماڵەوە ئاوای ئەودێوی دەبوو ناوبراو زۆرپیاوانە موقبلی بەرپرسی ئیتلاعات(ئیستخباڕات)ی سۆپای پیرانشاری کوشتبوو. ئەوکات بەرپرسی تەشکیلاتی سمکۆ، کاک محەمەد ڕەحیم زادە بوو. وئی ئەفشین مەلاحەسەن ڕەستگار. خومەینی بەو زمانەی کەس لێی حاڵی نەدەبووگوتی: بۆ باوەشی ئیسلام بگەڕێنەو ئیسلام بخشیشی هەیە دەم و دزگای کۆماری ئیسلامی کە زوڕناچی بوون بەکێفی خۆیان قسەکانیان مانا لێدەداوە گەورەیان دەکردەوە کردیان بەفتواگوتیان هەمووکەس عافووکراوە. کە چی نەقانوون بوو نەکەس تێیدەگەیی چ دەڵێت. لە ڕاستیدا گشت کردن و خاوکردنەوەی بە دەست خۆیان بوو. ئیمام کارتۆنێک بوو هەڵیان دەسوڕاند. حیزب بۆ ئەوە ئەوغەوارەیە لەکۆڵ خۆی کاتەوە ئیجازەی دابوو کێ ناتوانی لەو وەزعەدا هەڵکات دەتوانی بگەڕێتەوە، زەمینە خۆشە. زۆر لە کادرو پێشمەرگە

دەستیان بەگەڕانەوەکرد. بوون بەتەواب. ئەمما ئاخۆ چیان بسەردێت چ دەستەبەرێک لەگۆڕێ نەبوو. چونکە فتوای ئیمام نەکرابوو بە قانوون. دەکرابڵێن لە قانوون گەورەتربوو. ئەوجارکارگێران بۆ دەسەڵاتی حکوومەت دەیانتوانی وەکوومێو بەهەموو جۆرەوبیچم و شکڵێکی دەربێنن، کە دیتمان دوایی ڕێژێم دەستی بەگوڵ چنین کرد. ئەوەی پێویست بوو بەهەزارو یەک بیانوو تیتاڵیان تێهاڵاندن و گرتنیاننەوە لە زیندان بەدەهۆ کوشتنیان. یان دەریانپەڕاندنەوەو بەرەو هەندەران چوون، یان بوونە سیخوڕیان. ئەمن کە بەهۆی ژن و منداڵ لەتەنگەژەدابووم ئیجازەم خواستو بۆ پێشمەرگەی زاری گەڵی نامەم لە مەلاحەسەن ڕەستگار وەرگرت و خیزانم و دوومندالەگچکەکانم ناردەوە کە چی سەرەتای بەهاربوو بەلام بارستایی بەفر خۆی لەدووکەز دەدا، ئەوانم بەڕێکردن و بۆخۆم گەڕامەوە. چونکە مەحکووم بە ئیعدام ببووم حوکمەکم لەتەلەفزیون و ڕادیو خویندرابۆوە نیگەران بووم. بۆمتمانە قاقەزێکم بۆ ئایەتوڵلا ئیمانی حاکمی شەرعی دادگەی ورمێ نووسی ئەوحوکمی ئیعدامی دەرچواندبوو، داوام لێرکردبوو ئاخۆ ئەوفتوایەی ئیمام خومەینی کە زۆرناڕونە ئیعدامی من دەگرێتەوە، زەحمەتی گەیاندنی ئەونامەم دا بەکاک عەولای لکبن ناوبرا گەورەیی نواند بوو بۆخۆی نامەکەی منی دابوو دەست ئاخوند ئیمانی. ناوبرا لە بن نامەکەی من ئەوهای بەفارسی نوسیبوو: (اگرافراد ضد انقلاب خودشانرا معرفی بکنند احکام صادره ازدادگاهای انقلاب اسلامی دربارەآنها کان لم یەکن فرض میگردد)دەقی کوردیەکەی:ئەگەردژ بەئینقلاب، خۆیان بەدەستەوە بدەن حوکمەکانیان لەدادگەکانی ئینقلابی ئیسلامی هەڵدەوەشینەوە. بەرلەمە هێندێک کادیر بێ ئیجازەی حیزبی خۆیان تسلیم ڕێژیم کردبۆوە لەوانە سەید فەهیم لە سەیدەکانی گوندی دۆڕبەو کاک خالیدکۆڵوو لاوەکیتر پێکەوە خۆیان بەدەستەوە دابوو. هەرکەس کە دەگەڕاوە حەوتوەک لە پاسدارخانەڕادەگیرا، پاشان ئازاد دەکرا دەبوو بە تەواب. ئەوان سوورەی قوڕئانیان دادەبەزاند، ئەوانە دەنگۆی جەماوەر بوو. لە ئاکامدا منو ڕەشید و ژیانی برازام بڕیاری خۆ بەدەستەوە دانمان گرت. لە مانگی سەرماوەز لە شەوێکی باران و شڵێوە بەرەو لکبن چووینەخوار، دیارە حیزب و دۆستان ئاگادار بوون هەروا خەبەرم بەکاک عەوڵاش دابوو ئەو سەردەم کاک فەیروزمێهدی زادە لە بەشی تەشکیلاتی دەشوغلی کەقانع و دەرویش سیفەت بوو هەر وا کاک عەوڵا سەیدە، کاک نیعمەت لە تەشکیلاتی هیزی سمکۆ بوون، حاجی محەمەد خوازی-ش لەگەڵ کاک عەبدولکەریم لەوهێزی بوون. شەهید فتاح عەبدولی و حوسین کرمانج مەلا برایم ئی دیکەش لە تەشکیلاتی ئەفشین بوون. شەون لەماڵی کاک عەوڵا ڕابوارد سبحەینەکە چووینە بنکەی ژاندارمەری ئەوان کە مافی قسە لێ وەرگرتنیان لە گەڵ تەواب پێ نەدرابوو، بردیاننە پاسدارخانەی سوپای پاسدارانی نەغەدە. لە وێ چاویان بەستین بردیاننە دیوی پسیار لێکردن. هەرچەند ئەمن کارقایمیم کردبوو پێم گوتبوون لەمەڕ حوکمی ئیعدامی من چ نەڵین، بۆخۆشیان ئاگایان لەقسەکردنی خۆیان بێت، بە کوردی بە پێخۆر بێ وەسەری نەکەن. بەڵام لە حاڵیکدا پشتیان ویکدابووین پسیاریان دەکرد. ژیان لەخۆڕا هەڵیدایەو ڕیسوگوریسی مەحکووم بەئیعدام بوونی منی تێکخستەوە. ئیدی قوشقی بوون لە منیان درێژ کردەوە. ئەوکات خەڵکیکی زۆرلە ئەندامانی حیزبی بەهۆی دۆزینەوەی شانەو زوان لێدان خرابوونە زیندان و لەم بەندیخانە بوون. یەک لەوان بەرپرسی ئیدارەی تاپۆی (ثبت) نەغەدە ئاغای رحمان عاتیفی بوو. کە پیاوێکی یەکجارنیشتمان پەروەر بوو. ئەوانەی لە سەر فتوای خومەینی دەگەڕانەوە حیسابی 1400ساڵ بەریان بۆ دەکردن. وەک کافرێک موسڵمان ببێت. لە خۆیان بەدەر هەموو کەسیان تایبەت کوردیان پێ غیرە دینەکی بێ ئەم لا ئەولا بوو. فەراقی ڕەش لێبڕینیان بۆ کورد بە ئەرکی ئیسلامی دەزانین. بەندیخانەی ئیتلاعاتی نەغەدە. چەند بەرپرسی ڕشەموسڵمانی شێعەی لێ بوو کە هیچ کامیان دیپلومیان وەرنەگرتبوو. تەنیا خوری ڕدینو خۆینمژیان هۆی متمانەی ئیسلامی نابی محەمەدی بوو. کوردیان بەناموسڵمان دانابوو. خۆشیان کردبوو بەعلی و حەسەن و حوسین (بەئیستلاح عومەری کلک داریان موسڵمان دەکردن.) ئەوەشیان لە بیرنەبوو کە عەلی دووکوڕی بەناوی عومەرو عوسمانیش هەبوون. کە شیعە باسیان لێوەناکات! دەیانهەویست ئیمان بەئاخوند خومەینی بێنین، دەنا چیتر لەگۆڕێ نەبوو. دەم و دەزگای فەسادی ئاخوندی بەو فتوایە داوێکی دوورو درێژی ڕاچاند بوو، تۆڕێکی گەورە بوو بۆ هەموو ئازادی خوازیک.

ئەوی دژی ئازادی و دژی پێشکەوتوخوازی و دژی ڕوحم و میهرەبانی و ئینسانییەت و دژی پێشکەوتوویی‌و دژی ئارام و ئاسایش و دژی خۆش و شایی و پێکەنین و ئاوەدانی و لایانگری شین و شەپۆرو گریان و قوڕ وەسەر کردن و تاعوون و بەڵاو خوینمژی سەرەڕۆیی کوشت وکوشتارو کاوڵ کردنی وڵات و چڵک و چەپەر بوون لەوێ کۆ ببوونەوە. ئەوان ئیمانیان بەمافی گەلانی ئێران نەبوو نەک هەرئەوان هەتا ئەوانەی هەتڵەی دەرەکێش کراون ئیستاخۆی لەچوارملوین دەدا ئەگەر لە دەسەڵات کەوتوون چەنەیان بۆ ئەو تورەهاتانە بەهێز کردوە. لە مەڕمانای بەرژەوەندی و لێکدانەوەی مافی گالانی ئێران لە زاری یەکتر تفیون. هەمووکری قوماشێکن، بەجۆرێک کە فەرقی ڕەش و سپی لە نیوانیاندا ناکرێت. دەجا ئەوەهەی لە چیا بەرەو شارەکان شۆڕ دەبۆوە. ئەوهەی لە سەر بانگەوازی ئیمام لە حیزب و سازمانەکان ڕا دەگەڕانەوە باوەشی کۆماری ئیسلامی دەبوایە تۆبەنامەیان ئیمزاکرد بوایە. کەتێیدا نوسرا بوو: ئەگەر بەرهەڵەونێک تۆبە بشکێنیت مەسەلەن لەگەڵ دژی بە ئینقلاب پەیوەندی گرێدا(منزوریان حیزبی دێموکڕاتو سازمانی کۆمەڵەبوو)کە خومەینی بەحیزبی شەیتانی ناوبردبوو. بە(مفسدفی الارض)دەناسرێت کەماناکەی ئیعدام بوو. بەمە دەستیان بۆ گرتن و کوشتنی تەوابەکان لەکاتی پێویست کراوە بوو! بە داخەوە بەشی زۆری ئەو کەسانە کە خۆیان بەدەستەوە دەدا لە ناوەرۆکی نوسینەکە نەدەگەیشتن هەر بەگەمە، بوختانیان بەخۆیان دەکرد نەیاندەزانی ئەمە فۆڕمەلیتەیە دوایی دێت. تەواب دەبوایە هەموو حەوتویەک چووبوایە ئیمزای لە پاسدارخانە لە دەفتەری تەواب کردبوایە. کە بەشێکی جیاوازیان بۆکردبوونەوە. ئەو جار بەزمی مێتینگ پێدان و ئەم شار ئەوشار گیڕانی تەوابەکان بوو بە فەڕمی. هەمووسەروبنی مانگ ئەمەلەگۆڕی بوو ئەوەی نەچووبوایە دەکەوتە بەر غەزەبی پاسدارەکان دەیانتوانی بۆی بکەنە تۆبە شکاندن لەسەر ڕابیگرنەوە! جگەلەو خۆپێشاندانانەدا دورشمیان پێ دەدان یانی جنێو بەحیزب و سازمانی کۆمەڵە هەروا بێ بەشکردن لەحقوقی گشتی کە چی کوردلە مافی خۆی بێ بەشکرابوو ئەو جار پاسداری هەر شارێک بەکەیفی خۆی چۆنیان مەڕاق بوایە ئەوها لەگەڵ تەواب دەجوڵانەوە. دیارە لە فەلسەفەی ئەوان داسەروماڵی کورد بۆوان حەڵاڵ و زەڵال کرابوو. وەک پاشان بەکردەوە دیتمان هەرواشیان کرد بە بیانوی تۆبە شکاندن ئەوەی دەیانەویست شەهیدی کەن، کردیان. بەداخەوە گەلێک ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان بەم جۆرە تیتاڵ تێهاڵاندنانە لە بەندیخانەی کۆماری فسادو خەڕافاتی ئاخوندی لە ژێر ئەشکەنجەو جەزرەبە گیانیان لە دەست دا. تۆمارێکی ڕەشترلە بنی مەنجەڵ کەوتەسەر لاپەڕی مێژووی ڕەشی ئاخوندەکانی خوێنمژ. لە دوایی مەجاهید خەلق ئەوهای بەسەرهات بەهەزاران لاوی مەجاهید ئیعدام کران لە ژێر ئەشکەنجە گیانیان لەدەست دا سەدان کیژی مەجاهید لەزیندانەکان تەجاوەزیان پێکرا. کارگێرانی کۆماری فەسادی ئیسلامی ئەوەیان بەتەوەرەی شەرع لە قەڵەم دەدا، بە تەفسیرو لێکدانەوەی ئاخوندەکانی شیعە ئەمە بانگەوازی نابی محەمەدی بوو! کە ئەوە 27ساڵە ئەوها بەڕێوە دەچێتو تیرۆرو سەربڕینی خۆکوژی بێ ئیخلاقی ئێستاکەش دەستەچیلەی گری ئاگری کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە ئەمڕۆ دنیای گرتۆتەوەو بۆتە پەتایەکی بێ دەرمان!

**(زیندانی کۆماری ئیسلامی)**

لە هەرپاسدارخانەو مۆڵگەو کۆمیتەیێک ئاخوندێک بۆ نوێژ پێکردنی مەعمورەکان دەکرا بەرپرس، لە زیندانەکانیش ئەمە بەڕێوە دەچوو. ئاخۆندێک حەوتوی دووجار سەردانی گرتووخانەی دەدا تەڕاویحی بۆدەکردن، چیرۆکی عارەبەکانی مرۆکوژی بۆ دەگێڕانەوە. یەک لەوان باسی کەربەلاو ئیمامەکانیان. عەجەمی ڕەجاڵەی پێدەگریاندن لە ئیتلاعاتی نەغەدەش ئەو بەزمە هەبوو. هەرچەند گرتوەکان کورد بوون بە ئیستلاح (تازەلە سەردەستی ئاخوندەگڵاوەکان موسڵمان) دەبوون! لەو زیندانە هۆدەکانی 6کەسی و9کەسی بوون هەریەکە دوو یان سێ تەختی 3تەبەقەی لێدانرابوو. چوونەدەر بۆ دەستشوری 3 وەخت بوو هەڵبەتە بەچاو بەستراوی لە وێ بۆ دەسنویژ شوشتن چاو بەندیان لەچاو دەردێنان. نوێژەکەش بەتۆبزی بوو دەجا نویژکەر خۆو خودای، لەبن لێواندا چی دەگوت! ئەمن زووتر لە ژیان و ڕەشید

ئازاد بووم. چووبووم شتوومەکیان بۆبکڕم لەگەڕانەوە خەسووم و خیزانم کاک ڕەزا هاتبوونە مولاقات کە ناوم لەناو لێستەی زیندانیان نەبوو نیگەران ببوون. پێیان وابوو حوکمی ئیعدامەکم بەڕێوە چووە! کە ئەمنیان دێت گەش بوونەوە، کاوەی کوڕێشم سەری نشتەرکاری کرابوو کە3مانگانە بوو، مەمنا ستلەو جەم بووە، لەئاکامدا سەردانی ئەوانم کرد گەڕاینەوە ورمێ ئەوانیش دوایی حەوتویک ئازادبوون. خانوەکم لە ورمێ ئیجارەکرد. لە وێ مامەوە پاشان لە شنۆ خانووم دورست کردوکیژی کاک ڕەشید بۆداغین بۆژیان خواست، ئەوانیش بوون بەماڵ وحاڵ. ئەو جار بۆگوزەران بەیارمەتی خەڵکی گردکاشان هێندێک دیمەکارم کێڵاو لە ورمێ خانووم کڕی کە پێویستی بەباسێکی دورودرێژە. ئەگەر تەمەن ڕێگا بدات لەبەشی دوهەمی (لۆچێک لە خەروار) وەردیان دەدەمەوە. پێشتر لەگەڵ برایم فروغ دین ئاشنابووم سەری لێ نەدەبڕیم لاویکی چالاک و بەگوردو توان و هەڵسووڕێنەربوو. هەروالەگەڵ کاک ژیان کوڕی کاک قادرلاوە نێوانمان خۆش بوو ژیان دوایی بابی هەرچەند گوزەرانی تاڵ ببوو مەکۆی بەڕێچوونی بۆدژوار ببوو نانی لێ چۆبوو پشتی شێران، بەڵام قەت لە بەرامبەر نەهاتی داکۆڵی نەدا جگە لە خۆی بەخێوکردنی باپیری مام ڕەمەزان کە تەمەنی لە100هەڵبواردبوو لەگەڵ براوخوشکێکی شەش حەوت ساڵانە. لە دەرزی لێدانی ماڵات(دام پزشگ)ی رادەستی پێکرد هەتا بوو بەیاریدەری دکتۆر. لە شاری ورمێ، ژیانی تەیار کرد، بوو بە خاوەن کۆشک و تالارو خوشک و براشی پێگەیاندن و هەردۆستێکی بە بەقاو بە وەفابوو .

**(دیسان پیلانی ڕێژیم )**

ڕێژیمی ئاخوندی بۆ دووره پەرێزکردنی عەشایر، بەکوردی ناوخەراپ کردنیان هەودای دامەزراندنی مۆڵگەی لە گوندەکانی کوردستان بۆ هەڵسووڕاندنی دەرەبەگی لە دەسەڵات کەوتووی بەرپێواری ئیسلاحات ئەرزی کردبوو شک وگۆڵیشی بەوان لێدەدا! زۆریش پێی هەڵفریواندرابوون. بازێکیش کوڕەگوێ ببوون خۆیان نەدەدا دەست بەڵام ڕێژیم بەگەف و گوڕو گرتن و هەڕەشە مەیدانی تەخت کردبوو. کە چێڕۆکی جاش سەربازی لێ کەوتەوە. دوایەش ئاغاکانی بەفرو گزه لەو سەرۆکییه لادەبرد، ئەوجار بەگرۆی کێ بەرکێ جەمسەری هێلکەی پێ کل دەکرد. بەڵام ئاغای بەکردەوه کردبوو بە جاش. ناوی فورسانی بۆ لە شەجەرەنامەی دا تۆمارکرد. (یانی بێ ئابڕوکردن ) کەم کەس توانی خۆی لەو داوە بپارێزێت. لەهەموو مۆڵگەکانیش سیخوڕی دانابوو، کە ئەغڵەبیان بێسیم چی تورک و فارس بوون. حەمەدەمین ئاغای زەرزا-ی سینگان لەوکەسانەبوو جواب جەنگی کردو خرا بەندیخانە، هەروا مەجیدخان و مەحموودخانی بیم زوورتە نەچوونەژێرباری - بەڵام هەشبوون کە نەمامی و دووزمانیان دەکرد، خۆیش بوون، ڕۆیان ڕەش بێت. ئەمنیش دوایی 48ساعات نەچوونە، بن نیری زۆرداری لە کومسیۆنی ئەمنیەت 8مانگ بۆ (ورمێ) دوورخرامەوە. ئیجازەی گەڕانەوەم بۆ شنۆ نەبوو. دوایێش تیتاڵیان تێهاڵاندم لە ئینتشاراتیش بەدوام وەبوون. بەڵێ خۆ فرۆشکانی ناوچە بۆتێکەڵ کردنی ئی دیکە لە ڕاپۆرت و قسەبادان قەت ڕانەدەوەستان. هێندیک بەڕاستی هەرخوویان پێگرتبوو لییان ببوو بەپەتاو نەخۆشی، نەیاندەتوانی تەرکی بکەن. بازەکیش ئەمەیان خزمەت بەکۆماری ئیسلامی دەزانی جێ پاره کورسیلەیان خۆش دەکرد. ئەمەیان نەدەزانی کەکۆماری ئیسلامی جاش وخۆفرۆش وخۆ دۆڕاو سیخوری هەر بۆ ئەمە دەوێ کە دەم ودەزگای ئینسان کوژی خۆی پێ وەگربخات و لەبەرچاوی خەڵک ئابڕوحەیای نەبۆیان بەرێ، دەنا چ ڕێز وحورمەت لەوان ناگرێ،ئەوانەی کە دەیان کەسیان بۆ دەکوشت ڕاوی هاوڕەگەزانی خۆیان بەبێ شەرمی بۆ دەکرد،نەیاندەتوانی هەتا لەمەڕ کەسیکی بێ تاونیش لەبارەگاکەیان تکا کاربن.

**(ئەمنو ئینتشارات)**

سا ڵی 1263هەتاوی بوو ماڵم لە شنۆ بوو لە دەست ئیتلاعات وەتەنگ هاتبووم دەیان بیانووی پڕوپۆچیان بۆ هەڵدەبەستم سەرو بنی مانگ ڕەپێچەکی گرتووخانەیان دەدام. وام لێهات بوو کە لە ماڵ وەدەر دەکەوتم بە خێزانم

دەگوت ئەگەر وەدرەنگی کەوتم بێگومان ئیستخباڕات گرتوومی، بکەوەشوێنم. هەرواش بوو. لە ترسی وان ماڵم بردە شاری ورمێ. ڕۆژێک لە شەقامی باکری چاوم وەتابلۆی (ئینتشاراتی سەلاحەدین ئەیوبی)کەوت. ماوەیەک بوو زانیبووم کە ئەمر ماموستا هێمن کاری نووسینی گۆڤاری سروەی بە دەستەوە، بەڵام هێشتا هەرمێنی پەیدا نەکردبوو. مامۆستا بە درێژایی تەمەنی کە بۆ سەردەمی کۆماری مەهاباد دەگەڕاوە پەرێوەی هەندەران ببوو. دوایی ڕووخانی ڕێژیمی "شا" دڵی لە حیزب ئێشابوو، هەرچەند لەگەڵ گروپی حەوت کەسە خۆی بەدەستەوە دابوو، بەڵام کەسایەتی مامۆستا شتێک نەبوو کەماسی بێنێت. مامۆستا دەستی بەکارێکی بنیاتی کرد بوو. هەتا ئەو کات کەم کەس لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات دەیتوانی بەکوردی بنوسێت و بخوێنیتەوە. لە ماوەی 50ساڵ دیکتاتۆڕی بنەماڵەی پەهلەوی کوردی نووسین سزای هەبوو. بۆیە کوردی ئاخافتنی سەر زارەکیش وەسەر فارسی گەڕابوو. دەتوانم بڵێم بڵاوبونەوەی گۆڤاری سروە، شۆرشێکی ئەدەبی لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات وەڕێخست، کە ڕەچەشکێنی ئەدەب و زوانی کوردی بوو. هەر چەند ئەوانەی لە ئینتشارات لە مامۆستا هالابوون، هێندێک تووده بوون، لە سەروی هەمووان فاروق کەیخوسرەوی، بەقەولی بەڕێز کاک جەلێل گادانی کە لە کتێبی(بانەبێتە درۆی پاش مردوو)دەڵی: (کاتێک فاڕوق لە زیندان بەربوو چوومەلای دڵخۆشیم داوە پێم گوت: بۆ وەی کەسایەتەکەی بپارێزرێت ،لە حیزب دەست بەخزمەت بکەوە، بەڵام فاروق بێ پێچ و پەنا پێی گوتم: پاسدارو کۆماری ئیسلامیم پێ لە ئێوەو لە حیزبی دێموکڕات باشترە)) بەڵام مامۆستا هێمن لە تەرازووی واندا وەزن نەدەکرا مامۆستا هەموو ژیانی لەڕێگای کوردو کوردستان و لە پێناو ئازادی و سەر بەستی گەلەکەی بەخت کرد بوو. ئیدی مامۆستا ئەوکەسە نەبوو وەدوای پلەو پایەو دەستەو پەستە بکەوێ یان خەرێکی پارە وەکۆ کردن بێت. مامۆستا دەیەویست لاوی کوردی تێگەێنێ و پێ بگەێنێت. باشترین خەباتیش لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات بۆ وشیار کردنەوەی کورد خەباتی ئەدەبی بوو کە ئەو شانی وەبەر دابوو. مامۆستا کە شارەزای کورد بوو دەیزانی چتۆ مێشکی لاوی کورد زاخاو بدات. ئەمن ئەوانەم بە وردی و تێروو تەسەلی لێکدابۆوە بۆیە حەزم دەکرد بە خزمەت مامۆستا بگەم هەر ئەوێ ڕۆژێ ڕووم لە ئینتشارات کرد. گوێبیس ببووم کە هێندێک ڕدێن درێژ بە دوامدا دەگەڕێن، ئەمنیش کە لە هەمو پاسدارێک سڵەم دەکرد خۆم حاشار دەدا، ماوەیەک چوومە شاری (خۆیی).ڕۆژێک بە هەڵکەوت تووشی میرزا سلیم سەلیمی بووم کە تازە لە حیزب گەڕا بۆوە ئەویش گوتی: فلانی ئەتۆیان لە ڕادیو تەلەفزیون دەوێ گروپێک بەدواتدا دەگەڕێن! یەکی ڕدێن پانیشیان لە گەڵە. ئەمن کە خۆم لە هەموو کەس باشتر دەناسم دەمزانی بۆ قسەکەری تەلەفزیوون نابم، ئیدی گومانم لە وەدا نەما کە هەبێ نەبێ ئەوە پاسدارن، بۆیە ئەو دەنگۆیەیان بڵاوکردۆتەوە، هەتا پێ نەحەسێم. کە چوومە ئینتشارات تەنیا مرۆڤێکی لێبوو کە وەک کتێب فرۆش کاری لە کتێبخانە دەکرد، کە پاشان زانیم ئاغای محەمەدیە. ئەوکات دووهەمین گۆڤاری سروە دەرچوو بوو. بە کابرام گوت: ئاخۆ دەتوانم مامۆستا هێمن بدینم لە وەڵامداگوتی: گۆڤاری بەدەستەوەیە کاتی ئاخافتنی نییە. فکر هەڵیگرتم لێم پرسی داخوا کتێبی ئایەتوڵلا مردۆخ کوردستانی تان لەلا وەگیر دەکەوێت؟ نەمدەزانی یاساخ کراوە! کابراگوتی: خەڵکی کۆیی گوتم شنۆ، گوتی باشە کارێکم پێتە ئەگەر بۆم جێ بەجێ کەی کتێبەکانی مردۆخت بەلاش بۆ پەیدا دەکەم! گوتم چییە ؟ گوتی ڕاوەستە چووباڵەخانەو هاتەخوار گوتی ئەو قاقەزەم بۆ بەرە شنۆ لە وێ وەوکەسەی کەناوەکەی لە پشت پاکەت نووسراو بدە، کە چاوم لێکرد ناوی خۆم بوو. گوتی: ئەوکەسە دەناسی؟ بەڕاستی ترسام. گوتم نایناسم بەڵام شاری شنۆ پڕ لە زەرزا-یە پرسیار دەکەم دەیدۆزمەوە کە چوومە دەرو پاکەتەکەم هەڵ پچکڕی و خویندمەوە، داوایان لێکردبووم بچم لە ئینتشارات بشوغڵم. بەڵام نامەکە بە زوانی فارسی نووسرا بوو نوسەر ئاغای کاشانی بوو. کەوتمە فکر ...ئەگەر ئێرە مامۆستا هێمنی لێیە ئەدی ئەو کاشانیە کێیە؟! ئەگەر کوڤارەکە کوردییە، ئەدی ئەم نامەیە بۆچ بەفارسی نووسراوە، ئەوجار کێ ئەمنی بەوان ناساندووە! هەر چەند فکرم لێکردەوە چیم بۆ هەڵنەکرا. ڕۆژیی دوایی چوومەکتێبخانە، کابرا بەرەو پیرم هات گوتی: چێت کرد، گوتم ئەگەر ڕاستیت دەوێ ئەو کابرایەی کە نامەتان بۆ نووسێوە ئەزم! کابرا ئەوکەڕەت بە وردی لەمن ڕاما ... بەوسەرە چکۆڵەیەو ملە بارێکە، پێی

سەیر بوو گوتی کاکە، کاک حامید ڕەشیدی زەرزا شاعێرو نووسەرە. گوتم بەڵێ بۆخۆمم بێ سێوودوو بۆ سەرەوە وەپێشە خۆی دام. کە چوومە ژوور ڕوحم هاتە سەر کەپۆم چوونکە یەکێک لەو دووکەسەی کە لە وێ داشتبوون ڕدێنەکەی هەتا سەر نێوکەی هاتبوو خوار! لە دڵی خۆم دا گوتم: دەڵێن دەوڵەت کەروێشک بە عارەبە دەگرێت! چۆن بە پێی خۆم، خۆم تووشی تەپکە کرد. کوڕە ئەوە هەر ئەوانەن کە ماڵ بەماڵ شوینیان هەڵگرتبووم‌و بە دوامدا دەگەڕان. ئەوانە لێکدانەوەی ناو دڵی من بوون، زۆر بە ڕووخۆشی فەرموویان لێکردم و بخیرهاتنیان کردم ،لە سەر کورسی دانیشتم. بەڵام ڕەنگم بزڕکابوو، لەفکری ئەوە دابووم هەر چۆنێک بێ خۆم دەر بازکەم. ڕدین پان هەڵیدایەو گوتی: ئاغای زەرزا نیگەران مەبە ئێمە لە مێژە بە دواتدا عەودالین، چووینە گوندی گردکاشان، چووینە ماڵی خەزوورت لە شەقامی شاروخ ئاباد، سەرمان لەشاری شنۆ داوە، هەموو ڕاوگەکانی تۆمان بەسەر کردۆتەوە. دەستی خستە گیرفانی قاقەزێکی دەرهێنا گشت بێوگرافی منی تێدا بوو. پاشان گوتی: دەزانم لەگەڵ حیزب پەیوەندیت هەبووە بەڵام ئێمە کارمان بەو شتانە دانییە کەسیش ناتوانێت تەنگەژەت بۆ بخوڵقێنێت بەم مەرجە ئاریکاریمان بکەی، یارمەتیمان بدەی. ئەویش ئەوەیە کە لە ئینتشارات بشوغڵی کە خزمەت بە نەتەوەی کوردە. گوتم بەدڵ حەز لەوکارە دەکەم بەڵام قەتم لەگۆڤار کارنەکردووە، ئەمە پێویست بە مرۆڤی لێزان و پسپۆڕە، بەداخەوە ئەمن لەوشتانەم سەرم دەرناچێت. گوتی نانا، دەی چەندت مووچە مانگانە بۆببڕینەوە؟ ئەمن لە ترسان خودا خودام بوو خۆمی لێ قوتار کەم گوتم هەر بەلاش کار دەکەم. کاسب کارم زەوی کشت و کاڵم هەیە. مووچەم ناگەرەکە. ئەمە ئاخافتنی کابرای ڕدین درێژ بوو، کە پاشان خۆی بەکاشانی ناساند کوڕی ئاخوندێکی ساماندارى شاری قوم بوو. ئەوجار ئەوەی دیکە سەری قسەی کردەوە کە دوایی دەرکەوت ناوی مورتەزایە، یەکێک لە خۆینکارانی وەدواکەوتوی ڕێگای ئیمام بە بارمتەگرتنی52 ئامریکابوو. کە444ڕۆژیان ڕاگرتن. بۆخۆشی لە تاران لە وەزارەتی ئیستخباڕات دابەرپرسایەتی هەبوو یەکێک لەو کەسانە بوو لەکاتی ئاخافتن لەگەڵ ئیحسان تەبەری و کیانووری بەرپرسانی حیزبی کمونیست دەنگی دەبیسرا بەڵام ڕەنگی نەدیترا. هەڵیدایەو گوتی: ڕاستە ئەمەکارێکی ئیسلامییەو خزمەت بەزوان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیشە بەڵام دەبێت مووچە وەربگری. ئاخۆ خانووت هەیە یان کرێگرتەی؟ گوتم خانووی خۆم هەیە. ئەوەشیان بۆیەبوو چوونکە ئەوانەی لەکادری عیلمی کاریان دەکرد کرێ خانویان بۆ دەدان ئەوکەڕەت گۆڤاری سروەیان بۆ هێنام گوتیان بە بۆچوونی تۆ ئەو گوارە بەچەند کادرو لە ماوەی چەند مانگ تەواو دەبێت. لێرە لە سەر قسەی مەلا نەسرەدین بەگۆترەگوتم: دوومانگ دەستیان بە ئەللەو ئەکبەرکرد! پاشان کە لە ئینتشارات دەستم بەکار کرد مەسەلەکەیان بۆ لەبنی کولەکە دام گۆیا سروە بە4مانگ دەردەچوو، کاک فاروق کەیخسرەوی سەلاح کادری علمی بوون. ئاغای بێهزادەی وەرگێرو باخەوانی خەتات. ئەوان گۆڤاری ئاوینەیان بۆ بەدەلیل هێنابوونەوە. کەگۆیا سێ کەس هەڵیان دەسووڕاند. لەو چەقو تەفەدا کە فاروق هەر کەیفی بەئاژاوە جەوغەگێران دەهات ویستبووی بیکاتە شڵخە تتوودە بەم پەڵپ و بیانویە لەگەڵ قەیومی و سەلاح نامەی وازهێنانیان ئیمزاکردبوو بەرپرسە فارسەکانیش بەنهێنی بەشوین نووسەری دیکە داکەوتبوون. دوایی ئەو قسانە دوو کتێبیان دامێ و گوتیان دوایی دووحەوتوو پووختەی ئەوانەمان بۆ بێنەوە، لە ئنتشارات(بەشێک بۆ ئەوجۆرەکارە) تەرخان کرا بوو کەدوایی ئەو پۆستە یەکجارەکی درا بەکاک جەلال مەلیک شاهی. برادەرێکی چایچی بەناوی حاجی هاتووچۆی سەرو خواری دەکرد، بێ ئەوە نەزەری خەراپەی هەبێت لەلای مامۆستاو ئەوانی‌تر ئەو ئاخافتنانەی لەگەڵ کارگێرانی فارس گێڕابۆوە، گوتبووی ویدەچێت ئەوکابرایە ئەرکی گۆڤاری سروە لە ئەستۆ بگرێت، ئەمنیش چ ئاگام لەکێشەو ناکۆکی ناو ئینتشارات نەبوو لەماڵ کتێبەکانم لێکردەوە دیتم عارەبین هەرچەند سەروبنم کردن چیم بۆ لێ هەڵنەکڕان، لەوکاتەدا لەدەرکەیان دا، ڕەحمەتی مامۆستا مەلا جەلال دۆستی نزیکی من بوو. لەساڵی 1343مەلای گوندی گردکاشان بوو کە چاوی بەوکتێبانە کەوت گوتی: چما ئەتو عارەبی دەزانی؟ گەتم سەرە تەقەیەکی لێدەکەم، مەلاکە قسەی یەکجار پێخۆش بوو دیار بوو دەیان کەرەت ئەوکتێبانەی خوێندۆتەوە، پۆختەچێڕۆکێکی لەوان بۆگێرامەوە. دوایی گوتی: سەت عافەرین نووسەر

بەڕێزەوە(ناوی حەزرەتی یەزیدی )هێناوە. ئەمنیش وەکوو زەبت هەمووم لەمێشکم داجیّ کردەوە. کە مەلا ڕۆیی پووختەی قسەکانی ویم لەسەر ئەو دوو کتێبە لە5لاپەڕێ نووسی ڕۆژی دوایی ڕێم بەرەو ئینتشارات داگرت. کە منیان دیّ واقیان وڕما کە بەشەوێک ئەو دوو کتێبەم ئەوها بەوردی خوێندۆتەوەو کاکڵەکەیان خراوەتە بەردەم. بەڵام کەچاویان بە وشەی حەزرەتی یەزید کەوت هەستم کرد ڕەنگیان بزڕکا، گوتیان ئێستا دەتوانی مامۆستا بدینی بۆخوارەوەیان ڕێنوێنی کردم. کە چوومە ژوور نەمر مامۆستا هێمنو کاک فاروقو کاک کەریم قەیومی و سەلاح لەسەر زیلوەک دانشتبوون (دیوی مامۆستای کورسی لی نەبوو) سەڵاوم کرد بەڵام چ وڵامەکی ئەوهایان نەداوە، دانیشتم مامۆستای ڕەحمەتی کە بەحەق مرۆڤێکی سادق و وسادەو دڵپاک بوو سەری هەڵبڕی و فەرمووی: کاکە گۆڤارەت وەرگرت؟! گوتم جەنابی مامۆستا گۆڤاری چیّ! فەرمووی: ئێمەت پیّ شێتە یان بۆخۆت شێتی! دەتگوت خەون دەبینم. مامۆستا زۆرتوڕەبوو. پاشان زانیم کە فاروق ئەوی پێویست بووکردبووی دۆوو دۆشاوی لێکدابوو، دڵی مامۆستای لە ئاست من کرمیّ کردبوو. گوتم مامۆستا باوڕکە نازانم چ دەفەرمووی گۆڤاری چی؟ بی دەنگی بەسەر هۆدەکە ڕاکشا، کاک کەریم و فاروق و سەلاح لە سەرەوە خۆیان بەنوسین خەریک کردبوو. کاشانی ،مورتەزا بۆ وەی لە ئاوی شلویّ ماسی بگرن نامەی ڕۆژانەیان کە عادەت بوو بۆچاو پێداخشاندن دەنارده خزمەت مامۆستا بەکاک حاجی دا نارد کەلە بەردەمی منی دانا. ئەمن پێم وابوو بە هەڵە ئەوکارەی کردوە بۆلای کاک کەریمم پاڵ پێوەنا، ئەویش بۆلای من بەڕیکردەوە. چایەکەم بە نیوەچڵ بەجێهێشت، بیّ خواحافزی وەدەرکەوتم. زۆرعاجزبووم هەر چەند فکرم لێدەکردەوە بۆم نەدەچۆوە سەر یەک. بۆچ مامۆستا بیّ ئەوە تەنانەت جارێک ئەمنی بینیبێت ئەوجۆرە بەرخوردەی هەبوو. ئاخۆ ئەوگۆڤارەی ئەوان باسیان لێوە دەکرد دەبیّ چ گوڤارێک بێت. ئەدی ئەوە نییە مامۆستا سەر نووسەری گۆڤاری سروەیە. کە پاش دوو ڕۆژ چوومەوە ئینتشارات لەکادری عیلمی هەرمن و چاپەزو سەماور مابووین. دوایی کاشانی و مورتەزا بەقورعانێک لەبن هەنگڵ دا هاتنە ژوور بە بسم الله سەری قسەیان کردەوە. ئەوکات زانیم ئینتشارات تووشی ناکۆکی بووە. پرسیم مامۆستا بۆ تەشریفی نەهاتوە گوتیان هێندێک نەساخ بوو بەڵام فاروق، کەریم، سەلاح نامەی وازهینانیان ئیمزاکردوە. گووتم کە وایلێهات با شتێکتان عەرزکەم ئەم گۆڤارە بیّ وجوودی مامۆستا هێمن هەڵناسووڕیّ دەنا فاروق و کەریم و سەلاح لە کوردستان زۆرن کە خزمەت بەئەدەبو فەرهەنگی کوردی بکەن. گوتیان ئەتۆ کیّ دەناسی؟ گوتم مۆڵەتم بدەن. کە سبحەینەکە دەهاتمە ئینتشارات لەبەر دەرگا چاوم بەکاک کەریم کەوت. بەپێچەوانە چەند ڕۆژی بەریّ لە دوور ڕا سڵاوێکی گەرمی کرد گوتی: کاک زەرزا چۆنی بەیانیت بەخێر. پاشان گوتی: تکایە بەکاشانی بڵیّ ...کەریم نامەی وازهێنان وەردەگرێتەوە، لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: هەمووکارەکانی سروە ئەمن دەکەم بەڵام فاروق پاوانی کردوە. ڕاستیی دەگوت کاک کەریم نووسەرێکی دەستهەڵ و بە وەج و ماندوو نەناس بوو. کە چووینە ژوور ئەمن چوومە لای کاشانی پێم گوت: ئیدی کەسمان پێویست نییە چوونکە کاک کەریم ئەزموونی زۆرە ئەمنیش لەجێگای فاڕوق کاردەکەم. کارەکە دامەزراوە. دوایی کە مامۆستا هەستی بە جەوغەگێڕیەکەی فاروق کرد. ئەمنی زۆر خوشویست و مەسەلەی ناکۆکیەکەی لەگەڵ بەرپرسانی عەجەم لە بنیات ڕا بۆ گێڕامەوە. کە مامۆستالە 28ی خاکەلێوەی ساڵی 1365 ی هەتاوی ئەمری خودای کرد فاروق بۆ پلەوپایەو لەجێیی مامۆستا دانشتن ژێوەڕۆی هێنابۆوە بەڵام بۆی سەرنەگرت. دەنا خالید ئاغاو هێندێکی تر بۆی لەهاتوو چۆدابوون. بەشان و باڵیان هەڵگوتبوو. لە ڕاستیدا کاک فاروق ئەزموونی زۆربوو بەڵام تووەسیفەتی وای لێکردبوو کەلکی بۆ کورد تێدا نەما بوو، ئەوکەسایەتیەش کە بتوانێت لە شوێن پیاوێکی هەڵکەوتووی وەک مامۆستا هێمن پاڵ بداتەوەو ئەوکەلێنە پڕبکاتەوە لێی بەدی نەدەکرا. چوونکە باوەڕی بەمەسەلەی چارەنووسی کورد نەبوو ئەگەر مۆقالەشی بۆ سروە دەنووسی بۆ ڕەزامەندی کۆماری ئیسلامی بوو. نەک بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. لە بەر ئەوکۆمەڵە شتانە خۆشەویستی خەڵک نەبوو. دوایی وەفاتی مامۆستا کاک کەریمیش لەو بارەوە خۆی بەتاقی کردەوە. بە حەق کاک کەریم دەیتوانی نووسەرێکی لەمە باشتربێت کە هەیە، بەڵام مەرج تەنیا نووسین و زانیین نەبوو بەڵکوو شەش دانگی کەسایەتیش بوو. کۆماری

ئیسلامی ئێران لە دامەزراندنی بنکەی ئینتشاراتو دەرچوونی گۆڤاری سروە مەبەستی خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی و زیندوکردنەوەی مێژووی کوردی نەبوو. ئەوان هەر بەبینینی وشەی کوردی چاویان کوێر دەبوو. ڕێژیمی ئیسلامی ڕۆژ نەبوو دەیان لاوی کورد لە خوێن نەگەوزێنێت، زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە خەباتگێڕی کورد هەرجمەی دەهات، دەشت و دەوەنی کوردستان لە ژێر پۆتینی دیکتاتۆڕی و حوکمی سەرنیزەی سوپاو جوندوڵلاو پاسدارو بەرەڵلای هێزی خەڕافات دەلەرزی. دادگەکانی ئینقلابی ئیسلامی بۆ لە سێدارەدان و ئیعدامی بەکۆمەڵی خەباتگێڕانی کوردلە هەرچوار پارێزگای ڕۆژ هەلاتی کوردستان وەک ئاش دەگەڕا! ئەمە زۆرەوانیەکی سیاسی بوو لە نێوان حکوومەت و مامۆستاهێن! ئەوان دەیانەویست بەدەرکردنی گۆڤاری سروە بە خەڵک بسلمێنن کە کۆماری ئیسلامی ماددەی 15ی قانوونی ئەساسی بەڕێوە دەبات، بەڵام حیزبی دێموکڕات چەتی تێداویت. هەربەم کەش و هەوایە بۆ سەرقاڵ کردنو فریودانی جەماوەری کورد کتێبی سەرەتای مندالانیان بەزوانی کوردی کە کاک فاروق لەکتێبەکانی دیکەی وەرگرتبوو لەچاپ دا. هەرچەند لە درۆو پیلان پتر نەبوو، قەت بەمندالی کورد نەخویندراو مامۆستای بۆ تەرخان نەکرا، دەجا دەبوایە بەرپرسی ئینتشارات کەسایەتیەکی سیاسی و خۆشەویستی خەڵک بوایە کە بە داخەوە ئەمە لە کاک کەریم دانەبوو. ئەمما کاک کەریم لە حەول و تەقلا ڕانەوەستا ماوەیەک سەردانی گەورە پیاوانی کوردی کردو تۆمارێکی دوورو درێژی لە زوانی مامۆستا حەقیقی ،مامۆستا سەید کامل و کێوکێ بە ئیمزا گەیاند، دوایی کە هەستی پێکرد سەرناگرێ کاک عەزیزکەیخوسرەوی هێنا، دەیەویست بە ناوی وی ئاغاوکوێخا بێت. کاک کەریم هەرچەند لاوێکی هونەر دۆست و یەکجار بە زەوق و ماندوو نەناس و نوسەرێکی پەێت و لێهاتوو بوو بەڵام بەغەیبەتی نەبێت زۆری حەز لەپلەو پایە دەکرد. لەحالێکدا کەسێک مەنزووری خزمەت بە گەلەکەی بێت دەتوانی لە هەموو ئۆرگان و پۆستێکدا خزمەت بکات. هەربۆیە کە کاک ئەحمەد قازی تەشریفی بۆ ئینتشارات هێناو، بوو بەسەرنووسەری گۆڤاری سروە، کە بە حەق لێوەشاوەیی و کەسایەتی پڕ بە پێست بوو، ئیدی کاک کەریم دوایی قەدەر حەیامێک لە ئینتشارات ڕۆیی. دوایی ئەو کادیری دەبەوەج وەکوو کاک عەزیزئالی لوقمانی، مارف ئاغائی، کاک ویسە کە بەرلە ڕۆیشتنی کاک کەریم لە وێ بوون بەگوڕتر بوون. ئەوکات کاک کەریم لەوێ بوو کارەکانی کادری عیلمی دابشکرابوون، ئەمن لە سەفەر بووم بەشی تاریخ و جوغرافیاو شێعرو جەدوەلیان بۆمن دانابوو. ئەمن کەکەیفم بەحەل کردنی جەدوەل نەدەهات، کرابوومە داڕێژەری! گوتم ئەمە چیەکاک کەریم؟ گوتی: لێی گەڕێ هەرفشەیە! بۆخۆم جووری دەکەم، ئەوکات کاک فاروق جەدوەلی بۆ سروە دەنارد. سەردەمێک کە هێشتا مامۆستا مابوو نووسەرکەم بوون کاک کەریم بۆ هاندانی نووسەران هێندێک مەتڵەبی بەناوی دێکە (موستەعار)بڵاو دەکردەوە ئەو خوێنەرانەی شێوە نووسینی کاک کەریمیان دەناسیەوە ناویان لێنابوو (قەیومنامە). سروە بەناوەخت دەردەچوو، تاوانەکەش ئی حکوومەت بوو، جار وەدەبوو 4مانگی دەکێشا. بۆ چاوپێداخشاندن دەناردرا دەفتەری سەرۆک وەزیران. دەکرا زوو بنێردرێتەوە بەڵام بە ئەنقەست وەدوایان دەخست دەیانگنخاند. جار دەیانگوت کاغەز نییە ڕانسپاردوو لەولاتی چین بەخەتی دەریا دا بێت. جاردەیانگوت: جەوهەر(موڕەکەب)نەماوە یان بەشی بەسەر داچوونەو لەوێ نین خەڵکەکەش کە هۆگری خویندنەوەی سروە ببوون بە نووسراوە، بە تەلەیفوون، فاکس سێ سەرەیان لە سەر ئینتشارات هەڵنەدەگرت. گازەندەیان دەکرد. نەشدەکرا ڕەپو ڕاست مەسەلەکەیان پێ بڵێن. ڕۆژێک برادەرێک لە نەمر مامۆستا هەژار دەپرسێت ئەرێ قوربان جەنابت زۆرکاری ڕۆژنامەت کردووە، دەکرێ بفەرمووی گۆڤار چتۆو بە چ وەخت دەردەچێت؟ مامۆستا دەفەرموێ: حەوتە، مانگانە، وەرزانە .کابرا دەڵێ: ئەدی بۆ سروە وەختی نییە؟ مامۆستا هەژار دەڵێت:وەللە ئەمن ئاگاداری سروە نیم بەڵام ئەوەی بێ وەخت دەردەچیت گۆڤارنییە..وەک ئامارژەم پیکرد حکوومەتی فەسادی ئیسلامی بە ئەنقەست وای دەکرد. جگە لەوانەش بە پێچەوانەی بۆ چوونی خەڵک بەرپرسی سانسۆڕی ئینتشارات فارس بوون. کە لە نوسینگەی سەرۆک وەزیری بۆ ئینتشارات دیاری کرابوون گشت مەقالەو مەتڵەب دەدرا بەشی وەرگێران ئەوجارلەگەڵ کوردیەکە پێکەوە بەڕێ دەکرانە کادری عیلمی لەوێڕا دەدرا بەرپرسی فارس. ئەوان دەیاندا بەر زەڕەبینی سانسۆڕ، ئەگەر چی

تێدا وەبەرچاو نەکەوتبوایە دەنیردرا بەشی تایب کە دوو سێ کیژی کورد کاری تایبیان دەکرد. ئەگەر بۆ پەزی زەرەری بوایە لەخوارەوکەیان دەنووسی (بایگانی شود) بدرێتە ئاڕشیوی هرلگرتن، بەڵام هەمووبەشی وەرگێرو کادری عیلمی زۆریان شت تایبەت لە شێعرەکانیان بەلێزانانە وەردەگێراوەو شتە زەقەکانیان پاشقول دەدان. گیروگرفتەکان کەم بوون، دوایی هەڵلاو بەزمی فریزووەکەی منو شێعرەکی کاک جیهانی برایانی تر پێ حەسیان ئەوجار سیخوریان لە دەرەوەی ئینتشارات بۆ لە سەر نابوون. دەیاندا بەوان هەتا بۆیان(چەک کن) پییاندا بچنەوە. ڕۆژێک مەتڵەبەکەم بە وەرگێراوەوە بردە لای کاشانی ناوبراو لەبن(زخم کهن) خەتی سوور کێشابوو، گوتم ئەوەچیە؟ گوتی: ئەمە کۆماری مەهابادە! گوتم ئاغای کاشانی ئەوە کوانی ئەو مانایە دەداتەوە، بەپێی قانوونیش سەراحەتی نیەو بۆ لێ پێچانەوە نابێت، بەڵام ئەوان خۆفرۆشیان هەبوون ئاوایان تێگەیاندبوون. وەفاتی مامۆستا هێمن ئەوەندە لەنەکاووکتووپڕ بوو هەموومانی تاساند. وەک بێتە بیرم ڕێکەوت 28ی خاکەلێوەی 1365ی هەتاوی و باژنیوڕۆی پێنج شەممۆ بوو ، ئەمن دەمەویست بچمە شنۆ. پێشتر بڕێک تووتنم بۆ مامۆستا هێنابوو دەیفەروو توندە پێێ دەکۆخی. فەرمووی هێندێک تووتنی نەرمم بۆ بێنە بالێکیان دەم خوشکێش بێت. مامۆستا جغارەی حازری نەدەکێشا، هەرکوردەکەی کوردەواری بوو. لای ئێوارە گەیمە شنۆ، بیانی زوو چوومە کتیبخانەی ئاغای نەڵۆسی کە پیاوێکی یەکجار نیشتمان پەروەر بوو. گوتی: چ خەبەرت لە ئینتشارات هەیە ؟ گوتم دوێنی ئێوارە هاتومەتەوە ...دەمەویست درێژە بەقسەکانم بدەم هاتە ناوئاخافتنەکەم و گوتی: دەڵێن: شەوی ڕابردوو مامۆستا وەفاتی کردوە. گوتم باوەڕمەکە دوێنێ کات ژمێر4ی پاش نیوەڕۆ لەلای مامۆستابووم گوتی: خەڵکی شنۆ لە تارێک و ڕوونی بەیانی بەرەو مەهاباد وەڕێکەوتوون. بە داخەوە وەڕاست گەڕا. وەک دەیانگێڕاوە مامۆستا لەنیوەشەودا لە حاڵێکدا لە ماڵ خەرێکی نووسین دەبێت ئەجەل بەربێنگی پێدەگرێت مەتڵەبەکە بەناتەواویی بەجێدەمێنێت. کاک سەلاح ئاشتی دەیگوت: نووسینەکەی وەرگێڕانی کتێبی (خەرمەگەس) بوو. مامۆستا ئەوکتێبەی جارێک وەرگێرابۆوە بەڵام لەناو چووبوو ئەوجارەش دەستی حەنجەل نەیهێشت تەواوی بکات بەنیوەچڵ ماوە. پرسەو سەرەخۆشی لە مزگەوتی سووری مەهاباد بوو لە هەموو شارەکانی کوردستان شاعێرو ڕۆشنبیر وهەستیار، نووسەر، پیاوانی ماقوولو مەزن هاتبوون. مامۆستا کەسایەتیەکی بەناوبانگی ساڵانی 1945ی زایینی سەردەمی کۆماری مەهابادبوو. کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵات کەڵە پیاوێکی میللیو مەزنیان لە دەست دابوو. لە هەموو شوێنێک پەکۆو دەست بەچۆکدادان بوو مزگەوتی سوور لەحەشێمەت جمەی دەهات هەموو دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە بەشداریان کردبوو بەڕێکەوت ئاغا مورتەزاش کە بەرپرسی پلەیەکی ئینتشارات بوو، لە لایەن حکوومەت حزووری هەبوو، بەو بۆنەوە مەقالەیەکی دووروو درێژی لەچەند لاپەڕە دانووسیبوو. ناوبراو خەتەکی تێکەڵ پێکەڵی هەبوو کەم کەس سەرە دەری لێدەکرد ئەگەر ماوەیەک ماباوە بۆ خۆشی نەیدزانی وەیخوێنی. زۆرکەرەت کە سەرمەقالەی دەنووسیو لەتاران را دەینارد، کاک کەریم بۆ وەرگێڕانەوەی سەرزوانی کوردی لەمەڕ گرێپوچکەی ڕستەکانی بەتەلەفوون پەیوەندی لەگەڵ دەگرتو هەڵەو پەڵەکانی هەڵدە گرتنەو ئەوڕۆژیش هەر بەوخەتە ئاڵۆزە شتێکی نووسیبوو، وەخت نەکرا بوو ساخی بکەنەوەو ڕوونووسی بکەن. کە دەبوایە کاک کەریم خویندبوایەوە. بەڵام کەکاک کەریم چاوی بەوگرێوگۆڵە کەوتبوو، ویستبووی لەکۆڵەخۆی بکاتەوە. هاتەلای من و گوتی: فلان کەس ئەتۆ لە ئێمە بەتەمەن تری وا چاکە ئەتۆ ئەو مەقالەیە بخوینیەوە. ئەمن کەچیم لەدڵ دانەبوو گوتم باشە لێم وەرگرت. لە پشت مکریفوون لەپاکەتم دەرهێنا هەتا تەرسەش سنجاقکرابوو. بەغەیبەتی نەبێت کاک کەریم کەسێک بوو کە هەمێشە دەیەویست کەسایەتی کادرەکانی سروە پێشیل کات و بەمە خۆی پێ قەبە بکات، ئەوجارپاشملە دەست بەزەم و غەیبەتیان بکات، ئەمە پەتایەک بوو پێی وەنووسابوو قەت بۆی تخ نەکرا. لەگەڵ نزیکترین دۆستی خۆی ئەوهای دەکرد. کاتێک بە ناوی نوینەری ئینتشارات پاکەتم هەڵپچکڕی هەر واقم وڕما، شەش حەوت لاپەڕە بەشی زۆری قەڵەم خوردەو ڕەشکراوە، لێک قایم کردنەکەشی ڕەدیف نەکرابوو. بەڵام پێم عەیب بوولە پشت مکرفوون لاچم! زانیم ئیستا کاک کەریم لە مزگەوت سەیرم دەکات و کەیفی پێدەکات. نازانم لەکوێڕا دەستم

بەخویندنەوەکەی کرد.  نە خەڵک لێی حاڵی بوو نە ئەمن بە ڕێزکاک ئەحمەد قازی کەلەگەڵ من لووتفی هەیەو لەدەرەوەی وڵات پەیوەندیم لەگەڵ دەگرێت لەنامەیەکدا لەساڵی 1993ی زایینی دەنووسێت: (زۆرجار کە باس دەکەویتە سەرجەنابت و شێعرەکانت و ئەو وردەکاریانەی دەژیانتدا هەتبوون، زۆر پێدەکەنین وەک خویندنەوەی مەقالە لەئاخرەوە بۆ سەرەتا لە مزگەوتی سووری مەهاباد لەسەرەخۆشی مامۆستاهێمن.) کاک ئەحمەد لەنامەکەدا بەخەتە زێڕاویەکەی چەند رستەی ئینگلیزی لەڕیکەوتی 1993ی زایینی بەم جۆرە بۆ نووسیووم:(

I suppose your english is at a level to enable you to correspond in English. So write your English letter next time. We miss you very much. We never forget the happy days we had together.

ساڵی 2005ی زایینی کە خێزانم لە ئۆستراڵیاڕا چووبووکوردستانی ڕۆژ هەڵات سەری لەشاری مەهاباد دابوو کتێبی(باین رسوائی چەبخشایشی )لەکتێبخانەی خانی کڕیبوو. کاک حەسەن شەریفی کە خێزانمی ناسیبوو لەکوتە قاقەزیکدا بەئامازە بەومەقالەیەی مزگەوتی سووری مەهاباد نووسیبووی(بەسڵاو ئیحتڕام دەستەکانت ماچ دەکەم و چاوەکانت دەکووشم، کاکە بڵێن چی دونیا وای لێ هاتووە، هەمووشت بە پێچەوانەیە بائەوەش وابێ.)

دوایی وەفاتی مامۆستاهێمن  نزیکەی شەش مانگ لە گەڵ کاک کەریم و کوڕەکان پێکەوە کارمان کرد. گەلێک بیرەوەری شێرنو بە تام و خوێم لەلایە پاشان کە بەڕێزکاک ئەحمەد قازی بۆ بەسەر نووسەری گۆڤاری سروە،  کادرکان چالاکتر بوون. کاک ئازیز ئاڵی وشەدانی زوانی کوردی بوو بەڵام لە نووسین و ماناکردنەوەدا واسواسی بوو هەتا وشەی بەپێزو پڕ بەپێستی نەدۆزیباوە مەقالەی نەدەنووسی لە شێعریش دا هەتا لەماڵی کەوانی نەکردبوایە قەڵەمی بۆ نەدەبرد. کاک ڕەحیم لوقمانی کەللە قەندێک بوو. هەستی شێعریشی هەبوو، کەیفی بەهۆنراوەی نوێ دەهات. ئەوکات هەر دووکیان سەڵت بوون وەختی خۆیان بۆ ئەدەب و  فەرهەنگی کوردی تەرخان کرد بوو. کاک عەزیزکەیخوسرەوی دایم بزەی لە سەر لێوبوو. جهانی گران و سەنگین، منسوری کە لە کتیبخانەکاری دەکرد شەش دانگ بەویقار، سیاوەش باغەبان دەستەگوڵێک، کاک بێهزادی ڕوح سووک و شارەزای زوانی عارەبی و ئینگلیزی، مارف ئاغائی کاک ویسە بەزەوق و لەسەر گورد، ئەمن کە قەت خۆم بەپیر حیساب ناکەم لەگەڵ تیپی لاوەکان بووم.  ئینتشارات وەکوماڵی خۆمان بوو نەک ئیدارە، کاتی وچان گویمان لەنوکتەی جوان و زریفی بە ڕێز کاک ئەحمەد قازی و نەقڵ و نەزیلەی کاک کەریم دەگرت.  کاک ئەحمەد چەندە لەکار ڕاپەریندا حەزی لەبەرنامەیەکی گونجاوی ڕێکووپێک دەکرد ئەوەندەش لە جەفەنگوگەمە خۆماڵی دەئاخافت.  چاخی پشوودان لەنوسینگەدا کۆڕی قسەی خۆشمان بۆ زاخاوی مێشک هەبوو. تایبەت لە مەڕ بەسەردا چوونەوەی شێعر.  بەڵام ئەمن دژ بەلێکدانەوە لەسەر شێعربووم هۆنراوە هەستی دەرونیە شتێک نییە بەدەرس بگۆترێتو لێک بدرێتەوە.  شێعر سەلیقەی مەعریفەتە سروشتییە سەلیقەی سەنعەتی نییە، شێعر زەوقو هستو ئیحساساتو سۆزی دەرونی جیاوازە لەکیش نایە ناکەویتە چوارچیوەی شعوری پسپۆری، ئیلهامێکی نەناسراوە بەدەیان بیچمو ماناوە دێتە گۆر زۆرجارشاعێریش نازانی سنووری بۆدیاری بکات.  سۆزی هەڵشیلدراوی گرێکی دەرونیە بڵێسەدەدا کانیەکە لەناخی دەروون سەر هەڵدەدا هەڵدەقوڵی ئاوی مەنجەڵێکی قژقژ کوڵیوە، وریانەبی دەڕژێت.  ئەمن سەری قسەم لە گەڵ ئەوانە نییە کە دەیانەوێ بەتۆبزی ببن بەشاعیر چوونکەشێعر وشە رەدیف کردن نییە،  شێعر زۆرمانا هەڵدەگرێت هەموو شێعرێک مانا ناکرێتەوە.  پێم وایە ئەگەر مامۆستا نالی و حافزشیرازی گویان لە مانای هۆنراوەکانی خۆیان بێت لەشێعرەکانیان حاشا دەکەن بۆ نموونە کاتیک تیموورلەنگ  چاوی بەخواجە حافزشیرازی دەکەوی داوای مانای ئەوغەزەلەی لێ دەپرسی:

دوش دیدم کەملایک درمیخانە زدند
گل آدم بسرشتندو بەپیمانە زدند

ساكنان حرم ستروعفاف ملكوت
بامن راه نشين باده مستانەزدند
خواجەحافزلەوەلامداگیر دەکاتو دەڵێ: ئەمن سووکایەتیم بەخودا نەکردوە، (دوو وشەی سترعفاف)دەسلمێنێت مەنزوور لە حەڕەم خانەی خوا حەرمخانەیەکی ئاسائی نەبووە بەڵکوو لەوێدا ئابڕوو شراوەیە، حەیا فەرمانڕوایی دەکات، ئەمن ناوی ژنم نەهێناوە ئەوەی گوتووومە حەڕەمە! یانی جێگایەکی پیرۆز، کە بیانی ڕێگای تێنابات! ئەمن ئەوشێعرم لە بەرەبەیانێکی وەرزی بەهار دا گوتوە حالاتێک بۆمن دەستی دابوو پیم وابوو بەشداری لەکائیناتی هەستی دەکەم، خزابومە ناو ئیحساسی فرشتەکان لەناو ئەو لەخۆ بێ بێخەبەریەو شایی و خوشییە دا ئەو شێعرم نووسیوە! تیموور لێی دەپرسێت بۆچ گوتووتە کە فرشتەکان لەگەڵ توو شەڕابیان دەنووشی و مست و سەرخۆش ببوون مەگین نازانی کە شەڕاب حەرامە؟ حافز دەڵێ: ئەی ئەمیر خواردەنەوەی شەڕاب لە زاراوەی زاناو خواناس دا بەمانای وەرگرتنی زانیاری لە وەی کە خاوەن کەماڵن(یانی چاوگەی گشت سیفەت) هەروەک شەڕابی ئاسایی خەڵکی ئاسایی مەست دەکات،خوداناسیش لە وەرگرتنی زانیاری مەست دەبن، مەیخانە لە ئازانتی خواناسان ئەو شوینەیە کە لە وێ لەو شەڕابە دەخۆنەوە دەجا ئەمن لەو بەیانیەدا ئەوها سەرخۆش ببووم پێم وابوو کە مەلائکە لەگەڵ من داخۆن و هاو وێژەرنو نهێنی وەدیهێنەر، بۆ من ئاشکرا دەکەن! بەو بۆنەوگوتوومە کەلەگەڵ من شەرابیان دەنۆشی! تەیمور لێی دەپرسی ئەونهێنیانە چ بوون؟ بۆم وەگێڕە؟! حافز دەڵی: ناتوانێم بیانگێڕمەوە ئەوی هەستم پێدەکرد خەیالات بوو کەنایەتە گێڕانەوە دەنا لە شێعرەکەم داجێم بۆ دەکردەوە! هیچ خودا ناسێک ناتوانێ ئەوهەی فکردەکاتەوە بە زوان باسی لێوەبکات و دەری ببڕێت ئەوهەی دەتوانی بێهینینە سەرزوان شێوازی گەرمی و ساردیە! دەجا ئیحساسی ناخی دەروونی خۆمە بۆم شی ناکرێتەوە!

**(ئاموو شۆ)**

لەگەڵ بەڕێزکاک ئەحمەد قازی هاتووچۆو تێکەڵاوی بنەماڵەن هەبوو، خیزانی دووهەمی لە عەشایری مەنگوڕ بوو. کاک مارف ئاغائی لە نامەیکدا ڕێکەوت 1373/2/2ی هەتاوی نووسیبووی:(دەتەوێ حاڵو ئەحواڵی ئێمە بزانی، ئینتشارات وەک هەمیشە خەریکە. ئەهۆڕای کاک ئەحمەدیش چەند مانگانەیە. هەتا سروەی 87بڵاوکراوتەوە، کتێبی کاکەسواری تا دوو مانگی دیکە لەژێرچاپ دێتە دەر. خۆم هەرکچێکی چوارساڵ و نیوەم هەیە ناوی شەونەم-ه.) بەڕاستی مەرگی بەناوەختی کاک مارف ئاغائی و کاک جەعفەرقازی و مەنسوری جێگای داخ و حەسرەتێکی زۆربوو خەسارەتێک لەئەدەب و ڕۆشنبیری کورد بوو. ئەزقەزا لەساڵی 1998ی زایینی منوکاک قادرعەبدی لە سەفەری شاری ئەدلاید بووین کە لە 1600کیلۆمێتری سیدنی هەڵکەوتووە، کە ئەو خەبەرە ناخۆش و دڵ تەزینەمان زانی. مخابن بوو کاک جەعفەر نەقاشێکی بەدەسەلات، کاک مارف شاعێرەکی نوێخوازی بەتوانا دڵیان پڕ لە هەست و سۆزی کوردایەتی بوو، حەیفیان کرد، ئەمەبێگومان پیلانی داڕێژراوی ئیستخباڕاتی کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامی بوو. گۆیامارف ئاغائی لەو دوایانەدا پەیوەندیەکی قووڵ وکوردانەی لە زۆرمەڵبەندی کوردستان لەگەڵ شاعێرو ئەدیب و ڕوناکبیران هەببوو ئەم چەقەرەی هەست ئیتلاعاتی نیگەران کرد بوو. تابلۆکانی کاک جەعفەر تەژی لە ماناو بەرژەوەندی و لێکدانەوەی کوردانە بوون. کۆماری ئیسلامی هەتا ئیستا بە سەدان هەستیارو نووسەرو ئازادیخوازی بەناوی وەرگەڕان و هەڵدێرانی ماشین شرت وگۆم کردوە ئەمەش یەکێک لەو سیفەتی خوینمژی دەسەلاتداران و مەندیل بەسەرانی ئاخوندی کۆنەپەرست بوو. ئەوانەی کەلە ناوی دیموکراسی دەتۆقن! نەمرشاعێری جوانەمەرگ مارف ئاغائی لەنامەی ڕێکەوت1373/2/2ی هەتاوی دەنووسێت: (شاعێری خۆشەویست برای هێژام کاک حامیدڕەشیدی زەرزا،لێرەوە هەتاشارەجوانەکەی سیدنی سلاوت لێدەکەم و دەماچانت دەگرم ئێستا کە نامە بۆ تۆ دەنووسم وەبیر ئەو ئێوارە دانیشتنانە دەکەومەوە کە بەیەکەوە بووین و بە شەڕابی شێعر سەرخۆش دەبووین یادی بەخێر ئەودەم کەفریزوو چاپ ببوو چ دەنگدانەوەیەکی هەبوو. بەهەر

شێعر دۆستێک دەگەیشتی دەیگوت ئەرێ زەرزا کێیە ؟ دەک خوابیگری بۆ ئەو شێعرەی نووسیویە! ئەو قسەیە بیرەوەریەکی سەیری وەبیر هێنامەوە. کاک ئەحمەد قازی دەیگوت بۆیەکەم جار کە حامیدخانم مێوان کرد بوو لەماڵەوە پرسیاریان کرد حامیدخان کێیە دەیگوت گوتم پیاوێکی چوارشانەی تا دەست هەڵێنی باڵا بەرزە تووکی سەری ئەوەندە چڕوپڕە کە دەنکێکی دیکەی تێدا جیگا نابێتەوە و...دەیگوت لەماڵەوە زۆربەپەڵە بوون کە زوو ئەو حامیدخانە بگاتێ و ئەوان ببینن، بەڵام کە حامیدخان هات ڕیسەکەیان بوو بەخوری، هەر چەند لەهەرچی حامیدی ئەو دنیایە خوێن شیرینتر بوو، بەڵام باریکەڵەی کورتەباڵای سەرکەم تووک...)

(یادک لەکاک کەریم قەیومی)

لەگەڵ کاک کەریم دۆستایەتی و هاتوو چۆوی ماڵمان هەبوو. دولبەر خانم خیزانی کاک کەریم ژنێکی پاک و ڕاست و دەم بەپێکەنین و بەدڵ و دەرون و بەڕێزوحورمەت بوو ئەوکات دووکوڕی قشتو لەبەردڵانیان هەبوو. کاک کەریم مرۆڤێکی دەست بڵاو بوو کەیفی بەپیاوەتی دەهات. خەرێکی کۆکردنەوەو وەسەر یەکنان و کەڵەکەی سەروەتو سامان نەبوو لەکوێ قەتیابوایە هەر لە وێی گریدەداوە هێندێک بیرەوەریەکانی خۆم بۆزەپت کردبوو چێڕۆکێکی بەناوی قامیش لێ پێکهێنابوو 200لاپەرێکی لەلای من بوو بەرلەوێ کەتووشی ئەو هەتڵەو هەڵوەدایەبم لێی وەرگرتمەوە ئیدی نازانم چی دەگەڵ کردن هیوادارم ئەمە وەبیربێنانەوەیەک بێت. ئەمما قسەخۆشەکانی، بەسەر بەستە دەیگێڕمەوە! دەیگوت: شەوێک هەموو جۆرەچێشتێکی ئاوەکی لە سەرسفرەی ڕازاندراوە بوو دووچەتەرعانی ڕەزاگرانم لێ هاتنە ژوور بەدیواری داهاتبوونە خوار، زۆرم ترس ڕێنیشت نەوەک دەست بووەشێنن دەمزانی بۆنی شرۆشالاتیان کردوە بەڵام وەک مرۆڤی ئاقڵ چوارمێردەکی لەگەڵمان ڕۆنشتن بۆگەیان لەچ نەکرد ئیسلامی ئەوها بخشێشی خودایە!

(ئینتشارات)

هەرقەدەر حەیامێک یەکیک لە بەرپرسەفارسەکان کەلە تاران ڕادەهاتن دەگۆڕان دوایی حوسینی لاوێکی 25ساڵەی جوانچاک وخوێن شیرن ورەزا سووک بەناوی محدث هات بەڵام دێزەو ناحاڵی و بەپۆزو ئیفادەبوو ئەمما ئیسلامی نەبوو دەستو جی هۆدەکەی جێ دانشتنی خۆی وەک دەسەڵاتدارانی سەردەمی"شا" بەکورسی چەرمی میزی شووشەو گوڵدان و عەلەم قەلەم ڕازاندەوە. کە بەیانان بۆ ئینتشارات دەهات بۆنی عەتروگوڕو هەمووەمانی مەست دەکرد بۆخۆشی دەستەگوڵێک بوو هەرچەند کردبوومە شێعر بەڵام زەعلەی لە چەعرەی من دەچوو بە ژەقنەمووتو قوزەڵقورتی دەزانیم سێبەری بەتیر دەئەنگاوتم هەموو شێعرەکانی منی دەدا بەرزەڕەبین، قەت دڵی لە وەرگێرانی هۆنراوەکانم نەدەحەساوەو خاوین نەدەبۆوە لێیان ببوو بە مڵە هەموو ڕەستەکانی هەڵدەبڕی لکوو پۆپی هەڵدەپەرتاوتن وشەکانی بەفەرهنگۆک دەپشکنیەوە. ئەولاوە بۆخۆشی لەلای کاک حەحمەد قازی دەرسی دەخوێند دیاری دەدا ئەو پلەو پایەیی بەهۆی پارتی لە تاران و قوم وەدەست هێناوە. بێگوومان سەری بەفەڕزی خواش دانەدەدا، بەڵام لەسەر ئەوەش ڕا لە منی دەچاوی کردبوو لەگەڵ کوڕەکانی سروە ئارای یەکجارخۆشبوو سەرئەنجام کەڵم لەبەر کەڵی هەڵاتو ئینتشاراتم بەجێهێشت.

(گیرانەوەم لە ئینتشاراتی سەلەحەدین ئەییوبی)

ساڵی 1366ی هەتاوی بوو مۆستا هێمن، ساڵی پێش ئەمری خودای کردبوو. کاک کەریم و ئازیز ئالێ ولوقمانی و پەرویزجیهانی نووسەری ئەم دێرانە لەکادرعلمی دەشوغڵین تازەش کاک ئازیزکەیخوسرەوەی هاتبوو دیارەئاغای

بێهزادی و باغەبانی هەرلەشوینی خۆیان دەشوغڵین. هیشتا کاک مارف ئاغایی و کاک ڕەسوڵ ویسە نەهاتبوونە ئینتشارات. ئینتشارات خەریک بوو کەسێکی ناسراو لە مەڕسیاسی، لە شوین مامۆستاهێمن دابنێت کە هاوسەنگی لەناوچەداهەبێت،دوایی زورپسیار ولێکدانەوە و مەشووەرەت کردنی بەکادرعیلمی، کاک ئەحمەدقازی بۆ ئەم پۆستە بانگهێشتن کرا،لەڕاستیدا پڕبەپێست بوو. بەرلەوەی کاک ئەحمەد ئەم پۆستەوەربگریَ ئەمن بۆ سەردان چووبوومە شنۆ، بۆ فراوین ڕەحمەتی مەجیدخانی زەرزای سێبیان بانگیشتنی کردبووم. هێشتا چێشت حازرنەببوو پاسداردەورەی ماڵی مەجیدخانیان گەمارۆدا،ئەوانە بۆگرتنی من هاتبوون، بەڵام کارەکەیان سەیروسەمەرە بوو چونکە ئەمن پێشمەرگە نەبووم ولەچیا نەهاتبوومەخوارو ئیشقیا نەبووم و لەدەرەوەنەگەڕابوومە ئەمن کارگێری ئینتشاراتی سەلاح ئەدین ئەییوبی بووم،ئینتشارات هەرچەند کاری ڕۆشنبیری دەکرد بەڵام ئۆرگانیکی حکوومەتی ئاخوندی بوو. ئەوجار مەجیدخانی سێبیان پاسدارو تفەنگ هەڵگری خۆیان بوو هەتاکوڕەکانی ناوبراو بریتی لە فەیسل و سەلیم لە ئیستخباراتی شنۆ دەشوغڵین،ئەمماخەڵکیش لێیان ڕازی بوون. و هێشتا جوانەمەرگی شەهید،عەباس، کوڕی ناوبراونەببوو بەپێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. دەجا ئەوکردەوەی سوپاو ئیستخبارات لە شنۆ شتێکی سەرسوڕهێنەربوو. سەرئەنجام هەرچەند مەجیدخان پرکێشی کردکوڕەکانی دەمەتەقەیان کرد،سوودی نەبوو گوتیان حوکمی ورمیان پییە، هاتنە ژورو چاویان بەستم و بردمیانەخوارێ ڕەپێچەکی ماشینی پاسدارنیان کردم و بۆ پاسدارخانەیان بردم. ئەوکات بەرپرسی ئیستخبارات کەسێکی فارسی سەبنێسی لێدراوبوو بەداخەوە ناوەکی ناێتەوە بیرم. هەربە چاو بەستراوی دەستیان بە قسەکرد دیارە بوو پرسیارەکانیان دەپێشدا ڕەدیف کردبوون:شتی زۆربێ سەروبەریان لێپرسیم دیاربوو تەماحی کوشتنیان تیکردبووم. چونکە ئەوهەی ئەوان لەمنیان پرسیاردەکرد ئەمن ڕوحم ئاگای لێنەبوو هیچ شتەکەش لەدەرەوەی وڵات بوو نەمدەزانی چ بڵێم ئەوجارهێنامیانە هۆدەیەک لەوێ ژمارەیەکیان لەمل کردم بەم ژمارە وەک مەحکووم وینەیان کێشام. سێ ڕۆژ ئەمەکاری من بوو،لەولاش فەیسل دەچێتە ئینتشارات خەبەرکەڕادەگەهێنێت. ئاغای کاشانی هەرئەوندە بە فەیسل دەڵێت کە بە زەرزا بڵێ نیگەران نەبێت،ڕۆژی چوارهم کابراهات و ئەو جار بە ئیحترام چەند پرسیاری لێکردم کە وڵامیان نەخیربوو. ئەمنی بەچاو بەستراوی هێنا بەردەرگا چاوبەندی لەچاوکردمەوەگوتی ئاوڕ وەپشت خۆت مەدەوە. ئەمە ئازادبوونەکەم بوو. ڕۆژی پێنجم چوومە ئینتشارات،دوایی ساعەت 5یانی کارتەواوبوون کاشانی گوتی کارمان پێتە پێم وابوو پەیوەندی بەکاری ئینتشارات هەیە چونکە ئەگەرکارزۆربوایە بێ وەختیش کاردەکرا لە ڕاستیدا سروەحاڵاتی کۆنتڕاتی هەبوو دەبوایە بەسێ مانگ تەواوبوایە چیتر. ئەمنیان بانگ هێشتە هودەی سەرێ کە تایبەتی بەرپرسەکانی فارس بوو کە وەژورکەوتم کابرای بەرپرسی ئیتلاعاتی شنو لەوێ بوو. مووچرکم بەلەش داهات دەدڵی خۆمداگوتم بخوای ئەوجاربە یەکجاری گیرامەوە. کاشانی گوتی: ئەوکابرایە دەناسی؟ گوتم بەڵێ بەرپرسی ئیستخباراتی شنۆیە. گوتی: ئەمە ئەتوی گرت؟ گوتم بەڵێ. گوتی: ئەشکەنجەی کردی؟ لەترسان گوتم نا. کاشانی گوتی: مەترسێ ئەرلێیداوی لێیدەوە ئەگەرقسەی سووکی پێگوتووی پیی بڵێوە... گوتم نا. کابرا داوای لێبوردنی کرد و ڕۆیی ئاغای کاشان گوتی: دانیشە باپیت بڵێم، ئیرە دەفتەری سەرک وەزیریە. ئەوە بە هۆی ئەم قەزییە ئەتۆ ئاگاداری مەسەلەکەی بووی، بەڵام ئەگەر وشەیەکت لەدەم دەرپەڕی یانی بیدەرێنی زبانت دەبڕین. شانست هێنا لە ئینتشارات بووی دەنا ئەم پەروەندەیەی بۆ تۆیان گرێدابوو دەست و جێ ئیعدام دەکرای، ئێمەلەگەڵ تاران پەیوندی بەپەلەمان گرت. هەرتارانیش دەستووی گرتنی تۆی دابوو. هەرئەوانیش دەستووی ئازادیەکەیاندای. ئیدی تازەلە ئیستخبارات ترست نەبێت. ئەبەمجۆرە جارێکی دیکە لەمەرگ نەجاتم بوو. بەڵام لەراستیدا ئیدی دڵم لە ئینتشارات ڕەش بوو،هەرچەند دەمزانی کە ئەمە ئۆرگانیکی حکوومەتە بواری سیاسی پێوەدیاربوو بەڵام کەس فکری بۆ ئەمە نەدەچوو ئەوها بە دەسەڵات بێت. هەنۆکە( 20)ساڵ لەو ڕێکەوتە تێدەپەڕی ئەمن ئیدی لە ڕژیمی ئاخوندی بەتەما هاتنەوە نیم. تەمەنیش هیندەی بەبەر وەنەماوە پێم وانییە ڕۆخانی ئەم دەم و

دەزگایە ببینم. دەمەوێ جارێکی دیکە ئەمە دووپات کەمەوە ئەوانەی لە ئینتشارات دەشوغلێن لە دووسێ کەس بەدەر ئاگاداری ئەم مەسەلە نەبوون هەمووشیان نیشتمان دۆست بوون و دڵیان بۆ کوردلێدەدا.

**(دوایی لەئینتشارات هاتنەدەرڕێکەوتی ساڵی 1367 هەتاوی)**

کاتیک کەڵم لەبەرکەڵی محدث لە ئینتشارات هەڵات،دەمەویست خۆ بەشتێک سەرگەرم کەم، هەتا پاسدار لێم وەشک نەکەون، هەرنەبێ قەدەرحەیامێک خۆم لە بەرچاویان ون بکەم،دوایی فکرم کردەوە لە شنۆ ناتوانم بمێنمەوە چونکە هەرشتێک بقەومێ پەیوەندی بەمەسەلەی سیاسی وەهەبێ لە پێش هەموو کەس لە درگای ماڵی ئێمە دەدەن، پاسداریش کارەکانیان لە ڕووی یاسا و قانوون نەبوو. هەمووشتیک بەکەیفەو ئیشتیاو مگیز بوو. هەرپاسدارو ئیستخباڕاتی ناوچەو شاریک حوکماتی خۆی دەکرد کەسیش نەبوو لیی بپێچێتەوە تایبەت بۆ کورد وشەی زیدی ئینقلاب شەرعیەتی بەکوشتنیان دابوو پیویست بەچ بەڵگەو دەلیل نەبوو ڕۆژی دەیان کەسیان بەپەیوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکرات وکۆمەڵە دەگرت وئەشکەنجە دەدا یان دەیانکوشت. لە لایەکیش وەزعی ناوچە نا ئارام پێشمەرگە جارو بارە زەبری هەردەوەشاند. فتوای مەلاکانی شێعەش یارمەتیەکی تەواوی ئەم ئینسان کوژانەی دەکرد، کوردایەتی چش مەزەبەکەش هۆکاری کوشت وبڕینی گەلی کورد بوو دیارەکوردەکانی شێعەش لەبەردەنکی جەنجەڕی کۆماری ئیسلامی نەجاتیان نەدەبوو ئەوانیش هەرخزمەتیک کە پێویست بوو کردبوایان چونکە ڕەگەزەیان کوردبوو بۆ رژیم جێگای متمانە نەبوون، ئەمە هەلێ بۆ قەرەپشی بەتایبەت لە ئازەربایجان بۆ ڕەجاڵەی نەغدەو هێندەیک خۆ فرۆش ڕەخساند بوو کە دەگیانی خەڵک بەربن، ئەم هۆکارانە هەموویان زەنگی مەترسیدار بوون کە دەبوایە لە بەرچاو گیرابوان دەجا خانوەکەم بۆ فرۆشتن دانا، دووسێ مشتری هاتنە سەرکە یەکیان کوڕی وەستا محەمەدی خرچەخۆری بوو. لەگەڵی پێک هاتم (بە650هەزارتومەن)بەڵام ڕۆژی دوایی مەجیدخانی سێبیان کە جگەلە خزمایەتی هاتووچۆیەکی گەرمی لەگەم من هەبوو هاتەلام خۆی کردەمشتری گوتی بەوقیمەتەم قەبووڵە بەڵام /550هەزارتومەنت دەدمێ سەت هەزارم بۆ دوومانگ بەقەرزلەسەرڕاوەستە. بەهۆی دۆستایەتی قەبووڵم کرد. لەوسەروبەندەدا کمسیونی ئەمنیەتی وەرمێ هەشت مانگ دوورخستنەوەی منی پەسەند کردبوو، ئیدی نەمدەتوانی بگەڕیمەوە شنۆ، مەجیدخان ماشینی هێنا بە دزی بۆ ئیمزای سەند ئەمنی بردە شاری نەغدە. کوڕی مەشتۆی –دەفتەرداری نوسینگەگە بوو کاتیک سەند تاپۆ نووسرا چوو دەرو دوایی دوو دەقیقە یەکێک لە دەفتەردارەکانی ئەمنی بانگ کرد گوتی گاست دەکەن، کە چووم بینیم دەفتەردارەکەیە،، گوتی: ئەمن گاسم کردی! دەزانی بۆ؟ گوتم نا،گوتی:ئەمن لەگەڵ تۆ چ ناسیاویم نەبووە بەڵام مەجیدخانی برات چاکەی بۆمن بووە. دەمەوێ شتێکت پێبڵیم: شاعیردەلێت: -چو می بینی کە نابیناو چاەاست اگرخاموش بنشینی گناەاست- گوتم فەرموو: گوتی: ئەتۆ پارەی خانوەکەت وەرگرتووە؟ گوتم نا! گوتی کوڕە نەکەی مەجیدخانی سێبیان کە قەت هێلکەی ساخی بەشەڕ نەداوە، ئەوجار هەنۆکە پاسدارە قسەی دەڕوا. ئەتۆش لە بەرڕژیم دەزانم ناوێری پڕ بەپێستت بجۆڵیەوە. ئەوە دوایی پارەکەی نەداییەی چ دەکەی؟ سەندەکەشت قورقشم و سەبتییە، گوتم: ممنوون بەڵام ئەمن باوەڕی سەروماڵ بە مەجیدخان دەکەم با پاسداریش بێ! گوتی دەجا قەرەقەپ. ئەمن ئەرکی دۆستایەتی خۆم بەجێگەیاند،تکایە مەیدرکێنی گوتم دڵنیابە. خولاسە سەند تەوابوو بەرپرسی سەبت گوتی پارەکەت وەرگرتووە گوتم بەڵێ. گوتی ئیمزای بکە،ئیمزام کرد. مەجیدخان قەباڵەکەی وەرگرت و بۆ شنۆ ڕۆیی ئەمنیش چوومەوە ورمێ، لە وێ خانووبەرەکەم بە /450هەزار تومان لە قەمبەرئاغای فەرش فرۆش لەگەڕەکی بەخشابادکڕی و سەت هەزارم دایە قەولنامەمان ئیمزاکرد دووحەوتوون وەخت دانا کە پارەکەی بدەمێ خیزانم ناردە شنۆ نامەیەکم بۆ مەجیدخان نووسی داوام لیکرد پارەکە، یانی /550هەزارتومەنەکەم بۆ بەخیزانم دابنیرێ بەڵام خیزانم دوایی دوو ڕۆژ گەڕاوە /60هەزاری تومونی هێنابوو گوتی: مەجیدخان گوتی: وەللەچ پارەم نییە ئەوەشم قەرز کردوە ئەگەر زەمنیی دەوێ لە بەرقای پارەکەی لە سێبیان لێم هەڵگری، دەنا دراوی ئیشکەم نییە! دەستە شکاوکۆڵەوار مامەوە. هەرچەند

پەیوەندیم پیوەگرت گوتم خانووم کڕیوە قەول و بەڵینمان وانەبوو هەر ئەوە بوو کە گوتبووی. ناعیلاج 20هیکتار زەمینی دیمییم بە میرزا برایم گەجەنی و سەید فەخرەدینی سەرڕۆتی فرۆشت و فەرشەکانی خۆشم لەگەڵ زێڕێ خیزانم هەمووفرۆشتن، هەتا پارەی خانوەکەی ورمێم دا. ئەوش بڵێم میرزا برایم گەجەنی هەتا بڵێی پیاوەکی پیاوانەو قەول دورست دڵپاک وڕاست و جوامیرە و سەیدفەخرەدینیش لە ساف و سادقی کەسی نایگاتێ. ئەمەساڵیکی کێشا، ئەمن چوومەوە شنۆ، پەیوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ مەجیدخان گرت، بینیم خەریکە پارەکەبخوات و عیلاجی ناکرێ. ئەو جار با بزانین زەویەکانی کەس نەکێڵ و بەردە ڕەقی سێبیانم چلۆن دەداتێ! وای لێهات کە بڵێم مووەکیش لە بەرازی بێتەوە هەر غەنیمەتە! مەجیدخان بەکەیفی گونی زەوی دەفرۆشت قیمەتی بازاری ئەوکات مێتری بە30تومەن بوو، مەجیدخان بە/100تومان دەقرسانت! دەیگوت گران دەبێت، دەیفەرموو مەجبوورنییە هەر ڕایدەگرێ هەتا گران دەبێت لە ڕاستیدا بەهەوای تفەنگی سوپای گەمەی خۆی پێدەکردین،ئەمنیش لە ترسی ئیستخبارات نادەوێرام قایشی لێبکێشم، کورەکانیشی بریتی لە فەیسل و سەلیم ئاگادارمەسەلەکە بوون پێشیان ناخۆش بوو بەڵام دەسەڵاتی باوکیان نەبوو. لەلایەکی تریش سەرم لەم چەقاڵ بەقاڵی زەویەکانی دەرنەدەچوو بەڵام بۆ پێوانی چوین لە مێتریش دا بە شەقاو دەیپیوا دەیگوت مێتردرۆیە،ئەویش شەقاوی مەجیدجان هەر80سانتی دەهاتەوە ناچارمڵکەکەم لێوەرگرت. نەشدەوێرام زۆرلە شنۆ بمێنمەوە دەترسام دیسان سوپا پیلانێکم بۆ ڕێکخات. مەلاعەزیز باشەڕافەت کە قەپانی لە شنۆ هەبوو هاتووچۆی لەگەڵ من زۆربوو (کرد بە وەکیل) کە مشتریان بۆ بدۆزێتەوە بیانفروشێ حەقی زەحمەتی خۆشی لێ بگێڕیتەوە. سەرئەنجام لەو سەوداو مەمالەیە بەو60هەزاری لە پێشدادابووی 120هەزارتومانم بۆ ساخ بۆوە بەمجۆرە ئاغامەجیدخان پێنچ سەت وسی هەزاری قوت دا و سمێڵی پێ چەورکرد. ئەوجارلەڕیکەوتی 1ی 68/11 لەگەڵ سەیفەدین و ژیان، کوڕانی ڕەحمەتی میرزاکەریم لێتان دانیشتووی ئەوکاتی گوندی دەشمس، ڕیککەوتین کە سەفەرەیک بۆ تورکیە بکەین بڵکوو قازانجەکی هەبێت، کوڕەکانی میرزاکەریم زۆر بە دەستەوە بوون . سەیفە زۆر بە جەرگ و زیرەک کار ڕاپەڕ بوو. ژیانیش ئیکجار بە دەمارە قسەخۆش و دورستکاربوو. هەروا سەیدڕەحمان سەرڕوتی کوڕی سەید محیە ئەدین دوربەی کە هەوای هەندەرانی دەکەلەیدا بوو لەگەل ئێمەش هاتوو چۆیەکی گەرم وگوڕی هەبوو، بوو بە هاوسەفەرمان،ئەویش ئەلحق لاوەکی ئیکجار ڕەندو مەند بوو، بۆ ویزا وەرگرتن هەمووومان چوینە تاران. لە وێ مۆری ویزایان بۆ لە پاسپۆرتی داین،بەڵام سەیفەدین کە پاسپۆرتەکەی بۆ ساز نەبوو نەیتوانی بێت. ئەمە بۆ ئەوڵین کەڕەت بوو لە ئیران بۆ دەوڵەتێکی دەرەکی دەچوون سروشتیە کەلە دڵی خۆماندا دەیان لێکدانەوەن هەبوو لە20ی 11ی 1368 هاتینە سنووری سیرو بۆ پەڕینەوە پاسەپۆرتەکانمان تەحویل دان گوتیان هیشتا نوینەری سەرۆک وەزیران نەهاتوە،ڕاوەستیان هەتا بەتڵیک لە ڕۆژچوو بەدرەنگەو کابرایەکی شل و گیرو خوارخیچی ڕدین دریژی پیسوو پەڵۆس هات، ئێمە پێمان وابوو پێشخزمەتە بەڵام کە بانگیان کردین دیمان خۆ ئەوە نوێنەری سەرۆک وەزیرانە،هەرواقمان وڕما،بەتورکی دوو قسەی بێتامی لێی پرسین و موری لە پاسەپۆرەتەکاندا، لە وێ کاک سەیفە گەڕاوە من و سەیدڕەحمان و ژیان کەریمی دوایی کۆڵینەوەی شتومەک وتەفتیشی جل وبەرگ وەدەرکەوتین بەدەرکەی پشتەوەدا لاقمان لەخاکی کوردستانی تورکیەنا، لەولاش پۆلیسیەتورکەکانی فاشیستی ڕەگەزپەرست جانتاکانیان کۆڵیوە،پاسپۆرتەکانیان مور کردن لەوێ سواری ماشین بووین،لەناوماشین دووعەجەمم ناسینەوە کەلەسەردەمی (شا)شلتاخیان پێکردبووین ماوەیەک زیندانم کیشابوو،بەڵام نەمەویست ئەمن بناسنەوە بەژیان وسەیدڕەحمانم گوت ئەگەرپرسیارن کرد بڵین خەڵکی کرمانشاین، هەرچەندپرسیاریان نەکرد. چوینە هوتیل ئۆوا-ی گەوەڕ،کە تازەسازدرابوو ئیکجار خۆشبوو (گەوەڕ)کەتورک ناویان لێناوە(یۆکساوە)شارەکی کوردانەبوو ڕۆژێ دەیان کەس لە خەڵکی کوردستانی ئیران کە لە سنووردەپەڕینەوە لیی دەمانەوە پۆلیس هەموو بەرتیل وەرگروچاوچلیس و گوێ وشت بوون،کاک سیڕاجەدین لە هوتیل مدیر بوو. لاوەکی ماندو نەناسی کورد دۆست بوو نابراو کوڕی مەلاشەمسەدین بوو، دووکانی زڕێنگریان لەکۆنەوە لە شنۆ هەبوو بنەماڵەیەکی ناودارو بۆخۆشی زاروتەکلیف خۆش وجوامیرو هەڵسوڕینەرو دڵپاک و بەخەڵک ماندوبوو. ڕۆژی دوایی

بەرەو ئاستانبۆڵ وەرێکەوتین دوو شەولەوێ ماینەوە ئاستابۆڵ شاریکی گەورەبوو خەڵکێکی زۆریش لەم شارەکوردبوون بەڵام چونکە زوانی کوردی وهەرناوی کوردی یاساخ بوو نەدەوێران بڵێن کوردن بەتایبەت دووکانی کۆتاڵ فرۆشی زوربەی کوردن. چونکە گەلێک دووکانن سەردان کە دەیانزانی کوردین دەیانگوت ئەزکردمانجین، ئەمما لەڕاستیدا کوردیان لە بیرچۆبۆوە. لەوی چاومان بەشوورەی دیوارکەی کە سەلاح ئەدین ئەییوبی لە سەردەمی ئەمپەرتوری و فەرمانروایی خۆی بە دەورەی ئاستانبوڵی داکێشاوە شوێنەوارەکەی هەرماوە،ئەمە مێژووی سەلاحەدینی وەبیردەهێنامەوە لە شەڕلەگەڵ خاچ پەرەستان. هەرچەند کە سەلاحەدین مفهومی نەتەوەی نەزانیوە بۆ ئیسلامی شەڕ کردوە بەڵام کە بەڕەگەزکوردبوو لە تەکریت هاتووەدنیا، و لەوانیە زۆرکەسی ئالودە بە مەزەهەب شانازیشی پێوە بکەن، بەڵام ئەمن هەربەنۆکەری عارەبانی دەزانم. خەلاسە دوایی دوو رۆژ بە شەمەندەفەر بەرەو وڵاتی---کەوتینەڕی، لە ڕیگاپۆلیس لە ناو شەمەندەفەرەکە چاویان بە پاسەپۆرتەکاندا دەخشاند پاسەپۆرتی سەیدڕەحمانیان موشکلەی هەبوو یانی لە جیاتی ویزا مۆری ترانزیتیان لێدابوو کە هەرمافی پیداڕوینی هەبوو ئێمەش کە لەگەڵ ئەوبووین مەجبوورگەڕاینەوە،و بەکوێرەوەریەکی زۆر دایانگڕاندینەوە بەرەو تورکیە، هەر لە وێ خەبەری مردنی خومەینی مان بیست. کە سنورەکانی ئیران بۆ ماوەی 48ساعات گریدران لە ئاستانبوڵ ماینەوە لە ترسان ئەو چەندرۆژە ڕدینمان نەتاشی، یانی ئێمەش لە هەندەران تازی ئیمامن ڕاگرتووە، نەوەک لە پەڕینەوە بۆن بکەنە شڵتاخ. لە ڕیکەوتی 28ی 1368/11ی هەتاوی لە هوتێل ئۆوا،شێعری سنوورم نووسی کە ئاماژەیەکم بە یەکێک لە دۆستەکان کردوە. ئەم سەفەرەی ئێمە چ خێری لێ نەکەوتەوە ئەوکات پارەی پەڕینەوەی هەر پاسەپۆرتیک پێنج هەزارتومان بوو ئەم پارەیە ئیکجارزۆربوو مەسەلەن یەخچاڵیک و جلک شوریەک وتەلەفزیونەکی پێدەکرا.

### (وەرگەڕانی ماشین ووردوخەڕاشی لەشم)

سەری قسەم سەبارەت بەوەرگەڕانی ماشین لە ڕێگای دەشتەبێڵ بۆ (دزەی مەرگەوەڕ)چێرۆکێکی سەربەخۆیە، هێندێکی لە بەردەوام دەبم. عوسمان کە دراوەکەی لێ دەعەردی هەڵسووتبووم دوای چەندمانگ خۆگێزراندن گوتی کۆتاڵی لە بەرتەقا هێناوە، (مووەک لە بەرازی بێتەوە هەرباشە) لەبن گویم زرینگاوە. چوومە ماڵی ڕەشید دورستکار لە وێڕا وەڵامم لێنارد، عەلیخانی کوڕی مامەند ئاغای ناردبوو، ماشینی عەلی خان لەندەوێرەکی کەچە، چەپرەک بوو درگاکەی گاڵە نەدەدرا دەجا ئەوهەی لەڕەخ لێخور(شۆفێر) دانشتبوایە دەبوایە دەستگیرەی بە دەست گرتبوایو. ئەمن سەرەتا سەری لکی پشتبیندم خستە دەستگیرە، دوایی کە لە ماشین و دەستو فەرمانی عەلیخانی وردبوومەوە دڵم کەوتە قرتو فرت لکی شووتکەکەم دەرێناو دەستگیرەکەم بەدست گرت. .لە گەوەی دووهەمی سەرەوژێرەکە ماشین تاوی گرت گوتم هوشیاربە، گوتی دۆرمزی نییە، دەندەی ڕەت کردوە چۆتە خەڵاسو چی دەگەڵ ناکرێ! گوتم کەوایە باهەڵنەدێرینە گەڵی، مەجبوور لەگاشەیەکی سووچی پێچەکەی دە، ئەمن لە نەخوشخانە وەهۆش هاتبوومەوە، وەک عەلی خان دەگێڕێتەوە ماشین بەگوڕ وەبەرپاڵی دەکەوی وەبەپاشدا دەکشێتەوە ئەمن بەدەرکەدا فرێدەداتە دەر گاشەبەردێک دەبێتە هۆی ڕێگری لە هەڵدێرانی بۆ ناوگەڵی، دەناپەرم بەپەڕەم دەبووین لە وفرێدانەم جگە لەوەی بەسەر تەلاشەبەردانم دادەدا جەگی ماشین دەسەرم هەڵەچەقیت بەشەلاڵی لەناوگۆمی خویندا دەمهاویتە پشت ماشینەکی ڕێووبار دەمگەیێنێتە نەخوشخانەی شنۆ. ئەوکات یارمەتی دەری دوکتۆر، ڕەحمەتی عومەر پردئابادی یەکێک لە دۆستەکانی سەردەمی لاویم بوو. ناوبراو بەئاخ و ئۆف سەری قەڵشاوم خاوین دەکاتەوە بە دەرزی دەیدرویتەوە. کاک عومەر دەیگوت: کە وەهۆش هاتێەوە پیت وابوو لە سەڵمانی گوتت: سەرم بەلای ڕاستەدا بشکێنەوە. دەمبەنەوە ورمێ و عەزیزی خانەبەگی لە تەنیشتم دادەنێشێت،کەس بە تەمای مانم نابێت، بەوسەرو سوکتەوە، سەروگوێلاک پێچاو دەمبەنەوە ماڵ ڕێکەوت 1368ی هەتاوی بوو دوایی دەمبەنەلای دکتۆربەهمەن خوسرەوی قەرەپاپاق کە یەکجار لوتفی لەگەڵ من هەبوو .ئەودەڵیت: مێشکی تووشی جووڵانەوە بووە، دەبێ ئەوکارەساتەی لەبیربچێت پێویستە کە بەردەوام

شەڕاب بنۆشێت! لەسەردەمی ئاخوندیو شەڕاب! ئەویش ئەوکات بێ سێو دوو شەلاقی هەبوو بەڵام با ئەوەش نەشێرینەوە لە سەر ئەوهەموو گەفو گوڕە، زۆرماڵان شەڕابیان دورست دەکرد ئەگەرلەڕێژیمی "شا" ئی ترێ هەبوو ئەوجار لە سەردەمی یاساخ بوون دا ئی ئالووبالوو ئی سێو هی توو هی ترێ بەمشەهەبوو. هەرماڵێک بۆخۆی مەیخانەیەک بوو. کارگێرانی دەولەت بۆ داپۆشینی بۆنی ئالکۆڵ عەترو گولاویان لە خۆدەدا کەبۆنی وەبنەخۆ دەدا، دووجەمە شەڕاب و کەبابم هەبوو هەمووخزمو دۆست هاتنەسەردانم هەتا ئەوانەی بە تەمای مردنم بوون. دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروەش جەنابی کاک ئەحمەد قازیو قەیومی ،کاک ئازیزخوسرەوی ئەوانی تر هەمووتەشریفیان هێنا، هەتاکاک محدث، کە سێبەری بەتیر دەنگاوتم هات. ئەوچاخ منداڵەکانمان سەرو پێچکەو وردیلە بوون. کاوە کە هۆگری من ببوو، هەمێشە لە بن سەرم هەڵدەتروشەکا، زەبرەکە کاژەڵەی سەرمی تووشی موشکیلە کردبوو. کە تەلەفزیوون دەکراوە سەرم دەسووڕا زۆر، زوو لەهۆش دەچووم ئەوحالاتە سێ مانگ بەردەوام بوو، دوایی هێدی هێدی بەرەوباشی چوو، ئەو وەخت ماڵمان لەگەڕەکی شێست تەناف لە شەقامی کەمەربەندی بوو. خانووبەرەکەم کوشکێک بوو بەلام یەکجار بەدشووم بوو تێیدا نەحەسامەوە، هەموو ڕووداوەکان لەوێ سەریان هەڵدا. ئەنجامەکەی هەتڵەوهەڵوەدایی یەکچەلی بە دوادا هات. لەو ماوەیەدا کاک ژیان لاوە، یەکێک لە دۆستانی پێشووو یاریدەری دکتۆر ئیبراهیمی لە ورمێ بوو. بەردەوام سەردانی دەکردم دووسێ جاریش کاک عەبدۆی ددانساز کوڕی ڕەحمەتی حاجی مەولود پوور زێڕن سەری دام. دوکتۆرعەبدۆ لاوێکی شایی بەخۆ بوو کاک ژیان لاوە، گەنجێکی ڕەندومەندو ماندو نەناس و دەم بەپێکەنین و خۆش بەرخوردو دڵپاک گەلدۆست بوو. لە1355ی هەتاوی باوکی لەکەندەباس شەهید ببوو ئەرکی بەخێوکردنی براوخوشکی و باپیری کەوتبوو سەرشانی کە بەوریایی ئەرکی ئینسان دۆستی خۆی بەجێهێنا،. خەزووری ژیان بنە ماڵەیەکی کۆمەگ بوون کوڕەکان هەموو بەغیرەتو چاونەترس. ئەمن دوایی کەمووکەک خۆ گرتنەوە بۆهەڵبستنەوەی ئیسکی قەبرغەکانم کە موسوڵدانیشم لەگەڵ دێشا چوومەشنۆ. فەتاحی دایک برام کابرایەکی ئێسک هەڵبەستنەوەی (سنخچی)لەگوندی بێمزورتە هێنا،کە زۆر بە ئەزموون بوو بەبنێشتی کوردی هەڵبەستەوە. هێشتا حەوتوو تێپەڕ نەبوو لەگەڵ ڕەشیدو فەیسەل دەچوونە نەغەدە شەودرەنگان بوو، فەیسەل لە پشت فەرمان خەوی لێ کەوتبوو، ماشین لە پردێک لایدا بەڵام بەخەوالوویی وەخۆکەوت لە وەرگەڕان نەجاتی دا. ئەمما بەهۆی هەڵتەکان جارێکی دیکە ئیسکەکان لە بەریەک ترزابوون، هەنۆکەش دیاریدەدا کەخواریان گرتۆتەوە.

**(گەڕانەوەم بۆ ناوحکوومەت)**

سالی 1365 دوایی گەڕانەوەم بۆ ناو حکوومەت وەزعی ماڵیم بەتەواوی تیکچو بوو. زەویەکانی جێ جووت بەتەون وتەڵەکە هەلاوەسرابوون. ئەو عەجەمانەی لە1342هەتاوی کە ئیجارە داری زەویەکان بوون کرابوون بەخاوەن مڵک و زەویەکانی منیان لە(گۆلاوو) و (دەشتەلەیل) بەناو نوسیبوون. بەسەنەد هەر دووک لا/40هیکتاریان هەبوو بەڵام بەکردەوە هەریەک /100هیکتاریان دەکێلا حازریش نەدەبوون میتراژی بکەن. ئەمە قانوونی ئیسلاحات بوو. کە هەنۆکەش هەرواماوەتەوە. هەرچەند لە رووی ئوسولی زیدە لە نەسق بۆ خاوەن مڵک دەگەڕاوە، بەڵام بەداخەوە ئەمن کاتی ئەوکیشەکێشەم نەبوو. ڕابردووشم لە حکوومەتی (شا)و کۆماری ئیسلامی هیندەخاوین نەبوو. وەک داری کلۆر بە هەرپشوە بایەک دەهەژام، ئەمانە دیفاع لەمافی خۆمیان لێ بەرەبەست کردبووم. جاریکی تر لە کاتی تەنگانە سەرم لەگوندی گردکاشان هەڵێنا، کە هەمێشە یارمەتیان داوم،مەسەلەکەم لەگەڵ هینانەگۆڕ وگوتم هیچم لە ئێوەناوێ بەڵام دەتوانن بە ئیمزای ئەو زەویانەی کە هی گردکاشانن بەڵام هەرکیەکان کردویانە لەوەرگەی مەڕومالات، یارمەتیم بدەن، دەیانکیلم. دەست و جی ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی. هەر وەک ساڵەکانی 1340 لە سەر بەرە مەزرای گۆلاو، ودەشتەلەیل کە/300هیکتاردەبوون یارمەتیان دام. وکیلابوومن. ئیقرارنامەیەکم لە زاری وان نووسی ئیمزایان کرد کە ئەم شوینە بە ناوی کیلگەی (دزۆک)لە1348جێ جووتی من بوو بەڵام کە ئەمن زیندانی بوومە لە1343هەتا 1354

خەڵکی هەرکی گوندەکانی دەشتەبیل کردۆیانەتە گاڕان لەوەڕین و جێ هەویزی مەڕوشوینی چادرتیداهەڵدان. چونکە ئیدارەی جەنگڵداری لە ئیسلاحات دالە1342بەشداری نەبوو وزەویەکان بەگۆترە نوسرابوون شوێنی گیادرو پاوان و مەڕتەع وگیڵگە وناگیڵگە لەبەرچاوی جەنگەڵداری دا ون بوو، چوومە جەنگەڵداری دۆستی دەباشم هەبوون، ئاگاداری قانوون بوون، هیندیک کۆنەکاربوون. لە سەریەک یاریدەیان دام بەم مەرجە کە گوندی گردکاشان بۆم ئیمزابکەن. بەناوی جێ جوتی لە قەڵەم کەوتوو کارەکەم دەست پێکرد. ئەمە دوو شوین بوون دوایی ڕەزامەندی ئیدارەی جەنگڵداری پێشکیش کردنی دیکۆمەند لەژاندارمەریش بەرەگەم گرتبوو، چونکە مەسەلەکە حقوقی بوو لە شکایەت وسکاڵا دان دەکەوتە بەردەست ژاندارم، هەرچەند کۆمیتەو پاسدارچیان بۆ ژاندارم نەهیشتبۆوە بەناوی دەست و دەیارەو چوزەی ئینقلابی لە پەی هەمووشیوێک بوون، لە دەست تێوەردان غافڵ نەبوون. لە لایەکی تر چونکەدەمزانی مەسەلەکە دەگاتەوەحیزب ئەوانم تیگەیاندبوو ئەوانیش بەنهینی لەخەڵکی گردکاشانیان پرسیبوو ودڵنیاببوون کە حەقدارئەمنم. ئەوکات بەرۆژ کۆماری ئیسلامی حوکماتی دەکرد بەڵام کە ڕۆژ ئاوا دەبوو ئیدی لە دەسەڵات دەکەوت و کوڵ وپێستی خۆی کۆدەکردەوە،ئەمجاردەسەڵاتی لەدەست حیزب بوو. دوایی ئەم هەموو تیکەو لێکەیە،ڕۆژیک لەگوندەویڵەرا بگرە هەتاگوندی بیم زۆرتە،داوای هەرەوەزی تراکتۆرم کرد نزیکەی 37تڕاکتۆرلە دیهات بەدەنگم وە هاتن واشم کاتەکە دانابوو کەسەعاتی 4ی بەیانی بگەنە سەرکارودەست بەگیلان بکەن. بۆیەش ئەم هەرەوەزەم کردبوو دەمزانی هەرکی کە زۆربەی چاشی کۆماری ئیسلامین لەوانەیە گەلەکۆیی بکەن. بەڵام کە ئەو هەموو تڕاکتۆڕە ببینن،بێگومان ترسیان ڕێدەنیشێت. بە خاوەن تڕاکتۆرەکانیشم گوتبوو گاسنەکان دامەخەن بەقەولی کوردی هەرقادرئاغایی بێت یانی هەر ئەوەندە هەرد داڕۆشینن وەسەر ڕەشایی بێخن. بەمجۆرە زیدەترلە سەت هیکتارم کیڵا هەرچەند ڕۆژی دوایی خەڵکی ئیسلاملوو دژی من خۆپیشاندانیان لەشنۆ ڕیکخست و سوپایان ئاگادارکرد و ئیتلاعاتی سوپا پاسداران ئەمنی بەهۆی ئاژاوەنانەوە چەند ڕۆژیک زیندانی کرد هەتا هەڕەشەوگوڕەشەشی کرد. خەڵکی ئیسلاملوو چووبوونە ئیداری جەنگەڵداری ورمێ سکاڵایان بۆ هەمووشینک نووسیبوو بەڵام چیان پێنەکرا ئەمن دەستم بەفرۆشتنی زەویەکانم کرد،پاش قەدەرحەیامێک ڕۆژیک کاک سەید فەخرەدین کە یەکێک لە دۆستەکانی کاتی زیندانیم بوو هەروا ڕیزوئیحتڕامی تەواوم بۆ بنەماڵەکەی هەیە،هاتە لام دووفەڕشیشی بۆ بەدیاری هێنابووم و لە زەویەکانی من لەگەڵ کاک برایم گەزنی (نزیکەی 20)هیتکتاری لێ کڕیم ، پێی گوتم ئەگەر ئەو بەشەی دیکەش بکێڵی مشتری 15هیتکتاری دیکەم،گوتم: وەزعەکە باش نییە و سوپاوئیتلاعات بەدووم وەنە کە تیتاڵێکم بۆ دورست بکەن. لە لایەکی دیکەش ئەم کارە پیویست بەهەرەوەزەکی دیکەیە،گوتی ئەمن پارەی کێڵانیان لە گیرفانی خۆم دەدەم، کارت بە هەرەوەز دانەبێت، گوتم مەبەست لە هەرەوەز ئەمەیە هەرکی نەوێرن پێشگیری بکەن نەک مەسەلەی پول، گوتی: هەر ئەوندە ئەمن شانم ڕاوەشێنم هەرکی دەتۆقن،گوتم برای عەزیز چەند بۆخۆت دادەنێیی دەبێ دووهیندەش بۆ نەیاردابنێی، پێشینیان گوتوویانە: هەرکەس لەکراسی خۆیدا پیاوە! ئەوانیش کوردن دەست کەرەوەن. لە لایەکی دیکە لاوی نەزان و نەعاملاوەیان کەم نین،چونکە ئەگەر زانا بوان کارەکە سانایی بوو هەربەلێڕوانین لە سەندەکان و سنووری ناوچەی شنۆ و دەشتەبیل قانع دەبوون، ئیدی ئەو چەند ساڵەی نەدەبوونە مووی دەماخی خەڵکی گردکاشان. لە لایەکی دیکە ئەمانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامین، ئاغاکانی نیعمەتی زوربەی چەکی کۆماری ئیسلامیان لەشان کردوە، ئەمە بۆ خۆی دڵگەرمییە. هەروا مەقەڕەی قیادەی مووەقەت لە ئیسلاملوە، بە داخەوە قیادە لەگەڵ چاشەکان سەروقونی یەک بوون، ئەمانە دەبێ هەموو حیسابیان لەسەربکرێ، هەرچەند ئەمن گوتم نیرە! ئەوگوتی: بیدۆشە! بۆ ئەوەی لە لایەک دڵی نەشکێنم و لە لایەکی دیکە پێی بسەلمێنم کە لێکدانەوەکەی نادورستە قەبووڵم کرد. تڕاکتۆڕی یەکێک لە لێتانەکانمان بە کرێ وەرگرت و لە گردکاشانیش عەوڵڵای حاجی مام حەسەنی کە ئیکجار چاونەترس بوو خۆ بەخشانە بەتڕاکتۆڕەوە حازربوو. هەروا جەعفەریش ئامادەیی خۆی دەربڕی بەماشینی جیبی جەعفەرو دوو تڕاکتۆڕ ڕێمان داگرت. نزیکەی 8ی بەیانی لە سەرشوینەکە حازربووین، چەندکوزیکیان لیدابوو بەدوربین لە دەورو پشتم دەڕوانی بینیم ڕەشایەکی

زۆرلەگوند هاتنەدەر. بەرێ فکرم کردگاڕانی دێ بێت بەڵام کە لێی خوردبوومەوە جەماوەربوو بەکۆمەڵ دەهاتن،مەمنا ئەوان پێشتر شوانەکانیشیان کە لە خوارەوەی ئێمە مەڕیان دەڵەوەڕاند تیگەیاند بوو پشتەوەمان لێبگرن. گوتم ئەمە حەشیمەتی گوندە! دیسان کاک فەخرەدین گوتی: نا بەخودای گاڕانە دوایی بینی کە دانیشتوانی ئاوای ئیسلاملوون و بەسەر ڕەو دێن،جەعفەر گوتی با تاری ماشینم بۆ شەڕ دەرێنم گوتم براگیان ئەوە بووی بە پاڵەوان و پێنجت خستن ئەمە لە/100زەلام پترە هەتا ئەوان نزیکەیان کرد لە پشتەوەش ڕاشوانەکانیان هەریەکە بە چەند سەگی قەپەگۆڵ ئاوای لای ئیمە بوون، خەڵکی گوندیش ڕەوەیەکیان سەگ لەگەڵ بوون. ئیدی کار لە کار ترازا،بە حقیقەت جەعفەرو عەوڵڵا و فەخرەدینیش دەست کەرەوەبوون، هەرچەند شەڕ قونی دەماڵێ نابوو بەڵام جێگای شەڕ نەبوو. شەڕ لەگەڵ ئەم حەشیمەتە نەدەکرا،گوتم ئەنگۆ ڕاوەستن بزانم فریویاننادەم کە دوورو نیزەکەیان کرد، دەستیان بەجنێوو قسەی سووک کرد،دیاربوو هی نەبەستراوەی زۆرتیدابوو گوتم ئافەرین شێرەکوڕێنە، ئەمە ئەزموونیک بوو بەڵام وەرن ئەم زەویانەم بۆ ئیوە بۆ ڕەشایەکان کێڵاوە. دەمزانی ئەمە ڕەگی دەماری قەرەکانە،چونکە زوربەی خەڵکەکەی ڕەشووڕوت بوون ئاژاڵدارەکان لە کەمایەتی دابوون. بەم قسە تەفرەقەم تیخستن دەستەیەک گوتیان ڕاوەستن بالە قسەکانی حاڵی بین، هەرچەند هینديک هەرگەفیان دەکرد بەڵام دەستەیەکیش دەیانویست لەمن تێبگەن. کە تیکەڵ بوون گوتم براگیان ئەمن نەهاتووم زەوی بۆخۆم بکێڵم هەرچەند بەپیی شەرع ئەم زەویانەهی منن. بەڵام کە دەبینم خەڵکی ئیرە زوربە زەویان نییە بەباشم زانی هینديک زەوی بۆ ئیوەی نەئاژاڵداربکێڵم ڕاوەستین باپێکەوە بچین گوند لە وێ قسەکان تەواودەکەین هينديک گوتيان باشە هينديک هەر دادەڕسان و دەيانەويست ڕيسەکەی بکەنەوەخوری. ئەوەش بڵيم ئەم خەڵکە بەڕاستی بۆ کوشتنی ئيمە هاتبوون زوربەی گەنج و لاوبوون هەريەک خوترەو شەنە،پێمەرە، گۆچان، خەپە، هەرنەبێ گۆپاڵ يان تيلايەکيان پێ بوو. جگەلەوانە دەيان سەگی گونديان لەگەڵ بووکە پيشيان بەردابوان هەڵدڕ هەڵدڕيان دەکردين لەڕاستيدا هاتبوونەڕاو. سواری ماشين بووين چەند لاويک خۆيان بە ئەم لا ئەولای ماشين هەڵاوەسيبوو نەشيان دەهێشت توند بڕوا بەمجۆرە لەگەڵيان چووينە ئيسلاملوو،لە وێ برديانە مزگەوت. مەلای ئاوەدانيش بانگ کرا لە وێ باوی من بووچونکە هيچ کاميان لەوقسانەی کە ئەمن لە مەڕ قانوون دەمکرد هيچی لێ حاڵێ نەبوون، ئەوەندە نەبێت کە دەمگوت زەوی هی ئيوەن بڕۆن دابەشی کەێن،لەوێش ئاژاڵدارەکان کە دەيانزانی بە قازانجيان نييە، خەريکی چەت تيهاويشتن بوون بەڵام لايانگری من پتربوون ئەوەش بڵيم زۆريشيان ڕق لە فەخرەدين بوو دەيانزانی هينديک لە زەويەکانی ديکەش ئەوکرێيەتی جگەلەوانەش چونکە لەگەڵ گوندی دوڕبەی جيناربوون چەقەی نيوە خۆشيان هەبوو، خولاسە دوايی دەرەنگان ڕازای بوون،ئيمەش تەنيا بەرنامەکەن ئەمە بوو ڕزگارين بێ دەنا بۆ دواڕۆژ ڕێگا مەعلووم بوو، ئەوەش نەشيرينەوە هينديک پياوی پيرو دنيا ديدە لايانی ئيمەيان دەگرت و دەيانگوت کابرا مڵکی خۆيەتی ئيمە نابێ تەنگەژەی بۆ پەيداکەين هەرچەند لە کەمايەتی دابوون بەڵام جامينخوازيەکەيان هەنۆکەش لەبەرنەزەرماوە. سەرئەنجام هاتينەوە لەڕێگا بە کاک فەخرەدينم گوت: بينيت دوژمن بەکەم گرتن چ بەڵايەکی لێدەکەويتەوە! دوايی جاريکی تر بە تەياری هەمووم کێڵان،دەستم لە تەختەی بەستن. ئەو جارجەنگەڵداری تيهڵگەڕابووە کە باسيکی تيروتەسەلی دەوێ کەلە دادگە کەوتينە بەريەک سەرئەنجام دەست بەپۆشم کردن. دەمەوێ جاريکی ديکە سوپاسی خەڵکی گردکاشان بکەم کە يارمەتی دەرم بوون.

### (دارهۆرەی لەخۆنەبێت ناقەڵشێت)(1)

لە بەيانيەکی ڕێکەوت 1368/12/10 هەتاوی هەمزەخانەبەگی بە پەشێواوی و پشوو هەڵماڵاويی و هەناسەبڕکێ و پۆشەکاوی لە شاری ورمێ لێمان وەژوورکەوت گوتی: پاسدار بە ماڵن وەربوون هەموو چەکو تەقەمنين ليگيراوە، بەڵام بابم نەکەوتۆتەگير دەربازی بووە. هاتووم کارێکمان بۆ بکەی. گوتم سبحەينێ دێمە شنۆ. بێ ئەوە بزانم ئازيز لەگەڵ ئيتلاعات ئەو پيلانەيان بۆ گرتنی من داڕشتووە. لەسەر ڕاسپاردەی ئەو ئامينەی خێزانی بەکارگێرانی پشکنينی گوتوە

ئەوچەکانە هی فلان کەسن لێرەی تاقەت کردوون. هەڵبەتە مەعمووری ئیتلاعات ئەو جۆرەکارانەیان بەیارمەتی سیخوڕەکان لە کوردستانی ڕۆژهەلآت دەکرد. هەتا ئەو پارە قەڵبوو ساختەییەی کە دەیانگرت پێی شڵتاخیان دە ئی دیکە دەهالآند. دەجا ئەو چەکانەش تەبکە بوون. کە ئیستخباڕات بە یارمەتی عەزیز بۆ من دانابووە. عەزیزی خانەبەگی خزمی خۆم و بەمنداڵی پێکەوە لەگورگاوە گەورە ببووین. لە مێژ ساڵ بوو ماڵی بردبوو شاری شنۆ. عەزیز لە سەر دەست کورتی و نەداری حەوت منداڵی وردیلانەی هەبوو. نان پەیداکردن بۆ ئەو هەموو منداڵە کارنەکەرە لەکوردستانی ڕۆژ هەلآت چەتوون بوو. بەلآم ئازیز ئەهلی چەقاڵ بەقاڵ بوو هەر وەرزەی جۆرە کاسبییەکی دەکرد. لە ڕژیم ئاخوندی دووکانی نانەوایی کردبۆوە. نانەوایی لە کوردستانی ڕۆژ هەلآت کە حکوومەت ئارد بەنرخێکی هەرزان بەسەر نانەواییەکاندا دابەش دەکات، قازانجی زۆرە. تایبەت ئەوانەی ئاردەکە بە دوو قات دەفرۆشنەوەو بۆجێ پڕکردنەوە نانەکان چکۆڵەو تەنک پێوە دەدەن. ئازیز لەو جۆرەکارانەدا خیبرە بوو. دووکانی نانەوایەکەی لە حەوشەی ماڵەکەی خۆی دابوو. زۆری هەرمێن لە سەر بوو. دۆست و جیناروناسیاو هەتا نۆرەیان دەگەیێ لایاندەدا ماڵی ناوبراو. ئازیز مرۆڤێکی بەگوردو منداڵە وردیلەکانی ئازاوو چوست و چالاک بوون. منەوەری کچی ئەوکات ئەزەب بوو لەگەڵ دایکی لە نانەوایەکەدا دەشوغلێن. جگە لەوانەش گەڕەکی وان بۆڕییەی ئاوی بۆ نەکیشرابوو تەنیا شێرەیەکی ئاوی هەبوو ئەویش کەوتبوو ناو حەوشەی ناوبراو. دەجا حەوشەی ماڵەکەی دایمو دەرهەم تەژی لە ژن و منداڵ بوو. بل لەوانەش ئازیزنانخۆش بوو پاسدارێکی زۆر بۆمفتە خۆری ڕوویان لە دووکانی ناوبراو دەکرد. ئازیز لەناو ئەو سەرقاڵییەدا چەک و تەقەمەنی دەفرۆشت. چ فرۆشتنێک وەک مێوژو گوێز! لەحاڵێکدا لە ڕێژیمی گەندەڵی ئاخوندی کڕین و فرۆشتنی چەک باسی سەربوو. ئازیز ئەو تفەنگو سندوقە فیشەنگانەی بە جوملەو بەبێ موبالاتی و کەمتەر خەمی لە هۆدەو ژێرخان دادەناو کڕیاری بۆ بانگ دەکردوو دیبردەسەر! چەک فرۆشتنی ئازیز دەنگۆی بەدواوە بوو. بەلآم چونکە هاتووچۆی گەرم و گوڕی لە گەڵ بارزانیەکانی گەڕەکی بارزان ئاوا هەبوو ماڵەکەشی کەوتبوولاپەڕ، خەڵک وایاندەزانی هی وانن ئازیز بۆیان دەفرۆشێت. دیسان جینارەکانی بریتی لە ڕەشید ئازەربەخش، مام ڕەحمانی خانلەری (خەزووری هەمزەی کوڕی) هەروها فەقێ برایم، مەلائازیز، مەلاقۆڕغانی ڕاستەوخۆ پێیان دەگوت یان دە گوێیان هەڵەکێشا، کە ئەو کارە دواڕۆژێکی ڕەشی بەدواوە. بەلآم ئازیز گوێی پێنەدەلەقی. زۆرکەس سڵەیان دەکردو لێی دەڕەوینەوە. ئەمن یەکێک لەو کەسانەبووم، کە دڵم لە کارەکانی دەترسا، ئیدی تخم لە هاتوو چۆی ماڵی ناوبراو کردبوو. دۆست و ئاشناش ئەو دەنگۆیەیان بیستبوو. مەسەلەکەیان بەگوێچکەی عەزیز هەڵێنابوو. کەدوایی پەردەی لە سەر هەڵدراوە دەرکەوت ناوبراو کەینەو بەینەی لەگەڵ ئیستخباڕات هەبووە، لە ڕاستی دا ئەوان ئازیزیان هەڵخەڵەتاند بوو. بەشێکی زۆری ئەو چەکانە ئی ئیدارەی ئیتلاعات بوون بۆ شڵتاخ دابوویانە ئازیز، هەتا ئەوکەسەی مەنزووره مەبەستیانە لە ئەستۆی بپەستن. بەلآم عەزیز بۆ شوێنە ونکە هێندێک چەکی دراوسیانی بۆ فرۆشتن وەرگرتبوو، ناوبراو دوو ئەرکی لە لایەن ئیتلاعات پێ ئەسپاردرابوو یەک ئەوە کێ خوازیاری چەک کڕینە بناسرێت. دووهەم ئەوانەی ئەوان گەرەکیانە بۆیان لە تەڵە بخات و لە فرۆشتنی ئەوچەکانە شتێک بۆخۆی پاشقول بدات. دەجا ئەو دەستی هاوەڵا بوو. چاولەکێ بقوچێنێت و کێ دەگیر بخات. بێگۆمان هیچ کام لە دەروجینار ئاگاداری ئەو مەسەلە نەبوو. ئەمن هەرچەند بەهۆی مەترسی لە ئیتلاعات زۆرم لەو شتانە دەکۆڵیەوە بەلآم قەت ئەو خەیاڵەم بەمێشک دا نەدەهات کە ئازیز ڕۆژێک ببێتە وەرگێرکەی ئیدارەی ئیستخباڕات! چونکە سێ برای خیزانی ئازیز پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕات بوونو هەرسێ حەماسەیان خوڵقاندو بەدەستی کۆماری ئیسلامی شەهید ببوون. بەهۆی ئەمە خەڵک متمانەی تەوای لە سەر ئەوبنەماڵە هەڵچنی بوو. بەلآم مخابن هێندێک کەس کەسایەتی خۆیان بەپارە هیچ بەبارەکەلآیەکی عەجەمان دەگۆڕنەوە. سوپا لە مێژ بوو لە منی دەچاو کردبوو زۆری بێنوو پەڵپ پێدەگرتم بەلآم چی لە سەر جێ نکردبووم. کوڕی مستۆحامیدی نەڵیوان یەکێک لەوکەسانە بوو کە چەکی بۆفرۆشتن لەلای ئازیز دانابوو، عەزیز وەک قیڕی کەوای سپی پێی وەنووسا بوو خەڵک لە ترسی زوان لێدان (ئیعتراف) پارەیان دەدایە. یان

شایەتی بەدرۆیان بۆدەدا. لەگوندی قەڵاتان، سێبیان، بێمزورتە هێندیک بەپارە خۆیان قوتارکردبوو. بل لەوانەش عەزیز بەمن قەرزدار بوو. بەمە لە عەردی هەڵدەسووت! ئەوانە لەو لای ڕاوەستن عەزیز بەهۆی دزی ئارد ماوەیەک بوو دووکانەکەی لەلایەن شارداری گاڵەولاک ومۆرکرا بوو. مانەوەی ئەو خێزانە دەستەوەستانە بەبێ بژیو جێگای پەرۆشی بوو. هەرچەند ڕقم لە هەموو پاسدارێک بوو. ئەمما بەهۆی تەنگەژەکەی چوومە ئیتلاعاتی شنۆ. ژیان و شپرزەیی عەزیزم لە نووکەو بۆ هێنانە بەرباس گوتم ویدەچێت ئەو چەک و چۆڵەش هی بارزانیەکان بێ بۆیان بفرۆشێت شتیکیان دابێتێ. بەلام لەو بارەوەش بێبوارم لە چەم نەدابوو. پێشتر چاوم بەسەرکردەی بارزانیەکان کەوتبوو بڵێن و بواریان پێدابووم. چونکە بۆ وان سزای نەبوو. بەرپرسی سوپا بەڕوو خۆش بۆ قسەکانم گویچکەی هەڵخست و گوتی: کە وایە بچوو بێهێنەوە بە شایلەخانە چوومە پیرانشار لە ماڵی قۆڕخانی بوو. بەڵام شوینەکەمان گوێزتەوە مەزرا، لە وێ دیم مەسەلەکەم لە بنیاتەوە بۆ گێراوە. ئەوقاقەزەی لە زوانی ویم نوسیبوو دامێ ئیمزای کات گوتی: جارێ لێی گەڕێ لەگەڵ حاجیو عەلەوی قسە بکەوە. متمانەیان لێ وەرگرە. ئەو دوو نانەجیبە بەرپرسی ئیتلاعاتی شنۆ بوون. ئەو ناوانەش (موستەعار) بوون. لایەکی دیکەش هەر ئامووشۆی سوپا لەبەرچاوی خەڵک سووکایەتی بوو. چونکە تنگیان بە جەماوەر هەڵچنیبوو زیندانی سوپا تەژی لە ئازادی خوازی کوردبوو. دادگای ئاخوندی وەک ئاش دەگەڕا، خۆفرۆش وەک تاژیلەی ڕستکراو گوێیان لە سوێ دەمووتە نابوو. کۆلکە مەلا ڕەگەڵ ڕەجاڵەی ئیمامی جەماران کەوتبوون وشەی زیدی ئینقلاب لە ناو لغاوەی مرۆکوژان ببوو بەبنێشتە خۆشکە. سەرئەنجام لەگەڵ ڕەشید دورستکار چوومە شنۆ، بە تەلەفوون پێم گوتن لە دەرەوەی ئیدارە قسەیان لەگەڵ دەکەم. لە بەرزایی چیا بە دووربین لەجێ ژوانەکەم ڕوانی. دییم دوو تویتا پاسداری لەو شوین دابەزاند. دڵم ترسا جارێکی دی بەتەلەفوون لەگەڵیان ئاخافتم و گوتم موشکیلەم بۆ هاتۆتە پێش با بۆ ڕۆژێکی دیکە بێت. گەڕامەو ورمێ بەڵام خۆ کوڕی ئازیزو ڕەحمەتی قادرخان دەست بەردار نەبوون. پەیتا پەیتا تەلەفونیان دەکرد گەڕامەوە شنۆ، لەگەڵ کاک جەعفەر بایەزیدی لەباخی سلیمی لەگەڵ یەکێک لەوان کە خۆی بە(حاجی) ناسانەبوو قسەم کرد. جارێکی دیکەی بۆلای عەزیزی ناردمەوە شوینەکەم پرسی گوتیان چۆتە مەهاباد. ئەوگویزە گویزەم پێ سەیر بوو بەڵام وام لێک نەدەداوە کە ناوبراو سیخوڕ بێت. بۆیەش مەهابادی هەڵبژاردبوو بچێتە ماڵی کاک کەریم قەیومی کە ئەوپاشان پاکانەی بۆ بکات ئابڕوی بکرێتەوە. بێگومان قەیومی ئاگاداری ئەو تەون و بەستە نەبوو. کاک کەریم لەگەڵ من دۆست بوو لەگەڵ عەزیزیش هاتووچۆی هەبوو. دوایی مەعلووم بوو کە ئەو هەموو هەڵات هەڵاتەی ناوبراو تەکتیک بووە. عەزیز لەوماوەیەدا بابەتی ئەو چەکانەی ئی خەڵک بوون پارەی لێ وەرگرتبوون، هەتا ناویان نەهێنێت بێگومان کوڕی مستۆ حامیدی و خێزانی یەکێک لەوکەسانە بوون لە ترسان لە ئیدارەی ئیتلاعات بۆختانیان پێکردم. سەرئەنجام لە مەهاباد لەو شوێنەی کە دیاری کردبوو، چاوم پێکەوت و چوینە ماڵی کاک کەریم قەیومی. هەرچارێگە ساعاتێک دەبوو دانشتبووین پاسدار وەژوورکەوتن. دەستی عەزیزیان بەست. ئێمەش بە خەجاڵەت گەڕاینەوە دوو ڕۆژ دوایی سوپا بە دوایدا ناردبووم بچم ببمە دەستە بەری. چوومەلای جەعفەر مەسەلەکەم لە نووکەوە بۆ گێراوە ئەویش بڕیک شتی زانیبوو پیی گوتم. کە ئەو ماستە بێ موونییە. بەڵام ئیدی کەوتبوومە بەرسەرە شەقۆنان جارێکی دیکە ئەوان شوێنەکەیان لە دەرەوە دیاری کرد. لەگەڵ جەعفەر چووین. ئەوش بڵێم سەردەمێک بوو دەمانچەیەکی چواردەخۆرم لە حەمەدەمینی کوڕی سۆفی برایمی گردکاشان وەرگرتبوو. هەر لەلام بوو. حەمەدەمین کوڕێکی بە دەستەوە بوو برایەکی پێشمەرگەی حیزب بوو شەهید ببوو. بۆخوشی تەواب بوو. دەمزانی هاتوچۆی پاسداران دەکات. بەڵام پێم وەبوو لە ترسی خۆی درۆیان بۆ دەکات. چونکە بنەماڵەی شەهیدان ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری ئیستخباڕات دابوون. خولاسە عەلەویی و حاجی پێکەوە هاتبوونە شوێنەکە. پاسداڕێشیان لەگەڵ بوون گوتیان بۆ نووسینی زەمانەت پێویستە بچینە ژووری ئیدارە. ڕیکەوت 1369/1/2ی هەتاوی بوو نەمتوانی دەمانچەکە بەجەعفەر دەم ئەو ڕۆیی ئەمنیان لەگەڵ خۆ بردە سۆپا. لە وێ پاش ئاخافتن نامەی دەستەبەریان بۆهێنام ئیمزام کرد. پیم وابوو کار تەواوە،

لەنەکاو ئەوەی ناوی لەخۆ نابوو حاجی و کەڕە تورکێکی دوور لەکەڕامەت بوو، جل و بەرگی منی کۆڵیەوە دەمانچەکەی دەرێنا، گوتی: ئەوە چییە؟ گوتم دوژمنم هەیە گوتی: لەکوێت کڕیوە؟ گوتم هەرلە حیزب گەڕاومەوە پێم بوو. گوتی: وانییە ئەوە دەمانچەی سوپایە! لای حەمەدەمین بوو لە ویت وەرگرتووە. هەر لەو ڕۆژە کە لێت وەرگرتووە ئێمەی ئاگادارکردوە. خێرا هەستا چوو پوشەیەکی هێنا نامەکەم خویندەوە ڕاستی دەگوت ژمارەکەی لەنامەکە دا نووسرابوو. بەراستی پێم سەیر بوو، چاوی بەستم گوتی ئەو چەک و تەقەمەنیە گشت ئی توون، عەزیز هەموو شتی لە بارەی تۆ پێگوتووین! هەرکە چەکانمان دۆزینەوە خێزانی عەزیز بەمەی گوتووە! شایەتیشی لە سەرە. پاشی ئەو قسانە چاویان لە هۆدەیەکەی تاکەکەسەی شەداروپیس کردمەوە کە بۆن گڕنی لێدەهات. پەتوەکی شڕی چڵکنی لێ ڕاخرابوو دوو بەتانی بۆ خەوتن. دیوەکی تاریک و بێ پەنجەرەو لاباجە. مەگین دەرکەی کراباوە دەنا ڕووناکی تێ نەدەکەوت. لە سەر پەتوەکە هەڵتووتەکام دوایی دوو ساعاتێک ئەوەی دیکە هات کە پێیان دەگوت عەلەوی کە زور لەحاجی مستەفاکە بێ کەڕامەت و نانەجیبتر بوو. ئەو بردمیە هۆدەکەی خۆی گوتی: هەنۆکە دەچینە ورمێ سەرلە ماڵی ئێوە هەڵدێنین دەیپشکنینەوە، پێویستە نەخشەیەکی ئەوهان بدەییی کە حەوجێ بەپرسیارکردن نەبێت، چریکەیەکی تر ئەمنیان بردوە کونەڕەش. ئەوش بڵێم ئەمن بەخێزانم گوتبوو بۆ فراوین دەگەڕیمەوە. دوایی خێزانم بۆی گێرامەوە گوتی: کەلە دەرکەیان داپێم وابوو ئەتۆی کە درەگام کردەوە چوار زەلامی تورک هاتنە ژوور. نامەی ئیتلاعاتو حوکمی دادگەی ئینقلابیان دامە دەست و خۆیان ناساند. بەر لە هەموو شت فڕشەکانیان هەڵداوە گوتیان کوانی دۆلار؟ ئەوجار سندوقی پۆلایان پێکردمەوە. پاسپۆرتەکەی تۆیان لەگەڵ 10000هەزارمارک پێکەو هەڵگرت .ئەوکەڕەت کتێبەکانیان بەگۆڕێ وەرکرد خەریکی وان بوون ئەوانەیان کردە سووڕەت جەلەسە. دوایی گوتیان: زەرزا میوانی مەیە، ڕۆیشتن. سبحەینەکە ئەمنیان بەچاو بەستراوی بردە هۆدەیەک، عەزیزیان هێنا، ڕوو بەڕوویان کردین. عەزیز بە ڕوو هەڵماڵاوی ڕووی تێکردموگوتی: ئەوتفەنگانە هەموو ئی تۆن! ئەدی نەتگوت(360) تفەنگی دیکەشت بۆ دێنم! گوتم عەزیز ئەو درۆیانە چ دەردت دەرمان ناکەن. چما ئەمن پادگانم هەیە! ئەوجار عەزیز ڕووی لە عەلەوی کردوو گوتی: ئەوە بەلێدان و دارکاری نەبێت هیچ ناڵیت، لە ڕێژیمی"شا"دوو جار مەحکووم بە ئیعدام بووە. 12ساڵی زیندان کێشاوە جارەکێش بەهۆی نانەپاڵی حیزبی دێموکڕات لە دادگەی ئیبقلاب کۆماری ئیسلامی مەحکووم بەئیعدام بووە. پاشان لە عافووی ئیمام کەلکی وەرگرت. هەروا کاری قاچاغی دەکات زیدی ئینقلاب لە سنوور دەپەڕێنێتەوە. ئەوەتا چاو لەسەعاتی دەستی کەن 100هەزاری پێداوە. ئیدی نەیاهێشت فلتەفلت بکەم عەزیزیان بردەوە دەستیان بەلێدانی من کرد. بەڕاکێشان بردمیانەوە هۆدەکە، دوایی دەمێک هێنایانم بەمیلەکانیان هەڵاوەسیم تەرسە دەست بەندیان لێدام.

شەو درەنگان دەنگێکی نزم هەستی ڕاکێشام دەیگوت: ئەتۆ کێی؟ زانیم ئەویش لە هۆدەیەکی دیکە دا زیندانی کراوە. وەرامم داوە. خۆی ناساند (چەندکەسێک بوون ئیعدام کران) بەم جۆرە هەموو هۆدەکانی بەسەر یەکەوە شەوانە کاتێک وڵات بێدەنگ دەبوو لە قەڵشت و کەلێنی دێوارە پێکەوە بەسرتە دەئاخافتین. ئەوهەی لە هۆدەکەی لای تەوالێت بوو، بەوانی دیکەی گوتبوو: ئەوەی لە تەنیشت منە ناوی مام عەزیزە لەکونی دەرکە چاوی لیدەکەم بۆ بردنە دەستشۆری چاوی نابەستن و شەوانە لە هۆدەکە دانیە! بەڵێ عەزیز زیندانی نەبوو، ئەوسیخوڕی خۆیان بوو. عەزیز هەر بەوە ڕانەوەستا کە ئارەزووی گڵاوی کارگێڕانی ئیتلاعات بۆگرتنی من جێ بەجێ بکات. ئەوەند کای کۆن بۆ بەبا کردبوون کە هەریەک لەو ئاخافتنانەی بۆ بەهۆی دەوسیەیەک بۆ من، بێگومان ئەگەر هێندەی وەسەر نەکردبوایە ئەوەندەیان قایش لێ نەدەکێشام. هەریەک لەو درۆیانەی عەزیز بۆی هەڵبەستبووم پێویست بە دورست کردنی پەروەندەیەک بوو کە ئەمن نەدەچوومە ژێرباری. لە هەموو سەیرتر ئەمە بوو کاتێک لە زیندان بوو، ئیتلاعاتی سوپا دووکانە نانەوایەکەی بۆکردوە کە لە لایەن شارداری داخرابوو بەشە ئاردی بۆ وەرگرت! هەرئەوە لە بەرچاوی خەڵک بەس بوو. کە بزانن عەزیز چییە!؟ جاچوون کەسێک ئەوچەک و چۆڵەی لێ بگێرێ، دزیشی کردبێ پاسدار داکۆکی لێدەکەن. ماڵی عەزیز ببوو بەبنکەی سوپا. ئەمما گرتووخانەی کۆمارئیسلامی بەقەولی ئیمام خومەینی دانیشگابوو! بەڵێ شەوانە لەو

دانیشگایە بە دەنگی قورئان زیندانیان قەمچی کاری دەکرد. هەتا بەقەولی وان گوناهیان پێ هەڵوەرێ. شێعە پێیان وایە کە زوڵم زۆرببێت ئیمامی (غایب) زەمان زاهیر دەبێت. کە1400ساڵە لە بیری سامڕە داخۆی حاشارداوە! بەڵێ لەپشت دەرگای زیندانیان نووسیبوو (زیندان دانشگاەاست ئیمام خومەینی) زیندانی شەدارو کەڕواوی، بێ کولاوکەو لاباجە، بێ بەرقو کارەباو بێ چێشت، چایەکەشیان بۆنی کەری تۆپیوی لێدەهات. لە قرۆشکەیەکی لێوشکاوی قرێژاویان دەکرد. ماوەی 24ساعات سێ جار زیندانی تاکە کەسەیان دەبردنە دەستشووری، ئەویش بێلامانێ وەک وڵاخ هەوساریان دەکێشان، زۆرجارسەرسم مان دەدا هەڵدنگووتین ئەویش بە جنێودان. ماوەکەشی 5دەقیقە بوو. ئەگەرئیسلام ئەمەیە ڕێووشوینی بێت هەر نەبێ باشترە! ئەگەردین و مەزەب ئەوەیە نەبوونی لە بوون چاکترە. ئیمام خومەینی چش کە بۆخۆی خوێنڕێژ بوو ئاگای لە قوونی کەریش نەبوو، کارتوونێک بوو هەڵیان دەسووڕانت. هەموو ئاخوندە زلەکان دەستیان بەخوێنی خەڵک هەتا ئانیشک سووربوو. لە ڕاستیدا ئەوهەی سەرچاوی فەساد بوو لە ئیستخباڕات کۆمیتەدا کۆببۆوە. دەم ودەزگای ئەو مۆڵگانە لەو نەفام و تورەهات و خۆفرۆش و جەهیلانە پێکهاتبوو کە باوەڕیان بەڕاستبوونەوەی مێهدی هەیە! ئاچەری جەنەتیان لەملی خرابوو ئەوهەی خوین ڕێژتر بوو پترکاری فەسادی و بیلعەت و قەباحەتی دەکرد نموونەی بێروباوەڕی بەشێعەی دوازدە ئیمامی بوو. ئەوانە وەسەر قاڵدڕمان خرابوون و ببوون بەجەلاد. لەوماوەیەدا خیزانم دوو سێ جار هاتبوو بەڵام مولاقاتیان نەدابوویە شتوومەکیان لێ وەرگرتبوو بەڵام بەقسەی خۆیان گۆیا چێشتی ماڵ بۆگرتوو زەرەری هەیە هاویشتبوویانە ناو زبڵدان. ڕۆژێک بردمیان دەر کە چاویان کردمەوە لە نووسینگەی (عەلەوی)چەند کەسێک دانشتبوون. بریتی لە: حەمەدەمین، ڕەشید دورستکار، کوڕی مستۆحامیدی و خێزانی ناوبراو هەروا عەزیزخانەبەگی. عەلەویش وەکوو کەر دوولێنگانەی بەسەر میزەکەدا داهێنابوو، لاقی شۆڕکردبۆوە. لە ڕاستیدا پێم وابوو بڕیک بۆ سەردانی من هاتوون ئەوەی دیکە بۆچاوپێکەوتنی ئازیز، بە هەڵە چووبووم ئیدارەی ئیتلاعاتی سوپا ئەوانەی بۆشایەت بانک کردبوو (ڕۆبەڕوکردن) کە دەوسیەی من پتەوکات و بۆ مەحکەمە بنێرێت. عەلەوی‌و حاجی مستەفا هەردوو کەم سیوادبوون و بە مەزەب فرچکیان گرتبوو. عەلەوی قاقەزێکی دەرهێناو کە وەک سووڕەت مەجلیس دەچوو. پاشان سەری هەڵبڕی‌و ڕووی لەمن کردو گوتی: ئاخۆ هەنۆکە بیرت لێکردۆتەوە کە دەم بە ڕاستی دابێنی؟ ئەوانە بۆیە هاتوون کە لە سەر تۆ شایەتی بدەن. گوتم شایەتی چی؟! ڕووی لە کوڕی مستۆ حامید کرد، ئەویش گوتی: بەڵێ چەکی بۆ مە هێناوە بەڵام ئەمن لەماڵ نەبوومە لە تەلیس دا داویە بەخێزانم.(ماڵی کابرا دیوار بەدیواری ماڵی عەزیزبوو)ئەوجار عەلەوی لە ژنی کابرای پرسی کەکیژی عەزیزەکویر بوو. هەڵیدایە بەڵێ. عەلەوی گوتی: چتۆ؟ گوتی: تەلیس.گوتی: چلۆن؟ گوتی: نازانی. عەلەوی دەستی بەجنێو کرد مێردەکەی لێی هەڵچەرخیەوە. ئەوجار عەلەوی وەپیش قسەکانی کەوت گوتی: ئەوە بۆ وەبیرت نایەتەوە (وەک بۆخۆی لەگەڵ بێت) لە تەلس دابوو لە دیوار بۆی شۆڕ کردیەوە. ژنەکە گوتی. بەڵێ عەلەوی گوتی: بەڵێ و قوزەڵقورت! ئەوجار ڕووی لە حەمەدەمین کرد ناوبراو بە هۆی نائاگاداری بێ سیوادی کەوتبوو داوی سۆپا، هاوکاریدەکردن لە بەر شەرمە گێلاخەش نەیدەزانی چ بڵێت، تێمابوو، لە وەڵام داگوتی: چەند جار بەماشینی خاوەر(مەنزووری ماشینی ماڵی حاجی ڕەحمان ڕەحیم زادەبوو کەکوڕەکانی کۆمەڵەبوون ) کە سوپای پاسداران لێێ دەچاوی کردبوو. لە بەردەوام لەقسەکانی (لەگەڵ حامیدخان دەچووینە بن دیوار ئەو تەلێسەکانی ئاوەژو دەکردەوە ماڵی عەزیزو ماڵەکەی دی) ئەوەش بڵیم کوڕەکی مستۆحامید زاوای حەمەدەمین بوو. دوایی ڕووی لەڕەشید کرد ئەوقسانەی دەزاری کوشین. بەڵام ڕەشید گوتی: ئەو شتانە نازانێت ئەمما زۆرجار بەوڕێگایەدا ڕۆیوە! عەلەوی لێی تووڕەبوو، پاشان سووڕت جەلەسەکەی کە بۆخۆی نووسیبووی و تێداجێکردبووە ئەو چەک و چۆڵە ئی(حامیدڕەشیدی زەرزا-یە) بەوانیش ئیمزا دەکرد. ئەو جاردای بەمن کە ئیمزای بکەم. لێم وەرگرت و خوێندمەوە لە بنم نووسی ئەوانەی ئیمزیان کردوە بەتۆبزی بووە ئەمە بێ بناخەیە بەتەوایی درۆیە. ژێرقسەکانم ئیمزاکردو وێمداوە. کە عەلەوی خویندیەوە چاوی چوو پشت سەری بەهەموو هێزی خوی شەقازلەکی لیدام. ئەمما دیاربوو لە پێشدا زۆرشتی لێ پرسیارکرد بوون، کردبوویە بەڵگە بەڵام

دەیەویست لە ڕووم ڕاوەستن و پێم ئیمزا بکات. بەڵام ئەمن بەمە ڕیسەکەم لی پۆچەڵ کردبۆوە. ئیدی وەک سەگی هاری لێهات. بێگوومان ئەمن ئەوکات و هەنۆکەش دڵم لە هیچ کام لەوانە نەئێشا. چونکە دەمزانی کوڕی مستۆحامیدی نەڵیوان دەستی لەبن سەری عەزیز دایە، عەزیز هەڕەشەی لێکردوە ئەگەر شایەتی بۆ درۆکانی نەدا دەیکاتە شەریک تاوان! دەناکوڕی مستووحامید یان خێزانی بۆچ لەهیچ و خۆڕایی یەخەی من دەگرن و بوختان بەمن دەکەن ئەویش لە ئیدارەی ئیتلاعات! کە قەت نەچاکەیان لەمن دیبێت و نەخەراپە! دڵم بۆیەش لە ڕەشید نەئێشا چونکە بابی وی مرۆڤێکی پیاوانەو نیشتمان پەروەرو جوامێربوو. نزیکەی 20ساڵ وەک برا پێکەوە بووین و لە پێناوی گەلەکەی شەهید بوو. پاسدار بەو هۆیەوە زۆریان ڕەشید دەقایشی کێشابوو. بۆخۆشی کادیرێکی بەوەجی حیزبی دێموکڕات بوو، ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. سوپا قورسایی هاویشتبوو سەر نەیدەوێرا پڕ بەپێست بجۆڵێتەوە، بەڵام لە مەڕ حەمەدەمین دەبێ بڵێم کارێکی دزێوبوو، ئەمن بەهۆی بنەماڵەی شەهیدان زۆرم حیساب لە سەر دەکرد. بەحەق کوڕێکی زیخ و چاو نەترس بوو. بۆم قاڵ نەبۆوە بۆچ ئەوها بەچۆکداهات. نازانم چ گێرێکی لە دەست سوپا داهەبوو، دوایی ئاگام لێبڕا، وەباڵی خوێنی شەهیدانی وەگەردن، ئیستخباڕاتی شاری شنۆ زۆرخەریک بووتیتالێک بۆماڵی حاجی ڕەحمان ڕەحیم زادە پێکبهێنێت کەکوڕەکانی بریتی لە: کاک شەفیع کاک ئەیووب و کاک مەولوود کۆمەڵەبوون، کاک موتولیب-یش کە تازە دەگەیشتێ ئەو هەوایەی دەکەلەی داهەبوو، سوپا زۆری لەسەر پێ دادەگرت، بۆیەش ماشینەکیان هێنابوو ناومەسەلەکە بەڵام کە چێیان بۆ هەڵنەکرا وازیان لێ هێنا، دەمەێ بەزوانێکی سادە ئەوە بڵێم کە کۆمەڵە دوو بیروبڕوایان هەبوو کوردگوتنی یەک لەسەر بنچی خۆی شین ببووە ئەوی دیکە ئاویە بوو. یانی یەکیان ئازادی و دێموکڕاسی لەگەڵ چارەنووسی کورد دەویست کە ڕەواو بەجێ بوو. گەلێک مرۆڤی زاناو بەئەزموونی تێدابەدی دەکراو کۆمەڵێکی کوردانە بوو. سازمانێکی کمۆنیستی کوردی بوو. ئەوەی دیکە بەفیتی فارس و تورک حاشای لەکوردایەتی کردبوو. گەمەی بەچارەنووسی کورد دەکرد. بە داخەوە ئێستاش لە دەرەوەی وڵات چاوگەیان نەگۆڕاوە. دەجا کوڕەکانی حاجی مرۆڤی ئازادیخوازو دژ بە خەڕافات و پڕو پوچ بوون. ئارەزویان مافی چارەنووسی کوردبوو. کە بە دۆستایەتیان ئیفتخاردەکەم و دەستی ئەوجۆرە کۆمەڵەیە ڕادەمووسم. ئیتلاعات هەموو دۆستو ناسیاوی منی خستبوو ژێر چاوەدێری دەیەویست تیتاڵیان تێهاڵێنێت، نموونەکەی چەکی50هەزار تومەنیان کەوتبوو دەست کاک سەیفەی گرتبوو لەگەڵ منیان ڕوو بەڕوو کرد زۆرپیاوانە حاشای لێکرد. دەستی پاسداری خۆماڵیشی تێدا دەدیترا کە نامەوێ بەهۆی بنەماڵەیان لە بنی کوولەکەی بدەم هەمووکەس لە ژیانی تووشی هەڵە دەبێت پێویسیت ناکات کای کۆن بەبا داکەم. هەر لە زیندانی سوپا بووم کە جەژنی ڕەمەزان گەیشتێ خێزانیشم هاتبوو ماڵی حاجی، کوڕەکان، حاجی هاندەدەن کە بۆجەژن بەدەستەبەر ئازادم کات. چەکی500هەزاری بۆ دانام 24ساعات ئازادکرام. ڕیکەوت 1369/2/7ی هەتاوی بوو. دوایی گەڕامەوە زیندانی سوپا. کە چیان بۆنەکرا تیژاویان بۆ لەناو شورباوکرد بووم ئەوە ئەرکی ئیسلامیە کەیان بوو دەیان کەسیان ئەوها دەرماندوا کردبوو کە قەدەرحەیامێک پاش ئازاد بوون شەهید دەبوون. لە ڕاستیدا لە چێشتەکە وەشک کەوتم هەرئەوەندە نیسکۆڵەیەک وەپۆکم کەوتبوو لە تورکیە پووکەکانم وەژان کەوتن لە ئازمایشگا تەشخیسیان دابوو کەتیژاوە(ئاسیدی ماشین) کاتێک لە ژێرئەشکەنجە لە ئیستخباڕاتی شنۆ حاڵم تێکچوو بردمیانە نەخۆشخانە،3چەکدار دوومەعموری ئیدارەی ئیتلاعاتم لەگەڵ بوون دوکتۆرکە هێندی بوو، تێی گەیاند بوون کە ویدەچێت بمرم ئیدی بۆ زیندانی نەغەدەیان بەڕێکردم. هەمزەی کوڕی عەزیزو ئەیووبی کوڕی قادرخان لەگەڵ من لە پشتەوە سواربوون. عەزیزیش لە تەنیشت ئەوەی ناوی لەخۆ نابوو حاجی دانیشت. کە بەردییانینە نەغەدە بەرەو دادگەی ئینقلابیان باداوە، بەرپرسەکەی غەفاری بوو ئەمن ماوەک پێشتر ئەوم لە دادگوستەری ورمێ لەلای ئاغای ڕەحمان کازمی دیبوو کە دەورەی قەزایی دەدیت. ناوبراو هێندێک شتی بۆ نووسین لێ پسیارکردم کەوەڵامم داوە قەراری ڕاوەستان (مەنعی پێیگرد)ی دەرچواند گەڕاندیانمەوە شنۆ ئەو درۆو دەلەسەی کەبەرێ ئامازەم پێکرد لێیان کردە پاشکۆو (یەدەگ ) ئەوش بڵێن نەغدە شارەکی کۆنی

کوردستانی ڕۆژهەڵاتە دوایی پەیمانی گوڵستان بە فەرمانی عباس میرزای کوڕی فەتعلی شا،لە1812ی زایینی کە بەشێک لە ئاراس کەوتە سەر وڵاتی شوورەوی بەدڕایەتی کوردان بەخەڵات درا بەقرەپاپاغەکان. ئەو تورکانە کە بێ جێگامابوونەوە. ئەوە حەوت تایفەن: ڕۆملو، استاجلو، تەکەلوو، قاجار، ئەفشار، ذولقدر، کە بەشیک لە ورمێ سەڵماس جیگر بوونە لە بەرامبەر حەوت عەشیرەی کورد بە پێی مێژوو گویزراونەوە شاری خوراسان، ئێستا ئەوشارە دووملوینو دووسەد هەزارکوردی لێیە کە(کەلیم اللە تەوەحودی) لەم بارەوە حەوت جلدی مێژووی خوراسان نووسیوە.) دەجا قەرەپاپاق بەخۆڕای ئەو شارەیان وەچەنگ کەوتوو. ئەمما تورکەکانی نەغدە هەمێشە دۆستی کوردان بوونە. وتاییەت ئاغاکان وەکوو مالی ئەمیرتومان خۆیان بەکوردزانیوە. بەڵام ئەوانەی لە ڕیژمی خومەینی هاتنەسەرکار هەموویان خەشپووش و تریاکی لاتۆر پاتۆر بوون. و ئیستخباڕاتی نەغدە لە تورەهات و جاهیل و بەکڕیگیراو نەفام و نەزان و خۆ دۆڕاوانە پێکاتبوو. مێشکیان بە خەرافات زاخاو درابوو خوینی کوردیان بە خەزا دەزانی و ماڵیان بەحەڵاڵ و زەڵاڵ. هەرئەوانەش شەڕی نەغدەیان سازکرد. بۆجاری دووهەم سەرەتا ئەمنیان بردە زیندانی پاسدارخانەی نەغدە ڕایانگەیاند کەس قسەم لەگەڵ نەکات. بەڵام دوو کورد خۆیان پێڕانەگێرا هاتنەلام چایان بۆهێنام کە بەداخەوە زۆر بێ بەزە کەوتنە بەرشاڵاوی نۆبەداری پاسدار، لە بەرچاوی ئەوخەڵکە لێیاندان. ئێستاش نەمزانی ئەو دووکوردە چاونەترسە کێ بوون، لەویڕا بردمیانە زیندانی ئاسایی نەغدە کە نزیکەی 100 کەسەکی لێبوو، ئەو بەندیخانەیە لەگەڵ ئی"شا" تەوفیری زۆر بوو سەردەمی"شا"مرۆی (گومان لیکراو) دوایی تەواو بوونی دەوسیەکەی لە مۆڵگەی ژاندارم، دەناردرا زیندانی گشتی، لە وێ چاوەڕوانی ڕۆژی دیاری کراوی مەحکەمەی دەکرد. زەمانی ئەو دیکتاتۆڕ قانوونێک هەبوو کە هەرنەبێ بەفۆڕمەلێتە پشتی پێ ببەستریێت. بەڵام لە حکوومەتی مەندیل و عەبادا هەرکەس هەرکەسێکە مەگین خودا بزانێ، کەس قەباڵەی کەسی ناخوێنێتەوە لە زیندان حاڵاتێکی قازاخانەی تێدا بەرقەرار ببوو. سبحەینەو ئێواران ئاڵا هەڵدان و هێنانەخواری بە خویندنەوەی سرود!ئەنجام دەدرا. مەلایەک حەوتوانە دەهات و بە نەقڵ و نەزیلەی کەربەلا عەجەمی دەگریان دەخستن. کاتی کوردەکانشی بەگێڕانەوەی خەڕافاتو پرو پووچ دەگرت. بۆ ئەو هەموو زیندانیە دوو دەستشوورو دوو چاوە تەوالێتی هەبوو لەگەڵ دوو چاوە حەمام. نوێژ کردنیش بەتۆبزی بوو. بل لەوانە لە قانوونی کۆماری ئیسلامی زۆرسزا چەند شەڵاخێکی وەک متفەڕگ لەگەڵ هاوپێچ بە حوکم دەکرا. کە دەبوایە لە ئاخر رۆژی زیندان بەڕێوە بچێت. سروشتییە لەو ڕۆژە دابنەماڵەی زیندانی دەهاتنە بەردەرکەی زیندان و جل و بەرگیان بۆ دەهێنا. بەڵام ئیسلامی ئاخوندی کەسایەتی نەدەزانی ئاخوندێک دەهات و چەند شەڵاخی لە ناو زیندان لە بەرچاوی ئەو زیندانیانە لێدەدا بۆ هەر قەمچی‌یەک سەڵەواتێک لە دیداری ئیمام دەدرا کە لە گەڵ هۆڕەی لێدراو تێکەڵ دەبوو! ئەمە ڕەو ڕەوەی پیشکەوتووخوازی دونیای کۆماری ئیسلامی بوو. کە سەردەمێک ئاغای خاتەمی سەرکۆماری کاتی بە قەڕائەتی شارستانیەتی گەورەی نابی محەمەدی وەسف دەکردو ئۆڕوپای پێ دەلاواندەوە. لەلایەن دەم و دەزگای جەهالەت پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا. هەنۆکە،کە ئەو دێڕانە دەنووسم مرۆڤ کوژێکی پاسدار بە ناوی ئەحمەدنیژاد، هەڵبژاردەی ئاغای خامەنەیی کراوەتە سەرکۆماری ئێران، بە دەستووری وی بۆ کاول کردنی دونیاو لە قەبرنانی تەرمی ئازادی گڕنەی لە دورست کردنی بۆمبی ئەتۆم گرتووە. لەو ڕۆژە دا نەسیحەتی خامەنەیی بریتی لەسی شتە1-ئاخوندێک دەبێ لەمە بەدواوە لە ئەنجومەنی نیشتمانێ(پەڕلەمان) دەرسی ئیخلاق بە پەڕلەمانتاران و خیبرەگان بدات. یانی دەبێ کارگێرانی پلەبەرزی ئێران بێ ئیخلاق بن و تازە لە سەر را دەرسی ئیخلاق وەخوێنن. 2 دەبێ لێژنەی وەزیران هۆدەی گریانیان هەبێت هەمووشەوێ کە بەتلێک لەشەو چوو لە خەو ڕابن لەو هۆدەیە دەست بەگریان بکەن3 لەهەمووچوارڕێگاکانی تاران بلێندگۆ دەنگی بانگ بڵاوکاتەوە.

**دارهۆڕەی لەخۆی نەبێت ناقەڵشیت(2)**

ڕیکەوتی 1269/3/28ی هەتاوی من و عەزیزیان بۆ دادگا،کەلەپچە کردین. حاجی جەواهێری لە جێگای ئیمانی ببوو سەرپەڕشتی دادگاکانی ئینقلابی ئیسلامی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا. ناوبراو لەکاتی مەحکەمەدا پشتی لەگۆمان لێکراو دەکرد. ئێمەشیان کە بردە لای ئەوهای کرد. گۆیاگومان لێکراو کەڕائەتی هەیە. بۆ ئەو ڕۆژی دیاری کراو مخابڕاتی شنۆش حزووری هەبوو. ئاغای نووری بەرپرسی دادگەی نەغەدە لە خزمەت حاجی ئاغابوو. نووری بەشتی چووکە ڕادەگەیشت بۆ ئەوانی‌تر حاجی لەورمێ ڕادەهات. مەحکەمەی بێ پارێزەرو بێ داوەر. تاکە ئاخوندێک کە نەیدەزانی قانوون چییە،گشت شتی بەگەزوو نیوگەزی شێعەی 12 ئیمامی دەپێوا. فتوای ئەوانی کردبوو بنەمای سزا دیارکردن. ئەو ڕۆژی عەزیز فرمێسکی بێ تاوانی هەڵدەوەراند ئەمنی لە حزوور ئاخوند کرد بوو بەهەژدیهایەکی دوو سەر، بەدژی ئینقلابی دەناساندم ،ئیستخباڕاتی شنۆش بۆی لە مل دەدا. جەواهێری ڕووی لە عەزیز کردو گوتی: کوڕم دەزانم ئەتۆ تاوانت نییە، ئازادت دەکەم. ئەوجار وەک گاشە بەسەرمن دا جاڵەبوو. لە حاڵێکدا کە پشتی لەمن کردبوو پرسیارەکانی دەکرد. نووری کە بەرەو ڕووم دانشتبوو بۆی وەرد دەداوە کاکی ئیستخباڕاتیش زەردە خەنەی لە سەر لێو بوو. ئەمن کە بەڕاستی لە خۆم وەرس ببووم دەمەویست کارم تەواوکەن دەرهەڵبووم، چوونکە دەمزانی لێم نابوورن. نەک ناوەڕۆکی ئەم پەروەندە، هەر مەحکووم بە ئیعدام بوونەکەم لە1360ی هەتاوی کە بە عافووی خومەینی هەڵاوەسرا بوو. بۆیە بێ ترس ئەوهەی پێویست بوو نەمگێراوە، نامهەوێ بەگێڕانەوی خومی پێ هەڵمسێنم. حاجی کە ئەوقسانەی گوێ لێبوو مەعمووری ئیتلاعاتی سۆپاو عەزیزی لەهۆدە وەدەرنا، ئەو جار لەشم پێ نیشاندا. بۆ عەزیز یەک ملیون دەستەبەر. ئەمنیش هەر بەقەرار بازداشت گەڕاندیانەوە زیندان. کە خیزانم دەهاتە سەردانم، عەزیز وەکوو ڕێوی گوی سڵ دەکردو بە ئەنقەست لە حەوشە خۆی دەخافڵاند دەنا لەکن شێرەی ئاو خۆی خەریکی دەستنوێژ شووشتن دەکرد. گورگو مزگەوت! شێعرەکم نووسیبوو دەمەویست بینێرمەدەر خستبوومە ناو گیرفانی کراسم لە پشت سیمەکان ئیشارەی دا پاسەوانی نۆبەدار،کە لە ناو سیمەکانی مولاقات کێشکی دەدا، کۆڵیەوە دەریهێنا، بەڵام چوونکە نەدەخوێندراوە دڕاندی و فڕیدا. ڕێکەو تی 3/25/ 1369ی هەتاوی عەزیز بەدەستە بەر ئازادکرا. وەک ڕێوی کلکی خستە ناوتڵێنگ و بۆخواحافزی هاتەلامو گوتی: چ کارت هەیە؟ گوتم ئەوەنییە زیندانیت کردووم! کاک ڕەسوو قابڵی زۆری بەسەرداهات. بەڵام عەزیز بە داکۆکی پاسداران ئەوەندە دڵنیاو پشت گەرم بوو گەمەی بەکلکی دەکرد. ساعاتێک دوایی ئەمنیان بانگ کرد، مووچڕکم بەلەش داهات. پێم وەبوو بەڕێم دەکەن بۆ شنۆ. بێگومان لە ئیتلاعات دەیانکوشتم. جارێکی دیکە کاک ڕەسوو قابڵی هاتەلای من وگوتی: لەوانەیە ئازادبێ. گوتم قەڕار بازداشتم نەشکاوە، لە ئەفسەر نیگەهبانی گوتیان ئازادی! سەڕم سوڕما! کە دەرگام کردەوە خێزانم لەگەڵ ڕەشید ئازەربەخش لە بەردەرگا چاوەنواڕی منیان دەکرد. گوتم ئەوە چلۆن و زانی خێزانم گوتی: ناکا بلّێی بەشانس ئازاد بوویەتی! پاشان گوتی بە مەڕەخەسی ئازادکراوی. بەڵام جواهێری گوتبووی دەبێت خۆی بەنووری بەرپرسی دادگەی ئینقلاب بناسێنێت. بۆ سەرو ڕدین تاشین چووینە سەڵمانی. عەزیز هێندێک شڵەو قوڵەی لێهالاّبوون، پێکەوە لەلای سەرتراش دەگەڕانەوە کە چاوی بەمن کەوت تاسا، چونکە ئەمنی بە ڕسق و ڕووزی خۆی دانابوو. نە شیدەزانی بە مەرەخسی ئازاد بوومە. چووینەلای نووری هەرمن و خێزانم چووینە ژوور، نۆری کە نامەکەی خویندەوە بە خێزانم گوت ئەو نامەیە ئی ئیدارە نییە لەماڵ ڕانوسراوە. پاشان ڕووی لەمن کردوگوتی: لە ئینتشاراتی سەلاحەدین زۆریان پاکانە بۆکردووی. ڕاستی دەگوت: خێزانم دەیگێڕاوە و دەیگوت: چوومە ئینتشارات کە شتێک لە مەڕ ڕابردووت کە لە وێ کارت کردووە بنووسن. (محدث) بەرپرسە فارسەکەگوتی: ئێمەناتونین چ شت بنووسین چوونکە ماوەیەکە لە ئینتشارات نەماوە. بەڵام کاک ئەحمەد قازی زۆر بوێرانەو بێ مننەت سووڕەت جەلەسەیەکی نووسی بە هەموو کارگێڕانی ئینتشاراتی ئیمزاکرد. ئەوەی بە قازانج بوو تێداجێکردبۆوە. ئەو پیاوەتیەی کاک ئەحمەد قازی قەت لە بیر ناچێت دیارە لە مرۆڤێکی ئەوها ناسراوو کوردو نیشتمان پەروەر هەرئەوەش چاوەنواڕ دەکرا. نووری دوایی هێندێک ئاخافتن پێی گوتم: لەوهەل و مەرجە دا ئێرە جێی

تۆنییە. پاشان گەڕاوە گوتی: تکایە ئەو قسەیە لەلای کەس مەدرکێنن، لە ڕاستی داپەروەندەکەت زۆربێ بەزە گرێدراوەو حوکمی ئیعدامی پێشووت کە بە هۆی بانگەوازی ئیمام هەڵاوەسراوە مەترسی لێدەکرێت هەڵوەشێتەوە. ئیدی قسەکەی جارێکی تربڕیەوە، ئەمن لەگەڵ خاڵی نووری دۆستایەتی کۆنم هەبوو دەگەڕاوە ساڵی 1240) پاشان گوتی:9/4/69-هەتاوی بۆ ڕۆژی دادگە دیاری کراوە پێویستە لەو ریکەوتەدا لە دادگەی ئینقلابی نەغدە حازربن. دەمانهەویست بچینەوە ورمێ بەڵام ڕەشید گوتی: بە خێزانم گوتووە فراوین مێوانی منن. چووینەماڵی ناوبراو لە شنۆ، کە ماڵەکەی ڕووبەرووی ماڵی عەزیز بوو. پاش نێوڕۆ گەڕاینەوە خێزانم لە مەڕ وەرگرتنی مەرەخەسیەکەم ئەوها دەگێڕێتەوە: زۆرجار دەچوومە بەردەرکەی دادگەی ئینقلابی ورمێ هەرچەند دەمکرد ڕێگایان پێ نەدەدام حاجی جەواهێری بدینم، دەریان دەکردم. جارێک بەگریان خۆم بەزووری هۆدەی مەحکەمەی ئینقلاب داکرد. ئایەتووڵلا جەواهێری وەک سەگ تێم بەربوو. گوتی: مێردەکەی تۆ مرۆڤێکی کەلە ڕەقو دژ بەئینقلابە بۆخۆی چینگڵی گرتم و وەدەری نام. ڕۆژێک لەگەڕەکی شیست تەناف بەکزوو داماوی دەستی نەشمیل وکاوە-م گرتبوو زەرزا-شم بەکۆڵ وەبوو بەرەوبازێڕ دەچووم. تووشی ژنێکی ناسیاوبووم کە ماوەیک بوو ماڵەکەیان لە گەڕەکی ئێمە نەمابوو. دوایی چاک و خۆشی کە دیتی زۆر تیکچوومە هۆیەکەی لێ پرسیم. مەسەلەکەم لەنووکەوە بۆ گێڕاە. گوتی: خەم مەخۆ ئەمن بۆت جێ بەجێ دەکەم. پاشان بە پێکەنینەوە لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: وەبیرت دێ ئەوکات مێردەکەت لە وەرگەڕانی ماشین بریندار ببوو لەگەڵ مێردەکەم هاتینەماڵتان! مێردەکەی من ئەفسەری ئەرتەش و برازای ئاغای مووسەوییە کە بەرپرسی دادگوستەری ورمێیە. ئەویش ئاخوندو ئایەتووڵلایە، لەگەڵ ئاتووڵلا جەواهیری هاوشارین و خزمایەتیشیان هەیە. مێردەکەم لەلای هەر دووکیان ڕێزوو ئیحترامی زۆرە، وەرە ماڵی ئێمە لەگەڵ مێردەکەم دەتنێرمە ماڵی ئایەتووڵلا جەواهێری! دەیگوت وەخت بوو لە شاییان خەنی بم. هەر ئەوێ ڕۆژێ بەو ئادرێسەی کە دایبوومێ چوومە ماڵەکەیان. گوتی سبحەینە وەرەوە کە چووم لەگەڵ خێزانی سواری ماشینی کردم یەک سەرە بۆستادی ئەرتەش ماڵی جەواهێری لە ناوپادگان بوو سەروان لەگەڵ دژبان قسەی کرد. ئیجازەی داین چووینە ناوپادگان خیزانی جەواهێری ژنێکی ڕەقەڵەی کزبوو بەرەوپیرمان هات چاک و خۆشی لەگەڵ سەروان و خێزانی و لەگەڵ من کرد. بەسەروانی گوت چ قەوماوە تریاکە، هێروینە، سەروان بە زەردەخەنە گوتی نا چەک و تەقەمەنیە، ژنەکە گوتی: دەجا هیچ نییە ئەوەحاجی لە ژوورێیە. بابی حاجی نەساخ بوو لەناو جێدا ڕاکشابوو. هەرئەوحاجی جەواهێریەی کە چەند جار لە دادگە وەدەرینابووم بە پێکەنین دەستی لە دەستی سەروان ناو بەخێرهاتی کرد. بەڵام سەروان لە ڕێگا بەمنی گوتبوو کە چووینە لای حاجی ئەتۆ هیچ مەڵێ! ئەوەکاری منە.! بەڕاستی زۆر پیاوانە تەنگەژەی ژیانی منی بۆ گێراوە زوریشی لە سەر دانا،گوتی نیزیک ساڵێکە پێکەوە جینارین مێردەکەی نووسەرە لە ئینتشارات دەشوغڵی. ئەو شتانەی وەپاڵیان داوە هەموو درۆن. نەقاچاغچییە، نەسیاسی و دژ بە ئینقلابەو نەفئودال و سەرمایەدارە. حاجی وەک کراسی ئاوەژووکراوەی لێهات، بێ ئەوە هیچ بڵێت گوتی: چێت گەرەکە؟ ئەفسەرەکە گوتی مەرەخەسیەکی بدەیە هەتابتوانی لەگەڵ منداڵەکانی چاویان پیک بکەوێت ڕێ نیشاندەری کردنەوەی گرێ پوچکەی ژیانی بێت بۆ دادگەش بۆخۆت دەزانی. ،لە نێو ئەو قسانەش دا ئەو قاقەزەی کە بەڕێز قازی ئەحمەد لە ئینتشارات نووسیبووی و ئەمن ویمدابوو دای بەدەستی حاجی، حاجی بەوردی خوێندیەوە، هەرلەبن ئەونامەدا بۆئاغای نووری نووسیبوو ئازادی بکەن بۆڕۆژی دادگە69/4/9دەستەبەری لێ وەربگێرێت. بەڵام وەک ئاماژەم پێکرد، ئێمە دەنگۆمان ئەوا بڵاو کردبۆوە کە ئازادیەکەمان یەکجەلیە. سەیر ئەمە بوو پاسپۆرتو پارەکەی مەعمووران لەکاتی پشکنینەوەی ماڵ هەڵیان گرتبوو لە سەر پەروەندە قایم نەکرابوو خواردبوویان. بەڵام پاسپۆرتی خیزانم کە ناوی منداڵەکانی تێدابوو لەکن دایکی بوو وەرمانگرتبۆوە، بە بڕیاری دەرکەوتن لە کردستان بەڵام نەماندەدەرکاند چووینە ماڵی خەسووم. سبحەینەکە ڕێکەوت 1369/4/8جەژنی قوربان بوو. خەسووم هەرچەندپڕکێشی کرد کەبۆ جەژن لەلای بمێنینەو گوتمان وادەمان داوە دەبێ بچێنە شنۆ. ڕیکەوت69/4/10 هەتاوی بۆپەڕینە ئیداری گوزەرنامە خروجی

ئەوکات 5000تومەن بوو ئەپووڵە زۆربوو دوو یەخچاڵی پێدەکرا، پاسپۆرتەکەمان وەرگرت بەرەو مەرزی (سێرۆ) لە وێ دوایی ساعاتێک پاسپۆرتەکیان مۆرلێدا، کە ئەوان پەڕینەو دڵم ئاسوودەبوو بەڵام لێم بوو بەخەمەکی گەورە. سەفەرێکی دوورو درێژ ژنێک بە3منداڵی سەروپێچکەوە، دەیان جۆرە فکرم دەکرد بەڵام خێزانم مەزبووتو وریابوو. هەرچەند بەگوێرەی ڕێووشوێن قەت بە تەنیا لە ڕێ نەکەوتبوو. ،نشمیل 6ساڵە-کاوە 5-ساڵە و زەرزا 6مانگانەبوو. ڕێکەوتی 1369/4/11 ئەوان پەڕینەوە. بەڵام لەگەڵ دۆستێک لە سەڵماس پەیوەندیم گرتبوو ئەو بە تەلەفوون لەگەڵ دۆستێکی خۆی لەتورکیە ئاخافتبوو. خێزانم دەبوایە لەشاری (وان) چووبا ماڵی ناوبراو کە ناوی فارس بوو. کە گەڕامەوە کەوتمە دەستوبرد. ئەوە عەزیزیش ژانی گرتووەو دەڕاێڵکەداو گوێزقولاخە پەتیا پەیتا بۆ ماڵی ئێمە تەلەفوون دەکات بێگومان ئەگەر سووسەی کردبوایە لەگەڵ پاسداری ئیستخباڕات بەدوامدا دەگەڕا. لایەکی دێکە خەسووم وەک دڵی خەبەرێ دابێتێ نیگەران بوو. دووجارسەرم لێدا دەیگوت پێی خۆشە مەنیج بدینێت. ئەمنیش دەمگوت ئەوە لە شنۆیە دەچم دەیهینمەوە. ئەوقسانەش دواییان هات مەجبوور بووم ئەو دوو ڕۆژی دوایی کە دەهاتم بۆخۆشم لە کوردستانی ڕۆژ هەڵات وەدەر کەوم سەرەکی دیکەیان بدەم. ئەزقەزا ساحیب خانمی باجەناخم لە وی بوو. زۆری لێ کۆڵیمەوە. گوتم ئەگەر ڕاستیتان دەوێ لە بەر پاسداران ماڵەکەم گوێزتۆتەوە گەڕەکەکی دیکە. دیارە ئەوانیش بۆیان گێڕابوومەوە کە سەریان لە ماڵی ئێمەداوە هەتا ڕەزای برای خێزانم بەدیواردا چووبوو حەوشە لەکەلێنی پەنجەرە ڕوانیبووی کەماڵەکە هەڵگیراوەو کۆکراوەتەوە. ئەمەتووشی گومانی کردبوون. بەڵام ئەمن بەو قسەیە کەماڵەکم بەکرێ گرتوو ئادرەسەکی تەقەلوبیشم دابوونێ لە نیگەرانیم کەم کردبوونەوە. دەمەویست خۆ دەربازکەم چیدیم بۆ تەفرە نەدەدران. گۆیا دووسێ جار بەشوێن ئادڕیسەکە گەڕابوون ،نەیاندۆزیبۆوە ئەمانە خەسووی ڕەحمەتیم کەلە1996/8/30ی زایینی کە بەبانگێشتن بۆماوەی 3مانگ هاتە ئۆسترالیا بۆی گێڕاینەوە. ڕۆژێک لەناو بازارە سەر بە قەیسەریەکەی ورمێ چاوم بەکاک عوسمانو ساحێب خانمی خوشکی کەوت، بەڵام بەپێدزە فیزراندم، جارەکیش لە شەقامی دانشکەدە تووشی فەسەڵو سەلیم کوڕانی مەجیدخان سێبیان بووم هەرچەند پاسداربوون بەڵام جێگای متمانە بوون، گوتیان دەنگۆیە کە چووتیە سوئید، پێمان سەیرە کە لێرەت دەبینین. گوتم کەسی مامی خەڵک بێکارە! بۆ شوێنە ونکە لەگەڵیان چوومە ماڵی مستەفای برای عێسا زەرزا، ئیستاش تێ نەگەیشتم بۆ ئەو دەنگۆیە بە دوای مندا پەرەی گرتبوو زۆر دەترسام ئەو دەنگۆیە وەبن گوێی عەزیز بکەوێتەوە. شەوێک لەگەڵ کامڕانی جوانەمەرگ سەرم لە مامەند ئاغا دا کە ماڵەکەی لە گوندەکەی ئەو بەری ڕووباری شەهرچایی ورمێ بوو. مەحدوودەی شاربوو بەڵام نەخشەی شاری لێ دانەبەزیبوو بنایەکی گەورەو خوش. کوڕەکانی لە گەڵ بوون. قەرەنی ئاغاش کە نەهاتە ڕووی تێکردبوو لە ماڵی مامەند ئاغا بوو،کەچاوی بەمن کەوت پێی سەیر بوو گوتی ئەوخەڵکە چەند درۆزنن! حەوتوێک پێش سویندیان دەخوارد کە چوویەتە سوئید! لە ڕاستی دا جەماوەر پێی وابوو چوونە دەرەوەی وڵات گەمەیە نەیاندەزانی حەوت خانی ڕوستەمە. ئەوچاخ دووکوڕی مامەند ئاغا ڕەزاخان و شەهریار ژنیان هێنابوو عەلیخان دیپلووم بێکاربوو. وەک دەیانگێڕاوە عەزیزکاتێک ئەو دەنگۆیەی بیستبووە لە ڕۆژی دیاری کراوە 69/4/9 چووبوو دادگەی ئینقلابی نەغەدە کە ئەمنی لە وێ نەدیبوو لەلای نووری دەستی بەهەڵلا هەڵلا کردبوو گوتبووی فلان کەس چۆتە سوئید. نووری لە هۆدە وەدەری نابوو گوتبووی حاجی جواهێری کاتی مەحکەمەی گۆڕیوە پەیوەندی بەمن وەنییە. عەزیز لە ڕایڵکەو گەڕان و سووڕانو ئەمن لەخۆحاشاردان ڕۆژێک لە بازاڕئاغزی، لووت و بزووت تووشی عەزیز بووم بەڵام شانسم هێنا سەری داخستبوو، بەچابکی خۆم هەڵەپەستی دووکانێک کرد، ئیدی تخم لەبازاڕکرد. لەو ماوەیەدا حەوت هەزار دوڵاری ئامریکائیم کۆکردەوە. سی چوارجار سەری ماڵی ژیانو شێخ محەمەد ئاغاو نازەخانم دا. دەمەویست کامڕانی برازام لەگەڵ خۆم بێنم بەڵام کە سەری قسەم لەگەڵ ژیان کردەوە وازم لێهێنا. ژیان هەرچەند ژیانی تەژی لە تەنگەژەبوو بەڵام خۆی لە قەرەی ئەوجۆرە کارانە نەدەدا. خێزانێشی ژنێکی ئاقڵ نەبوو. ژیان هەنۆکەش بێگومان لە عالەمیکی دیکە دا دەژی بەڵام خوداهەڵناگرێ زەرەری بۆ کەس نییە، ئەمما لە هەڵسوورانی

دونیا کۆڵە، مەگین خودا بەکەرەمی خۆی تووشی خوشبەختی بکات دەنا هەمێشە بە هۆگان لە قازانجی خۆی بەدووره. لە سەر ئەوەش ڕا مرۆڤێکی قانع و ڕاستو دورست و دڵپاک و بێ غەرەزوو مەرەزە. لەکاروکاسبی دا دەبێ بەدڵنیایی سەروماڵی خۆتی پێ بسپێری. بەڵام لە نێوان دۆست و دوژمن پاردە دانانێت و جگە لە بەڵێ چی دیکەی وەئەستۆ نەگرتووە. دەنا لە سەرەتا ئاگاداری دەرچوونی من بوو، دەیتوانی شانسی خۆی تاقی بکاتەوە. بڕیاری دەرەکی بگرێت. کە بێگوومان لەهەموو کوێرەوەریە دەحەساوە. شەوێک بەر لە ڕۆیشتن لە ماڵی نازەخانم نەساخ کەوەتم. کاک عەولا بوداغی ئەوکات مێرمنداڵ بوو زۆرم بۆ بەپەرۆش بوو. دەستوجی یاریدەرێکی دوکتۆر کە ماڵی لە قەراخ ماڵیان بوو هێنا، ناوبراو 6دەرزی بەدوای یەک دالێدام وەک گوێزی ساخی لێکردم، ئیستاش پێم سەیرە کەلە ئێران ئەوها گەمە بەدەرزی دەکەن هەموو گەڕەکێک یاریدەری دوختۆری لێیە، لە ئۆسترالیا بە شتێکی پڕمەترسی دەزانن بە دەگمەن وای لێدێ کە دوکتۆر چارەی نەساخ بەدەرزی دەربڕی هەر لە شەربەت و حەب کەلک وەردەگرن. کاک عەولا بوداغی هەنۆکە زەماوەندی کردوەو یەکێک لەو خزمانەیە کە لە گەڵ من پەیوەندی نامەگۆڕینەوەی بەردەوامە. یان بە تەلەفوون قسەم لەگەڵ دەکات. چەند کتێبی پڕ بایەخی بۆ بەدیاری ناردووم. ناوبراو خوێنکارێکی ماندوو نەناسی ورمێ بوو. سەری لەژیانی ئەوها بەدۆدی بۆدی دەرنەدەچوو. هێشتا بە دیواری خەمان هەڵنەڕوسکابوو. بەڵام بەلاویش یەکجار وردبین بوو. کەیفی بە ئاکاری حەپلەلۆتانێ نەدەهات. نامەکانی کاک عەولا بۆن و چێژی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتمان پەروریان لێدەکرێت. لە نامەیەکدا زۆرشتی بەنرخی وەبیر هێنابوومەوە ئەوە16ساڵە پەیوەندیمان بەردەموامە. ئەمما لە مەڕ ژیانی برازام ئەو مەسەلەم هاتەوەبیر کە بۆزاخاوی مێشک دەیگێرمەوە. دەڵێن حاتەمی تایی کە ناوبانگی سەخاوەتو بەخشندەو دڵۆڤانیو جوامێری دونیای داگرتبوو کە هەنۆکەش شەوچەلەی کۆڕی دیوەخانانە، برایەکی هەژاری دەبێت لە بەردەست کورتی دارکێشی دەکات. خزم و دوست دەچنە لای و پێی دەڵێن ئەمە بۆتۆ کەسری شانە کە سخاوەتی تۆ ئاوازەی داوەتەوە براکەت بۆ بژیوو بەڕێچوون دارکێشی بێت. حاتەم لەوەڵام دادەڵێ: تاوانی من نییە خودا نایداتێ. دەڵین قوربان ئەمە چ پەیوەندی بەخوداوە هەیە. خودا چ دوژمنایەتیەکی لەگەڵ ئەوهەژارە هەیە! حاتەم دەڵێ: کە قسەکەم باوەڕناکەن وەرن باتاقی بکێنەوە. گۆیا ئەو شوێنی کە برای حاتەم داری لێ کۆدەکاتەوە لەو بەری چەم دەبێت. تەنیا ڕێگای هاتوو چوو پردێک دەبێ. حاتەم کیسەیەکی پڕلە زێڕی بۆ لە سەر پردەکە دادەنێ کەلە دوورەوە دیاردەبێت. بۆخوی و ئەو کەسانەی لەگەڵێن خۆیان حاشار دەدەن،دەدین برای حاتەم ئەوە بە تێلەکەیەکی گەورە لە سەرپشت دەگاتە سەرپرد. لە وێ چاوانی دەقووچێنێ و بەکویرە کوێرە دەپەڕێتەوە کیسە زێڕ نابێنێت. هەموو پێیان سەیر دەبێ و خۆی لێ ئاشکرا دەکەن و حیکمەتی ئەو چاو قوچاندنەی ئەوها کوتوو پڕ لێ دەپرسن. کابرا دەڵێ وەڵلا بۆخۆشم نازانم بەلام کە گەیمە سەرپرد بەدڵم داهات ئاخۆ پیاوی کوێر چلۆن بەسەر ئەو پرد دا دەپەڕێتەوە. ئەوە بوو چاوم چووقاندن. دیارە نە ئەمن حاتەمی تاییم نە ئەویش کابرای دارکیش، بەڵام زۆریش وێک دەچن! با ئەوەشم لە بیرنەچێت کاتێک کە ئازاد بووم دۆست و ئاشناو پێم وەهاتن تاییەت خزمەکان کە قەت لە زیندان سەریان نەدابووم، یەکێک لە وان کە نامەوێ ناوی بێنم چونکە نەیدەزانی کە بە دەستەبەر ئازابوومە دیگوت ئەمن ئەتۆم ئازادکردوە،ئیلەوبیلەم کردوە لەگەڵ فلان ژەنەڕاڵە بەشەرهاتووم هەتاگەفم لێکردوە، ئەمنیش لەدڵی خۆمدا پێی پێدەکەنیم،ئەو خزمە بێ ئەوە بزانی کە ئەمن بە مەرەخسی ئازاد بوومە هەردەنگۆیەکی منی بەڕاست وەرگرتبوو هاتبوو خۆی پێ هەڵمسینێ، یەکێک لەوانەش کە سەریان دام کاک کەریم قەیومی بوو. هەرچەندسوپاسی ئەوهاتنم کرد کەسەری داوم بەڵام قسەی ڕاستم تەحویل نەدا چونکە لەگەڵ عەزیز هاتوو چۆی هەبوو دەترسام قسەکی لە دەم بترازێ. لێرە مەبەستم گلەیی کردن لەخزمان نییە،چونکە بەگشتی خەڵک دۆستی ڕۆژی ئارام وئاسایش و خۆشگوزەرانین کەم کەس لەتەنگانەدا هاوکاردەبێت. لایەکی دیکە ڕژیمی ئاخوندی لەگەڵ هەموو ڕژیمیک تەوفیری هەیە،گرتن وکوشتن بۆ وان شتیکی ئاساییە،بۆیە ئەوانەی بە هەر شێوەیەک پەیوەندیان لە گەڵ دادگای ئینقلاب و ئیستخبارات ببوایە خەلکەکە لێی دەسڵەمینەوە نەدەوێران تخوونی بن یان لە

زیندان سەردانی بکەن هەرچەند ئەمن لە مەڕ خزمەکانی خۆی ئەزموونم هەبوو،ئەوەی چاوەڕوانم لێدەکردن یارمەتی و سەردان نەبوو بەڵکوو پەروەنەکەم لی قایم نەکەن بوو.=من از بیگانەگان هرگیزننالم=هەرآنچەکرد بامن آشناکرد=.

**(بەرەوتورکیە بەنیازی دەرەوەی وڵات)**

ڕۆژێک پێشتر لە ترمینالی ورمێ لەڕیکەوتی 1369/4/29ی هەتاوی فتاحم بینی رۆژی دوایی موتەلیب هاتەلام و لەمەڕ زۆرمەسەلە قسەمان پێکەوکرد هێندیک شێعرم ویدابوون جاریکی دیکە کارقایمم کردو لەمەر هێندیک شێعری فارسی کە لە ماڵی خۆمان لەبن هەرد شاردبوومەوە شوێنەکەم پێکووت بەم بەداخەوە سەری نەدابوون دوایی کەبرادەریکم نارد هێنابۆیەدەر ڕزیبوون. لەرێکەوتی 1368/5/3 هەتاوی کەشەولەگەڵ ژیان وکامڕان پێکەوبوین سبەینێ زۆو لەگەڵ کامران بۆ سڵماس چووم بۆ دووکانی بەخشعلی دوایی بۆ ماڵی وی چوین لەووێ کامڕان گەڕاوە ئەوکایتش ئەمەرزادە لە تاران بوو کاک قادری پێ ناساندبووم کەخەڵکی سیلاو بوو شەوچوینە ماڵی وی بەیانی بەئەسپی قادرلەگەڵ بارەکان بەرەوچوار ستوون وەڕیکەوتین کات ژمیری 3/5گەیەنە وێ قادردووژنی هەبوو ژنی دوومی لەگوندی چوارستوون بوو بەڵام هەتا تاریکان لەوێ ماینەوە کاروان ئامادەی ڕۆیشتن بوو. بارەکان بە ڕەواڵەت فەرش بوون، و هەسپەکی بۆرەیان بۆمن هێنا کە لە بەر غلووری چەنگی لە عاسمان دەدا. کاک قادرپیی گوتم: کەگەینە چیا ئیدی کارت پێ نەبێ هەر ئەوەند دەستە جڵەوی بۆ شل بکەی بۆ خۆی بەڵەدە. هەڵبەتە لەوچەند ڕۆژ دا بە تەلەیفوون لەگەڵ خێزانم کەلە تورکیە بوو ئاخافتبووم. قەرار بوو بەخەتی لای سێرو دا ئاوای ئەو دیوبم بەڵام ڕووداوی شەڕیک لە نێوان قاچاچچی ناوچە وپاسدارەکان، مرۆڤێک کوژرابوو ئەو دەڤەرەی شێواندبوو. شوێنەکان کەوتبوونە ژێر چاوەدێری ژاندارم و پاسدار، بۆیە ڕێگامان خستە ئالی شاپوور. لەو بەینەدا مەشەدی برایم دیبوو دوو شەویک لەماڵی مامەوە ماڵەکەی لە شەقامی باکری بوو نابراو ئێکجارحیساب خۆشبوو لەکاتی دەست پێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئیران ئەویش لە هێنانی چەک وچۆل چالاکی زۆرکردبوو ئەوکات کوڕەکی ببوو بەئەفسەر لە پادگانی پیرانشاربوو کورەکیشی کەلە ماڵ بوو دەیەویست بۆ دەرەوەی وڵات بڕوات ئاواتخواز بوو هاوسەفەرم بێت بەڵام ئەمن پێم خۆش نەبوو یەکیان بەم دەلیلە بە ناقانوونی بەچیادا ئاوا دەبووم نەمدەزانی چیم بەسەردێ ئەوڕیگاییەی چەخت و هەڵەمووت و، وڵاتیکی ناموو ئاخۆ چۆن دەردەچین وچ کۆسپ و تەگرەمان دێتەبەر بۆ خۆی بەرپرسیارەتی گەرگ بوو، کە ئەمن دەخۆم ڕانەدەدیت. کوڕەکەشی منداڵ بوو قەت لەماڵ وەدەرنەکەوتبوو لایەکی دیکە ئەوتورک بوو هەتا وشەیەکی کوردی نەدەزانی ئەوناوچەیی ئەمن پێدا دەڕۆیشیم کوردستانی تورکیە بوو هەتا بۆ خۆناساندن بەیوئین کەیسی دەویست دەبوایە سازمانێک پەنابەری ناسیبوایە کە لەبەرئەم هەموو گرێپۆچکە وگیروگرفتانە لەگەڵ خۆ نەمهێنا،بێگۆمان دوایی من مەشەدی برایم ڕەنگە ئەمنی بە بەد قەول زانیبێت بەڵام ئەمن ئیستاش لە سەرقسەکەم سورم دەڵیم کارێکی باشم کرد،کە ئەم ڕیسکەم نەکرد و خەجاڵەتی کابرانەبووم، چونکە وەک لەجێی خۆیدا ئاماژەم پێکردوە پۆلیسی تورکیەیی زۆری گرفت بۆ پەنابەران دورست دەکرت. خولاسە شەوێکی تارێک و ترووک خۆمان گەیاندە گوندەکی بنار کە مەلاکەی خدرئاغای خانلەربوو شەوێک ماینەو. مانەوەکەن لەبەر ئەمەبوو لەگەڵ پاسگای ژاندارمەری سنوور باخۆن. لە ڕاستید شەوانە بە دەیان دەستە سوار بۆ پەڕینەوە پارەیان بۆ مۆڵگەی ژاندارم دەنارد و عەلامەتی ڕەتبوونیان لێ وەردەگرتن. ئەو پارەیە بە هۆی سەرئەژمێری هەسپەکان وەردەگێرا. کە لە نیوان خۆیاندا قرساند بوویان. دەجا کاروانی مەش بۆ ئەو مەسەلە وچانی دا. بەڵام چ ڕێگایەک! چەخت و هەڵەمووت هێند باوێشە لووس وەک هەسانی سەراوژێرو هەڵدێروو ئەستەم. ئەوەند ئەسپەکان بەڵەد بوون کە سەر سمیشیان دەدا هەڵدەخلیسکان خۆیان دەگرتەوە. گویا هۆی هەڵڕوسکان بەوتەلانە مەترسی گەشتی پاسداران بوو کە خەبەرەکەیان لە ژاندارم وەرگرتبوو. وەک دەیان گێراوە هێندێک قاچاغچی فێڵ یان لە پاسگاه دەکرد. بەناوی شتومەکی ئاسایی مەوادیان بەڕێ دەکرد. پاسگاکان وەشک کەوتبوون. جاردەبوو بارەکانیان دەپشکنینەوە. ئەوش بڵیم جگە لە خاوەن ماڵ سوارەکانی دیکە ئاگاداری من نەبوون. پێیان وابوو

کرێ بارم. ساعات 12ی نیوه شەو ئاوای کوردستانی باکوور بووین. باری ئەودیویش گەیبوونە سنوور. بارەکانیان گۆڕینەوە. ئەمنیان بە کرێبارێکی ئەو دیو ئەسپارد. کە کوردی کوردستانی باکووربوو. سواری سەرباری یەکێک لە هەسپەکانی وان بووم. ناوی منیشیان پێ گوتبوو. کابرا بە ئەنقەست خۆی لە سواران وەپاش داو بە سرتە پێی گوتم: قسە مەکە بانەتناسن کە ئی دیوی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی. کە لە گوندی ئەوان نزیک بوینەوە سەوەڕ دەستی پێکرت. کابراگوتی: ئەوەگوندی مەیە، بنکەی جاندارمی لێیە، زۆریش وشیارن لە پۆلە دارێک ئەمنی هێناخوار گوتی لێرە دانیشە خۆت حاشاردە هەتائەمن ئەو بارانە لە گوند تاقەت دەکەم دوایی بە بیانوی گیابردنەوە دەگەڕێمەوە لات. ڕێکەوت 69/5/1ی هەتاوی بوو. کە کابرای نەدیوو نەناس ڕۆیی ئەمن ئەو پرسیارم لەخۆم دەکرد؟ ئەوەکەسێک بێ لێم بپرسێ چ بڵێم؟ حەوت هەزار دۆلاری ئەمریکیم پێیە! ئاخۆ هەڵگرتنی ئەودراوە هۆی خۆ کوژی نییە!؟ ئەوها بێ سەرو بەرە ئاوا بوون ئێستا ئەمن ئەوکابرایە دەناسم نە ئەو ڕوخساری منی دیوە. ئەمن ناویشی نازانم! ئاخۆ دەبێ چەندی وەکوومن لەو چۆل و شاخاویە بەرەڵلا کرابن! بێ سەروشوێن چووبن! ئەویش لە تورکیە کە جاندارم و پۆلیسەکەی بۆ لیرەیەک مرۆڤ دەکووژن. ئەوە هێشتا ئەمن کوردم ڕاسپاردراوم! بۆ کەسێک کەکورد نەبێ زمانی کوردی نەزانێ دەبێ چی بەسەربێت! فکرم دەکردەوە ئێستا کەسێک یان جاندارم هەربۆ دراوەکە بم کووژن کێ هەیە لێی بکۆڵیتەوە، ئەوە چەقوولوری سەگانیش هەر دێ. بۆنیان کردبوو بە عەپەعەپ دەهاتنەخوار کە کابراو کاروان گەینە گوند سەوەڕ دوایی هات. ساعات 5ی بەیانی بوو دیم زەلامێک بەدوو گویدرێژەوە بەرەو ئەوشوینە هات. کەگەیە پۆلە دارەکە بانگی کردم جوابم داوە چوومە لای کوڕی کابرای بوو. گوتی ئەوکەرە باردەکەم ئەتۆ بە دوای مندا لێی خوڕە. بە،بەردەمی نۆبەدەری جاندارمی پاسگا دادەڕۆین، کەگەینە ئەوێ سەرت داخە! پاڵتۆیەکی شڕو دڕاوی بۆ هێنابووم بەسەر جل و بەرگی خۆم هەڵکێشا، بەمجۆرە گوێدرێژەکانمان لێخوڕین. تیژ تێ پەڕ بووین. ماڵی کابرا لە ڕەخ بنکەی جاندارم بوو. بردمیان مدبەق بە قەت مزگەوتێک مەزن بوو خێزانی و دایکی کابراو دوسێ منداڵی لێ بوو. بخێرهاتنێکی گەرم و گوڕیان کردم دایکی نەساخ بوو بڕیک حەب و دەرمانم پێ بوو دامیێ. زۆری دوعا بۆکردم. ژنەکان بۆم بەپرۆش بوون. دیار بوو زۆری وەک منیان بەڕێکردبوو. دوایی ڕوخانی ڕێژێمی "شا"هەزاران کەس بەو ڕێگا چەخت و تەلانانەدا ئاوای تورکیەکرابوون دەستیان لە هەموو شت هەڵگرتبوو هەر ئەوەند لە دەست حکوومەتی فەسادی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بێت. ئەو دەم کەس ئەو فکرەی نەدەکرد کە ئەو ڕێژێمە ئەوەندە دەمارگرژو سەرەڕۆو دیکتاتۆڕ دەبێت. کە خەڵک خۆزیا بە حکوومەتی بەڕێ دەخوازن. ئەو چاخ کەس لە سەر ئەو بەرژەوەندیە نەبوو کە ئەو دەم و دەزگای ئیسلامیە هەژدیهایەکی چەندسەری لێ دەکەویتەوەو بۆکورد دەبێتە بەڵایەکی عەزیم، کوردستان هەڵدەلووشێ، جارێکی دیکە زوحاک بۆکورد سەر هەڵدەدا. ئەوەش بڵێم کوردستانی باکوور وڵاتێکی کاول بووی وێران، مۆڵگەی جاندارم لە هەموو گوندێک خەڵکی هەژارو بێ دەرەتان مل لەبن نیری کوێلەتی تورکی فاشست زوان بەستراو جل و بەرگ یاساخ کراو بەگشتی لە ژێرچاوە دێری مێت و جاندارمی خوێنڕێژ، هەموو دولینگ لەبەر، ئاخافتن و نووسین بە تورکی هەتاپەنا بەری کوردی پارچەکانی تریش کە دەگەینە وێ خۆیان بەئازەری دەناساند. هەنۆکە کە ئەو دێرانە دەنووسم ڕێکەوت 2006/4/1ی زایینی یە، هەرچەنە کوردستانی باشوور بووە بەفیدڕاڵ و بە ڕیز کاک مەسعود بۆتە سەرۆکی کوردستان، نیچیر بارزانی بووە بە سەرۆک وەزیرانی کوردستان و مام جەلای سەرکۆماری ئێڕاقی فیدڕاڵە. بەڵام لە کوردستانی باکوور(تورکیە) زەبرو زەنگی حکوومەت هەر توندە، بەڵام خۆپێشاندانی کوردان لە شارەکانی کوردستان دژ ڕێژیمی خوینمژی تورکیە بەردەوامە. بە قەولی بەڕێز کاک ئەحمەد قازی وەحا وەرەوە سەرخەتێ...پاش وچانێک لەو مدبەقە گەورە ئەمنیان بردە هۆدەیەکی پاک و خاوین، نانی بەیانیان هێنا کە بریتی لە ڕۆنی کەرە، هەنگوین سەرشیر، ماڵێکی بەسامان بوون تەلەفزیون و تەلەفوون یان هوبوو دەست و جێ بەتەلەفوون لەگەڵ زاوای فارسیان قسەکرد کەلەگوندێکی هاوسێیان بوو. ئەمە مالی سلیمان برای فارس بوو نزیکەی ساعات 11ی کاک نوسرەت برای ژنی فارس هات بەماشینی خۆی ئەمنی لەگەڵ خۆی هەڵگرت بردیە ماڵی خۆیان کە ڕێگای نیوساعات دەبوو،

ماڵەکی خۆشی هەبوو بەتەلەفوون لەگەڵ ماڵی فارس لەشاری (وان) کە خێزانم و منداڵەکانم لێ بوون قسەی کردو مزگێنی هاتنی منی پێ ڕاگەیاندن. دوایی ئەمن لەگەڵ خیزانم قسەم کردو پێم گوت سبحەینە بەرەو وان دەکەومەڕێ. کابرا لە مەڕ پارەلێی پرسیم گوتم حەوت هەزار دۆلارم لە لایە دراوەکەی لێ وەرگرتم و بەقەرا 100دۆلاری لیرەی تورکیە دامە، بەیانی ئەمنی لەگەڵ خۆی سواری ماشین کردو بەرەوپاسگای جاندارم لە وێ پێی گوتم ئەمن ئەوە دەچمەژوور لەگەڵ ڕێس پاسگا تەختەنەرد دەکەم ئەتۆ لێرە دانیشە لەوانەیە گروهبانەکان بۆ گوێ هەڵخستن لە ڕادیۆ بێنە ناو ماشین کە هاتن ئەتۆ دەست وەبەرچەند بدە وانیشاندە کە ددانت دێشێت. کە قسەشیان کرد هەر بە دەست جواب بدەوە. هەرکەکابرا ڕۆیی دووگروهبان هاتنە نێوماشین و ڕادیویان کردەوە. کە ئەمنیان وەهادێت کە هەرسەرم ڕادەژێنم پشتان تێکردم و خەرێکی ڕادێۆ بوون. بەڵام لە ڕاستیدا وەخت بوو لە ترسان بتۆقم. ڕۆینی کابرا زیدەتر لە دووساعاتی خایاند کە لە من بە دوو ساڵ تێپەڕ بوو. کە هاتەوە دەستی لە دەستی گروهبانەکان ناو خوداحافیزی لێ کردن کە وەڕی کەوتین گوتی: چاکم باب گان! ئەوجار ئەمنی بردەکوێرە گوندێک کە هەر سێ چوارماڵ دەبوو. ئەوماڵەی کە ئەمنی پێ ئەسپاردن مالی کەمالیان پێدەگوت دووکوڕو داپیرەک بوو. گەلەک هەژاربوون. بەکوڕەکانی گوت: ئەوە دۆستی فارسەو شوێنێکی پێ گوتن نزیکەی 50 دۆلار لیرەی تورکی دانێ ئیدی خواحافزی کردوو ڕۆیی. ئەمن شەولەو ماڵە مامەوە کوڕەکان زۆر ڕۆگەش و بەدەماخ بوون. بەیانی ئەسپیان لە تەویلە دەرکێشاو زینیان کرد،گوتم؟ ڕێگاکە دوورە گوتیان ناوەڵلا ئەوەتا لە پشت ئەو بستووەیە، گوتم کەوایە ئەسپەکە بەرنەوە لەگەڵ ئێوە بەپیادە دێم، کەوتینە ڕێ هەربڕۆ مەگەیێ!9ساعات بەکێوو هەورازو نشیوو دا ڕۆیشتین. دەیان بستوو گەروومان بڕی نزیکەی ڕۆژ ئاوا کە بەڕاستی لە لاق کەوتبووم گەینە ئەو گوندە. لەکانی و گۆلاوێک نزیک ئاوەدانی دانیشتین ئەوان دەست نوێژیان هەلگرت و نویژیان کرد. تەواوی ولاتەکە بۆنی ئیسلامیەکی توندی لێدەهات خەڵکەکی نەزان و جاهیل و خەڕافاتی. کە ڕۆژ ئاوابوو ملی ڕێگان گرت. لەوگوندە ئەمنیان تەسلیمی خاوەن ماڵ کرد. بۆ خۆیان هەر بەوشەوە گەڕانەوە. ماڵەکە پڕ لە حەشیمەت بوو زۆربەی میوان بوون کۆلکە مەلایەکیشی لێ بوو. هۆدەیەکی گەورە پڕ لە فەڕشی خۆماڵی و دەستەنوێن و پاڵنگدان. بەرماڵ هەرلەعەرد بوو هەر یەکە چەند نویژیان دەکرد. لە ئیسلامەتی هەرئەوەندەیان دەزانی. کە ئەوهام دێ کە هەر یەک گوێز لە هەمبانەی خۆی دەژمێرێ خۆم بەمەلا ناساند بە سەیدە سەیدە کەوتنە دووم بردمیانە لای سەرێ دوو متەکەی گەورەیان وەبەر پشت و باسک دام هەتاکات ژمێری 12نیوەشەو نەیانهێشت بنووم . بەیانی زوو دۆڵمیشی موسافربەر هاتە بەردەرکەی مزگەوت کە لە ڕەخ ماڵەکەیان بوو. کە چووین سواربین خاوەن ماڵ پێی گوتم ئەوە دەچین بۆشاری (وان) لە ناوماشین دا قسەمەکە. لێرە سەباب و خۆ فرۆش زۆرن. بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی: کە گەینە سێ ڕێیان لە وێ عەسکەر ماشین ئۆغڵەمە (تەفتیش ) دەکەن و لەچایخانەکە ئێمە دێینەخوار، ئەتۆ زوو خۆ بگەێنە چایخانەکە. بەم جۆرە کە ئەوڕینوێنی کردبووم کە گەینە وێ خەڵک دابەزین بەبەر دەمی سەربازەکاندا لە لەگەڵ موسافیرەکان چووین قاوەخانەکە. هەتا چایەکمان خواردەوە کاری پشکنینەوەش دوایی هات. بەرەو وان وەڕێکەوتین. لە شاری وان، کابرا تاکسی بۆ ماڵی فارس گرت بۆخۆشی لەگەڵم هات. فارس یەکێک لە قاچاغچیەکانی نیودەوڵەتی بوو. خاوەنی چەند دەست هوتێل و موغازەو لەو شارە بە ناوبانگ بوو. خانووبەرەیەکی جندی دورست کرد بوو حەوشەکی گەورەی کوردانەو تەژی لەداری بەر. ڕیکەوت 5/6/ 1369ی هەتاوی گەینەماڵی فارس لەشاری وان،کە چووینە ژوور منداڵەکان لەگەڵ زارۆکی دەوان خەریک گەمەو هەڵڕوسکان بە دارەکان بوون. ئەوکات ئەمن گەیمە وێ 20 ڕۆژ بووخێزانم و منداڵەکانم لە وێ بوون. زۆریان ڕێزو حوڕمەت لێنابوون. هاوسەری فارس ژنێکی سادەو دڵ و دەرون هاوەلا بوو. کاک فارس لە(ئەستەنبۆڵ)بوو لەوێ ڕا دووجار بە تەلەفوون خیزانمی بەخێر هاتن کردبوو جارەکەش سەری ماڵی دابوو. کە ئەمنیش گەیمە وێ بە تەلەفوون بە خیرهاتنی کردم و داوای لێدەکردم هەر لەلای بمێنمەوە. لەگەڵی کاربکەم دیاربوو پڕکارو سەرقاڵ بوو بەری وەماڵ نەبوو. ئەوبنەماڵە بەگشتی نەخویندەوار بوون دەنا کوڕەکی حەزبی هەبوو. بە تێگڕایی لە مەسەلەی نەتەوەیی

نائاگادار بوون. هەر بەدوایی مامەلەو پارە وەکۆ کردن بوون و مامەلەکەیان هێرۆئین بوو. کە لە ئەفغانستان ڕا دەهاتە ئێران و لەوێ ڕا بۆ تورکیە، لەوێش بۆ ئۆڕوپا دەناردرا. بەو هۆیەوە کوردی لێواری سنورە دەستکردەکانیی کوردستانی باکوورو ڕۆژهەلاَت ساماندار بوون. دەنا ئەوانی تر بەکۆ هەژار بوون. بەلاَم ڕێژیمی تورکیە لە مەڕ ڕەگەزپەرستیو دەمارگرژی فاشست ترین داگیرکەری کوردستان دێتە حیساب. ئەوە ڕێچکەی شوینی ئاتاتورکی گۆڕبەگۆڕە! پیویست بوو دوایی حەسانەوە بەرەو ئانکارا پێتەختی تورکیە بڕوین و لەوێ بە ناوی پەنابەر خۆمان بە یوئێن بناسێنین. بەلاَم چونکە پاسپۆرتم نەبوو دەبا فکری بۆکراباوە. چونکە لە ڕێگا لە هەموو خالَەکانی پشکنین عەسکەر دەهاتە ناوماشین چاوی بە موسافرەکاندا دەخشاند ئەگەرلە کەسیک زەنین بوایە لێی دەکۆلَیەوە. قەرار بوو پێناسی تەقەلووبیم بۆساز کەن بەلاَم کە دوایی زاوای فارس هات و پارەکەی بۆ هێنامەوە گوتی پێوست بەمە ناکات. چوو بلَیتی بۆ بڕین و سواری ماشینی خۆی کردین لە دەرەوەی شار ڕاوستاین هەتا ئوتوبوس هات. ڕیکەوت 69/5/8ی هەتاوی بوو. خواحافزین لێکردن و بەرەو ئانکارا کەوتینە ڕێ. هەر وەک ئامازم پێکرد لە خالَی دە پشکنین کە عەسکەرێک دەهاتە ناوماشین هەرچاوێکی پێدادەخشاندو دەگەڕاوە. ئەزقەزا ئەوشەوی ژنیک لەناو ماشین مندالَی بوو هێنایانە خوار، ماشینیان بۆگرت بەرەیان کردەوە. بەلاَم چونکە هەژار بوو پارەیان لە موسافران بۆ کۆکردەوە. ئێمە کە گەینە ئانکارا هەر لە ترمینالَ بەنیازی مالَی کاک علی حەسنیانی بەرەوشاری قەیسەریەمان باداوە. ناوبرا نووسەرو شاعێرو پارێزەر(وەکیل) بوو. لە زستانی 1368ی هەتاوی ئەمن بۆ تورکیەم بەلاش بەرێ کردبوو. دووحەوتوو لە مالَی خۆم حاشار دابووو. دوایی پەڕینەوی وی بەچیا دا، بۆخۆم بە پاسپۆرت چووبوومە (گەوەڕێ) لە وێ ڕا بەقاچاغچیدا بۆ ئانکارام بەرێ کردبوو. دەجا کاک عەلی ئەوچاکەیەم پێ قەرزدار بوو. چەندجاریش لە ئانکارا پەیوەندی تەلەفوونی لە گەلَ گرتبووم و خۆی بەدەیینداری ئەوپیاوەتیەی من دەزانی. خێزانێشی مەمنوونی ڕادەگەیاند. بۆیە زۆرم هیوا لە سەر هەلَچنیبوو. دەمەویست لە نزیکەوە بێدینم گرێپووچکەی دلَمی بۆ وەکەم لەکاروباری خۆمی تێگەێنم. چونکە فکرم دەکردەوە ئەو بەرلەمن لەوێیە ئاگاداری کاری پەنابەرە دەتوانێت ببێتە پالَپشت. لە قەیسەریە بەو ناوو نیشانەی کە دابووی دۆزیمانەوە. لای ڕۆژ ئاوا گەینە مالَەکەی کەلە ژێرزەمێنیک دابوو زیلوەکی دڕاوی چلکن دوو سێ پەتوە شڕەو قاپ و کەوچکی پەنابەری و کوڕێکی پێرۆی لە وژنە هەبوو. خیزانی کێژێکی ئازەبی لە مێردی پێشوو لەلابوو. لە مێردی ئەولَ تەلاق درابوو. بەلاَم ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام خۆگیف دانی خیزانی بوو لە دلَی خومان دا وان دانابوو چاکە چاکەی دێنێت ئیدی خۆمان بە حەساوە دەزانی. بەلاَم هێشتا چایی حازر نەبوو باسی کەیس دورست کردن هاتەکۆڕ. ژنەکە ڕووی لەکاک عەلی کردوو گوتی: ئەوە سرتوو قورتان لە چییە؟! نەکەی لەکەیسی ئێمە شتێک بدرکێنێ! خۆ ئەتۆ(کەیس) نووس نی! لە ئیران وەکیل بووی تێی ڕیایی هەرئەوە ماوە لە(یوئێن) ببی بەکەیس نووس! ئێمە کە کاک عەلیمان وەک براگەورە دانابوو چاوەڕوانی ئەو قسانەمان نەدەکرد واقن ورما. جارەکی تر ڕووی لەکاک عەلی کردوگوتی: ئەوە بۆ دەلَێی ئاغای پالَت داوەتەوە هەستە ئەو قاپ و کەوچکانە بشوو دووسێ هێلکان لە ڕۆنی بکە با قوزەلَقورتێک بخۆین! کاک عەلی دەست و جێ ڕاپەڕی خەریکی ئامان شوشتن بوو چەندهێلکەی لەڕۆن کرد سفرەی دانا. ئەوجار ژنەکەی ڕووی لە ئێمەکردو گوتی: باپێو بلَێم مالَی ئێمەو شاری قەیسەری بۆ ئێوە نابێت بە تایبەت ئەتۆ کە پاسپۆرتت نییە، پولیس بزانیت ئێمەش دیپۆت دەکاتەوە. دوایی ئیستیک چوودەرو گەڕاوە گوتی: ئەی بابانم خەرابوو بەخودا پۆلیس بۆنی کردوە. کاک عەلی هات دەم بکاتەوەو شتێک بلَێت...بەگڕی داهات گوتی: ئەتۆ چ دەزانی هەر کڕبە! باسی تەلەفوونی بەشیشە هاتەگۆڕ (خەلَکەکە ئەوپارەیان نەبوو بە تیل تەلەفوونیان دەکرد.) خێزانیشم هەلَێدایە گوتی کە وایە لەگەلَ کاک عەلی بچوو زەنگەکی بۆ ئێران لێبدە. دیسان لێن قیت بۆوە ڕاستەو خۆ لێمان دەرهەلَ بوو نانا بەخوای پۆلیس بە دوای ئێوەدا دەگەڕێ. ئێمەڕابردووی خۆمان بۆئێوە خەراپ ناکەین. ناچاروازمان لە وەش هێنا. پاشان لەگەلَ کاک عەلی چووینە مالَی پەنابەرێک بە درەنگەوە خەوتین کە بەیانی لە خەوهەستاین هەستمان کرد پڕوپرێسکەی بۆ تێک نابووین. دەی هەستن درەنگەبڕۆن! بەخوا خەونم دێوە پۆلیس دێ

دەتان گرن! بەروترمینالڕ ڕێنداگرت کاک عەلی لە بەرخەجاڵەت سەری هەڵنەدەهات لەگەڵمان هاتە ترمینالڕ 4بلێت مان کڕی ئەویشمان لەگەڵ خۆ بردەئانکارا. ناو براولەڕێگا پریسکەی دڵی کردەوە ئەوگەڕاوە ئێمە لەڕیکەوتی 5/9/ هوتیلمان لەئانکاراگرت شەوی بە/2000لیر،هوتیلمان گرت، پاش مودەتێک ڕۆژێک لەبەر دەرکەی یوئێن چاومان بەکاک عەلی کەوەت لەگەڵ خێزانی و کیژەکەی هاتبوون. ژنەهونەرپێشەکەی بێ سەرو سڵاو هاتە ناو خەڵکەکە گوتی قەبوول بووە،گوتیان چتۆ دەزانی؟ گوتی: کەلێیان پرسیم گوتم: ئۆکەی،کەچی بە داخەوە بەدرەنگەوە قەبووڵ بوون، هەتا دووجاریان ڕاندۆیان درایە، پەروندەکەیان بەسترا دوایی وەکیلێک کە دۆستی شەهید دکتۆرقاسملوو بوو زۆری ئاریکاری پەنابەری کوردی دەدا قەبووڵی کرد، ئەو ژنە هێندە پرتەو بۆڵەی لە سەر کرد کە نەیدەزانی چ بکات ئەویش لە هەندەران کە بەدیزە بەدەرخۆنە بە سەریان دا تێدەپەڕم. لە ئاکامدا کاک عەلی حەسنیان وەکیل، نووسەر، شاعێر، نیشتمان پەروەو گەل پەرست و پیاوی ناو پیاوان، ڕوگەش و دەم بەپێکەنین لە دەستی ئەو ژنە دەغەزی هەڵێناو لە کەمپی وڵاتی فینلاند ئەمری خوای کرد. گەلێک حەیف و مخابن بوو، ژنەکەش کە هێشتا کفنی کاک عەلی زەرد نەبوو مێردی سیهەمینی کردوە. ئێمە خانوەکمان بەکرێ گرت کە هەمووشتی تیدابوو بە/700دۆلاری ئامریکایی لەڕیکەوتی 1990/9/20لەدابەشکردندا رسقن کەوتەشاری کۆنیا.ولە1990/10/18 لەلایان ئوئین وەکوو پەنابەری سیاسی وەرگیران. لە1990/10/31 فورمی ئار ئیف ئیف،مان پڕکردەوە ئەمما 1991/3/15پزشکیان بۆ هاتەوە و91/3/17 چوینەئانکارا.ڕیکەوتی 91/5/15دیسان پزیشکی،91/5/16بۆ ئانکارای چوین ڕیکەوت 91/6/3 دیسان پزشکی. وکاک فاروق 91/6/18پروازی ئوستڕالیای هەبوو.

**(ماڵ بەکرێ گرتن)**

ئێمەکەل وپەلی پەنابەرێکی بە ڕەگەز فارسو مەجاهیدمان بە700دۆلار کرییەوە. هەرلەوخانوەش داجێگربووین کەبەکریی گرتبوو مانگانە کرێیەکەی 120هەزار لیربوو ئەوکات لیر لەبەرامبەر ئەمڕۆدا لە برەو بوو 120هەزارلیر 100دۆلاربوو ئێستا دۆلارێکی ئامریکائی یەکو نیو ملوین لیرەی تورکە. بنایەکە کەل و پەلی زۆر تێدابوو. کابرای مەجاهید کیژێکی خانم و ئاقل و دلڕەکێش و دەم بەپێکەنین و جوانی هەبوو بەرەو وڵاتی کەنەدا دەڕۆیی. دوایی خانوو، کەوتینە فکری خۆناساندن بە یوئێن، و چونکە ئەمن پاسپۆرتم نەبوو خێزانم و منداڵەکانیشم بێ پاسپۆرت بەیوئێن ناساند. ڕیکەوت 69/5/12ی هەتاوی لە یوئێن نامەن بۆ پۆلیس وەرگرت. بەڵام ئەوکات ئەوەی لە یوئێن دەگۆترا دەبا پێچەوانەکەی لە پۆلیس گوترابوایە، ئەو هەی پاسپۆرتی نەبوایە بۆ پۆلیس دەبوو بەنێچیرو دەیانرۆتاندەوە، بۆ بەرتیل شەرمەگێلاخە لەگۆرێدا نەبوو. زۆریان بەیدی بەیدی پێکردین. سەرئەنجام بۆ(شاری کۆنیان) بەڕێ کردین کە باسەکەی پاشان دەگێڕمەوە کە پەنابەر دەگەییە ئانکارا نوینەری حیزب و سازمانی کۆمەڵە لێی کۆدەبوونەوە خاوەن. لەنێو ئەو دوو حیزبەش حاڵەتێکی ڕق بەرقە هاتبوو کایە، هەلپەرست توانیان کەلکی نابەجێی لێ وەرگرن. چ لێکۆڵینەوەکی ئەوهاش لەگۆڕێ نەبوو کەلەنیوان پەنابەرو دەرپەڕاندراو محەک بێت. لە هێندێک شوین تلکس ببوو بە پارتی گەلێک مرۆڤی خەباتگێر گل درانەوە، یان بەپاش داگەڕانەوە. لایەکی تر دۆزینەوەی نوێنەری حیزب هاسان نەبوو. چونکە ساوەمای ئێران لەگەڵ ئیستخباراتی تورکیە_مێت) ڕێککەوتبوون. بە هۆی ئەوپیلانە دەیان پەنابەر لە شارەکانی تورکیە ڕفاندران و شرت وگوم کران! هێندێک جار ئیستخباراتی ئێران بە جل و بەرگی پۆلیسی تورک پەنابەریان دەڕفاندو دەکوشت و تەرمەکەیان فرێدەدا چۆلگە. سەرو بنی حەوتوو لەلایەن مێت، پۆلیس بانگ دەکرا، پەلپێ پێدەگیرا درۆی بۆ هەڵدەبەسترا. ئەوکەرەت بە قەرەقۆڵی گەڕەک دەناساندرا دەبوایە هەموو ڕۆژ دەفتەری حازر غایب ئیمزا بکات. ئەوەی بە سامان بوایە دراوی دەزاری هەمووان کوشێبوایە نیسکۆڵەیەک بۆرشکەی حەسانەوەی هەست پێ دەکرد. بەلام ئەوهەی بۆی بووز نەخواردبوایە ژیانی لێ حەرام دەبوو هەتا ئەگەر پەنابەر قەبوولیش بوایە پۆلیس بەرگی وەدەرکەوتنی(خرووجی) نەدابوایە دەماوە. ئەوانەش بە گشتی پەیوەندیان بە

بەرتیل بوو. لە ڕاستیدا پۆلیس فرچکی بەدرۆ گرتبوو دەجا خەڵکیان لە ئاوێنەی خۆیان دا دەدی و پێیان سەیر بوو کە مرۆڤ ڕاست بێژ بێت. پەنابەری بێ پاسپۆرت دوایی کرۆسینەوە کملیک (پێناسی) دەدرایە بۆ شارەکانی دێکە بەڕێ دەکرا. زۆرانیش بە ئەنقەست وایان دەکرد دوایی پاسپۆرتەکەیان دەفرۆشت کە قاچاغچی بە دەست تێوەردان و تەقولوب کەلکیان لێ وەردەگرت. پەنابەرانی کورد لە شارەکان بەنهێنی کۆمیتەی حیزبیان پێکدێنا، لەو ساخ نەکردنەوەدا ئی لایانگرانی حکوومەتیشیان ڕەگەڵ کەوتبوو. بەڵێ زۆرلە وانەی سەردەمێک نۆکەرایەتی ئاخوندیان دەکرد کە باریان لێخوار دەبوو دەردەپەڕاندران تلکیسی حیزبیان دەدا، زۆریش هەرکرێگرتەی ڕێژیم بوون خۆیان دەوقاڵمە قاڵمە پەستاوتبوو. هەواوکەشی نۆکەرایەتیەکەیان گۆڕیبوو (کەیسی) ئەندام ولایانگرانی حیزبیان دەدا. ئەمە حەق کوژیەکی مەزن دەرحەق ئەندامی حیزب و سازمانی کۆمەڵەبوو ڕەنگە ئەوتاس و حەمامە ئێستاش هەر بەردەوام بێت. ئەمما وەکیلی یوئێن هێندێک بەکەڕامەت و دڵۆڤان و بەشەر دۆست و کامڵ بوون بازێک بەپەڵپوو بیانوو دڵڕەق و جینگەنەو واسواسی ...یەکێک لەو،وەکیلانەی کەکەیسی پەنابەرەکانی رەت دەکردوە ژنێکی کانەدای بوو بەناوی (تەنیس) پەروەندەی ئێمەیان دابوو بە ئەو. بەڵام چوونکە ئەمن کەیسی ئەدەبی سیاسیم دابوو ئەوکەیسە لەیوئین تازەبوو چی بۆنەکرا. لە1990/8/18 لە سەرشێعرەکان شی کردنەوەی خوست دیلمانج کاک دکتۆرشادمان خەڵکی کوردستانی باشوور بوو. بە پێچەوانەی دیلمانجی فارس یەکجار ئاگاداری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو قسەکانی منی بێ کەم و زیاد بەپۆختو پاراوی وەردەگێرا. کە زوو قەبوڵ بووین. دوایی پاش دابەش کردن بەسەر شارەکاندا لە زستانێک ساردو سەرما، بۆ پرکردنەوەی (ئاڕاڕاف) کە ئی پارەوەرگرتنی مانگانە لە یوئین بوو لەکۆنیا ڕا چووینە ئانکاڕاو لەبەر دەرکەی یوئێن چاومان بەکاک کەمال پوریان کەوەت. ناو براولە قەیسەریە دەژی هەتاخودا حەزبکات ئاقڵ و ماندو نەناس و نیشتمان پەروە بوو. لە وێش بەرپرسی کۆمیتەی حیزب بوو. دوایی ڕسقی کەوتە وڵاتی کانەدا. لە مێژ ساڵە لە سەڵت و ڕەبەنی ڕزگاری بووە خوداکوڕێکی داوەتێ ناوی(ئالان) وبۆخۆیو زانستگای (شەهادەی) ئەندازیاری تەواوکردوە. بەقەولی کاک ئەحمەدی قازی وەحە وەرەوەسەرخەتێ...کاتیک بەنامەی یوئێن خۆمان بە پۆلیس ناساند دەستیان بەپەڵپوو بیانوو کرد داوای پاسپۆرتیان دەکرد،دەیانگوت هەتانە و بە ئەنقەست بێ پاسپۆرتان خۆ ناساندووە، بێنەو بەرەیەکی زۆر ماوەی حەوتوویێک هاتووچویان پێکردین لە ڕاستیدا چاویان لە بەرتیل بوو بێ پارەحازر نەبوون دەست بەردارمان بن،مەجبوور شتیکمان لە زاری کوشین و دەستیان لە ئازارمان هەڵگرت ئەوجار چێڕۆکی کملیک هێنان وبردن دراو وەرگرتن،کە پێشەی خۆیان بوو لێی خێبرەو پسپۆر بوون،ئەو جار ئەویش کە بە هەزارکیشە دوایی هات نورەی دابەشکردنی پەنابەرانی بێ پاسپۆرت هات، چونکە ئەوهەی پاسپۆرتی هەبوایە سێ مانگ جاریک دەبوایە سنووری پەڕاندبوایە دەناپۆلیس جەریمەی دەکرد، دیارە لە ئانکاڕادەمانەوە بەڵام ئەوانەی بێ پاسپۆرت خۆیان دەناساند بۆ شارەکانی دیکەی تورکیە دابەش دەکران. بەپەیویست دەزانم هینديک بگەڕێمەوە دوایی،لەڕێکەوتی 1990/8/15ی زایینی لەجانکایەی ئانکاڕا چوینە یوئێن،ئەوکات کاک پیرۆت وکاک ئەحمەد ڕۆژباش بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتیکوردستانی ئێران لەئانکاڕابوون،وەکێلی ئێمەلە یوئێن خامەکی کانادایی بوو بەناوی (تنیس) کەپەنابەربەگشتی لێی ناڕازی بوون، چونکە لە سەدان یەکی قبوڵ نەدەکرد،دێتەوە بیرم کاتێک لە یوئین پێیان ڕاگەیاندین کە خانم تنیس پارێزەری ئێوەیە،ڕەحمەتی کاک عەلی حەسنیان زۆر چڕژا،نابراو بەدەست ئەو ڕاندۆی درابۆیە دەووسیەکەی درابوو وەکیلێکی دیکە،بەداخەوە ناوەکەم وەبیر نەماوە، خەڵکی هۆلەند بوو خۆی بەموخلیسی شەهید قاسملوو دەزانی،وکاک سەلاح زەرزاشی دەناسی،ناوبراو گەلێک یارمەتی پەنابەرە کوردەکانی لەیوئین دا.

من ومنداڵەکانم لە 1990/9/20ی زایینی بەدەستووری پۆلیس تەقسیم کراین ودراینە شاری(کۆنیا)کەشارەکی مەزەبیە،مەرقەدی (مەولەوی مەلا جەلالەدین بەلخی) وشەمسی تەورێزی) لەوێیە. وەزعیکی نالەبارمان بۆ هاتەپێش،چونەکە ئێمە لەکاتی خۆ ناساندن بە یوئین لە هۆدەیەکی پەنابەریک جێگربووین و کەل و پەلی مەڵەکەمان

بە/700دۆلاری ئامریکایی کڕیبوو،ئیدی ناچاربووین هۆدەکە گاڵەدەین و کرێیەکەش بدەین،چونکە لەودەم ودەستەدا کەسمان بۆ پەیدا نەدەبوو شتوومەکەکەی پێبفرۆشین، لەبەربێ جێی وڕێی لەکوێناگوێزتنەوەکەش بووزی نەدەخوارد. چەند ڕۆژێک بەوهیوایە خۆمان گێزراند قەمی بتوانین چارەیەک وەدۆزین،بەلاَم پۆلیس لە سەرئەمە سووربوو بەزۆر دەرمان کات وسیپاڵەکانمان لێ فڕێدا، سێ سەرەی لە سەر هەڵنەدەگرتین ناچاررەگەڵی کەوتین وبەرەو کۆنیا ڕۆیین. وەک وەبیرم بێت کاک فاروق قادری لە /1990/10/13ی زایینی گەیبوو شاری ئانکارا،لە ماڵی کاک مەنسوور برای کاک مەسعود فاروقی، لەگەڵ چەند پەنابەرێکی سەڵت ببوونە هاومەنزڵ.
لە کۆنیا بەهەزار دەردەسەر هۆدەیەکمان دۆزیەوە،پاش قەدەرحەیامێک پەنابەرێکمان بۆ لەئانکارادیتراوە،دەیگوت مەجاهیدی خەڵقەو کەلو پەلەکەی بە/500دۆلار لێکڕین،ئەم گیروگرفتەشمان لەکۆڵ بۆوە، ڕێکەوتی 1990/10/18 کاک فاڕوق تەقسیم کرایە کۆنیا،شەودرەنگ وەختانێک لەگەڵ ئەمیرعەزیزی و کاک ئەفشین هاتنە ماڵی ئێمە،بەپێچەوانەی ئانکارا ماڵی کۆنیامان لە کۆنە گورگ دەچوو، کە بریتی بوو لە هۆدەیەکی 4*3ئێمە 5کەس بووین بەوسێ کەسەبووین بە8کەس. دوایی چەند ڕۆژ برایم ئاغاو کاک سەلاح بایەزیدیش درانە کۆنیا،دەگەڵ کاک فاڕوق وئەمیر عەزیزی و کاک ئەفشین لە ژێرخانی ئەوماڵەی ئێمە لێی بووین هۆدەیەکیان بەکرێ گرت کە دەرودیواری هەموو کەڕەو برشی هەڵێنابوو. خاوەن ماڵەکە ناوی بایرەم تاج بوو،دەیگوت مامۆستای قوتابخانەیە،کەچی لە گەڵ لیرەک ڕوحی دەر دەچوو. هێندێک لە پەنابەرەکان دەستیان لەکارەبا وەردەدا و پێی حەسا بوونەوە،بەلاَم ئێمە جگەلەوەی نەماندەزانی لە بەر کارایەکی حەپەنگ کە لە گەڵمان لە خانوەک دابوو نەماندەوێرا،دەترساین ڕاپۆرتمان لێبدا،پۆلیس سووسەی کردبوو بەرقی ماڵەکانی چێک دەکرد. وردەوردە ساردو سەرمای زستان داهات،تورکیە بە سەر تورکە ڕەگەز پەرستەکاندا بە قوڕگیرێ، خۆ لە بەر دووکەڵی ڕەژی کە پێی دەلێن(کۆمر)کەس هەتا سەعات 9ی بەیانی لە شەقامەکان یەکتری نەدەناسی،وەک ڕێوی قانگدراومان لێهاتبوو. شتوومەکی خواردەمەنی هەموو ڕۆژی چەند قات گران دەبوو،کە بەتورکی پێی دەڵێن(زام). هەتا داشقەیەکمان (ڕەژی)دەکریچەقی مەرگمان دەدا،بەڕاستی تورکەکان تیتاڵیان دەپەنابەران دەهاإند،کەپێیان دەگوتن(یەبانجی) شتیان چەند قات گرانترپێ دەفرۆشتن، هەتا بارێکمان ڕەژی دەهێناوە دەبوایە سەرلەبەرجل وبەرگمان بشوتباوە،لە ناو هۆدەکەش هەموو لاق و لەتەرمان ڕەش دەبوو،بێلامانە کونەتفنکی هەمووکەس لە لوولەکورە پتر بەری گرتبوو،دەست وپلمان وەها ڕەش ببووبە ئەسپۆن خاوێن نەدەبۆوە،بیانوو پەڵپی قەرەقۆل(پاسگا) لەولا ڕاوەستی دەبوایە هەموو ڕۆژ دەفتەری حازرغاییبیان ئیمزا بکردایە،پۆلیسی تورکیەش کەبۆ لیرەک وەزگیان دەدا،وا فێری بەرتیل ئەستاندن لە پەنابەر ببوون، مەپرسە،هەموویان دە سەرە شەقۆنان گرتبووین،ڕۆژێ شڵتاخێکیان پێ دەکردین،ئەوهەی پارەی هەبوایە بۆی دەبوونەکەر،خەڵکەکە دوولێنگیان بە سەردادێنان،هەوهەی پارەی نەبوایە لێی دەبوونە بەرازی لموزدرێژ ودەردی سەگیان پێ دەکرد. بەزم و ڕەزمی تەلەفونی بە شێشەش هەڵلایەکی دیکەی سازکردبوو،پەنابەر ئەو پووڵەیان نەبوو فێرببوون بە تێل و سیم تەلەفونیان دەکرد،پۆلیس بەمەسەلەکەی زانیبوو،وەک چاوئێشەدارلێیان دەگەڕا. زۆر جارتۆمەتی بەهی بێ تاوانیش دەکرد، تەڕوئیشک پێکەوە دەسووتا،زۆرکەس وێی کەوت،ئەوەش هەجەت بوو بۆ تیتاڵ تێهالاندن،ڕێگە تەختکردن بۆ بەرتیل ئەستاندن. هەموو ڕۆژێ پەنابەر لە کوردستانی ئێران بەڕیوە بوو. ئەوهەی نەیدەزانی حیزب بەری چ داریکەکە دەگەیە ئانکارا،هەوای دەرەوەی وڵاتی لەکەللەی دەدا،خۆی دەگایاندە(جانکایا) لەبەردەرکەی یوئین پەنابەر دەورەیان دەدا، حیزبی دێموکڕات،کۆمەڵە یان گروپێکی دیکە دەیان لاواندەوە،دەست وجێ کەیسەکیان بۆسەرلەبەر دەنووسی، دەیانکردە فەرماندەی لک،فەرماندەی هێز،بەشی شەهیدان،هێزی بەرگری، بەرپرسی تەشکیلات،جاری وابوو ئەندامی دەفتەری سیاسیشی دەگرتەوە! تلێکسیان بۆ لەسەرقائیم و هاوپێچ دەکرد. بەداخەوە زۆرکەسی خەراپ توانیان بەم جۆرەکەیسانە خۆیان بگەیننە دەرەوەی وڵات،زۆر کەسی موستەحەقیش حەق کوژیان لەگەڵ کرا،دیپۆت کرانەوە،یان بە پاشداگەڕانەوە،کوردگوتەنی: زۆرچەت وچاڵ وخاپەڕۆک و بنەبێژینگ توانیان لەو پردە، بە خوینی هەزاران شەهید

هەڵبەسترابوو بەسووک و ئاسانی بپەڕنەوە،لایەکی دیکە ساپۆرتی پەنابەرەکان یان بڵێین ئەوەی بەناوی پەنابەر چووبوونە هەندەران، دەنا مافیان بەسەرپەنابەر وەنەبوو،لەوناوە کەلکیان وەرگرت،هیتریان ساپۆرت کرد،هی زۆربێ کەلک و......چوونەدەرەوەی وڵات،پاشان دیتمان کە دۆلارچاوی نووساندن،کوردگوتەنی لە سەردڕکی خۆیان شین بوونەوە. ئەوشمان لەبیرنەچێت پاش ماوەیەک ئیستخباڕاتی تورکیە(میت)دەگەڵ ئیتلاعاتی پاسدارانی ئێران پەیوەندی گرێدا،پەنابەری کورد بەپارە بەئێران فرۆشران،دیپۆت وڕفاندن و کوشتنی پەنابەرە کوردەکان ترس و لەرزێکی تری خستە دڵی هەموو پەنابەرێک،ڕفاندن و شەهیدکردنی کاک عەلی کاشف پوور بەرلەوەی ئیمە بگەینە شاری کۆنیا،بەدەست پۆلیسی تورک یان بڵێن(میت) هاتبوودی. وەک دەیانگێراوەنوێژی شێوان چەند پۆلیس لەدەرکەی ماڵی شەهید عەلی کاشف پووردەدن،ودەچنە ژوور،لەبەرچاوی ژن ومنداڵەکانی دەستی ناوبراو دەبەستن،هاوارو گریانی منداڵەکانی وپڕکیشی خۆی هیچ دادی دادا،دەیڕفێنن،منداڵەکانی دەستەوجێ بۆ هەموو شوێنکی پۆلیس تەلەفوون دەکەن بەلام وەلام وەناگرن، کەس بەهاواریانەوە ناچێت! دوایی دوو ڕۆژ تەرمی شەهید کاک عەلی لە دەرەوەی شاری کۆنیا، دەدۆزنەوە. چەندپەنابەری دیکەش هەربەمجۆرە لە شارەکانی دیکەی تورکیە بەدەستی ئیستخباراتی تورکیە شەهیدکران، و یوئین بەتەواوی ئاگاداری مەسەلەکە بوو،نامەیەکی ئیدارەی موهاجرەتی ئوسترالیا هێندیک شت دەدرکێنێ: ئەمە دەقی نامەکەیە بەزوانی ئینگلیزی: لەساڵەکانی 1992-1993-1994،کەپەردە لە سەر جینایەتەکانی ئێران و تورکیە هەڵدەداتەوە:

**(چێرۆکی تەلەفوونی بەشیشە)**

تەلەفوونی بەتێل هەڵلاو بەزمەکی دیکەی ساز کردبوو. ئەوانەی لە سەر ئەو مەسەلە دەگێران زوانیان لە ئی دێکەش دەدا. پۆلیس بە دوای بیانوو دەگرا، دەیڕوتاندنەوە. ئەوەی لەکن بۆتکەی تەلەفوون گێرابوایە تیتاڵیان بۆ هەڵدەبەست ڕەگەڵ ئەوانی‌تر ڕەپێچەکی پۆلیسخانەیان دەکرد. ئەمە پاروە چەورەی پۆلیس بوو. دەجا شەوانە وەک چاوێشە دار بەکووچەو کۆلاناندا دەگەڕان، ئەوەی وەبەر هاتبوایەو پارەی نەدابوایە دەکەوتە بەر دارکاری لێپرسینەوەش نەبوو. پۆلیسی تورکیەیی چاوچبۆک و برسی بێ بەزە بوون هەر بە ئەنقەست ڕاوەیان لە پەنابەران دادەبەشی بەتورکی پێیان دەگوین(بیانجی). ئەم ئەبانجیانە بۆ وان ببوون بەپەز شەوڕۆژ دەیانبڕینەوە، تەماحیان هەتا لەقابڵەو دیزەلە شکاو لێفەو پەتوەشڕەی پەنابەرانیش کردبوو. ئەوەی زانیبویان پارەیەکی هەیە بێ گومان تیتالێیان تیدالاند هەتا نەیانڕۆتاند باوە، دەستیان لێ هەڵنەدەگرت. کەم کەس لەمە قوتاربوونی دەبوو. لە لایەکی دیکەش ئیستخباراتی تورکیەو ئێران بۆگرتن و کوشتنی پەنابەران کلکیان لێک هالاندبوو. بۆیەکە شەو دادەهات پەنابەر نوستینیان لە حەڕام دەبوو زۆرکەس شەوانە شوێنی نوستنی دەگۆڕی. ئەمە دەم دەزگای تورکیەو شوینەواری گلاوی ئاتاتورکی فاشیستی ڕەگەزپەرست بوو. لە سەرئەم حاڵەش کاروانی پەنابەران لەئیران هەربەرێوەوەبوو بەردەرگای یوئین لە سەفی دوورو دریژی پەنابەران دارماڵ بوو.

**(بەزمی ڕۆژوو)**

خەڵکی تورکیە بەسەرجەمو شاری کۆنیا بەتایبەت خەڕافاتی و جاهیل بوون. مانگی ڕەمەزان بە تەپڵ و زوڕنا خەڵکیان بۆ(پارشیو) وەخەبەر دەهێنا، پەنابەریشیان بەو زڕە زڕە لە خەو قێت دەکردەوە. لە نویژیان دەکۆڵیەوە هەر بە ئەنقست وایان دەکرد. جارێک لە خۆیان نەدەپرسی پەنابەری ڕووت و قووت و برسی کە بۆ نانی ویشک باوێشکیان دەیێتێ و هەر یەکە کۆشە منداڵێکیان بە ئەستۆ وەبوو بە چ ڕۆژوو بگرن. بە ئەکمەکی ویشک! کە سەگ پێی دەخنکێ! نەخیر دەست بەردارنەبوون. دەهاتنە بەردەرگا ڕووی زوڕنایان لە پەنجەرە دەکرد، کە چی بەگەشتی دزوو درۆزن و

حەرامخۆر بوون.  بەڵام پەنابەر لێیان وەسەر فێل کەوتبوون کە تەپەی تەپڵ دەهات چرایان وێدەخست یانی وەخەبەرین ئیدی دەنووستنەوە.

**(زامی ڕۆژانە)**

نرخی ڕسقو خواردەمەنی ڕۆژ بە ڕۆژ دەچوۆ سەر کە ئەوان بەزوانی تورکی پێیان دەگوت (زام) ئەوکات (120) هەزار لیرەی تورک 100دۆلاری ئامریکایی بوو. ئەوکات ئێمەمانگانە450هەزار لیرمان وەردەگرت هەنۆکە وەک دەڵێن بنەماڵەیەک 150 ملوین لیر وەردەگرێت. ئیستکانێک چایی بایی یەک ملوین لیرە.

**(گەرانەوەم لەکۆنیا بۆ گەوەڕ)**

ئەمن کاتێک لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات وەدەرکەوتم جل و بەرگ و ساکوو لەگەڵ بازێک شت وەبرادەرێک دا کرپییەکەشم دایێ کە بەدوای مندا بۆم بەرێ کاتە شاری گەوەڕ،بەڵام ئەو بارەی کاک سەید نیزام هەر نەگەیی. ئەمنیش دەستم وەچ ڕانەدەگەییشت. ئەوشتانەش هەر چەند بێ بایەخ بوون بەڵام بۆ ئێمەی پەنابەر لە تورکیە گرنگی هەبوو. دیارە کابراش بۆی لەگویی گادا نوستبوو. دوایی حەوت مانگ بە سەر مەسەلەکە دا کاک سراج ئەدینی کوری بەڕیز مەلا شەمس ئەدین وەڵامی ناردبوو کە شتەکان لێرەن. قاقەزێکم لە بەرپرسی پۆلیسی کۆنیا وەرگرت. کە ناوی ئەبوو بەکر،بوو دەرجەی سەرگورد بوو لەڕێکەوتی لە1990/12/24زاییینی کاوەی کوڕم کەئەوکات 16مانگانە دەبوو لەگەڵ خۆ برد. لە ڕێگا کاتی بینزین لێدان لە ماشین دابەزیم کە بڕێک شیرنی بۆ بکڕم ماشین ڕۆیی کوڕەکشم تێداماوە. دەردەسەرێک مەگین خودا بزانێت جا وەرە ماشین دەربەست بگرەو بە دوایدا بڕوو لە ڕێگا گرتمەوە چەقەی من و لێخوڕ هێشتا وەختابوو قەرزداریشم کەت. بەڵام موسافیری دەکورد لێی بڵێند بوون و دەمکوتیان کرت. چووینە وێ میوانی کاک سڕادەجەدین بووین کە ئەوکات لە هوتێل ئۆوا دەشوغلێ. دوایی دوو ڕۆژ گەڕامەو کۆنیا. سوپاسی کاک سیڕاجەدینیش دەکەم بۆ ئەو هەموو لوتف و موحیبەتەی کە دەرحەق بە ئێمە کردی. کاک سراجەدین پیاوەکی ئیکجار پیاوانە بوو ئەوشەوەی کەلەلای مامەوە خۆشمان گوزەراند ناوبراو مدیری هوتیل (ئۆوا) بوو کە تازە دورست کرابوو شاری گەوڕ کە لە خاڵی سنوور هەڵکەوتوو دایم و دەرهەم تەژی لەکوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، هەرچەند پۆلیسی تورک گەلیک فاشیستن بەڵام بەهۆی بەرتیل خۆری قسەیان لەگەڵ دەکرێ. ئێمە دوایی 48ساعات گەڕاینەوە کۆنیا. لە ڕیکەوتی 1991/1/18 چوینەبالویزی ئوستڕالیا وقەبووڵ بوین.دەبوایە پروازەکەمان 1991/3/12بوایە بەڵام بەهۆی مەسەلەی پزیشکی بە1991/8/1وەپاش کەوت. لەڕیکەوتی 1991/2/10 بۆ سەرەخۆشی کاک حەسەن ئاغای دەشمس چوینە قەیسەرییەی سەرە خۆشیمان لەکاک فاروق وکاک کەماڵ پوریان کرد. کەل وپەلی خواردەمەنی ئیکجارگران بوو کیلۆیەک ماست /5500وکیلۆی گۆشت/18000لیر،ونان هەردانەی/1000لیرلەئانکاڕابەڵام لەکۆنیا/600 لیربوو سواری ماشینی دۆڵمیش لەناوشار.1000لیربوو لەرێکەوتی 1369/11/29هەتاوی نامەیەکم لە فەتاح بەدەست گەیشت نوسرابوو کامرانی برازام لە1369/11/13ی هەتاوی لەگەڵ 26سەربازی دیکە کە خزمەتیان تەوابووو کە لە دیواندەر سنە(سنندج)ماشین وەردەگەڕی هەموویان جوانەمەرگ دەبن. ئەمە بۆمن عەمێکی قورس بوو بەڕاستی کامڕان حەیفی کرد.

**(بەرەو شاری قونیە)**

وەک ئاماژم پێکردوە لە دابەشکردندا کەوتینە شاری قۆنیە. مەرقەدی شاعێری بەناوبانگ مەولەوی بەلخی،کەدیوانی هۆنراوەکانی بەناوی شەمسی تەورێزیە، لەو شارەیە. مەولەوی لەگەڵ ئەولیا چەڵەبی و شەش کەسی‌تر لە هاوفکرانی لەناو گەمبەزەکە دا نیژراون. هەرچەند مەولەوی ئێرانیەو بە زوانی فارسی شێعری گوتوە بەڵام چونکە مەزەبی سوننە بوو تورکی تورکیە بە هی خۆی حیساب دەکەن. هەرچەند ناتوانن دێڕێک لە شێعرەکانی وەخوێنن! ئێمە نزیکەی 10مانگ لە شاری قۆنیە ماینەوە. لە مەڕ مەزەب وەکوو شاری (قوم)ی ئێران دەچێت. ئەومزگەوتەی لەپەنا گومبەزی مەولەوی دورست کراوە مێژووی بۆ 500 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. یانی 1500 ی زایینی بەڵام دەڵێی تازە دورست کراوە، ئەو بەردە گەورانە ئەوها چوار قولینچک چلۆن و بە چ وەسیلەیەک هێندراون و چتۆ وەسەر دیوار یەخستراون. ئەو کۆڵەکە درێژو داتاشراوو تاس و لووس کراوانەی لە پارچە بەردو لەبەر هەیوان و بێڵا سەرنجی هەموو گەڕیدەو سەیاحێک ڕادەکێشێت. بەڵام شەمسی تەورێزی بە تەنیا لە مزگەتێک بە خاک ئەسپاردراوە کە بە دەگمەن گەڕیدەو دەرەکی بە شوێنی گڵکۆی دەزانن. هەرچەند مەولەوی ئەو شێعرانەی لە ئیشقی شەمس گوتوە. کتێبەکەشی بە ناوی (شەمسی تەورێزی) بڵاوکردۆتەوە،گۆیائەوکات شەمسی تەورێزی تەمەنی شیست ساڵ بووە. دانیشتوانی شاری قۆنیە بۆگەریدەی ئۆروپایی وشەی(گاور) بکاردەبەن، شیعەشیان بە ڕافزی دازانی. ئێمە ئەوچەندکەسە بانگ کراینە پۆلیس: 1-باجەسارا بۆ خۆی‌وکاک فەوادی کوڕی لەگەڵ کیژە چکۆڵەکەی کە هەنۆکە کاک فەواد ژنی هێناوەو خوشکەکەی ئارایشگەرە . 2- کاک ڕەسوو مینا کە ئەوکات سەڵت و ڕەبەن بوو ئێستا بۆتە خاوەن ژن و منداڵ لە ڕێکەوتی مانگی 2005/8 خوداکوڕێکی بە ناوی (شێروان) داوەتێ سامانێشی یەک مانگانەیە، خێزانی میهری ژنێکی تێگەیشتوو دێتە بەرچاو زوریش ئاقڵە. کاک ڕەسوو ،وەک بۆخۆی دەڵێ: دووساڵ دانشگای دیوە بەڵام ژیانی تەک و تەنیایی لێی ببوو بەلەمپەر هیوادارە بۆی بلوی لێی بەردەوام بێت. ناوبراو لەوکەسانە نییە کە دونیای کردبێتە تەنگەوتیل و لە پشتی هەڵدابێت. مرۆڤێکی جوامێرە توورەکەی بۆ پاشەکەوت هەڵنەدروە دەیەوێ ماڵەکەی بۆنی ئاشتی لێوەبێت تاسەی وەسەریەک نانی سامان نییە خوازیارە بەسەر بڵێندیی و بژی و لەکوێ بەقەتیێ هەر لە وێی گرێداتەوە. یەکجار قسەی پێخۆشە ئەگەر کۆڕێک مرۆڤ دانیشن دەیەوێ هەر بۆخۆی لە جیاتی هەمووان قسەبکات زۆرجار کە پێکەوە لەماڵی وان یان ماڵی ئێمە دادەنیشین و فیلمەکی تەفزیوون چاو لێدەکەین تەواوی داستانەکەی فیلمەکە دووپات دەکاتەوە ئەگەر بەزوانی کوردیش بێ! کاک ڕەسوو زوو توورە دەبێ وەک دەڵێن زووئاشت دەبێتەوە.3-لاوێکی تر بەناوی کاک مەسعوود فاروقی. لە مێژ ساڵە ئاگاداری ژیانی نیم گۆیا باشی خوێند دۆکتورای شیمی وەرگرت ژنی هێنا کوڕەکی بەناوی (دیاکۆ) هەیە هەموو سیفەتەکانی پیاوانەبوون بەداخەوە ئەو جوامێرە لەمانگی 2006/2/2 لە ماڵی خۆی لە شاری سیدنی ئۆستراڵیا بەدەست بکوژان تێرۆر کراو شەهید بوو. تەرمەکەیان بردەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات. 4-من و خێزانم سێ منداڵی وردیلە بریتی لە نەشمیل،کاوە، زەرزا هەروا چەندکەسی فارس کە ناوەکانم لە بیر ناماون بەگشتی لە ڕێکەوتی 1991/7/28ی زایینی لە شاری قۆنیە بەرەو ئانکارا کەوتینە ڕێ. بەهۆی ئەوە لە دەست مێت، قەرەقوڵ ڕزگاریمان دەهات شەنگوڵ بووین لە شایان دەممان ویکنەدەکەوتەوەو لاقمان لە خۆشی وەعەرد نەدەکەوەت. ئەمە دووهەمین کاروانی پەنابەران بوو کە لە تورکیەوە بەرەو ئۆستەڕاڵیا دەکەوتە ڕێ. کاروانەکەی پێشتر 40ڕۆژبوو گەیبوو ئۆستەڕاڵیا کە ئەو چەند کەسم لێ دەناسین 1-کاک کەماڵ هەورامی دوو کوڕی بە ناوی ئارش وئازاد،2-موحسین سەعدە.3-کاک فاروق قادری لە ئانکارا گروپێکی پەنابەرانی کورد هاتنەپاڵ کە3کەسم لێدەناسین 1-سەیدحەسەن خەڵکی مەهاباد2-کاک جەماڵ شافعی خێزانی سەبری خانم کە کوڕەگەورەکەیان ڕزگار ئەوکات لاوێکی 16ساڵانە دەبوو دووکوڕەکانی دیکەشی 12و5 دەبوون کاک ڕزگار ئەوکات لاوەکی بەحورمەتو قسەخۆش بوو. لە ئوستەراڵیا چ گۆڕانکاری بە سەر دانەهات. هەروا خولقخۆشو بەرێزو ئیحترام مایەوە هەستی کوردایەتی تێدا پەرەی گرت. بەڵام ئەوە 16ساڵ لەوسەردەم تێدەپەڕێ هەروا سەڵتو ڕەبنە گۆیا ئەوەی ئەو دەیەوێ هێشتا لە دایک نەبووە. یان دەبی

بڵێم لەژن هێنان دا واز وازیە، لە ڕاستیدا ئەولاوانەی ئەوها وەدرنگ دەکەون وەک مریشک لە هێلکە دەچنەوە. هیوادارین کە پەلەبکات. 3-کاک سامی کە ئەوکات دووکیژی گچکەی هەبوو گۆیا خودا کوڕەکیشی داوەتێ. لە مێژ ساڵە هاتووچۆمان نییە مەگین شایی و سەیرانێک بە هەڵکەوت تێک هەڵنگۆین. بەڵام مرۆڤێکی لاتەریکە ئەو بەم مانایە نییە لە دونیا بێخەبەرە بێگومان لە دڵی خۆیدا گلەو گازەندەی زۆرە بەڵام بە خۆی دەوەستێتو نایدرکێنێت. لە کاتی شتووماک گوێزتنەوەدا لە ئانکارا بۆناو ئووتووبووس لە وێ چاوم بەکاک سەلاح کەوت کە زاوای کاک فاروق بوو. چاکو خۆشیمان پێکەوە کرد زۆری یارمەتی کەلو پەل داین دوایی ئێمە ڕسقی کەوتە ولاتی نەڕویژ. وەک دەڵێن باشی خویندوەو. بازێک پەنابەری فارسیش بەکاروانەکە زێدەکران. جگە لە ئێمە هەموو پەنابەر فەرشی پەلاستیکیان کرێبوو. بردراینە فرۆکەخانەی (ئەسەتەنبووڵ) لە وێرا بەرە ئوستەرالیا وەرێکەوتین. فرۆکەمان لە فرۆکەخانەی (سەنگاپوور) بۆ موسافیر دابازاندن نێشت. ئەو وچانە دووساعاتی خەیاند. ئەو کات هیچ کام لە ئێمە شتەکی وامان لە بارەی ئوستەڕالیا نەدەزانی ئەوەندە نەبێ کە ولاتێکی ئاژالداری و کشت و کالە وکەوتۆتە ئاخرین خالی دونیا. سەرئەنجام دوایی 24ساعات ڕێکەوت 1991/8/1ی زایینی گەینە فرۆکەخانەی شاری سیدنی. لەناو فرۆکەخانە شتوومەکیان کۆلینەوە. لە سالوون هاتینەدەر. نوێنەری ئیدارەی موهاجیرەتی ئۆستەڕالیا بە چەپکەگوڵێک پێشوازی لێکردین. دیلمانجەکی لەگەل خۆ هێنابوو دوایی پێیان ناساندین کاک دوکتۆر ئەسەد بوو. بەماشین بردیاننە گەڕەکی (لاتەنفیل) کە جێوبانیان لەوێ بۆ ئامادەکردبووین. ڕەستووڕانێک کە جێگای 100کەس بەفرەوانی دەبۆوە، بۆ هەموو پەنابەرەکان هۆدە بەگشت کەل و پەلی خەوتن و سەلاجە تێدابوو. سێ جەمە لە ڕەستووڕاندا چێشتمان دەخوارد هەموو جۆرە خواردەمەینەک بەپێی فیلان بوو، شیرو ئاوی میووەجات بەشێرە بوو هەمووش بەلاش. ئەوکات چێرۆکی جەنەت(بەحەشت) ی وادە پێدراوم هاتەوە بیر! کەگۆیا جۆگەلەی شیرو هەنگوینی پێدا دەڕوا! بەڵام لە بەهەشتی ئوستەڕالیا جۆ گەلەی شیرو ئاوی میوەبوو خۆراگی جۆراجۆری پێدا دەڕۆیی. بە سەدان تەیرو تواری ڕەنگاو ڕەنگ لە سەر دارەکان دەهاتنە بەرچاو. کە هەریەک بە جۆرە ئاوازێک دەیخویندو جۆرە ئاهەنگەکی لێ دەهاتە بن کوێچکە. دەیان تووتی ڕەنگاو ڕەنگی لێدەدیترا مرۆڤ لە بەربۆنی گولان مەست و سەرخۆش دەبوو. هەموو وەرزەکانی بەهاربوون سروشت بە قەلەمی پەروەردگار ڕایزاندبۆوە. بەڵام دارو دەوەن دەشت و چۆگەلە و بەرزایی و نەویایی و دەریاو وشکایی بۆنی نامۆیی لێدەهات. هەستی غەریبی و هەلوەدایی پەروازەبوون لە نشتیمان وەک هەورێکی ڕەش بەسەر دل و دەرووندا ڕاکشابوو. هەتا لە هوستیل بووین چەند جارێک بەرپرسی ئیدارەی موهاجەرت لە سالوونی هوستیل قسەی بۆدەکردین. کاک دکتۆر ئەسەد وشە بە وشە بۆ وەردەگێڕاینەوە سەرزوانی کوردی و فارسی. هەرئەوێ ڕۆژێش گەینە هوستێل کاک جەمال شافعی ژانی دەلاقی وەستاو بەپەلە ڕفاندیان بۆ نەخۆشخانە لەو حالەش دا سەبری خانمی خیزانی بە ئۆستەڕالیا ڕازی نەبوو گڕنەی لە ولاتانی ئۆڕوپا گرتبوو. لەو هوستێلە پێیان ڕاگەیاندین کە پارەی چێشت دووحەوتوو جارێک دەبێ بدرێت کە مووچەی پەنابەران بە دوو حەوتوو دەدرێت. هەرواپێیان گوتین ئەوانەی حیساب خوش بن لەکاتی خۆیاندا پارەی غەزا بدەنەوە دوایی کە لە هوتێل وەدەرکەوەتن بەچەک بۆیان دەنێردرێتەوە. هەرچەند بۆمەی خەلکی ( میدلیست ) کە فرچکمان بەدرۆو دەلەسەی ولاتەکەن گرتبوو بەمێشکن وەنەنووسا بەڵام ئەوان بە قەولی خۆیان وەفاکردو پارەی دووحەوتوویان بە چەک بە ناونیشانی مالەپەنابەرەکان دا ناردەوە. لەڕێکەوتی 1991/8/15ئێمەیان بەکۆ بەردینە (کام وێلس بانک)کە حیسابی بانکین بۆبکەنەوە، ئەمما بۆ حیساب کردنەوە چەند دۆلارێک بۆ هەرخاوەن حیساب پێویست بوو. باش بوو کاک موحسین 20دۆلاری دابوو بەکاک فەواد ناوبراو لەوپارەیە 10دۆلاری بۆحیساب کردنەوە دابەئێمە. ئەوەلین حقووقی بنەمالەی ئێمە بەدوو حەوتوو(950) دۆلار بوو لە ماوەیە کەلە هوستێل بوون جگە لە کاک دکتۆر ئەسەد، دکتۆر عادل، کاک مەحمود عۆنەیی، کاک مستەفا خەلیل و کاک ڕزاچۆپان سەریان داین. هەروا کاک کەمال ئەورامی کە کاک جەمال شافعی میوان کرد ئێمەشی هەڵنەبوارد. سوپاسی دەکەم دوو کوڕی دیکەش بەناوی جەمال و یەعقووب کەبەر لە ئێمە گەیبوونە ئوستەڕالیا کە کاک ڕەسوو میناو کاک

مسعود فاڕوقیان دەناسی لە هوستێل سەری ئەوانیان دا لەگەڵ ئێمەشیان چاک و خۆشی کرد. هەرواکاک نادر کە لە گەڵ دکتۆر ئەسەد دەهات سەری دەداین. ئەو سەردەم جگە لەچەند کوردی کوردستانی باکوورو سورێیە کوردی لێ نەبوو. بۆیە هاتنی ئەو دووکاروانە خۆشحاڵی تەوای خستبوو دڵیان. لەوماوە کە لە هوستێل بووین دووجار بۆ گەڕانو سووڕانو چاوکراوەیی بەکۆمەڵیان بردنیانە ناو شار. شێوەی بڵیت کڕینو سواری شەمەندەفەریان فێرکردین. بەڵام بۆ ئەوەی لێک هەڵنەبڕێنو،ون نەبین هەریەکە لەتە کارتۆنێکیان بە هەودایەک لەمل خستین. کە ناوی هەریەک لە ئێمەی لە سەر نووسرا بوو. دوایی مانگێک کەوتینە فکری خانوو بەکرێگرتن. کاک دکتۆر ئەسەد خانوو بەرەیەکی لەگەڕەکی (مێری لەند) حەوتووی بۆ بە(150) دۆلار بۆگرتین. کاک جەماڵ و بازێکی دیکە هەر لە مێری لەند خانوویان بۆ بەکرێ گێرا. ئەو شەوەی کە لە ماڵ نشتەجێ بووین نەڕایەخ و پێخەف و نە کارەبا گریدابوو. هۆدەی دەساردوو سڕ، ئێوارە کە هەواوبان تارێک بوو منالەکانمان لە ناوجل و بەرگی خۆمان وەرپێچا بۆخوشمان لەلایان هەڵتروژەکاین. لەوکاتە ئەستەمە دالە دەرکەیان دا کردمانەوە کاک کەماڵ ئەورامی بوو. کە وەزعەکەی ئەو هادێت زۆرمان بۆ بەپەرۆش بوو. گوتی: بە ڕاستی دیوەکەتان ساردە لە قسەکانی بەردەوام بوو گوتی: دەمەویست بۆ نانخواردن ببوومەوە ماڵ بەڵام بەشەو گەڕانەوەتان موشکل دەبێت. ئەوشەو هەڵکەن سبحەینە وادەکەین کارەباتان بۆ وەسل کەن. گوتمان کە وایە تکات لێدەکەین قاپە ماستیکمان بۆ بکرە شوینی بازار پێ نازانین. کاک کەماڵ زۆر زووگەڕاوە بەڵام لە جیاتی ماستی ئاسایی ماستی میوەیی بۆکڕیبوین. سوپاسی دەکەین. دوایی وی جارەکی دیکە لە دەرکەیان دا ئەوجار کابرایەکی قەد بڵیندی سمێڵ چەخماخی بوو. بەکوردی چاک و خۆشی لە گەڵ کردین خۆی بەکەریم شەیپۆڕی ناساند گوتی خەڵکی سنەیە. کە دیتی ئێمە هیچمان نییەو منداڵەکانمان لەسەر زیلوو لەناوجل و بەرگی خۆماندا پێچاوەتەوە درێژ کردوە گوتی: خەڵکی کوێن گوتمان کوردستانی ڕۆژ هەڵات و دانیشتووی شاری شنۆین. گوتی بۆیە پرسیارو لێدەکەم داخوا قەت و نان بەکەس داوە کوڕە چما ئیمە پیاونین ئەمن جیناری ئێوەم بۆچ هاتوونەتە ئەوهۆدە ساردوسڕە! دەی هەستن وەپێشم کەون بۆماڵی ئێمە هەرچەند شێرو ڕێویمان بۆ هێناوە فایدەی نەبوو وەپێشەخۆی داین ماڵێکی گەرم وو گوڕو پاکژو خاوێن. ناوبراو دوو کوڕو کێژێکی هەبوو منداڵەکانی وەک ئێمە سەروپێچکە بوون. خیزانی بەگەرمی برخێرهاتنی کردین. دەستووجێ چێشتیان بۆ دورست کردینو بۆ خەوتن نەیانهێشت بینەوە لە وێ ماینەوە سبحەینە دەرگای کارێژی کردەوە ئەو شتوومەکەی کە بۆ پەنابەریان وەرگرتبوو لە ئیختیاری ناین. کە برێتی لە: دۆشەک، تەخت، پەتوو، قاپ و قاچاخ لەگویزتنەوەش دائاریکاری کردین. کاک کەریم نزیکەی شەش مانگ دەبوو. گەیبووو ئۆستەڕاڵیا هەتاخوا حەزبکات جوامێرو پیاوانەو زار بەپێکەنین و تەکلیف خۆش بوو. دڵی پڕ لە هەستی کوردایەتی بوو. ئەوەندەی جیناری ئەو بووین لەچاکەو پیاوەتی بەدەر نەماندی. بەڵام کە ئیمە لە بەر شەداری خانوەکە دوایی 9مانگ گویزتمانەوە گەڕکی(واک وێرفام) کە بە(لیڤرپۆل) وەبوو. لێک دوورکەوتین و هەڵبڕاین. چونکە شتاق ماشینمان نەبوو بە هەڵکەوت جەژن وەجەژن یان لە شایی و سەیراندا یەکترمان دەدێت. بەڵام محیبەتەکانی هەر لە لامان زیندوون. هەنۆکەش ئەوچاکانەی ئەویمان لە بەرچاوە لەساڵی 1966 کە ئێمە بە ماڵەوە بەرەو پاریزگای کویزلەند بارمان کرد. بە هۆی نەبوونی ناوونیشانی ماڵ یەکترمان نەدیتەوە. شاری سیدنی گەورەتر لەوەیە کە مرۆڤ بێ ئادرێسو ژمارە تەلەفوون یەکتری بدۆزیتەوە. ئەوەش بڵێم ئەوکات لە ناوچەی مێریلەند منداڵەکانن لە قوتابخانە ناونووسی کرد رێکەوت 1991/10/5زاییینی بوو. بە هەڵکەوت تووشی کاک ڕەزا چۆپان بووین لەگەڵمان هاتە قوتابخانە لە مەڕ زوان یارمەتی داین. ماڵەکەی کاک ڕەزا لەکن مەدرەسە بوو. دیارە منداڵەکان دەڤەرەکەیان بۆ ناموو بوو. چونکە زوانیان نەدەزانی، وەک هەتیو لە قوژبنێک پێکەوە هەڵکورمابوون. ئەوکات کە بە هۆی تەوفیری کلاسەکان لێکتریان جیاکردنەوە یەکی بۆ هۆدەیەکی قوتابخانەیان بردن کۆڵەوگریان لە ئەوکی دا مابوو. پاشان وردە وردە لێڕاهاتن. ئەو ڕۆژێ کاک ڕەزا ئێمەی بردەماڵی خۆیان چایەکمان لەماڵی خوارد هەرچەند ئەو لە شێوە ئاخافتنی ئێمە باش حاڵی نەدەبوو. بەڵام ئەمە قسەکانی ئەومان پێ خۆش بوو. ناوبراو کوردێکی ڕاستو بێ غەل و غەشبوو. چونکە

ماشینن نەبوو هەموو ڕۆژی منداڵەکانن بەپەیا دەبردو ئێواران دەچووین دەمانهێنانەوە. هەتاکوو ماڵەکەن بردە( وار ویک فام ) کە بە هەڵکەوت ڕوو بەرووی قوتابخانە بوو. ئیدی لەو بارەوەو حەساینەوە. ئەوکات ئەم ناوچەیە پاشکەوتووبوو هەنۆکە یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری سیدنی یە،گەورەتری بازارو کتێبخانەو نەخۆشخانەی لێ دورست کراوە. ناوبازارو، خانوو بەرەو پارکەکانی تازە کراوەتەوە. دوایی بردیاننە مەدرەسەی گەوران کلاسەکە 500 ساعات بوو بازێک هەربەوەندە وەدوای کارکەوتن لە چاخی کارکردن زوانەکەیان مشت و ماڵ کرد. هەرچەند زوانی محاورە زوانی ئەدەبی نییە. بەڵام لە ئۆستەراڵیا کە لە نیوەی پتر موهاجیرن هەرکەس بەزوانی خۆی قسە دەکات. ئینگلیزیەکە هەر بەشی حاڵی بوونە لە ڕاستیدا زبان فیربوون بۆ منداڵ وەک ئاوی خواردنەوەیە. هەرلەگەمە فیری دەبن بەڵام بۆ مرۆی پیر زەحمەتە چونکە دۆستی دەرەکی بۆ نادۆزریتەوە لە قوتابخانەش قوتابیەکان وەک خۆی زوان نەزانو کۆڵەوارن. بۆیە مرۆڤی بەتەمەن ئەگەر ئیش نەکات بە درەنگەوە فێری زوان دەبێت. دەرس خویندنەکەشی فۆڕمەلیتە بوو. من و خێزانم جگەلە سەرەتایی هەریەک دووساڵیش چووینە کالیج بەڵام ئەمن هەمێشە نووسینم لە قسەباشتر بوو. قەت من و خێزانم بۆ دەرس خویندن نەکەوتینە کن یەک. هەر یەک لە شوێنێک ئەوکات بەدەگمەن ئی وامان تێدابوو کە فکری کۆپە ئاخنین بێت. ئەو هەی خاوەن ژن و منداڵ بوو دەیان ئارەزوویان بۆ منداڵەکانیان لە دڵداجێ کردبۆوە. لاوەکانیش لە فرۆکەوانی و پارێزەر بگرە هەتا داوەری دادگە. بێگومان هیچ کام لە ئێمە نەماندەزانی کە منداڵەکانن بەپارەی سۆسیال هەرزان فرۆش کردووە. ڕەنگە هەنۆکەش ئی واکەم نەبن کە لەم ڕاستییە حاشابکەن. ئێستا ئەوە 17،ساڵی ڕەبەق لەوسەردەم تێدەپەڕێت. ئەو هەموو تاسەو ئاواتانە بوونەتە بڵقی سەرئاو. ئەوهەی بەرەو دانشگاش ڕۆیون ژمارەیان لەپەنجەی دەست تێ پەڕ ناکات. زۆریش بەنیوەچڵ بەجێیان هێشتووە. بەشی زۆری پەنابەران بۆنەتە کرێکار، نەقاش، لێخوڕی تاکسی و... ئەوەی خانوویان کڕیوە ئەگەر نەمرن دوایی 30ساڵ دەبنە خاوەن خانوو. ئەو کات کە ئێمە هاتین ئەوکوردانەی ئەستەڕاڵیا هەر چەند پێکەوە ناتەبابوون بەڵام کۆمەڵەیەکی کوردیان پیکهێنا بوو. لە سەر ئەو هەموو ناکۆکی سەلیقە توانیبوویان جی پێیەک بۆخۆیان لەو وڵاتە بکەنەوە. زوربەیان زاناو پسپۆرو دەرس خوێن و بەئەزموون و دنیا دیدە بوون. کاک مستەفاخەلیل، کاک شاهین بەکر، جگە لەکاری دیکە لەڕادیوو دەشوغڵین. کە حەوتووی رۆژێک بە زوانی کوردی بوو. بە هۆی زۆرکار کردن ئازموونێکی تەواویان بە دەست هێنا بوو. ئەو دوو کەسایەتیە خەڵکی کوردستانی سوورییە بوون. دەجا زوانی عارەبیان دەزانی چەند کوردی تورکیەشی لێ بوون یەک لەوان کاک ڕەزا چۆپان بوو. ناوبراو ئاگاداری دۆخی سیاسی و شاعێربوو. کاک دکتۆرئەسەد کاک مستەفا خەلیل هەڵسووڕانی باشیان لە دامەزراندنی پەنابەران هەبوو. زۆریان ڕێزلێ ناین گەلێک حورمەتیان گرتین. زاڤمان پێوە ماندوو بوون. بەدەیان کەڕەت مێوانداریان کردین پێکیان ناساندین ئەوکات کاروانی پەنابەر بۆ ئۆستەڕاڵیا سەری کرابۆوە. هەموو سەرو بنی مانگ پەنابەری لێدادەبەزی. ئەوکەسایەتیانە ئێمەیان بەماڵ و منداڵەوە بانگێشتن دەکردو بە ماشینی خۆیان دەهێناو دەبرد. ئێستا فکری لێدەکەمەوە، دەڵێم ئەوچاکەیە قەت نادرێتەوە. ئەمن خۆم بە دەینداری ئەوهەموو ڕێز لێگرتنەی کوردانە دەزانم. تایبەت کاک مەحموود کۆنەیی کە مامۆستای قوتابخانە بوو زۆرمان لە گەڵ ماندوو بوو. جگە لە وەش ئەو بەڕێزانە لە سەر داب و نەریتی کوردەواری بەماڵمان وەهاتن. کە هێشتا نەمانتوانی بوو کەل و پەل بکڕین. شتیان بۆ دەهێنایین کاک ڕەزا چۆپان یەکەمین کەس بوو کە پێمان وەهات کورسی و پێخەفی بۆ هێنایین، کاک دۆکتۆر ئەسەد سەرویسی قاپی چینی، کاک دکتۆر عادل کورەیەکی کارەبای هێنابوو ئەوانە هەستی کوردایەتی بووین.دوایی لە هوستێل دەرچوون ئەوەی پێکەوە هاتبووین لێک هەڵبڕاین هەر بنەماڵەی کەوتە گەڕەکێک. بەشی زۆری لە(مێریلەند )و (پاڕاماتا ) خانوویان گرت کاک فاڕوق قادری سەردەمێک لە شاری (کافساربوو) نشتەجێ ببوو دوایی نشتەرگەری گەڕاوە سیدنی، ساڵێک پیکەوە بووین، پاشان یەک دوو ئاشنای هاتنە ئۆستەڕاڵیا لە پاڕاماتا خانوی گرت دوایی دایکی هات سەرئەنجام لە ساڵی 1997ی زایینی کە ئێمە لە پارێزگای(ئوستان) ی کویزلەند بووین ژنی هێنا. لە ڕێکەوتی 2005/1/15خودا

دووکیژی دوانەی دایە ولە2005/4/16ناسری برای لە سیدنی شەهید کراولە قەبرستانی (لیدکامبە) بخاک ئەسپاردرا. و بۆخۆی جارێکی ترلە/2007/4/20نشتەرگەری کراوە.

**(هاتنی کاک موتەلیب بۆ تورکیەو دیپۆرتی)**

کاک موتەلیب ڕەحیم زادە بەدرەنگەوە بۆ دەرەوەی ولاّت وە جەم وجۆڵ کەوت پێم وایە1955 بوو. کە ئاگاداربووم ساپورتم کرد. دوایی موشکیلەی پۆلیسی بۆ هاتە. پێش لەمانگی 5ی 1995ی زایینی بەنیازی دیپۆت ناردراوە شاری وان. کیژی سەید مووسەوی کە ئاگاداری وەزعەکە ببوو بەتەلەفوون ئاگاداری کردم. مەسەلەکەم لە ئۆستەراڵیا لەگەڵ بەرپرسی کۆمەڵەی نیوساوێز کەئەوکات کاک ڕەشید بوو هێناگۆڕ ناوبراو دەست و جی فەکسی بۆ یوئێن کردو نیگەرانی خۆی دەربڕی بە خۆشحاڵیەوە گەڕانەوەی موتەلیب لە دیپۆت بەفەکس وەلاّم داوە. بەلاّم چونکە حالاّتێکی نائاسایی هاتبوو پێش لە ڕێکەوتی 1995/7/7بۆ ولاّتی سوئید بەڕێ کرا. ئەمە دەقەی تلکس بەزوانی ئینگلیزی:

Kurden New South Wales Kurdish Association Of The New South Wales Komel
P.O BOX 60
PARRAMATTA NSW Tel (02) 6083033
serving the community Fax (02) 6083033

UNITED NATIONS
17 Abidn Daver Sokar
Cankaya ANKARA
Turkey 29 May 1995

Dear sir/madam
As a Kurdish association of New South Wales we have been providing support to the new arrival as well as we sponsored a group of kurdish families and individuals who having hard time in countried other than theirhomeland.
sponsor his brother to accept One of the active member in our association Hamid Rashidi. Mr. Hamid for migration to Australia under the Refugee and an application for Mr Abdulla Raheemzadeh Humanitarian program processing.
Mr. A. Raheemzadeh escaped from Iranian Regime without any properdocuments to Turkey, there for UNITED NATION.
In Turkey accept him as Refugee and Reference No 1152-20/24. Mr Raheemzadeh address in Turkey informed he has been deported by Turkish police to Hakari was PK 73 aksaray-68101 Turkey. We him to Iran the there it is possible to deport him to iran. In case deportation Region and from

result will be an execution even without legal triab. So please help him until  to join his step brother be accepting him in Australia. We will be grateful if  you consider by A.Raheemzadeh’s case and protection from Turkey police.
Thank you.

KURDISH ASSOCIATION OF NEW SOUTH WALES
P.O BOX 60
PARRAMATTA 2124
N.S.W. AUSTRALIA

Yours sincerely
Reshid Youis Zawity
The Secretary of Kurdish Association of N.S.W

**بەرەوولاتی سوئید.**

ئەمن لەکریسمەتی 1996ی زایینی سەفەرم بۆ ولاتی سوئید کرد. هۆیەکەش سەردانی موتەلیب و چاپی کتێبی فریزوو بوو کەلە ئۆیترالیا چاپەمەنی کوردی نەبوو. بە داخەو ئێستاش لێی نییە. کە ئەمن بۆ سوئد دەچووم لە ئوسترالیا وەرزی هاوین بوو. بەلام لە وێ سەرەتای زستان، ، ئەویش چ زستانیک دارو بدرد دەیبەست. لە ولاتانی کەندیناوی. 9مانگ زستانە هاوینەکەشی گەرم نییە چێرۆکی شەوو ڕۆژەکەشی لەولا ڕاوەستیت کەلە سەرەتای زستان لە24ساعات دا 2ساعات ڕۆژە. دوایی وای لێدی کە 2ساعات ببیتەشەو. فڕۆکەکەمان لە(سەنگاپوور) گۆڕا بەرەو ئۆرپا جارێکیتر کەوتینە ڕێ لە(هۆلەند) بە تەیارەکی چووکە بەرەو سوئید وەرێکەوتین. لە پەنجەری فرۆکە دەمروانی هەموو بەفری لێ نێشتبوو. هەواو بان تەم و مژبوو زوقمەکی سارد بالی بەسەرهەرداکێشابوو. موتەلیب لە شاری (یاولە) راهاتبوو فڕۆکەخانەی ئیسیکهولم لە وێ چاوەنواڕی منی دەکرد بەدیتنی یەکجار خوشحال بووم بەلام بە زەحمەت ناسیمەوە. لە مەڕ جەستە گۆڕانکاری بەسەر دا هاتبوو. موتولیب ژیرانە هەستی بەمە کردبوو کە ئەمن پێشبینی ئەو سەرماو سۆلەم نەکردووە. پالتۆیەکی شاقەل دریژ و سەرکلاوی بەن و شال گەردنی مەرەزی بۆ هێنابووم. هەرلە فڕۆکەخانەی ئیستکهولم بە تەلەفوون لەگەل خێزانم قسەم کرد خەبەری دابەزینم لە سوئید پێ ڕاگەیاند. کە دەرکەی سالوونمان بە ڕوکاری دەرێداکردەوە وەخت بوو ڕەقبین. هوتا خۆمان گەیاندە شەمەندەفەر، سەروسوکتمان شۆڕابەی سەهۆلی بە زرێزە پێدا هاتەخوار. فیلمی شەڕی دونیاگرم هاتەوە بیر کە سەربازانی ئەلمانیا لە گەمارۆی ستالینگراد دەبوونە تەختە سەهۆل. هەوایەکی تاریک و تروک گزنگی ڕۆژ لە بن مژوتەم کیژەلووکەی بەفر وەکوو تروسکەی چرا لە پشت پەنجەرەی چلکن بەدی دەکرا وخێرا ئاوا دەبوو. ئەمن بەو کەش و هەوایە ڕانەهاتبووم زۆرم بۆ ناخۆش بوو دلم گیرابوو، گزنگی ڕۆژ لە وێ کیمیای سەعادەت بوو. دیارە وەکی باسیان دەکرد لە ئالگۆڕی شەو ڕۆژ خەلکەکە بۆخەوتن هۆدەکان بە پەتووی ئەستوور کون بڕ دەکەن. بێگۆمان دلی دانیشتوانیشی لە سەهۆل ساردتر بوو. زۆریش دەمارگرژ بوون، بە پەنابەریان دەگوت سەررەش، بێزیان لێ هەلدەستا خۆپێشاندانیان بەدژی وان دەکرد. بەلام ئەوە شتێکی هەموانی نەبوو لە هەرشارێک گروپێک وەک ئیسلامەکەی ئێمە کە بێزیان لەوان هەلدەستێت. (دەستەی خەڕافات) بوون. سێ مانگ لەوساردو سەرمایە دا لە لای موتەلیب مامەوە گەلێک بیرەوەری قەت لە بیر نەچووم لەو سەفەرە لەلاماون. وەک دەزانن ئۆڕوپا ولاتانی پێشکەوتن بەلام لەگەل سروشت چ ناکرێت. حکوومەتی سوئێد گەلێک بەخەلک ماندوو بوو، لەکاتی بەفربارێندا سەدان ماشین خیزیان بۆبە پێشگیری لە هەلخلیسکان بە شەقام و گەڕەک و کۆلانەکان دا دەکرد.

کارەباکەی ئەتۆم بوو، کوژانەوەو کەم بوونی نەبوو خانوەکان بەسەرو بەردورست کرابوون، سەرما زەفەری پێنەدەبردن. دەرگاو پەنجەرەکان دوو دوو پیک وەنرابوون. بەڵام کاری تەبیعەت بوو سروشتی بوو عیلاجی لەگەڵ نەدەکرا. ئەمما شتوومەک چەند قات لە ئۆستڕاڵیا گرانتر بوو بۆ هەڵسەنگان نەدەبوو. ئەوجار لە ئوستڕاڵیا زستان نییەوکرێیی ماشین و شەمەندەفەر تایبەت بۆ ئەوشار ئەوشار لە بە ڕامبەر ئەستڕاڵیا دا ئەوەندە گران بوو ناکرێت باسی لێوەبکرێت. بۆیە هاتووچۆ کەم بوو. ئەمنیش بەو هۆیەوە بۆم نەکرا سەری دۆست و ئاشناو خزمان بدەم. موتەلیب بە پێچەوانەی ئێران کە دوژمنی خویندن بوو قۆڵی لێ هەڵکردبوو زۆرزو ئەو زوانە خواروخیچە فیر ببوو. باشی سەروگوێلاک تێکدەکردەوە. دواییش بەگۆڕ لێی بەردەوام بوو، بەسەریدا زاڵ بوو، زۆرلە ئاشناو دۆستانی موتەلیب میوانداریان کردین. کە بەداخەو ناوەکانم وەبیر ناماوەن. تەنیا کاک ئیحسان خەڵکی کوردستانی باشوورکە هەنۆکە بۆتە فەرمانداری شارک کەرکوک، هەرواکورەکی کاک سەید مووسەوی. موتەلیب گەلیک بەخۆ دا چووبۆوە لە مەڕ مێژووی کوردستان زورشتی دەزانی بە پەرۆشەوەی باس لێوەدەکرد. ئەوانە بەگشتی جیی خوشحاڵی بوون. بەر لە چوونی من بۆ سوئید کاک موتەلیب قەرارو بڕیەی چاپی (فریزووی) لەگەڵ برادەرێکی کۆمەڵە بەناوی کاک مەنسوور کوڕی حاجی نان نەخۆری نەغەدە گرێدا بوو. ناوبراو دەزگای چاپەمەنی لە شاری ئیستکهۆڵم هەبوو لە(یاولە) ڕا دەستنووسی کتێبەکەم بۆ نارد هەرچەند نوسخەچاپ کراوەکان بۆ بژارکردنی هەڵەکان چوارکەڕەت هاتوو چۆیان پێکرا، بەڵام بە داخەوە کە لە ژێر چاپ دەرچوو تەژی لە هەڵەی زەق بوو. هەتا پێرستی بۆ نەکردبوو لەڕاستیدا کاک مەنسور چەند لە کوردی داکۆڵ بوو دوو هێندەش لە بەکارهێنانی چاپەمەنی ناشی و تازەکاربوو. نیزیکەی 2000دۆلاری ئەمریکاییم بۆ 300جلد بۆ نارد بەڵام کە چاوم بە ناوەڕۆکی کتێبەکە کەوت بە60 جلد وازم لەپارەوکتێبەکان هێنا ئیدی گەڕامەوە. خوداو ڕاستان لە چاپی دیکە کە هەلم بۆ بڕخسیت هەڵەکان هەڵگرمەوە وپەڵەکان پینە بکەم. دوایی کاک موتەلیب کە بوو بەسیتی زینی سووئید دووجاربۆ سەری دانم هاتە ئۆستڕاڵیا. کە بیرەوەری یەکجارخوشم لەلان. هەنۆکە کە ئەو بیرە وەریانە دەنووسمەوە ڕێکەوت 2006/4/4ی زایینییە، کاک موتەلیب چەند ساڵێکە ژنی هێناوە کوڕێکی خەنجیلانەی بەناوی(کەوین) هەیە جارجارلەپشت دوربین کامپێتیر کامڕای کامپێتیر دەبیبنین فتوکۆپی خۆیەتی ماشاللە دەڵێی قەندە.

**(بەرەو پارێزگا(ئۆستان) ی کویزلەند.)**

سەرەتای کریسمەتی ساڵی 1999ی زایینی بوو. بۆ ساڵی تازە پشوودانێکی 50ڕۆژە لە قوتابخانە بۆ مندالەکان هاتبوو پێش. چادریکمان کری کەل و پەلمان خستە نێو ماشینەفۆرتەی شەش سەلیندر،کە تازە کریبومان. سەفەرەکەمان قۆناخ بە قۆناخ دەست پێکرد. لە وڵاتی ئۆستڕاڵیا هەموو شارو شارۆچکە کاروان پارکیان هەیە کە گەریدە لێیَ دەمینەوە لە هوتیل و هوستیل هەرزانترە، هەرکاروان پارکێک حەمام و دەستشووریو چەند چاوە تەوالێتی تیدایە، دەیان هۆدە بۆ ڕێوو باران تیدا سازدراوە. ماشینەکاروانەکانیش بۆ خەوتن و تێداحەوانەوە کەلکیان لێ وەردەگیرێت. هەموو قەرەول و کێشکچیان تێدایە بە شێک لە عەردەکە کراوەتە چیمەن فەزایەکی گەورەو بەرفرەوان، بۆ ئەوانەی چادریان پێیە، کرێی چادرهەڵدانی تێدا شەوانە 20دۆلارە. ئەوگەڕیدەی کە شتوومەکیان نییە لە هۆدەکان یان لەناو ماشینەکاروانەکان دەمێننەوە. ئێمە ئەوڵ مەنزڵمان کاروان پارکی شاری(کافساربۆ) بووکە بەشێک لە خاکی پارێزگای فیدراڵی (نیوسایویزە) ئەوشارە لە400کیلۆ مێتری شاری سیدنی 600کیلۆ مێتری شاری برێزبوون هەڵکەوتووە. بنەماڵەی ئێمە بریتی لە: ئەمن و خێزانم و نەشمیل کاوە،زەرزا بوو. شتوومەکمان بریتی لە چراگاز، قابڵمە، قاپ و کەوچک، فەرشێکی 2.3بوو دانەویڵەو پەتاتەو تەماتەو گۆشت مان لە دووکانی ناو حەوشەی کاروانپارک یان لەناو شار دەکڕی. شاری کافساربوو لە ناو چەند چیای نەرمان هەڵکەوتوە کە بەرزایی و نەویایەکانی دارە مۆزن. هەموو هیشوەکان هەر بە شینی دەخەنە ناو تەلیس هەردارەی دوو یان سێ هیشووی پێوەدێ هەرهیشوە 20 هەتا30 دانە موزی پێوەیە. بەداخەوە لە سەرەتای 2006 تۆفانێک هەموو باخەی مووزەکانی بە ڕەگ و ڕێشەوە هەڵقەند. ئەوشارە کەوتویتە ڕەخ کەنداووکاروان پارکەکە دورست لە لێواری دەریایە. هەر ڕێوو باریک ماشین لە قەراخ هۆبەکەی خۆی

یان لەکن ماشین کاروان ڕادەگرێ. سێ ڕۆژ لەوکاروان پارکەماینەوە. گەلێک خۆشمان لێ گوزەرا. بەماشین بە ناو شاری کافسار بۆ داگەڕاین و سووڕاین زۆرشوینی دلگرمان لێدین. شارێکی خەنجیلانەو دلڕاکێش بوو. جارو بارەش دەچووینە سەرلێواری دەریا. بە هەزاران کەسی لێ بوو منداڵەکانمان مەلە پێدەکرد. هێندیک کاروان پارک کەروێشک کیوی لێبوو. ئۆستراڵیا دەیان جۆر باڵندەو دەعبای کێوی لێیە. قارەیەکی مەزنەو بەشی زۆری چۆل و چۆلگەیە. چونکە بەپێی قانوون کەس مافی باڵندەو پەلەوەر دەعبا کوشتنی نییە، چ جانەوەرێک لە مرۆڤ سڵەناکات. لەو وڵاتە مرۆڤ شتێکی پیرۆزو دلۆڤانە. بەڵام لەوڵاتانی ئێمەمانان کە مرۆڤ قاندڕی باڵندەو حەیوانە وەک جەلاد دێتە بەرچاو. هەرچەند ناوچەی گیانداری کێوی بەتابلۆ چوار چیوی بۆدیاری کراوەو، بۆ وەی لێخوڕ(شۆفیر) بزانێ لە ئاژووتن ئاگاداری هاتووچۆی جانەوەر بێ. بەڵام دیسانیش گەلێک (کەنگاڕۆ) کەروێشک، وەبەر ماشین دەکەون. بازیک کەنگاڕۆ یەکجار مەزنن تاو دەدەنە ماشین. جگەلە وەی بۆخۆیان دەکوژرێن زورجار دەبنە هۆی وەرگەڕانی ماشین. هەرچەند جۆرە لامپیک هەیە کە شەوانە یان بەڕۆژ لە ماشین بخرێ تایبەت کانگاڕۆ لێی دەڕوتیەو لە دوورەوە هەستی پێدەکات. بەڵام تاق و لۆق لێخور لەولامپە کەلک وەردەگرن. شاری کویزلەند سومین شاری گەورەی ئۆستراڵیایە. پارێزگای (ئۆستان)ی کویزلەند بە تەنیایی لە هەموو خاکی ئێران گەورەترە. ئوستراڵیا بریتی لە5 پاریزگا-ئۆستان-و دوو فەرمانداریيە، قارەی ئۆستراڵیا بە قەت هەموو ئۆروپایە. 3 ڕۆژ لەکاروان پارکی بریزبوون ماینەوە. ئەو جار بەرەو شارۆچکەی گاتن وەڕێکەوتین کە لە 30کیلۆمێتری شاری تۆمباو 90کیلۆ مێتری بریزبوون هەڵکەوتووە، لە وێش دوو شەو لەکاروان پارک ماینەوە. چادرکەی ئێمە بریتی لە دوو هۆدە بوو. لەگاتن بۆ سەقامگیربوون، ویستن بمێنینەوە ،زۆرزوو خانوون بۆکرێ لێ دۆزیەوە. ئاچەرەکانن لە بۆنگا وەرگرتو بۆ ماڵ گویزتنەوە گەڕاینەوە سیدنی. پاش حەوتووک ماشینن بە 2000دۆلار بەکرێ گرت. ڕێگای 1000کێلۆ مێترمان بەدوو جار حەسانەوە بە12ساعات بڕی. منداڵەکانمان لە قوتابخانە ناونووسی کرد. کە چاومان کراوە کوردی دیکەشی لێبوون چەند ڕۆژ دوایی کوردێکی باشوور بە ناوی حاجی خەڵکی ئاکرێ سەری داین رێنوێنی کاروباری کردین. دوایی کاک ئاید کە ئەویش ئی کوردستانی باشووربوو هاتەسەردانن. زۆری تورک لێبوون شارۆچکەکە جێگای مرۆی کرێکاربوو. سێ چوار کۆنتراتچی لێبوون. کەماڵی تورکیەلی کۆنتراتچی، دزی لەکارگەرو حکوومەت دەکرد. بەڵام کەمی لێ دەپێچراوە. چەند خانوو هەردی کڕیبوو لە هەشتێ مشتێیی ماڵیات نەدەدا، پۆلیسی فیدڕاڵ جارەکیش گرتی. بەڵام چاکی لێدابوو مننەتی پێ نەبوو. لە سەرئەوحاڵەش ڕا کەکرێکار لەبەر ئەو سوورەتاوە کاری دەکرد خۆفرۆش هەبوو کە بۆ خۆشیرن کردن ڕاپۆرتیان لێبدن. ئەوهەی فرچکی بە سیخوڕی کرتبێت تەرخی ناکات چونکە لەگەڵ خوێن و گۆشتی تیکەڵ بووە. ئەمن لەوکەسانە بووم کە لە هیچ و خۆڕایی هەر بە ڕاپۆڕتی سیخۆڕ دەهەزار دۆلار جەریمەکرام. کە لەبەر کەسایەتی بنەماڵەی لە ناوهێنانی خۆ دەبێرم. بەڵام ئێمە سەردەمێک گەڕاینەوە شاری سیدنی ئەمما هەرنۆمانگمان هەڵکرت. چونکە کرێی خانوو بەرە دووقات ببوو. بەڵام ئەوگوێزە گوێزە کرێی هاتووچوو کۆڵەی کۆتابووین جاری دوایی منداڵەکانمان لە گاتن نمرەی باشیان وەرگرت لە دانشگاه وەرگیران. نەشمیل بۆ بێزنیز، وکاوە بۆ ئەندازیار(مهندس) لە شاری (توومبان) ناونووسی کردن. ساڵی ئەوەڵ زۆرباش قەبووڵ بوون. بەڵام کاوێ لێخوڕیکی بەلەز بوو توندی ماشین لێدەخوڕی دایکی هەمێشە دڵی دەقرت و فرت دابوو. ساڵی دووهەم خیزانم سەفەری کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی کەوتە پێش، زەرزا-شی بردەوە،دوایی وی کوردەکانی گاتن دەستیان بەقەڵفڕ کرد. ئێمەش ماڵن بردبوو شاری(توومبا) کە چ کوردی لێ نەبوو. ماڵی ئێمەش کەلەپەنا دانشگا بوو لەبازاڕ دوور بوو، زۆر وڕەس دەبووم کاک موتەلیب ڕەجەبی و کاک ڕەسوو چوونە سیدنی ئایەو کاک نەبەزی کوڕی ڕوویان دەشاری ئەدلاید کرد. کە2500کیلۆ مێتر لە بریزبوون دوور بوو. ئەمن کە خێزانم لە ئێران گەڕاوە کەوتینە فکری ماڵ بارکردن بۆسیدنی، لەڕێکەوتی 2003/3/20ی زایینی یانی ئەو ڕۆژەی کەئاغای بووش دەستووری هێرشی نیزامی بۆسەر ئێراق دا،خیزانم و زەرزا بەرەو سیدنی بۆخانووگرتن وەڕێکەوتن. ئەمن و کاوە حەوتوویەک دوایی بەماڵەوە گەڕاینەوە شاری سیدنی. ئیمەلە2001 لەگەڵ کاک مووتەلیب ڕەجەبی

یەکترمان لە(گاتن) ناسی ناوبراو خەڵکی نەغەدەو کیژەکو دووکوڕی هەبوون. خێزانی پەری خانم بوو و زاروتەکلیف خۆش بوو. کاک موتەلیب مرۆڤێکی بە ئەزموون و دونیادیدە بوو هۆگری مەسەلەی نەتەوەیی، بەڵام دوائی هێندیک تەنگەژە روخسارویان ئاوەژوکردەوە ئەوەی بۆخۆشی هەستی پێکردبوو تەنگەژی ناوەخۆ خیرامرۆڤ دەگۆڕێ. هەژاری کوڕی سالی 2005کیژی کاک ئازادی مارەکرد،ساڵی 2006 بۆی گویزراوە. و هێمن 17ساڵانەیە، ئەگەر باش تەربییەت بکرێت دەکرێ حیسابی بۆ پاشەڕۆژی لە سەر بکرێت. بەڵام بەمجۆرەی کە ژیانیان لەفرتینەدایە بێگومان کاردەکاتەسەربنەماڵەکەشی هەروالەگەڵ کاک سەید ڕەسووی غەفوورنیژاد زاوای کاک مووتەلیب ئاشناییین پەیداکرد کەجگە لەهەموو سیفەتەکانی بۆ گران و سەنگینی و بەویقاربوون هێورو ڕێزدارموتینی دەنگیکی وەک زەنگولەی هەیە بەڵام بەداخەوە لە سەر ڕێووشوینی کۆن هەنۆکەش بەکردەوە نەک بەقسە، لە هونەری گۆرانی بێژی بەچاوێکی نزم دەڕوانی، لە سەرسەیدایەتی خزمایەتی لەگەڵ ئیمامەکان سوورە،خێزانیشی زۆرئاقڵ بوو سەرتای ژیانیان رێک و پیکو بێ گرێوگۆڵ و تەژی لە سەمیمیەت و خۆشەویستی بوو، خوا لە وێ کۆماری دانە، هیوادارین هەموومان کۆماری وڵاتەکەمان بدینین، ئێمە لە گەڵ ئەو دوو ماڵە یەک ماڵەکی بووین هەرچەند بیرەوەری هاوبەشمان لەناوخۆی وڵات پیکەوە نەبوو بەڵام قەدرو ڕێزی یەکترمان ڕاگرتبوو گەلیک جار گلۆڵەی ژیان و پریسکەی دڵن بۆ یەک لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکردەوە رابردوون شێوو وەرد دەاوە، کەلەزۆر جێگە دەبووین بەهاوفکر کەگێرانەوەیان حەوجێ بەکتیبەکی سەربەخۆیە، هەرواڵە لەگەڵ ماڵی ئایەو کاک نەبەز. ئەغڵەب ئێوارە هەمووماڵ پێکەوە دەچووینە قەراخ گۆڵ کە پارکەکی دڵگر هەبوو. چێشت و چایی و خواردەمەنی مان دەبرد. کاک نەبەزلاوێکی خۆش بەرخوردوڕێزداربوو. دایکی قسە خۆش و ڕووگەش. ئەو دووساڵە بیرەوەری بەنرخ و شیرنن ویکڕا هەیە کە دەکرێ کتێبێکی سەربەخۆی لە بارە بنوسرێت. جاروبارەش کاک ئەمین و کاک داود بشداریان تێدا دەکرد کە پیاوی بەڕێزوماقول بوون. لە کەڕەتی دووهەم گەڕانەوەن بۆ گاتن، بەڕێزکاک قادرعەبدی بە ماڵەوە هاتە شاری (گوڵکۆست) ئەوشارە یەکێک لە شارەکانی دڵگروگەڕیدەی ئۆستەڕاڵیا دێتە ژمارو لە ڕەخ کەنداو هەڵکەوتوە. تاییەت لای ئێواران قەراخ دەریاکەی بەهەشتێکە لە تاریف نایە. کاک قادرکەسایەتیەکی کوردستانی ڕۆژ هەلاتە نزیکەی 8ساڵە هاتۆتە ئەوقارەیە یان بەقەولی خۆی ڕسقی لە ئێران هەڵقەندراوو کەوتۆتە ئێرە. ناوبراو دووکوڕو کیژەکی هەیە. کوڕەکانی بریتی لەکاک سامڕەند کەلاوێکی لێهاتوو ئاگاداری دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی یە، هەرچەند بەلاوی هاتە ئۆستڕاڵیا، بەڵام بە ورەیەکی بەرزشۆڕشی ئەدەبی دەست پێکرد. لە دانشگا وەرگیرا بەپێچەوانەی لێکدانەوەی ئەمو ئەو هەنۆکە ڕێکەوت 2006/4/4 کەئەو بیرەوەریانە دەنووسم بۆ فەوقی لیسانس دەخوێنێت. کاک سیامەند کە هات 10ساڵانە دەبوو فکری لێنەدەکرا ئەوها بەگۆڕ هەنگاو هەڵێنێ، لە هەموو لاوەکان باشترئۆگر بە خویندن بوو لەکلاسی 12کۆرسێکی پزشکی بۆ دانرا، وەک قوتابیەکی نموونە ناوی دەرکرد. جگە لە وانەش لە مەڕ مەسەلەی کوردەواری ئاگاداریەکی پتەوی هەیە، ئەمن هەرجارکە چوومەتە ماڵی کاک قادر بیجگە لەوهەموو ڕێزو حوڕمەتە کەبۆخۆی گەورخانمی حێزانی لێمادەنێن، کە لەگێڕانەوەنایە وهەروا فەیز وەرگرتن لە پسپۆری کاک قادر لە مەڕ فەرهەنگ و مێژوو، حەزم دەکردگوێ لە قسەکانی کاک سیامەند هەڵخم کە هەریەک گەوهەرێکی نایاب بوون. هیوادارم سیامەندی خوشەویست لە ژێرچەتری سەرپەڕشتی بەڕێزکاک قادر ببێتە مێرخاس و زانایۆغو فرەزانایەکی بە ناوبانگی کوردو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە عاسمانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردستان. هەر واکاک کاوەی زاوای کاک قادر، لاوێکی پوخت و هەستیارو دەم بەبزەو هەڵسووڕینەورو نیشتمان پەروەرە، بەیانە خانم لە خۆی بەمووحیبەتر، و خویندەوارو ئاقڵ، هەردوو ئەویندار بە هەڵویستی هەڵچۆی کوردایەتی کە خوا دوو کوڕی خنجیلانەی داوتنێ. بنەماڵەی کاک کاوە دانیشتووی بۆکانن سێ برا لە ئۆستڕاڵیان یەک لە یەک چاکترو دڵۆڤانتر، تاییەت کاک مەسعود کەللە قەندیکە هەموو بەڕێزو ئیحترام و مرۆناسو دڵ دەروون هاوەڵاو بە خەڵک ماندوو،کاک مەنوچهر هەرچەند ئامۆشۆمان کەمە بەڵام هەڵس و کەوت و ئاکارجوانی لە سەر زارو دەمی خەڵکی کوردە. کاویس کە برای گچکەیە ئەگەر لەگەڵی بکەویە ئاخافتن حەزدەکەی قسە شیرنەکانی

بەچایی بخۆی. خوازیار بووم لەگەڵ بەڕیزکاک قادرو بەڕیزکاک عەلا ئیبراهیمی لە شوێنێک باین، بەڵام ئاوارەیی دوژمنی خۆزیاو بریایە. لە ساڵی 2005ی زایینی سەفەریکمان لەگەڵ خێزانم وکاوەی کوڕم بۆ ئەدلاید کرد کە1600 کیلۆ میتر لە سیدنی دورە، سەفەرەکەمان بە ماشینی هۆڵدین دەست پێکرد ئەوڕیگا چۆل و هۆڵو ئەو دەشتە کاکی بە کاکیە بەشەو لە بەر خۆ پێدادانی کانگاڕۆ مەترسیدارە. جاروایە 200 کیلۆ مێتر دەڕۆی، تووشی چ پۆمپ بنزینێک نابیٚ. بۆیە پێویستە باکی ماشین هەمێشە پڕلە بنزین بێت، ئەو ڕێگا چۆلەوارە کەمی ماشین پێیدا هاتوو چۆدەکات، زۆری (کانگا ڕۆ)و (شوترمورغ ) لێیە، پێویست لێخوڕ زۆر ئایخ بێت، بەڕاستی ئاژۆتنی ماشین بەشەو لەو ڕێگایە بی خەتەر نییە. مێوانی بەڕێز کاک عەولا ئیبراهیمی بوون. ناوبراو پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەلات بوو لە پەنابەریدا ڕسقی کەوتبوو ئەوقاڕە دوورە، لە شاری ئەدلاید بنایەکی وەکوو کۆشکی پاشایان لی دورست کردبوو. هەر ساڵوونی هاڵەکەی جێگای پەنجاکەس دەبوو کاک عەولا خەریکی نووسینی فەرهەنگ بوو(فارسی بەکوردی چوارجلد ) شانی وەبەر ئەوکارە لەکردن نەهاتووە دا بوو. شەوو ڕۆژ عەجمینی نەبوو. لە چاخی ئاخافتن لەگەڵ میوانانیش قامکی لە سەر دوگمەی کامپێیر هەڵنەدەگرت، شوکر هاتۆتە تەواوکردن. حەوتویەک لە ماڵیان ماینەوە ئەوەی ڕیزوحوڕمەت بوو لێیانناین، ڕەعنا خانمی خیزانی شیرەژنیکی کورد لەکاتی پێشمەرگاتی خەمخۆری کاک عەولا بووە. دوو کوڕو دووکیژان هەبوو کاک سامان لە خویندندا بەرەو ترۆپ هەنگاوی بەپڕتاو هەڵگرت، هەنۆکە خەریکی وەرگرتنی دوکتۆرایە،کاک شۆرش کە دڵی بۆ سەرکەوتویی کورد لێدەدا لە خویندن بەردەوامە ،گەلاوێژخانم بۆ وەرگرتی دووهەمین لیسانس تیدەکۆشێت لە ئاقڵدا وەرپێچراوە. چرۆ ساڵی دوازدەو دەستەگوڵێک. دەمەویٚ لێرە پڕ بەدڵ سوپاسی برای خۆشەویست بەرێزکاک عەلا ئیبراهیمی بکەم کە لەبەچاپ گەیاندن و تایپ و چاو بە سەرداخشاندنەوەی (هەورازونشیو-بەرەونەڵیوان-بەشی یەکەمی کورتەباس )گەلێک زەحمەتی کێشا. هەرواسوپاسی کاک مهندس نەجات و کاک شیرکۆو کاک خالید عەزیزی و برێزکاک عەولا بکەم کە بۆ نوسینەکانی من لەگوڤاری (هەوار) بە چاوی برایەتی لوتفومحیبەتیان فەرموو هەرچەند گوڤاری هەوار وەک زۆر گوڤاریتر بەهۆی بەرهەڵستکاری تەمەن کورت بوو. بەڵام لە ئارشیوی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی جێگای خۆی کردەوەو، ماندو نەناسی سەرنووسەرو کادیرەکانی وەک خاڵێکی گەش لە بەرچاوە، کە هەستی نووسەرانی دەخۆدا بۆدوا ڕۆژ هێشتەوە. هەرواسوپاسی ئەوهەموولوتف ومحیبەتەی کاک زاهدی زاوای کاک عەولا بکەم کە لە سەفەربۆ ئەدلاید بۆخۆی خیزانی ڕێزوحوڕمەتێکی کوردانەیان گرتین،کاک زاهید یەکێک لە ئەندامانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە،لە دەرەوەی وڵاتیش لە خەباتی خۆی بەردەوامە،کورەکەی ئەوکات ساڵی دوومی دانشگاەبوو بەڵام کیژەکەشی دەیەویست بەرەوئەم قۆناخە هەنگاوهەڵبێنیت. ئێستاکەڕێکەوت 2008/1/23ی زایینییە کورەکەی کاک زاهید لیسانسی وەرگرت ودامەزراوە.

## (کرێکاری لە (گاتن) لەپارێزگای کویزلەندی ئوستڕالیا )

ئوستڕالیا بەریتی لە پێنج پاریزگاو(ئوستان) دووترپیتۆڕی(فەرمانداریە) کویزلەند یەکێک لە پاریزگاکانی ئوستڕالیایە،ئەم پاریزگایە، بەتەنیایی لەوڵاتی ئیران گەورەترە، لەکویزلەند کاری کشت وکاڵ زۆرە کرێکاریکی زۆری لیٚ دەشوغلن، دیارە سیستەمی کارو کشت وکاڵ لە ئوستڕالیا بەپێچەوانەی ئیرانە، هەڵبەتە ئەم لێکدانەوەی من پەیوەندی بەوکاتە کە ئەمن لە ئیران بووم ڕەنگە ئەویش گۆڕانکاری بەسەرداهاتبێت چونکە ئەمن هەنۆکە نزیکەی 17سالە لەکوردستانی بن دەستی ئیران وەدەرکەوتووم. لێرە کریکارجگەلە وەی بەساعەت کاردەکەن کە لە10/ دۆلاردەست پێدەکا، بەکۆنتڕاتیش کاردەکەن کە سیٚ هەتاچوار بەرامبەر بە قازانجی کریکارە مەگین کابرای کریکارئیکجار تەنبەل بێت. هی واش لە ئوستەڕالیا کەم نەبوون، بەرەمەزراکانیان ئیکجاربەرفرەوانن،ئوستەڕالیا خاکەکی بەرینی هەیە، قاڕەیەکی گەورەی دونیایە،دەجا سیستەمی ئاغایەتی لە ئەستەڕالیا بەڕیوە دەچێت. هەرخاوەن ملکێک زیدەترلە دووسەت سیسەت هێکتاری زەمین وەبەرەخۆداوە، لە ئوستەڕالیا بەپێچەوانەی خانووبەرە،

زەوی کشت وکاڵی گەلێک هەرزانە. لە هێندیک شوێن حکوومەت بە خۆرای بە وەرزیرانی دەدا، هەرهێندە بۆی ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام جگە لە خۆدی ئوستەڕالیایەکان خەڵکی دیکە زۆریان کەیف بەکاسبی مەزرا نایە، لە سەریەک کارەکانی دیکە لە ئوستەڕالیا پیویستیان بە زوانی ئینگلیزی هەیە و هەر وا ئەزموون پێشینەی کارکردن. بەڵام لەکاری کەشاوەرزی ئەوشتانە لەگۆڕێ نین. زۆرجار کونتراتچی بۆخۆشی هەربەشی خۆی ئینگلیزی دەزانی. سیستەمی کۆنتراتیش لەگەڵ ئیران تەوفیری هەیە. نە بەم شکڵە لە ئیران کابرای کۆنتراتچی دەبی کەرەسەی کۆکردنەوەی کشت وکال وەک تراکتۆرو کۆمپانی و ئامێری دیکەی هەبێت. بەڵام لە ئەمانە هەمووله ئەستۆی خاوەن ملکن. تەنیا کۆنتراتچی لە بەرامبەرحکوومەت بەرپسیارە کە کاری ڕەش نەکرێ، یانی کاری بێ مالیات. ئەوەی کە دەبێ کۆنتراتچی بیکات کریکاردۆزینەوەیە! خاوەن ملْک پارەلە حیسابی کۆنتراتچی دەکات دەجائەو کریکار دەگرێ و چۆنیان دەگرێ دەممێنێتەوە خۆوخودای! بۆیە ئەوهەی سالێک بەرەمەزرایەک کونترات بکات بەملیون دولار وەردەگرێت. لەکویزلەند چەند جۆرەکاری کەشاوەرزی لێبوو کە لەهەلسەنگان لەگەڵ ئیران سەیر دەنوێنێت. مەسەلەن لە ئیران کاری پیوازو تەماتە( بادمجان) ویرەڵماسی پیاوازی شین شتیک نییە کە پێویستی بە کریکارێکی ئەوها بێت، یان بەرهەمێکی ئەوهای هەبێت. بەڵام لە ئوستەڕالێا کە بۆ دەرەوەی وڵات بەستەبەندی دەکرێ بەرمەزرای بادمجان قەت لە سەت هیکتارکەمترنییە، ئەویش بەسێ خول، دەچیندرێ. بەکەمەوە سەت کرێکارلە ڕۆژداکاری لە سەر دەکات کە ڕۆژێ /10هەزاردۆڵار پارەی کرێکارە،بەشی کونتڕاتچی ڕۆژانە دووهەزاردۆڵارپترە، ئەمە بۆ کۆنتراتچیەکی بەئیمان و بەئینساف وایە،چونکە لە بادمجان پرۆنیک هەیە ئەویش بەکۆنترات دەدرێتە کریکار و هەرکەس لە وێ کاربکات ڕۆژانە پێنج سەت دووڵاردەکەوێ. بەڵام کەم کونتڕاتچی ئەم کارە دەکەن، زوربەیان ئەم پارەیە لە خاوەن زەمین وەردەگرن، بەڵام بەساعەت کاربەکریکار دەکەن. ئەممە خەڵکی ئوسترالیایی ئەم فیلەنازانن، یان بلێین بەئینساف ترن. ئەمما تورکی تورکیە کەشوێن تێکەری هەموو کاری کەشاوەرزین، وەک مڵەیان لێهاتوو، یکجار دوور لە ئینساف وکەڕامەتن. بەڵام سیستەمی چاندنی بادمجان بەتایبەت شتڵەکانی وکۆکردنەوەی بۆ دانەبەرباس بەم شکلەیە: هەرد، بەتراکتۆرخۆش دەکەن. وەک ئامازەم پێکرد ئەمە ئەرکی خاوەن ملْکە، و کۆنتڕاتچی دێتە سەرحازری. دوایی کێڵان دێراو دێراوکردن نایلۆنی بەسەر زەویەکە ڕادەخەن. لەناو دیراوەکان نایلۆنەکە،بە ئەندازەی بە دەزگا،کون دەکەن. ماشینی تایبەت شتڵەکان لەن کونەکاندا دەچەقینیت. ماشینەکە، چوارکریکار هەڵدەگرێت. شتڵەکان کە دەپێشدا شین کراوەتەنەوە لە ناوەدزگا لە پێش کرێکارادەنرین کە ماشین دەست بەڕوین دەکا لەکونەکانی داوین لەوێرا دەچنە سەرهەردودەیچەقێنن. کرێکاریک لەدوای ماشینەکە دڕوا ئەو شتڵەی کە بواردرابێت و خوارولارەمل ببێت پێی لێدنێ و ڕاستی دەکاتەوە. ئەوەش بەدەگمەن دووسی چڵ ئەوهایان لێبێت. زەویەکی دەهێکتاری بادمجان بۆ شتل چاندن بە چوارکریکار هەر دوو ڕۆژی دەوێ. کە کەرخەکان ئەوها پڕکرانەوە شیرەی ئاوێ دەکەنەوە،شیلانکی ئاوەبەبن نالوەنی دی دراوەکاندارا کێشراوە، ئەوشیلانکە سەرانسەری بەئەندازەی کونی بن چڵە شتڵەکان کون کراوە ئاوەکە بەوکونانەدا دەچنەبن شتڵەکان و دڵۆپەیەک ئاو بەخەسارناچێت. دوایی لەبن هەرکونێک کۆڵەکەیەکی ئاسن دەچەقینن کەدرێژایی دوومێترە وچەند کونی تیکراوە،کەهەمووکۆڵەکەکان لەدێراوەکان تەواوبوون ئەوجار سیمیان بەسێ تەبەقە لێگریدەدرێ،بادمجان کەلکیان کرد لەهەردێراویک دەکەونە نێوان دووسیم،سێ جارهەرس دەکرین کەپیی دەڵێن(پرۆنیک) بەکوردی گوێچکەی لێدەدرێ،هەردێراوەک هەزارشتڵەبادمجانی لێ دەچەقێ گوێچکەلێدانی هەرشتڵەبادمجانیک 7سینتەدیارە100سنت دۆڵاریکە،دەجا هەرس هینانی هەردێراوەک ساعەتیک یام کەمترهەڵدەگرێ،کرێکاریک دەتوانی /10 دێراو هەرس کات کەساعاتی دەبێتە70دۆلار،بەڵام 20دۆڵارهی کۆنتڕاتچیە،50دۆڵاربۆ کرێکاریک دەمێنێتەوە،وەک ئاماژەم پیکرد هەنۆکە ئەم تاسەوحەمامە لەگورێ نیە هەمووکۆنتڕاتیچی دەیخۆن مەگین ئەوانە بەئینساف. بەڵام لێکردنەوە وکۆکردنەوەی بادمجان یان بلێن تەماتە بەدووجۆربوو یەکێ کەبەدەست لیان دەکردەوە دەستإنیان دەکرد هەردیراوک چوارکەسی تیدا دەبوو هەروا تەماتە

بەسەرسیمەکاندا ووۆوردەبوونەوە ئەوهێندەپیوەدەهات کە لەحیسب بەدەربوو کریکارەکانی ستڵەکانیان تەژی دەکرد ویکتریان دەدا لە ترێلی تراکتۆر دەکرا ڕۆژانە 30هەزار دۆلار پتر بادمجان لێدەکراوە بەڵام بۆ کارێکارکاریکی چەتوون بوو ئەمما ئەوخاوەن زەویانەی ماشینی تەماتەڕنینەوەیان هەبوو سانایی بوو ماشینەکە بەقەرا کۆمپانی گەنم درۆنەوە دەبێت چواردێراوان دەگەرێ هەرلایەی دووکەس سوار دەبن دەزگایەکیان لەبەردەمە بەدانیشتنەوە تەماتەکان لێدەکەنەوە لە پێشەخۆیان داوین بە لوولە دەیباتە سەروە لەوێ دووکەس دانیشتوون خەراپەکان هەڵدەبژێرن هەلەوێرا بادمجانەکان بەحالتی ئوتماتیک دەچێتە ناوترێلی ڕۆژی بەکەمەوە /100هەزار دوإر تەماتە دەڕنێتەوە. هەروا کاری پیوازی سەلکی لێبووکە ئیکجارچەتوونە بەڵام بەرهەمی زۆرە مرۆی زیرەک دەست هەڵ /10بین لێدەدا هەربینێک تۆنێک دەبێت،قیمەتی هەربینیک 30هەتا40دۆڵارە، بەجێگا ومەزراو بەپیواز دەگۆڕێ، زەوی پیوازی سەلک زوربەی لە20هێکتارپتر بوون، دیارە لە شارۆچکەی گاتن دەیان کۆنتڕاتچی لێبوو دەیان جۆرەکاسی، هەروا کاری پیوازی شین کە بۆکسی 9دۆلاربوو کرێکاری چابک ڕۆژانە 30بۆکسی لێدەدا،یانی /270 دۆڵاردەکەوت. ئەوانەی نۆڕمال بوون 150دەکەوتن ئەمە پیویست بەدەست لێڕاهاتن بوو هی واش کەم نەبوون هەتا ئیوارێ 6بۆکسیان بۆ تەواو نەدەبوو. بۆکسی پیوازی شین بریتی لە50دەسکە هەرقولێک 8یان نۆ دەنکە پیوازە،کرێکاری پیوازی شین 70هەتا سەت کەس دەبوو لە سالدا 12مانگ کاری هەیە،بەڵام پیوازی سەلک کریکاری هەتا/200کەسیش دەبوو، پیاوازی سەلک ساعاتی 4ی بەیانی دەبوایە کرێکارەکان لەسەرکاربوانە،ساڵی نۆمانگ هەیە،ئەوکارانە بە قسە زۆرهاسانن بەڵام بەکردەوە ئیکجارچەتوونن. ئەوانەی کاری ڕەش دەکەن زۆرجارتەنگ وچەڵەمەیان لەمەڕ سۆسیال بۆ دێتە پیش و جەریمە دەکرین،هی واش کەم نین کەهەرکاری ڕەش دەکەن بەڵام لەبەڵا مەحفوزن،کاری ڕەش یانی بێ مالیات،ئەوانەی کاری ڕەش دەکەن لە سوسیالیش پارە وەردەگرن،بۆیە کە مەسەلەکەیان لێ ئاشکرابوو جەریمەدەکرین، سەرکارگەری سیخور،ئەوانەی کەلەئیران ئەمەشوغڵیان بوو فرچکیان پێ گرتبوولە هەندەرانیش تەرکی ناکەن. لەکۆنتراتچیەکانی گاتن (تای) کە خەلکی کورە بوو پیاەکی یەکجارباش بوو هەروا (بڕایان)دەنا ئەوهەی تورک، لە ورچ خەراپتر بوو. و سەرکارگەرێکی فارس بەناوی مەجیدئاغای لێبوو بە حەق پیاوەکی ئیکجارباش بوو ئیکجارپیاوانی، وەک هێندیک نۆکەری دۆڵار نەبوو بەڕاستی بەکەڕامەت بوو نەک وەک هێندیک خۆفرۆش و یانی گرو سیخور. لەگاتن 12ماڵیکی کوردی لێبوون، لەوانە هاتووچۆمان لەگەڵ کاک موتەلیب ڕەجەبی و کاک ڕەسوی غەفورنیژاد وئایە و نەبەز هەبوو. هەموویان لەسەریک ئینسانی دەباش وبنەماڵەی ڕێک وپیک بوون زۆرجارلە ئاخافتن بیرەوەری هاوبەشمان هەبوو. کاک موتەلیب لەهەمووان سادەق تربوو هیچ جۆرەخوارەپێچەیەکی نەدەزانی ڕەنگە لە بواری قسە بەگۆڕێ وەرکردن بۆی نەلوابێت دڵی هەمووکەس وەک یەک رابگرێت، بەڵام لە راستی ودورستی وئامۆشۆدا یەکجارخۆی بەمسئول وبەرپرس دەزانی و دڵپاکترین کەسم دیت،بەڵام چونکە نەیدەزانی بۆخۆ شیرین بەیەکێک پێکەنی وچاو لە یەکێک داگری، زۆران گلەوگازندەیان لێ بوو. بە درەنگەوە کاک سلیمان بایەزیدی خەڵکی گوندی قاڕنەی کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتە شارۆچکەی گاتن ئاموو شومان کەم بوو لە سیدنی کەئێمەش گەڕاینەوە هاتووچۆیەکەمان پتەوترکرد. کاک سولەیمان بەڕیوجێ دەجۆڵاوە ژیانێکی پتەوباشی هەبوو. لە کارکردندا ماندونەناس بوو ئاشنائێکی باش بوو، ئەگەردڵیشی ئێشابوایە حوڕمەتی تیدا دەهێشتەوە. هەرچەند بەقسەی سەر زارەکی جەفەنگی لێدەدا، بەڵام بەکردەوە ڕێزی هەمووڵایەکی ڕادەگرت. وەک بەرێ ئامازەم پێکرد کوڕی دەباشی هەبوون خێزانیشی هەتابڵیی بە تەواوی مانا خانم بوو. هەروا زۆر بە درەنگەوە لە خودی کاک برایم موکری سەلام عەلیکمان پەیداکرد پیاوەکی قسەحەق و ڕەق بوو پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. لە کۆمیتەی حیزبیش لەڕادە بە دەر هەڵسوڕینەرو بە پەرۆش بوو، هەروەک لە پێشمەرگایەتی دڵسۆز بوو لە دەرەکیش هەروا دڵپاک مابوو. و لە کوردی بادینی لەگەل حاجی و کاک سابیر ئاکرەیی و کاک ئاید هاتوو چۆیەکی گەرم وگوڕن هەبوو. کاک سابیرکە هەنۆکە دانیشتووی شاری بریزبوونە پیاوەکی ئیکجارتیگەیشتوو لە سەرە خۆو ئاگاداری دۆخی سیاسی کۆمەڵاتی کوردستانە، پیاوەکی ڕیک و پیک

و پیاوانە وبەدەمار.. هەروا حاجی برای مرۆڤێکی ساف و سادق و ڕاستگۆ و بەدەستەوە خۆش بەرخورد و لە قساندا کەللەشەق. کاک ئاید هەربەمجۆرە مەشرەف خۆش و پیاوانە، نێوانمان لەگەڵ هەموانیان خۆش بوو،ئەمن لە سەفەر بۆ کوردستانی باشوورلە2006/6/2 بە ئاکریدا بۆ گەڵی عەلی بەگ تێپەڕیم، جارەکیش بۆ دهۆک چوین. دەشتەکی ئیکجارکاکی بەکاکی هەبوو. ئەوکات کاک سابیروکاک حاجیم هاتبوونهوە بیر! دەمگوت خۆزگەم لێرە بوانە پڵاوکمان لە ماڵیان خواردبوایە. بەڵام دونیا بە ئاوات پیکنایەت. لە مێژە لێیان دوورم بەڵام محیبەتەکانیان چاکەکانیان، قسە خوشەکانیان و پێکەو دانیشتنەکانمان، هەر لە بەر چاوە، ئەو پیاوە موحتەڕەمانە ڕیزیان لەقوڵایی دڵدا هەر دەمێنێت.

**سەفەربەرەو کوردستانی فیدراڵی باشوور**

بەرلە وەڕێکەوتن بۆناساندن وهاریکاری پەیوەندیمان بە بەکاک هاڤاڵ نوێنەری حکوومەتی هەریمی کوردستان لە سیدنی گرت. نابراو پسولەیەکی وەک(پسولەی گوشت کڕین)بەم عینوانە نوسیبوو:
بۆ ڕێبەرایەتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر: هەڵگری نوسراوەکاک حمید ڕەشیدی ناسراو بە زەرزا، لەگەڵ خیزانەکەی خۆشکە مەنیجە مەکتومی، کە هەڵگری پاساپۆرتی ئۆسترالیان دەگەڕینەوەکوردستان بۆ سەردانی کەس و کاریان))
لە ڕاستیدا کاک هاڤاڵ پێی وابوو کە نووسەرەک دەگەڕیتەوە کوردستان لەمە ترسێ هەیە، کە لە فرۆکەخانەی هەولێر بە هاودەستی سامەبن لادەن دەست بەسەرو زیندانی کەن! هەتا ئەو تکاو ڕەجای بۆ بکات! نەیدەزانی ئەوەی نوسەرێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان لەبەرپرسی دەرەوەی کوردستانی هەریمیان دوێ ناساندن وڕێزلێگرتنیتی نەک تکاورەجاوپاکانە بۆکردن!. دیاربوو کاک هاڤاڵ ناوی من و ڕابردوو پێشینەی منی وەک ساوەما، لە سەفارەتی ئیران لەکامبرا وەرگرتبوو! بۆیە هەربەڕینوسی فارسی نوسیبوو ( حمیدڕەشیدی ناسراوبەزرزا) دەنا ئەمن ناوم حامیدڕەشیدی وناوبانگ زەرزا-یە! ئەوجۆرەکردەوەو لێکدانەوە لە مەڕ نوسەرێکی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بۆ نوینەرێکی هەریمی کوردستانی باشوور شتیکی دوور لەهەستی کوردایەتییە.
خولاسە ئەم پسولەیەم هەر لە پاکەت دەرنەهێنا، ئەوە،وەک یادگاری لە بیرەووەریەکانم دا دەینوسیم هەتابزانین ئێمە نوێنەری ئەوهاشمان لە ئوستەڕالیا هەیە! بەڵام فارس گوتەنی: از کوزە همان تراود کە دراوست. دوایی چومەلای کاک سەر بەست فەتاح، کە لێپرسراوەی کۆمیتەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لە ئوسترالیا بوو. بەڵام ئەو بەناوی یەکیتی نیشتمانی کوردستان مەڵبەندی ڕیکخستنی دەرەوە کۆمیتەی ڕێکخستنی ئۆستڕالیا: ئەوها دەنوسێ:

بۆ بەرێز مەڵبەندی ڕیکخستنی دەرەوەی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بۆ بەڕیز وەزارەتی ناوەخۆی حکوومەتی هەریمی کوردستان ژمارە48 بۆ بەڕیز لایەنە پەیوەندیدارەکانی مانەوەو پاسەپۆرت لەکوردستان 6-2/5/31 بابەت/نامەی ناساندن وهاوکاری، 10ی جۆزەردانی 2006ی کوردی. سلاوی گەرم هیوامان سەرکەوتن وسەرفەرازیتانە. بەڕیزکاک(حامید ڕەشیدی زەرزا)لەدایک بووی ساڵی 1941شاری شنۆی ڕۆژهەلاتی کوردستانە،لەگەڵ هاوسەرەکەی خانم (مەنیجە مەکتومی) ئێستا دانیشتووی شاری(سیدنی- ئۆستڕالیا)،بۆماوەیەی چەند مانگیک بەسەردان دێنەوە کوردستان بۆ دیدەنی کەسوکاریان هەروەها بەچاپ گەیاندنی چەندکتیب . کاک حامید کوردیکی دڵسۆزودیرینی کوردایەتی یە،وچەندین جار لە سەر هەڵویستی کوردانەی زیندانی کراوە. کە دواهەمین جار12ساڵ زیندانی بووە،3جارحوکمی لە سیدارەدانی بۆ دەرچووە،دوا جارهەلی بۆ دەرەخسێت وڕادەکاتەدەرەوە پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیرانەوە. لە سەرزاری بەرێزیانەوە ئەم زانیاریانەمان وەرگرتووە. کاک حامیدخاوەنی چەندین بەرهەمی نوسین و شێعرە کەئیستا 10کتیبی ئامادەیە بۆچاپ لەبواری(مێژوویی،کۆمەڵایەتی، شێعر)کەبەنیازە لە کوردستان بەچاپیان بگەیەنێت،ئومیدوارین کە هاوکاری بکرێت لەم بوارەدا. بەڕیزیان لەساڵی 1991هاتونە ئۆستڕالیا لەو ماوەی ئەم چەندساڵەی کەلە ئوستڕالیایە چەندین بابەتی نوسینی بڵاوکردۆتەوە و هەر

وەها لەبۆنە نیشتمانی ونەتەوەیی یەکاندا شێعری پێشکەش کردوە، چەندین جاریش بەشداری کۆڕو سیمناری کردوە و جێگەی ڕیزە لە ناو کۆمەڵگای کوردی لە ئۆستڕالیا. هیوادارین لەوماوەیەیی لە کوردستان دەمێنێتەوە هاوکاری وکارئاسانی بۆبکەن. هەرشاد وسەرکەوتووبن سەربەست فەتاح. لێپرساوی کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیتی نیشتمانی کوردستان لەئوستڕالیا. بەڕیز لایانە پەیوەندارەکان لەڕیگەی مەڵبەندی بەڕیزەوە. بەڕیز ئەنجومەنی کۆمیتەی ڕێکخستنی ی.ن.ک.لەیۆستڕالیا. بەڕیز کاک حامیدڕەشیدی زەرزا. ئەرشیف.

لە ڕێکەوتی 2006/6/2 بۆ چاپی کتیبەکانم لەگەڵ خێزانم مەنیج بەرەو کوردستان سواری فڕۆکە بووین،سەفەرێکی دوورو درێژ لە ئوستڕالیا ئەو سەری دونیا سەفەرکردنی زۆرناخۆشە، ئیکجار دووره بگره 24ساعات لەفڕۆکەدادەبوون، لە ئوستڕالیا بۆ (بڕۆنا) ڕیگای 8ساعات بوو بڕۆنا وڵاتیکی ئیسلامی بوو لە وێ ساعەت نیوەک ڕاوەستان، لەوێرا بۆ (دوبەی) ڕیگای 9ساعات بوو، دوبێ هەرچەند ئیکجارخۆشە بەڵام گەرمایەکەی بێ تامی کردوە چونکە لە ڕۆژدابۆ گەران وسوڕان نابێت مەگین بەشەو دیارەهەتا ساعەت 12نیوەشەو دووکان وبازار هاوەڵلایە. شەولە وێ لە هوتیل(دریم پالێت) ماینەو لە2006/6/3 بەرەو هەولێر (ئەربیل) پایتەختی کوردستانی باشوور وەڕیکەوتین. دیارە بەرلە وەڕیکەوتن لە ئوستڕالیا چونکە دەنگۆ بوو هێندیک فڕۆکە کە بیتاقەی کوردستان دەبڕن بەڵام موسافیرەکان لە دۆبەی لەجیاتی لەکوردستان دابەزینن، لە بەغدا دادەبەزینن وعەڕەبی بەغدا لە تڕمیناڵ موشکیلەیان بۆ دورست دەکەن، لەبەر ئەمە چەندجار چوینە نوسینگەی فڕۆکە، لەگەڵ کارگێرەکانی عەرەب، زۆر لە سەرمەسەلە چەقەو هەڕاکرا بەڵام بەرپرسەکە کە ژنێکی عەڕەب بو خۆی بە سویند و قوڕعان گول وکویردەکردکە ئەوە دەنگۆیە درۆیە، ئەوانەی ئەوقسانە هەڵدەبەستن و بڵاو دەکەنەوە و دەست لەکاری من وەردەدەن و بوختانم پێدەکەن، متمانەی داینێ کە فڕۆکە لە دۆبەی سەرڕاست بۆ هەولیر دەچێت،بەڵام کاتێک لە دوبەی چوینە ترمیناڵ بینیمان نوسرابوو هەولێر(ئەربیل) بەغدا، بەڕیکەوت کاک فۆزی و برادەرێکی دیکەی کوردی کوردستانی باشوور هاوسەفەربوون،کاک فوزین دەناسی،بەڵام ئەویدی کە دەیگوت دانیشتووی بریتانیایەو لەگەڵ کاک سالح زەرزا دۆست بووە لە شەقڵاوە هوتیلی هەیە، هەوڵین جاربوو بینیمان، لەڕاستیدا قسەکانی زۆرقەڵەو بوون بەڵام بەکردەوەلاواز. فڕۆکە وەئاسمان کەوت لە دوای دوو ساعات لوور بوو خوار گوتیان ئەمە بەغدایە، پرسیمان ئەدی قەرار نەبوو نەچێتە بەغدا، گوتیان مەسلەنییە موسافیری هەولێر دانانەزن، بەڵام کە فڕۆکەنیشت پۆلیس هاتنە ژور هەموویان بە زۆرە ملی بردینەخوار،دەجا وەرە لەو کاتە داکە کەس قەباڵەی کەس ناخوێنیتەوەو کەس بەڕبەی کەس ناپیوێ بکەوە دەست کارگیرانی نەحاملاوو دەمارگرژو فاشیستی عەڕەب! هەر بەکورد چاویان هەڵنایە، ئەویش کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەو سەرو بەندیکدا ڕۆژێ دەیان سوننەوشێعە کاری خۆ کوژی دەکەن و گومبەز ئیمام و وەجاغ زادەی یەکتری دەتەقینەوە، سەری یەکتری گۆش ئەندەرگۆش دەبڕن، مزگەوتان ئاگرتیبەردەدەن. هەردووک دەستە چێلەی فیتنەو فەساد بوون، باشیاریان نەدەکرا وبێ عیلاج، سەرئەنجام دەیانهەویست تیتاڵمان تێهاڵینن چاویان لە بەرتیل بوو هەموو پاسپۆرتەکانیان وەرگرت دایانە بەرزەڕەبین، خۆمان بە خەڵکی کوردستانی باشوورناساند ئەلحەق کاک فۆزیش شایەتی بۆ داین زۆری ئالیکاری کردین گوتی: دیاناسم ودانیشتووی کوردستانی ئیراقن، پاسەپۆرتە کشمان باش نووسرابوو ناوی ئیرانی تیدانەبوو پاسپۆرتی ئوستڕالیای و ناشنالێتی ئوستڕالیایی، دەستمان کراوەبوو بەڵام لێکۆڵینەوەو پشکنینەوەیەکی بەوردی لە سەرا تەواوی جانتاو چەمەدانیەکانیان، ڕۆکردنە سەرهەرد، وایلێهاتبوو نەزافەتچی کالیدۆڕیش لێمان ببوو بەخاوەن نەزەر، ساعەتی 8ی شەو نەجاتمان بوو خوا ڕوحمی پێکردین دەربازمان بوو سواری فڕۆکە بوینەوە دوورونزیکەی هەولیر فڕۆکە کەوتە فرتینە، سێکەڕەت لەنەکاو کیلۆ مێتریک بەردەبۆوە هەراوهورای مسافیران لەڕاستیدا خوانەجاتی داین لەنگەری گرتەوە لەسەرباندی فڕۆکەخانە بەگوڕ هاتەخوار بەڵام فڕۆکە وانەکەش دیاربوو کۆنتڕۆلی لە دەست دابوو هەربە هەردەکەی

دادا، خواڕاستان ڕزگارین بوو ساعاتی 9ی شەوگەینە هەولێر،بەڵام ئەوماڵەی کە لە هەولیر لەبەردەرگای فڕۆکەخانە چاوەڕوانی دەکردین، لێی کەوتبووینە شک کە گەڕابێتەوە بەڵام زۆرپیاوانە هەرلە وێ بوون، لە فڕۆکەخانە چاومان بەئالای کوردی ڕوون بۆوە ئەوە یەکەمین کەڕەت بوو ئالای کوردواریمان دەدی،لە فرۆکەخانە بێکیشە وگرفت وبێ چاو پێداخشاندن و تەنگ وچەڵەمە شتوومەکیان ویدانیەوە ئەفسەرە لاوەکانی کورد کە مرۆڤ چاوی بە دیداریان گەش دەبۆوە بەحورمەتەوە لەگەڵ مەسافیران دەجوڵانەوە. و یەکێک لە کارەچاکەکانیان بۆ پێشگیری لە کاری ترۆڕیستی ئەمە بوو کە ئیجازەیان نەدابوو پێشوازچی بێنە ناو فرۆکەخانە و تیکەڵ پێکەڵ سازبێت،ڕێگای کیلۆ مێتریک دوورترلە شوێنی دیاری کراوە ڕاوەستابوون دەجا بەماشین فرۆکەخانە کەل وپەلەکەیان بۆ دەبردن و موسافیرکانیشیان لەگەڵ سواری ماشینی تایبەتی فروکەخانە دەکرد، ئەمەش هەربەمجۆرە بەماشین فڕۆکەخانە بردراینە وێ،برادەریک ناوی منی هێنا وخۆم ناساند، ئەو دوولاوە هەردوو برای نشمیل خانی خیزانی کاک نەڕیمان بوون، سوپاس بۆ ئەو هەموو محیبەتانەیان شتوومەکیان لەگەڵ پێچاینەوە بەرەو گەڕەکەی (کەس نەناس) لە وێ کاک نامیق زڕباوکی نەشمیل خان و دایکی بەگەرم وگوڕی بەخیرهاتنیان کەردین،کاک برایم خیزانی دووەمی تازەهێنابوو بە ئیستلاح تازە زاوا بوو. دیارە ئیستا کە ئەو دیڕانە دەنووسم دەمانگ لەو ڕیکەوت تێدەپەڕی وەک گوێبیس بوومە کاک سمایلش ژنی دووەمی هیناوە، ماڵەکان لەلایان حکوومەتی کوردستان بۆ ئەوخەڵکەی کەس نەناس چاکرابوون بەڵام ئیکجار بێ سەروبەر دورست کرابوون وادیاربوو کۆنتراتچیەکان چاوی خەڵکەکەیان نوساندبوو زوربەی زۆری ئەم شوێنە پێشمەرگە و بە درێژایی تەمنیان هەموویان پارتی بوون. لە کوردستانی ئیراق بۆ ئەوانەی خویندەواریان نییە، کەسین پەرستن. مەسەلەکە بۆتە ئیمام پەرستی شیعەکان، ئیستاش سەرۆک حیزبەکان دەپەرستن وکوردستانیشیان بە خیرا خۆشەویستی ئەوان دەوێت! لایەکی تر ئەو هیندە ئۆگر بە مەسەلەی ئیسلامی بوون ئیدی چ تامی تێدا نەماو بوو. بەتاییەت خەڵکی هەولێر کە لە هەڵسەنگان لەگەڵ سولیمانیە سەت ساڵ لە دوابوون. ئەویش هەربە ڕەشهاویژ،ئەگەرلێان پرسیارکەی نازانن مانای وشەی موسڵمان چیە! نویژکردنیشیان بە هەڵکەوت، کە خوانەخواستە ڕیگایان لە مزگەوت بکەوێ، لە وەرگرتنی خەرافاتەکانی عەڕەب هەموو مامۆستانە بەڕاستی جەهالەت وەک هەور بەسەردەڤەرەکەی داکشابوو. ئینسانێکی وەک مەلا باپیری نازان و جاهل وخەڕافەتی و کورسی دەسەڵات پەرست دژی سرودی ئەی ڕەقیبی کوردی ڕاست دەبۆوە کە چل میلیون شانازەی پیدەکەن! ئەوە بە بەیت وبالۆرەی عەڕەبی دەشتەکی باویشکی دێتێ هەموو کوردستان بە دۆلاریکی کۆماری ئیسلامی دەفرۆشیت، لە وێ بۆ خۆی دووکانی سیاسەتی کردبۆوە کەچی ئەوهەی زانایەو ماناومفهومی یسلام دەزانی پێی وایە کەدەبێت ئیسلام وەک خۆی بمێنێتەوە وتێکەڵ بەسیاسەت نەبێت. بەڵام ئەوجۆرە نەزان وگەلحۆیانە ئابروی ئیسلامیان برد. ئەوەش دەگەڕێتەو سەرجەهالەت وبێسیوادی نائاگاداری زۆربەی خەڵکەکەی کە بۆنەتە وەڕگیڕکەی ئەم جۆرە کەسانەو بەنۆکەڕایەتی وسیخوری چوار داگیرکەر دەسماڵی گەڕەلاوژە بۆ لەناوچونی تۆرەمەی کورد هەڵدەسوڕینن. بێ گومان ئەو کابرایە یەکێکی وەک شیخ زانایە مانای مفهومی ئیسلام نازانێ. لایەکی دیکە پێش نویژی ئیسلامی وەکەس نەدەدا، کەچی بەحەقیقەت خوداشی نەدەناسی جگە لەمقام و دۆلار. هەروا زۆرکەس دەرەجەی سەرگوردو سەرهەنگ وتیمساری پێدارابوو بەڵام سیوادیان نەبوو ئەودەرەجانە ئی ئیفتخاری بوون، بەحەق پێشمەرگە لێهاتووی ئەو دەرەجانیان هەبوە،بۆنموونە زڕکوەرکانی کاک نامیق پێشمەرگە بوون. سمایل 18ساڵ پێشمەرگاتی کردبوو دەرەجەی سەروانی پێدرابوو کاک برایم بەمجۆرە، بەڵام لەو بنەماڵە جگەلەکاک برایم ئەوانی دیکە بەحاڵە حاڵ کتێبیان بۆ دەخۆیندراوە، کاک برایم ئاگاداریەکی لەمەڕ مێژوهەبوو کەیفیشی پێدەهات،بەڵام لەڕاستیدا تەنگ وچەلەمە فرزەی لێبڕیبوو دەرەتانی ئەم جۆرەکارانە نەبوو خەریکی بەرێچوون بوو،سێ ڕۆژ لە وێ ماینەوە جارەکی تر لەگەڕانەوەدا دوشەولەلایان گیربووین، بە هەڵکەوت کویخاکەریمی خەزوری کاک نامیق کە خەڵکی کوردستانی ئیران ودانیشتووی پیرانشاربوو بە میوانی هاتبوو، بەڵام لەوەش حاشا نەکەین ئاداب وڕەفتارو شێوەی حورمەت و دانیشتن وڕۆنیشتنیان لە گەڵ کوردی ڕۆژهەڵات زۆری

تەوفیرهەبوو. شیوەعارەبی بوون، بە پێچەوانە کاک نامیق جەباری برای کاک نامیق پیاوەکی ئیکجارتیگەیشتوو و قسەخۆش بوو ڕێزو حورمەتی هەمووکەسێکی دەزانی لە ئاشی سەرەوەی لێنەدەکرد. مام نامیق یەکێک لە پێشمەرگەکانی بە ناوبانگی پارتی بوو. سەردەمێکیش حەرەس وپاریزگاردی کاک ئیدریسی ڕەحمەتی ببوو، ئێکجار بە ئەمەگ و وەفادار بوو، ئەمن کەیفم بە هەڵس وکەوتی دەهات، پیاوی ئەوها بەدەگمەن هەڵدەکەون. نابراودەرەجەی ژنەڕالی درابۆیە. کاک نامیق زۆر بە شانازی باسی ئەوەی دەکرد کە لەلایان ڕژیمی خومەینی چکدارکرابوون دژی حیزبی دێموکڕات بە چەند ماشین چەکدار گۆیا 200 ماشین بووە دەست لە سەرپەلاپیتکەی کەلاش بە ناوشاری شنۆ و پیران شار داتێپەڕیون و بە عەمری کاک ئیدریس هەرکەس وزەی کردبوایە دەکوژرا ئەو حیکایەتی بەتام وخۆێ دەگێڕاوە بەڵام بەداخەوە نەیدەزانی ئەوهەی ئەوشانازی پێدەکرد هەنۆکەش پرۆشینکەیەکە لە سەرشانی پارتی. ناوبراو کوڕیکی سادق و ڕاست و دورست دەڵپاکی بە ناوی سمایل هەبوو کە لە ئاڵمانیە دەژی بە پێچەوانەی نەخوێندەواری ئیکجار ئاگادار مەسەلەی مێژوویی بوو ئەویش قسەکانی ڕاست و ڕەوان و بێ پێچ وپەنا دەکرد،چی لە ڕاستیەکان پاشقول نەدەداو نەدەشاردەوە، بێ ئەوەی ئەمن بناسێت هۆی هاتنەکوردستانی لێ پرسیارکردم ئەمنیش مەسەلەکەم پێگوت لەوەڵامداگوتی: ئەگەر دەتەوێ کتێبەکانت بە خۆڕایی بۆ چاپ کەن دەبێ مەداح بێ کردەوەکانی ئەم سەرۆکانە قەبەکەیەوە ڕاستیەکان بە بەراوەژو بنووسی! کاتیک گوتم ئەمن سواری ئەو ئولکەو مەیدانە نیم، گوتی کاکی خۆم دەنا کە وایە چاوەڕوانی یارمەتیان مەکە بروپارەی خۆت بدەو بەقەولی کوردی مەلا لەمزگەوت دەرکە، قسەکانی بەدڵم وەنووسا بەڵام کاتم بەفیڕۆ دابوو. چونکە ئێمە لە سەرپڕوپاگەندی تەلەفزیون پێمان وابوو کە بگەینە کوردستانی فیدراڵ بێ تەوفیر یارمەتیمان دەکەن. لە ئۆستڕالیا برایانی یەکیەتی زۆریان بە قەدو گیپالی شیرکۆ هەڵدەکوت کردبۆیانە زانایوخ، بۆیە حەزماندەکرد بیبینین و هەرنەبی کتیبەکان لە سەردەم چاپ بکەین. بەم هیوایە بۆلای چوین وەک بووک لەکەژاوەدابوو چەند پاریزگاردی بۆ دانرابوو دوایی تیپەڕین لەحەوت خانی ڕۆستەم چامان پێکەوت بەڵام چی پیرەمیردەکەی ڕوح مردووی دەم قەمتەر وشەی بەزورملی لەدەم دەرنەدەچوو. مەسەلەی چاپی کتیبەکانمان لەگەڵ هینا گۆڕ گوتی سەردەم هەتا دووساڵی دیکە کارناکات گاڵەدراوە، شێعریش باوی نەماوە، ئەوجار دەخۆمان ناگین دەبێ چ بکەین، وینەیەکەی یادگاریمان پێکەوە هەڵگرتەوە. ئەوجار لەهەولێر چوینە لای کاک بەدران کە لەلایان پارتی بەرپرسی ئەم شیوەکارانە بوو. ئیکجار حورمەتی گرتین گوتی: کوردستان هی چوارپارچەکوردە هەست بە بێگانەتی مەکەن هەرکاریتان هەبێت سەرچاوان. مەسەلەکمان لەگەڵ هینا گوور گوتی: ئەمن ئەوساڵ لە هەموو چاپەمەنیەکان زۆرترم کتیب لەچاپ داوە ژمارەی دەگاتە 174کتیب. بە داخەوە 387 کتیبتان لە پێشە بەڵام خەم مەخۆن لە نۆرەیان دادەنین، دەیمان کە سێ ساڵ دەکیشێت، بەڵام قسەکانمان پیخۆش بوو هەڵس و کەوتیکی کوردانەی هەبوو لە مەڕ سانسۆڕ لیمان پرسی بەڕاشکاوی گوتی سانسۆڕنییە بەڵام ئێمە زۆرکتیبمان لە سەرپاڕاگڕافیک ڕەت کردۆتەوە، ئەوەی دۆست بوو پیمان گوتەوە پراگڕافەکە بگۆڕی ئەگەر نەماناسێبێت بەشیوەیەکی دیکەمان وەڵام داوەتەوە کە گەردلەدڵی نەنیشێت. ئیدی تیگەین مەسەلە چییە. لەمەڕ بازاری ئازاد لێمان پەسیارکرد گوتی: لە وەزارەتی ڕۆشنبیری نامە وەرگرن چ موشکل نییە، دەستمان بەگەرمی کوشی ماڵاوەیمان لێکرد لە هەلسەنگان لەگەڵ شیرکۆ بیکەس وەک شیروڕیویمان هاتنەبەرچاو، هەرچەند ئەویش چ کاریکی بۆ نەکردین بەڵام قسەکانی وڕیزلێنانی کوردانە بوو، پیاوانە و شیرانە بوو. بەدڵپاکی لەگەڵمان دوا ،مرۆڤی ئەوها لەکوردستان نیعمەتی خوایە. ئەمن ڕێگای گەڕانەوەم بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی نوسینەکانم لێ بەرەبەست ببوو دڵم گەلێک تەنگ بوو پیریش بۆخۆی بەڵایەکی گەورەیە، هەر ڕۆژیک کە ئاوا دەبێ تویەکی ئەستوری خەم دەکەوتە سەردڵ، دەمەویست ئەوەی نووسیومن لە دوای نەمانم نەبن بەتۆزێ و پۆزێ، هەرنەبێ چاپ بکرێن، دیارە بۆ ئەم کارە ساڵی 1995 چووبوومە سوئد، میوانی کاک مەتەلیب ببووم کتیبە(فریزوە)م بەچاپ گەیاند بوو بەڵام ئەوهیندەی هەڵەی چاپی تێکەوتبوو کەلکی نەبوو دوو کتیبی بەرەونەلیوان و هەورازونشیویش لە ئەدلاید کاک عەولا چاپی کردبوو بەڵام چاپەکانم هیچ بەدل نەبوو لە ئوستەرالیا

کرێیاری نەبوو ئەوهەی بەخۆڕایشم بۆ دەناردن هێندیک دۆست ورەفیق بوون، شتی خۆراییش بایەخی کەمە، دەمەویست زۆریان لێ بڵاوبێتەوە ئەوجار چاپی ئەو کتێبانە ئەگەرکەسیک بۆی تایب کردبام زۆری تیدەچوو بۆ تایبەی پێنج کتیبە پێنج هەزاردۆلاری دەویست جگە لە چاپەمەنی،کە هەرلە ئوستراليا بەوکەیفیەتی کە ئەمن دەمەویست نەبوو. کاک عەولا ئیبراهیمی زۆری تانۆت وەبەر نام کە بۆخۆم قۆڵیان لێهەڵماڵم و تایپ یان بکەم، لە ڕاستیە ئەمن لە زیندان نزیکەی 8ساڵ لە سەرتایب کارم کردبوو بەڵام لەکامپێتر دەترسام لایەکی دیکە 28 ساڵ بوو کە لە زیندانی- شا -ئازاد ببووم کارم پێنەکردبوو دەخۆم ڕانەدەدیت بەڵام وەک دەڵێن کە کەرلە قوڕ هەڵچەقێ خاوەنەکەی لە هەمووکەس بە هیزترە. ئەومەسەلەم هاتە وەبیر، شانس وئیقباڵیش کاک عەوڵلا دوو سی مانگ بوو لە ئەدلاید ماڵی هێنابوو سیدنی، لە سەرقسەکانی وی لەب تابەکم بە1800دولارکڕی هەردەستم پێکرد هاتمەوە سەری، خەریکیان بووم لە ماوەی 4 مانگ 1300لاپەڕەم لێدا بەڵام بەسەریاندا نەچووبوومەو کاک موتەلیبیش لە سوئد پەیوەندی لەگەڵ گرتم مەسەلەکەم پێگوت گوتی: کە وایە ئەمنیش کە خیزانم دەنیرمەوە شنۆ دێمە ئیراق، لە وێ یەکتر دەگرینەوە، ئەو قەول وقەرارە زەبری لە کارەکانی من داچونکە بە سەرنووسینەکاندا نەچووبوومەو دەمگوت لە وێ تەواویان دەکەم فکری ئەوەم نەکردبوو ڕەنگە لە وێ حەوسەلەی ئەم کارم نەبێت و یان لە وێ بەرق تووشی موشکیلەم بکات، شتەکانم هەر بە گەمە گرتبوو، خولاسە لە ماڵی ڕاهی جەلال بووین کە کاک موتەلیب تەلەفونی کرد گەیوەتە کوردستان لە ماڵی دۆستەکی گیرساوەتەوە. دوایی دوو ڕۆژ بۆ خۆی هات بەماشینی کابرا، بەڵام کابرا کە هەر دەیەویست لەکۆڵە خۆمان کاتەوە لە شەقلاوە ماڵاکی بۆ گرتبووین بە تاریف کردن کۆشکی فەرهاد بوو سویندی دەخوارد کە ئێمە لە عومری خۆمان کۆشکی ئەوها جوانن نەدیوە، کە چوین نوێژی شیوان بوو چ ببینین کەچە کەلاوەیەکی خەرابووی هەموو قەڵش و کەلین، بۆنی کەری تۆپیوی لێدەهات. زیلوە کانی بەهەردی ڕەق هەڵاتبوون بەپاچ و پێمەرەش ریخ و پەین وپیسایی لێنەدەبۆوە. دەرگا تنەکەو پەنجەرە نایلونی شڕی دڕاو، ئاشپزخانە تیک تەپیوی ڕۆخاو، گازەکی کۆنی ژەنگاوی لوت ولیوخوار پەرلەخۆڵ زبڵ، نە پەتوو نە رایخ نە دەرکووبان و حەمام. کالیدۆڕە تەنگەکەی کەنداڵ کەنداڵ بەسەوە خۆڵی تیداهەڵدرابووە هەموو بەری میچ ودەرودیواری بە ئاگر ڕەش هەڵگەڕابوو بی کارەباو لامپ و بێ لاباجە، ڕوناکی لە دەرگا شکاوەکی هۆدە وەردەگرت بێ ئاوە شیرە هەموو هەردەکەی تیک تەپیوەی تەونە جاڵجاڵوکەبوو، سێ لەتە زیلووی شڕی چڵکن لە سەریەک دانرابوو هەریەک چۆکەکی تۆزو خۆڵ لە سەرنیشتبوو، تەنیا حەوشەکەی لولەیەکی ڕزیوی ژنگاوی ئاوتیدابوو کە مەعلووم نەبوو قوڕە یان ئاوە لە بەرژەنگ وەک خەنە بوو ، کابراش لەگەڵمامندا ئەو مەدح وتاریفاتی نەدەبرپەوە،خیزانم لە بەربۆن گڕن دەمامکەی دابوو 100 دۆلاری ناقابیلی کریەکەی ڕۆژانە ئامریکایی بوو. بەلێ لە قیمەتی هوتیلێکی کاڵفورنیای ئامریکا. کاک مەتەلیب پارەی دوو ڕۆژی دابۆیە لە داخان نانم نەخوارد خوایە بەچ بنوین لە سەر چ ڕایخێک ڕابکشێین کاک موتەلیبیش سەری سوڕ مابوو،بەیانی کابراهات کە دیتی ئێمە جانتاکانن هێناوەتنەدەر بێ قسەکردن لەگەڵ مان هات ئەو جارخانوەکی بۆگەنتری بۆ گرتین، خەریکی مەدح وسەنای بوو کاک موتەلیب لێی دەرهەڵبوو گوتی: کابرا ئەتۆی ئورۆپا دیدە ئەو مەدح وتاریفاتەت لە چییە! چما ئیمە شێتین ئەوەنابینی پڕ لەگووە،بەڵام دیسان سوپاس کە ئەو شڕەو بڕەیەی بەماشینی خۆی بۆ دەگێڕاین، ئەو جار خانوەکی دیکەمان دۆزیەو ڕۆژێ بە 35دولاری ئامریکایی هەرچەند بۆ تاریف نەدەبوو بەڵام خاوین بوو بۆ دانیشتن دەبوو،بەڵام خاوەن ماڵ گەنجێک بوو کەلە سەڵاوەتانی ڕا وەئەلقایدە دەچوو، خەڵکی شەقلاوە کاسبیان ببۆو بە ڕوتاندنەوەی خەڵک، هۆیەکەشی ئەمە بوو عارەب لە گەرمان و لەترسی تەقینەوە لە بەغدا و شارە عەرەب نشینەکان هەڵدەهاتن ڕوویان لە کوردستان کردبوو، بگرە سەت هەزارکەس پتر، بەکەمە وە پێنج هەزارکەسێک ڕووی لە شەقلاوکردبوو،دیارە شەقلاوە نەشاریکی لەبارو ڕازاوەبوو و نەلەگۆڕایی هەڵکەوتبوو خانوەکانیش هەر بە گەلایی سازدرابوون، تەنیا دووشەقامی بەرتەسکی هەبوو لە گەرمان خەڵکەکەی بەشەو دەگەڕان هەتا کات ژمێر12ی نیوە شەو هەموو دووکان هاوەلا بوون. ماڵی ئێمە لە نیوقەدی چیابوو هاتنە خوارەکەی وەک گلۆربوونەوە بوو. بەڵام چوونە

سەرەکەی مەپرسە، ئەویش بەگەرمای جەنگەی نیوەڕۆ هەرنەدەکرا،خانوەکانی بێ سەرو بەرو لە سەرکەنداڵ و هەڵدیر سازدرابوون، سەرئاوژێرەکەی ڕکەیەک مەگین خودا بزانی، لە ناوقەدی چیایی سەفین،بەڵام دیمەنی شارەکەی بەو هەمەموو داروباری سروشتی بە تایبەت دارەهەنارەکانی سیماو ڕەوشەکی هەرە جوانی بەخۆوەگرتبوو، ئەگەر بەڕیک وپیکی ڕیکخرا بوایە بێگومان شوێنەکی ئیکجار دڵگر دەبوو. ئەم شارانە هەموو لە دوای خاپوور بوون بە دەستی سەدام جارێکی دیکە بە ڕەمەکی و هەڕەمە سازدرابوون زوربەی چەشنی کەپر بوو،دووکانەکانی زوربەی سیماو ڕوخساری کەونارای پیوەدیاربوو زۆرایەتی ئەوشارە وەکوو شارەکانی دیکەی کوردستان هەژارو بەلەنگاز پیکی دێنان، کرێکار ژیانی سەخت بوو دەسحەقی کار لە10 هەزار زیدەتر نەبوو بەڵام ڕۆن وئارد برینج،هی دەرەجە دووەم هەرزان بوو. ئەمما بنزین موشکیلەی دورست کردبوو گالۆنی بە 17 هەتا 20 هەزار بوو-100دۆلاری ئامریکایی 149هەزاردیناری ئیراقی بوو- لەحالێکدا کە هەموو پۆمپی بنزین بەتاڵ بوون. تەنەکەبینزین لە هەموو شوێن وەبەرچاو دەکەوتن. لە سەرانسەری جادەر و ڕێگا ماشین ڕۆەوەکان، دەبەو تونگەی تەژی لە بینزین دانرابوون. دەیانگوت زوربەی لە ئیران ڕاهاتووە هێندیک لە تورکیە، هێندیک دەیانگوت بەرپرسی بینزینخانەکان بە دزی دەیفرۆشن. حکوومەتی فیدڕاڵ هەموو ڕۆژێ لەم بارەوە دەئاخافت و بە قسە هەرزانی دەکرد بەڵام بە کردوە هەمان تاس و حەمام بوو. هەڵبەتە کارەباش چەقەوگوڕەو ناڕەزایەتی سازکردبوو ئەویش جگە لە خۆ تەقینەوە ئەوبنزینەی کە لەئیراق ولە کوردستان بۆ تورکیە دەچوو کە بەپالیوترێ، لە هاتنەوە دا تورکیەی فاشیست بەئەنقەست بۆ لێ زێدەکردنی نازەزایەتی خەڵک دەیگەنخاند، بەتایبەت لە وەرزی زستان دیارە ئەم کارەمکافات بوو بەڵام لەکوردستان جگە لەکارەبای حکوومەت جەماوەر مولیدەیان دانابوو کە هی دەوڵەت دەکوژاوە ئەوان هی خۆیان هەلدەکرد هەڵبەتە لەو هەلاوبگرەدا هی دزو تەماح کارو دەستەوپەستەش هەبوو کە کیشەکەی زیدەکردبوو. بەتایبەت گەندەڵی، جگە لەگیرەشوین ودەستی دەرەکی ئیران وتورکیە. لە راستیدا هەریم لە1991کە دامەزرا دەستی جینارەکانی کەوتە هەناو، کە هەموویان کە لە مەڕ چەوسانەوەی کورد لە خاڵی بەرژەوەندی هاوبەش بوون، دەجا هەڵس وکەوتی وان هۆکاری شپرزەیی بوو. لەماوەیەدا زۆرکەسیان بەدراو کریبوو تەژی لە سیخوری ئیران وتورکیە بوو بەتایبەت ئیسلامەکان کە نۆکەری هەموولایەکیان دەکردو جیا لە نیشتمان پەروەری، پەڕی قوماڕی دەست هەموو قوماربازیک بوون. توانیبوایان لە کێشەی نیوان یەکیەتی و پارتی کەلکی نابەجێ وەرگرن خۆیان داسەپێنین، وخەڵکی ناحالی بکەنە دەستەچیلەی ئاگری ئارەزوی خۆیان، بە ناوی ئیسلام زەبرلە بوونی مافی کورد بوەشینن،ئەو هەموو تەونە ڕاچاندرابوو بەڕەو ڕووی حکوومەتی ساوای کوردستان ببوو،هێشتا یەکگرتنەوەکەش دوای نەهاتبوو شوینی چەت تێهاویشتن زۆرو زەوەند بوو ئەوەش بڵێم ئەوکات هەزار دیناری ئیراقی دۆلاریکی ئوستڕالیا بوو لە 1970زایینی دینارەکی ئیراقی حەوت دۆلاری ئامریکایی بوو-لەحاڵیک داکەبە حەق کوردستان بەرەو گەشەکردن دەڕۆیی مەسەلەی چەوساوەو چەوسینەر هەرلەگۆڕێبوو، لە سەرەوەی شەقلاوە بۆ میوانان فکرکرابۆوە دەستەیەک خانوبەرەی جوان چاکرابوون دەستەیەکیش فەعلەیان لە سەربوو تەواو نەبوون دەیانگوت ئەگەر ئەوان تەواوبن خانوو کرێیان هەرزان دەبیت. ئەوەش بڵێم بەرلە سەفەر کاتێک لە سوئید لەگەڵ کاک موتەلیب ئاخافتم لە هێندیک شت تایبەت مەسەلەی ئیجارەی خانوو لێم پرسیارکرد پییی گوتم ئەوکاک ئیحسانەی کە لە ساڵی 1995میوان کردی و یەکێک لە دۆستەکانی منە، هەنۆکە قایمە قایمی کەرکۆکە، و خانوبەرەیەکی لە شەقلاوەهەیە پیی گوتوومە: لە ئیختیاری ئێمەی دەنێت،ڕاستی دەگوت هەر دوو ڕۆژ دوایی کاک ئیحساس بۆخۆی لە گەڵ براکانی کە حەڕەسی بوون تەشریفیان هێنا، تایەک شەکرو تەنەکەیەک ڕۆن دوو تائاردو تەلیسیک برنجی لەگەڵ خۆی هێنا، شەویک لە لامان مانەوە دەیان وێنەی یادگاریمان پیکەوە هەڵگرتنەوە هەتا بەتلێک لە شەو پێکەوە لە مەڕ مێژووی کوردستان و شێعر دواین، پیاوەکی لێهاتوو بوو، زۆریشی کەیف بەپیاوەتی دەهات ماشینی خۆی بۆ موتەلیب بەجێهێشت، ئیدی پیی حەساینەوە، هەرئەوەندە بوو بنزینی تێدەکرد، شەوەکیش لە ڕەستوران میوانی کردین بەحەق دڵفرەوان وجوامیرو سەخی بوو. تەوفیری کوردی لە چوارپارچەکان نەدەکرد لە

ڕاستیدا مرۆڤێکی ئازادیخواز بوو دژی ئەو تەونەو بەستە بوو کە ڕاچانرابوو دڵی بۆ کورد لییەدا لێهاتووی مقامی باشتری هەبوو، زورمان لە مەحزری وی فەیزو بەرکەتی عیلم وزانیاری برد. کاتێک ناوبراو لە کرێی خانوەکە حالیٚ بوو گوتی: کوڕە جا چۆن ئیوە کریٚ دەدەن، دەی هەستن با بچینە خانوەکەی من، کاک ئیحسان لەمیژ بوو ئاگاداری خانەوەکەی نەبوو نزیکەی بیست ساڵ بوو هەربە خۆرایی و پیاوەتی لە دەست خەڵک دابوو ئەوهیندەی دەزانی کە ماوەیەکە چۆل کراوە و بۆ ئیمەی دەنەزەرگرتبوو. کە چوین چ ببینین دانیشتووی بە مفتەو بەخۆرای کردبویانە کاولە ئاش، بۆ دانیشتن نەدەبوو. پێویستی بە تەعمیرو نوێکردنەوە بوو هەستمان پێکرد زۆری پێناخۆش بوو. ئیستاش پڕبەدڵ سوپاسی ئەو پیاوەتیەی دەکەم و بە داخەوە لە ترسی تروریستیان نەمویرا بۆخواحافیزی بەخزمەتی بگەم و دەستی جاریکیتر لە نزیکەوە بەگەرمی بکوشم. یەک دووجار بەتەلەفون قسەمان لەگەڵ کرد دیگوت: شاعرونوسەر ترسەنۆکەن، ڕاستی دەگوت ئەو بە ورەیەکی پۆلایین لە کەرکووک قایمەقایم بوو. کە ڕۆژ نەبوو تەقینەوەی لیٚ نەبێت، هەنۆکە بە هۆی پیادەکردنی مادەی 140 عارەبە دەمارگرژەکان لەگەڵ هێندیک لایانی دیکە و خۆفرۆشەکانی ئیسلامی بە تەقینەو کوشت وکوشتاری خەڵکی کەرکووک ڕۆیان ڕەشتربووە. و بە داخەوە کاک موتەلیب لە سەرئەم مەسەلە دڵی لە ئیمە ئێشا و پەیوەندی بە ئیکجاری هەڵبڕی، کە هەنۆکەش هەر لەدڵم داماوەتەوە. کاک موتەلیب بەهۆی منداڵەکانی کەلە شنۆ بوون زوقی گیرابوو،نەشی دەویرا بچێتەوە،داوایی کە هەڵی بۆ ڕەخسا لە گەڵ کاک شەفیعی برای و هەڵگۆردی برازای بە شەو پەڕیبوونەوە، کاک شەفیع بەپێچەوانەی کاک موتەلیب گەلێک لە سەرەخۆ بوو شتی زۆر قوڵ دەخۆیندەوە لە قسەکردندا تەکەی هەر لە دەستی خۆی دا دەهێشتەوە زۆریش ئاگا داری دۆخی سیاسی بوو. هەمووماں پێکەوە چوینە سولیمانیە لە ویٚ دوایی سەردانی چەند چاپەمەنی کە هەر قسەیان بەدەفتەر دەکرد، (مەبەست لەدەفتەردەهەزاردۆلاربوو) لەگەڵ کاک ئاکۆ پێکهاتین، لێرە ئەوهەی کە زۆرسەرنج ڕاکیش بوو ئاوەدانی کوردستان بەتایبەت ئەوهەی لە دەست پارتی دابوو جێگای دەستخۆشی بوو لەم سەفەرە دا سەردانی زۆرشارانمان کرد یانی جگە لە هەولیرو وسلیمانیە و شەقلاوە بۆ زاخۆ، دەهۆک، کویە، هەولێر،باتاس، ئاکریٚ، دیانان، دوکان، ودوایی ڕۆینەوەی کاک موتەلیب لەگەڵ مامۆستازرار و باجەناخەکەی سەری بڵە و بارزانیشماندا وهتد بەڵام دڵ شکانی کاک موتەلیب ئێستاش لەدمداهەرماوەتەوە... کوردستانی لەسەرئەو هەموو چالاکیەی کەبۆ ئاودانکردنەوەی دەکرا بەڵام خەڵکی نارازیشی زۆر بوو، گازەندەیان لە سەربوو بەتایبەت لەمەڕ مەسەلەی گەندەڵی. بەڵام ئەوەی بیزم لێهەڵدەستا پاشماوەی دابەشکردنەکەی سورانی بادینانی کاری لە ئاسمانیش کردبوو، یانی ئەو دوو ڕێبەرە تەشقی ئاسمانیشیان دابەش کردبوو کارتی کورک، کارتی سانا،کارتی ئاسانسیل، هەریەکە لە ناوچەی پشکەبەشی یەکیەتی وپارتی کاریدەکرد. ئەمە شوینەوارەکەی نگریسی شەری براکوژی بوو، ئەوجار بەکردەوە ئەو شتە زەقە هەر مابوو مەسەلەن کەلە هەولێر وەدەر دەکەوتی هەتا حەدو سەدێک هەر وێنەی بارزانی وەبەرچاو دەکەوت، کە لە ویٚ تیدەپەڕی ئیدی دەم و دەزگای جەلالی بوو،یانی وێنەی مام جەلال دەدیترا، هەرچەند بە قسەو تیئۆڕی کاک مەسعود لە 1995 سەرۆکی کوردستان بوو. لە سولیمانی کە بەدوای چامەمەنیەک دەگەران بۆ ئیجازە چوینە وەزارەتی ڕۆشنبیری کە بەرپرسەکەی کاک عەبدولکەریم سۆڵەیی بوو لە ویٚ خانم گیلاس هێندیک کارگیڕی دیکە تەنگەژەیان سازکردبوو بەڵام کاک سەلاح کە پیاوەکی بە ئەزموون و دڵپاک و سادق بوو بۆ وەرگرتنی ئیجازەی کتیبەکان کارسانایی بۆ کردین دوای خوێندنەوەیان کەچەندڕۆژی خایاند، کە ئیجازەنامەی 10کتیبم لەوەزارەتی ڕۆشنیری وەرگرت لە چاپەمەنی تیشک لەگەڵ کاک ئاکۆ مەسەلەی کتیبەکانن بۆ چوارکتیب هەشت هەزار دۆلاری ئامریکایی بریەوە کە نیوەی پارەکەمان دایە و نیوەکەش لە فرۆشتنی کتیبەکان هەڵگریتەوە بۆ کتیبەکانی دیکەش قسەی لەگەڵ بکرێت دیارە هەموو شیعرەکانم کردبوو دیوانیک. دوایی ئەم قەول و قەرارە، کاک موتەلیب لەگاڵ کاک شەفیع و هەڵگوردی برازای بەشەو لە سنوور ئاوای کوردستانی ڕۆژ هەت بوون، ماشینەکەشیان بۆ ماڵەکی دۆست بەجێهیشتبوو ئیدی ئێمە بە پیادە مابنەوە، بەڕێکەوت سبحەینەکە تووشی کاک فۆزی بوین لەگەڵ وی بۆ بیخاڵ وگەڵی عەلی بەگ چووین لەراستیدا ڕێگاکەی گەڵی عەلی بەگ

ئەوهێندە بەجوانی دورست کرابوو مرۆڤ حەزی دەکرد پێدابڕوات، بۆ لێوارەکانی جادە سەرانسەر پەرژین هەڵچنرابوو کەلە هەڵدیران ماشین دڵنیایی بەوجود دەهێنا، دەنا لەو بەرزایە ئەوهەی هەڵدیرابوایە پەرەم بەپەرەم دەبوو. دەیانگوت لە سەردەمی سەدام ڕیگایەکەی بەرتەسک هەبوە دەیان ماشین لێ هەلدیراوە دەیان کەسیی لێ کوژراوە. ئێمە ڕێگاکانن بینی شوینی ڕێیەکی بەرتەسک لەبن ڕازەبەردەکان بوو. هێندیک لە ڕێگای پیادە بەرینتر، هەروا ڕیگای بێخال ئیکجار باش و بە سەلیقە دورست کرابوو لە حەقیقەت ئاوی بیخاڵ وەک ئاوی حەیاتە، پێم وانیە لەم دونیا پان و بەرینە ئاوی ئەوها ڕوون و جوان و سپی و تام خۆش هەبێت. کاک فۆزی کە پێشمەرگەیەکی کۆنی یەکیەتی نشتیمانی بوو هەموو جێگاکان وسەنگەری شەڕەکانی لەچیاکان پێ نیشاندابن. هەروا کۆشکی فەرمانڕەوایی خانزادی سۆران لە پێدەشت و ئەوچیایی کە بۆ گەڵی عەلی بەگ دەڕۆیی. ئەوهێندەمان پێخۆش بوو جارێکی دیکەش چوینەوە، کە کاک موتەلیب گەڕاوە هەموومان پێکەوە لەگەڵ حاج باوکی وکاک شفیع وهەڵگۆرد چوینە ئەوشوینە دڵڕفینە، لەو ئاوە خۆشمان خواردەوە. ئەمن و خێزانم بۆ مەسەلەی کتێبەکان بڕیاری چوونە سلیمانین گرت و بەماشینی خاوەن ماڵەکە سەفەرەکەمان کرد کە دوایی 100 دۆلاری بۆ حیساب کردبووین، کتیبی (ڕوداوەکان) و دیوانی شیعر هەرکام بەتیراژی /1000تەوابوو بەپێی قەرارمەردار دەبوایە هەمووی خەلاس کردبان بەلام لە ڕاستیدا دەبەی کرد، ئەمن پارەی هەرچوار جلدەکەم دابۆیە کە ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو هەرچەند ڕەسیدی پارەکەی دابوومێ بەلام لە نوسینی قەرارمەدارەکە داشوێنە ونکەی کردبوو. لە ئاخرەکەش کە هاتمەوە ئۆستڕالیا ئیدی کتیبەکەی چاپ نەکرد، ئەوهەی چاپیشی کردبووپیرستەکەی غەڵەت بوو. دووشەو میوانی بەڕیز ماموستا جەلال جێگری ورزارەتی ناوخۆ بوین بەڕاستی مرۆڤێکی لێهاتوو بوو. زۆرم قسەکانی پێخۆش بوو بەلام لەلایەک بەهۆی شوغلەکەی زۆرسەرقاڵ بوو هەرکاتی بۆ وچانیش نەبوو لایەکی دیکە پیاوەکی سیاسی بوو قسەی بە پێخور دەکرد، هەموو لەشی گویچکە بوو، کەمی تەحویل دەدا،زۆری خزمەت کردبوو ئەمن ڕابردووی ناوبراوم پێشتر پرسیارکردبوو گۆیاکاتێک کە سەدام گەڕاوە پێشمەرگە بەکۆ کەوتە بەرهێرش و تێشکان و یەک ملیون کورد بەزستان وەسەر بەفر خران دووڕێبەری کورد هەریەک لەلایەک دەکەونە بەربەرەکانی وای لێدێ کە جگەلە دەستەیەک پێشمەرگەش لێک دەترازین ئەوکات کە مام جەلال زۆرکەم خەلکی لەگەڵ مابوو ماموستا جەلاڵ یەکێک لەوکەسانە بوو کە بە ورە بەرزی لە بەرامبەرهیرشی سەدام مابۆوە،دیارەئەمن ئەو مەسەلەم لەگەڵ مامۆستا باس نەکرد،(ولەکتیبی مێژووی هاوچەرخی کورد نوسینی دیویدمک داوڵ،کەکاک برایم یونسی وەریگێراوە سەرفارسی، ئەمن کردومە بەکوردی ئەم مەسەلە تیدا کە چۆن ئەو دوو ڕیبەرە بەتەنیا دەمێننەوە و کاک مەسعود چون لە سەفین بەرگری دەکات) ئێمە نزیکەی سێ ڕۆژ لە ماڵی مامۆستاماینەوە بۆخۆی و خیزانی گەلێک ڕیزو حورمەتی کوردانەیان گرتین، کە قەت لە بیر ناکەین، ئیدی ئێمەگەڕاینەوە هەولیر، دوای کە کاک موتەلیب گەڕاوە حاجی باوکی ودایکی لەگەڵ خۆی هاتن حەوتووەک مانەوە،بەرلە گەڕانەوەی ئێمە بۆ ئۆستڕالیا دەبوایە کاک موتەلیب بۆ سوئید گەراباوە. ئێمەکەل وپەلمان بردنەوە ماڵی کاک نامیق، بەلام بۆ خۆمان گەڕاینەوە ماڵی کاک ڕاهی جەلام نزیکەی حەوتوەک لە وێ ماینەوە، ڕۆژیک لەگەڵ کاک ڕاهی جەلاڵ چوینە لای لیوا ئازیز، دەرجەی لیواکەی بۆ کاک ڕاهی جەلال هاتبۆوە، کاک ڕاهی جەلال کە ببوو بەلیواجەلال پیاوەکی ئیکجارنانخوشە، خیزانی شلیرخان لەخۆی دلفرەوانتر بوو کوڕەکەشی بەناوی دلۆ، دووساڵ پێشترلە ئۆسترالیا گەڕابۆوە لە زانستگای ئەفسەری دەیخویند تازە ژنیان بۆ هێنابوو لە راستیدا کاک لیوا جەلال کوردکی دڵپاک و چاونەترس و بەعیزەت وکەڕامەت و بەغێرەت بوو،ژیانێکی ئارامی هەبوو بۆخۆشی زۆرکەم لەماڵ بوو بەدەگمەن بۆ نیوڕۆ دەهاتەوە جار وەدەبوو شەویش گیر دەبوو لە سەرئەو هەموو ترس و لەرزی تڕۆڕ، ئەو بەبێ ئیسکۆرت وبێ چەک و تاک وتەنیا لە ڕێگا دەکەوت و سەفەری بەغداشی بۆ دەکرد چەندی بەگویشیان هەڵدینا فایدەی نەبوو ئیمانی بەقەزاو قەدەر هەبوو هەروا مامۆستا زراری برای کە بە حەق پیاوەکی مەشرەف خۆش و بەخەڵک ماندەوە لە ئوسترالیا گەڕابووە لەماڵی کاک لیواجەلال بوو. یەکجار لوتفی لەگەڵ ئیمە هەبوو. بە ماشین برازەکەی ئێمەی بردینە ماڵی مامۆستا نیاز کە باجەناخی یەکتربوون

یانی ژنەکانیان خوشک بوون.---- ئیستا ئەوبیرەوەریانەوەرددەدەمەوەڕێکەوت 2008/1/24ی هەتاویە بەداخەوە مامۆستازرار ئەوکەڵەپیاوێ لەکوردستانی باشوور سەردەمێکەبەهۆی وەرگەرانی ماشین ماڵیاوایی لێکردون بەڕاستی حەیفی کرد.----- مامۆستا نیاز بەڕەگەزە بارزانی بوو ماڵی لەگوندی --- بوو ئیکجارخولق خۆش بوو زۆری حورمەت گرتین بۆ دڵخۆشی ئیمەیان بردە سەر زێی بادینیان چشتیان بەردە ئەو هەروازە، زۆرخۆشمان لێ گوزرا. خیزانی ئیکجارئاقڵ بوو دووکیژی گچکەی هەبوو کەلە گوند دەیانخویند ڕەوشتی مامۆستا بەپێچەوانە زورخەڵکی ئیراق دیموکراسی لەماڵی خۆی ڕادست پێکردبوو ئاگاداری دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، دەیان وێنەی یادگاریمان پێکەوهەڵگرتەوە. لە ناوچەی بارزان سەرمان لە زۆر شوین دا زۆرشتی کۆنم لەو سەفرە وەبیر هاتنەوە زور جێژوان وڕاوگەی سەردەمی لاویم بەسەرکردنەوە. ئەو شوینانەی لە ساڵەکانی 1341هەتاوی دیبووم هەتا بلە،بارزان، خوێرزۆک، و بێداڕون شوینەکانیتر بەڵام ڕەنگ و ڕوویان گۆڕابوو ئەوچەخت وهەڵەموتە جادەوشۆسەی لێدرابوو ئاوی بۆڕیە بۆ گوندەکان کێشرابوو خانووبەرەی جوانی تیداسازدرابوو بلە،کە ئەو دەم چەند ماڵیک بوو ببوو بەشارۆچکەیەکی سەرنج ڕاکیش،گوندی بارزان ئیکجارئاوادان ببۆو دیمەنە کەی گۆڕابوو دەیان کۆشکی لێ شازدرابوو ئەو گەڕانەوسوڕانە زۆری لە بیرەوەریەکان بۆ زیندو کردمەوە لەوشوێنە میوانی ساکۆی کانیەلنج ببووم نابراو14کەڕەت لە شەڕبریندارببوو هەرواله خزمەت شیخ ئەحمەدی بارزان مابوومەوە. ئەوکات شێخ محەمەد خالید لە بارازن بوو ڕۆژی بگرە دەیان کەسی بەلەنگازی لەکوردستانی باکووری تورکیە بۆ ماڵی شیخ دهاتن، شێخ ئەحمەد لە مەڕ ئابووری و دەخڵ و دان یارمەتی دەدان. مالی نەمر بارزانی لە گوندی ڕیزان بوو، ڕێزان کوێرەگوندیک بوو هەنۆکە شارەدێیەکە،لە تەکیەی شیخ ئەحمەدی بارزان چاوم بە حەکیم پێندرۆ مەلاجەعفەری برای مەلاجووج کەوت. ئەو هیرشەی بۆسەربارزان کرا بریتی .لە جاش وعەسکەر ئن وهاوالانم لە بارزان بووین،عەسکەروجاش کوشتەیەکی زۆری دا بەپاشداگەڕانەوە، شوێنەکانی دەشتی بەرازگرو گوندەکانی بانێ وسەربانێێ وەبیر هینامەوە هەرچەند کات نەبوو کە سەریکیان پێ هەڵینم. ئەوەکات 1341ی هەتاوی بوو لەگوندی بانێ،میوانی کەسێک بەناوی شیخ داود بوین. ناوبراو پێشمەرگە بوو بەڵام بە هۆی زەماوەند مەرەخەسی درابۆیە، شەوێک پێشترژنی بۆ گویزرابۆوە. ئەوکات عەبەیدوڵلا کوڕی گەورەی بارزانی و لوقمان لە سەرکاربوون. بیرەوری بابکان وخیرۆزوکان وبانێ وسەربانی کەگیڕانەوەی ئەوانە لە بەشی دووەم لۆچک لەخەروار بەشێنەیی شیان دەکەمەوە. و چەند شەوێک لەلای حاجی بێڕوخی مامەوە کە تازە حامید ئەفندی کە مامۆستایەک بوو بۆ ناو شۆرشی ئەیلوول هات. هەروالەمەڕسەفەری نەمربارزانی بۆ ناوچەی سیدەکان و مهاجیران ئاگرتیبەردانی پێگەی شیخ ڕەشیدی لۆإن لەگونەی لۆڵان. گەڕانەوەی کوڕەکانی سەید تەهای شەمزینان بۆ ناوشۆرش بریتی لە شیخ داڕۆ و شیخ کەوکەس ودەیان بیرەوەری دیکە! بەپیویست دەزانم هیندیک گیروگرفت لەمەڕهەڵسوڕانەی دایرەکانی هەریمی کوردستان کەلەگەڵیان دەست بەیەخە بووم بگێڕمەوە: وەک دەزانن ئەوانەی کەبۆ کوردستان دەچن بەپێی قانوون دەبێ خۆیان بە ئاسایش بناسێنن، ئێمەش لە سەرئەم شیوەوشیوازە دوایی دوو ڕۆژچوینە ئاسایشی هەولیر،سەیرئەمەبوو دەیان کەس لە کالیدۆرەکەی کەڵەکەی کردبوو کەس نەیدەزانی کامەیان زووکامەیان درنگ هاتوو. ئیدی ئەمە ببوو بە عادەت ئەوەی واسیتەیەکی بوایە ئەوە کارەکەی بۆ ڕادەپەڕاندرا ئەوەی کەسیشی نەناسیبوایە دەبوایە مل کەچ ودەست بەئەژنوو دانیشێت. داستانی وەزعی ئیرانم هاتەوەبیر: (ئەمڕوزبروفردابیا) بەڕاستی کارەکی ناحەز بوو سەرەتا پیمان وابوو چونکە تازەنە ڕەنگەباشی لێنەزانن پیمان گوتن کاکە بۆچ ژمارەنادەن! دوایی تیگەین نەخیر بەڵکوو زۆرباشیش دەزانن بەڵام هەروایان پیخۆشە چەنکە دەستووردان و ئەمر کردنیش لەم جۆرەدەم ودەزگایانە بۆ خۆی هونەریکە! یان بۆ کتێب چاپ کردن ڕێگامان دە ڕۆشنبیری شاری سلیمانیەکەوت ئەویش هەروابوو،تەنیا پیاوەکی ساخ وسادق ودڵپاکم لیدێ بە ناوی کاک سەلاح کە بە خەڵک ماندو بوو هەرئەویش بێ ئەوە ئێمەبناسێ کارسانایی بۆ کردین دەنا لەوانە بوو سێ چوارڕۆژ هاتووچۆمان پێبکەن! لەوانە سەیرتر ڕۆژیک کە لە سلیمانیە دەگەڕاینەوە مەعمورەکانی سەرڕێگای دەروازی شار پێشیان پیگرتین. گوتمان کوردی

ڕۆژهەڵاتین لەئۆسترالیا هاتوون، گوتیان بۆ؟ گوتمان بەسەردان و کتیب چاپ کردن. گوتیان بۆ؟ پاسەپۆرتەکانیان وەرگرت وگوتیان: کوانامەی ئاسایش؟ نامەی ئاسایشی هەولیرمان دانێ،یەکیان دەرهەڵبوو گوتی: ئەمەچییە؟ گوتمان نامەی ئاسایشە! گوتی: ئەمە هی هەولیرە! گوتمان کاکی خۆم مەگین جاریکی تر بەشتان کردووە؟ هینانەخوار و رەپێچەکی لای بەرپرسی داین. کە ژنێک بوو ئەویش چاوی بەپاسەپۆرت ونامەی ئاسایش داخشاند و ڕوی لە ماعمورەکە کرد گوتی: ئەرێ بۆ لەخەڵکی ناگەڕێن بۆ لە خۆرا تیتاڵ دورست دەکەن! دوایی ڕووی لەمن وحیزانم کردوگوتی: داوای لێبوردن دەکەین بەخیرچن،بەڕاستی کابرا عەپەلۆرو شەش تەختە بووا بەڵێ هیشتا شتەکان حاڵەتی دەڵەمەیان هەیە،هیوادارین وردە وردە هەموو شتیک بەرەو باشی بڕوات،بەڵام پێویستە ئەو مەعمورانەی سەرڕێگا کەلە خەڵک پرسیاردەکەن یان سیارە تەفتیش دەکەن ئینسانی ئاگا و بە ئەزموون بن.
یەکیک لە دۆستەکانی بەزەوق و زانستگاه دیتوو نامەیەکی بۆ نوسیوم هەستی خۆی سەبارەت بەمن کەئەمن بەڕاستی خۆم شایستەی ئەو هەموولطف ومحیبەتەنازانم دەربڕیبوو، کە ئەم قاقەزە کورتە وای لێکردم کە جاریکی دیک دست بۆقەڵەم برم بەبۆنەی هیندیک بیرەوەری گەلیک شت بنووسم.

(سلیمانیە)
لەسلیمانیە لەڕیکەوتی 2006/6/20 لە چاپخانەی تیشک کتیبەکانم خستە بەرچاپ و لەمەڕ دیکشنیری کاک عەولاش قسەم لەگەڵ کاک ئاکۆ کرد، و بەهەڵکەوت تووشی کەسیکی خەڵکی پیرانشار بووم کەکاک عەولای دەناسی، لە دوای گەڕانەوەم کاک عەولڵا لەگەڵ وی مامەلەکەی بە قازانج دەزانی و سیدی فەرهەنگەکەی بۆ نارد هەنۆکە نزیکەی 14مانگ لەو ڕێکەوتە تیدەپەڕی، هێشتا لە مەرچاپی هەنگاوی هەڵنەهیناوە.
هەروا لەگەڵ ماڵی کاک جەعفەر جۆلانی هاتووچووی ماڵمان هەیەو وەتی هاتوون هەر لەشاری سیدنین لە سەریەک بنەماڵەیەکی ئیکجار تەباو خوینگەرم و خەمخۆری خەلک و خوشەویستی هەموانین، ژیانیکی تەیارو سێ کوچکێکی گەشاوەو پڕ لەشایی و خۆشی و مندالەکانی کە هەنۆکە هەوموو دەستی ڕاست و چەپی خۆیان ناسیوەو لە بنکەکانی حکوومەت داموزراون یەک لەیەک باشترو خولق خۆشترو ئەهلی و لایەنگری کۆڕی شایی و مێشک کراوەو لێهاتوون، تایبەت خورشید خانم شاژنێکی لیهاتوو بە ئیحترام و کوردانەیە، کاک جەعفەر لە جوامیری داکەم کەسی دەگاتێ، دیارەکچە چوکەکەشیان یانی (ئەفسانە) بە بەردوام بوون لە خۆیندن بۆ بە سەربەرزی بنەماڵەو دۆستانی و هێندە نەماوە لە سەرکورسی دکتۆری پاڵ بداتەوە هەرچەند ئەرکی خزمەت بە نیشتمانەکەی پێ لە هەموو شت بەرزترەو بە موقەدەس تردەزانێ. لەمانگی 2007/3/3 خەبەری هاتنی کاک محەمەد مهرانپور کەئەندازیاری سازمانی بەرنامەی سەردەمی شابوو وبازنشست ببوو بۆ سەردانی زاواکەی دکتورئومید بیست، بۆ بەخیرهاتن لەگەڵ کاک سولیمان بایەزیدی بەماڵەوچوین کاک محەمەد کەئەمن ئەولین جاربوو بەخزمەتی دەگەیشتم پیاوەکی ئیکجارزاناو ئاگاداری دۆخی کۆمەڵایەتی وسیاسی بەمیژووئاشنام هاتەبەرچاو هەرچەند کات زۆرکەم بوو و ئیفتخاری تەشریف هینانی بۆ ماڵ پێنەداین بەڵام هەرئەوەندە دانیشتنە لە لای ئیکجار فەیزو برەکەتی علم ودانشمان وەرگرت. هنۆکەش قسە خۆشەکانی لەبن گویچکەم دەزرینگینەوە.
لێرەدا،بەشی یەکەمی کتێبی لۆچێک لەخەروار تەواوبوو.

**حامیدڕەشیدی زەرزا، شاری سیدنی ئوستەرالیا.**
**بڵاو کراوە لە سایتی پێشمەرگەکان 20080125**
www.peshmergekan.com
www.peshmergekan.eu